169

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ حوزەیرانی ٢٠١١


**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**
قەرەنی جەمیل



ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی ڕامان

● سەروتار


– ڕامان لە شازدە ساڵەی تەمەنیدا/ سەرنووسەر/ 3


● دەق


– دنیا دەبارێ، ژیان سەر ئاو دەکەوێ/ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 6
– «ژوان» لە پۆلدا/ فازیل شەورۆ/ 8
– ٤ چامە/ جەلال زەنگابادی/ 10
– سترانا دەما پۆر درێژ/ دیلبەر هێما/ 12
– فرمانی بوون/ لە فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 13
– بووکەبارانە، بەڵام لە پاییزدا/ سەعید سلێمانی/ 14
– هێستری بۆز/ سەردار بیانی/ 17
– خمخۆرکی خوێن/ ئەمین گەردیگلانی/ 24
– گوهەڕین/ چیا مازی/ 28
– ناوخۆیی بە خۆڕایی/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 31


● هەڤپەیڤین


– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ نووسەری ناسراو (محەمەدی مەلا کەریم)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 35


● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


– بەشداریکردنی ڕەگەزە دەروونییەکان لە ئیستێتیکای شیعرەکانی سێ شاعیردا/ پێشڕەو عەبدوڵڵا/ 56
– فۆرم لە سەمای سەرسامیدا/ ئەحمەد چاک/ 69
– جێگەی زاراوە کوردییەکان لە وێژەی نووسراوەی کوردیدا/ مستەفا ئێلخانی زادە/ 74


● هزر و فەلسەفە


– ڕەهەندەکانی فەلسەفەی ئەزموونیی ئینگلیز/ د. حەمید عەزیز/ 80


● زمانناسی


– جۆرەکانی واتا/ لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ 90


● وتار


– هەگبەیەک پڕ لە خەم و ژانی سروشت و مرۆڤ/ قادر عەلیخا/ 103
– خوێندنەوەیەکی جوانیناسانە لە شیعری هێمندا/ عومەر محەمەدی/ 108
– عیرفان.. ئەدەبیات و چوار فاکتەرەکە/ لە فارسییەوە: ڕزگار جەباری/ 112


● ڕۆژنامەنووسی


– نووسینی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی/ لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری/ 116


● مێژوو


– هەندێک لایەنی شارستانیەتی میسری کۆن/ کولسوومە جەمیل/ 128


● هونەر


– هونەرمەندی گەورەی هۆرامان: حاجی حسێن حەمەڕەحیم سۆفی نارنجلەیی/ دارا محەمەد عوسمان هۆرامانی/ 131
– بنیادی هونەریی درامای تەلەڤزیۆنی/ ئا: کاروان محەمەد/ 135
– دەروازەیەک بۆ جیهانی فۆتۆگرافی دیجیتاڵی/ ئا: فارس سەعدی/ 141


● خوێندنەوەی کتێب


– ئەدۆنیس، ئەفسوونکاری وشەکان/ هاشم سەڕاج/ 144
– پەخشانی سەرواداری لە کتێبی سایەی هەیبەسوڵتاندا/ هاوژین صلێوە/ 153


● نرخاندن


– پازدە/ د. فەرهاد پیرباڵ/ 159


● سووکە لەنگەر


– چەند ڕازێکی هونەری/ ئاری بابان/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# ڕامان لە شازدە ساڵەی تەمەنیدا

**سەرنووسەر**

* وەک خوێنەرە بەردەوامەکانی گۆڤارەکەمان ئاگایان لێیە، ئەوە چەند ساڵێکە ئێمە کردوومانە بە نەریتێک، بە ڕاگوزار و سەرپێیش بووبێ، یادێکی چکۆلانەی دەرچوونی ڕامان-مان کردووەتەوە. لەو یادکردنەوانەدا هەر هیچ نەبێ باسێکی نەهج و ڕێبازی گۆڤارەکەمان کردووە، لەپاڵ ئەوەوە نەختێکیش خەرمانی خەم و خولیاکانی خۆمان شەن و کەو کردووە، لەوەشدا بەلامانەوە گرنگ نەبووە کێ ئەو خەم و خولیا و دەردەدڵانە دەبیستێ و دەیانخوێنێتەوە، یان کێ گوێیان بۆ ڕادەدێرێ، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەداین کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری، چەندی کارێکی ئەمڕۆیین، ئەوەندەش زیاتر کارکردنن بۆ ئاییندە، چونکە ئەو جۆرە کارانە لەسەردەم و قۆناغێکی دیاریکراودا قەتیس نامێنن، ئەوەندەی دەستیان لەگەڵ مێژوودا تێکەڵە و هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ ئاییندەدا دەکەن. لە هەر کارێکیشدا شتێک کە ئینسان شادمان و ئاسوودە دەکات، تەنیا ئاسوودە بوونی ویژدانیەتی، گەرچی خەون و ئاوات و خواستەکانی مرۆڤ لە شوێنێکدا ناچەقێ و کۆتاییان پێ نایەت، چونکە مرۆڤ بە سروشت و خۆرسکی خۆی حەز دەکات هەمیشە و بەردەوام بەرەو کاری باشتر و جوانتر پەل بهاوێت، نەخاسما لە کار و پڕۆژەی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریدا، کە پێشکەوتنەکەیان سروشتێکی جیوەییان هەیە و هەردەم لە جووڵە و تەکاندان و نوێ بوونەوە و گۆڕاندان. ئاسوودەیی ویژدانی ئێمەش لەوەدایە ئەوەی لە دەسەڵات و توانایی ئێمەدا بووبێت کردوومانە و لە هەوڵ و تەقەللا و هەنگاونانەکانی خۆماندا درێغیمان نەکردووە و کەمتەرخەمیمان نەنواندووە. لە ئاییندەشدا هەر بەم شێوەیە بەردەوام دەبین، هەروەک چۆن لەبەردەم هەر ژمارەیەکی نوێی ڕاماندا، بە گوڕوتینێکی نوێوە کارمان کردووە و وا هەست کراوە پێشتر هیچ ژمارەیەکی لێ دەرنەچووە، بۆ ئەوەی بتوانین بەو نەفەس و گوڕوتینەوە بەئەرکەکانمان ڕابگەین و هەمیشە خۆمان نوێ بکەینەوە.

* گۆڤاری ڕامان وەک هەر گۆڤارێکی دیکەی ئەو دنیایە کە بە کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە خەریک و سەرقاڵە، بایی خۆی گیروگرفت و ئاریشەی هەیە، هەندێک لەو گرفتانە پێوەندییان بە بارودۆخی کۆمەڵگاوە هەیە، هەندێکیشیان پەیوەستن بە خودی نووسەر و ڕۆشنبیرەکان خۆیانەوە، هەندێکیشیان ڕووبەڕووی خۆمان دەبنەوە و لەلای خۆمانن، کە پێویستە ئەوەی پێوەندییان بەخۆمانەوە هەیە، بەرپرسەکانی سەرووی خۆمان لێمان بە هەندیان وەربگرن و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە، تا کارەکانمان باشتر بچنە پێشەوە و کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم پێشکەوتنی ئەم پڕۆژەیە تەخت بکرێن. وەک هەموو لایەکیش دەزانن و لەنزیکەوە ئاگایان لە شێوەی ئیشوکاری ئێمەیە و شایەدیمان بۆ دەدەن، ئێمە لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆکە بە گیانێکی چوست و چالاکانە و زیندووەوە کارەکانمان ڕایی کردووە، ئەوەش دەزانن کە کەسانی دی لە ئێمەوە فێربوون بەشێوەیەکی (مەیدانی) کاری ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بکەن. ژمارەکانی گۆڤارەکەمان گەواهی ئەوە دەدەن کە چۆن ڕێگەمان بۆ هەموو بەهرەیەکی داهێنەرانە و توانستێکی تایبەتمەند و درەوشاوە خۆشکردووە، لە هەمان کاتدا مینبەر و زەمینەیەکی ئازادانەمان بۆ سەرجەم نووسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان بە هەموو تەمەن و ئەزموونە جیاوازەکانیانەوە فەراهەم

کردووه تا ئازادانه بنووسن و بەهرەکەیان بناسێنن. ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە ڕاماندا تۆخکردنەوەی یەکڕەنگیمان بەلاوە ناوەو نەمانکردووە بە پیشەی خۆمان و نەمانهێشت ئەوە لە فەرهەنگی کاری ئێمەدا جێگەی ببێتەوە، لەجیاتی ئەوە جیاوازییەکانمان کۆکردەوە، دۆستی هەمەڕەنگی بووین و پەلکەزێڕینەمان بە هەموو ڕەنگەکانییەوە خۆشویست. لەناو ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ئێمەدا ململانەی ناڕەوا و ناشیرینی زۆر کەڵەکەبوو دەبینرا و تا ئەمڕۆش دەبینرێن، کە ئەمە بە زۆری ڕەنگدانەوەی ململانەی ناتەندروستی سیاسیی وڵاتەکەمان بووە، بەشێکی ئەو دووبەرەکیانەش، ململانێی کەسین، واتە ململانەی جەدەلی و ڕاڤەکاری نین کە بزاڤی ئەدەبی و داهێنان بەرەو پێشەوە دەبات، ئەو ململانە تایبەتی و شەخسییانەن کە هەرگیز نامانگەیەنن بە حەقیقەت و جوانییەکان و خزمەتی هیچ لایەکمان ناکەن، بەڵام هیچ کاتێک لەلای ئێمەدا ناوێک لە لیستی ڕەشدا دانەنراوە، بگرە هەرگیز لیستی ڕەش لەلای ئێمەدا بوونی نەبووە تا نووسین بۆ کەسانێک بە هەر هۆیەکەوە بێت بڵاونەکەینەوە، لێرەوە هەوڵمان داوە هەموو جیاوازی و دەنگ و ڕەنگەکان لەسەر لاپەڕەکانی ڕاماندا کۆ بکەینەوە، بۆیە ئەگەر بەوردی سەرنج لە هەر ژمارەیەکی نوێی ڕامان بدرێت، ئەوە چەندین ناوی نوێ دەبینرێن کە دێنە ناو لیستی ناوەکانی پێشتر کە لە ڕاماندا نووسیویانە و دەنووسن.

* ئێمە قەت نەمانگوتووە و ناشڵێین ئەو پرۆژە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەمان بێ خەوش و بێ کەموکوڕییە و هیچ کەلێنوکەلەبەرێکی تێدا نییە، چونکە لەو دنیایەدا شتێک نییە سەد دەر سەد پوختە و تەواو بێت، بەڵکو هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە پوخت و کەماڵ لە ئارادایە کە مەحاڵە پێی بگەین. ئەگەر ئەم یاسایە نەبووایە، ئەوە هەر زوو بەو (کەماڵە) دەگەیشتین و پاڵمان لێ دەدایەوە. کورد دەمێکە وتوویەتی: (خڕنووک لە بیاباندا درەختە)، بۆیە ئەو کارەی ئێمە لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا کردوومانە و تا ئێستا لەسەری بەردەوامین لەو ژمارانەی لەبەر دەستتدان بەرجەستە بوون و لەبەرچاون، ئەوەش بە بۆچوونی ئێمە بۆ میللەتێک کە تازە لەناو تەپوتۆزی شەڕوشۆڕە خوێناوییەکان و جەنگە ڕاگەیەنراو و ڕانەگەیەنراوەکاندا ڕاست بووبێتەوە و بەدرێژایی مێژوو نەیپەرژابێتە سەر ئەوەی بەخۆی کار بۆ خۆی بکات و لە هەموو ڕوویەکەوە هەژار و دەستکورت بێت، ئەوکاتە دەبینی لەو بیابانەدا ئەو خڕنووکانەی کاری ئێمە وەک درەخت خۆ دەنوێنن. من ئەوەندە دەزانم ئێمە لە ڕاماندا بۆ خزمەتکردنێکی خاکەڕا بە ئەدەبەکەمان بە بارێکی تەندروستدا، قاچمان لەسەر خاکێکی پتەو و سکەیەکی ڕاست و ڕێیەکی دروست داناوە، کە دڵنیام ئەگەر پشتیوانی باشمان لێ بکرێت و باربوو بکرێین، ئەوە کاری باشترمان پێ دەکرێ. مرۆڤ کە دەکەوێتە ناو هەر کارێکەوە، سەرەتا بە ئاسان کارەکەی دێتە پێش چاو، بەڵام دواتر کە لەناو کارەکەدا قاڵ دەبێ و دەمێنێتەوە و لەناو پیشەکەدا قووڵدەبێتەوە و پتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، ئیدی ئەو کاتە تێدەگات ئەو کارەی دەستی داوەتێ چەندە قورس و پڕ ئەرک و ماندووبوونە. ئەگەر ئەمڕۆکەش ئێمە خاوەنی چیرۆکێکی سەرکەوتن بین، ئەوە پێوەر و پێوانەی ئەو سەرکەوتنە لەلای خوێنەرە ڕاستەقینە و جددییەکانە، ئەو خوێنەرە دڵسۆزانەی کە تەنیا دەخوێننەوە و دووراودوور بەسەر کارەکانمانەوە چاودێرن و بەبێ بوونی هیچ هاندەرێک، بەرژەوەندییەکی تایبەت، ڕاستگۆیانە بیروڕای خۆیان دەڵێن و بە شێوەیەکی مەوزوعیانە کارەکان هەڵدەسەنگێنن، ئێمەش زۆرتر دڵمان بەو جۆرە خوێنەرانە خۆشە، نەک بیروڕای کەسانێکی بەرژەوەندخواز کە چاوەڕێ بوون لە پەنای ناوبانگی ئیشوکارەکەی ئێمەوە، بەرژەوەندییەکی تایبەتییان بۆ بهێنرێتە دی.

* ڕامان بەدرێژایی ئەو پازدە ساڵەی تەمەنی خۆی وەک قوتابخانەیەک ڕۆڵی گەورە و گرنگی لە پێگەیاندن و ئاراستەکردن و پەروەردەکردن و دەستگیرۆیی کردنی لاوەکاندا بینیوە و لەئەستۆ گرتووە، مەبەستم لە پەروەردەکردن ئەوەیە کە ئێمە کارێکمان نەکردووە نووسەران لە ئێمەوە فێری دەمشڕی و زمان زبری و هەڵەشەیی بن لە نووسیندا و دواتر پەیڕەوی لێ بکەن. بەلای ئێمەوە (بوێری) و (ڕاستگۆیی) بۆ کاری داهێنان و ڕەخنەگرتن پێویستن، بەڵام قەت (بوێری) مانای ونکردنی مۆراڵی نووسین و بنەما جوانەکانی نییە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەموو (بوێری) و (ڕاستگۆیی)یەک نووسین ناکەنە داهێنان، ئەگەرچی (بوێری) و (ڕاستگۆیی) دوو کۆڵەکەی بنەڕەتین بۆ داهێنان و نوێخوازی. ڕامان بە دەیان بەهرەی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی داهێنان و ئەدەبیات و نووسیندا ناساندووە، تەنانەت ئەو بەهرە و توانایییە نوێیانەی خەریکی داهێنان و نووسین بوون، کە لە سەرەتاوە دژایەتییان دەکرا، ئێمە دەستمان دەدایە بن باڵیان و پشتگیریمان لێدەکردن و بەخوێنەرانمان دەناساندن، ئەوانی دی کە دەیانبینی قووڵ و مەچەکی نووسینیان توند و تۆڵ و بەهێز بووە، دوای ئەوەی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەمان لە بەهرە و توانستیان دڵنیا دەبوون، ئەوسا دەکەوتنە چاوشارکێ کردن لەگەڵیان و داوای بەرهەم و نووسینیان لێ دەکردن و لە دەرگایان دەدان و بەرهەمەکانیان بڵاو دەکردنەوە. لەپاڵ ئەوانەشەوە هەوڵماندداوە لەڕاماندا بە بەردەوامی باشترین نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و داهێنەر، بەرهەمی نوێ و داهێنەرانەی خۆیان لەلامان بڵاوبکەنەوە. ڕاستە لەلای ئێمەدا بایەخی بەرچاو بەلایەنی تیوری و هزری و فەلسەفەیی و ڕەخنەیی و وەرگێڕانی دەق و تێکست و بابەتی نەوعی دراوە، بەڵام هەرگیز ڕێگەمان نەداوە ڕەخنەی هەڵەشەو نوقرچک گرتن، جێگە بە ڕەخنەی مەوزوعی و سەنگین لەق و لێژ بکات، یان تانەوتەشەر و تۆڵەسەندنەوە و وەڵام و وەڵامکاری و ڕەخنە و دژە ڕەخنە لەسەر لاپەڕەکانی ڕاماندا ببینرێن، چونکە لەمێژە ئەو

نەفەس و شێوەی کارکردنەمان توورِ هەڵداوە و بەلاوە ناوە.

* ئەگەر بتەوێ کارێکی پاک و ورد و جددییانە لە وڵاتێکی وەک وڵاتی خۆماندا بکەیت، کە لە هەموو لایەکەوە بە بەربەست و پاشقولگرتن و کار لێ تێکدان گەمارۆ درابیت، یان لە کێڵگەیەکی بەمین چێنراودا کار بکەیت، یان ببینی بەردە گەورەکان لە تەنیشت خۆتەوە بەرت دەکەون، یان لەو کاتانەدا کە بەرهەم و نووسینی کەسانێکمان لەبەر لاوازی و ناهونەری بوونیان ڕەت کردبێتەوە، بەتایبەتی هەندێک لەوانەی پلەوپایەی وەزیفی و ئیداری و بەرپرسیارێتییان لەناو داوودەزگایەکانی حزب و حکومەتدا هەبووبێ، ئەوسا دەزانن چۆن کارمان کردووە و چەند پەراسوومان لە خەڵکی دی زیاتر بووە و ڕەحمەتبوومان دەکەن. سەرەتا و کۆتایی ئێمە پشتمان بە پاکوتەمیزیی کارەکەمان بەستووە، بۆیە شوکرانەی دەوێ قەت خۆمان بە کەڵەگای پشت مێز نەزانیوە، تا وەک ڕدێن سپییەکی دەستوپێ سپی تەنیا ڕێنمایی بدەین و بە ئەمر و نەهی کارەکانمان بەڕێوە ببەین، ئەوانەی لەگەڵمان کاریان کردووە ئەگەر بە ویژدان بن و خۆ لە خوا نەکەن، دەزانن ئێمە لە هەموو کەس زیاتر دەوامان کردووە و لەناو دڵی ئیشەکاندا بووینە، دیالۆگمان سازداوە، هەڤپەیڤین و مێزگردەکانمان دارِشتووەتەوە، زمانی سەقەتی بەرهەمە هاتووەکانمان چاک کردووەتەوە و دواجار بە هەڵەچنی و ڕێنووس و زاراوە و زماندا چووینەتەوە، سەرەڕای دانانی سیاسەتی گۆڤارەکە و چاودێری و بەدواداچوونی وردی ڕێباز و نەهجەکەی. وەک لە شانۆدا (کرێکاری شانۆ- عمال المسرح) هەیە، من پێم وایە لە کاری ڕۆژنامەوانیشدا کرێکاری ڕۆژنامەوانی هەیە، قەت لەسەر سک ڕاکشان و لاپەڕە ڕەشکردنەوە و وتارنووسین پێوەندیی بەکاری ڕۆژنامەوانییەوە نییە، ئەوانە پتر نووسەرن و دەتوانن لەماڵیشەوە بن ئەو کارانەیان بکەن. بەرپرسیاری یەکەمی ئیشێک بیت و ببیتە واجیهە و قورسایی بەرپرسیاریەتییەک بخەینە سەرشانت لە وڵاتێکی عەنتیکەی وەک ئەوەی لای خۆمان، کارێکی ئاسان نییە.

* یەکێک لە دەرد و گرفتە گەورەکانی ئێمە نەبوونی چاپخانەیەکی مۆدێل بەرزە، کە بتوانین بەهۆیەوە کوالیتی و جۆری چاپکردنی گۆڤارەکەمان بەرز بکەینەوە کە ئەو چاپخانەیە لە شارەکە و لە نزیک خۆمانەوە بێت و گۆڤارەکەمانی پێ لە چاپ بدەین. خەڵکی لە هەموو لایەکی کوردستانەوە چاپەمەنییەکانی خۆیان دەهێنن بۆ هەولێر کە چاپخانەی زۆر پێشکەوتووی تێدایە، بەڵام ئێمە بە پێچەوانەی خەڵکەوە لە شاری دهۆک ڕووبەڕووی چاپخانەیەکی مۆدێل کۆنی نیوداشت کراوینەتەوە، ئەو چاپخانەیە بێجگە لە دوورییەکەی لێمانەوە کە مانگانە دەبێ بیبەینە ئەوێ، لە ڕووی تەکنیکیشەوە لە ئاستی خۆزگە و ئاواتی ئێمەدا نییە، جگە لەوەی جۆری کاغەز و مقەبای بەرگی گۆڤارەکەی پێ لە چاپ دەدرێ لە دەست ئێمەدا نین تا جۆر و کوالیتییەکی باشی بۆ هەڵبژێرین تەمەنی درێژ بکا و بەرگەی ڕۆژگار و کەشوهەوا بگرێت، وێڕای ئەوەش بتوانین دیزاین و ڕەونەق و جوانی چاپەکەشی لە ئاستی تەمەنی گۆڤارێکی وەک ڕامان بێت، بۆیە هەندێ جار ئێمە کە ڕەنگەکانی بەرگەکە لێکتر هەڵاوێر (فرز الألوان) دەکەین و ڕەنگێک دادەنێین، لەوێ ڕەنگی دیکەی لێ دەردەچێ، یان تۆنی ڕەنگەکانی ئەو بەرگە بەستەزمانە بە جۆرێک تێکدەدرێن نایانناسینەوە، یان لەکاتی بڕینی پانی و درێژییەکەی دیقەت و وردەکاری ناکرێت، هەرچەندە ئێمە پێش دە پازدە ڕۆژ گۆڤارەکەمان ڕەوانەی چاپخانە دەکەین، بەڵام زۆری ئیشی ئەوان و کۆنیی چاپخانەکە و دووریی ئەوان لە ئێمەوە و ناز و فیز و هەندێ جار کەمتەرخەمی کرێکارانی چاپخانەکە دەبنە هۆی ڕوودانی هەڵەی چاوەڕوان نەکراو، ئەمانەش دەبنە هۆی پێش نەکەوتنی لایەنی دیزاین و تەکنیکی گۆڤارەکەمان و ڕێ لە جوانتر کردنی دەگرن.

* ئەوەندەی پێوەندیی بە نووسەرانی لای خۆمان و دەرەوەی کوردستانیشەوە هەیە، ئەوە زۆر گرفتمان بەرەوڕوو دەبنەوە لەوانەش:

(١) نووسەر هەیە بەرهەمێکی خۆیمان بۆ دەنێرێ کە پێشتر لە جێگەی دیکەدا، یان لە زۆر جێگەی دیکەدا بڵاوی کردووەتەوە، یان خۆی بۆ نەگێراوە و لە ناو سایتێکی ئەلکترۆنیدا بابەتەکەی بڵاوکردووەتەوە و بۆ ئێمەی دەنێرێتەوە.

(٢) وەرگێڕ هەیە وەردەگێڕێ، بەڵام نە (هەڵبژاردن)ی بابەتەکەی سوودی بۆ خوێنەری کورد، نە بۆ کتێبخانەی کوردی نییە، نە لەگەڵ ڕێبازی کاری ڕاماندا دەگونجێ، نە زمانەکەی پێی وەرگێڕاوە بایی ئەوەندەیە، لەولاشەوە سەرچاوەی ورد و تەواوی وەرگێڕانەکەی خۆی نانووسێ و پشتگوێی دەخات.

(٣) ئەوانەی کۆمپیوتەریش بەکاردەهێنن، بەشێکی زۆریان کە بابەتەکانیان بۆمان ئیمەیڵ دەکەن، بە فۆنتێک بابەتەکانیان دەنێرن کە لەلای ئێمە ناکرێنەوە و دێڕەکان بە تێکەڵ و پێکەڵی دەردەچن و ناتوانین بیانخوێنینەوە و سوودیان لێ وەربگرین، لەولاشەوە خاوەنەکانیان چاوەڕێی بڵاوبوونەوەیان دەکەن، لە کاتێکدا ئەگەر فۆنتەکەی پێی دەنێرن بکرێتەوە و بگاتە دەستمان، ئەوە گەرماوگەرم بەگەیشتیان ئاگاداریان دەکەینەوە.

(٤) بەدەست نووسەری خەت ناخۆش خەریکە پرزەبڕاو دەبین، ئەوە باسی فەرامۆشکردنی خاڵبەندی و نەبوونی پەرەگراف و هاتنە سەری دێر هەر ناکەم، چونکە قەباحەتی لەوە گەورەتر بایەخ نەدانە بە زمانی نووسین و زمانی نەتەوە، نووسەرمان هەیە (٤٠- ٥٠) ساڵە دەنووسێ، کەچی کوردییەکەی دەقی پێوە گرتووە، تۆسقاڵێک نەگۆڕاوە و پێش نەکەوتووە.

# دنیا دەبارێ
# ژیان سەرئاو دەکەوێ

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

دنیا دەبارێ
من کز کز وەک با هەڵدەکەم
لەپاڵ قەڵا سێبەری مێژووی دەنووسمەوە
بەڵام دەمێکە خەون نابینم
خەو ئەوەندە چڕبۆتەوە
خۆر بە باخچەی دڵم ناگا
لە ئاوەوە دادەگیرسێم لە بارانەوە
ڕۆژ لە باخچەی دڵم کوژاوەتەوە
کوژانەوە واتە بەستنی ژێیەکانی ژیان لەسەر ڕیتمی
بێ دەنگی
هێلانەی دەنگ لەسەر منارەی مزگەوت
لەو مەملەکەتە مێشەکانیش سەری خۆیان ناخورێنن
مرۆڤ ڕۆژ ڕۆژ تەمەنی کورت دەبێتەوە
ژیان ڕۆژ ڕۆژ دەمامک زیاد دەکات
پشیلەکان وەک مێوان لە دەرگا دەدەن
خێزانەکەم دەڵێ بەیانیان پەنیری کوردی خۆشترە نەک
دەنگی فەیروز
دووبارە ئێواران بەرەو ماڵ دەبمەوە
ساتمە لە بێ دەنگی دەکەم
سەر بەرز دەکەمەوە کۆترێک لە خەیاڵم سپی دەچێتەوە
بێ ئەوەی بەخۆم بزانم چەپڵە لێدەدەم
یان دەکەومە نێو چاڵێکەوە
چاڵ نییە لە هەڵمەتێکی ئۆتۆمبێل دەترسم
ئەوەی فڕی کۆتر نەبوو باڵەخانە بوو
بەیانیان چای ناخۆمەوە لە گلاسێک ئاو و سێوێک
بترازێ
چەند کۆپلە شیعرێک لە ڕەنگی سپێدە دەگرم
کات دەکەوێتە سەر دوو پێچکە
بەرە بەرە دڵم تەنگتر دەبێ
خەڵک خاو خاو دەڕۆن بەپەلە دەمامک دەگۆڕن
من بەپەلە ڕیشم دەتاشم وەک ئەوەی وەرزش بکەم
بۆ ڕۆژێکی نوێ
یەکێک دەڵێ گرفتی من نییە
من دڵم لە قەفەزی سینە دەردەپەڕێ
شەو دەبیا



هاوسەرەکەم دەڵێ بەو بەیانییە خەونێکی ناخۆشم بینی
تۆ ژنت دێنا
کچەکەم گسک لە قسەکانمان دەدا
کوڕەکان خەریکی کۆکردنەوەی هیچن
من دەڵێم خۆزگە مردبام
ئەو دەڵێ ژیان هەروا تێدەپەڕێ چەشنی ژیان
بێ گوێدانە سەرەتا و کۆتایی
دنیا دەخەمڵێ
من لە دڵی خۆم ویستم بڵێم ژیان لەلای من پەشمەکە
لەسەر لێوان دەتوێتەوە
بەڵام ئەو قسەیەم لە پڕ لێکەوتە نێو خەیاڵ
دنیا دەبارێ
مەرگ کز کز لە نەخۆشخانە دێتەوە
بەڵام مەرج نییە شایەدی
توانەوەی دوا کڵوە بەفری زستان بین
ژیان وەک کاروانی کۆچەرییان
سەرئاو دەکەوێ
بەڵام مەرج نییە بەدڵی من و تۆ سەر ڕێ بکەوێ!

نیسانی ٢٠١١

# «ژووان» لە پۆلدا

**فازیل شەوڕۆ**
**(کۆیە)**

ژووان،
بە پەنجەی گوڵ،
لە دەرگای دا،
دەرگا بوو بە پیانۆ و بلبل،
زەنگوڵ
زەنگوڵ
نەغمەی پیانۆ و
نۆتەی بلبل
دادەبارین لە پەنجەی گوڵ.
* * *
کە سوخمەی دەرگام کردەوە:
سپێدەی دا
بەیانی باغی سێوان و
گوڕمە نووریَ
لەودیو کێوەکەی توورەوە
هاتە ژووریَ.
* * *
ژووان،
جانتای دانا و
لەسەر تەختەکەی خۆی هەڵنیشت:
تەختەڕەش بوو بە نازەنین،
پەنجەرە بوونە هیران و
دارودیوار بوون بە سەفین.
* * *
ژووان،
زنجیری جانتای کردەوە:
پەڕەسێلکە بەناو پۆلا بەرەڵا بوون،
هەر پەپوولەی بەهەشتی بوو
لەسەر گوڵی تۆقەی قژی کچۆڵەکان دەنیشتەوە و
دوو دەسماڵی
باڵەکانیان ڕادەوەشاند.
* * *
ژووان،
شۆڕەکەزی سەرمەمکانی وەلاوە نا،
کتێبێکی دەم بەخەندە و
قەڵەمێکی کەمەرباریکی وەک خۆی
لەناو جانتاکە دەرهێنا.
* * *
ژووان،
کتێبەکەی خستە سەر مێز:
مێز کەوتە ژێر
بەفری سپی کەلیخان و
نێرگزە جاڕی دەشتی هاموون.
* * *
ژووان،



پەنجەی بەلێوی تەڕ کرد و
پەڕەیەکی هەڵدایەوە:
من خۆم بە چاوی خۆم بینیم
هەموو حەرف و ڕەمز و وێنەی سەر ئەم پەڕە
بوون بە هەنگ و
شیلەی پەنجەیان خواردەوە.

❊ ❊ ❊

ژووان،
قەڵەمەکەی دەستی کەوت:
یائیلاهی! چ سیحرێ بوو!
دەها شووشە
«تیرۆز و هێڤن و شانۆل»
ڕژانە سەر مێرگەکەی پۆل.

❊ ❊ ❊

کارەبا لەنکاو کوژاوە:
ژووان،
شەرمی لە چاوانی شکاند،
هەردوو کوڵمە صەتییەکەی خۆی
لەبۆ پۆلەکە داگیرساند.

❊ ❊ ❊

ژووان،
دەستی پرسیاری هەڵبڕی:
چەند چرکەیەک
خۆر ڕاچەنی
زەوی وەستا
ئاسمان ڕەنگی هەڵبزڕکا
خۆم زمانم لە زار شکا
«ئەنشتاین»
خامە و کاغەزی دەرهێنا
«شێخی سەعدی»ش سەری بادا.

❊ ❊ ❊

ژووان،
لەبن گوێی دەستەخوشکەکەی
سیاچەمانە چرپاندی:
چ خەونێ بوو،
«فەیروز: لەناو گەرووی «چۆپی»
کەناریی بوو چریکاندی؟

❊ ❊ ❊

بەفر
نەوڕەسێکی سڕە،
لەسەر ڕۆخی پەنجەرەکە
هەڵکورماوە،
ژووان
دەستی لەژێر چەناگەیە و
دڵی لەناو چاوی گەشی ئەو تەیرەیە.
یەکەم جارمە
وەرزێکی ئاوا دەبینم:
لەودیو شووشەی پەنجەرەکە؛
زستانێکی سپی سپی،
بووکە بەفرێکی دڵنەرم!
لەم دیو شووشەی پەنجەرەکە؛
بەهارێکی سەوز سەوز،
شۆخەگوڵێکی دڵگەرم!

❊ ❊ ❊

ژووان،
هەستا پرسێ ڕاڤە بکا:
هەسارە هاتە سەر دەستی،
فەرهەنگ لە چاوانی ڕژا،
ڕەنگاڵە بوون
حەرفەکانی
سینەی نالی و چاوی مەحوی
کاتێ چین چین
لە کەناری لێوەکانی ژووان هەڵفڕین.

❊ ❊ ❊

ژووان،
پەنجەی گوڵی
بە زریزەی مەدالیای جانتاکەی کەوت:
کۆنسێرتێک ئاواز گڕی گرت،
هێندە خۆش بوو
«عەدنان کەریم» خۆی تێدا کوشت.

❊ ❊ ❊

ژووان،
نیو نمرەیەک کورتی هێنا:
هەناسەیەکی هەڵکێشا و
چاوی داخست،
گڵۆپەکان کوژانەوە
نەورەسەکان توانەوە،
نە پەپوولە،
نە جریوەی پەڕەسێلکە،
نە پیانۆ،
نە کتێبی لێو بەخەندە،
نە گوڵاو و
نە بەفرەکەی کەلیخان و
نێرگزە جاڕەکەی هاموون،
نە کۆنسێرت و
نەغمەی «چۆپی»،
نە شیلەی هەنگ،
نە ڕەنگاڵە،
نە گوژمە نووری کێوی توور،
نە کەناری،
نە گوڵەباغ،
نە پەنجەی گوڵ
نە نۆتە و ئاوازی بلبل،
شوێنەوار و ئەدگاریان ما.
هەر هەموویان
بە برووسکەی نیو نمرەیەک
وەک خۆم سووتان.
نەواڵەکانی قەد سەفین
لەگەڵ دڵما کوژانەوە،
پۆل و هیران و نازەنین
دیسان ئەنفال کرانەوە!
دەک ئەو پەنجانە هەڵوەرێن
بۆ نمرەیەکی ڕەزاگران
دەڕەنجێنن دڵی ژووانان.

# ٤ چامە (*)

جەلال زەنگابادی

**بۆ هۆزانڤانێکی گەشمردە**

دیرۆکت
دووکەڵ
نییە
باهۆزێن فۆهرەران
تارومارى بکات
چونکە هۆزانت
دڵێکی هەیە
وەل دوورترین ئەستێرەدا دەترپێ
هەرچەندە چاخان
تاریکتریش ببن!

**چ دڵێکە!**

چامەیەکیان
(کافکا)ی هەرە دوورم داوەت کرد
پژانی تەمەنی هەرە کلۆڵی
تەڤ سووتاند و
چل ساڵێ
چووە خەڵوەتەوە
خامە ڕمئاسەکەی دادا
لێ
هەر دەرنەچوو
تومەز
لە پارچە کاغەزێکی خوێناویدا
خۆی حەشاردابوو:
– «کاکە جەلالی هەڤگیانم
هیچم پێ نەکرا
مەگەر خامەئاژنی هەناڤم»
سا بۆیە ئەی (.....)
لەهیی خوێنم
نەخشە دڵاساکەی گەلم
هەتاهەتایە دەپۆشێ!



### هەرچەند

هەرچەند پێش دەکەوم
هەر ئاوڕ دەدەمەوە
کەچی خۆم نابینمەوە
ئاخۆ بۆ منەی خۆم
بۆ کوێ چوومە؟
سا ئایا خەونم لە (سیروان)دا
ژیلەمۆم دەبینێتەوە
کە دیسان
هەمرە بگەشێتەوە و
بستریێتەوە؟


### مەگەر

مەگەر
بەس تۆ ئەی دلبەر
لە کونجێکی ئەم وێرانستانە
لە خاک و با و ئاو و ئاگر
بتوانی ڕەهام بکەی
ئاری
مەگەر
عیشق نییە
هەیوڵای ئەم توخمانە؟
ئیتر
لە وەهمی ئومێد و
ئەشکەنجەی نائومێدی زەمانە
چ باکمانە؟!

* لە فیستیڤاڵی هۆزانی (فەجری) نێودەوڵەتی لە (تاران)دا، لە ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ٢٠١١دا ئەم ٤ چامەیە بە کوردی و ٣ چامەی دیکەشم بە عەرەبی خوێندەوە. (ج. ز)

# سترانا دەما پۆردرێژ

**دیلبەر هێما**
**(قۆسەر)**



د دەما کەڤنار دە
ل ژیانێن بەختەوار دگەڕیان
حەزکرییێن بێوار
ژ بیر کربوون
هەبوونا ڕۆژبوویینێن ئێشان
خاپاندنەک بوو
تونەبوونا درەنگماییینا شەڤێ
د بێکەسیا زارۆکا ناسیار دە
ل ناڤنیشانێن غەریب دگەڕیان

ئەز و باژاڕ
د خەلەکا شەڤێ دە ڤەشارتیبوو پەنابەریا مە
باژاڕ خوە ل ئاڤێ دگرت
من خوە ل ئاخێ
د پێلێن باحرێ دە
پێشبازیا مە دفرکاند مرنا کەچەکێ

دەم کنتر دبوو
هەر کو پۆڕێ زارۆکەکی درێژ دبوو
ب ڤاسی مریان بێهەژمار بوو
هەژمارا چووینێن مە

ئەز و باژاڕ
د ژیانا لیستکڤانەکی دە
ڕەپلیکێن بێدەنگیێ بوون ئەم
و پەیکەرێن ژ هەڕیێ بوون
ل سەر دکان
ئاخێ خوە ل من دگرت
ئاڤێ خوە ل باژێڕ
ل دوو مە نیڤجۆ دمان
هەموو کولیلکێن جیهانێ
مۆری ژ مۆریستانێن خوە دغەیدین
بیرانینا سوورەتان
یەختیار دکر خوەشکبوونا ژنان

ئەز و باژاڕ
د نامەیەکێ دە
کارکەرێ پێنووسەکێ بوون ئەم
و بارێ مە ژی گران دبوو
ب خەیالێن نڤیسکارەکی
خەوێ دابوو سەرچاڤێ مە
ژ بەتلاندنا ڤێ چیرۆکێ

ئاڤ و ئاخ
هێدی هێدی ئەم ژ هەڤ ڤەدڤەتاندن
ئاڤێ ب تۆفانیەکێ باژار
ئاخێ ژی ب مرنەکێ ئەز
پشتی ئەو ڤاس بێژەیان
ژ ڤێ هەلبەستێ ڤەدڤەتاندن ئەم

**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆشعرا (مەدووسا) ڕووپەلێن (٢١-٢٣) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٨)ێ ل ستەنبۆل چاپ و بەلاڤبوویە. هەژییە بێتە گۆتن کو شاعر ل سالا (١٩٨١)ێ ل قۆسەرا مێردینێ ژدایکبوویە و خویندنا خوە یا سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر ل وێ دەرێ تەمام کریە و پاشان ل زانینگەها ئانادۆلێ فاکولتەیا هیندەکاریا ژ دەرڤە خوەندیە.**
**«ڕامان»**

# فرمانی بوون

**Andre Breton**

**شیعری: ئەندرێ برۆتۆن**

**لە فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**

من بێ ئومێدی بە پانوپۆڕی دەناسم. بێ ئومێدی باڵی نییە. مەرج نییە ئێواران بچێتە هەیوانی قاوەخانەیەکی لێواری دەریا لەسەر مێزێک دانیشێ و خزمەتی بکەن. ئەمە بێ ئومێدییە و گەڕانەوەی هەندێک کردەی بچووک نییە وەک تۆوێک کە شەو دادێ هێڵی کێڵگە بەجێ بهێڵێ بچێتە سەر یەکێکی تر. کەفی سەر بەرد نییە، یان پەرداخی خواردنەوە. پاپۆڕێکە نغرۆی شەختەیە، ئەگەر حەز بکەی وەک ئەو باڵندانەن کە دەکەون و خوێنیان هیچ ئەستوورایییەکی نییە. من بێ ئومێدی بە پانوپۆڕی دەناسم. فۆڕمێکی زۆر بچووکە، بەخشڵی قژ سنووری بۆ کێشراوە.


ئەمە بێ ئومێدییە. ملوانکەیەکی گەوهەرە شوێنی داخستنی نادۆزێتەوە و بوونیشی بەند نییە بە تاقە یەک تاڵ.

ئەمەیە بێ ئومێدی. ئەوەی دەمێنێتەوە قسەی لە بارەوە ناکەین. ئەگەر دەست پێ بکەین لە بێ ئومێدی ڕزگاریان نابێ.

من سەعات چوار لە چرا بێ ئومێد دەبم. نیوەشەو لە پانکا بێ ئومێد دەبم. بێ ئومێد دەبم لە جگەرەی مەحکووم کراوەکان. من بێ ئومێدی بە پانوپۆڕی دەناسم. بێ ئومێدی دڵی نییە، لەبەر سیسی دەست هەمیشە بێ ئومێد دەمێنێتەوە، ئەو بێ ئومێدییەی کە شەختە قەت پێمان ناڵێ ئایا مردووە. ئەو مێشە شینەم خۆش دەوێ کە لە ئاسمان لەو وەختە دەفڕێ کە ئەستێرەکان جریوەیان دێ. بێ ئومێدی بە پانوپۆڕی دەناسم بێ ئومێدی شاگەشکەی درێژی تەزرە. بێ ئومێدی دڵ بڵندی، بێ ئومێدی تووڕەیی. هەموو ڕۆژێک وەک خەڵک لە خەو هەڵدەستم لەسەر کاغەزێکی گوڵدار خۆم لێک ڕادەکێشمەوە، هیچم بە بیرنایەتەوە و هەردەم وێڕای بێ ئومێدییەک دەبینم درەختە جوانەکانی شەو لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشراون. هەوای ژوور وەک ئەو دارەی تەمبووری پێ لێ دەدەین خۆشە. ئێستا وەختی وەختە، وەختی پەتی. بێ ئومێدی بە پانوپۆڕی دەناسم. بێ ئومێدی وەک بای پەردەیە کە یارمەتیم دەدا. بێ ئومێدی واتان دیوە! ئەها ئاگرە! ئەهـ! هێشتا دێن... فریام کەون! ئەوەتە لەسەر قاڵدرمەکە بەربۆوە... و ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژنامە و ڕێکلامە ڕۆشنەکان بە درێژایی ڕاڕەو. قۆمەتە لمێک، برۆ، هەی قۆمەتە لم! بە پانوپۆڕی بێ ئومێدی هیچ بایەخێکی نییە. بێ ئومێدی بێگاری درەختەکانە کە هێشتا دەچن دارستانێک دروست دەکەن، بێگاری ئەستێرەکانە کە هێشتا دەچن ڕۆژێک کەمتر دەکەنەوە، بێگاری چەند ڕۆژێک کەمترە کە هێشتا ژیانی من دروست دەکەن بێ ئومێدی.

سەرچاوە:

Andre Breton, Anthologie de la poesie Francaise. XXes. Gallimard. 2007



# بووکه بارانه، بەڵام لە پاییزدا...!

**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**

کە بووکیان خستە سەر ڕێ، هەتاوی بێ تەوژم و کەم تیرێژی پاییز، چما ماسییەکی نیوەگیان، بە ئاستەم گەیشتبووە ناوەڕاستی ئەو دەریایەی کە شین نەبوو؛ لێڵ بوو، خۆڵەمێشی بوو، یان هەر ڕەنگێکی بێ بریسکە و مات و تەمداری دیکە کە ئاسمان لە کاتی نەزۆکیدا دەیگرێتە خۆی، ئەویش بە تایبەت لە هەوای پڕ تەپوتۆزی کۆتایی پاییزێکی بێ باراندا کە نەک تەنیا چاوەڕوانییەک لە با و هەور و ئاسمان ناکرێ، بەڵکو دارستانە چڕە زەردباوەکانیش ناتوانن بێن بە هانای هەوای خنکاوی وەرزێکەوە کە سەرەتای گریانیەتی، بەڵام ئیتر سەردەمەکە سەردەمی فرمێسک نییە. تەنانەت دوا سەوزایی ئەو دارستانە، وەک قەوزەی بن ئاو، لەم دوایین هەناسەیەدا ، فریای ئەو ماسییە تینووە ناکەوێ کە ڕەنگە لە نازولاڵیدا سوێی بێتەوە، چونکە دارستانیش بۆتە بەشێک لە پێکهاتەی تەپوتۆز، هەربۆیە جیهان، یان ئەو نزارەی کە ڕێگای بووک پێیدا دەگوزەرێت، زیاتر لەوەی ڕەوەزێک بێت لە ڕەنگی زەرد، بێشەلانێکی خۆڵەمێشینە.

کاتێک خۆڵەمێش دەبارێ، یان گڕکانە، یان غەزەبێکی زەمینی کە نیشانەیە بۆ شەڕوشۆڕ، یانیش ئاگرێکی ئاسمانی لە ئاکامی سووتانی پەڕوپۆی فریشتەکان! کامیان بوو؟! هیچیان. گوتبووی: «پاییز نا، دۆزەخە، بەڵام لە ڕەگەزی تەپوتۆز» ، چونکە زەینی ئەنگوتبوو کە بەختی ئەو بە بەستێنی ئەو دۆزەخەدا دەبێ گوزەر بکات، بەڵام خۆ ئەمە کوفر نییە، کە دواجار بەرد ببارێ و هەربۆیەش بچن نزای نزرگە و چاک و شەخسان بکەن؛ بۆ دڵدانەوەی خودا! هەر گوتبووی: «ئەمە پاییز نییە» ، یان شتێکی لەو شێوە: «من پاییزێکی ئاوهام نەدیوە قەت». وادیار بوو خوداش لەو بەرزە، لە بانی تەپوتۆزەوە، گوتبووی: «ئەمە غەوارەیە بەم وەرزە، دەبێ زەمینگیر بێ، نەک تا وەرزێکی دی، تا

دوا سوری ئاسمان و زەوی و پاییز».

زانیبـووی پاییـزە، زانیبـووی تەپوتۆزە، بەڵام دواجار ملزەم ببوو، هەر بۆ ئەوەی ببێتە بووکێکی پاییزی، دەبا ئێستا کەناری جادەش زبڵدانێکی قێزەون و زەبەلاح بێ کـە دووکـەڵەکـەی ڕەنگی تەپوتۆزیش هەڵبـزرکـێنێ و توێژێک بخـاتە سـەر دیمەنی نەخـوازراوی وەرزەکـە. ئەم زبڵدانانە لە دەرەوەی هەر شارێک هەن، لە کەناری هەر جـادەیەک، هەمـیشـە وەزعـێکی ئاڵۆز دەخولقێنن کـە دواجـار ئینسـان خـۆزگـە دەخـوازێ کـە بریا ڕێگایەکی درکەزێ بوایە، نەک جادەیەکی تەنیشتی زبڵدان!

زبڵـدان بە دەوری جـادەکـەوە، تا دوورەدەست، تا دوا بناری دارستان، خێوەتگەیەکی هەڵدابوو، لە جنسی مژ، لە جنسی دووکـەڵێکی ڕەنگ زیوین کـە لانی کـەم لەو دەڤــەرە تەنگی بەو تەپوتۆزە داســەپاوە پاییــزییــە هەڵچنیبوو، بەڵام خۆ ئەوەش پێ و قەدەمی خێرتر نەبوو، تەنیا تەواوکـاری غـوبارێکی غەوارە بوو کە هاوڕێیـانی کەرنەڤاڵی بووک، لە یادەوەرییاندا، پێکهاتەیەکی لەو شێوەیان پێ شک نەدەهات.

ئەوانەی کـە دڵخـۆش بوون بەم وەزعـە، تەنیـا چەند سەگێکی گـەڕ بوون کە درەوشـانەوە نەمـابوو بە تووک و پێستـیـانەوە و زبڵدانیش جێ حەوانەوەی ساڵانی پێش تەپوتۆز و هەتا ئەبەدیان بوو. لەم قــەیرانی تەپوتۆز و مـژەدا گــەر سـەگــێک بێــتــە سـەر ڕێ، کێ چوزانێ؛ چارەنووس بە کـام ئاقـاردا دەبات، کـە ڕێی گـەڕانەوە نەبێت؟!

لە وەها عــەیامــێکدا، هەر ڕەنگێک، زبڵــدانێک، سەگێکی گەڕ، ئاماژەیە بۆ قەدەرێکی ئیلاهی، بەڵام کێ پێشبینی دەکات؟! لێکدانەوەی پێشوەختی ئەم ڕەنگانە شـێـوەکـارێکی پسـپـۆڕی پێـویسـتـە، کـە ئەویش لە کـەرنەڤـاڵێکی وەهادا دەگـمـەنە، یان ئەوەتا هەڵهـەلە و دیلانی زەماوەند چاوی ڕەنگەکانیان دەبەستێت، زەینی دۆزینەوەی ڕەنگەکانیان کوێر دەکات، یانیش بە گشتی لە توانا و تاقەتی وەها تاقمێک بەدەرە!

بەڵام ئیتر چ دەکرێ لەگەڵ سەگێکی شوێنەوار شووم کە دێتە سەر ڕێ و شوێنەوار هەڵدەگرێت؟! کاتێک بووک و کارنەڤاڵەکەی بە جادەی پەنای زبڵداندا تێپەڕیبوون، بە هەمـان شێـوە، کـەرنەڤـاڵی سـەگە گـەڕ و بەڕەڵڵاکـان، ســەگــانی پەڵۆخ و چەورەتووک، ســەگــانێک کـە بۆ جارێکیش چییە چێژی فێنکایی ئاوی چۆمێک خۆی هەڵنەسـووە لە لاشـەیان، تەنانەت هیچ کـات دڵۆپە بارانێک بەری بینایی و پێـڵــوویانی تار نەکــردووە، شوێنەواری کەرنەڤاڵی بووکیان گرتبوو و بەڕێیان کردبوو، تا دوورەدەست؛ بە نووزەنووز و قروسکانەوە!

چەند شەو پێشتر خەوی دیبوو، خەوی دیبوو ساڵەهایە تینوێتی پیاوێک لە سەرگۆی مەمکەکانیدا کۆبۆتەوە، بەڵام سەردەمەکـە سـەردەمێکە کە ئینسـان لە هەمبـەر خەونەکانیشیدا بەرپرسیارە، تەنانەت خەونە دوورەکانی ڕابردووش... کـە سـەرنجی سـەگـەکـانی دا، گـوتی: «ئەمانەش تینوویان بێ شایەد!» بەڵام نەک هی ئاو، یان تامی کـرچ و تورتی جـووتێک مـەمک؛ تینووی لاوێچێ خوێنی گەش و کەفچڕێنی کچێنی!

جادە مارە، مـارێکی شینبـاو، مارێکی شینباوی دوو ســەر کــە تازە توێژی خـــســـتـبێ و هەر ســەرێکی بە ئاوەدانییـەک، شارێکییەوە دابێت. خەڵکی ئاوەدانی، یان شاریش لە حەژمەت ئەو کسپەیە خرۆشابن، تەنیا بۆ ئەوەی ئارامی ئەو مارە ڕاکشاوە بێ جموجۆڵە تێک بدەن و ڕێگە بەو کارنەڤاڵە بگرن کە خەریکە دەگاتە سەری مارێکی نوستوو، هەربۆیە حەشاماتێکی پڕ، نێر و مێ، لە ئەمبـەراوبەری جـادەکـە، قـەرەباڵغ، پڕ ژاوەژاو، چما دیوتە تەور و داس بە دەست، زیندەوەرانێکی ڕەش و ڕووت، لە ئاست ڕێگای هێزێکی هێرشکار دەوەستنەوە و ڕێی پێ دەگـرن، لەو شـێـوە بوو ئیــتـر؛ کـۆندەیەک، گۆزەیەک، تۆنگێک، یان لانی کەم جامۆلکە و دەفرێکی دارین، هەمـوو ئاو بە دەست، چاوەڕوان وەستـابوونەوە بۆ هەڵمەت بۆ سەر ئەو کارنەڤاڵەی بووکیان خستبووە سەر ڕێ؛ هێرشێک بە زەبری ئاو!

سکاڵا لە دەست ئاســمــــانی پڕ تەپوتۆز بەرز بۆوە: «بووکە بارانە ئاوی دەوێ» بەڵام وەرزی دەغلۆدان نەبوو، فەسڵی تەپوتۆز و دوا نرکەی پاییزێکی گیان لاواز و بێ ڕەنگ بوو.

پاشتر، پاش ئەوەی سەرەمارەکە، یان ئاوەدانییان جێ هێشتبوو، دەبوایە ئەوسا لە چۆمێک بپەڕنەوە، چۆمێک کـــە لەتکەری خـــوار و ژوور بێت نەک ڕۆژهەڵات و ئەوبەری، بە ناچاری هەڵخـــزێن بەرەو بنـار، بەرەو داوێنەکانی خودا، خوداش لەو بانەوە خۆی مەڵاس دابێت بۆ دەرفەتێکی وەها!

دای لە تریشقە، لە پرتاو، لە کەلەبەری هەورەکانەوە؛ ڕەنگە تووڕەیی خودا بێت سەرڕێژی کردبێ، یان شایەد پەرۆشی ئاسمان بێ بۆ پاییزێکی وەجاخ کوێر و گۆڤەندێکی نامراد، شایەدیش هەوێنی مەیینی خاک و خۆڵ لە دوا ساتی کوێربوونەوەی زەویدا، پێش ئەوەی بەختێک، چارەنووسێک، بگاتە مەنزڵ!

لەو بەرزەوە، خودا گوتبووی: «لەم وەرزە نەزۆکەدا کەی وەختی زانە؟ لەم زەمەنی تەپوتۆزەدا کەی کاتی گۆڤەند و هەڵپەڕینە؟!»

لەم خوارە کەس نەیگوتبوو: «خودا ئیتر کارسازی کاران نییە ئەم جارە!»

هەموو گوتبوویان، بەڵام ئەو نەیگوتبوو دابکاتە باران، دایکردبوو، باران نەبوو، بەری ئاسمان بەر ببوو، چما زێیەک لووزەو ببەستێت؛ بە لێزمە! ئەویش نەک بۆ فەقیر و هەژاران، بۆ تاپۆکردنی بەختی بەدی بووکێکی پێ بە هەش، کە دەکرا وا نەبێت، دەکرا ئاسمان سیلە لە بەختی نەگرێت، پاییز پارێز نەهێنێ بە نهێنی؛ بۆ چارەنووسی! بەڵام خۆ ئەو ڕستەی لووزەوی ئاسمانی لە دەست نەبوو، دایکردبوو؛ بە خوڕ و تاو و دڵتەزێن!

دیسان لەو بەرزەوە خودا گوتبووی: «ئەمە خوناوەی دڵبزوێنی لێزمە نییە، هەناوی شەڕانگێزی بارانە بە بەختتدا ڕۆدەچێ ئەی بووک!»

لەم خوارە، ئەم جارەیان کەسێک لالابۆوە: «چ دەبوو گەر ئەمە دڵتەنگی بەجێی قەتارە هەورێک بوایە؛ لە وادەی خۆیدا!»

دەبارێت و لاوێچی قونجاوی گەلا گرمۆڵەکان، گەلا مەرگ دیتووەکان، دەکرێنەوە، زیندوو دەبنەوە چما، گیان دەگرن، ڕێ دەکەون، سێلاوی ئاو نا، لافاوی گەلایە هەڵدەستێ. ئەوسا لێزماوی ئاوی خوڕ و قوڕاو نییە هەر تەنیا، هورووژمی گەلایە گەمارۆی داوە ؛ لە پرتاو! ئیتر هەرچی دێتە سەر ڕێ، لە گەمارۆی گەلادا، لەو ژێرانە، لەو نوقمانە نوقم دەبێ و لەوێ خەون بە تینوێتی پیاوێکەوە دەبینێ کە ساڵەهایە لە سەرگۆی مەمکەکانیدا کۆبۆتەوە. چما چۆم دەمارێکی خوێنبەری خاکە و خوێنێکی گەش نا لە چەشنی خوێنی کچێنی، خوێنێکی خەستی پێدا دەگوزەرێت، گەلاکانیش خڕۆکەی سوورن، خڕۆکەیەک هەڵگری هەوا نا، هەڵگری تەپوتۆز و هەڵگری حەسرەتی لێوی وشکی خاک و هەڵگری دوایین شەپۆڕی پاییز و هەڵگری بێ دەنگییەکانی داهاتوو، دواجاریش هەڵگری تینوێتی پیاوێک کە ساڵەهایە کۆ بۆتەوە لە سەرگۆی مەمکەکاندا!

نەیدابوو لە تریشقە ئیتر، تیرێژەکانی خۆر، ئەم جارە پڕ تەوژم و بە بڵێسە، لە کەلەبەری هەورەکانەوە داڕژانە سەر بۆنی خاکێک کە تینوو نەبوو، تەنیا خەرمانەیەکی هەڵم، شوخاڵەیەکی بێ تەوژمی مژ، ڕواڵەتی داپۆشیبوو؛ بە ئاستەم! چما خودا بە ئانقەست تیشکەکانی هەڵدەدایە خوار و دەیگرت لە پاشماوەی دەسکردی خۆی، چونکە ساڵەها پێشتر، زۆر پێشتر، گوتبووی: «هەر کە ئەو عەزابەیان لە شێوەی هەورێکدا دی کە بەرەو دەڤەرەکانیان بەڕێوەیە، گوتیان: ئەمە هەورێکە کە بارانمان بە سەردا دەڕژێنێ، بەڵام ئەمە عەزابێکە کە بە پەلەپەل داواتان دەکرد، ئەمە بایەکی بەتەوژمە کە عەزابێکی جەرگبڕی پێیە.» (سورەتی الاحقاف ئایەتی ٢٤).

**کۆتایی پاییزی ١٣٨٩ (٢٠١٠ز)**



# هێستری بۆز

**سەردار بیانی**
**(پیرمام)**

هەر چوار دەوری گوندی ئێمە چیایە، دەڵێی چیایەکان بە ئەنقەست ئەوەندە بەرز و قیت ڕاوەستاون تا گوندەکەمان لە جیهان دابڕن و بیشارنەوە، لێرە بە دەگمەن شتێک ڕوو دەدات، شتێک کە بەهای گێڕانەوەی هەبێت، نەک لەبەر ئەوەی هیچ ڕوونادات، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە لێرە هەرچی ڕووبدات ئەوەندە زوو زوو لەبیر دەکرێت، وەک هیچ ڕووی نەدابێ. خەڵکی ئێمەش بێ مەیل نین کە ڕوو لە هیچ شوێنێکی تر نەکەن، ئەوەی ئێرەش جارێک بەجێ بێڵێت، هەرگیز پێویست ناکات بەرهەنگاری ئەو ئارەزووە بێت کە ڕوو لێرە بکاتەوە و خۆی بخاتە دەردەسەر و جەور و ستەمی ئەو ڕێگەوبانە ناهەموار و سەختانە کە هۆیەکی تری دابڕانی ئێمەن، ئێمە کە لە دایک دەبین، بە ئەسپایی و بێ پەلە پیر دەبین و دەمرین، بەم جۆرە دەبینە بەشێک لە گۆڕستانی بیرەوەرییەکانی خەڵکی دوای خۆمان، لێرە تەنیا یەک گۆڕستان هەیە کە گۆڕستانی گشتیکە، چونکە لەناو گوندی ئێمەدا هیچ شتێک ناشاردرێتەوە، تەنیا لەبەر ئەم هۆیەش هیچ کەس خاوەنی گۆڕستانێکی تایبەت نییە کە بیرەوەرییەکانی خۆی لە ناو بنێژێتەوە.

ئێستا کە من ئەم چیرۆکە بۆ ئێوە دەگێڕمەوە نیشانەی ئەوەیە کە من لەم ڕێبازە لام داوە و ماوەیەکی زۆر گوندەکەمان بەجێ هێشتووە، ئەگینا هیچ کات پێویست نەبوو بۆ کەسێک بدوێم. هەمیشە وایە کە مرۆڤ لە شتێک لە شوێنێک دادەبڕێت، ئەوسا بیرەوەرییەکان هێرش دێنن و تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنن کە پەنا بۆ وشەکان و قسە و ئاخافتن بەرێت. بەم چەشنەش مرۆڤ دەکەوێتە ناو بازنەیەک لە داخوازییەکانی بێ ناوونیشان و تاڕادەیەکیش سەرسوڕهێنەر، من پێم وایە ئەگەر مرۆڤ جارێک تەنیا یەک جار سنوورێکی بەزاند، ئیتر ناگەڕێتەوە دۆخی جاران. هەرچەندیش تێبکۆشێت ئەمەی لەدەست نایەت، بۆیە باشترە مرۆڤ هەموو کارێک تاقی نەکاتەوە، هەموو کەسێک

نەناسێت و ڕوو لە هەموو شوێنێکیش نەکات، من ئەو سنوورەم لە مێژە جێ هێشتووە، لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە ئەوەندە حەزم لە قسەکردنە، مرۆڤ بۆ ئەوە شت دەگێڕێتەوە کە دانەبڕێت ئەمە گرنگە، پێوەندی گرنگە، چیرۆکەکان تەنیا بۆ دەربازکردنی کات نەگوتراونەتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە دەگێڕدرێنەوە، چونکە پێوەندی ئێمە لەگەڵ ڕابردوو دەپارێزن، هەروەها بە چەشنێکی نادیار و سیحراوی ئێمە بە داهاتووش دەبەستنەوە، ژیان چیرۆکە و هەر چیرۆکێکیش بەشێکە لە پێناسەی مرۆڤ. مرۆڤ ئەگەر بەسەرهاتەکانی لەبیر کرد، ئەگەر بیرەوەرییەکانی بە فەرامۆشی سپارد لەخۆی بێگانە دەبێت، بە چەشنێک کە ڕۆژێک خۆی ناناسێتەوە، پێتان دەڵێم لە خۆدابڕان دەردناکە، هەر لەبەر ئەمەشە بۆ ڕاکردن لەم ئێشوئازارەیە کە ڕووم لەو پیاوە بەتەمەن داچوو و قەڵەوەی بەرانبەری خۆم کردەوە، کە سووک و وریا چاوەکانی لەپشت چاویلکە قاپ قاوەییەکەی بەسەر سەردێرەکانی ڕۆژنامەی دوێنێدا دەخشێنێ، لە ڕوخسارییەوە دیارە کە ئێشەکەی خۆی زۆر بەلاوە گرنگە، کە لاپەڕەیەک هەڵدەداتەوە، چاوەکانی لە لاپەڕەی نوێ نزیک دەکاتەوە، دواییش بە شێوەیەکی شکۆدار بە تیلەچاوێک سەیری نووسینەکان دەکات و لەسەرخۆ سەری بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە.

لەگەڵ ڕۆژنامەی خستە لایەک، شتێکی نامۆ و- نامۆ بۆ ئاوارەیەکی وەکو من-هەمیشەیی پاڵی پێوەنام کە پێوەندییەک دروست کەم.

کە گوتم دەمەوێت بەسەرهاتێکی بۆ بگێڕمەوە، سەرەتا بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردم، حەتمەن دەستبەجێ بیری کردەوە، پیاو تا چەند سات پێش هیچ عەیبت نەبوو، کە کەوتمە قسە، سێبەری وردە تووڕەییەک نیشتە سەر دەموچاوی، بەڵام گرنگ نەبوو، گوند بە هەموو دیمەنەکانی لەبەرچاوم بوو، چیایەکانی، پیرەمێردەکان، پیرەژنەکان، ئاژەڵەکان، ڕووباری ناوەڕاستی گوند و پردە دارینەکەی کە بەشێکی گوندی بە بەشەکەی تری دەبەستەوە و سەرێکی دەگەیشتە ناو دڵی مەیدان، ئەو شوێنەی دوکانەکان بە دەوری ڕیز دەبوون، هەروەها مزگەوت. دوا نیوەڕۆی شەممەییەکی مانگی گەڵارێزان بوو، خۆر ڕەنگی لە ناوەوەی کاڵەکێکی گەییو دەچوو، گەرماییەکی دڵڕفێنەری بەسەر ئەرزدا بڵاودەکردەوە، ڕۆژی دەستپێکی هەفتەی نوێ، بە کابرای پیر دەڵێم هەفتەی نوێ لای ئێمە بەشەممە دەست پێدەکات- خەڵک دوای نان خواردن خۆیان دەکەن بە مەیدانی گوند، مەیدان زۆر گرنگە، جێگەی پێوەندییەکانە، مەیدان دەوری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن دەبینێت، هەروەها جێگەی پشکوتنی گوڵی خۆشەویستییە لە دڵی کچە تازە پێ گەییوەکان کە لە ژێر نیگای پڕ لە حەزی گەنجەکان سوور هەڵدەگەڕێن و بە دڵخۆشی و پەلە دەچنە سەر ڕێگەی خۆیان و لە هەمان کاتدا ئاواتەخوازن ئاگرێکی وایان لە دڵێک بەردابێت کە هەتا هەتایە نەکوژێتەوە. لەیەک وشەدا مەیدان دڵی گوندی ئێمەیە، ئەگەر پێویستی بە شتێک هەبێت لێرە دەیدۆزیتەوە، دەتەوێ چاوت بە کەسێکدا بکەوێت ئەگەر لە ماڵەوە نەبوو حەتمەن لە مەیدانە، هەرچەند بەڕای من ئەگەر بەدوای کەسێکدا بگەڕێیت، باشتر وایە پێشتر سەرێک لە مەیدان بدەیت، ئەگەر لەوێ نەبوو، ئینجا ڕێگەی ماڵی کەسی مەبەست بگریتە پێش، ئەمە قیروسیری کەمترە داستانەکانی گوند لێرە ڕوودەدەن، یان هەر هیچ نەبێت بەلای کەمی کەم دەستپێک و سەرەتایان ئەوێیە، تەنیا پێویستە لەژێر سێبەری سواندەی مزگەوت دابنیشیت، هەروەها کە خەریکی دەمەتەقە و تەسبیح بادان دەبیت، ڕووداوەکان یەک بەدوای یەکدا دێن، تا ئاوس دەبن، دروست وێنەی ژنی بەسک، ڕووداوەکانی وەکو ئەڵقەکانی زنجیرێک لەیەکتر گیر دەبن، ڕۆژی خۆی کە هات وەکو ژنی ئاوسن کە کاتی هاتبێت، دەزێن.

لەو دوانیوەڕۆیەدا ئێمە- دەستەی منداڵان لە یەکتر کۆبووینەوە، هەروەها پیاوەکان و ئافرەتەکان دەستە دەستە لەیەکتر کۆدەبوونەوە، پیاوەکان وەک هەمیشە باسی زەوی و زار و مەڕومالاَت و ڕووداوەکانی گوندیان دەکرد، یان ئەو شتە سەیروسەمەرانەی سەبارەت بە خەڵکی گوندەکانی تر هاتبووە بەر گوێیان، چونکە پێوەندی بەگوندی ئێمەوە نەبوو هەر کەسێ بە کەیفی خۆی توێژەی دەکردەوە، ژنەکانیش کە زۆرتر بەنیازی کڕین لە مەیدانی گوند پەیدا دەبوون کە بەیەکتر دەگەیشتن دوای دەردە دڵ کردنێکی خێرا بۆ ئەوەی فریای ئەوەش بکەون چەند قسەیەک لەپاش سەری ئەم و ئەو بکەن لە ئەنجامدا بە زەنبیلێکی پڕ بەرەو ماڵەکانیان دەکەوتنە ڕێ. ئێمەی دەستەی منداڵان لەناو هاتوهاوار و پێکەنین

خەریکی کەلایانێ بووین، ئەمە خۆشترین یاری ئێمە بوو، پیرەمێردی بەرانبەرم کە بۆینباخەکەی پەیت بەستووە، هەرکاتێ جوولەیەک دەکات، چاوەکانی دەردەپەڕن، پیاو بەچەشنێک بیردەکاتەوە کە دەستێکی نادیار پەلەماری قوڕگی دابێت و هەناسەی لێ گرتبێت.

تێدەکۆشم زۆر سادە و ساکار بۆی شی کەمەوە یاری کەلایانێ چییە و بۆ ئێمە ئەوەندە حەزمان لێی بوو، ڕاستییەکەی گوندی ئێمە بۆ هیچ یارییەک بە کەڵک نایەت، بێجگە لە کەلایانێ، بەدەگمەن دوو بستێ ئەرزی ڕاست و ساف لەناو خوار و لێژاییەکانی دەست دەکەوێت، مەیدان تەنیا شوێنێکە کە لەم یاسایە لادەدات، وەکو ئەوەیە سروشت لە ڕووی هەوەس، یان دلڕەقانە پێش خۆی گرتبێت و ئەو ناوەشی نەکردۆتە گردێکی بەردینی ڕەقی وشک، لەوانەشە زانیێتی ئەگەر ئەو مەیدانە نەبێت، هەرگیز لێرە گوندێک سەر هەڵنەدات و هەرگیز چیرۆکێک نەگوترێتەوە.

شەمەندەفەر ناو دارستان بەجێ دێڵێت و دەکەوێتە ناو دەشت و لە شار نزیک دەبێتەوە، لەسەر سکە هەڵدەبەزێت و پیرەمێرد گۆشتی ژێر چەناگەی گرێی بۆینباخەکەی دەشارێتەوە و چاوەکانی دەردەپەڕنەوە، بۆی دەگێڕمەوە کە گۆڤارێکیان دەست کەوتبوو، گۆڤارێکی وەرزشی تایبەت بە فوتبۆل، کەس نەیدەزانی چۆن سەری لە گوندی ئێمە دەرکردووە، هی هەمووومان بوو و هەر ڕۆژەش لەلای یەکێکمان بوو، لەسەرەتاوە بەیەکەوە سەیرمان دەکرد، لاپەڕەکانمان یەک لەدوای یەک بەپەلە هەڵدەدایەوە، ناوی یاریزانەکان بە بەرچاومان دەکەتن، بەڵام لە مێشکمان گیرنەدەبوون، تا دەگەیشتینە دوایین لاپەڕە، لەو لاپەڕەیەدا وێنەی ئافرەتێکی لێوسووری، قژکورتی، چاوشینی تێدابوو، لەسەر کورسییەکی شاهانە پاڵی دابووەوە، پێیەکانی تا سەر ئەژنۆ ڕووت بوون. نیگای وا بوێرانە بوو، کە ئێمە خۆمان بۆ نەدەگیرا و دوای چەند سات چاومان دادەگرت، لێتان ناشارمەوە، ئەو گۆڤارەمان لەبەر وێنەی ئەم ئافرەتە دەپاراست، تەنانەت خۆشمان دەویست، تا ڕۆژێک دیار نەما، مەبەستم وێنەی ئافرەتەکەیە، یەکێکمان پاک و پوختە ئەو لاپەڕەیەی هەڵپچڕیبوو، سەرەتا هەمووومان بەچاوی گومان لەیەکترمان دەڕوانی، هەروەها چەشنێک شەرمنی هاوبەش ڕێگەی پێ نەدەداین لەگەڵ یەکتر بکەوینە باس و پرسیار.

بەڵام گۆڤارەکە دەست بەدەست بەردەوام دەسووڕایەوە، ئیتر پەلەمان نەبوو بگەینە دوایین لاپەڕە، بابەتەکانمان دەخوێندەوە، ناوەکان دەهاتن و ئەم جارە لە گۆشەیەکی مێشکی بچووکمان جێگیر دەبوون، بیلێ، پلاتینی، زیکۆ... زۆر ناوی تریش، هەر ڕۆژ قسەمان لەسەر دەکردن، لە خەیاڵەکانمان زیندوو دەبوون و دوای تۆپ دەکەوتن و ئێمەش دوایی ئەوان، دوای ئێمە چووینە ناو جەستەیان و بە پێستی ڕەش و چاوی شین و قژە زەردەکانیان سەرمان دوای تۆپ دەنا، هەوەسی تۆپێن کەوتە ناو دڵەکانمان و بوو بە ئارەزوو، بەڵام دەمانزانی ئەوە ئارەزوویەکی خاوە، نەزۆکە، ئێمە تەنیا وێنەی تۆپمان بینیبوو، ئارەزووەکەی ئێمە وەکو تۆپ بەر سنگی شاخەکان دەکەون و دەبووە وێنە و دەگەڕایەوە ناو لاپەڕەکانی گۆڤار، (دەمانزانی خەبات لەپێناوی ئارەزوویەکی وا لەناو گوندێک کە دوو بست ئەرزی ڕاست و سافی لێ بەدی نەدەکرا، وەک ئەوەیە پیاو بیەوێت بەسواری کیسەڵ بە دەوری دنیادا بخولێتەوە، هێشتا ئەمەی دووەمیان زیاتر ڕێگەی تێدەچوو، بەڵام سروشتی مرۆڤ وایە ئەگەر ئارەزوویەکی نەهێتەدی. ئارەزووەکە دەگۆڕێت و دەیخاتە قاڵبێکی تر، ئێمەش وامان کرد، ئێمە لە خەیاڵماندا یاریزانی تۆپێن بووین، بەڵام کەلایانێمان دەکرد، بەم جیاوازییەی کە ئەویان بەپێ دەکرێت و ئەمیان بە بەپەنجەکانی دەست، وێڕای زۆر جیاوازی تر کە ئێمە بە ئەنقەست خۆمان لێ گێل دەکرد بۆ ئەوەی تامی خەیاڵەکانمان لێمان نەڕفێنن. هەر یەک لە ئێمە لەناو خۆمان یەکترمان بەناوی یاریزانێک بانگ دەکرد، من (بیلێ) بووم، چونکە لە هەموو ئەوانی تر زیرەکتر بووم و هەمیشە گیرفانەکانم پڕ لە کەلابوون، دوایی پێیان گوتم ڕەشۆ، ئەمە یەکەم جار حەمەی چاوشین کە هەمووو کەلایەکانی دۆڕاندبوو بۆ دەربڕینی تووڕەییەکەی پێی گوتم: دواییش ئەو ناوەم هەر لەسەر مایەوە، ئێستاش کە ئێستایە خەڵکی ناسیاو پێم دەڵێن ڕەشۆ، یان ڕەشە، لەپێرەمێردی چاو دەرپەڕیو پرسیار دەکەم، ئەمە سەیر نییە، کابرایەک لە بەرازیل فوتبۆل دەکات، من لەو سەری دنیا بەناوی ڕەنگی پێستی بانگ دەکرێم، بەڵام دەموچاوی پێرەمێرد هیچ نیشانەی سەرسوڕمان و شتێک لەم بابەتەی پێوە دیار نییە، دەڵێم

پاییز وەرزێکی جوانە، ئەو ڕۆژەش یەکێک لە جوانترین ڕۆژەکان بوو، کەلایەکانمان بەڕیز لەسەر ئەرز دانابوون و هەریەکە و بەنۆرە لە شوێنی دیاریکراو کەلای ترمان تێدەگرتن، سەرەتا سێرەمان دەگرت کە کەلای یەکێکمان بەر کەلایەکی دانراو دەکەوت، چرقەی دەهات و لەگەڵ هاواری خۆشیمان تێکەڵ دەبوو، بۆ یەک سات تەنیا بۆ یەک چاو ترووکاندن ئێمە دەبووین بە بەختەوەرترین هەست لەبەری سەرگۆی ئەرز، بەو ناوانەی کە هی خۆمان نەبوو، یەکترمان هان دەدا، ئەو ناوانەی بۆ یەکەم جار لە گۆڤارەکە بینیبوومان و فێریان ببووین و ئەگەر یەکێکمان وێنەی ئەو ئافرەتە چاوگەش و نیوە رووتەی لێ هەڵنەپچڕیبا، دوور نەبوو قەت خۆمان ماندوو نەکردبا بۆ فێربوونی ئەو ناوە سەیروسەمەرانە کە زۆربەی جارانیش مایەی پێکەنین و گاڵتەکانی ئێمە بوون.

سرەی من بوو، سێرەم گرت، کەلا لەناو پەنجەکانم دەرپەڕی، سنگی هەوای شەق کرد، بەر بەردێک کەوت و هەڵزەقییەوە و لەسەر ئەرز غلۆر بۆوە و بێ هیچ مەبەستێک ڕۆیشت و لەنزیکی پرد، لە ڕۆیشتن وەستا، بێ عەمدی خۆم دەمم کرایەوە و ئاخێک لەنێوان ددانەکان و هەردوو لێوەکانم دەرپەڕی، لێوەکان گەیشتنەوە یەک، ددانەکانیش کەوتنە سەر یەک و یەکتریان گوتی، بە دڵشکاوی دوای کەلام کەوتم، کاتێک شۆڕبوومەوە دەنگێک لە هەموو دەنگەکانی ناو مەیدان زیاد کرا، قیژە قیژ لەلای پرد دەهات کە سەرم بەرز کردەوە، هێستری مام عەلی جیرانەکەمان بوو، سکی لە هەردوو لاوە ئەوەندە بەل ببوو، دەتگوت دوو دانە لەو تۆپانەی یاری قووت داوە، بەڵام زۆر گەورەتر کەلایەکەم کەوتبووە ژێر گەڵای دارێک، دەستم بۆ درێژ کرد، بەڵام چاوم هەر لەو هێسترە بوو کە بەقەد ئەسپێک دەبوو. تەختەکانی پرد لەژێر سمەکانی کەوتبوونە ناڵە ناڵ، لە هەمان کات کە کەلا هاتە ناو پەنجەکانم گەڵا بەپشتی دەستم ڕاخشاو لەگەڵ دەستم بەرزبووەوە و کەوتە ئەولاتر. بیرم کردەوە، هەموو گەڵاکان هەڵدەوەرین تا دوایین گەڵا پاییز دارەکانی دادەکوتێ و رووت و قوتیان دەکاتەوە، هەروا کە دایکێک منداڵی بچووکی ڕووت دەکاتەوە و دەیخاتە ناو تەشتی ئاوی شیرتێن، گەڵای دارەکانیش لە پاییزدا هەڵدەوەرێن، دواییش زستان دێت، ئینجا گەڵاکان دەکەونە ژێر بەفر و هەر لەوێش دەڕزێن، هێستر

دەڕۆیشت، نازانم بۆ پێیان دەگوت هێستری شین، خۆی بۆز دەنواند، بەڵام بەهێستری شین ناو دەبردرا، ئەو هێسترە یەکێک لە دیاردەکانی گوندی ئێمەیە، گوندی ئێمە بە زۆر شت ناوی دەرکردووە، زۆر شتی تایبەت بەخۆی هەیە، کچی حاجی سمۆ یەکێک لەو شتانەیە کە پەلە بەرز و ناوەکەی دیاری کەیت، چاوە ڕەشەکانی لەژێر دوو برۆی ڕەشی کەوانەیی، پرچی نەرم و درێژی کە لەژێر دەسماڵێکی زەردی تورکی دەردەچن و وێنەی تاڤگەیەک دەڕژێتە سەر شان و پشت سمتەکانی و مەمکە پڕو دەرپەڕیوەکانی، کە هەرکاتێ شنەی بایەک بێت، کراسەکەی وا پێوە دەنووسێ و دەگوشرێ کە پیاو مەترسی ئەوەی هەیە نووکیان کراسەکەی کون کەن و وەکو پۆپەی کێوەکان بکەونە بەر دیدەی دڵە تامەزرۆ لێنیشتووەکان، تەنانەت پیرەمێردەکانیش دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ سڵ لەوە ناکەن بە بەژن و باڵایدا هەڵبڵێن و بەچەند وشە و لە چەند ڕستەدا چیرۆکی جوانی ئەو بۆ یەکتری بگێڕنەوە، ڕەشید چرمن کە سەری وەک کێوێکی هەمیشە بەفر لێ نیشتووە، سەگێکی دڕ و زەبەلاحی هەیە، کە لە وەڕین و حەپە حەپ دەدا هەموو گوند گوێی لێ دەبێت و خەڵکی ئێمە ئامادەن تێکڕا سوێند بخۆن، دەرەقەتی هەر گورگ و درندەیەکی تر دێت، ئەویش دیاردەیەکی گوندی ئێمەیە، لە مەیدان دەتوانن هەموو ئێوارەیەک خوسرەو سمێڵ ببینن کە پاڵتۆیەکی ڕەش دەخاتە سەر شانەکانی و لەژێر دیواری مزگەوت دادەنیشێ و تەزبیحێکی بەردنی قاوەیی لەناو پەنجەکانی دەگێڕێ و دەموچاوی پیاوانەی دەخاتە بەر تیشکی خۆر کە بە ڕووی هاوڕێیەکانی گەش دەبێت و پێدەکەنێ، ددانە سپییەکانی لەژێر سمێڵە ڕەشەکەی کە لە قەراغەکانی لێوی باریک دەبنەوە دەچنە ژێر گۆنا خڕەکانی و دەردەکەون، خۆی وەک دیارترین وێنەی پیاو لە گوند دەخاتە ڕوو، لەشەوەزەنگەکاندا دەبێتە هاودەم و شەریکی خەونی کچەکان، گوندەکەمان زۆر دیاردەی تری هەیە، بەڵام ئەمانە دیارترن، بەڵام هەندێکیان هەمیشەیین و وەکو کێوە چڕەکان، مەیدان و مزگەوت، هێستری شینی مام عەلیش لە ڕیزی ئەو شتانەیە کە گوندەکەمان پێناسە دەکەن، هیچ چوارپێیەکی تر ناتوانێ بەقەد ئەو بارهەڵگرێ، بێ ئەم لاو ئەولا هەر بارەدارێک کە مام عەلی لێی دەنا، سێ بەرانبەری باری خەڵکی تر نرخ و بەهای هەبوو، مەزندەی زیاتریشیان بۆ دەکرد،

ڕاستییەکەی هێستری شین تەنیا سەرچاوەی داهاتی مام عەلی و پوورە فاتمی خێزانی بوو، قسە و باس هەبوو کە مام عەلی جاروبار لەو چۆڵ و دەشتە دەمی بە (تاڵی) تەڕ دەکرد و هەندێک جار دەرخواردی هێسترەکەشی دەدا، بەڵام ئەمانە لەو قسانە بوون کە تەنیا جاربەجار خەڵکی لەژێر گوێی یەکتر دەیان چرپاند و دەچوونە ڕیزی ئەو باسانە کە هەر بە پستە پست دەگوترێنەوە. وەکو ئەو قسانەی کە گەنجەکان لەنێوان خۆیاندا بە کچەی حاجی سمۆیان دەگوت ماینی کحێل و عەرەبی ناویان دەبرد، هەروەها کە خوسرەو سمێڵ لە ناو کچەکان بە یوسفی گوند دەناسرا. هەندێک شت هەن وەک نهێنی وان، هەرچەندیش دیار و لەبەرچاو بن، هەم دیسان بە نهێنی باسیان دەکرێ، سەگی ڕەشید سەر سپی و هێستری مام عەلی وانەبوون، بەڵام خووەکەی مام عەلیش دەچووە چوارچێوەی نهێنییەکان.

لەو دوانیوەڕۆیەدا باپیرییە هێستری شین لەژێر تیشکی خۆر خۆی بۆز دەنواند و پرد لەژێر پێیەکانی ناق و نووقی لێوە دەهات، کەلا لەناو پەنجەکانم ڕەق و لووس بە لەپی دەستمەوە نووسابوو، بۆ لای هاوڕێیەکانم سووڕامەوە، یەکەم، یان دووەم هەنگاوم بوو، کە قاژە قاژێکی نائاسایی لەلای پرد لە گوێیەکانم گیربوو، کە سەیرم کرد نەمتوانی بڕوا بە چاوەکانم بێنم، هێستر پێی پێشەوەی لە کونێک ڕووچوو بوو، یەکێک لە تەختەکانی پرد لەژێر قورساییەکەی هەرەسی هێنابوو، کەوتە سەرشانی ڕاستی پێیەکانی پاشەوەی کەوتنە تاووتو بەسەر پرد ڕاخشان و خۆی بۆ زەوت نەکرا، بەرەواژی بوو و ژێر زگی برنج و ماش بوو، ناڵەکانی بۆ یەک سات لەژێر خۆر بریسکانەوە، بەپشت لە پرد بەربووەوە و لەبەرچاوم ون بوو، هێستر بەو دوا نیوەڕۆیە لەبەرچاوی هەموو گوند لە پرد بەربووەوە، گرمەی کەوتنیشی لەژێر پرد هاتە بەرگوێم، واقم وڕما، حەپەسام بۆ چەند سات هاج و واج لە جێگەی خۆم چەقیم! خەڵکیش بە پەرۆشەوە هاواریان دەکرد خەڵک لە هەموو لایەکەوە هاتن، ئەوانەی لە مەیدان بوون، بە غاردان هێرشیان بۆ لای پرد هێنا و لەسەری کۆبوونەوە، ئەوانی تریش لە ماڵەکانیان دەرچوون و بەپەلە لە ڕێگە و بانەکان بەناو ڕەزو بێستانەکان شۆڕبوونەوە و پیاوەکان هاتنە سەر پرد و ژنەکان لە تەنیشت پرد لەو لایەی هێستری لێ کەوتبووە خوارەوە ڕاوەستان، پیرەژنەکان لە پشتی دەستی خۆیان دەدا، هێستر بە پشتدا کەوتبووە سەر تەختە بەردێک، ئێسقانی پێیە شکاوەکەی دەرپەڕیبوو و بە پێستیدا شۆڕببووەوە، لەژێر تەنیشتەکانی خوێن فڕکەی دەکرد و دەڕژایە ناو ڕووبار، ئاو دەهات و لە خوێندا سوور هەڵدەگەڕاو دەچووە ژێر پرد و لەو لای پرد کەم ڕەنگ و پەمەیی بڵاودەبووەوە، دوایی سەروکەڵلەی ماسییەکان پەیدابوون، ماسییەکان دەمە بچکۆلە پیوازییەکانیان دەکردەوە و خوێنیان فڕ دەکرد و لە پەنا گوێیەکانیان دەریان دەدا، پاشان لە تەنیشتی هەنجێنراوی هێستر نزیک بوونەوە و کەوتنە قەپ گرتن لە گۆشتی گەرم و زیندوو، کەیف خۆش و نەرم خۆیان لە خوێناوی گەرم وەردەدا و پوولەکەکانی ژێر زگیان لەبەر تیشکی خۆر دەبریسکایەوە، هەروا کە ژن و پیرەژنەکان لە پشتی دەستیان دەدا و ئاخ و ئۆفیان بۆ مام عەلی و پوورە فاتم هەڵدەکێشا، پیاوەکان لەسەر پرد بە گەرمی خەریکی ڕا و پرس و بێهوودە بە شوێنی ڕێگەچارەیەک دەگەڕان، مەلا یاقووب دەڵێ: بەستەزمانە تەلەف بوو.

حسێن دارتاش: بەو ڕۆژە ڕووناکە لەپرد پەرت بوو، شتی وام نەبینیوە.

جەمیل قەسابی قەڵەو بەهنە هنەوە، باشتر وایە قادری ڕاوچی تاپڕەکەی بێنێ و بەساچمەیەکی بەرازکوژ لەم مەینەتە خەلاسی کات.

– ڕاست دەکەی، وا سەقەت بووە کە ئیتر کەڵکی هیچ ناکات.

– ڕاست نابێتەوە، مەحاڵە بکەوێتەوە سەر پێ.

– کوا مام عەلی پەیدا نەبوو، لەکوێیە پێشتر دەبێ ڕای ئەو وەرگرین.

– چوون بە شوێنی، ئەگەر هاتبایە زوو کارەکەمان دەبڕاندەوە.

– ڕای دەکێشنە دەرەوە، فڕێی دەدەینە سەر گووفەک، هەر سەقەت دەبێ، دیارە.

– ئەم شەو ڕەحمان و ڕەحیم دەکەونە دابەش کردن.

– مەبەستت سەگەکانە؟ کوڕە لە خوا بترسە.

– بەسەری تۆ ئەم شەو ڕەحمان و ڕەحیم داوەتیانە.

– لەم بەینە مام عەلی پیرەمێرد، بەڵام گورج و گۆڵ و لەقەڵافەت هاتە سەر پرد خەڵک ڕێگەی بۆ کردەوە گوێی لە دوایین قسەکان ببوو کە لە دەمی خوسرەو سمێڵ

دەرچوون، خوسرەو ڕەنگی پەشیمانی نیشتە سەر ڕوخساری لە شەرمان سوور هەڵگەڕا، مەلا یاقووب ڕای مام عەلی پرسی.

– ئەگەر دەڵێی با کاک قادر گوللەیەکی پێوە نێت.

– باشە مام عەلی بە عەستەم ئەو وشەیەی لە زار دەرچوو.

لەگەڵ تەقەی تاپڕ، ماسییەکان لە چاو ترووکانێکدا بڵاوەیان کرد و چوونە قووڵایی و لەژێر بەردەکان خۆیان حەشاردا، قادر گوللەی لەسەری هێستردا، خوێن فڕکەی کرد و هێستر بەلایەکدا کەوت، خوێن چاوی ڕاستی داپۆشی، بەسەر لمووزیدا هاتە خوار و دڵۆپ دڵۆپ بە پانایی کەللەی دەتکایە ناو ڕووبار، دەمی بەش بووەوە، لە بەینی ددانە زلەکانی گیای لێ گیر مابوو، ئەو ڕۆژە مام عەلی بارە داری پێ نەکێشابۆوە و بۆ خۆی تێر لەوەڕیبوو.

خوێن وەستا و کونێکی ڕەشی بەدیمەن لە کەللەی بەجێ ما، لەو شوێنەی من سەیرم دەکرد، دەم و لمووزی هێستر وا خۆی دەنواند کە پێدەکەنێ، پێکەنینێکی تایبەت و لەکانگای دڵەوە، بەر چەند سات بەپشتی تێکشکاوی لەسەر تەختەبەرد کەوتبوو، چاوەکانی لەتاو ئازار دەرپەڕیبوون و ئێستا بە تەنیشتێکا کەوتبوو و شەپۆلەکانی ئاو پێیە بە چەرم هەڵواسراوەکەی بەم لاو بەو لادا دەبرد، لەوە دەچوو کە سنووری سەرکەوتنێکی گەورەی بەزاندبێت، هەربۆیەش لە کانگای دڵییەوە پێدەکەنی، ئێستا نازانم بۆ ئەو ساتە ئەمە بە مێشکمدا هات، چەند گەنجێک بە دوو گوریسەوە چوونە ناو ڕووبار و جەستەیان ڕاکێشایە دەرەوە و دوایی هەمدیسان ماسییەکان گەڕانەوە و لە قەراغەکانی تەختەبەرد نزیک بوونەوە و بە دەمە پەمەیی و بچووکەکانیان لێستیانەوە.

گەرمی گێڕانەوە بووم، تازە زارم گەرم داهاتبوو کە شەمەندەفەر گەیشتە وێستگە و بە هەناسەیەکی درێژ کەنارەی گرت، پیرەمێردی بەرانبەرم بە کورسییەکەیەوە گوشراو و سەری لەسنگی نزیک بوو و قەڵەوەی ژێر چەناگەی هەم دیسان گرێی بۆینباخەکەی داپۆشی. لەسەر چاویلکەی، بەچاوە شینەکانی سەیرم دەکات و دەڵێ: گەنج دەزانی چییە؟

دوایی بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام لەمن بکات: ناوی نوسترا داموست بیستووە؟ ئەو پێشبینی کردووە لە سالی سێ هەزار و حەفت سەد و حەفتا و چواردا (٣٧٧٤) بەردێکی ئاگرین لە ئاسمانەوە دێت و بەر ئەرز دەکەوێت و پارچە پارچەی دەکات، دوایی گورجوگۆڵ ڕۆژنامەکەی خستە ژێر هەنگڵی و جانتا دیپلۆماسییەکەی لەنێوان دوو پێی گرتە دەست و چووە ڕیزی ئەو خەڵکەی کە بەپەلە دادەبەزین.

لە شەمەندەفەر دابەزیم، دەتلامەوە، دڵ و دەروونم تێکچووبوو، سەرم لەخۆم سوڕمابوو کە لەناو ئەم هەموو مرۆڤە، سەری قسەم لەگەڵ کێ کردبۆوە، کابرایەک کە بڕوای بەم جیهانە نەبوو، بڕوای بە هیچ پاشەڕۆژێک نەبوو، ئەگەر لە دەستم دەهات کاتم دەگەڕاندەوە و یەکێک لە بەسەرهاتەکانی گوندە جوانەکەمانم بۆ ئەو پیرە پیاوە نەدەگێڕایەوە، باشتر وابوو هەر لەناو دڵی خۆم بەنهێنی بمپاراستبا لەوەی بۆ کەسێک بیگێڕمەوە کە زەق زەق لە ڕووم دابێتە قسە و بڵێت گوندی ئێمە ڕۆژێک دەبێتە تۆز و غوبار، هەموو گوندەکان، هەموو شارۆچکەکان، کێوە بەرزەکان، دەریا و کەنارەکان دەشت و سەحریەکان تێکڕا دەبنە تەپوتۆز و لەناو خەونێکی ئەهریمەنی کۆتایی بەسەرهاتیان دێت. لە یەک وشە پەست بووم و پەست بوونەکەم لە هیچ سنوورێک خۆی نەدەگرتەوە، خۆزگە دەخوازم کە ئەم چیرۆکەم وەک چیرۆکەکانی تر بۆ ئەو پیرەژنە دەموچاو نووشتاوە گێڕابایەوە کە نووشتاوەکانی دەموچاوی لە شەقامەکانی باژێرێک زیاتر بوون و هەموو هێوارەکان سەروکەللەی لە (مەک دوونالس) پەیدا دەبوو، هەر کاتێک منی لەپاش کاسە دەبینی، بانگی دەکرد و چوکلاتێکی ناو سک پڕ لە کێوژی پێ دەدام و ئەگەر دەرفەت ڕەخسابا، بەسەرهاتێکی باژێرەکەیانی بۆ دەگێڕامەوە، (یان گوێی بۆ یەکێک لەو بەسەرهاتانەی من بۆم دەگێڕایەوە شل دەکرد)، لەبارەی شارەکەیان هەموو شتێکی دەزانی، چۆن گەنجەکانی تێکشکاو و کچەکانی هەست بریندار دوای شەڕی جیهانی دووەم دەستیان کردەوە بە خۆشەویستی یەکتر، چۆن بینایەکان ڕووخێنران و سەرلەنوێ سەریان هەڵدایەوە، چۆن شەقامەکان وەک دەمار بەناو شار بڵاوبوونەوە، خۆڵ و خاشاکەکان کۆکرانەوە و پارکی ئۆڵمپیادی پێ دروست کرا، مرۆڤەکان تێکڕا کەوتنەوە خەبات و لەسەر گۆشەیەک لەسنگی ئەرز جوانترین شاری دنیایان دروست کردەوە. لە شەقام کە (مەک دوونالس)

لەو دیویەتی دەپەڕمەوە، دیسان بەخۆم دەڵێم بریا لەگەڵ ئەو پیرە پیاوە نەهاتباما گفتوگۆ، پێویست بوو لە سەرەتا بزانم، ڕاستییەکەتان بوێت ئەو شێوەی زۆرتر لەو پیاوانە دەچوو کە گیرۆدەی کاری سیاسین، یان ئەوانەی کە تووشی گەورەترین هێرشەکانی نائومێدی هاتوون و لە هەموو ڕوویەکەوە هەرەسیان هێناوە، بەڵام ئەو بەڕای من هەر لەو سیاستبازانە دەچوو، کە بەدرێژایی تەمەنیان لە هەموو لایەکەوە پیسی بڵاودەکەنەوە تا ڕادەیەک کە خەڵک تا ئەژنۆ دەکەونە ناوی، کە خەڵک بە ئاگادێت، ئینجا دەکەونە خۆیان و هاوار دەکەن، خەڵکینە بقەیەک لە ئارادایە، زەرد پێستەکان دەست بەسەر دنیادا دەگرن، دڵی ڕەشەکان پڕە لە کەرب و کین و بقەی ڕەش بەڕێوەیە، بقەی سوور بەڕێوەیە، باشوور و باکوور لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، بەردێکی ئاگرین بەڕێوەیە، کە خەڵک بۆ ئەم شتانە سەرنج دەدات، خێرا گیرفانی خەڵک پڕ دەکەن لە پیسایەتی خۆیان، کە خەڵکیش لە هەموو لایەک بێ خەبەر دەست دەکاتە گیرفانەکانی و دەستەکانی ئالوودە دەبێت، زەق زەق لە ڕووی خەڵک دەگەڕێنەوە و دەڵێن هەر چیمان کردووە بەیەکەوە کردوومانە، لەوساتەدا ئارەزووم دەکرد هەر لەگەڵ سێبەری پیرەژنەکە ئاخافتن، نەک لەگەڵ ئەو پیرەمێردە بێ ویژدانە، دە خولەک ماوە تا ئیشەکەی من لە (مەک دوونالس) دەست پێ بکات، لەبەر دەرگا ئافرەتێک دەستی منداڵەکەی گرتووە، منداڵەکە کاغەزی هەمبرگرەکەی بێ پەروا فڕێ دەداتە سەر ئەرز، شۆڕ دەبمەوە کاغەزەکە هەڵدەگرمەوە و فڕێی دەدەمە ناو سەتڵی زەرد ڕەنگی زبالەوە، دایکی بزەیەک دەکات و بە نیشانەی سوپاس کەمێک سەری دادەنوێنێ، بەخۆم دەڵێم ئەگەر پیرەژنەکە هات لە دەرفەتێکدا چیرۆکی هێستری بۆزی تا کۆتایی بۆ دەگێڕمەوە.

٢٠١٠/٣/١٩



# خمخۆرکی خوێن

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

«نه ئەوەیە ئەم شەوگارە کۆتایی پێ بێ، نە ئەوەشە ئەم خەونە دوابڕاوە دەستم لە کۆڵ بکاتەوە. چبکەم؟ پەنا بۆ کێ بەرم؟ چیم لەدەست دێ؟ تەنیا خەم و دڵەڕاوکێم بۆ ماوەتەوە. بەدەست خۆم نەبوو، ئەو قسەیە بەرچاوی تاریک کردم، هۆش و بیرم لا نەما...»

دانیشتووە و لەبەر خۆیەوە ورتەی دێ، هەر تاوێ پەیتووکەی چاوی لەسەر شوێنێک دەنیشێتەوە. جاروبار دەکەوێتە دڵەکوتێ و دڵی هێندە بەپرتاو لێدەدا جەستەی لەگەڵیدا دەلەرێتەوە. جاری وایە هەست دەکا سییەکانی ماسیون و لەنێو قەفەسەی سینگیدا جێیان نابێتەوە. دەکەوێتە هەناسەبڕکێ و نیخەنیخی سینگی لە ژوورەکەدا دەنگ دەداتەوە.

«دەبمخنکێنە دەی! دە کارێک بکە هەناسەم ڕاوەستێ! ئاخر من نازانم بۆ زیندووم؟ ئیتر ژیانم بۆ چییە؟ دنیا بەبێ ئەشق و خۆشەویستی بەکاری چی دێ؟ هیچ هیوایەکم نەماوە. ئیتر باوەڕ بەچاوی خۆشم ناکەم. ئاخ، نازانم بۆ...»

دوو ڕیز فرمێسک بەسەر ڕوومەتیدا دەخوشێن و لە لقە زبرەکانی ڕیشیدا ڕێگە دەکەنەوە و لەبەر ملیدا خۆیان حەشار دەدەن. هەناسە سواربوونەکەی دڵی توند کردووە و بۆغمە و ئۆناقیش ئەوەندەی تر گەرووی ڕێک دەگوشن. گەرماییەک مێرووله بە بەری پێی دەکات و بە ڕەفیچکەیدا هەڵدەگەڕێ و لەگەڵ خوێنی شادەماری، خۆی دەگەیەنێتە لاجەسەری و کاسی دەکات. هەست دەکا کاسەسەری بۆتە مەنقەڵێ و لێوڕێژە لەپشکۆی گەش و خەریکە گڕوگەرمایی بە مل و بڕبڕەی پشتیدا شۆڕە دەکاتەوە و ئێسکی ڕان و بەلەکی دەکاتە بۆڕی ئاور، بەڵام ئەو تاوویاوە سووتێنەرە بۆ ساتێکە و لە چاوتروکانێکدا دەبێتە چەقوچۆ، لەرز و تەزوویەک سەرتا پای دادەگرێ و هەست دەکا هەر ئێستا هەموو لوولاکەکانی دەست و لاقی لەبەریەک دەچن و قرچە دەکەن. دەکەوێتە لێوەلەرە و شەقەشەقی کاکیلکەی لەژوورەکەدا دەنگ دەداتەوە. هەڵدەستێ پەنجەرەکە پێوەدا بەلەرزەلەرز سێ چوار لێفە و بەتانی دێنێ، گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە

لێـفـەکـان بەخـۆیدا دەدا و لە سـەر لا تـەنیـشـت خـۆی کوشمەڵە دەکا.

بە کـۆڵانـی پڕ لە بەفـر و شـەختـەدا تێـدەپەڕێ و خـۆی دەگەیەنێـتـە بەردەرگـای مـاڵـی سۆمـا، دەرگـای حەوشـەکـە کـەلێنێـکی پێـدراوە و پەنجـەرەی سـەوزی ژوورەکـەیان دیارە. دەچێتە ئەوسەری کۆڵانەکە و دەگەڕێتەوە، چاوێک لە حەوشە و پەنجەرە سەوزەکە دەکاتەوە. سەری سۆمـا بەقژێکی ئاڵۆزاوەوە لەسەر بەفری بەر پەنجەرەکە داندراوە و هەر دوو چاوە شـینەکـەی زیت کـردۆتەوە و سـەیری کـۆڵانەکـە دەکـا. هەست دەکـا چاوی لەلاقی ئەو بڕیوە، سەردادەخا و چاو لەلاقی خۆی دەکا، تا ئێـستـا بەسـەر بەفـر و شـەختـەدا هەنگاوی دەنا، کـەچی ئێـسـتـا هەتا ئەژنۆی لە خوێن و کـەفـدا نوقم بـووە و جار لەگـەڵ جـار خوێنەکە خەریکە دێتە سەرێ و توند دەبێتەوە. سەیری حـەوشـەکـە دەکـاتەوە، سـەری سـۆمـا هەروا لەسـەر بەفـرەکـەیە، ئەم جـارەیان چاوی قـووچاندووە و برژۆڵە ڕەشەکانی هاتوونەتە سەر ڕوومەتی، دەمی داچەقاندووە و زمانی دەرکێشاوە و زاقێک لە خۆی دەدات و دەیەوێ بچێ بۆ لای، گریان ئەوکی گرتووە و لەگەڵ هاوارێک لە سـینگیـدا قـەتیس مـاوە. نەدەتوانێ هاوار بکات نەدەشتوانێ هەنگاو هەڵێنێتەوە. خوێنە خەستەکە هەتا سەرووی چۆکی هاتووە و بۆتە خمخۆرکێکی هەڵلووشەر. دادەنەوێ و دەستێک دەبا بۆ خوێنەکە بزانێ لاقی بۆ ئاوا تێی گـیـراوە، کـە دەسـتـی دەکـا بەنێـو خـوێنەکـەدا هەتا مـەچەکی دەچێـتـە خـوارێ و هەرچی هەوڵ دەدا بۆی دەرنایەتەوە. هەروا بە دانەواوی دەمێنێتەوە و لەجێی خوێ جووڵەی لێ دەبڕێ. خوێنە خەستەکە لەپەستا دێتە سەرێ و دەگاتە سەرووی ڕانی، دەستە تێ چەقیوەکەشی هەتا سەرووی هەنیشکی دەکەوێتە ژێرەوە. سەری هەڵێنا و سەیری حەوشەکەی کرد، سەری سۆما هەروا لەسەر بەفـری سـپی بەر پەنجـەرەکـەیە، ئەم جـارەیان بسکە کاڵەکەی خاو و شانەکراو بە هەردوو لادا لادراوە، خەتی نێـوەڕاسـتـی سـەری وەک برووسکەی شـەوەزەنگێکی هەوروهەڵا بریقەی دێ. چاوە شینەکانی هەڵێناوە، برژۆڵە ڕەشەکانی وەک قولاپ هەڵگەڕاونەتەوە و گەلاوێژ ئاسا دەدرەوشێنەوە. لێـوە سـوورەکـەی بزەیەکی شـیـرینی لێ نیشـتـووە، دەتگوت پێدەکەنێ و هەر ئێـسـتـا قاقـایەک دەکێـشێ پڕ بە گەرووی حـەوشـە و کـۆڵان و ئاسـمـانی شـارەکـە. حـەزی نەدەکـرد چاوی لەسـەر هەڵگرێ. هێندە جـوان بوو پێی خـۆش بـوو سـەد چاوی تری هەبوایە و سـەیری سۆمـای بکردایە. خوێنە خـەسـتـەکە هەروا دێتـە سەرێ و گەیشتۆتە چەناگەی و تەنیا لە دەمی بۆ سەرێ بەدەرەوەیە، برێکی تر دێتە سەرێ و دەگاتە لێوی، نازانێ خوێن و کـەفـەکە دێتە سـەرێ، یان خۆی تێـهـەڵدەچەقێ. ئیـتر ناتوانێ ملیـشی بۆ هیچ لایەک وەرسووڕێنێ. حـەز دەکـا جـارێکی تر چاو لەسـەری سـۆمـا بکاتەوە و بزە شیرینەکەی ببینێ، بەڵام ناتوانێ. کە تۆزێک چاوی بەرز دەکاتەوە ئاپۆرەیەک ژن و پیاو دەبینێ هەموو قامکیان بۆ لای ڕاداشتووە و چاوی پڕ لە ڕق و بێزارییـان تێ بڕیوە. خـوێنەکـە دەگـاتە دەمی و لەبن مـەڵاشـووی توند دەبێ، تامێکی سوێر و بۆگەن ناخی دادەگرێ. سەردەکەوێ و کونە لووتەکانی و گوێچکەی پڕ دەکا. هەناسەی دەرنایە و چاوی پڕ دەبێ لە سوورایییەکی خەست.

دادەچڵەکێ، لێفەکان لە خۆی دەکاتەوە، سەرتاپای لە ئارەقـێـکی سـارددا خـووسـاوە. خـەریکە لە گـەرمـانا دەسووتێ. هەڵدەستێ گڵۆپەکە هەڵدەکات و پەنجەرەکە دەکاتەوە. سەیری حەوشە چۆڵەکە و دارەتووی پڕ پەلک و گەڵا دەکـا. سـەری بۆ ئاسـمـان بەرز دەکـاتەوە و سریوەی ئەستێرەکان سەرنجی ڕادەکێشن. هەموو ئەستێرەکان دەبنە چاوی سـۆمـا و سـریوەیان دێ. گـەرووی وشک بووە، خەریکە لە تونیـانا بخنکێ. دەچێتە چێشتـخانەکە و پەرداخێک ئاو لە بەفرە چاڵەکە تێدەکا و دەیخواتەوە. دێتـەوە ژوورەکـەی چەقـوچۆیەک دیسـان وەلەرزینی دەخاتەوە. پەنجـەرەکە پێوە دەداتەوە. لێفەیەک بە شانی دادەدا و پشت دەنێ بە دیوارەکـەوە و ئەژنۆی لە باوەش دەگرێ. سەر دەکاتە سەر کڵاوەی چۆکی و دەست دەکا بە گریان.

سـەری هەڵدێنێ چاو بە چوار دەوری ژوورەکـەدا دەگێڕێ. هاوارێک لە گەروویدا پەنگی خواردۆتەوە. پێی عـەیب نەبوایە پڕ بە ژوورەکە و حەوشەکە و کۆڵانەکـە و شارەکە دەینەڕاند. سـەری کردەوە سەر کڵاوەی ئەژنۆی و دەستی کرد بە گریان.

تازە لە سەفەر هاتبۆوە، هێشتا جانتاکانی نەکردبۆوە و سۆما و دایکی و برا چکۆلەکەی هەموویان شاد و لێو بە بزە لەلای دانیـشـتبـوون و بەخێـر هاتنەوەیان پێدەگوت. دیار بوو توونیـەتی. بێ ئەوەی هیچ بڵێ سۆما هەستا و چوو لە چێشتـخانەکە پەرداخێک ئاوی ساردی بۆ هێنا. هێشتا بە تەواوی ئاوەکەی نەخواردبۆوە مۆبایلەکەی زرەی لێ هەسـتـا و دوای ئەوەی پەرداخە ئاوەکەی خـواردەوە و لێوی سڕی، مۆبایلەکەی دەرهێنا و بە گوێیەوەنا.

– بەڵێ فەرموو.

دوای چاکوچۆنی هێندێ قسەوباس لەپڕ گرژ بوو. سپی

هەڵگەڕا و زمانی کەوتە تەتەڵە کردن و بە جاریێ ڕەنگی هەڵبزڕکا.
دایکی دەستێکی کێشا بە سینگیدا و بە ڕووخسارێکی شیواو و دڵی پەرۆشەوە گوتی:
- ئەیەڕۆ چ بووە شێرکۆ گیان؟ هەواڵی چیبیان پێدای؟
سۆما کە پەرداخە بەتاڵەکەی لێ وەرگرتبۆوە هەروا بە پێوە ڕاوەستا بوو و ئەویش بەسەر سورمانەوە چاوی لە مێردەکەی بڕیبوو، دەستی بە ڕوومەتییەوە گرتبوو و بە چاوێکی پڕ لە پرسیارەوە گوتی:
- شێرکۆ پێمان ناڵێی چ بووە؟ ئەوە کێ بوو؟
شێرکۆ بە چاوی ڕقەوە لە سۆمای ڕوانی و لەگەڵ ئەوەی لێوی دەکرۆشت گوتی:
لەمن دەپرسی؟ یانی نازانی چ بووە؟
سۆما شڵەژا و حەپەساو پەرداخەکەی لەدەست کەوتە خوارێ، ڕەنگی هەڵبزڕکا و لەگەڵ ئەوەی کەوتبووە دڵە کوتێ، خەیاڵ هەڵیگرت: «یانی ئەوە، بڵێی چی پێ گوتبێ؟ بەڕەڵڵای هیچوپووچە هەڕەشەکەی خۆی بردەسەر. ترساو و ڕەنگ بزڕکاو تفەکەی قووت دایەوە و گوتی:
- شێرکۆ چ بووە؟ توخودا پێمان بڵێ، کێ مردووە؟ ئەو تەلەفۆنە کێ بوو؟
- کەس نەمردووە، پێت خۆش بوو کێ بمرێ. خۆت بمری چۆنە؟!
سۆما کە ئەوەی بیست چۆکی نووشتایەوە و لەپەنای خەسووی دانیشت. یەکسەر بیری چوو بۆ لای کەریمی جیرانیان. کەریم چەند جار پێی گوتبوو: «سۆما ئەوەی پێت دەڵێم دەیکەی چاکە، دەنا قوورێکت بۆ دەگرمەوە هەتا ئاخری تەمەنت هەر بیشێلی، یان وات بۆ تێدەچێنم شێرکۆ سەرت بتاشێ و وەدەرت نێ.»
دایکی لەگەڵ ئەوەی خەم و ترسێک دڵی ڕێک دەگوشی گوتی:
- ڕۆڵە گیان، ئەوە چ قسەیەکە تۆ دەیکەی؟ دەبیلێ دەی دڵم تۆقی، بزانین چ بووە، بۆ پێمان ناڵێی؟
شێرکۆ هەستا بە نێو ژوورەکەدا سوورێکی لێدا و لەگەڵ ئەوەی دەیویست شاڵاو بۆ سۆما بەرێ، لەبەر خۆیەوە ورتەی دەهات و تفی لە دار و دیوارەکە دەکرد.
سۆماش جار لەگەڵ جار لە خەسووی دەچووە پێشێ و وای خۆی پێوە نووساندبوو دەتگوت هەر ئێستا دەچێتە باوەشی، سەری نابوو بە شانی خەسوویەوە و دەگریا و شۆڕشی برا چکۆلەشی لەولاوە سەری داخستبوو. جار جار سەری هەڵدێنا و لە کاکی و لە سۆما و دایکی دەڕوانی. حەپەساو منداڵانە دەیڕوانی و نەیدەزانی چ بووە و بۆ ئاوا دەکەن.
شێرکۆ دوای ئەوەی زۆری نەڕەنەڕ کرد و جنێوی دا، لە دایکی و براکەی و ژنەکەی مۆڕ دەبۆوە و هەر جارەی دەیویست هۆمەن بۆ یەکیان بەرێ و وەک گورگی هار هەڵیاندڕێ. بە ڕقەوە دەستی کرد بە گیرفانیدا و مۆبایلەکەی دەرهێنا. ژمارەیەکی گرت و نای بە گوێیەوە و لێوی خۆی گەست:
- عەلۆ، کاک عەلی هەتا ماڵی ئێمە وەرە.... لەسەری مەڕۆ... زووکە هەتا ئێرە وەرە.
دایکی کەوتبووە دڵە کوتێ و سۆماش لەو خراپتر. هەردووکیان ڕەنگی مردوویان لێ نیشتبوو. سۆما دەمی وشک ببوو و دەتگوت خۆڵەمەڕەی تێکراوە بە زۆر زمانێکی بە لێویدا هێنا و گوتی:
- شێرکۆ دەبێ پێمان بڵێی چ بووە؟ کاکە عەلیمت بۆ چییە وا بانگت کرد بێ بۆ ئێرە؟ چ بووە؟ بۆ پێمان ناڵێی؟
شێرکۆ مۆڕەیەکی لێکرد و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. چووە دەرێ و شەق پێوەیدا لەوانە بوو شووشە و تایەکانی بکەونە خوارێ. دایکی شێرکۆ سەری سۆمای بە سینگییەوە گوشی و هەردووکیان دایان لە پرمەی گریان.
دوای چەند خولەکێک عەلی لە دەرگای دا، شێرکۆ کە هەر لە حەوشە دەهات و دەچوو خێرا دەرگاکەی لێکردەوە و دوای ئەوەی هێندێکیان قسە کرد هەردووکیان وەک گورگی برسی بەرەو ژوورێ ملیان پێوەنا. شێرکۆ خۆی کرد بەژوورێدا و عەلیش بەدوایدا. سۆما و دایکی و براکەی هەرسێکیان بەپێوە ڕاوەستابوون. شێرکۆ هۆمەنی بۆ سۆما برد، قژی گرت و بە ڕاکێش ڕاکێش بردییە دەرێ. دایکی هەرچی هاواری کرد و ڕوومەتی خۆی ڕنی و پاڕایەوە کەڵکی نەبوو. عەلی سۆمای برد و دەرگای حەوشەکەی بە توندی پێوەدا.
لێفەکەی لە شانی کردەوە، چووە بەر پەنجەرەکە و چاوی لە ئاسمان بڕی، دیسان لە هەموو سووچێکی ئاسمانەوە چاوی سۆما تروسکەیان دەهات و چاوەبڕکێنەیان لەگەڵ دەکرد. ئاراوقارای لێ هەڵگیرابوو، نەیدەزانی چ بکا؟ دوو حەوتوویە لەو ژوورەدا خۆی زیندانی کردووە و دایکی ڕۆژی جارێک بەزۆر نان و ئاوی بۆ دێنێ و دەرخواردی دەدا. هەرچی گوشار بۆ مێشکی خۆی دێنێ و بیری لێدەکاتەوە نازانێ چۆن بڕوا بکات.
«باشە ئەوە کێ بوو ئەو ڕۆژە تەلەفۆنی بۆ کردم، وێدەچوو ئاشنا بێ. زۆر خۆمانە پێی گوتم: شێرکۆ،

شتێکت پێدەڵێم باوەڕ دەکەی بیکە نایکەی کەیفی خۆتە، چونکە ئابڕووی منی پێ ناچێ و گوێشم لێ نییە. دەڵێم با گەڕەکەکەمان پیس نەبێت و ژنان شووی لێ هەڵنەکێشن. لەو ماوەیەدا لە ماڵێ نەبووی زۆربەی کات ماڵی ئێوە و بەتایبەت ژنەکەتم دەخستە ژێر چاوەدێری. ژنەکەت هەر ڕۆژی بەدەست یەکێکەوە بوو، چەند جار لەگەڵ منیش چاوەچاوی کرد، بەڵام من قەت ویژدانم ڕازی نابێ لە ژنی مێردردار نزیک ببمەوە، ئەویش ژنی دەروجیران...»

تاسابوو، ئەوە دەبێ کێ بووبێ؟ دۆست بوو، یان دوژمن؟

دایکی چەند جار گریابوو، سوێندی بۆ خواردبوو گوتبووی: «ڕۆڵە گیان تۆ بۆ خەریکی خۆت لەنێو دەبەی و ئەو ژنە بەستەزمانەشت ئاوا لێکرد؟ ئەو ژنە خۆ هیچی نەکردووە، مەگین بەر دەرگای حەوشەکەی گەسک دابێ، دەنا پێی لەو ماڵە نەچۆتە دەرێ، تەنانەت لەو ماوەیەدا تۆ لە ماڵێ نەبووی سەری لە ماڵی باوکیشی هەڵنەهێناوە.

خەونەکەی سەعاتێک لەمەوبەری وەبیر هاتەوە، خوێنەکە. ڕۆچوونەکەی بەنێویدا. چاوێکی لە دەستی خۆی کرد، ئەو دەستەی قژی سۆمای پێ گرتبوو.

نەیدەزانی چ بکا. وەک شێت بەنێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، دەگریا، لەرزی لێ دەهات و بەهەردوو دەستی سەری خۆی دەگرت. «نازانم من بۆ ئاوا دەرهەڵبووم. ژیانی خۆمم وێران کرد؟» وەبیری هاتەوە قژی سۆمای دابووە دەست عەلی برای. عەلی کە قژی گرتبوو و بەڕاکێش ڕاکێش بردبوویە دەرێ گوتبووی: « تۆی ئابڕووبەرەی ڕوورەش بۆ سەربڕین چاکی، کوڵکەی سەربەخوێن.»

دیسان جەستەی گەرم داهاتەوە و هەستی دەکرد هەر ئێستا ئێسکی لەشی دەسووتێن و پێست و دەمارەکانی دەتوێنەوە. ئازای ئەندامی لە ئارەقەدا شەلاڵ ببوو. خەم و گریان و تاوویاو و چەقوچۆیەک لەدوای یەک لە جەستە و ڕوحی وەردەهاتن. سەری لەسەر کلاوەی چۆکی هەڵگرت و چاوی لە سووچی نیوە تاریکی ژوورەکە بڕی.

« شێرکۆ گیان نازانی چەندەم خۆش دەوێی، دەڵێم بڵێی لە دنیادا ژنێکی تر هەبێ بەقەد من مێردەکەی خۆی خۆش بوێ؟ شێرکۆ بەو خودایە سەعاتێکم لێ دوور بی پێم بە ساڵێکە. توخودا قەتم لێ دوور مەکەوە...»

پەپوولەی ماچەکانیان باڵیان لە باڵی یەک دابوو و بە ئاسمانی ئەشقێکی وەنەوشەییدا فڕیبوون.

شتێکی قورس، گڵمتکێکی ڕەق، لە گەروویدا گیری کردبوو، نە گریانەکەی دەردەهات نە دەیتوانی هاوار بکا. سەری کردەوە سەر چۆکی.

کۆخەیەکی ویشک پیرانی پێ کرد، سۆما لەخەو ڕاچەنی و دەستی خستە سەرشانی: «چییە؟ بۆ ئاوا دەکۆخی؟» لە جێگاکەی دەرپەڕی و بە پەلە چوو پەرداخێک ئاوی هێنا کردی بە دەمییەوە.

لەپڕ بۆغمە قورسەکەی گەرووی ڕەوی و کوڵی گریانێک، ئاو و ئاور پێکەوە لە چاو و سینگیدا تەقینەوە. وەها دای لە قوڵپەی گریان ژوورەکە دەنگی دایەوە. دایکی بە هەڵەداوان هات بۆ ژوورەکەی و باوەشی پێداکرد. سەری کردە سەر ڕانی خۆی و لەگەڵ ئەوەی فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارێ گوتی:

– شێرکۆ گیان! من ئەمڕۆش چوومەوە بۆ لای سۆما. هەموو شتێکی بۆ من و دایکی باس کرد. تۆ وات کردبوو لە خۆت نەمدەوێرا هیچت پێ بڵێم، تۆ نەتهێشت سۆماش قسەیەک بکات. ڕۆڵە گیان هەر ئەو لە تۆ چاکترە، دەیگوت خۆم بە شێرکۆ دەڵێم چبووە. بەیانی بچۆ بۆ لای.

کە خەبەری بۆوە سەری لە سەر کۆشی دایکی بوو. دایکیشی پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو و خەوی لێ کەوتبوو. وڵات ڕووناک ببۆوە و گزنگی بەرەبەیان لە سەر لقی دارەتووەکەی دابوو و چۆلەکە لەنێو لق و گەڵاکانیدا جریوە و جووکەیان دەهات. هەستا سەر پێ و دەرپەڕی بۆ دەرێ. دایکی بە تەقەی دەرگاکە لە خەو ڕاچەنی:

– شێرکۆ!

لە دەرگای حەوشە چووە دەرێ و بە پڕتاو ڕۆیشت بۆ گەڕەکی باخی قازی و خۆی کرد بە کۆڵانەکەی ماڵی خەزووریدا. کە گەیشتە بەر دەرگای ماڵەکەیان، دەرگای حەوشەکە کەلێنێکی پێ درابوو. چووە ئەوسەری کۆڵانەکە و گەڕایەوە. چاوێکی لە حەوشەکە کرد، تایەکی پەنجەرە سەوزەکە کرابۆوە و سۆما سەری کێشابووە دەرێ. کە چاوی بە شێرکۆ کەوت چاوە شینەکانی بریقەیان لێوە هات و لەگەڵ بزەیەکی شیرین ئەستێرەی گەلاوێژیان وەبیر شێرکۆ هێنایەوە. شێرکۆ دڵۆپێک فرمێسک بە سەر ڕوومەتیدا خزی و خۆی کرد بەنێو ڕیشە زبرەکەیدا. بێ ئیختیار سەری داخست و چاوی لە بەر پێی خۆی کرد.



# گوهەرپین

**چیا مازی**
**(ستەنبۆل)**

د بیرا وی هاتبوو دیسا. د بیرا وی هاتبوو ئەو رۆژێن رەش، دیمەنێن تاری، رۆنیا تاڤا د خوینێ دە داکری، ئێڤارێن دەست دخستن قرکا مرۆڤان. د بیرا وی هاتبوو، ئەو قەرەزی، ترس، خۆف و کین ... هێسرێن وی دیسا ل پەی هەڤ ژ کانیکا دلێ وی ل کۆلانێن شەمرەخێ دبوون شەپەل، ل بن گوهێن دیواران دکەتن. دەنگی نالینان، قیرینا زارۆکان، تلیلیێن ژنان، ئۆف و ئاخینا زلامان د گوهێن وی دە دتەقیان.

خوین... ئەرێ خوین ل بەر چاڤێن وی دحەرکی. خوینا زەلال، خوینا ژ بەدەنان کۆم بووبوو. خوینا نقوت ب نقوت کەتبوو سەر هەڤ د بەدەنا جڤاکێ دە حەرکیبوو و بایێ رەش ئەو د نیڤێ رێ دە هشک کربوو. خوینا سەبرا دلان، خوینا حەزکرنا چەند سالان، خوینا یەکبوونا ئەڤینداران، خوینا ژ پێسیرا دایکان. خوینا ژ ملێ باڤ و کالان کو نەهشتبوو هەتا نها گەماری ببە. خوینا ب هەڤ رە مەزنبوونا خویشکان. خوینا زارۆکاتی، کو شەوقا خوە ددا دلێ مرۆڤاهیێ.

کێ ل وێ خوینێ دنهێری، دپژقی، دلەرزی، درجفی، مەژیێ وان دلەقیا. سەرێ خوە ل دیواران دخستن. بێحەمدی وان ئاوازا وان بلند دبوو...هاهۆۆۆۆ، هاهۆۆ...!

دو مرۆڤ ل سەر گۆلا خوینێ سەکنیبوون. یەکی دگۆت:

– ژ بۆ چ قەتلکرن؟...ژ بۆ کێ؟...ناڤێ ڤێ خوینێ چ یە؟... ئەڤ خوینا کێ یە؟

– گەلۆ ئەڤ نە خوینا کالێ شێخ سەعیدە، ل ڤێ دەرێ دایە دەر؟ گەلۆ نە خوینا ئاپێ رزۆ یە...؟ گەلۆ خوینا ژ هەزارێن حەلەبچە یە؟ خوینا ل چیایێ ئاگری ب بن عەردێ دە چووبوو؟ نە خوینا قازی محەمەد بە ل ڤێ دەرێ دەرکەتیە سەر روویێ عەردێ؟ وەکی خوینا کەلا دمدمێ یە، برچی یە. دبە کو خوینا عەگیتەکی بە، کو ژ ئامەدێ ب

خوه ره بربوو؟
– عەین ئەو خوینە، ئەو خوینا وان مرۆڤان، نقوت ب نقوت کۆم بوویە و ژ بەدەنا نیزام دەرکەتیە.
مرۆڤەکی دن دگۆت:
– لێ بەدەن. بەدەنا وی؟ قەی ئەڤ نە بەدەنا مرۆڤانە لاو؟هنگزێن ب بزمار، قولقولی کریە، فلشاندیە، سەری پۆز، دەڤ، گوهـ، جێنیک، تەڤدا ب شۆپێن بزماران دەق دەقی بوونە... ناڤا پشتێ، کولێمەک، چیپ، ران، زک گش د ناڤا خوینێ دە، سۆر... مل، دەست، قۆلنج، تلی، هەمی تەریش تەریشی بوونە.
بەدەنا جوان ژ کوچەیێ هەتانی دەڤێ دەری ب زکخشک هاتبوو. هەو ئەڤ دەنگ تێ دە مابوو:
– خالتیکێ! خالتیکێ! ئەز مرم. ئەز کوشتم. زوو...زوو دەری ڤەکە، ئەز مرم!
دەری ڤەبوو. قیرین، هەوار، هاهۆ، هاهۆ. خالتیکا وی:
– ئەڤ چ یە، چ بوویە؟ کێ، چما، ژ بۆ چ؟ هاهۆ... ما تە چ کربوو کورێ من...؟ تە چ ب خوەدێ کربوو؟ دە وەرە کەزیکورێ خوەیێ... دە وەرن لاوۆ، دە وەرن ببینن. دە وەرە خواکێ...ئاخ خ... دە وەرە حزنا...ئۆف... دە وەرە دایێ زینێ...!
رەف ب رەف. ب لەزگینی، ب هاواری، ب قیرینی هاتن. هێسر دباریان ژ چاڤێن ژنان، مێران، زارۆکان، خورت و قیزان، کال و پیران. دحەرکی، کۆم دبوو، کۆم دبوو ل با خوینێ، تەڤلی خوینێ دبوو. دبوو شەربەتا داهکێ، شەربەتا کینێ، شەربەتا هێرس و سەرهەلدانێ.
جارنان دەنگ بلند دبوون:
" ما قەی ئەڤ نە جانە کورێ من؟ ما ئەڤ نە بەدەنا چووچکێ دایکا تە یە...؟ قەی ئەو نە دامارێن گۆشتێ مرۆڤانە؟ ئەوقاس خوین، ئەوقاس ب هۆڤیتی. ئەڤ کی نە ل تە وەها کرنە؟ ئەڤ کی نە؟ قەی دایکا وان تونە یە؟ قەی بێدێ و بێباڤن؟ قەی خوینا بەدەنا وان، ئا رەهێن وان، ئا ژەهرامارانە؟ ئای ل منێ ێ ێ ێ ! ئای ل منێ!"
" دێ وەرن ڤێ هێرسێ بسەکنینن. دێ وەرن ڤێ قیرینێ ببرن... دە وەرن ڤێ شەپالا هێسران قوت بکن...دە وەرن مە بکەنینن. کی؟ چاوا؟ چلۆ؟ هەلا وەرن لاوۆ ل مە بێکەسان..."
– هەلا وەرە خواکێ ئای ل منێ. ئەڤ جاهنەمە یە وەی ل تە یێ!

باڤێ وی ل جهێ بیان، وەی هێسیرێ!
وەی رەبەنێ خواکێ، وەی ل منێ!
وەی بندەستێ خواکێ، وەی ل منێ!
وەی نیزامۆ لاوۆ، وەی ل منێ!
وەی حەسەنۆ لاوۆ، ڤایە برایێ تە یە!
وەی باقیۆ لاوۆ ، ڤایە برایێ تە یە!
دە وەرە باڤۆ، دە وەرە ئاپۆۆۆ... دە وەرە لۆ!
ئاخ ل منێ واخ ل منێ!
وەلاهـ ئەڤ حزبینە، وەی ل منێ!...
قەلەبالغ، گازی، هاوار و ئای ل، منێ وەی ل منێ. پاپووک، رەبەن...
داوی نەدهات.
لێ ئەو چ بوو؟ چەپک... یەک، دودو..سسسێ، شەش...دەهـ...سەد. گش گش ب هەڤ رە.. چەپک! یەک ژ ناڤا کۆمێ:
– بلیرینن..! بلیرینن!
مووییێ جانێ مرۆڤان دەزی دەزی دبوون. تەڤزێ ل نەنووکان دخست. هێرسێ خوە رادپەلکاند مەژیان. پۆرێ گژ گژی دبوون و هیسر دباریان. هێسران ژی چەپک دباراند. چەپک ژی دبوون هێرس. ژ هش خوە ڤە چووبوون مرۆڤ ب بێهنا وێ خوینێ. بووبوو مەیا سەرهلدانێ. خوینا رەحان گەرم دبوو، نووهـ دبوو. دبوو دەستپێکا گوهەرینا خوینا کەڤنا هەزار سالە. ئەو بایێ رەش، ئەو بایێ ئێش و ئێشووکان چووبوو. بایەکی هێنک، بایەکی ژ هێلا باشوور، ژ چیایێ شێخ محەمەد، ژ چیایێ دینان، ژ چیایێ شەولا خوە بەرا سەر شەمرەخێ ددا.
گەلێن گوندێن شەرەخ، ناڤچەیێن جیران بهیستن. دپرسین. دنهێرین. دفکرین: " چ یە گەلۆ؟ ئەم د چ دەمێ دە نە؟ گەلۆ یێن وەها ل وی لاوکی کرنە، مرۆڤن ئان وەحشن؟ گەلۆ مرۆڤ دکارن ل مرۆڤان وەها بکن؟ قەی ئەڤ ژی هونەرەکە، هونەرا کوشتنێ. کیژان هش دکارە وەها بفکرە؟ کیژان دەست دکارە ڤێ یەکێ پێک بنە؟"
گوفتووگۆ، پەیڤ بەلا وەلا دبوون. ژن ل بەر کوچان. ل سەر تەنووران و شیرۆڤەیێن بالکێش.
– خوەیێ دبێژن، جانێ وی ژ بزماران دەن دەنی بوویە.
– ئەرێ لێ. کەچێ دبێژن بیست و شەش قول د سەری وی دە چێبوونە.
– کەچێ تو زانی، دبێژن ئەڤ سۆفیکن.
– نا لێ دە ب خوەدێ د تارییێ دە یە.

– هنک دبێژن، دبە کو دەولەتێ وەها کربە.
– کـەچێ مـا کی بە، مـا کی بە. وەلەھ ئەڤ دژمنێ کەسان د کەسان نەکە وەی، ما ئەڤ بۆبەلاتە وەی!
– کــەرێ، نە ســالەک وی بوو زەوجی بوو. مــا نە کەچکەک وی چێببوو یە.
– ئەرێ خوەیێ. ناڤێ وێ ژی نووشینە.
– پەپووک، پەپووک. کەچێ هنگز چێکرنە و ب سەرێ هنگز ڤە نزانم چەند بزمار کوتانە و ب وان بزماران... ئای ی ی ئای لاوۆ، رەبەنۆ لاوۆ، هێسیرۆ لاوۆ، ما قەی تە تشتەک چێ نەکربوو. قەی دایکا تەنانەک نەدابوو لاااوو...!

ل قەهوەخانێ مژار ئەو بوو:
– بەلێ نیزام، قەلافەتێ وی گر بوو قەلەو بوو. یەکی دەڤلکەن بوو، پۆرسۆرک بوو، خۆرتەکی بهێز بوو. نیزام چاوا ڤان دکاربوون وەها لێخن؟ قەی وی قەت ل بەر خوە نەدا یە؟
– کورۆ مـا ب خوەدێ، گەر ب مێرانی بهاتانا پێشبەری وی نکاریبوون پێ. لێ بەلێ ب بێبەختی، ژ پاش وی ڤە، ب نەدیتی دربا ئەول ل سەری خستنە. دەما ل خوە زڤرِیە ل سەر چاڤان خستنە. کا وێ چ بکرا. مرۆڤێن بێبەخت تم خوە ل جهێ تاری دگرن و ژ پاش ڤە ل مرۆڤان دخن.
– د کۆلانەکە تاری دە ل بەندا وی مانە و دەما ژ قەهوەیێ هاتیە و ژ پاش دە لێ خستنە. ما ئەڤ ژی مێرانی یە قەی، ئەڤ ژی مرۆڤاهی یە لاو...

ببە سبەھ وێ جەندەکی وی هلینن. گوفتووگۆ پەیڤ د ناڤا گەل دە دبوون کۆم و دحەرکین. دگۆتن: " ئەڤ شەهیدێ قۆنترا یێ یەکەمە ل ناڤچەیێ. دڤێ ترسا مە و دەنگێ مە تێکەڤە دلێ وان و گوهێ وان. یان نا وێ قەتلان بدۆمینن.

وێ شەڤێ مرۆڤ ب هێرس کەتن ناڤا نڤینێن خوە. مەژیێ وان تژە خوین بووبوو تژە شەربەت بووبوو. مەژی دمەیاندن ژ بۆ سبەهێ. خەو تونەبوو. تاریا سۆر خوە د خوینێ دە داکربوو. ئەڤ شەڤا سۆر گەلەک نیشان ددان ژ بۆ سبەهێ. خوە تژە ئاگاهی کربوو و خوە ژ رۆژێ رە هلتانی.

ب دەنگێ دیکان رە ئاگاهیێن کو شەڤێ کۆم کربوو دا دەستێ رۆژێ. تاڤێ پڕ لەزاندبوو. سەبرا وێ نەهاتبوو. زوو ب زوو دەرکەت د سەرێ چیایێ دینا رە. تیرێژا خوە بەرا سەر کۆلان و ئۆدەیان دابوو. یێن ب خوە نەحەسیابوون، ب بێهنا تاڤێ رە ژ ناڤا نڤینێن خوە چەنگی بووبوون. یەک ب یەک ل کۆلانان بوون رەڤ. رەڤ ب رەڤ ل سەر رێیان بوون کۆم و ب کۆم بەرێ خوە دانە جهێ سەرهلدانێ. مرۆڤان خوە ب هەڤ ڤە گرێ دابوو. هێسرێن خوە ب ئاوازێن خوە رە دەرخستن. لێ نەدقەدیا ئەو هێرس. جارەکێ کەتبوو دلێ مرۆڤان، خۆرتان و قیزان. ئێدی ب جه بووبوون نقوتێن شەربەتێ د ناڤا هناڤێن مرۆڤان و رەهێن وان دە، مەژی گش دیل گرتبوو.

ب دەنگێ " هەڤالێ چەنکداااار...!" ب هش خوە ڤە هات. ل سەر تاهتەکە گەبار. تو ل کو چار سال بەرێ ل کو ناڤچەیا شەمرەخێ ل کو. ب بێهنا نقوتەک خوین، بیست حەب خۆرت ژ ناڤچەیێ چووبوون گەبار. ژ بۆ ئەڤینێن وان، خوینا ب سەدان گهیشتە وێ خوینێ. دگۆتن " دڤێ خوینا مە و یا کالێ مە بگهیژە هەڤدو. هەکە نە وەها بە ئەم رزگار نابن".

وەکی مرۆڤەکی ب دەهسالان لال بە و زمانێ وی بگەرە، دەڤێ وی ڤەبوو، گریا.

هەهەی کالۆۆۆ... کالۆ...!
ڤا یە ئەم هاتن
ڤا یە ئەم هەر یەک ل بن دار و دەڤیەک تە نە.
ب سۆند، ب پەیمان،
ئەمێ تۆڤێ ئەڤین و خوەشیێ بچینن
ئەمێ ببن بەرسڤا خەون و خەیالا تە
و یا هەزاران.
ئەمێ تە بگهینن ئەڤینا نیزام..!
و یا نیزام بگهینن یا نووشینێ.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (مستەک ژیان) روویەلێن (١٤٥-١٤٩) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکێ ل سالا(٢٠٠٣)ێ ل ستەنبۆل بەلاڤبوویە. هەژیە بێتە گۆتن کو چیرۆکنڤیس ل سالا (١٩٦٠) ل گوندێ شەمرەخێ – مێردینێ ژدایکبوویە و ژ سالا ١٩٩٣ێ وەرە نڤیسینێن خوە ب زمانێ کوردی بەلاڤ دکەت.**

**«رامان»**



# ناوخۆیی بەخۆڕایی

**فرووزان(*)**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

– کە دەردەچی کار کۆتایی دێ، هەر بە پێیان شۆڕ دەبینەوە، ئەو بۆرەکفرۆشەی (بازاڕی میسر)ە هەیە پەسندمان کردووە، ئەوەی مەلی کەناریی هەیە، لەورە نانی نیوەڕۆمان دەخۆین. چی دەبێ چل ساڵ جارێک بانگهێشتن، بۆیە بە پێ لە چوونە (چەغاڵ ئۆغڵو) و هاتنەوە ماندوو نابین، وا نییە کیژی خۆم؟ گەر بمانەوێ تەنانەت شیرینیش دەخۆین. هەر لە پردەکەشەوە بە پێکەنین و خۆشییەوە دەگەڕێینەوە. دایک و کچ لە نێو ئاپۆرای بەیانیدا، نەناس، بەپەلە ڕێیان دەکرد. دایکی بەبێ پشوو قسەی دەکرد. تاکە ڕۆژی قسەوەریی بەم جۆرەی، ئەو ڕۆژە بوو کە وەک پەرستارێک لە نەخۆشخانەیاندا وەرگرت.

منداڵەکە ئەو دەمی لە پۆلی سێیەمدا بوو، بەروانکەکەی ڕەشێکی هەڵبزڕکاو بوو. زستانی بەسەردا هاتبوو. ئەمە، دەستپێکی ڕەژووکڕینی لە ڕەژووفرۆشەکەی سەرسووچەکە بوو، فێرە ئاگرکردنی ناو مەقەڵی ببوو. لە بەردەرگادا یەکەم پارچە داری ئاگر تێ بەردەدا و خەڵووزەکانی بە ئەستوندی لەسەر ئەوانەدا جێ دەکردەوە. هەر کە بۆڕییەکەی دادەنا قرچەقرچ دەستی پێ دەکرد، پریشکە وردەکان بەدەوروبەردا دەپرژا، کە ڕەژووەکان سوور هەڵدەگەڕانەوە و دەبوونە پشکۆ هەموو شتێکی، – دانیشتنی ڕیزی دواوە، نان خواردن لە بەشی (هەیڤی سوور)دا، شیعر نەخوێندنەوە لە جەژنە نەتەوەییەکاندا–، تا کۆتایی هاتنی یەکەمین شینایەتی هاڵاوەکان لە دەرگای دەرەوە چاوەڕوانی دەکرد. کە مەقەڵییەکەی دەبردە ژوورەکەیان ئەو شتانەی سڵی لێ دەکردنەوە نەدەمان، بۆ کارکردن لەسەر مێزە دارگوێزەکەدا ڕۆدەنیشت– کە لە شمەکە هەرە یادگارییەکانی دایکی بوو–. ئەم گەرموگوڕیی مەقەڵییەی خۆش دەویست. دایکی دەیگوت دەبێ پشکۆکان بە خۆڵەمێش داپۆشین، ئیدی بەمە ئاگری خۆگەرم کردنەوەیان بۆ ڕۆژی دواتر دەمێنێ. خۆڵەمێشەکانی جوان، سەر پشکۆ بریقەدارەکانی دادەپۆشی و یەکیان– سوورترینیانی، شینترینیانی لە دەرەوە دەهێشتەوە–، پشووی بە وانەکانی دەدا و کە لە مەقەڵی دەڕوانی، تاکە پشکۆیەک کە بە گەرمی دەمایەوە، هەلی بە پەناگە مانی ژوورەکەی بەرز دەکردەوە. ئیدی ئەو ڕۆژەی گوتبوویان "دەبیتە پەرستار" دایکی کە دەرگای کردبووەوە و

هاتبووە ژووریٚ یەک شتی گۆڕرابوو، چونکە دایکی لە بارودۆخێکدا بوو کە نە بیستبوونی و نە دیتبوونی، بە ئاخاوتنەوەی، ژوورەکەی پڕ لە هەوای خاوێن کردبوو.

– وەرم دەگرن، تا یەک دوو ڕۆژ دەست بە کار دەبم. چوومە لای سەرۆکی پەرستاران، یەکە یەکە پرسیاری کرد. "پێشتر کارت کردووە؟ مێردەکەت کەی مرد؟ ئەم کارە وەستان و وێستگەی بۆ نییە، کارامەیی زۆری گەرەک نییە، پێویستی بە چالاک بوونە، ڕێکخستنەوەی پێخەف، ڕشتنەوەی جامۆلکەکانی تف، خاوێن ڕاگرتنەوەی دەفرەمراوی(**) میزی نەخۆشان بەسە. لەوانەیە بگەیتە ڕادەیەک گەرمایی تای نەخۆشان بپێوی، حەفتەی دوو ڕۆژ بە پشوو دەچییەوە و شەوی یەکشەم دێیەوە. منداڵت هەیە؟ کەست نییە جێی بهێڵی ها؟ خۆی بەڕێوە دەبا، ڕاستی دەبێژی، بەڵام منداڵە، لە هیچ پۆلێکدا نەماوەتەوە؟ ئافەرینی لێ بێ، ئافرەتێکی لاو و جوانی، لێرە هەیە و نییەش پەیدا دەبێ، جددی بە، قسەیەک بکرێ لە تۆی دەزانم. چیرۆکی دەڵەسەگی کلک لەقێن، دیارە، بۆیاخ و مۆیاخیشم ناوێ، ڕەنگی کوڵمت لەخۆوەیە، ڕەنگی لێوت، ئیدی نازانم، لەگەڵ دکتۆران، نزیک بوونەوە لەمولەو نییە. ئەوەی بیەوێ لە کارێکدا بەردەوام بێ خۆی لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانیدا دەگونجێنێ. خەوت سووکە؟" بیری لێ بکەرەوە ئیدی کارێکمان دیتەوە. بە یەکەم پارە کێشێک ڕەژوو دەکڕم. چزمەیەکی لاستیکیش بۆ تۆ. لەوانەیە ئەو ڕۆژانەی بە پشوو دێمەوە بچینە سینەماش، هەرگیز دیار نابێ. ئەگەر کارەکانمان بە چاکی ئەنجام بدەین کێ دەتوانێ هیچ بڵێ؟ دەبێ بچین خاوەن ماڵ ئاگادار بکەینەوە، دەسا ئێواران کە ماست دەکڕێ چیدی دەرگەی دەرەوە بە توندی پێوە نەدا. گوتم ئێمە دوای کارکردن... خەویشم سووکە، ساڵانێکە فێری خەوی کپ و بێ دەنگ بووین...

دایکی کە دەستی بە کارکرد ناوی "کاری نەخۆشخانەکەی ئێمە"ی لێ نرا. شەوی یەکەمی بەجێهێشتنی ماڵەوەی "حەڵوای تەعین"یان لە بەقاڵ کڕی. خۆراکی بە پەنیریان چێ کرد، مشەمما گوڵشینەکەیان بەسەر مێزەکەیاندا دا. ئەم مشەممایە لە سەردەمی ژیانی باوکییەوە مابووەوە، یادگاری خۆشی و ئارامی بوو. بۆچی پێیان وا بووە باوکی هەر دەژی؟ ئەویش وا دیار نەبوو بمرێ. پیاوێکی وا دروست وا بەگوڕ بوو کە فرۆفیڵی مەرگ هەرگیز سێبەری نەخستبووە سەر، نەمانی پیاوێ کە هەموو شەوێک نانی دەهێنا و دەهاتەوە، بەبوە بێ دەنگییەک و بە ژوورەکانیاندا جێگیر ببوو. دایکی دەیگوت " بە تەمەنیش نەبوو "، هیچ منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵە بەبێ باب ماوەتەوە؟

دایکی بەبێ هیچ پێویستییەک مشەمماکەی چەند جارێک سڕییەوە. چزەچزی پەنیری ناو دەوریی خۆراکەکە دانەمرکابووەوە. شەکری حەڵوای تەعینەکە خاو ببووەوە، زبر هەڵدەگەڕا.

قسەم لەگەڵ خاوەن ماڵدا کرد. هیچ ترست نەبێ، شەوانە دەرگەی ژوورەکە پێوە بدە و لێی بنوو. ئەو، بەیانی کە بۆ نوێژ بە ئاگا دێتەوە، لە دەرگا دەدات و بە ئاگات دەهێنێتەوە. "منداڵ بوو"، گوتم. "منداڵ تێرخەو نابێ، لە خۆیەوە بە ئاگا نایەتەوە." هەموو بەیانییەک نان و حەڵوا دەخۆی. هەر بە خۆشت حەزت لە چا نییە، دەڵێی، دەستم دەسووتێ، کە لە قوتابخانە دێیتەوە مەقەڵی دادەگیرسێنی و بە گەرمی دادەنیشی. شەو قەپاخەکە بخەرە بان ئاگرەکە، ئا.. کچی خۆم نەکەی لەبیری بکەی. مەهێڵە بیرم لەلای ماڵەوە بێ. تۆ کچێکی ژیری، شەوانە هیچ نەترسی. دەڵێم ماڵەکەش تەنیا نییە. تۆ ترسنۆک نیت، بزانە چی و چیت بۆ دەکڕم. نانی بۆ ئەو نەخۆشانە دەبرد نەخۆشییەکانیان گرانە، مریشکی کوڵاو و شتی وای بەرماوەیان لێ دەمایەوە. بە پاکەتیانەوەیان دەپێچمەوە، بە دزییەوە نییە ها، ئەوانە هەر دەڕێژران، خۆمانیان پێ بانگهێشت دەکەین.

– من ئەو خۆراکانەم ناوێ دایە، تەنیا ئەوەی، گوتبووی "دەفرە مراوییەکان دەبێ بەخاوێنی ڕابگیرێن"، باسی ئەو ئافرەتە و دەفرە مراوییەکانیم بۆ دەگێڕییەوە.

دایکی خامۆش ببوو، وازی لە گوتنی شتێلێک هێنا، کە ڕێک لەسەر لێوەکانیدا وەستابوون، شەو کە چوونە ناو جێ – دەمێکی زۆر بوو پێکەوە دەنووستن – تەنانەت ئەوەی لە بیر کردبوو کە یەک لە وانەکانی سبەینێ پەروەردەی لەشە. لە کاتێکدا ئەو بەشداریی لە وانەی پەروەردەی لەشدا نەدەکرد. لە ڕاڕەوەکاندا، لەگەڵ ئەوانەی وەک ئەو بەشدارییان نەدەکرد، گوێیان لە دەنگی هەموو بۆڕییە کراوەکانی نهۆمی خوارەوە دەبوو، لە جامە بێ ڕووناکییە بە سێبەرەکانەوە تەماشای زستان و بیناکانی شاریان دەکرد.

– شۆرت، کالەی لاستیک، گۆرەویی سۆکێت دەبێ سپی بن. فانیلە و بلووزی سپی گەرەکە، ئەگەر دوو دانە بێ باشترە. دا کە ئارەقەی کرد بیگۆڕێتەوە. لە کۆڕەوی ٢٣ ی نیسان و ٢٩ ی تشرینی یەکەمدا هەموو کەسێک دەبێ وەک گوڵ بێ. ڕێکوپێک، بایەخ بەخۆداو. دوای داوا کردن، من، پێمان نەکرا نازانم، داواکردن بەسە. بێ گومان بیرمان لە یارمەتیدانی ئەو منداڵانەش کردووەتەوە کە لە بەشی یارمەتیدان، بەڵام بڕیارمان داوە پێویستتر ئەوەیە بۆ جلوبەرگی تەرخان بکەین.

– بەبەروانکەوە بەشداری دەکەن، بەروانکەی خاوێن و

لە ئوتوو دراو. کیژەکانیش قردێلەی تافتەی بە ئاوریشم. هەموو کەسێک دەبێ پاک و خاوێن بێ، خاوێنی ئەرکی هەموو منداڵێکە، چیتان پێ دەڵێم؟ دانەکان هەموو رۆژێک دەبێ بشۆرێن، لە گوێچکەکاندا تۆپەڵە چڵکی زەرد ببینم ناخۆشە، لەخۆیەوە لێی چووە نازانم، راستەکە دەخۆن، بە هەر هۆیەکەوە بێ بۆرییەکانی نهۆمی خوارەوە نەدەگیران، لە پشووەکاندا قوتابییان بەدەوری بۆرییەکاندا دەگەران. گشتیان ئاویان دەخواردەوە. ئەوانەی تینووبوون و ئەوانەی تینووش نەبوون. پاڵ بە یەکەوە نان، دزە کردنی ئاوی ناو مست و لە لاقۆڵەکانەوە چوونە ژوورەوەی، دەسپێکی هەراوهۆریا کە پێویستی رابواردنی ناو باخچە بوو. ئاوی تا لێدانی زەنگی وانە دەنگ نەبیستراو، بە چوونە ژوورەوەی پۆلەکان دەهاتەوە گوێ.

بە پشت دایکییەوە پێچرابووەوە، "دایە، هەرچی بڵێی دەیکەم، تۆ نیگەران مەبە، من نیوەرۆیان لە قوتابخانە نان هەر دەخۆم. بیرت لەلام نەبێ." دایکی هیچ جووڵەیەکی نەدەکرد، دیار بوو نەخەوتووە. لەشی ئارام و خاو نەببووەوە. بۆ ئەوەی هەست بە بۆنە گەرمایی بەخشەکەی دایکی بکا، تەواوێک خۆی بە پشتییەوە نووساندبووەوە. ماوەیەکی زۆر گوێی لە شەو گرتبوو، نەیدەویست بنوێ، یەکەم جاری بوو لە درێژایی شەو دەگەیشت.

بەیانی لەگەڵ بە ئاگا هاتنەوەیدا لە دەرگا دەدرا. دایکی لێ نەبوو، بەروانکەی قوتابخانە، گۆریە بەداوچنراوە ئەستوورەکانی، پەستەکە خورییەکەی بە رێکوپێکی لەبان کورسیدا بوون. کە هەستی کرد بە دەنگی لەدەرەوە کوتانی دەرگاوە بە ئاگا هاتووە، هەڵسا، هاتەوە دەنگ و گوتی: " پوورە خالیدە خان "، خاوەن ماڵە ئافرەتەکە بەسەتڵ ئاوی دەرشتە ناو ئاودەسەکەوە - هەر ئەو ئاودەسەیان بەکار دەهێنا -، هاتە ژوورێ و لەسەر مێزەکە دانیشت. رووناکایی زستان لە پەردە سپییە خاوێنەکانەوە گۆشەدار و لەرزەبەخش بڵاو ببووەوە. جانتاکەی بە دەستەوە گرت، کە لە ژوورەکەوە دەچووە دەرێ - ئەو بەیانییە هیچی نەخواردبوو - پاشەوپاش گەڕایەوە و لەسەر کورسییەکە دانیشت، ئینجا بەبێ دەنگ دەستی بە گریان کرد.

- تۆ، بە پلەی زۆرباش قوتابخانەت تەواو کرد، ئاسان نییە منداڵێکی هەژار قوتابخانەی سەرەتایی بە پلەی زۆرباش تەواو بکا. ئێوەمانان لە بەشە ناوخۆییە خۆڕاییەکانی خوێندن وەردەگیرێن. وایان پێ گوتم، کە پشتگیریم لە موختارێتی دەردەکرد، ژنێکی نەناس گوتی "منیش بە تەمابووم منداڵەکەم بخەمە قوتابخانەی ئەفسەران، بەڵام کەفیلیان داوا کرد، گوتیان دەبێ ماڵێک بە رەهن دانێی، چارم نەبوو خانمۆکەکەم"، ماڵ لەکوێ؟ ئێمە لەکوێ؟ ماڵمان بووایە لەبەر دەرگەی ناحەزاندا ئاوی رووممان دەرشت؟ شتی وەها بۆ ئێمە نابێ، ئەو ئافرەتە راستی نازانێ، هەر کە پشتگیرییەکەم وەرگرت بەدەرکەوتم، هیچ راوێژیشم بە کەس نەکرد، قوتابخانەکانی ئەفسەران گران بوون، ئەمە چەکە، ئەمە جلوبەرگی ئەفسەرانە.. وا نییە؟ هەر نەمپرسی، پێویستیش ناکا، تۆ ئەمڕۆ بەشداری لە ئەزموون بکە، خێرا خێرا هەموو پرسیارەکانیان دەزانی، گەرچی هەزاران قوتابی بەشداری تێدا دەکەن، لە نێویاندا سەدوپەنجا کەس وەردەگرن.

دیسانەوە تۆ هەر دەبەیتەوە، دەبینی و دەڕوانی... کچە ژیر و بەرەوشتەکەی خۆمی، شتی وەک ماڵ و سامانیان بوێ، من منم کە، چ پێویست دەکا؟ کچی من لە پۆلدا نامێنێتەوە، زیان لە خەرجی دەوڵەت نادا، ئەمانە ئەوها یەکە یەکە بە بەرێوەبەری قوتابخانە دەگەیەنم، یەکسەر تێ دەگا، هەروەها گیانەکەم ئەویش وەک ئێمە مرۆڤێکە. دەڵێم "کچی من ساڵانێکە بەیانییان لە خۆیەوە بە ئاگا دێتەوە." دەڵێم "ناکۆکی لەگەڵ کەسێکدا نەبووە، تەنانەت رۆژێکیش دەنگەدەنگی لێ نەبیستراوە"، دەڵێم "وەک بڵێی ئەو منداڵ نەبووبێ". کە بە لێژاییەکەدا سەردەکەوتن باران دەستی بە داکردنی سەر بارە کاغەزی سەرشانی کۆڵهەڵگراندا کرد، نەرمە بارانێکی حوزەیران بوو، کچە و دایکی بێ دواکەوتن، بۆ پەرینەوە بۆ ئەوبەر چاوەڕێی پۆلیسیان بوو ئۆتۆمبێلان رابگرێ. باران هێزی سەند. دایکەکە سەرپۆشێکی ئاوریشمینی بە ملیدا کردبوو. منداڵەکە قژە تەڕبووەکەی بە تۆقەیەکی بە نقێم خڕ کردبووەوە.

- دەترسی؟ لە بەیانییەوە هیچ قسەیەک ناکەی. دەی دەی لە بازاڕی سێ شەممە، تاکی ئەم تۆقە بە نقێمەت بۆ دەکڕم، ئەوە داماندەمەزرێن، کە تۆ قوتابخانەت تەواو کرد و بوویتە مامۆستا، منیش کاری نەخۆشخانەم، پێکەوە دەردەچین و دەڕۆین، قەنەفە دەکڕین، من سەرپۆشی بەگوڵ نەخش کراویان بەسەردا دەپۆشم، رۆژانی میوانداریشمان دەبێ، بۆ رێز لە میوان گرتن، ئەگەر لە بیرم مابێ نانی بە "رازیانە"یان بۆ دەکەم. دەرگەی خەرجیمان بۆ ناکرێتەوە، بەڵکو دۆخی تەنگژەیەکی بچووک، بە بێ رشتنی پیسایی نەخۆشان، لە راکە راکەی ناو راڕەوەکان رزگارم دەبێ. هێشتا بۆنی ئەو لیزۆل-ە نییە؟ ناوەوەی مرۆڤ دەخاتە لەرزە، ئینجا بیر لە مردن کردنەوە، ئاوها لە داوێنی چیایەکی وەها دەبێ ئەو جێیەی بۆی دەچین. کیژی خۆم، هەموو کەسێک دەڵێ با

لە ئەستەمبوولدا بمێنمەوە، هەمووم لەوانە پرسی کەدەیانزانی، چاک شارەزا بووم. گومانی تێدا نییە حکومەت وەرتدەگرێ، ئێمە چی لە ئەستەمبوولْ دەکەین، ئێمە خانوویەک، زستانان لە ئاگردانماندا هێزم - خۆڵەمێشمان پێویستە، متبەقێکیشمان دەبێ وا نییە؟ ئەگەر کەفیل و مەفیلیان داوا کرد، داوای ناکەن سا، ئەوە هەڵبەستی ئەو ئافرەتەیە، بڕوای تەواوی بە کوڕەکەی نییە، بێ پرسینی لەم لاو لەو لای کارەکە، تەنیا تا تۆ دەبیتە مامۆستا چی دەبێ، ئەوانەم زانیوە، ئێمە دامەزراندنەکە لە هەرکوێییەک بێ دەچین، وا نییە؟

دایە، ئەوانەی ئەم قوتابخانەیەیان بەردەکەوێ هەموویان وەک من منداڵی هەژارن؟! لەوەش گەیشتی؟

منداڵی ئەوەندە هەژارن کە، بۆ بەشی ناوخۆیی تاقی دەکرێنەوە.

کەواتە من ئێرەم بەر دەکەوێ، نیگەران مەبە، تاقیکردنەکە بە زۆر باش کۆتایی پێ دەهێنم. ئیدی لێرە برادەرانم دەبن، حەفتەی دوو جار تۆ لە نەخۆشخانەوە، من لە قوتابخانەوە دەردەچین و دەگەڕێینەوە ماڵەوە، ڕۆژانی میوانداریش پسکویتی بەقاڵت بۆ دەکرم.

ئەو شوێنەی تاقیکردنەوەی لێ ئەنجام دەدرا لە بەرانبەری قوتابخانەدا بوو. سەرلەنوێ لە شەقامەکە پەڕینەوە، بە سڵ کردنەوەوە لە کۆڵانی ناوەندەوە ڕێیان دەکرد، لە بەردەرگای لای دیوارێکی بەرزدا وەستان، ئەمە دەرگەی چوونە ژوورەوەی مامۆستایانی قوتابخانە بوو. لە ژوورەوە دەنگی غەڵبەغەڵب دەهات، باران سەوزاییە ناقۆڵاکانی تەقاندبووەوە کە لە نێو بەردەکانی دیوارەکەوە دەرچووبوون.

بەر لە ئێمەش خەڵک هاتوون، دوا نەکەوتبین؟

ئافرەتێک بە بەرگی کارگوزارانەوە بەرەو ڕوویان هات، لە ڕێگا بەردرێژەکەوە، بێزار، بە ڕوانینی ئاساییەوە، جگە لە کچ و دایکەکە سەیری شتێکی دەرەوەی دەکرد.

دایکە، بە ڕێزەوە پرسی:

دەشێ دواکەوتبین؟ زۆربەی منداڵان هاتوون.

ئافرەتی کارگوزار بە بێ بایەخ:

منداڵانی تاقیکردنەوەی ناوخۆیی خۆڕایی هەموو زوو دێن، هەرگیز دواناکەون.

منداڵەکە لە دایکی جودا بووەوە، لە ڕێیە بەردرێژە ڕۆخ بە دیوارەکەدا دەستی بە ڕۆیشتن کرد. ئافرەتی کارگوزار، کورسییەکی نەبینراوەی لە پەنایەکی نادیارەوە ڕاکێشا و دانیشت، دەستی بە خوری چنین کرد.

منداڵەکە لە پێچەکەدا تەماشایەکی دواوەی کرد، لە دەرگای دەرەوە دایکی لە ژێر باراندا بە زەردەخەنەوە وەستا بوو.

**سەرچاوە:**

**http://tr-tr.facebook.com/note.php?note_id=120713957981872**

**(**) دەفرە مراوی: جۆرە قاپێکە شێوەی لە مراوی دەچێ، ئەو نەخۆشانەی ناتوانن هەڵسنە سەرپێیان، میزی تێدا دەکەن.**

**(*) لە بارەی فرووزان - ەوە**

**٢٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥ لە ئەستەمبووڵ لە دایک بووە، تەنیا خوێندنی سەرەتایی پێ تەواوکراوە، خۆی خۆی پێگەیاندووە. ساڵی ١٩٥٦ یەکەم چیرۆکی بڵاوکراوەتەوە. بەو چیرۆکانەیەوە کە ساڵانی ١٩٦٤ - ١٩٧٢ بڵاوکراونەتەوە سەرنجی ڕاکێشاوە. ١٩٧٥ بانگهێشتی بەرلین کراوە، لەو ساڵەدا کە لە بەرلین بووە کۆمەڵە ڕیپۆرتاژی لەگەڵ کرێکارانی تورکیا ئەنجام داوە. ساڵی ١٩٨٩ کورتە چیرۆکی "سینەمای من"ی بۆ سینەما ئامادە کراوە، ساڵی ١٩٧٢ لەسەر یەکەم ڕۆمانی لەگەڵ "بەشە ناوخۆیی خۆڕایی" دیاریی چیرۆکی "سەعید فایەق"ی بردووەتەوە، بە ناوبانگ بوو. لە ڕۆمانە بەراییەکانیدا بە ڕوانینێکی پڕ بەزەییەوە کاری لەسەر ئەم بابەتانە کردووە: ئافرەتە لێکەوتووەکان، ئەو کیژۆڵە بچووکانەی بەڕێی خراپدا خزاون، دەمی نووچی بنەماڵە بورژواکان و شپرزەیی مەرجەکانی ژیانە نوێکانیان، ئەو کۆچەرانەی تاسەی خاک دەچێژن، ئەوانەی لە ناو دەست کورتیدا لە پێناوی ژیان دەجەنگن، ئەو ئافرەتانەی تەنیا کەوتوون و تاکە چەکی دەستیان خۆشەویستییە، دراماکانی منداڵان.**

**لە ئەڵمانیا کاری لەسەر ژیانی کرێکارە کۆچ کردووەکانی تورکیا و تاسەی نیشتیمانیان و ژیانی ئاوارەییان کردووە. بڕگەگەلێکی لە ژیان و نەتەوە و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکانی دیکە هێناوەتەوە.**

**فرووزان لە بەرهەمەکانیدا، ڕۆمان و کورتەچیرۆک و ئەدەبی منداڵان و ڕیپۆرتاژ و گەشتنامە و شانۆنامە و شیعری بەرهەم هێناوە و چەندین پاداشتی بەدەست هێناوە،**

**ئەم چیرۆکی بەشە ناوخۆیی خۆڕایی، کە وەک نموونەیەک لە کورتە چیرۆکەکانی لێرەدا بڵاودەکەینەوە، ساڵی ١٩٧١ لە کۆمەڵە چیرۆکێکدا هەر بەو ناوەوە بڵاوکراوەتەوە.**

**سەرچاوە "بە دەستکارییەوە":**

**http://www.msxlabs.org/forum/edebiyat-tr/13586-furuzan-furuzan-kimdir-furuzan-hakkinda.html**



## محەمەدی مەلا کەریم:
## سوودم لە وەرگێڕانەکانی پێش خۆم وەرنەگرتووە.. قەناعەتی تەواویشم بە قۆناغی گۆڕان هەیە

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٢)**

محەمەدی مەلا کەریم (کاکە حەمە) نیو سەدە زیاترە لە بواری نووسینی کوردی و عەرەبیدا خەریکی خزمەتکردنە، ئەو لەگەڵ فاتیح عەبدولکەریمی کاکیدا دەستی ڕاست و چەپی زانای ئایینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بوون، کە بە هەرسێکیان توانییان لە بەرگێکی نوێدا شاکاری شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک (نالی) و (مەولەوی) و (مەحوی) پێشکەش بەخوێنەرانی کورد بکەن و ساغیان بکەنەوە و لە بارەیانەوە بنووسن.

کاکە حەمە بە درێژایی تەمەنی نووسینی خۆی زۆر کتێبی لە بوار و کایەی جیاجیادا خستووەتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە لەوانە: (فۆلکلۆر)، (مێژوو)، (ڕۆژنامەنووسی)، (ئەدەبیات)، (وەرگێڕان)، (زمانناسی). وەک کەسێکی پەرۆش و خەمخۆری زمانی کوردی هەمیشە ویستوویەتی ئەو زمانە لە واژە و وشەی نامۆ بژار بکات و ڕستە و دەستەواژەکان کوردی بن، بۆیە هەوڵی بەردەوامی ئەوە بووە کە بەلاڕێدا نەبرێت.

ئێمە ناڵێین هەموو ئەو کارانەی کاکە حەمە کردوونی شاکارن، یان بێ خەوش و بێ کەموکوڕی بوون، خۆشی ئەمەی نەوتووە، بەڵام لەو بارودۆخە دژوار و ڕۆژگارە سەختانەدا هەر ئەوەندە دەکرێ کە کردوویەتی، بۆیە دەبێ بەهۆی کارە چاکەکانییەوە شەفاعەت بۆ کەموکوڕییەکانی بکەین. تا لە شاری بەغدا بوو دەستمان پێی نەدەگەیشت، کە بەسەردانیش دەهاتەوە کوردستان لەبەر سەرقاڵی، دەرفەتی کەم بوو گفتوگۆی تێروتەسەلی لەگەڵدا بکەین، وا بۆ دوو ساڵیش دەچێ نەخۆشە و لە سلێمانی لەناو جێگەدا کەوتووە، بەڵام هێشتا یادەوەری زیندووە و بە ئومێدەوە باسی پرۆژە و کتێبەکانی دەکات کە لە داهاتوودا تەواویان بکات.. لە سەردانێکی شاری سلێمانیدا بە ئامادەبوونی مامۆستا (ئەحمەد حسێن) قەناعەتم بە کاکە حەمە هێنا کە هەر جارەی نیو سەعاتێک قسەی لەگەڵدا بکەم و بیدوێنم، ئەو گفتوگۆیە بەرهەمی ماوەی ساڵ و نیوێک هاتوچۆی سلێمانییە، کە (٧) کەڕەت چوومەتە لای تا گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی لەگەڵدا بکەم و قۆناغ و وێستگەکانی تەمەن و ئەزموونی نووسینی بەسەر بکەمەوە.. هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ دەخوازم تا هیچ نەبێ بە تەواوکردنی پرۆژە و کارەکانی ڕابگات... با پێکەوەش ئەو بیروڕایانەی بخوێنینەوە.

**رامان:** ئەی لە گۆڤاری (هیوا)دا ئیشت نەکردووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** وەک پێشتریش وتم کە گۆڤاری هیـــوا دەرچوو، تێـــیـــدا دەمنووسی و بابەتێکیـــشم بەناوونیـــشـــانی (زانست و ژیان) لە گـــۆڤـــارە عـەرەبییـەکـانەوە بۆ دەکـرد بە کـوردی کـە دەنگوباسی داهێنان و گـەشـەکـردنی زانست بوو. تا پاش شـۆڕشی ١٤ی تەمووز بەمـاوەیەک بەو جـۆرە لەگـەڵ کـامـیـل ژیر هاوکـاریم کـرد کـە گـۆڤـارەکـەی دەردەکـرد. نازانم کـە ئەو لەبەرچی وازی لە گۆڤارەکە هێنا، درایە دەستی من و تا مـانگی پێنجی ١٩٥٩ خـەریکی بووم و ژمـارەیەکم لێ دەرکـرد و خـەریکی ئامـادەکـردنی ژمـارەیەکی تر بووم. لەوەپاش چوومـە کـەرکـوک و لە ڕۆژنامـەی (ئازادی) زمانحاڵی حزبی شیوعیدا دەستم بەکارکرد، فاتیحی برام گـۆڤـاری (هیـوا)ی گـرتە دەست، هەروەک بەشی کـوردی گۆڤاری (ئیسلاحی زەراعی)یشی هەر لە جێی من گرتە دەست.

**رامان:** باسی کارکردنتان لە ڕۆژنامەی (ئازادی)دا بۆ بگێڕەوە.

**مـحـەمـەدی مـەلا کـەریم:** پاش ئەوەی لە ئیـسـلاحی زەراعی دامەزرام بۆ ئەوەی لە گۆڤارەکەیدا کار بکەم، لە مانگی چواری هەر ئەم ساڵە (١٩٥٩)دا لە دائیرە پێیان ڕاگەیاندم کە لە ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب)ەوە داوایان کردووم. هاوڕێ جەمال حەیدەری تەلەفۆنی بۆ مامۆستا (هوشام جـەوودەت دەلێمی) کردبوو کە پێم بڵێن بچم بۆ (اتحـاد الشـعب). هوشـام جـەوودەت دەلێـمی سکرتێـری دەستەی باڵای ئیسلاحی زەراعی و برای دکتۆرە نەزیهـە جـەوودەت دەلێـمی بوو. کـە چوومـە ڕۆژنامـە و هاوڕێ جەمالم دی پێی وتم: ئیمـتیازی ڕۆژنامەی (ئازادی)یان داوینێ و لەکـەرکـووک دەری دەکـەین. تۆش دەچی بۆ کـەرکـووک بۆ بەشـداری کـردن لە دەرکــردنی ئەو ڕۆژنامەیەدا. هاتمەوە بۆ ئیسلاحی زەراعی و ئیستیقالەم لە کارەکەی ئەوێم کرد و بۆ سبەینێ چووم بۆ کەرکووک. ئیـمـتـیازی دەرکـردنی (ئازادی) بەناوی هاوڕێ نافـیع یوونسـەوە بوو کـە لە ١٩٦٣دا، وەک هاوڕێ جـەمـال حـەیدەری لەژێر سـزا و ئازاردا شـەهیـد کـران. ئەوکـاتە هاوڕێ نافیع بۆ خۆی لە دەرکردنی ڕۆژنامەکەدا بەشداری نەدەکرد، بۆیە من و هاوڕێ ئەحمەد غەفوور کەوتینە کار بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکە و لە یەکی ئەیاری ١٩٥٩، ڕۆژی جیهـانی کرێکارانی جیهان، یەکەمین ژمارەمان گەیاندە دەستی خوێنەران کـە بەم دروشـمـە لە سـەرەتای لاپەڕەی



**محەمەدی مەلا کەریم - ئازاد عەبدولواحید**

یەکەمیدا ڕازێنرابووەوە: «با هەر بشەکێتەوە ئاڵای بەرزی برایەتیی کـرێکارانی جـیـهـان» و هەفـتـەی جـارێک ژمارەیەکی لێ دەردەچوو.

وابزانم تەنیـا ١٠ ژمـارەی لێ دەرچوو بوو، لە١٢ی تەمووزدا، هاوکات لەگەڵ ئاهەنگی خۆپیشاندان بە بۆنەی یادی مـانگرتنی کـرێکارانی نەوتی کـەرکـووکی سـاڵی ١٩٤٦ و قـەسـابخـانەی گـاور باغـیـــەوە، ڕووداوە خوێناوییەکانی کەرکووک، بە پیلانی کۆمپیانیای نەوت و نۆکـەرەکـانی، ڕوویاندا. لە ئەنجـامی ئەوەدا کـە هێـرشـێکی توندی گـرتن و ڕاوەدوونانی کـۆمـۆنیـست و دیموکـراتییـەکـان لە کەرکووک دەستی پێ کـرد، ئێـمـەش ناچار بووین (ئازادی) ڕاگرین، چونکە فـەرمـانی گـرتنی هاوڕێ نافیع یوونسی خاوەن ئیـمـتیـازی ڕۆژنامەکـەش دەرچووبوو. پاش نزیکەی دوو مـانگ کـە فـەرمـانی گـرتنەکـەی هاوڕێ نافـیع هەڵوەشـێنرایەوە، بڕیار درا ئازادی ببرێتـە بەغدا. ئیـتر منیش گـەڕامەوە بۆ بەغدا و لەگـەڵ چەند برادەری تر دەستـمـان کـردەوە بە دەرکـردنی ئازادی و پاش ماوەیەک هاوڕێ حەمە کەریم فەتحوڵڵا کرا بە بەرپرسی دەرکـردنی و منیش لە هەمـوو کـارەکـانی دەرکـردنی ڕۆژنامـەکـەدا بەشـداربووم. ئەم ڕۆژنامـەیە لە کـەرکـووک لە چاپخـانەی (الشـمـال) و لە بەغـدا لەچاپخانەی (الرابطة) و پاشان لەچاپخانەی (فەرید) و پاشتر لە چاپخانەی (الوفاء) دەردەچوو و سەرجەم ١٩٦ ژمارەی لێ دەرچوو، تا لەپاش داخستنی (اتحاد الشعب) ئەمـیش داخـرا. وەک وتمان ئەم ڕۆژنامـەیە لە کـەرکووک هەفـتـەی جارێک، بەڵام لە بەغـدا مـاوەیەک هەفـتـەی دووجـار و وەک لە یادم بێ مـاوەیەکـیش ڕۆژانە و ئەوی تری هەفتەی جارێک دەرچووە.

کە (ئازادی) داخرا جارێکی تر گەڕامەوە بۆ ئیسلاحی زەراعی و مانگێ جارێک گۆڤاری (ئیسلاحی زەراعی)مان بە عەرەبی و کوردی دەردەکرد کە من لە کوردییەکەیدا هەمەچیزە و لە عەرەبییەکەیشیدا بەشدارییەکی زۆرم دەکرد. لە ئاخروئۆخری ١٩٦٢دا لەم گۆڤارەش دەرکرام و ئیتر تا کودەتای ١٩٦٣ی بەعسییەکان و دواتریش هەرگیز ژمارەی تری لێ دەرنەچوو.

لەوەپاش تا گیرانی دووەمم لە ١٩٦٤دا و بەربوونم لە ١٩٦٧دا ڕێگام نەکەوتەوە کارکردن لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا، بەڵام لە بەندیخانەوە جاروبار وتارم بۆ ڕۆژنامەی عەرەبی و پاشانیش بۆ (برایی) دەنووسی کە لە پاش بەیانی حوزەیرانی ١٩٦٦، وەک پاشبەندی (التآخي) دەردەچوو.

**ڕامان:** ئەی لە (بروا)دا کارت نەکردووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بروا لە سلێمانی دەردەچوو و من لە بەغدا دەژیام. سەرەڕای ئەوە ڕێبازی من و ڕۆژنامەی (بروا) زۆر لە یەک دوور بوون.

**ڕامان:** ئەی (نووسەری کورد)؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لە خولی یەکەمی (نووسەری کورد)دا کە لە پاش دامەزرانی یەکێتیی نووسەرانی کورد و دەرچوونی ڕێککەوتننامەی ئازار دەرچوو، من لە (تەئاخی) کارم دەکرد و دەرفەتی کاری تری ڕۆژنامەنووسیم نەبوو، کاری دەرکردنی گۆڤارەکە و هەڵەچنی کردنی بە ئەنوەر قادر موحەممەد سپێردرابوو کە ئەو کاتە قوتابی بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیات بوو. ئەم خولەی گۆڤارەکە بە شەڕ دەست پێکردنەوەی کوردستان وەستا و لە ساڵانی شەڕدا لەناوچە ئازادکراوەکاندا دوو ژمارەی لێ دەرچوو. پاش بڕانەوەی شەڕ و گەڕانەوەی بەشی زۆری ئەو بنووسانەی چووبوونە ناو شۆڕش، خولی دووەمی گۆڤارەکە دەستی پێ کرد. من لە ژمارەی یەکەم و دووەمیدا سکرتێری نووسین بووم و ناوم لەسەر لاپەڕەی یەکەم و بەرگی گۆڤارەکە دەنووسرا، بەڵام هەموو کارێکی گۆڤارەکە، هەر لە یەکەم قۆناغی دەرکردنییەوە تا پێچانەوەی ژمارەکانی و ناردنی بۆ کتێبخانەکانی کوردستان و تا وەستانی بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، هەمووی من دەمکرد. پاش ئەوە کەوتە دەستی ئەوانەی دەستیان لەگەڵ حکومەت تێکەڵ کرد و

**ئازادییەکی باشی ڕۆژنامەنووسی هەیە، دەبێ شان بە شانی پاراستن و گەشەپێدانی ئەم ئازادییە بە هەموومان بۆ خراپ بەکارنەهێنانی تێ بکۆشین**

گۆڤارەکە لەلایەن (نووسینگەی ڕۆشنبیری کوردی)یەوە لە یەکێتیی نووسەرانی عێراق دەردەچوو و چەند ژمارەیەکی بە عەرەبی و کوردی لێ دەرچوو. منیش بۆ خۆم لە دوو سێ ژمارەی، وەک لە یادم بێ، عەرەبییەکەیدا، وتارم بڵاوکردووەتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە گۆڤارەکە لە هاوکاری کردن لەگەڵ حکومەتدا زیادەڕۆییەکی ئەوتۆی نەکردووە.

**ڕامان:** ئەی دواتر چی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لە سەرەتای ١٩٥٩وە (شەفەق)م بەجێ هێشت و چوومە بەغدا بەهیوای ئەوەی کارێکم دەست کەوێ پێی بژیم. پاش ماوەیەک بە یارمەتی یەک دوو برادەر کە پێشتر لە زیندان لەگەڵیان ژیابووم، وەک کرێکار، چونکە هیچ شەهادەیەکی خوێندنی ڕەسمیم بەدەستەوە نەبوو، لە وەزارەتی ئیسلاحی زەراعی دامەزرام کە نیازی هەبوو گۆڤارێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانج و ڕێ بەدێیەکانی خۆی بۆ جووتیاران بە عەرەبی و بە کوردی دەربکا و منیش کاری تێدا بکەم، بەڵام هێشتا گۆڤارەکە دەرنەچووبوو، وازم لە ئیسلاحی زەراعی هێنا، چونکە وەک پێشتریش وتم، حزبی شیوعی ڕێگای دەرکردنی ڕۆژنامەی (ئازادی) لە کەرکووک پێ درابوو، ناردی بە دوای مندا کە بچم بۆ کەرکووک بۆ بەشداری کردن لە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیەدا.

با تۆزێک بگەڕێمەوە دواوە. هەر پاش هاتنم بۆ بەغدا و وەک پێشتریش وتم، لە سەرەتای ١٩٥٩دا، کامیل ژیر، نازانم لەبەرچی گۆڤاری (هیوا)ی بەجێ هێشت. حافز مستەفا قازی کە موعتەمەدی یانەی سەرکەوتن بوو، دەرکردنی گۆڤارەکەی بە من سپارد و منیش تا چوومەوە بۆ کەرکووک ژمارەیەکم لێ دەرکرد و ژمارەیەکی تریشم خستە ژێر چاپەوە و گۆڤارەکەم بەکاکە فاتیحم سپارد. کە ئەویش تا بوو بە مامۆستا لە چوارچێوەی ئەو خولەدا کە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بۆ مەلایان و خوێندەوارانی ئایینی کردەوە و کردنی بە مامۆستای ئایین و عەرەبی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، چەند ژمارەیەکی لێ دەرکرد و پاش ئەوە دەستەی بەڕێوەبەری یانە ستافێکی تایبەتی بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە دانا، بەڵام پاشان کە کاری یانە کەوتە لێژی و گۆڤارەکەی بۆ دەرنەکرا، حزبی شیوعی دەرکردنی گرتە ئەستۆی خۆی و

به من و یەک دوو کەسی وەک حەمە کەریم فەتحوڵڵا دەرمان دەکرد و ئیتر کودەتای شوباتی ١٩٦٣ی بەعسییەکانی بەسەرداهات و گۆڤارەکەش، وەک هەموو چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمە بۆ هەمیشە داخرا.

لەو ساڵانەی پێش کودەتای ١٩٦٣دا چەند جارێکیش لە ڕۆژنامەی عەرەبی وەک (الثبات) و (الحضارة)دا وتاری وەرگێڕدراوی لە فارسییەوە بەعەرەبی کراوم بڵاوکردووەتەوە. هەروا ماوەیەکیش لە ڕۆژنامەی (صوت الاحرار)ی لوتفی بەکر سیدقی و لە ڕۆژنامەی (الرأي العام)ی جەواهیریدا کارم کردووە. لەمەی دواییاندا کتێبێکی فارسیشم بە ئەڵقە ئەڵقە بڵاوکردووەتەوە کە نووسەری پێشکەوتنخوازی ئێرانی (ڕەحیمی نامەور) بەناوونیشانی (کورتەی مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی لە ئێراندا) و بە ئیمزای (محەمەد ئەحمەد) نووسیبووی و بەهۆی بارودۆخی ناو ئێرانەوە نەیتوانیبوو بە فارسی بڵاوی بکاتەوە.

لەپاش دەرچوونیشم لە زیندانی دووەم جارم (١٩٦٤-١٩٦٧) لەگۆڤاری (التبوغ)ی ئینحیساری تووتن دامەزرام کە بە عەرەبی و کوردی دەردەچوو. لەو ماوەیەدا کە لەم گۆڤارەدا کارم دەکرد، هەموو بەشە کوردییەکەی من ئامادەم دەکرد و وتارم لەمەولەو بۆ پەیدا دەکرد و بڵاوم دەکردەوە و لە عەرەبییەکەشیدا بەشداریم دەکرد. کە (کۆڕی زانیاری کورد)یش دامەزرا، دکتۆر کەمال مەزهەر ناردی بەدوامدا و چوومە ئەوێ و ئیتر پاش ئەوە یەک ژمارە لە گۆڤاری (التبوغ) دەرچوو کە شەهید فازڵی مەلا مەحموود دەری کرد.

**ڕامان:** ئەمجا بابێینە سەر ڕۆژنامەی (التآخي) و قۆناغی لەوەو پاشی کاری ڕۆژنامەنووسیت.

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەڵێ.. کە لە ١٩٦٧دا لە زیندان دەرچووم، لەگەڵ دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ سەردانی شەهید ساڵح یووسفیمان کرد. یووسفی بڕیاری دا لە تەئاخی کار بکەم و بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەبی کوردی بم لەو ڕۆژنامەیەدا، هەروەها لە (برایی)یش کار بکەم چ وەک بنووس و چ وەک وەرگێڕ و چ وەک هەڵەچن. لە تەئاخیدا بۆ خۆشم وتاری ڕۆشنبیریم بڵاودەکردەوە. لە براییشدا لەگەڵ خوالێخۆشبوو ڕەفیق چالاک و شێرکۆ بێکەس هاوکار بووم و تا وەستاندنی هەردوو ڕۆژنامەکە لەپاش کودەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ و تێکچوونی پێوەندی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی بەعس، لە هەردووکیاندا کارم دەکرد. پاش داخستنی (التآخي) و (برایی) بوو ئەو کارەم لە گۆڤاری (التبوغ- تووتن)دا دەست کەوت کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد.

لەگەڵ دەرچوونەوەی (التآخي)دا پاش ڕێککەوتنەکەی ١١ی ئازار، گەڕامەوە سەر کارەکەی جارانم لەو ڕۆژنامەیەدا و لە (برایی)یشدا کە کرا بە گۆڤارێکی مانگانە و ناوەکەی کرا بە (برایەتی)، هەرچەند من بۆ خۆم بەو ناو گۆڕینە ڕازی نەبووم، چونکە لام وایە (برایی) و (برایەتی) جیان لە یەک و کوردیش دەڵێن «برامان برایی، کیسەمان جیایی».. ئەم جارە بەرپرسی دەرکردنی (برایەتی) سەعید ناکام بوو کە پاش یەک دوو مانگ لابرا و ڕەفیق چالاکی بۆ هێنرایەوە. پاش ماوەیەک (برایەتی) گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و لەوێ بەشێوەی ڕۆژنامەیەکە هەفتانە دەردەچوو. پاشانیش دیسانەوە هێنرایەوە بۆ بەغدا و درایەوە دەستی ڕەفیق چالاک و منیش هەر کارم تێدا دەکرد و تێیدا دەمنووسی. لە ١٩٧٤یشدا بۆ چەند هەفتەیەک کرا بە ڕۆژانە، بەڵام زۆری نەبرد حکومەت بڕیاریدا بکرێتەوە بە هەفتانە.

من تا پاییزی ١٩٧٣ لە (برایەتی) و (التآخي)دا کارم دەکرد. ئیتر چووم بۆ مۆسکۆ و بەهیوای ئەوەبووم فێری زمانی ڕووسی ببم. چەردەیەکیش فێربووم و شیعر و کورتە چیرۆک و کورتە هەواڵم دەکرد بە کوردی و عەرەبی. ساڵ و نیوێک، واتە تا مانگی چواری ١٩٧٥ لەوێ مامەوە، جا هاتمەوە بۆ بەغدا. کە هاتمەوە بۆ بەغدا ئەو چەردە ڕووسییەشم لەبیر چووەوە، چونکە دەرفەتی ئەوەم نەبوو خەریکی ببم و گەشەی پێ بدەم. پێش چوونەکەم بۆ مۆسکۆ، وەک پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، لە کۆڕی زانیاری کوردیش، وەک لە (التآخي) و (برایەتی)دا کارم دەکرد و کە گەڕاشمەوە بۆ بەغدا، چوومەوە (کۆڕی زانیاری کورد)، بەڵام نەچوومەوە (التآخي) و (برایەتی) چونکە وەزعیان گۆڕابوو و پاش دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ١٩٧٤دا ببوون بە ڕۆژنامەی سەر بە حکومەت، بەڵام جاروبار پاش ئەوەش کە ناویان گۆڕا بۆ (العراق) و (پاشکۆی عێراق) هەندێ بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریم تێیاندا دەنووسی، هەروەها پاش گەڕانەوەم لە مۆسکۆ ماوەیەک بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەب بووم لە (هاوکاری)دا و لە گۆڤاری (بەیان)یش کارم دەکرد، بەڵام چونکە بەڕێوەبەری ئەو سەردەمەی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی دەیویست بابەتی وام پێ بنووسێ کە لەگەڵ چێژی ئەدەبی و سیاسیمدا نەدەگونجا، وازم لێ

هێنان. پاش گۆڕانی ئەو بەڕێوەبەرە بە کەسانی تری لەو گونجاوتر دەستم کردەوە بە نووسین تێیاندا و تەنانەت چەند مانگێکیش، وەک بەرپرسی زمانەوانی، لە هاوکاریدا کارم کردووە.

ئەمە کورتەی پێوەندی و کارکردنم بووە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دەزگای هاوکاریدا و بەردەوامیش لە گۆڤاری (کاروان)ی ئەمیندارتیی ڕۆشنبیری و لاواندا نووسیومە تا کوردستان لە بەغدا دابڕاو جاروبارێش بەناوی خواستراوەوە، لە ڕۆژنامەی (الاتحاد)دا نووسیومە. پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدامیش تا هاتووەمەتەوە بۆ سلێمانی، بەردەوام لە بەغدا لە (التآخي) و (الاتحاد)دا نووسیومە. ئەمەش کورتەی مێژووی پێوەندیم بوو لەگەڵ ڕۆژنامە حکومەتییەکانی بەغدادا.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ ڕۆژنامەی (بیری نوێ)؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لە ژمارە دووی ڕۆژنامەی (الفکر الجدید)، یان (بیری نوێ)ەوە لەگەڵیاندا هاوکاریم کردووە و هەمیشە تێمدا نووسیون، دوا ژمارەکانی ئەم دوو ڕۆژنامەیە، بەهۆی ئەوەوە کە بەرپرسەکانیان گیرابوون و حزبی شیوعیش لەژێر ڕاوەدوونانێکی سەخت و دژواردا بوو، بە دوو کەس من و هاوڕێ هاشم کۆچانی دەرمان دەکرد. هاشم دەهاتە لام لە کۆڕی زانیاری و من لەوێ بابەتم دەنووسی، یان وەردەگێڕاو بابەتی تریش بۆ ڕۆژنامەکە دەهات و هاشم دەچووەوە چاپخانە لەوێ بە چاپی دەگەیاندن، تا بە تەواوی داخران. من هەمیشە لە دەرەوەی دەستەی نووسەرانی ئەم دوو ڕۆژنامەیەوە بە درێژایی ماوەی دەرچوونیان هاوکاریم لەگەڵدا کردوون و تێمدا نووسیون، تەنانەت ئەو ساڵ و نیوەش کە لە مۆسکۆ بووم، هەمیشە لەوێوە بۆم دەنووسین و بۆم وەردەگێڕان و بۆم دەناردن و ئەوانیش بۆیان بڵاودەکردمەوە.

**ڕامان:** کەی بە دەرکردنی (نووسەری کورد)ەوە خەریک بووی؟ چۆنت مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە دەکرد کە دەهاتنە بەردەستت؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەر لە هەرچی (نووسەری کورد) هی خۆمان بوو، واتە هی یەکێتیی نووسەرانی کورد بوو، منیش لە دەستەی بەڕێوەبەریدا بووم و ئەو دەستەیە دەرکردنی گۆڤارەکەی پێ سپاردبووم، بۆیە وام مامەڵە لەگەڵ دەکرد کە بە پێویستم دەزانی. لەمەش بەولاوە ئەوانەی بۆ نووسەری کوردیان دەنووسی بەشی زۆریان لە بارەی نووسینەوە ئاستێکی باشیان هەبوو،



**محەمەدی مەلا کەریم و حەسەن قزڵجی**
**(ڤارنا - بولگاریا) - ١٩٧٧**

بۆیە گرێوگۆڵی زۆرم نەدەهاتە ڕێ.

حەز دەکەم بە بۆنەی پرسیار کردنتەوە لە ئەزموونم لە نووسەری کورددا، یەک دوو ئەزموونی خۆم لە هاوکاری و بەیانیشدا باس بکەم. ماوەیەک لە هاوکاریدا بەرپرسی ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی بووم، لەو سەردەمەدا بابەتێکی کاک زاهیر ئەحمەد سەوزم هاتە بەردەست لە بارەی پرسەی ژنانەوە لە سلێمانی. ئەوکاتە پرسە لە سلێمانی، چ بۆ پیاوان و چ بۆ ژنان، سێ ڕۆژ بوو. بابەتەکەی کاک زاهیر زۆر دەوڵەمەند بوو، لای کەمی بۆ ڕاپۆرتی دەرچوویەکی کۆلێژ دەستی دەدا. بە باڵابڕینێکی باشم بۆ نووسی و ناردمەوە بۆ سەرەکی نووسین کە بینێرێ بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام نەمدی بڵاوبکرێتەوە، نازانم بۆ پشتگوێیان خست، منیش لە هاوکاری نەمام تا لێی بپرسمەوە. وتارێکی مامۆستا مەجید ئاسنگەریشم بۆ هات لە ئینگلیزییەوە لە بارەی مومەریزەیەکەوە وەریگێڕابوو. زۆرم پێ جوان بوو. بەشێوەزاری هەولێر نووسیبووی. من ئەوکاتە پێم وابوو دەبێ هەموو وتارەکان بەیەک شێوەزار بنووسرێن، لەبەر ئەوە هێنامە سەر شێوەزاری سلێمانی. ئەو وتارەی ئەمیش، وەک ئەوەی زاهیر ئەحمەد سەوز، هەر بڵاونەکرایەوە. نازانم بۆ؟

بەڵام ئەو وتارانەی بۆ بەیان دەهاتن بەشی زۆریان هی بنووسی لێهاتووتر بوون، بۆیە لەگەڵیان ئەوەندە ماندوو نەدەبووم و ئەوەندە پێویستیان بەدەستکاری کردن نەبوو. من لە هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا کارم کردبێ، بە دڵسۆزانە کارم کردووە و هەر وتارێ لام وابووبێ پێویستی بە دەستکاری تێدا کردن هەیە دەستکاریم کردووە و بە خەیاڵی خۆم چاکم کردووە.

**ڕامان:** ئەوانەی دەسکاری نووسینەکانیانت کردووە لە

کاتی چاوپێداگێڕانەوەدا، نارەحەت نەدەبوون؟
**محەمەدی مەلا کەریم:** باوەڕ ناکەم بەشی زۆریان پێیان ناخۆش بوو بێت، ئەگینا نەیاندەدایە دەستم چاویان بۆ پێدابگێڕمەوە، بەڵام واش بووە کەسانێک وتاریان بۆ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە ناردووە کە من کارم تێیاندا دەکرد، پاشان کە دەیاندی لە شوێنێکدا دەسکاری نووسینەکەیانم کردووە بۆڵەبۆڵێکی نارەزایی دەربڕینیان دەکرد، بەڵام ئەوە کاری من بوو کە وا لەگەڵ هەندێ شوێنی نووسینەکانیان بکەم و سووچی خۆشیان بوو نەیانتوانیبوو بابەتەکانیان بێ هەڵە و کەموکورتی بنووسن تا من دەسکارییان تێدا نەکەم و وەک خۆیان بڵاویان بکەمەوە.

**ڕامان:** لە سەردەمی پیرەمێردیشدا شتی وا ڕووی داوە کە دەسکاری نووسینی هەندێ لەوانە بکات کە بۆ ڕۆژنامەکانی ئەویان دەنووسی.

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەم دەسکاری کردنە لە نووسینی خۆشمدا ڕووی داوە. بۆ نموونە جارێکیان شیعرێکی سیاسی عەرەبیم لە بڵاوکراوەی یەکێتی گەنجانی دیموکراتی عێراقەوە، هەر بە شیعر، کردبوو بە کوردی. دام بە مامۆستا گۆران لە (ژین)دا بڵاوی بکاتەوە. کە بڵاوی کردەوە و ناوی خۆمی لەسەر نووسرابوو پێم خۆش بوو، بەڵام کە خوێندمەوە هەستم کرد ئەمە ئەوەی من نییە. تومەز مامۆستا گۆران ئەوەندەی دەسکاری کردبوو سیمای نووسینی خۆیی لێ نیشتبوو. پێم وت. وتی بە پێویستم زانی هەندێ شوێنیت بۆ چاک بکەم. وتم مامۆستا وات لێ کردووە بە تەواوی بووە بە وەرگێڕانی خۆت. وتی دەبوو وای لێ بکەم. پێم خۆش نەبوو، بەڵام تازە هیچ نەدەکرا، بۆیە داوا لەو برایانە دەکەم کە بابەتێک دەنێرن بۆ ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێک و ڕۆژنامەنووسەکە دەستکارییەک لە نووسینەکەیاندا دەکات، ئەگەر پاش لێ وردبوونەوەیەکی بە ئینساف گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە ڕۆژنامەنووسەکە بە ڕاستی بۆی چاک کردوون، پێیان خۆش بێ و سوپاسی بکەن، چونکە لە ڕاستیدا هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە بردووە بە نووسینەکەیان.

**ڕامان:** ئەگەر ئێوە و برادەرانی حزبی شیوعی نەبوونایە، زۆر لە شیعرەکانی گۆرانیش بەو جۆرە نەدەکەوتنە بەر دەست.

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەڕاستی شیعری گۆران، سەرەنجام، بەجۆرێ کەوتە بەردەستی خوێندەواری کورد، پێش ئەو دیوانی هیچ شاعیرێکی کورد بەو جۆرە بڵاونەکرابێتەوە. گۆران تا مرد هەر بە ئاواتی ئەوەوە بوو دیوانی شیعری بە جۆرێکی شایان بکەوێتە بەردەستی خوێندەواری کورد، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە بۆ تیمار چووبووە مۆسکۆ و ماوەیەک لەوێ مابووەوە و دیوانە شیعری شاعیرانی ڕووس و سۆڤیەتی لەوێ دیبوو چەند جوان لەچاپ درابوون. کە یەکێتیی نووسەرانی کورد ۲۰,۰۰۰ هەزار دانەی لە دیوانی گۆران و بۆ یەکەمین جاری کتێبی کوردی، بە بەرگ تێگیراوی، لە چاپ دا و هەموویشی لە ماوەیەکی کەمدا فرۆشرا. بەش بەحاڵی کتێبی نەک هەر کوردی، بەڵکو کتێبی عێراقیش، ئەمە شتێکی کەم نەبوو. من پێ بزانم تا ئێستا، چاپی دووەمی دیوانی بێکەسی لێ دەرکەی بیست هەزار دانە لە هیچ کتێبێکی کوردی لە عێراقدا لە چاپ نەدراوە.

**ڕامان:** ئەی ئەو زاراوەی (قۆناغی گۆران)ە ئێوە بە چ تێگەیشتنێک داتاناوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەو زاراوەیە من دام نەناوە و ناشزانم کێ یەکەم جار دایناوە. لە یادم نییە هیچ دەورێکم لە دانانی ئەو زاراوەیەدا بووبێ.

**ڕامان:**ئەی قەناعەتت پێ هەیە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** قەناعەتی تەواوم پێ هەیە، چونکە لەوکاتەوە کە سێ کوچکەی شیعری بابان و ئەگەر مەحویشیان بخەینە پاڵ کە من هەر بە چوارەمی ئەو سیانەی دەزانم، لەوکاتەوە کە ئەوان لەناوانە ماون کەسێکی تر لە ناو شاعیرانی کورددا سەری هەڵنەداوە لە بواری ئەواندا بکەوێتە تەکیان و بچێتە پاڵیان، کەسێکی تر لە گۆران زیاتر نەیتوانیوە سیمایەکی نوێ بە شیعری کوردی ببەخشێ. کەسێکی تر نەهاتووەتە ئاراوە قەڵەمبازێکی تازە، وەک گۆران، بە شیعری کوردی بداو مۆرکی خۆی بەسەرەوە بەجێ بهێڵێ. بەشی هەرە زۆری ئەو (شاعیر)انەش کە لە گۆران بە دواوە هاتوونەتە مەیدان و سەنگوترازووە ڕاستەقینەکانی شیعریان فڕێداوە، کەچی وەک دەموچاوێکی دیار لەجیهانی ئێستای شیعری کوردیدا خۆیان دەستنیشان دەکەن، هەر بەدەوروخولی خۆیاندا دەسووڕێنەوە، با هەرچەند ڕۆژێکیش جارێ لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەک، یان چەند لاپەڕەی گۆڤارێک بە پارچە (شیعر)ێکی خۆیان ڕەش بکەنەوە، بەڵام تاقە چەند دێڕێکی لەسەر لاپەڕەی بیروخەیاڵی هیچ گوێگرێکی شیعر بەجێ نامێنێ و ئەگەر بشڵێم کەس ئاگای لە بوونیان نامێنێ، وانازانم هیچ

زیادەڕۆییەکم کردبێ. ئەم جۆرە شاعیرانە بوون بە مایەی لەژێر پێدا شێلرانی شیعری ئەو تاکو تەرا شاعیرانەی شتێکی ڕاستەقینەیان لە باردایە. من لە ناخی دڵ و دەروونی خۆمدا بە ڕاستی نارەحەتم کەوا دڵڕەقانە لەم جۆرە شیعرە دەدوێم، بەڵام ئەی دەبێ چی بێ؟ بۆیە هەر کەس بۆی هەیە هەرچی لەبەرپەرچدانەوەمدا دەنووسێ بینووسێ، بەڵام منیش نەک هەر بۆم هەیە، بە پێویستیشی دەزانم بۆ خۆمی بە دروست دانەنێم شتێک بنووسم پێچەوانەی بیروبۆچوونم بێ.

دەگەڕێمەوە بۆ ئەو خاڵەی تۆ ئیشارەتت پێ کرد کە ڕۆڵی حزبی شیوعییە لە بڵاوکردنەوەی شیعری گۆراندا. ئەوەی لەم بارەوە پێویست بێ بووترێ هەر ئەوەیە من لە پێشەکی دیوانەکەدا نووسیومە. بیری کۆکردنەوەی شیعری گۆران، هێشتا گۆران لە زیندانی باقووبەدا بوو، من کارم بۆ کردووە و هەوڵم بۆ داوە و شیعریم لەم لاو لەو لاوە کۆکردووەتەوە و زیاتر لە نوسخەیەکم لێ نووسیوەتەوە، تەنانەت پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز بۆ گۆران خۆشیم نووسیوەتەوە. من ئاگاداری هیچ بڕیارێکی حزبی شیوعی نیم لە بارەی کۆکردنەوە و لە چاپدانی دیوانی گۆرانەوە، بەڵام دڵنیام لەو دەستپێشخەرییەی لە برادەرانی ڕۆژنامەی (بیری نوێ)وە سەری هەڵدا کە من و کوڕەکانی مامۆستا گۆرانیشی تێدا بەشدار کرابوو. شیعرەکانیش هەر ئەوانە بوون کە بەسەرجەمی تەنیا لای من هەبوون. کەسیش نییە نەزانێ (بیری نوێ) ڕۆژنامەیەکی حزبی شیوعی بوو، وەک خەڵکانێکی زۆریش دەزانن بەشی زۆری ئەندامانی ئەو لیژنەیەی بۆ بەچاپ گەیاندنی دیوانەکە دەستنیشان کرابوون سەر بە حزبی شیوعی بوون. چاپخانەی (الرواد)یش کە بڕیاری دابوو دیوانەکە لە چاپ بدا، چاپخانەی حزب بوو، بەڵام تا گەیشتینە قۆناغی بەچاپ گەیاندن نە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) مابوو و نە چاپخانە (الرواد). لیژنەی ئامادەکراو بۆ چاپکردنی دیوانەکە لە ١٩٧٨دا پێکهات و من دەسنووسی دیوانەکەم خستە بەردەستی لیژنەکە بۆ نووسینەوەی نوسخەیەک لە رووی کە کاک جەلال دەبباغ، کە لە دەستەی بنووسانی بیری نوێ و ئەندامی لیژنەکە بوو، ئەرکی نووسینەوەی نوسخەیەکی دیوانەکەی گرتە ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی بدرێ بە ڕەقابە بۆ مۆرکردنی، نەوەک ئەگەر تەنیا دەسنووسەکەی من لەبەردەستدا بێ و بدرێ بە ڕەقابە لەوێ بفەوتێ و هەموو شتێکمان لە کیس بچێ. بانگەوازێکیشی لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە بڵاوکردەوە کە ئەگەر کەسێک شیعرێکی گۆرانی لابێ، بۆمان بنێرێ، بەڵام هیچێکی وامان بۆ نەهات دیوانەکە دەوڵەمەندتر بکات، وەک لە پێشەکی دیوانەکەشدا بە درێژی نووسراوە. ئەرکی بەچاپ گەیاندنی دیوانەکە، پاش داخستنی بیری نوێ و دەست بەسەرداگرتنی چاپخانەی (الرواد)، وەک وتمان، بە بڕیاری یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کورد و بە ڕەزامەندی کۆڕی زانیاری عێراق بوو پشت بە پشتگیری لێ کردنی ئەندامی کۆڕ مامۆستا عەزیز عەقراوی لە داوای یەکێتیی نووسەرانی کورد بۆ لە چاپدانی دیوانەکە لە چاپخانەکەی کۆڕدا بە کاغەزی خۆی بەقەرز لە سەر یەکێتیی نووسەران و بە قەرزێکی کاک عەلی بۆسکانی. وەک لە یادیشم بێ پارەی بەرگ تێگرتنیشی هەر لەسەر گیرفانی یەکێتیی نووسەران بوو. من لەو کاتەدا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی بووم کە پاش کۆنگرە مێژووییەکەی ١٩٧٨ی هەولێر کاروباری یەکێتی گرتە دەست. دەرامەتی فرۆشتنی دیوانەکەش، پاش دانەوەی قەرزی کۆڕی زانیاری عێراق و کاک عەلی بۆسکانی، لەنێوان میراتگرانی گۆران و یەکێتیی نووسەراندا دابەش کراو بەڵگە و دۆکیومێنتی ئەم ڕووداوانە هەموو لە دۆسیەکانی یەکێتیدا پارێزراون کە لە بارەگای کۆمەڵی ڕۆشنبیریی کوردیدان لە وەزیریە لە بەغدا. ئەمە پوختەی ڕازی بەچاپ گەیاندنی دیوانی گۆران بوو.

**تین و تاوی شیعری گۆران هەر ماوە و بە جەختیشەوە دەڵێم هەر دەمێنێ**

**ڕامان:** قۆناغەکە هەر گۆران خۆیەتی، یان خەڵکی تریشی لەگەڵە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لەو سەردەمەدا چەندین شاعیر هاتوونەتە مەیدانەوە و هەموویان هەوڵیان داوە تازەکارییەک لە شیعری کوردیدا بهێننەدی، من لام وایە هەمووشیان جێ پەنجەیان هەیە. ئەمانە وەک ڕەشید نەجیب و شێخ نووری شێخ سالح و..تاد، بەڵام هەر کامیان بگری لەبەر هۆیەک، یان وازیان لە ڕێبازەکە هێناوە، یان وازیان لە شیعر هێناوە، یان گەڕاونەتەوە بۆ سەر دۆخی کۆن. لەناو ئەوانەدا تەنیا گۆران بوو لەسەر هێڵی نوێکارییەکەی بەردەوام بوو و توانی مۆرکی خۆی

به زەقی به شیعری کوردییەوە بنێ و نوێکارییەکە بەناوی ئەو برازێتەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە، بە وردی پێویستی بە نووسینی باسێکی درێژە کە من ناتوانم بێ ئامادەکردنی لەوەپێشی بە نووسین، بە دەم و لەم حاڵی نەخۆشییەمدا دەرەقەتی بێم.

**ڕامان:** باشە، ئەی ئەو هەموو نووسین و یادکردنەوانەی گۆران پێت وایە حەقی گۆرانی دابێت؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** نەوەڵڵا پێم وا نییە. دیارە من ئاگام لە هەموو ئەو باس و وتارانە نییە لەو کۆڕانەدا خوێنراونەتەوە، بەڵام بە تاقیکردنەوەی خۆم وادەزانم زۆریان قسەی وتراوە و جواوە بوون، بەڵێ دیارە نووسینی باشی تایبەتی ئەم و ئەو هەن کە زیاتر بۆ وەرگرتنی شەهادەی باڵا نووسراون وەک ئەوەی حسێن عەلی شانۆف و کەمال غەمبار و لەوانەشە هی باشی کەسانی تریش هەبێ من نەمدیبێ.

**ڕامان:** تۆ پێت وایە ئەو هەموو یادکردنەوەیە بە تایبەت کۆڕ و سیمینار و یادکردنەوە و وتاری یادکردنەوە و ئەمانە بەڵگەی ئەمە بێ کە گۆران تائێستا تین و تاوی شیعری هەر مابێ؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بێ گومان تین و تاوی شیعری گۆران هەر ماوە و بە جەختەوە دەڵێم دەشمێنێ، چونکە ساڵ بەساڵ وەچەی نوێی کورد سەرهەڵدەدا نە شیعری گۆران و نەهی کەسی تریشی نەبیستووە و پێویستی بە بیستن و خوێندنەوەی شیعری جوانە. ئەم جیهانە تەنیا لەسەر ئێمە تاپۆ نەکراوە و ئێمەش نەمر نین. ئەنجا ئەگەر کەسێک بیەوێ تین و تاوی شیعری شاعیرێکی باش کپ بێتەوە، دەبێ شیعری باشتر لە شیعری ئەو شاعیرە بهێنێتە مەیدانەوە، قەدەرێک جێگا بەو شیعرە پێشووە لێژ بکا و خۆی بێت جێگاکەی بگرێتەوە کە ناشیگرێتەوە! چونکە بەرچاو و بەرگوێی جەماوەر بەشی هەموویان دەکات و خەڵکیش جوان و دزێویان پێ لەیەک دەکرێتەوە.

**ڕامان:** تۆ پێت وایە گۆران شاعیرێکی کودەتاچییە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** چۆن کودەتا چییە؟

**ڕامان:** واتە وەک چۆن کودەتایەکی سەربازی دەکرێت، هەموو ئەوانەی ڕابردوو ڕادەماڵێ و خۆی دێت.

**محەمەدی مەلا کەریم:** گۆران شاعیرە پێشووەکانی ڕانەماڵی. ئەگەر بڵێین کودەتاچیش بووە کودەتاکەی کودەتایەکی دیموکراتی کردووە.

**ڕامان:** کودەتایەکی دیموکراتی کردووە و بووە بە



د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ، مەسعوود محەمەد، محەمەدی مەلا کەریم

سەرقافڵەی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** حوکمی گرتووەتە دەست. وەک بەشیری سوودان دەڵێ ئەوە نییە هەموو حزبەکان ماون، ئەمیش هیچ شاعیرێکی فت نەکردووە. گۆران شیعری سالمی بە دڵ بوو و لە ژیندا لێی بڵاودەکردەوە. زۆر حەزی لە شیعری مەولەوی دەکرد، شیعری شاعیرانی نیشتمانپەروەری ئێرانی و شیعری نازم حکیمەتی وەردەگێڕایە سەر کوردی.

**ڕامان:** ئەی تۆ پێت چۆنە ئەگەر زاراوەی گۆران شاعیرێکی شۆڕشگێڕە بەکاربهێنی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** شۆڕشگێڕێکی دیموکرات.

**ڕامان:** مەبەست لە شۆڕشگێڕ ئەوەیە واقیع بگۆڕێ، زەوق بگۆڕێ؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لەوانە بوو گۆران بتوانێ زەوقی شیعری لەناو کورددا بگۆڕێ و بنیادی ئەو زەوق گۆڕینەشی دانا، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕیشەی زەوق گۆڕانەکە نەچەسپیبوو تا وەچەیەکی نوێ لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرێ، ئەم شەپۆلی بەناو شیعرە، لە ئەنجامی ئارەزووی ڕۆشنبیریی شیعرییەوە لەناو لاواندا، بێ ئەوەی دەسمایەیەکی شایانیان بەدەستەوە بێ، سەری هەڵدا و ئەم شەپۆلی بەناو شیعری نوێیی لێ پەیدابوو کە دەتوانم بڵێم شۆڕشە شیعرییەکەی گۆرانی هێشتەوە و سیستمێکی شیعری پاشکەوتووی هێنایە پێشەوە، دەق وەک ئەو سیستمە سیاسییانەی لە جیاتی شۆڕشە میللییەکان هاتنە سەر ڕووی کار.

**ڕامان:** لە هەموو قۆناغێک و لە هەموو سەردەمێکدا باس لە گرنگی وەرگێڕان و دەوری وەرگێڕان کراوە. ڕۆژ بەڕۆژیش پێویست بوونی وەرگێڕانی بەرنامە بۆ دانراوی گەرموگوڕ، وەکو پێویستییەکی گرنگ باسی لێوە کراوە.

هۆی ئەمە بەچی تێدەگەی؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لە قۆناغە پێشینەکانی گەشەکردنی شارستانەتییەوە، بە سەنگ و ترازووی هەر لایەک، کۆمەڵی ئادەمیزاد هەستی بەو ڕاستییە کردبوو کە پێویستییەکانی ژیان گەلێ لەوە بەدەرەتانترن بە تەنیا ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادە خۆی و لە چوارچێوەی سنووری ژیانی خۆیدا دەستی بەوەدا بگا کە بتوانێ چارەسەریان بکا. با من لە مێژووی شارستانەتی ئیسلامەوە دەست پێ بکەم، چونکە ئاگاییەکی ئەوتۆم لە لەوەپێش نییە، هەرچەند دەزانم کتێبخانەی زانست لەسەر خشتی کاڵ و سوورەوە کراو و لە تەختە و تەختە بەرد و پارچە مەعدەن هەڵکەنراوی ئاشوورییەکان و ئەسکەندەرییە هەبوون، بەڵام نازانم لەسەر کاغەز نووسراویشیان تێدا بووە، یانە و ئاخۆ هەموو هەر زانستەنی خۆماڵییان لەسەر هەڵکەنراوە، یان هی لەزمانی تریشەوە وەرگێڕدراویان تێدا بووە، بەڵام هیچ نەبێ ئەوەندە دەزانم کە لە شارستانەتی ئیسلامدا لەسەردەمی گەشی، دەوڵەتی عەبباسییەوە سەرچاوەی زۆریان لە هیندی و ئێرانی و یۆنانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی، چونکە پێویستیان بە بابەتەکانیان بووە و لای خۆیان دەستیان نەگەیشتوونەتێ و هەر بەم جۆرە و تا ئەم سەردەمەی ئێستامان کە هەرچەند خوێندەواری و زانست لەناو خۆشماندا پەرەی سەندووە، هەست بەوە دەکەین کە زانستی خۆمان بە فریای هەموو پێویستییەکانماندا ناگا و پێویستمان بە وەرگێڕانێکی زۆر لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە هەیە و خەریکیشی دەبین.

بۆیە من زۆر بە پێویستی دەزانم دەوڵەت، یان دەوڵەتانی هەر نەتەوەیەک دەستەیەکی تایبەتی زانایانیان هەبێ ئەرکی سەرشانیان ئەوەبێ ئاگاداری هێڵی گشتی دانانی کتێب لە هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان و لە هەموو لقەکانی زانستدا بن بۆ ئەوەی نەخشە بۆ وەرگێڕانی پڕ بایەخترین و پێویستترینی ئەو کتێبانە بۆ زمانی نەتەوەکەی خۆیان دانێن، هەروەها بە پێویستی دەزانم سازمانێکی جیهانی وەک یۆنسکۆ ئەم ئەرکە بخاتە چوارچێوەی ئەرکەکانی سەرشانی کە یەک لە دوای یەک تازەترین کتێبی پێویستی جیهانی وەگێڕێتە سەر زمانی هەموو نەتەوەکانی جیهان کە خۆیان پێیان وەرناگێڕدرێ، یان هەر هیچ نەبێ ئەو زمانانەی کە لە زمانەکانی تر زۆرتر بەکاردەهێنرێن لەناو زمانەکانی جیهاندا و زۆرترین گەلانی جیهان پێیان شارەزان. دەبێ ئەم ئەرکە یەکێک بێ لە گەورەترین ئەرکەکانی سەرشانی بیری (عەولەمە)ی جیهانی و پێویستە هەڵگرەکانی ئەم بیرە، چالاکانە، بۆ هێنانەدی ئەم پێشنیایە تێبکۆشن و وانەکرێ لێکتترازان و لێک تەراکەوتنی نەتەوە دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتەکانی جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە بسێنێ.

**ڕامان:** وەک کەسێکی خاوەن ئەزموون لە بواری وەرگێڕاندا، باسی ئەوەمان بۆ بکە وەرگێڕی کورد لە کاتی وەرگێڕاندا پێت وایە ڕووبەڕووی چ جۆرە کێشەیەک دەبێتەوە؟

**محەممەدی مەلا کەریم:** کێشەیەکی گەورە کە ڕووبەڕووی وەرگێڕی کورد دەبێتەوە و لام وابێ ڕووبەڕووی هەر وەرگێڕێکی تریش دەبێتەوە، ئەوەیە کە دەیەوێ ئەو بابەتەی وەریدەگێڕێ دەقاودەق لەگەڵ ئەو کوردییەدا کە وەرگێڕانەکەی دەکاتە سەر، یەک بگرێتەوە. ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە ئەو دەیەوێ ئەو بابەتەی بە زمانێکی تر نووسراوە بهێنێتە سەر کوردی تا خوێنەری کوردیش ڕاست و ڕەوان ئەو شتە بخوێنێتەوە کە بە زمانێکی تر نووسراوە. مەبەستیش لە وەرگێڕان هەر ئەمەیە، بەڵام ئەوەی من دەیبینم تەنانەت لە وەرگێڕانی بە قسەکردنی سەر تەلەڤزیۆنیشدا، ئەوەیە کە لە داڕشتنی ڕستەکاندا بەرودوا پێ کردنێکی زۆر بێ جێ ڕوودەدا، بۆ نموونە بڕگەیەک لەناو ڕستەکەدا کارەکەیە و هەروا لە زۆرتری ڕستەکەشدا هەر کارەکەیە، لەبەر ئەوە دەبێ بکەوێتە دوای هەموو ڕستەکە تا لە گوێگرەکان بگەیەنرێ قسەکە لەو شوێنەدا تەواو دەبێ، بەڵام کابرای وەرگێڕ هەر لە سەرەتاوە و پاش بڕگەی یەکەمی ڕستەکە دەیڵێ و ڕێگا لەوە دەگرێ گوێگر چاوەڕوانی بڕگەیەکی تر بکا کە بەدوای بڕگەی یەکەمدا دێ و وادەزانێ ڕستەکە هەر لەپاش کارەکەی پاش بڕگەی یەکەم هاتوو بڕاوەتەوە و ئەگەر بڕگەی دووەمیشی پێوە ببەستێ هەر بە تەمای هاتنی بڕگەی تر نابێ.

من لێرەدا نامەوێ نموونەی زۆر بۆ هەڵەی کەوتووە ناو وەرگێڕانی کوردییەوە بهێنمەوە، چونکە ئەوە کاری کردەنی نییە. تەنیا ئەوەندەم دەوێ بڵێم مەرجی یەکەم و هەرە گەورە لە هەر وەرگێڕێکدا ئەوەیە یەکەم زمانەکەی خۆی زۆرباش و بێ گرێوگۆڵ بزانێ و شانبەشانی ئەوە زمانە دووەمە وەرگێڕدراوە سەرەکییەش زۆرباش بزانێ و بتوانێ بە دڵنیاییەوە بڕیاری ئەوە بدا ئەو ڕستەیەی لە

زمانی لێ وەرگێڕدراوادا ئاوا دەوترێ کە خاوەنی ڕستە وەرگێڕدراوەکە لە زمانی خۆیدا وا وتوویەتی، لە زمانی ئەمی وەرگێڕیشدا ئاوا دەوترێ. جا لەمە بەولاوە تا بتوانێ لە چوارچێوەی زمانەکەی خۆیدا چەند جوانتر و ڕێکوپێکتری بڵێ، وەرگێڕانەکەی جوانتر و پوختتر دەبێ.

لەمەش بەولاوە دەبێ وەرگێڕ ئاگای لەوەبێ ئەگەر ڕستەیەک لە زمانە لێ وەرگێڕدراوەکەدا بەجۆرێکی تایبەتی بوترێ، لە زمانی ئەم خۆشیدا چۆن دەوترێ و لە وەرگێڕانەکەیدا ئەمەی زمانەکەی خۆی بهێنێتەوە، نەک بێت وشە بە وشە وەریگێڕێ. وەرگێڕانی سەرکەوتوو بەوەدا دەناسرێتەوە خوێنەرەوە چەند هەست بەوە دەکا کە ئەم بابەتە بە زمانی خۆی دەخوێنێتەوە.

**ڕامان:** واتە، بەڕای جەنابت کێشەکە لە نەزانینی بەڕاستی زمانە وەرگێڕدراوە سەرەکییەکەدایە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** وەک ڕوونم کردەوە، کێشەکە دوو سەری هەیە بایەخی هیچ کامیان لەهی ئەویان کەمتر نییە. زانینی ورد و بێ گرێوگۆڵی زمانی لێ وەرگێڕدراو و زمانی وەرگێڕدراوە سەر. دیارە ئەمەش لە پاش تێگەیشتنی وردی بابەتە وەرگێڕدراوەکە و توانی لێکدانەوەی پوختی بەو زمانەی وەرگێڕدراوەتە سەری. بەهەرحاڵ ئەمەی من لێرەدا دەیڵێم تەنیا بەشی وەڵامدانەوەی دەمەتەقێیەکی سەرپێی دەکا، ئەگینا کێشەی وەرگێڕان زۆرە و چەندین کتێبی لەهەر زمانێکدا تێدا نووسراوە و ئەوەی دەیەوێ ببێ بە وەرگێڕێکی باش و سەرکەوتوو دەبێ هەندێ لەو کتێبانە بە وردی بخوێنێتەوە و لێیان حاڵی ببێ و هەرسیان بکات. زۆر پێویستیشە هەردەم کتێبی وەرگێڕدراوە سەر زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە تا سوود لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی هاوڕێ وەرگێڕەکانی زمانەکەی وەربگرێ.

**ڕامان:** ئێستە بە بۆچوونی تۆ و دوای ئەو تەجروبەیەی کە هەتە، پێت وایە پێش ئەوەی کەسێک دەست بداتە وەرگێڕان، دەبێ کوردییەکی باش بزانێت؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** نەک هەر پێم باشە، بەڵکو پێویستیشە. وەرگێڕ دەیەوێ خزمەتێکی کولتووری بە گەلەکەی بکا، دەی کەوایە با خزمەتێکی وای بکات شایانی ئەوە بێ بژی و ئەگەر جارێکی تر کەسێکی تر ویستی هەمان خزمەت بکا ئەگەر لەو چاکتری نەکا، با لەو ئایەختری نەکا، ئەگینا هیچێکی ئەوتۆی نەکردووە لەوە بەولاوە کە ژمارەی کتێبەکەی لە بازاڕدا زیاتر کردووە. خۆ ئەگەر کەسێکی تر بەر لەو کتێبەکەی کردبوو بە کوردی و ئەمیش بە جۆرێکی جوان و شایانی وەرینەگێڕابوو، دەتوانین بڵێین تێکڕا هەر ئەوەندەی کردووە خەڵکی لەوە ئاگادار کردووە کە کتێبکی باش هەیە شەڵڵا کەسێکی لێزانی بۆ هەڵکەوتایە بیکا بە کوردی.

کەواتە پێویستە لەسەر هەر کەسێک کە بیەوێ کتێبێکی بیانی بکا بە کوردی لەپێشاندا کتێبەکە بە وردی بخوێنێتەوە و تێی بگا، ئەوجا دەست بداتە بە کوردی کردنی. لای ئێمە کتێب زیاتر لە عەرەبی و فارسییەوە دەکرێ بە کوردی و من کەم کتێبی وام دیوە لە زمانێکی ئەورووپاییەوە کرابێ بە کوردی. ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا عەرەبی زانین زۆر لاواز بووە و فارسی زانی باشیش لام وایە زۆر کەمن، بۆیە تەنیا دەمێنێتەوە ڕۆشنبیرانی کوردی ئێران کە وەک ڕۆشنبیرانی جارانی کوردی عێراق کە عەرەبییان باش دەزانی، فارسی زانیان کەم نین و لاشم وایە فارسییەکە لە کوردییەکەی خۆیان باشتر دەزانن. تاک و تەرایەکیشمان لە ئەورووپا هەن کە نازانم چەند بەسەر زمانە ئەورووپاییەکەیاندا زاڵن، بۆیە وادەزانم بارودۆخی وەرگێڕان لە زمانی بیاییەوە ئەو باشە نییە کە دەمانەوێ. لەبەر ئەمە بە پێویستی دەزانم حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسگایەکی وەرگێڕان لە زمانی بیانییەوە بۆ کوردی پێکەوە بنێ و باشترین کوردیزان و زمانی بیانیزانی کوردی تێدا خڕ بکاتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبی بیانی بە کوردی. ئەم ئەرکە بەش بەحاڵی هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردەکاریش زۆر پڕ بایەخە، چونکە لەکاتێکدا کە خوێندن لە هەموو ئاستەکانی سەرەتایی و باڵادا، یان بە تەواوی کراوە بە کوردی، یان بەرەو ئەوە دەچێ، کتێبی بەرنامەی خوێندنی قوتابیانمان لە ئاستێکی نزمدایە و ئەمەش زیانێکی زۆر بە پرۆسەی خوێندن دەگەیەنێ و کۆسپێکی زۆر گەورەیە لە ڕێگای گەشەکردنی هەموو پلەیەکی خوێندندا لە کوردستان.

**ڕامان:** ئەی باشە، ئەو هەموو وەرگێڕانەی ئێستا هەیە زۆرتری لە بواری ئەدەبدایە، ئەی بۆ وەرگێڕانی زانست و ئەوانە چی بکرێ؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** وەک وتمان وەرگێڕان دوو مەرجی سەرەکی هەیە: زانینی زمانی لێ وەرگێڕدراو و زانینی زمانی وەرگێڕدراوە سەر، بەڵام ئەم دوو مەرجە

مەرجی وان بە هیچ جۆرێ دەستیان لێ هەڵناگیرێ. ئەگینا مەرجی تریش هەن کە لە بەشێکی زۆری بابەتە وەرگێڕدراوەکاندا هەروەها پێویستن و ناتوانرێ دەستیان لێ هەڵبگیرێ. بۆ نموونە زانین و تێگەیشتنی بابەتی زانستی، یان هونەری، یان زۆر بابەتی تر. تۆ کە بتەوێ کتێبێکی فیزیا، یان کیمیا، یان پزیشکی وەرگێڕیتە سەر زمانێکی تر، سەرەڕای زانینی دوو زمانەکە ناتوانی دەست بۆ ئەو کارە بەری ئەگەر بابەتەکە بە باشی نەزانی. ئێمە ئەگەر تاڕادەیەک وەرگێڕدراوی ئەدەبیمان هەبێ، هی ئەوەیە وەرگێڕەکان هەر چۆن بێ، هەردوو زمانەکەیان زانیوە و ئەو پەڕەکەی ئەوەیە وەرگێڕانەکەیان نەیتوانیوە لە قالبێکی ئەدەبی ڕازاوەدا بێ، بەڵام چی دەکەی لە کەسێکی کوردیزان و ئینگلیزیزان کە بیەوێ کتێبێکی کیمیا، یان هەر کتێبێکی تری زانستی بکا بە کوردی کە تەقەی سەری لە بابەتە زانستییەدا بێ! ئێمە بۆیە تێکڕا لەبواری چیرۆک و شتی وادا نەبێ وەرگێڕدراوە سەر کوردیمان نییە، یان زۆر کەمە، چونکە با زانای هەردوو زمانەکەیشمان هەبێ، کەسانی وامان تێدا دەگمەنە کە سەرەڕای هەردوو زمانەکە، بابەتەکەش بە باشی بزانێ.

ئێمە لە کتێبەکانی قوتابخانەکاندا کە لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر کوردی، سەرەڕای ناڕەوانی تێکست و وشکی زمانە کوردییە وەرگێڕەکان، هەڵەی زەقی واشمان بەرچاو دەکەوێ منداڵ بە زانستەنی ناڕاست و نادروست پەروەردە دەکا. من ئەم قسەیە لە خۆمەوە ناکەم و ئەنجامی دەرز وتنەوەی هەندێ بابەتی ئاسانی وەک جیۆگرافیا و مێژوو و پەروەردەی نیشتمانیمە بە منداڵەکانم کە لە پۆلەکانی بەزاراوەی جاران سەرەتایی و ناوەندیدا بوون. خۆ خوێندنی کۆلێژەکانی کوردستان کە لەخوێندن بە عەرەبییەوە خراونەتە سەر خوێندن بەکوردی، بەبێ بوونی کتێبی بە کوردی وەرگێڕدراوە، ئەوە بووە بە مایەی بەدبەختییەکی زۆر بۆ قوتابیانی زانکۆ و پلەی خوێندەوارییانی تاڕادەیەک خراپ هێناوەتە خوارەوە. مامۆستا دەرز بە عەرەبی دەڵێتەوە و قوتابی عەرەبی نازانێ و بە کوردی خوێندوویە، یان بە پێچەوانەوە. مامۆستاش هەیە لە ئەوروپاوە گەڕاوەتەوە و تەنیا بەسەر ئینگلیزییەکەدا زاڵە و قوتابیش، یان عەرەبی، یان کوردی دەزانێ و لە چەند وشەیەک بەولاوە هیچ ئاگای لە ئینگلیزی نییە. جا وەرە لە سایەی خوێندنێکی وادا بە تەمای هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای شایان بە، کە خوێندنی بالآت لە کوردستاندا بۆ



**ئیبراهیم ئەمین باڵدار، د. نەسرین فەخری، دلێر عەلائەدین سەجادی، محەمەدی مەلا کەریم**

پێش بخات. ئەم گرفتە پێویستی بە چارەسەرێکی ورد و دڵسۆزانە هەیە کە تا ڕۆژێ زووتر بدۆزرێتەوە درەنگە.

**ڕامان:** کەواتە پێتان وایە ئێمە زانامان نییە لە کایە زانستییەکاندا، بۆیە وەرگێڕانی زانستیمان نییە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** نەک تەنیا ئەوەندە، دەبێ زانای وامان هەبێ کە کوردییەکەش بە باشی بزانێ، ئەنجا دەتوانێ کتێبی باشمان بە کوردی بۆ بنووسێ. ئێمە زانامان هەیە، بەڵام چونکە زۆرتریان خوێندنیان بەزمانی بیانی بووە دیارە هەر بە زمانی بیانیش دەخوێننەوە. ئەگەر کتێبێکی زانستیش بەکوردی بڵاو بکرێتەوە بەلایدا ناچن، چونکە دیارە لەچاو زانستەکەی خۆیاندا نرخێکی ئەوتۆی بۆ دانانێن، بۆیە کە چەند مانگێک لەمەوپێش لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا قسەیان لەگەڵ دکتۆر شێرکۆ بابان دەکرد من زۆر سەرم سوڕما کە وتی من ئەندازیاری میکانیکم. من بزانم ئەم پیاوە چەندین کتێبی لە گرامەری زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام نەمدیوە کتێبێکی میکانیکی بە کوردی نووسیبێ. کە ئەم زانیارییانەم لەبارەیەوە زانی زۆرم پێ ناخۆش بوو لە خولی دووەمدا لە کۆڕی زانیاری کورد (ئێستا ئەکادیمیای کوردی)دا دانەنرایەوە. پیاوێکی وا بە زمانێکی بیانی خوێندبێتی و ئەندازیاری میکانیک بێ و چەندین کتێبی لە گرامەری زمانی کوردیدا نووسیبێ، جێی شایانی خۆی بوو لە ئەکادیمیای کوردیدا کورسییەکی هەبێ.

**ڕامان:** عەبدولخالق مەعروفیش لەپێشدا مەلا بوو، کەچی کتێبی لەسەر تەکنیکار دادەنا و ئەم بابەتە زانستیانەی دەنووسی. با لەم بارەوە لێرەدا بوەستین. ئێستا لە وەرگێڕاندا کەس باوەڕی بەوە نەماوە کە دەبێ کەسێکی دی بەسەر وەرگێڕانیدا بچێتەوە. با تۆزێ قسە

لەسەرئەمەش بکەین، ئەم پێداچوونەوەیە چەند بەلای تۆوە گرینگە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من پێداچوونەم زۆر لا پێویستە، لام وایە کەسێک ڕازی نەبێ یەکێکی دی بەسەر نووسین و بەتایبەتی بەسەر وەرگێڕانیدا بچێتەوە، ئەوە زۆر لە خۆی ڕازییە و ددان بەوەدا نانێ لەوانەیە لە وەرگێڕانی ڕستەیەکدا بە هەڵە چووبێ، یان شتێکی نووسیبێ کەسی وا هەبێ لەوانەبێ لەو باشتری بزانێ و لەو باشتری بنووسێ. من بە پێویستی دەزانم ڕێگای هەر کەس بدا بەسەر نووسین، یان وەرگێڕانیدا بچێتەوە. جا ئەگەر بۆچوونەکەی ئەو کەسەی بە دڵ نەبوو، دەتوانێ لەگەڵی بکەوێتە گفتوگۆ تا مەسەلەکەیان بە بارێکدا دەکەوێ، بەڵکو ئەگەر یەکیش نەکەوتن دەتوانێ بە قسەی ئەو نەکا و ئەوپەڕەکەی ئەوەیە بگەنە نووسین لەسەریەک و ئەوکات خوێنەرانیش بەشداری دەکەن و ناکۆکییەکەیان زیاتر بۆ هەموان ڕوون دەبێتەوە و لە ئەنجامدا ڕاستی دەردەکەوێ.

من لە کتێبی ڕووسیدا کتێبی تۆڵستۆی و پووشکین و دۆستۆیڤسکی و لێرمەنتۆڤ و ئەوانەم دیوە لە دوایی ئەو کتێبانەیانەوە ناوی چەندین کەس نووسراوە کە لە بارەی گرامەر و زمانەوانییەوە پێیاندا چوونەتەوە. لای ئێمە ڕوویەکی دەوێ کەسێک بەسەر نووسینی ئەو کەڵە نووسەرانەدا بچێتەوە. لەکتێبی وڵاتانی عەرەبدا سەیری وەرگێڕدراوەکانی (سامي الدروبي) بکە کە ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی کردووە بە عەرەبی لێیان نووسراوە سامي الدروبي پێیاندا چووەتەوە. کتێبەکانی (دارالمعارف)ی میسر و (عالم المعرفة)ی کوێت هەروایە، هەمان شێوە کەسانێ بەسەر پڕ بایەخترینیاندا چوونەتەوە. ئیتر بۆ دەبێ وەرگێڕێ، یان بنووسێکی بەدبەختی کورد ئەوەندە لە خۆی بایی ببێ ڕێگای کەسێکی تر نەدا چاوێک بە نووسینێکی، یان گێڕدراوێکیدا بگێڕێتەوە؟!

**ڕامان:** ئێوە لە کاری وەرگێڕانی خۆتاندا چەند سوودتان لە ئەزموونی وەرگێڕانی پێش خۆتان وەرگرتووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ڕاستەکەی ئەوەیە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو سوودم لە وەرگێڕانەکانی پێش خۆم وەرنەگرتووە، ئەمەش هۆی خۆی هەیە، چونکە سەرچاوەی وەرگێڕدراوی کەسانی ترم لا نەبووە بگەڕێمەوە سەری، بەڵام بە تێکڕایی و هەمیشە سوود لە جۆری ئاخافتنی ئەو هاووڵاتە کوردانە وەردەگرم کە کەمتر کەوتوونەتە بەر کاریگەریی ئاخافتن و نووسینی بێگانە. هەر تەنیا بۆ نموونە دەڵێم من هەرگیز ڕستەگەلێکی وەک (پێی هەستام)، یان (پیادەی دەکا)، یان (گوێ بیستم بووە) و ئەم جۆرە بابەتانە بەکارناهێنم، چونکە دەزانم فڕیان بەسەر کوردیی ڕەسەنەوە نییە. زیاد لەمە من لە خوێندنەوەی کوردیدا ئەگەر ڕستەیەکی بنووسێک، یان وەرگێڕێکم بەدڵ بوو دەیگرمە دڵ و هەوڵ دەدەم تا لە یادم بێ لە نووسینی خۆمدا بەکاری بهێنمەوە، هەروا ئەگەر نووسین، یان وەرگێڕانی کەسێکم لا پەسەند بوو هەوڵ دەدەم چ بەرهەمێکی ئەو کەسە دەرچێ بیخوێنمەوە تا بۆ خۆم سوودی لێ وەربگرم و چاوی لێ بکەم.

بەپێچەوانەشەوە کە لە وتاری ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێکدا وشەیەک، یان ڕستەیەکی بە بۆچوونی خۆم هەڵەم بەرچاو دەکەوێ، یان لە تەلەڤزیۆنەوە گوێم لێ دەبێ، تا پێم بکرێ لای خۆم دەینووسم تا ئەگەر بۆم ڕێکەوت بیهێنمە ئاراوە و لەسەری بنووسم و گفتوگۆی بە مەبەستی دەرکەوتنی چەوت و ڕاست لەسەر بکەم. هەر بەم پێیە سەردەمانێک گۆشەیەکم لە (هاوکاری)دا بەناوونیشانی (فەرهەنگی هەڵە) دەست پێ کرد وەک ئەوەی ئێستا دکتۆر عیزەدین جاروبار لە (ئاسۆ)دا دەینووسێ، وشە و زاراوەی لای خۆم ناپەسەندم تێدا شی دەکردەوە. لە دوا ئەڵقەیدا لە وشەی (فەرماندە)م کۆڵییەوە کە لەو ڕۆژنامەیە و لەهۆیەکانی تری ڕاگەیاندنی کوردیدا بە واتای (القائد) بەکاردەهێنرا. نووسیم ئەمە هەڵەیە و هەڵەکەش لە خراپ تێگەیشتنی وشەیەکی فارسییەوە هێنراوەتە کوردییەوە. لە فارسیدا (فەرماندە) هەیە بە واتای (آمر). نووسیبووم لە کوردیدا دەبێ بنووسرێ (فەرماندەر). ئەم سیفەتە بۆ سەدام حوسێن بەکاردەهێنرا. بەرپرسانی ڕۆژنامەکە لەو نووسینەم ڕازی نەبوون و پەڕاندبوویان، چونکە لەوە ترسابوون کە تا ئەوکاتە نازناوێکی هەڵەیان بۆ سەرەک بەکارهێنا بێ و لە فارسیشەوە هێنرابێتە کوردییەوە. لەوە بەدواوە ئەو گۆشەیەم لە هاوکاریدا بڵاونەکردەوە. لەم نزیکەی دوو ساڵی نەخۆشییەمدا بەردەوام وشەی داتاشراوی هەڵە لە تەلەڤزیۆنەوە دەبیسم، پڕ بەدڵ حەز دەکەم هەستمەوە لێیان بکۆڵمەوە و لەسەریان بنووسم، بەڵام بەداخەوە ناتوانم لەجێی خۆم هەستمەوە و بچمە سەر قەڵەم و کاغەز و شتێکیان لەبارەوە ڕەش کەمەوە.

**ڕامان:** باشە، مامۆستا! تۆ کە دەستت دایە وەرگێڕان، وەرگێڕدراوەکانی خۆت پیشانی کەس دەدا بۆت ڕاست

بکاتەوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** وەک لە یادم بێ پێشتریش وتم وەرگێڕدراو، یان نووسراوی خۆم پیشانی کەس نەدەدا، چونکە لە بارودۆخێکی وادا دەستم دایە نووسین و وەرگێڕان کەسی وام بە دەوروپشتدا نەبوو هەر هیچ نەبێ لەمن باشتر بێ! ئیتر نووسین و وەرگێڕانم پیشانی کێ بدایە؟ من کتێبێکم لە ۱۹۵۰دا لە بارەی هەندێ بابەتی نیمچە ئایینییەوە نووسیبوو، ئەگەر بۆم ڕێکەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بە (ئینشا و ئیملا)ی ئەوکاتەمەوە لە چاپی دەدەم تا ئەوەی بیخوێنێتەوە بزانێ شەست ساڵ لەمەوپێش چۆنم بیر دەکردەوە و بیرم لە چی دەکردەوە و کوردییەکەم چۆن بوو و چۆنم دەنووسی.

**ڕامان:** تۆ برادەرایەتیت لەگەڵ گۆران و ئەوانە هەبووە، ئێوارەیەکیان من هاتم لە بەغدا سەردانم کردی، ئەگەر لەبیرت مابێ شتێکم لە جەنابت بیست. وتت جارێکیان شتێکم لە زمانێکەوە وەرگێڕابوو. دام بە گۆران بۆمی بڵاوبکاتەوە، کە بڵاوی کردبووەوە دیم زۆری دەستکاری کردبوو.

**محەمەدی مەلا کەریم:** هەر لەم دیدارەشدا ئەو بابەتەم دووبارە کردووەتەوە. شیعرێکی عەرەبی بوو لە بڵاوکراوەی گەنجانی دیموکراتی عێراقدا بڵاوکرابووەوە و لە بڵاوکراوەی گەنجانی دیموکراتی سوودانەوە وەرگیرابوو. دام بە مامۆستا گۆران لە (ژین)دا بۆی بڵاوکردمەوە. ئەوەندەی دەستکاری کردبوو ئەگەر لەسەری نەنووسرابا وەرگێڕانی منە، نەمدەزانی ئەوەی خۆمە. گلەییم لێ کرد کە مادەم ئەوەندەی لێ گۆڕیوە بۆ بەناوی منەوە بڵاوی کردووەتەوە؟ وتی: وەرگێڕانی تۆیە و پێویستی سەرشانی منە دەسکاریی هەندێ ناتەواوی بابەتی ئەوانە بکەم کە بۆ ژین دەنووسن. ڕاستەکەی زۆرم لا گران بوو وای لێ کردبوو لە وەرگێڕانی خۆی بچێ و زۆر لە نووسراو و وەرگێڕدراوەکانی ترم جیا بێ.

**ڕامان:** ئەی کە بابەتێ وەردەگێڕی چەند جار بە ڕەشنووسەکەتدا دەچیتەوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** هەرچەند بە ڕەشنووسی بیخوێنمەوە دەسکاریی تازەی تێدا دەکەم، کە بە پاکنووس کراویش بیخوێنمەوە و زۆرجار وادەبێ شتێکی هەر لێ دەگۆڕم. بابەتم هەیە لە چاپیش دراوە ئێستا کە جارێکی دی دەیخوێنمەوە، حەز دەکەم لێی بگۆڕم و ئەگەر لێی نەگۆڕم تەنیا بۆ ئەوەیە ئەوەی دەیخوێنێتەوە بزانێ ئەوکاتە چۆنم دەنووسی. بەم جۆرە هەرچەند پێش بڵاوکردنەوە بیخوێنمەوە زیاتری لێ دەگۆڕم و دەسکاری دەکەم و هەرگیز وەک ڕەشنووسی یەکەم جار بڵاوی ناکەمەوە، تەنانەت ئەگەر هەواڵیش بێ.

**ڕامان:** دەچینە سەر بابەتی ئەو وەرگێڕانەی لە دەرەوە فێری زمان بوون و شارەزاییان لە زمانێکدا پەیدا کردووە. ئەوانە تا ئێستا توانیویانە هیچ خزمەتێک بە بزاڤی وەرگێڕان بکەن؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئێوە باسی ئەوانەتان کرد کە لە زمانی کوردیدا بوونەتە پسپۆڕ. من ئەگەر برادەرانی پسپۆڕی زمانی کوردی زیز نەبن لێم و نەڵێن فلان کەس لە خۆی دەرچووە و چێو لە تاریکی دەکوتێ، دەبێ بڵێم لە ڕۆڵی زۆر لەوانیش ڕازی نیم. تۆ ئێستە دوو کتێبی دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف دەبینی لە داوێنی لاپەڕەی یەکەمیانەوە نووسراوە فلان کەس ، واتە من، چاوی پیداگێڕاوەتەوە، واتە من پێم وایە ئەوانەی پسپۆڕی زمانی کوردین هی وامان تێدایە دەبێ فێری کوردییەکی جوان و ڕەسەن و ڕاستەقینە بێن. کەواتە ئەوانەش هێشتا ئەو ئەرکە جێبەجێ ناکەن کە دەبێ جێبەجێی بکەن. من پێم وایە پسپۆڕیی لە زمانی کوردیدا ئەوەیە ئەو کەسە زمانی میللەتەکەی بە باشی بزانێ، ئەوجا پسپۆڕییەکەی لە وەرگێڕاندا بەکاربهێنێ، جا دەتوانێ کارێکی وا بکا شایانی پێویستییەکانی میللەتەکەی بێ. دکتۆر ئەورەحمان یەکێک بوو لەوانە و چ لە کوردی زانین و چ لە ڕووسی زانیندا دەستێکی باڵای هەبوو، بەڵام هێشتا پێویستی بەهاوکاری کردنی کەسانی تر هەبوو لەگەڵی. یادی بەخێر بێ جارێکیان پێم گوت تۆ ڕووسییەکی زۆر باش دەزانی، بۆ نایەیت خۆت تەرخان بکەی بۆ وەرگێڕان لە ڕووسییەوە بۆ کوردی؟ منیش تا دوا لاپەڕەی هەرچی وەربگێڕی هاوکاریت لەگەڵ دەکەم، نەچوو بە دڵیدا و بە گوێی نەکردم و بەو جۆرە ئەو هەلەمان لە کیس چوو. لەو چیرۆکە بچکۆلەی شۆلۆخۆڤدا کە کردوویە بە کوردی، ناوونیشانە ڕووسییەکەی کتێبەکەی شۆلۆخۆڤ (سوود با چەلەڤێکا)ی وا کردووە بە کوردی کە نووسیویە (چارەنووسی ئادەمیزاد) کە دەبوو بینووسیایە (چارەنووسی ئادەمیزادێک) کە ناوونیشانە ڕووسییەکەی بۆ هەردوو وەرگێڕانەکە دەست دەدا و وەرگێڕ دەبێ بەپێی شوێن بڕیار بدا ئەوەی وەرگێڕانەکەی دکتۆر ئەورەحمان دادەنێ یا ئەوەی من کە لە وەرگێڕانی عەرەبی و هی فارسی چیرۆکەکەشدا وەرگێڕ ئەوەی منی داناوە، چونکە

مــەبەست چارەنووسی ئادەمـــیـــزادێکە و هی تێکڕای ئادەمیزاد نییە. هەربۆیەش من لە سەرەتای وەرگێڕانەکەدا چەند دێرێکم نووسی لەو چەند دێرەدا وەرگـێـڕانەکـەی خۆمم داناوە، تا ئەوەی دەیخـوێنێـتـەوە لەوە تێ بگا کـە من لەناوە کـوردییـەکـەی وەرگـێـڕدراوەکـە ڕازی نیم و بەهەڵەی دەزانم.

**ڕامـان:** قـارەمـانی چیـرۆکـەکـە کـەسـێکە لە شـەڕ گـەڕاوەتەوە و باسی خـۆی دەگـێـڕێتـەوە، وەنەبێ قـسـە لەچارەنووسی هەموو ئادەمیزاد بکا.

**مـحەمـەدی مەلا کـەریم:** هەربۆیەش ناوی (مـصـیـر انسان) بۆ وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەی چیرۆکەکە دانراوە و نەنووسـراوە (الانسـان) کـە جیـاوازییـەکی زۆر لـەنێـوان (انسان) و (الانسان)دا هەیە.

**ڕامان:** تۆ پێت وانییـە دکـتـۆر ئەوڕەحـمـان تەوازوعی پیشـان داوە کە ڕێگای داوە لە بەرگ و لاپەڕەی یەکەمی کـتـێـبـەکـەی بنووسی تۆ چاوت پێـیـدا گـێـڕاوەتەوە و پێیداچوویتەوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەڵێ، ئەوە تەوازوعێکی زۆری تێدایە کـە لای کـەم کـەس دەیبـینی. دکـتـۆر ئەوڕەحـمـان نموونەی ئینسـانـی خـاکی و خـۆ بـە هیچ جـۆرێ بە زل نەزانیـو بوو. وانەبوایە هەرگـیـز کـتـێـبی خـۆی نەدەدا بەدەست کەسێکی وەک منەوە چاوی بۆ پێدا بگێڕمەوە و پێـیـدا بچـمـەوە. ئەو تەنانەت زۆرجـار وا دەبـوو کـە وتاریشی بۆ گـۆڤـار و ڕۆژنامـەکـان دەنووسی، دەیدایە دەسـتی مـن سـەیری بکەمـەوە و سـەرنجی خـۆمی تێـدا دەرببـڕم و گـەلێ جـاریش پێی دەوتم من ناوونیـشـان بۆ وتارەکـەی دیاری بکەم. یادی هەمـیـشـە زیندووبێ، بە کـۆچی دوایی کـردنی ناوەخـتی زیانێکی گـەورە لە کولتووری کوردی کەوت.

**ڕامـان:** ئەوانەی لە دەرەوە خـوێندوویانە، بە تایبـەتی ئەوانەی مـاسـتـەر و دکـتـۆرایان لە دەرەوە هێناوە، چەند توانیـویانە کـارێک بکەن لە بواری وەرگێڕاندا سـوودیان لێ وەربگیرێ؟

**محـەمـەدی مـەلا کـەریم:** بەر لە هەرچی، وەڵامـدانەوەی ئەم پرسیـارە پێویستی بە لێکۆڵـینەوەیەکی مەیدانییە تا بزانین چەند کـەسـمـان مـاسـتـەر و دکـتـۆرایان لە دەرەوە هێنـاوە و چەندیان کـتـێـبی بیـانییـان وەرگـێڕاوەتە سـەر کوردی و چەندیان لە بواری پسپۆڕیی خۆیاندا کتێبیان وەرگێڕاوە و ئەو کتێبە وەرگێڕدراوانەیان بخوێنرێنەوە تا بزانرێ چەندیان لە وەرگـێڕانەکـەیاندا سـەرکـەوتوون، یان نە؟ ئەو دەم وەڵامی وردی ئەم پرسیـارەی ئێوە بدرێتـەوە، بەڵام من لام وانییە مەسـەلەکە لەوەدابێ وەرگێڕ لە دەرەوە خوێندبێـتی، یان نە، هەرچەندیش دەبێ خوێندن لەدەرەوە دەرفەتی ئەوەمان بۆ بڕەخسێنێ، وەرگێڕی باشمان هەبێ، یان نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە: کەسێکی وەک مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای حەسەنزادە لە کوردستانەکەی خۆماندا فارسی و عەرەبی بە کوردییەکەی خۆمانی خوێندووە و تا ئێـسـتـا پێی سـەلماندووین کـە لە بابەتی ئەدەبیـدا لە فـارسییـەوە وەرگێڕێکی زۆر باشە، هەرچەند من نزیکەی دە ساڵە وەرگـێـڕدراوی تازەیم نەخـوێندووەتەوە. کـەواتە مـەسەلەکە وەک وتم، هەر دەچێتەوە سەر ئەوە کە وەرگێڕ هەردوو زمـانی لێ وەرگـێـڕدراو و وەرگـێـڕدراوە سـەر، بەباشی بزانێ و باشیش لە بابەتە وەرگێڕدراوەکە خاڵی بووبێ و بۆی قـــووت چووبێ. تەمـــاشـــای بابەتێکی وەرگێڕدراوی بنووسێکی وەک مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بکە کە هەر لە کوردستـان و بەغدا خوێندوویەتی و لێرە فێری ئینگلیزیش بووە، بە تەواوی تێدەگەی کە هەست بە چ جیـاوازییـەک، بە باری کـوردیی ڕەسـەندا، لەنێـوان نووسین و وەرگـێـڕدراوەکـانی ئەو و زۆر لە وەرگـێـڕەکـانی ئێستاماندا دەکەی کە لە زمانێکی بیانییەوە بابەتمان بۆ وەردەگێـڕن، یان بە زمـانەکـەی خـۆمـان بۆمـان دەنووسن و تێدەگەی ئەو گلەییەی لە بنووس و وەرگێڕی ئێـسـتـامـان هەیە کـە لەژێر کـاریگـەریی زمـانی بێگانە، بە تایبـەتی عـەرەبی و فـارسـیـدا، قـەڵەم دەخـەنە سـەر کـاغـەز، لە نووسینی کەسانی وەک مـامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد و حەسەن قزڵجی و حەسەنزادە و نووسینە پێشووەکـانی شـاکـیر فەتـاحدا نییـە. کەواتە دیسـان هەر ئەو قسـەیە دووبـارە دەکـەمـــەوە کـــە دەبێ بنووس، یان وەرگـــێـــڕ کوردییـەکی ڕاست و ڕەوان بنووسێ و باشیش زمـانی لێ وەرگێڕدراو بزانێ و لە وردەکارییەکانی حاڵی بووبێ.

**ڕامـان:** کەسانی وەک مـامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە و ئەوانەی کوردییەکی باش دەزانن و لە بواری وەرگێڕاندا دەسـتـێکی باڵایان هەیە ئەگـەر خـۆیان بۆ ئەو کـارەیان تەرخان بکردایە باشتر نەبوو؟

**مـحەمـەدی مەلا کـەریم:** منیش هەر ئێـسـتـا ئەمـەم بە خەیاڵدا هات و ویستم بیڵێم. لەناو فەقێکانی جارانی کوردستـاندا یارییەک هەبوو شەوانی جومعە و سێ شەممە بۆ بێ تاقـەتی دەیانکرد، پێـیـان دەوت «هرکـسی کـار خودش بار خودش» واتە با هەر کەسێ کاری خۆی بکا. لەو یارییـەدا هەر کـام لە یاریکەرەکـان کـارێکی پێ

دەسپێردرا ئەو کارە بکات و دەستیان دەکرد بە کردنی کارەکانی خۆیان. ئەگەر یەکێکیان بە هەڵە کاری یەکێکی تریانی بکردایە، تێدەکەوت و کەڵەکە ترپییەکیان بەسەریەوە دەکرد و کە لێدەبوونەوە، دەگەڕانەوە بۆ سەر کارەکەی خۆیان. من لە (هرکسی کار خودش بار خودش)ی ژیاندا یەکێکم لەو تێکەوتووانە، بەڵام بەش بە حاڵی گەلێکی پاشکەوتووی وەک گەلی کورد کە دەیان دەردی هەیە، دەبێ چارەسەری هەمووویان بکرێ، کەسانی دڵسۆزی گەلەکەیان پەل بۆ کردنی چەندین جۆرە کار دەهاوێن، هەرچەند لە تەنیا یەکێک، یان دووانیاندا سەرکەوتووتر بن. ڕۆشنبیرێکی وەک مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای حەسەنزادە کە وەرگێڕێکی دیار و سەر بەدەرەوە بووە، دەیزانی گەلەکەی پێویستی بە خەباتی سیاسییە، بۆیە ساڵەهایەک سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام دەیشیزانی گەلەکەی هەروەها پێویستی بە ئەدەبیاتی پێشکەوتوویش هەیە، بۆیە خەریکی ئەم لایەنەی چالاکیش دەبوو، هەرچەندیش لە وانیە، ئەگەر زیاتر خەریکی ئەدەبیاتەکە بوایە و لەلاوە بە کاری سیاسییەوە خەریک بوایە، بۆ لایەنە ئەدەبییەکە سوودبەخشتر بوایە، یان کەسێکی وەک زەبیحی کە ساڵەها لە کوردستانی عێراقدا بە سیاسەتەوە خەریک بوو، بەڵام وردە وردە، وەک خۆی پێی وتووم، لەگەڵ سیاسەتەکەدا وشەی کوردی لە دەمی دێهاتییەکانی کورد دەقۆستەوە و دەینووسییەوە تا سەرەنجام فەرهەنگێکی کوردیی ئامادەکرد و دوو بەرگی (ئ) و (ب)ی لێ بڵاوکردەوە و لەو سەروبەندەدا دوژمن زەفەری پێ برد و کوشتی و فەرهەنگەکەیشی سەرنگووم کرد و بەوە زیانی لەناو بردنی ئەو تێکۆشەرەی کرد بە دوو زیان و گەلەکەی لە خۆی و لە فەرهەنگەکەیشی بێ بەش کرد. بەلای منەوە ئەگەر زەبیحی، لەجیاتی خۆ نوقم کردن لە سیاسەتدا، زیاتر بە نووسینی فەرهەنگەکەیەوە خەریک بووایە سەد قات بۆ گەلەکەی چاکتر بوو، چونکە گەلی کورد پەکی لەسەر سیاسەتمەداری وەک ئەو نەکەوتبوو، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بەرەیەی ئەو ڕەنجی تێدا بەبا دەدا شەڕی گەلی کورد و داگیرکەرانی کوردستان نەبوو، ئەوەندەی شەڕی دووبەرەی داگیرکەری دوو بەشی کوردستان بوو. لەخوا لێ خۆش بوو دکتۆر عەبدولسەتتار تاهیر شەریفم بیستووە کە هەوڵێکی زۆر زۆری لەگەڵ دەزگای ئاسایشی عێراق داوە بۆ ئەوەی ڕەشنووس و فیشەکانی بەرگەکانی تری فەرهەنگەکەی زەبیحی وەربگرێتەوە لێیان، بەڵام بێ سوود بوو. دیارە ڕاستیشی دەکرد، چونکە دوژمنانی کورد پێشکەوتنی زمان و ئەدەبی کوردیشیان، وەک پێشکەوتنی خودی گەلەکە لا ستەم بوو.

بچینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان. من لام وایە هەر بەهرەمەندێکی کورد لە بواری ئەدەبیات و بە تایبەتی لە بواری وەرگێڕاندا، دەبێ بەشێکی باشی ئەو بەهرەمەندییەی خۆی زیاتر لە سیاسەت لە هەر بوارێکی تری ژیان، لەو مەیدانەدا خەرج بکا، واتە دەبێ مافی هیچ بوارێک نەکا بەژێر لێوەوە و هاوسەنگییان لەنێواندا بکا.

چەند مایەی شانازی دەبوو بۆ ئێستا و بۆ دوارۆژی ژیانی گەلەکەمان، ئەگەر بەشێکی تا بکرێ زۆرتر لە بەهرەمەندانی زمانزانی و توانی وەرگێڕانمان شاکارگەلێکی وەک کارەکانی تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکی و شکسپیر و چارلز دیکنز و ئەبولعەلای مەعەڕی و تاگوور و گۆتە و کەسانی تریان وەرگێڕابایە بۆ کوردی و هەر لە ئێستاوە ئەو ئەرکە گەورەیەیان لە کۆڵی وەچەکانی دوارۆژمان کردبایەتەوە تا ئەوان کە دێن تەرخان بن بۆ ئەو ئەرکانەی سەردەمی خۆیان دەیانخەنە ئەستۆیان. کتێبی وا زۆرن کە پێویستە وەرگێڕدرێنە سەر کوردی و تا بیشکرێ بە جۆرێکی وا وەرگێڕدرێن تا دێر زەمان پێویست نەبێ جارێکی تر وەرگێڕدرێنەوە. وتارێکی زانا و ڕەخنەگر و ڕۆشنبیری میسری مەحموود ئەمینولعالم لە بارەی وەرگێڕدراوی سەرجەمی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکییەوە بۆ سەر عەرەبی لەلایەن سامی ئەلدروبییەوە خوێندەوە، تێیدا نووسیبوو من هەرچەند ڕووسی نازانم و ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکیم بە فەرەنسەیی خوێندووەتەوە، بەڵام کە وەرگێڕدراوە عەرەبییەکانیشی دەخوێنمەوە وادەزانم ئەو خۆی، واتە دۆستۆیڤسکی، بە عەرەبی نووسیونی، واتە سامی ئەلدروبی لە ڕووسییەوە کردوونی بە عەرەبی و وادەزانی هەر بە عەرەبی نووسراون. وەرگێڕان دەبێ وابێ. مەحموود ئەمینولعالیم کە لە سەرەتادا دۆستۆیڤسکی بەفەرەنسەیی خوێندووەتەوە، کە پاشانیش بە عەرەبی خوێندوونیەتییەوە، تێدەگەیەنێ کەوا ئەگەر بە ڕووسیش بیخوێنێتەوە هەر هەمان چێژی لێ وەردەگرێ کە بەفەرەنسەیی، یان بە عەرەبییەکەی بیخوێنێتەوە.

**ڕامان:** لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چونکە تۆ ئەمەیانت پێ ڕاستە، هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک لەوانی

تر دەوری بەرچاوی لە هونەری وەرگێڕاندا گێڕاوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەش بەحاڵی من وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەم بۆ ئاسان نییە، چونکە ئێستە ڕۆژنامە و گۆڤار ئەوەندە زۆر بووە پیاو ناتوانێ پێیاندا بگاتەوە.

**ڕامان:** تا ڕاپەڕین؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە، چونکە گەشتێکی مەیدانیم لە بەردەستدا نییە، بەڵام لە کۆندا (گەلاوێژ) دەورێکی زۆری گێڕاوە. لام وایە بزاڤی وەرگێڕان لە دەرچوونی گەلاوێژەوە دەستی پێ کردووە. گەلاوێژ لەم بوارەدا هەوڵی زۆر داوە. لەو سەردەمەدا کە گەلاوێژ دەستی کردووە بە دەرچوون، نووسینی کوردی لەچاو ئێستادا زۆر لەپاش بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا تۆ کە ئێستا گەلاوێژ دەخوێنیتەوە هەست دەکەی زۆر بە ڕوحت ئاشناترە لە بەشێکی زۆری ئەو وتارانەی ئێستا دەنووسرێن، یان وەردەگێڕدرێن.

**ڕامان:** لەگەڵ ئەوەشدا کە هەوڵی تاکەکەسی لە بواری وەرگێڕاندا هەیە، بەڵام ڕایەکیش هەیە دەڵێ بزاڤی وەرگێڕان هێشتا لە وڵاتی ئێمەدا دروست نەبووە. دووەمینیش لە ئاستی ویست و خواستی ئێمەدا نییە. تۆ لەم بارەوە چی دەڵێی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەر لەهەرچی من لام وایە جیاوازییەک لەنێوان بوون و دروستبوونی بزاڤی وەرگێڕاندا هەیە. بوونەکە بە بوونی ژمارەیەکی کەمیش لە وتار و کتێبی وەرگێڕدراو دێتەدی، بەڵام دروستبوونی بزاڤەکە بەوە دەبێ وەرگێڕان ببێ بە دیاردەیەکی هەست پێکراوی بڵاو لە ژیانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵدا. من پێشان وتم بزاڤی وەرگێڕان لە دەرچوونی گەلاوێژەوە دەستی پێکردووە. لەوانەیشە هەر لە دەرچوونی یەکەمین گۆڤاری کوردییەوە لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەستی پێ کردبێ. من گۆڤارە کوردییەکانی ئاخر و ئۆخری سەردەمی عوسمانیم لەبەردەستدا نین تا بزانم هیچ کارێکی وەرگێڕدراوی ئەدەبی لە هیچ کامێکیاندا هەیە، یان نییە، هەرچەند مەرجیش نییە وەرگێڕانەکە هەر لە بواری کاری ئەدەبیدا بێ، لەوانەیشە لە هەر بابەتێکی تری ڕۆشنبیری، یان ڕۆژنامەوانیدا بووبێ. بەهەرحاڵ بزاڤەکە کە دەستی پێ کرد، وردە وردە و زوو، یان درەنگ گەشە دەکا و پێ دەگا. ئەوەتە ئێستایش ئێمە بزاڤێکی وای وەرگێڕانمان لە ئاستی کەمترین پلەی پێویستییەکانی سەرانسەری ژیانی کولتووری و ڕۆشنبیریماندا نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە چەردەیەکی کەم وەرگێڕانمان لەنێواندا هەیە. ژیانی کولتووری و ڕۆشنبیریمان لەسەردەمێکی وەکو ئەم سەردەمەماندا هەرگیز بە ڕەنج و ئەرکی تاکەکەسی چارەسەر ناکرێ، بۆیە تاقە چارەسەرێک کە کەمێک بە فریای ئەرکەکەدا بگات جێبەجێ کردنی ئەو پێشنیایەیە کە پێشتر پیشانم دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەندەی لە دەسەڵاتیدا بێ، بیگرێتە ئەستۆی خۆی. پاش ئەوە، نۆرە دێتە سەر ڕەنجی برگەی تایبەتی کە ئەویش بەشێکی ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆ و وەرگێڕی زانا و لێهاتوو لەگەڵ کوردیزانی باش کۆکاتەوە تا لایەکی، با کەمیش بێ، لە ئەرکەکە بەجێ بگەیەنێ. پێشکەوتنی ئەمڕۆی زانست، سەرەڕای پێشکەوتنی لەمەوپێشیشی کە هیچێکی ئەوتۆی لە ژیانی تائێستای کولتووری و ڕۆشنبیریماندا ڕەنگی نەداوەتەوە، گەلێ گەلێ لەوە قورسترە کە نەک تەنیا ڕەنجی تاکەکەسی، بەڵکو هەوڵی برگەی تایبەتیش دەستی بە بەشێکی شایانیدا بگات.

**ڕامان:** تۆ پێشتر باسی پێویستیی بوونی لیژنەیەکی کارای زمانزانت کرد، ئەرکی داتاشینی ئەو وشانەی بخرێتە ئەستۆ کە پێویستمان پێیان هەیە و تائێستا لە کوردیدا نین. ئێمە ئێستا (ئەکادیمیای کوردی)مان هەیە، بەڵام نازانین ئەم ئەکادیمییایە لەم بوارەدا چی دەکات و چی کردووە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** لە ڕاستیدا ئەکادیمیای کوردی ئەرکی جۆربەجۆری لەسەر شانە، بەڵام بە بۆچوونی من ژمارەی ئەندامەکانی لە پێویست کەمترە و ئەوانەیشیان لە بواری زمان و وشە داتاشیندا بتوانن کار بکەن، گەلێک کەمترن و سەرەڕای ئەمە ئەکادیمیا هێشتا لیژنەیەکی کاریگەری زمانی تێدا نییە. بەهەرحاڵیش دەوڵەمەندکردنی زمان وەنەبێ تەنیا بە ئەندامانی ئەکادیمیای کوردی بکرێ. ئێمە پێویستمان بە گەڕان بەدوای کوردیزانی ڕەسەندا هەیە کە زیاتریان لەلادێ و ناو خێڵەکانی کوردەواریدان. وەک ئیشارەتیشم بۆ کرد، پێویستمان بەشەن و کەوکردنی فۆلکلۆری کوردی و تۆ واتەنی، بەیت و بالۆرەی کوردی هەیە کە بۆ ئەم مەبەستەیش پێویستمان بە لیژنەیەکی لێزان و چالاکی کۆکردنەوە و شەن و کەوکردنی فۆلکلۆر هەیە کە لیژنەی وایش تا ئێستا لە ئەکادیمیادا نییە. هەروا پێویستمان بە دانانی گراماتیکای سەرانسەریی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و فەرهەنگی سەرانسەریی زمانی کوردی هەیە. ئومێدم وایە ئەم ئەرکانە بەم زووانە جێبەجێ بکرێن.

**ڕامان:** ئێوە پێوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسی ئەدیب و

ئەدیبی ڕۆژنامەنووس چۆن دەبینی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** ڕۆژنامەنووس ڕۆژنامەنووسە و ئەدیبیش ئەدیب و پێویست بە پێناسەکردنیان نییە. وایش دەبێ کەسێک هەردوو سیفەتەکەی تێدا دەبێ و بە هەردوو کارەکە خەریک دەبێ. جا هەرکارێکیان کاری سەرەکی ئەو کەسە بێ، ئەو ناوەی بەسەردا دەبڕدرێ و دەیشکرێ لە حاڵەتی تایبەتی و لە کارێکی تایبەتیشدا بەو سیفەتەیەوە ناوی بهێنرێ. ئەگەر مرۆڤ هەردوو سیفەتەکەی تێدا بوو، واتە ئەدیب بوو و خەریکی ڕۆژنامەنووسیش بوو، یان ڕۆژنامەنووس بوو و بەرهەمی ئەدەبیشی بڵاودەکردەوە، بەرهەمەکانی چێژی هەردوو سیفەتەکانی پێوە دەبێ و لەبەرهەمی کەسێک بە تامتر دەبێ کە تەنیا سیفەتێکیانی تێدا بێ.

**ڕامان:** ئەی چۆن لە ڕۆشنبیری ڕۆژنامەنووس تێدەگەی کە ئێستا ڕۆژنامەنووسی زۆری بەرەو سەتحیەت دەڕوا؟ واتە پێویست نییە ڕۆژنامەنووس ڕۆشنبیرییەکی گشتی هەبێ؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من وا لەم مەسەلەیە دەگەم هەندێ ڕۆشنبیر هەن کە دەبنە ڕۆژنامەنووس، وادەزانن ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەر نزمە و لەمەوە دەگەنە ئەو باوەڕە کە دەبێ پشت لە ڕۆشنبیرییەکەی خۆیان هەڵکەن و بە سادە و سەتحییانە بۆ خەڵک بنووسن، چونکە گوایە خەڵک هەر ئەوەندە تێدەگا، بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەکە بەم جۆرە نییە. نە جەماوەر ئەوەندە نەخوێندەوارە کە لە بابەتی ڕۆشنبیرانە تێنەگا و نە ڕۆشنبیریش بە کوڵی شێرەوەیە دەستی جەماوەری نەگاتێ. مەسەلەکە لەمەندە تێناپەڕێ کە ڕۆشنبیر، بە واتا گشتییەکەی، دەبێ بۆ گەیاندنی ڕۆشنبیرییەکەی بەخەڵک لەو بوارانەدا کە کاریان تێدا دەکا، هەوڵ بدا بە ئاسانترین شێوە و لە کەمترین کاتدا ئەو بابەتە لە خەڵک بگەیەنێ کە لە بارەیەوە دەنووسێ، چونکە کات بەشی لەوەندە زیاتر ناکات، ئەگینا کارەکەی سوودبەخش نابێ.

کەسێکی وەک تۆ خۆت، لە ڕۆشنبیرییەوە بووی بە ڕۆژنامەنووس. ئەو بابەتانەی تۆ لە دوا لاپەڕە، یان لە سەرەتای ئەم گۆڤارەدا دەیاننووسی، تێکڕا بابەتی ڕۆشنبیرین، بەڵام وایشیان دەنووسی کە جەماوەری خوێنەرەوەی گۆڤارەکە تێکڕا بە باشی تێیان دەگەن، بۆیە من بێ موجامەلە دەڵێم تۆ ڕۆشنبیرێکی ڕۆژنامەنووسی شایانی کارەکەی خۆتی، بۆیە هیوای سەرکەوتنی زیاترت بۆ دەکەم لە خزمەتی خۆت و خوێنەرانیش و گۆڤارەکەیشدا.

**ڕامان:** تۆ تەمەنێکی زۆرت لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا بەسەر بردووە، ڕۆژنامەنووسیی پێش ڕاپەڕین، ئوسوولێک و ئەتەکێتێکی تێدا بوو خەڵکی ڕێزیان لێ دەگرت. موناقەشاتی فیکری و ئەدەبیش دەکرا، با جیاوازی لەبیروبۆچوونیشدا هەبووبێ، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین بووەتە شەڕە جنێوێکی سەیر. تۆ ئاگات لەو زمانە زبرە هەیە کە لە گەلێک لە ڕۆژنامەکاندا بەکار دەهێنرێ؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** پێشتریش وتم دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵنەکەوتووە ئاگایەکی وام لێ هەبێ، بەڵام گەلێ جار دەیبیستمەوە. بەهەرحاڵ دەبێ بە هەموو لایەکمان هەوڵێکی دڵسۆزانە بدەین بۆ چارەسەرکردنی ناتەواوییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی و بۆ خستنەسەر ڕێگایەکی تا بکرێ ڕاست و بێ گرێوگۆڵی. لە هەموو حاڵێکیشدا نابێ دەوری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و وەزارەتی ڕۆشنبیریش لە یاد بکەین. ڕێگا نەدان بە کەسانی نیازخراپ کە ڕۆژنامە بە ئازادی دەربکەن و دەرفەتی خراپە وتن بۆ خەڵک بکەنەوە. وەزارەتی ڕۆشنبیری و پاش ئەو پەرلەمانی کوردستانیش دەبێ قانوونی وا بۆ ڕۆژنامەنووسی دەربکەن کە ڕێگای دەستدرێژی کردنە سەر خەڵک و بێ قانوونی کردن بەرانبەر بە کۆمەڵگا نەدات.

بچینەوە بۆ سەرەتای پرسیارەکەت. لەم ڕووەوە دەبێ بڵێم ئەگەر پێش ڕاپەڕین ئەم دیاردە ناشیرینانە بەرچاو نەکەوتبن، ئەوە بۆ خراپ بوونی ڕەوشی پاش ڕاپەڕینی خەڵک ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێش ڕاپەڕین ڕۆژنامە نەبوو تا چاک و خراپی تێدا بنووسرێ. ئێستا کە لەسایەی ڕاپەڕینەوە، ئازادییەکی باشی ڕۆژنامەنووسی هەیە، دەبێ شان بە شانی پاراستن و گەشەپێدانی ئەم ئازادییە، بە هەموومان بۆ خراپ بەکارنەهێنانی تێ بکۆشین.

**ڕامان:** ئێستا لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، وەک گوتمان، زمانێکی زبر پەیدا بووە زۆر کەس تانە و تەشەر لە ڕۆژنامەکاندا لە یەکتر دەدەن. لە سەردەمی پێشوودا کە ئێوە کارتان دەکرد شتی وا نەبوو. ئێوە چۆن لەم دیاردەیە دەگەن؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من لام وایە ئەم دیاردەیە هەر چۆن بووبێ هەر بووە، بەڵام بەپێی بارودۆخ زیاد و کەمی کردووە. بۆ نموونە لەسەردەمی دیکتاتۆریدا، لەبەر ئەوە

که ڕۆژنامه هەر هی میری بووە و میریش لەوە دەترسا ئەم شەڕە قسەیە بەجۆرێکی وا بتەنێتەوە کە ئەویش بگرێتەوە، زۆر دەرفەتی نەدەدایێ. بەش بەحاڵی خۆیشم، چونکە لە هەندێ کەسم بیستووە وایان لە قەڵەم داوم کە وا منیش لەم زمان زبرییەدا بەشدار بووم، دەبێ بڵێم ئەمە خاڵی نییە لە بەشێک لە ڕاستی، بەڵام بە جەختیشەوە دەڵێم من هەرگیز لە شەڕە قسەی وادا دەست پێشخەریکەر و یەکەم کەس نەبووم. لە هەموو ئەو موجادەلە ئەدەبی و سیاسییانەدا کە بەشێکی شەخسیشیان تێدا بووە، هەمیشە وەڵامدەرەوە بووم و لایەنی بەرانبەر لە پێشاندا دەستی خۆیان لێ وەشاندووم. لەم چەندانەدا بەرگی کتێبێکی چەند بەرگیم بەردەست کەوت کە لە دەرەوە بڵاوکراوەتەوە، لە بواری لاواندنەوەی برادەرێکی لە ئەڵمانیا کۆچکردوودا کە من بۆ خۆم کە لەبیارە بووین، خستبوومە سەر ڕێی نوێخوازی، هێرشێکی ناڕەوا کرابووە سەر باوکم و دیارە باوکیشم لەو شەڕەدەمەدا بەرپریشکی ئاگرێک کەوتبوو کە بۆ من و فاتیحی برامیان داگیرساندبوو. ئەو کتێبە چەند ساڵ لەمەوپێش بڵاوکرابووەوە و من لەم دواییەدا دیم و بە هیچ جۆرێکیش خۆم نەکرد بە خاوەنی..

لە کێشەی کۆمەڵە شیعرەکەی کاک کامیل ژیردا بەناوی (کوردایەتی)، من یەک ڕستەم نەنووسیبوو کە لە چوارچێوەی دەمەتەقێی سیاسی و ڕۆشنبیری دەرچووبێ، کەچی لە وەڵامدانەوەکەی دکتۆر جەمال نەبەزدا بەناوی (نەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم..) کارێک بەمن و هاوبیرەکانی من کرابوو، کورد واتەنی، با بەدەواری شڕی دۆمی نەکا، ئێستا ئەو کۆمەڵە ڕەد و بەدەڵە کە ئەو سەردەمە لەو بارەوە نووسراون، هەموو پێکەوە لەنێوان دوو بەرگی کتێبێکدا لە بازاڕدا دەفرۆشرێن. هەر کەس بیەوێ لە ڕاستی ئەم قسانەم دڵنیابێ، دەتوانێ بیکڕێ و بیخوێنێتەوە، هەروەها هەر کەس بیەوێ داوەری لەنێوان من و نەیارەکانمدا بکا لە بارەی شیعری گۆران و دیوانی مەحوی و بابەتەکانی تریشەوە، بێ ترس پێی دەڵێم با بگەڕێتەوە سەر کتێب و ڕۆژنامە کوردییەکان کە ئەو بابەتانەیان تێدا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام دەبێ پێ لەو ڕاستییەش بنێم کە لە کتێبی (لە ڕێگای ئەدەب و لەپێناوی نالیدا) کە بۆ پەرپەرچدانەوەی هەندێ قسەی دکتۆر مارف خەزنەدار کە لە (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی)یەکەیدا نووسیبووی و بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبەکەیم نووسیبوو، هەندێک قسەی زبرم کردبوو کە ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا قسەی زۆر زبرتری بە ئێمە کردبوو. لەگەڵ ئەمەدا ئەگەر جارێکی تریش بۆم ڕێک بکەوێ ئەو کتێبەم لەچاپ بدەمەوە، ئەو ڕستانەی لێ لا دەبەم. دەبێ ئەوەیش بڵێم کە دەمێکە پێوەندیم لەگەڵ هەر کام لەو برایانە زۆر دۆستانەیە. بەداخەوە (ب. هەندرێن)یش دەمێکە کۆچی دوایی کردووە، ئەگینا دەستی دۆستایەتیم دەخستە ناو دەستی ئەویش و لەگەڵی ئاشت دەبوومەوە، هەرچەند ناکۆکی زوویشمان هەرگیز بەشەڕ نادەمە قەڵەم.

**ڕامان:** ئەی نووسەر گۆڕانکاری پێ دەکرێ؟ دەوری نووسەر بەشێوەیەکی گشتی، لە بنیادنانی کۆمەڵگایەکی نوێدا لە چیدا دەستنیشان دەکەیت؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** دەوری نووسەر، یان بنووس، بەو پێیە کە کەسێکە ئەرکی نووسینی بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵ گرتووەتە ئەستۆی خۆی، لە ڕێگای نووسینەکانیەوەیەتی. دیارە ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە نووسەر، نووسەری ئەدەبی، یان سیاسی، یان کۆمەڵایەتییە. ئەو چیرۆک، یان شانۆنامە، یان وتاری سیاسی و ئەم جۆرە بابەتانە بۆ جەماوەر دەنووسێ و ڕێگایان لە نووسینەکانییەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە و هەوڵ دەدا بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست کە سوودی ئێستا و داوڕۆژیانی تێدا بێ و پێیان دەڵێ سوود و بەرژەوەندی ئێوە لە فڵان شتدایە و لە فڵان شتدا نییە و دەبێ بۆ خۆیشی نموونەی پراکتیزەکردنی ڕێ بە دێیەکانی بێ.

**ڕامان:** ئەو نووسینانە کاریگەرییان دەبێ؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بەڵێ، گومانی تێدا نییە نووسین دەوری کاریگەری دەبێ، ئێمەی هۆشیار بەشێکی زۆرمان لە ڕێگای خوێندنەوەی نووسینەکانی بنووسانەوە لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا هۆشیار بووینەتەوە و ڕێگای داکۆکی کردن لە گەل و وڵات و مافەکانیانمان گرتووەتەبەر. ئەگەر نووسین خەڵکی هۆشیار نەکردایەتەوە، ڕژێمە دیکتاتۆرییە ملهوڕەکان وا سەرشێتانە نووسینی ئازادیان قەدەغە نەدەکرد و بنووسانی ئازادیخوایان نەدەخستە سیاچاڵەکانی زیندانەکانیانەوە و سزایان نەدەدان. نووسینی چاک بەشێکی پڕ بایەخە لە تێکۆشان و هەموو خەباتێکیش، بەپێی بارودۆخ، کەم و زۆر، کاریگەریی خۆی هەیە.

**ڕامان:** کاریگەرییەکە چۆنە، یان لەچیدایە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** تۆ کتێبێک، یان شانۆنامەیەک، یان وتارێک لە گۆڤارێک، یان

ڕۆژنامەیەکدا دەنووسی، کەسانێک ئەو کتێبەی تۆ دەخوێننەوە، یان دەچنە شانۆ و ئەو شانۆنامەیە دەبینن و زۆریان لەو ڕێگایەوە لە زۆر شت شارەزا دەبن کە پێشتر ئاگایان لێ نەبووە، هەست بە گەلێ کەموکوڕیی باری ژیان دەکەن. بەشێکیان لە ئەنجامی ئەمەوە بڕیاردەدەن بێنە کۆڕی خەباتەوە، بەپێی توانی خۆیان و دێنە ریزی ئەوانەوە کە لە پێشترەوە لە تێکۆشاندا بوون بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەو کەموکوڕییانەوە و بەمە ریزی تێکۆشەران لە جاران زیاتر و پتەوتر دەبێ و دەرفەتی ستەمکاری لە ڕووی ستەمکاراندا تەسکتر دەبێتەوە. هەموو گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بەلای باشەدا لە مێژوودا وا ڕووی داوە. کەواتە وا دەرکەوت نووسینی چاک خەڵک پەروەردە دەکات و ڕایان دەهێنێ. ژمارەی هەست کردووان بە ستەم لێکراوی خۆیان زۆرتر دەبێ. زیندانەکانی ڕژێمە ستەمکارەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ، هەمیشە دەیان تێکۆشەریان تێدا بووە کە لەسەر پارچە کاغەزێکی قسەی تێکۆشان تێدا نووسراویەکی چەندین ساڵیان لە تەمەنی خۆیان لەو زیندانانەدا بەسەر بردووە. ئەمە هەموو نیشانەی کاریگەریی نووسین و ترسی ستەمکارانە لە نووسینی ئازاد.

**ڕامان:** ئەی ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە نەیخوێنێتەوە؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** کۆمەڵگایەک نییە خاڵی بێ لە کەسانێ کە بخوێننەوە. لە ڕۆژی ئەمڕۆیشدا خوێندەواران لە هەر سەردەمێکی بەسەرچوو زۆرترن. ڕاستە هەمیشە ئەو کۆسپە دێتە ڕێی بنووسان کە نە هەموو کەس خوێندەوارە و نە هەموو خوێندەوارێکیش نووسینەکان دەخوێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خوێندەوار هەر زۆرن و زۆرجار خوێندەواران نووسینە باشەکان بۆ نەخوێندەوارەکان دەخوێننەوە. زۆرجاریش ئەو نووسینانە لە ڕێگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و شانۆنامەوە بەگوێی ئەوانە دەگا کە لەبەر هەر هۆیەک بێ ناخوێننەوە.

**ڕامان:** ئێستا دەتانەوێ چی بە نووسەرانی کورد بڵێن، یان قسەیەک بە تایبەتی بەنەوەی نوێ بڵێن؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** بە بنووسان دەڵێم: چۆنتان بۆ دەست دەدا بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەتان بنووسن و کەمتەرخەمی مەکەن لە نووسینی چاک. لە هەر بوارێکدا توانیتان بنووسن، دەبێ بێ کۆڵدان بنووسن. لە هەر شوێنێکدا بۆتان بڵاوبکرێتەوە، بنووسن. سڵ لە خوێندنەوە و بڵاوکردنەوەی هیچ بابەتێکی باش مەکەنەوە. بە نەوەی نوێش دەڵێم هەر لە یەکەم ساڵی تەمەنی خوێندنتانەوە بچنە قوتابخانە و ئەگەر لەبەر ناچاری بۆ پەیداکردنی بژێوی نەتانتوانی بچنە قوتابخانەی بەیانیان، هەوڵ بدەن هەرچۆن بووە ئێواران بخوێنن. ئەم وڵاتە هەزاران کەسی تێدایە لەبەر هەژاری و نەداری، ئێواران خوێندوویانە و سەریش کەوتوون. بە کوردی بخوێنن. ئەگەر بۆتان ڕێک نەکەوت بە کوردی بخوێنن، بە هەر زمانێکی تریش بووە هەر بخوێنن، بە نەوەی پاش ئەوانیش دەڵێم هەرچیتان دەست کەوت بیخوێننەوە، بەڵام هیچ بابەتێک یەکەن دەردوو وەرمەگرن و پەسەند مەکەن و مەیشیدەنە دواوە تا لە عەقڵی خۆتاندا داوەریی دەکەن و ئەنجامی ئەو داوەرییەیش مەکەن بەدوا بڕیارتان، با هەمیشە دەرفەتی چاوپێداگێڕانەوەتان لەبەردەممدا کراوە بێ.

دەگەڕێمەوە بۆ لای بنووسانەوە. لە داوێنی نووسینەکانتانەوە فەرهەنگۆکێکی کورت بۆ ئەو وشانە بنووسن کە لە نووسینەکانتاندا بەکارتان هێناون، چ خۆتان دۆزیبێتانەوە، یان لە خەڵکی ترتان وەرگرتبن. وەرگێڕدراوەکانی خۆتان مەکەن بە ماڵ بەسەر خەڵکی ترەوە تا لە ئەزمووندا دەردەچن. لە نووسیندا تا پێتان دەکرێ وشەی ئاسان بەکاربهێنن.

**ڕامان:** ئەی کاتێک کە ئەرک و پەیامی ئەدەب تێکەڵی سیاسەت دەبێ و ئەدیب مومارەسەی سیاسەت دەکات، ئەمە چۆن تێدەگەی؟

**محەمەدی مەلا کەریم:** من لام وایە لەم قۆناغەی ئێستای ژیانی نەتەوەی کورددا کە بۆ هێنانەدەستی ئازادی نیشتمانی تێدەکۆشێ، پێویستە لەسەری هەموو چەکێکی ڕەوا بەکاربهێنێ کە یەکێکیشیان چەکی ڕاگەیاندنەو ڕاگەیاندن هەمیشە لەهەندێ ڕوویەوە بەشێک لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بە شیعر جێبەجێ کردووە. من زۆر چاک دەزانم کە شیعر لە بارودۆخی عادەتیدا بۆ جوانی، بۆ دڵداری، بۆ سروشت هاتووەتە ئاراوە، بەڵام کورد هەرگیز ئەو بارودۆخە عادەتییەی بەخۆیەوە نەدیوە، بۆیە هەر شتێکی بۆ گەیشتن بەو بارودۆخە عادەتییە بەردەست کەوتبێ، دەبوو کەڵکی لێ وەرگرێ و وایشی کردووە، بۆیە شیعری بۆ پێخوێندن، بۆ فێرە نوێژ و دەستنوێژگرتن، بۆ فەرهەنگ نووسین، بۆ خواپەرستی، بۆ سۆفیگەری، بۆ تەعریفی پێغەمبەر، بۆ دڵداری و خۆشەویستن، بۆ تێکۆشانی نیشتمانی و چینایەتی، بۆ چەندین مەبەست و ئامانجی تر

بەکارهێناوە. ئەمە هەر لەناو کورددا وانەبووە، گەلانی هەموو وڵاتانی ژێردەستە بەم قۆناغەدا ڕۆیشتوون. یەکێ لەو هۆیانەی ئەم ئەرکەیان خستووەتە ئەستۆی شیعر، نەبوونی هۆی تری ڕاگەیاندن و ئاسانی لەبەرکردن و مۆسیقایەتی شیعرە. هەر بەهۆی ئەم خاسیەتی دووەمی شیعریشەوەیە کێش هەمیشە مەرجێکی سەرەکی شیعر بووە، بە پێچەوانەی بۆچوونی هەڵگرانی ئاڵای بەناو (شیعری تازە)وە، بۆیە ئەگەر تێکۆشی سیاسی شاعیر بوو، دەبێ شان بە شانی ئەرکە ئیستێتیکییەکانی سەرشانی شیعر، بەڵکو لە پێشیانەوە، بۆ سیاسەتی لەپێناوی گەل و وڵاتەکەیدای بەکاربهێنێ.

بۆیە لە بارەی خەریکبوونی ئەدیبەوە، شاعیر بێ، یان چیرۆک و ڕۆماننووس، یان ڕەخنەگری ئەدەبی، یان هەرچی تر لە بواری ئەدەبدا، خەریکبوونی بە سیاسەتەوە، دەڵێم وەڵامی ئەم پرسیارە بەرەو ڕووی یەکەم بارودۆخی ژیانی گەلی خاوەن ئەدیبەکە و دووەم توان و لێهاتوویی ئەدیبەکە لە هەر کام لە بواری سیاسەت و ئەدەبدا و سێیەم چێژ و ئارەزووی خۆی دەبێتەوە. ئەوکەسە ئەگەر ئارەزووی زیاتر لە سیاسەتە با خۆی بۆ سیاسەت تەرخان بکا و ئەگەر گەل و وڵاتەکەی لە بارەی سیاسەتەوە پێویستی زۆریان پێیەتی، بەلامەوە دەبێ خۆی بۆ سیاسەت تەرخان بکا و ئەگەریش ئەدیبێکی باڵادەستە و دەتوانێ لەم بوارەدا خزمەتی زۆر بە گەل و وڵات بکا، نابێ ئەو بەهرە و توانەی بۆ کاری سیاسەت لە کیس بدا. لە هەموو حاڵێکیشدا دەتوانێ لە ڕێگای ئەدەبێکی هونەرمەندانەوە خزمەتی گەورە بە سیاسەتی نیشتمانی بۆ گەل و وڵاتەکەی بکا. من، وەک لە وەڵامی پرسیارێکی تریشتاندا وتوومە، لەو ڕایەدا نیم کە ئەدەب هەمیشە لە ئاستی سیاسەتدا ئەرکی یەکەمی سەرشانی ئەدەبی سیاسییە. تۆ دەتوانی چ ئەدەبێک بۆ گەلەکەت بنووسی ئەگەر دوژمنی داگیرکەر ڕێگای گەلەکەت نەدا ئەدەبەکەی تۆ بە ئازادی، بە لە چاپ دراوی بخوێنێتەوە و لێی سوودمەند بێ؟

**ڕامان:** سەبارەت بە شیعری نوێی کوردی، ئەو جۆرە شیعرەی کە لەپاش حەفتاکانەوە نووسراوە، من زۆرجار بیروڕایەکی تایبەتی ئێوەم سەبارەت بەو جۆرە شیعرە بیستووە، پێم باشە لێرەدا ئەو بیروڕایەت جارێکی تر تۆمار بکەین.

**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەگەر لەبیرم نەچووبێ ئەوکاتە چیم وتووە. ئێستا لەوە دڵنیانیم کە ئەوکاتە دەق چیم وتووە، بۆیە ناتوانم بڕیار لە بارەی قسەکانی ئەو کاتەمەوە بدەم. ئەوەی ئێستا دەتوانم بوێرانە بیڵێم ئەوەیە شیعر هاوسەنگی [واتە (وەزن)] و دواهاوچەشنی [واتە (قافیە)] و وێنەیەکە ئەو خەیاڵانەیش دەگرێتەوە لە شیعرەکەدا دێن. کە یەکێک لەمانە ناتەواو بوو مەرجێکی شیعر دەفەوتێ. ئێمە شیعرمان بۆ ئەوە دەوێ و پێی دەڵێین شیعر لە پەخشان جوێ ببێتەوە، بەڵام ددان بەوەدا دەنێم کە هێنانەدی مەرجی دوا هاوچەشنی [واتە (قافیە)] زۆرجار کارێکی وا لە شاعیرەکە دەکا ناچار ببێ دەستبەرداری مەرجی وێنە ببێ کە لام وایە شان بە شانی هاوسەنگی [واتە وەزن] مەرجی سەرەکی و بنەڕەتیی شیعرن، لەبەر ئەوە چاوپۆشی لە پێویستیی هەمیشەی (قافیە) دەکەم؛ بەڵام وەزن و وێنە، ئەوە بە هیچ جۆرێ دەستبەرداریان نابم. ئەم بەناو شیعرە کە لە سەرەتای حەفتاکانەوە داهاتووە، مەودایەکی بەربڵاوی بۆ هەر کەس پەیدا کردووە هەر قسەیەک بکا و لەخۆیەوە ناوی بنێ شیعر. جا لەناو ئەمانەدا دیارە هی وایان تێدایە وێنەی شیعریی لا هەیە. ئەگەر ئەمانەیان تا حەفتاکانیش بهاتنایەتە مەیدانەوە، خۆیان بە ناچار دەزانی، بۆ ئەوەی ببن بە شاعیر، وەزن و قافیەشیان هەبێ، لەبەر ئەوە دەبوون بە شاعیر و لام وایە شاعیری باشیشیان تێدا هەڵدەکەوت، چونکە وەک وێنەکەیان هەیە، وەزن و قافیەیشیان دەبوو، بەڵام چونکە ئێستا وێنەکەیان لە قسەی ئاساییدا بەکاردێنن. ئەمانە بەلای منەوە نە شاعیرن و نە هیچ، هەرچەند لێشم تووڕەبن. من نایەم قسە لە بارەی هەر کەسێکەوە بکەم.. شێرکۆ بێکەس دەکەم بەسەر مەشق کە زۆرجار وێنەی جوان لە شیعرەکانیدا دەبینم. چەند مانگێک لەمەوپێش چاوپێکەوتنێکی چوار ئەڵقەیی لە یەکێک لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە لەگەڵ کرا، وێنەی جوانی پێشکەشی گوێگران کرد. لە زۆر برگە و دێڕیشدا چاودێریی وەزنی پێ کرابوو. خوێندنەوەکەیشی سەرەڕای هەموو. من دەمەوێ شاعیرەکانی ئەم سەردەمە هەوڵ بدەن بە ڕێچکەی شێرکۆدا بڕۆن و مەرجەکانی شیعر بە ڕیز لە شیعریاندا بهێننەدی: وێنە، وەزن و با بڵێین (چش)یش لە قافیە بکەن. جا فێری ئەوەش ببن چۆن شیعر دەخوێننەوە، پاش ئەمانە، من، بەش بەحاڵی بیروبۆچوونی خۆم، مافی ئەوەیان دەدەمێ بێنە مەیدانی شیعرەوە و بڵێین: ئێمەش هەین.

**ڕامان:** لەناو شاعیرانی ئێستاماندا کێ هەیە جێگای

سەرنجی تۆ بێ؟
**محەمەدی مەلا کەریم:** هەیە. بۆچی نییە!
**رامان:** کێ؟ وەکو کێ؟
**محەمەدی مەلا کەریم:** شێرکۆ لە بواری وێنەدا جێگای سەرنجە.
**رامان:** ئەی ئەنوەر قادر جاف و ئەوانە؟
**محەمەدی مەلا کەریم:** ئەنوەر قادر جافیش جێگای سەرنجە. هی تریش کەم نین کە جێگای سەرنجن: لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، محەمەد عومەر عوسمان. ئەوەش بڵێم کە من شیعری هەموو شاعیرەکانم نەخوێندووەتەوە، بۆیە پێم وابێ زۆری تریش هەن جێگای سەرنجن. لەناو ئافرەتە شاعیرەکانیشدا هەندێکیان وێنەی ناسکیان لایە، بەڵام من رەخنەگری شیعری نیم تا بێم شیعری هەموو شاعیرێک یەکالا بکەمەوە.
**رامان:** پێت وانییە ئەو بیروڕایەت تۆزێ قەساوەتی تێدایە؟
**محەمەدی مەلا کەریم:** لەوانەیە تارادەیەک قەساوەتی تێدابێ، بەتایبەتی لای ئەو کۆمەڵە زۆرە کە ئێستا مەیدانەکەیان داگیرکردووە و خۆیان بەنازناوی شاعیرەوە پێشکەشی جەماوەری لە شیعر بێ ئاگا دەکەن. کورد دەمێکە وتوویە: کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترش. منیش بۆ داکۆکی لەبیروبۆچوونەکەی خۆم هەر ئەوەندە دەڵێم: هەر شتێک پێناسەی خۆی هەیە. شیعر شیعرە و پەخشان پەخشانە. بۆ وێنە تۆ خانوویەک دەکەیت. خانوو دیواری هەیە و دەرگا و پەنجەرە و سەربان و چی تریشی هەیە. تۆ خانووت دیوە دەرگا، یان پەنجەرە و سەربانی نەبێ؟ تۆ خۆت بڵێ!
**رامان:** پێدەچێ جەنابت هەر لەسەردەمی فەقێیایەتیت و لەناو شیعری کلاسیکدا کە ساغت کردوونەتەوە ئەم بیروبۆچوونانەت بۆ هاتبێ و لەو دنیایە نەهاتبێتە دەرەوە؟
**محەمەدی مەلا کەریم:** پێدەچێ وابێ. کەس ناتوانێ بە ئاسانی ئەو سێپاڵە لەخۆی داماڵێ کە لەمەلۆتکەییەوە لێی پێچراوە و پێی پێچراوەتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەیش بڵێم من لە قۆناغی فەقێیاتیم دانا، لەقۆناغی عەلمانییەتی و پاش چەند ساڵ لە خەریکبوونی سیاسەتیش، کە هۆشیاریی نیشتمانی و نەتەوەییم گەیوەتە رادەیەکی باش، خەریکی شیعری کلاسیکی کوردی بووم و ئێستاش هەر خەریکیم و نەیشگەڕاومەتەوە بۆ سەردەمی فەقێیەتی و مەلایەتی.

بەش بەحاڵی شیعر و پێناسەکردنی شیعر، نە تەنیا منم ئەم پێناسەیەم بۆ شیعر دانابێ و نە تەنیا منیشم ددانی خێر بەم جۆرە بەناو شیعرانەدا نەنێ، ئێمەی کورد لە بارەی شیعرەوە، لە بازنەی شیعری سەردەمی پاش هاتنی ئیسلام و شیعری دە برگەیی کۆنی کوردی خۆماندا دەخولێینەوە. ئێمە لەپێش هاتنی ئیسلامەوە بۆ کوردستان ئەم شیعری دە برگەییەمان بووە کە ئێستایش هەیە و ماوە و شیعری دیالێکتی (گۆران) وتراو بەم جۆرەیە. پاش هاتنی کولتووری ئیسلامیش شیعری (تەفعیلە)مان لا پەیدا بووە کە چەندین لقی هەیە و خۆیشمان دەسکاریمان تێدا کردووە و لێمان زیاد کردووە. شیعری تەفعیلە کە لەسەر بنەماکانی عەرووزی عەرەبی وتراوە و ئەو شیعرانەی خۆیشمان کە بە دەسکاری کردن لە عەرووزی عەرەبیدا دامانهێناوە، هەموو وەزن و قافیە و وێنەیان تێدایە و تا ئەم دواییەش کە ئەم بەناو شیعرە تازە بابەتە هێنرایە ئاراوە، کەس گلەیی لە بوونی وەزن و قافیە و وێنە نەکردووە و پرکێشی نەکردووە ریزە وشەیەک رێک بخا هیچ کام، یان بەشێکی سەرەکی لەم مەرجانەی تێدا نەبێ و پێشی بڵێ شیعر. شیعری هەر تەنیا وەزن و قافیەدار، بەڵام بێ وێنەش هەبووە، بەڵام رەخنەگرانی ئەدەبی پێیان نەوتووە شیعر و تەنیا ناوی (نەزم-نظم)، یان بەکوردی (هەڵبەست)یان لێ ناوە.
زۆرکەس لە ئێمە خراپ لەوە گەیشتوون کە وتراوە گۆرانی شاعیر شیعری کوردیی تازەکردووەتەوە ئەو تازەکردنەوەیان بە واتای یاخی بوون لە وەزن و قافیە، یان ریزکردنی وشەی بە ژمارەی برگەوە لێکداوەتەوە. بەندەش کە داوای بە مەرج گرتنی هەمیشەیی قافیە ناکەم لە خۆمەوە قسە ناکەم هەر رەوشی گۆرانە لێرەدا بە نووسین دەری دەبڕم و دووبارەی دەکەمەوە.

# بەشداریکردنی ڕەگەزە دەروونییەکان لە ئیستێتیکای شیعرەکانی سێ شاعیردا

پێشڕەو عەبدوڵڵا

## تەوەری یەکەم
## یادگە و ئیستێتیکای شیعر

بەر لەوەی باسی ئیستێتیکای دەقی شیعر بکەین، دەبێت بە کورتە باسێک باسی یادگە بکەین وەک گرنگترین بەشی دەروونیی مرۆڤ. لەپاڵ یادگەشدا کۆمەڵێک بەشی تر هەن ناکرێت فەرامۆش بکرێن وەک (یادەوەری) کە سەرەکیترین بەشی یادگەیە، زۆربەی کردەی ئافراندنی شیعریش بە یادەوەرییەوە پەیوەستە، چونکە (یادگە) وەک کۆگایەک ئەرکی پاراستنی یادەوەرییەکانی مرۆڤە. ئەوەی لەودیو ئەم پاراستنەوە ڕوودەدات بەها و گرنگی خۆیان هەیە وەک وەرگرتنی زانیاری و کردنی بە یادەوەری و پاشان پاراستن و گەڕانەوەی، کە هەموو ئەم کارانە کاریگەرییان لە ڕەهەندی ئیستێتیکای شیعردا هەیە و هەمووشیان لەسەر ڕووتەختێک ڕوودەدەن کە ئەویش یادگەیە.

واتە یادگە وەک بەشێک و ڕووتەختێک شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانە، ئەوەی کە ڕووداوەکان کز دەبن و بەدەردەکەون و دەپووکێنەوە، ئەوە خودی ڕووداوەکانن، کە زۆربەیان جووڵان و وەستانی یادەوەرییەکانن لەناو یادگەدا. یادگە وەک کۆگایەک تژییە بە کەرەستەی عەمبارکراو کە کاتێک شیعر دەست بە دەرکەوتن دەکات، کۆمەکی خۆی لە یادگە وەردەگرێت بە وەرگرتنی یادەوەرییە پێویستییەکان بۆ ئەو کارەی، یان ئەو مانایەی شیعرەکە لەو ساتەوەختەدا دەیەوێت. یەکێک لەو پرۆسە گرنگانە پرۆسەی بەبیرهاتنەوەیە، کە لە ساتی ئەفراندنی شیعردا هەموو یادەوەرییەکان چالاک دەبن، دوورترین و کۆنترین یادەوەری شیانی ئەوەی لەبەردەمە کە چالاک بکرێت و بێتە ناو جیهانی ئەو شیعرەوە.

«بەبیرهاتنەوە (remembering) پرۆسەیەکی عەقڵی و مەعریفییە لە میانەی عەمبارکردن و گەڕانەوەی ئەزموونی لە مێژینە لە وێنەی هەست پێکراودا، یان لە شێوازی تردا خۆی دەردەخات» (١)

با پرسیارێک بکەین ئایا ئەوەی بە بیر دێتەوە چییە؟ بێ گومان ئەوە یادەوەرییەکانن جارێکی تر دەگەڕێنەوە و چالاک دەبن، کە لە مێژە لە یادگەدا وەک ماتەوزەیەک نوستوون، ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی سادە و ئاسان نییە، بەڵکو عەقڵییە و مەعریفیشە، چونکە شاعیر کاتێک خەیاڵی ئاراستەی یادەوەرییەک دەکات هەر بە تەنیا بۆ بەخەبەرهێنان نییە، بەڵکو شاعیر لە ئەنجامی ئەزموونی ژیانی خۆیدا گەیشتۆتە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و هەمەکی، کاتێک ئەم تێگەیشتنە ئاراستەی ڕابردووی ژیانی خۆی دەکات جۆرێک لە تێگەیشتن لەو ژیانە بەسەرچووە دێتە ئاراوە، یان هەستی بە خۆشی و ناخۆشی ئەو ڕابردووە نەکردووە. کاتێک لە شیعرێکدا ئەو شتانە

دەخاتەوە بەرچاو کە یادەوەری ناو یادگەن لە ئێستای شیعرەکەیدا هەست بە خۆشی ئەو ژیانە، یان ناخۆشی، یان دروستی و نادروستی ئەو ژیانە دەکات.

جا زۆر جار خۆزگە بە گەڕانەوەی ئەو ژیانە دەخوازێ و جوانییەکان بەرجەستە دەکات، وەک بەشداریکردنی یادەوەری منداڵی لە پرۆسەی ئەفراندنی شیعریدا، لەبەر ئەوەی منداڵی بۆخۆی ئەزموونێکی جوانە، کاتێک شیعر ڕێژ دەکرێت ئەو جوانییە دەبێتە هەوێنی ئێستێتیکای ئەو شیعرە، جوانییەکی ناوازە بەو شیعرە دەبەخشێت چ لە ڕووی گواستنەوەی وێنەی جوان، یان مانا، یان فۆرمی شیعرەوە، چونکە ئەم گەڕانەوەیە، یان لە وێنەی هەستپێکراودا، یان لە شێوازی تردا دەردەکەوێت، ئەم پرۆسەیەش ڕاستە جۆرێک لە ئازادی تێدایە لە گەڕانەوەی یادەوەرییەکان، بەڵام ئەمە مانای ئەوەی نییە کە بێ بەرنامە و بێ لۆژیکە،نەخێر! چونکە «ئەم پرۆسەیە عەقڵییە لەناو یادگەدا کە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و ڕێک بەڕێوە دەچێت بەم ڕیزبەندییەی خوارەوە ڕوودەدات (فێربوون – گەڕانەوە – ناسینەوە)» (٢)

واتە ئەم پرۆسەیە یەکەم جار فێربوونە، کە ئەویش پڕکردنی یادگەیە بەو زانیارییانە کە وەک یادەوەری لە یادگەدا دادەنیشن و مرۆڤ فێر دەبێت، پاشان گەڕانەوە و ناسینەوەیە. لە قۆناغی گەڕانەوەدا شاعیر جیا لەوەی زۆر جار وەک خۆی شتەکان دەگوێزێتەوە، بەڵام شاعیر بەم گواستنەوە کتومتە ڕازی نییە، نەخێر! بەڵکو یاری کردن و دەستکاری کردنی ئەم کەرەستەیە جوانی دەخاتەوە، چونکە شتێک پێشکەشی ئێرە دەکات کە واقیعی نییە و شتێکی ترە و یەکەم جارە ئێمە وەک خوێنەر و وەرگر ئاشنای دەبین، ئەمەش بۆ ئەو بیرکردنەوە و بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە کە شاعیر ئاراستە دەکات کە لە کاتی گەڕانەوەیدا دەستکاری ئەو کەرەستەیە بکات. لێرەدا ئێستێتیکا خۆی نماینده دەکات بەوەی هەمیشە شیعر نوێخوازە و ڕوحێکی تازەگەر هەیە و ئاراستەی دەکات. ڕاستە دەستکاری یادەوەری دەکات و وا دەکات بە ناواقیعی دەریانبېرێت، بەڵام ئەم ناواقیعی بوونە ئێستێتیکا دەخاتەوە، جا ئایا ئەم ئێستێتیکایە هی ئەوەیە شاعیر جۆرێکی تر بیردەکاتەوە بۆیە یادەوەرییەکان جۆرێکی تر ڕیز دەکاتەوە؟ یان جۆرێکی تر شتەکان ڕیز دەکاتەوە؟ ئایا ئێستێتیکای شیعر وەک لایەنێکی گرنگ خواردنی خۆی لەکام لەم دوو شیانەیە وەردەگرێت؟ لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین هەردوو شیانەکە لە ئارادان و ئەگەری هاتنەدییان هەیە، بەڵام ڕوحی ئێستێتیکا زیاتر لەوەوە نزیکە کە شاعیر هەڵگری بیرۆکەیەکی ترە بۆ ژیان و بیرکردنەوەیەکی تر هەیە شاعیر ئاراستە دەکات، بۆیە لە ساتی وەبیرهاتنەوەدا، کاتێک یادەوەری بە هوروژم لە یادگەوە دێتە ناو ناوچەی هەستەوە، ئەم بیرۆکە جیاوازە، یان ئەم بیرکردنەوە جیاوازەی شاعیر هەڵگریەتی، سەرداریتی ئەم پرۆسەیە دەکات و کاتێک یادەوەری لە ساتی هەڵڕشتندا لەناو شیعردا ڕێک دەخرێتەوە، ئەو کاتە ئەو ئایدیا جیاوازە ئەم ڕێکخستنە بەرپا دەکات و خەیاڵ ئاراستەی هەموو بەشەکان دەکات بۆ دۆزینەوەی مانا و خوڵقاندنی مانای تر لەپشت مانا باوەکانەوە، بەمەش ئێستێتیکای شیعر خۆی مانیفێست دەکات، چونکە ئەم هەڵڕشتنە هەروا هەڵڕشتن نییە بەتەنیا و هاتنە دەرەوەی یادەوەری نییە، بەڵکو ڕێکخستن و چالاک کردنەوە و جۆرێکە لە بیرکردنەوە کە شاعیر ئاراستەی ژیانی خۆی دەکات.

«یادگە زۆر گرنگە بۆ وەعی و بیرکردنەوە و فێربوون، کە بەبێ بوونی یادگە هیچ کام لەمانە ڕوونادەن» ،(٣) ئەگەر یادگە نەبێت، ئەوە هیچ زانیارییەک عەمبار ناکرێت کە مرۆڤ ڕۆژانە و بە درێژایی ژیانی خۆی بەهۆی هەستەکان و تێگەیشتنی خۆیەوە ئەو زانیارییانە وەردەگرێت، ئەو کاتەش مرۆڤ هیچی نییە تا بیری لێ بکاتەوە، چونکە سەرەتا مرۆڤ لە قۆناغەکانی منداڵی و دواتردا زانیاری وەردەگرێت، بەڵام کاتێک عەقڵ تێیدا چالاک دەبێت مرۆڤ یەکەمین کارێک ئەنجامی دەدات ئەوەیە بیر لەو ژیانەی خۆی دەکاتەوە، ئەو ژیانەش هەمووی لە یادگەدا پارێزراوە کە خودی یادەوەرییە، واتە گرنگی یادگە لێرەدا بەدەردەکەوێت، ئەوجا مرۆڤ لەسەر شتەکان پرسیاری بۆ دروست دەبێت و ئەم پرسیارکردنەش خودی وەعی و بیرکردنەوەیە، دواتر لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیە یادەوەرییەکان پلەبەند دەکرێن باشی و خراپی و جوانی و ناشیرینی...تاد و هەموو ئەمانە ڕێک دەخرێن.

شیعریش لە جەوهەری خۆیدا خودی هەستکردن و بیرکردنەوە و وەعییە، کە شاعیر دەربارەی ڕابردووی خۆی و ئێستا و ئایندەشی دەریدەبڕێت، بۆیە ئەم جیاوازی بیرکردنەوەیە، لە پرۆسەی ئەفراندن و لایەنی ئێستێتیکای شیعردا بەشی شێری بەردەکەوێت، شیعر بە

ئارەزووی خۆی یادەوەرییەکان ڕێکدەخات و بەپێی تێگەیشتنەکانی شاعیر مانایان دەداتێ و وێنەی تر و فۆرمی دیکە دەخوڵقێنێ کە زۆریان لە ڕووی واقیعییەوە ناواقیعی و نالۆژیکین، واتە شیعر دنیایەکی ڕەمزئامێزە و ئەم ڕەمزیەتەی وادەکات جۆرێک لە ئیستێتیکا بخاتەوە. هەر ئەم ڕەمزییەتەشە بوار دەداتە شاعیر دەستکاری شتەکان بکات، چونکە وەک واقیع نییە کە دەستکاری کردنی شتەکان هەروا ئاسان و سادە نەبێ، هەر شتێک بیگریت ئاماژەیە بۆ مانایەکی تایبەت و ئاسان نییە ئەو مانایە لەو شتە لە واقیعدا بسێنیتەوە، چونکە جۆرێک لە کۆدەنگی لەسەرە، بەڵام شاعیر لە شیعردا هەر خۆیەتی و شتەکانیش وێنەکانن نەک خۆیان کە وەک یادەوەری لە یادگەدا هەن، پاشانیش شیعر گەمەکردنە لە زماندا، بۆیە شاعیر لە بەخشینی مانا بە بێ مانایی، یان بەخشینی جوانی بە ناشیرینی، یان گۆڕینی ناو و ئاماژە و ماناکان ئازادە. پاڵپشت بەو بیرکردنەوەیەی شاعیر ئاراستەی یادەوەری دەکات، گەمەکردن بە زمان بۆخۆی جوانییە، جوانییەکە کە تەنیا شیعر دروستی دەکات.

نزیکترین یادەوەرییەکیش کە لەبەر دەستی شاعیردایە یادەوەری ژیانی تایبەتی خۆیەتی کە زۆرێک لە زانایانی دەروونناسی بە (یادگەی ژیانی خودی ناویان ناوە)، کە لەوانە «فرۆید لە تێگەیشتنەکانی خۆیدا دەربارەی لە بیرکردنی یادەوەری منداڵی، یان چەپاندنی، یان دەستکاری کردنی یادەوەرییە ناشیرینەکان (بە زیادکردن، یان کەمکردنی) زۆر گرنگی بەم جۆرە یادگەیە داوە، کە زۆر کەس سەرکەوتوو نین لە یادهێنانەوەی یادەوەرییە تایبەتییەکان بەهۆی چەپاندنەوە، یان هۆکاری بەرگری دەروونی وەک (من) یان بە بیرهاتنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو، ئەمەش بەهۆی پاککردنەوەی یادەوەری، یان هۆکاری لاوەکی» (٤)

واتە زۆر کەس هەن دەستکاری یادەوەری خۆیان دەکەن، بەوەی هەڵەیان کردووە و لەبیر خۆیانی دەبەنەوە، یان کارێکی ئازایانەیان ئەنجام داوە، لە ساتی باسکردن و گەڕانەوەی ئەو یادەوەرییە، زیادەی دەخاتەسەر، شاعیریش لەم یاسایە بەدەر نییە، بۆ نموونە ژیانی منداڵی خۆ هەمووی هەر جوانی و خۆشی نییە، بەڵام کاتێک لە شیعرێکدا ئەم ژیانی منداڵییە باس دەکرێت، پڕ دەکرێت لە جوانی و پاکی و بێگەردی، بە جۆرێک ئەوەندە شتەکان گەورە دەکرێن کە ئیتر دەچنە ناو سنووری گەمەوە و شتەکان دەبنە جۆرێک لە فیلمی کارتۆن وەک قسەکردن لەگەڵ دار و چاوشارکێ لەگەڵ مانگ و...تاد.

ئەمەش هەمووی گەمەی ئیستێتیکی شیعرە لەگەڵ یادەوەرییەکاندا کە یادگە وەک ڕووتەختێک دەبێتە مەیدانی خستنەوەی ئەم جوانییە، هەروەها بە بیرهاتنەوەی یادەوەرییەکان لە واقیعدا زۆرجار ڕێپێدراو نین، چونکە یادەوەرییەکان هەمەچەشن و هەمەڕەنگن، تاوان و گوناه و هەڵە و...تاد. دەیان شتی دیکە لە یادگەدا هەن، بۆیە هەڵڕشتنی ئەم هەموو لایەنە جیاوازە لە جیهانی ئازادی شیعردا ئاسانتر و ساناترە، چونکە شاعیر هەر خۆیەتی بەتەنیا، هەروەها زیاتر لەمەش شاعیر زۆرجار لە شیعردا دان بە تاوانەکانی خۆیدا دەنێت و ئەو یادەوەرییانە بەسەر دەکاتەوە کە هەموو گوناه و تاوانن، ئەمەش بۆ خۆ ڕزگارکردنە لەو ئازارە ناوەکییەی شاعیر هەراسان دەکات، شیعر وەک پاراستنی هاوسەنگی دەروونی شاعیر و ڕزگارکردنی لەو ئازارە ویژدانییە یادەوەرییەکان دەجوولێنێت و شاعیر پاک دەکاتەوە و وادەکات لە نوێوە دەست بە ژیان بکاتەوە و بە جۆرێکی تر ژیان ئەزموون بکات.

ئەم حاڵەتە حاڵەتی تێگەیشتنە لە ڕابردوو، واتە جیاوازە لەو دۆخەی کە هەندێک مرۆڤ بەشێک لە یادەوەری خۆیان بزر دەکەن و تووشی نەخۆشی لە یادچوونەوە دەبن وەک نەخۆشی ( ئەلزایمر ).

«لە هەمان کاتدا تەسک بوونەوەی یادگە هەیە، وەک لە نەخۆشی ئەلزایمەردا هەیە، کە ئێمە توانای ژیانەوەی ڕابردوومان نییە، کە لە ئەنجامدا پێوەندی خۆمان بە خۆمان و دەوروبەرمانەوە بزر دەکەین» (٥)

بەڵام شاعیر لەمە بەدەرە، چونکە شاعیر خاوەنی یادگەیەکی فراوان و کشاوە، کە ڕاستەوخۆ بەپاڵ عەقڵەوە کاردەکات، هەروەک بەشێک لە شارەزایانی بواری دەروونناسی یادگە بەوە پێناسە دەکەن کە «ناوچەیەکی لاستیکییە، ڕاستەوخۆ بە ژیانی عەقڵی ئێمەوە پێوەندە» (٦)، چونکە شیعر لە تێگەیشتن و بیرکردنەوە بەدەر نییە، شاعیر هەستیارترین مرۆڤە بە شتەکان، بۆیە لە شیعردا یادەوەرییە زۆر کۆنەکان و یادەوەرییە تازە عەمبارکراوەکان و ئەوانەی لە ئایندەدا شیانی ڕوودانیان هەیە، هەموو ئەمانە پێکەوە لەسەر خوانی زمانی شیعری کۆ دەکاتەوە و هەمیشە جوانی

بەرهەم دەهێنێ و ئیستێتیکا بە بەری شیعردا دەکات. ئەم جوانییە تێکەڵکردن و کۆلاژکردنی یادەوەرییەکانە و دووبارە گەڕانەوە و ڕێکخستنیانە بە شێوازێکی تر و جۆرێکی تر، کە زۆرجار ناواقیعی و نالۆژیکیە، هەروەها هاوتەریب بەمە کاتێک شاعیر مامەڵە لەگەڵ یادەوەرییەکاندا دەکات وەک ماددەیەکی خاو و بێ مانا، یارمەتی دەدات کە چۆن بیەوێت ئاوها مانادار و فۆرمی تریان بۆ دابتاشێت، بۆیە شیعر پێش ئەوەی گەمەبێت بە شتەکان، گەمە کردنە بە زمان، چونکە تەنانەت زمانیش تووشی گۆڕان و هەڵوەشانەوە دێت لە شیعردا چ لە ڕووی ماناوە چ لە ڕووی فۆرم و ڕوخسارەوە. ئەمانە هەمووی دەکەونە بەردەستی شاعیر و شیعر شتی تریان لێ فەراهەم دەهێنێت، بۆیە ناتوانرێت شیعر لە جوانی دابڕێت و ئیستێتیکا ڕەهەندێکی گەورەی شیعرە بۆ بەخشینی چێژ و خستنەوەی جوانییەکی ناوازە، بەشێکی زۆری ئەم جوانییە بۆ چالاکی (یادگەی خۆنەویست) دەگەڕێتەوە کاتێک بەبێ ئاگاداری شاعیر لەپاڵ (یادگەی خۆویست)دا کاردەکات.

چونکە یادگەی خۆویست لەسەر ئەرک و ماندووبوونی مرۆڤ ڕادەوەستێت کە ماندوو دەبێت بۆ ئەوەی زانیارییەک بەدەست بهێنێ، بەڵام (یادگەی خۆنەویست) ئێمە ئاگادار نین ئەو بەخۆی بەبێ ویستی ئێمە کۆمەڵێک وێنە و ڕووداوی تری عەمبار کردووە کە ئاگامان لێ نەبووە، زۆربەی ئەو شتانەش شتی زۆر لاوەکی بچووک و لاچەپن، بەڵام کاتێک شاعیر بەهۆی شیعرەوە یادگەی چالاک دەکات ئەو یادگە خۆنەویستەش چالاک دەبێت و هەموو ئەو شتانە دێنێتەوە کە لە ساتی گەڕانەوەیاندا شاعیر بەخۆی دەزانیت و سەری دەسوڕمێ چۆن ئەو شتانەی لەبیر ماوە؟ یان چۆن ئەو شتانەی وەرگرتووە بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت؟

جا لە پرۆسەی ئەفراندنی شیعردا ئەم یادگەیە زۆر شتی سەیروسەمەرە دەهێنێ کە دەبێتە هەوێنی جوانی شیعر و شیعر لا لە شتی زۆر بچووک دەکاتەوە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی زۆرکەم بیری بەلای ئەو شتانەدا دەڕوات، ئەم یادگەیە بەشدارییەکی زۆر کارای لە ئیستێتیکای شیعردا هەیە جا بە هێنانی وشەی سەیروسەمەرە و ڕووداوی لاوەکی و وێنەی جۆراوجۆر، کە هەموو خزمەت بە لایەنی ئیستێتیکی شیعر دەکەن، هەروەک (هنری برگسون) لە باسی کاری یادگەدا دەڵێت:

«لەنێوان ئەو دوو جۆرە یادگەدا، یەکەمیان بۆ لایەنی سروشتی خۆی ئاراستە دەکرێت، دووەمیان کاتێک لێدەگەڕێن بە ئاراستەیەکی پێچەوانە کاردەکات، یەکەمیان لە ئەنجامی هەوڵدانەوە بەدەست دێت کە بە ویستی خۆمان کاردەکات، دووەمیان خۆنەویستە و هەڕەمەکیانە کاردەکات» (٧) ئەم هەڕەمەکییەتە کاتێک دێتە ناو شیعرەوە، شیعر بە ئایدیاکانی خۆی ڕێکی دەخاتەوە و جۆرێک لە مانای دەداتێ و جوانییەکی تر دێنێتە بوون، بەڵام یەکەمین ئاستی یادەوەری لەسەر زمان و ئەو شتانە ڕادەوەستێت کە شاعیر بەکاری هێناون، یان ئەو دەوروبەرەی تێیدا ژیاوە.

١-بەختیار عەلی:

**«لێرە هەنار مۆسیقای دەنکەکانی خۆی دەژەنێت، تیشک لە باڵندەکانەوە**

**فێری نیشتنەوە بووە لەسەر ئاو، فێربووە لە خوێنی ئێوەدا گەرا دانێت.. دەڵێت : با خۆر زۆر بێت.**

**با هەتاو زاووزێ بکات**

**ڕوح لەبەرە سپییەکان دێن، لەو هەوا بێ دەنگە ڕادەمێنن کە پڕە لە ئەگەری تەقینەوەی ترسناک. لەو دەریاچە گەرمانە دەڕوانن کە کەشتییەکانیان دەبنە هەڵم.**

**دەریاوانەکانیان دەبنە غوبار**

**ڕۆژێک دێت، چیتر باڵندەکان ناخوێنن.. بولبول بەهار بە کەروڵاڵی دەباتە سەر. هاوین بە کپی بخوری دەریاچەکان**

**هەڵدەمژێت، بەبێ هاوار باڵەکانی دەنووسێن بە ئاسماندا**

**بەبێ دەنگ وەک بورجێک لە لم دەڕووخێت. بەبێ دەنگ وەک**

**مورووییەک لە تۆفاندا ون دەبێت. بەبێ دەنگ وەک تەیرێک بە**

**فەخار دەشکێت......» (٨)**

ئەگەر لەم پارچە شیعرەدا واز لە مانا بهێنین و لەو ڕوانگەیەوە بنۆڕین کە ئایا یادگە وەک ڕەگەزێکی گەورەی دەروون چۆن بە یادەوەرییەکانی خۆی کۆمەکی شاعیری کردووە بۆ دەربڕینی هەست و نەستی خۆی، هەر لە پێشکەشکردنی وشەی عەمبارکراوی وەک (ژەنین، فەخار، خوێندن،...تاد.) هەتا هەموو ئەو شتانەی شاعیر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئەزموونی کردوون و مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، وەک (هەنار، مۆسیقا،

تیشک، باڵندە، ئاو، خوێن، خۆر، هەتاو، ڕوح لەبەر، هەوا، دەریاچە، کەشتی، هەڵم، دەریاوان، غوبار، باڵندە، بلبل، بەهار، هاوین، باڵ، لم، بورج، مورووی، تۆفان، تەیر،...تاد.).

هەموو ئەم شتانە پێوەندییان بە یادگەوە هەیە، چونکە شاعیر ڕۆژێک، یان ساتێک لە ژیانی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و وەک زانیارییەک لە شێوەی یادەوەری لە یادگەیدا هەڵیگرتوون، بەڵام لەساتی ئەفراندنی ئەم شیعرەدا هەموو ئەو شتانە، کە یادەوەرین و لە واقیعدا کەم و زۆر لەیەک دوورن، یان پێوەندییان بەیەکەوە نییە و هی سەردەمی جیاجیان، بەڵام لایەنی ئیستێتیکی شیعرەکە هەر بەوەندە جوانی نەبەخشیوە کە لە پاڵ یەکتردا دایناون، بەڵکو زۆرجار یاری بەو پێوەندییانە کردووە بەجۆرێک کە ناواقیعین، (وەک ژەنینی مۆسیقای دەنگ لەلایەن هەنارەوە، فێربوونی نیشتنەوەی باڵندە لە تیشکی ڕۆژەوە، زاووزێی خۆر و بەهەڵم بوونی کەشتی، بلبلی کەڕ، هاوینی کپ، نووسانی باڵی باڵندە بە ئاسمانەوە،...تاد.).

هەموو ئەم وێنانە کە واقیعین سەرەتا هەموویان وەک یادەوەری لە یادگەدا هەر شتەو لە بەرانبەر مانای خۆیدا بوونی هەیە، ئەم زمانە تێکشاوە بۆ قسەکردن مرۆڤ تووشی سەر ئێشە دەکات، بەڵام زمان لەم ئاستە شیعرییەیدا بەو تێکشکان و دەستکاری کردنی وێنە و کۆلاژکردنەیان، ڕەهەندێکی زیندووی ناو شیعری پاراستووە کە ئەویش ئیستێتیکایە.

هەموو ئەو وێنانە لەگەڵ ئەوەی نالۆژیکین، بەڵام مانای لۆژیکییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ناواقیعین بەڵام مانای واقیعییان لە هەناوی خۆیاندا مۆڵداوە، هەروەها جوانییەکی ناوازەیان فەراهەم کردووە کە تەنیا شیعر دەتوانێت دروستی بکات، چونکە کێشانی ئەو وێنە نالۆژیکیانە لەسەر زمان جوانتر بەرجەستە دەکرێن وەک لە ڕەنگ، یان دەنگ، یان... تاد. ئەو ماددانەی هونەرەکانی تر لە کاری خۆیاندا بەکاری دەبەن.

**«گەورەیە ئەم ئەستێرەیە.. کە ئەو هەموو تیشکەی تیا جێدەبێتەوە**
**گەورەیە ئەم دڵۆپە ئاوە کە بەم بچووکییە، خۆی بە مناڵی دەریا دەزانێت**
**گەورەیە ئەم تیشکە کە لە مێژە لە ئاسماندا وێڵە و ئێستاش خۆری بیر نەچۆتەوە**
**گەورەیە ئەم کێڵگەیە کە ئەگەر بێتەبەر، پڕە لە سێوی نەبینراو**
**گەورەیە ئەم غونچەیەی کە ئەگەر بگەشێتەوە پڕە لە باغی نەوتراو**
**وەرە هاوڕێم پێکەوە سەیری گەورەیی چڵێک گیا بکەین**
**پڕە لە گوڵی گێژەن، لە هەناسەی پڕ غەمی گەرداو**
**لە گەورەیی کۆترێک ڕابمێنین**
**دڵ پڕە لە جەنگەڵی بچووک.. لە گوللەی کتوپڕ.. لە هەڵفڕینی لەناکاو.**
**بەڵام لە هەموو شتێک گەورەتر هاوڕێم مردنە...**
**کە دەرفەتمان دەداتێ ببین بە گوڵ، ببین بە هەور، ببین بە ئاو لەسەرمان دەوەستێت.. پڕ ببین لە عەتری عەشق، پڕ ببین لە مۆسیقای**
**هەتاو**
**کاتێک لە جوانی تێر بووین، بە میهرەوە وەک دایکێک بانگمان دەکات:**
**وەرنەوە بۆ باوەشی من.. وەرنەوە بۆ باوەشی من.. ئیتر تەواو» (٩)**

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا جیا لە مانا و بیرکردنەوەی قووڵ و ساتی سەرسوڕمانبوون بە گەردوون، پێوەندییەکی زۆر جوان لە نێوان یادگە و خودی تێڕامان لە یادگە دەدۆزێتەوە، هەموو ئەو پرسیارانەی شاعیر دەیەوێت بیانوروژێنێ، سەرەتا شتانێکن کە شاعیر ئەزموونی کردوون و وەک زانیارییەکی رووت بەشێوەی یادەوەری لە یادگەدا هەن، بەڵام شاعیر بەمەندە ڕازی نییە، بەڵکو ئەو یادەوەرییانە پرسیار ئاژن دەکات و ڕامانەکانی خۆی لەسەریان چڕ دەکاتەوە، وەک ڕامان لە زەوی کە چۆن ئەو هەموو تیشکە لە خۆدەگرێت، ڕامان لە پێوەندی لە نێوان دڵۆپە ئاوێک و دەریا، ڕامان لە کێڵگەیەک کە هەزاران سێوی نەبینراوی لە هەناودایە. لەم پرۆسەیەوە ئێمە پێوەندی نێوان بیرکردنەوە و یادەوەریمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە یادەوەری هەمیشە ماددەی بەر دەستی بیرکردنەوەیە بۆ بیر لێکردنەوەی، پاشان جۆری پرسیارکردنەکەی شاعیر لەو یادەوەرییانە ئیستێتیکایەکی تایبەتی دەخوڵقێنێ، ئەویش جووڵاندنی یادەوەرییە کە خۆی وەستاوە. ماناداركردنی زانیارییەکی مردوو و زیندووکردنەوەی و پاشان گرێدانی شتە پێچەوانەکان بۆ دەربڕینی مانا، وەک پێوەندی نێوان مرۆڤ و مردن، مردن وامان لێدەکات ببین بە گوڵ، ببین

به هەور، بە ئاو، بە عــەتری عــەشق، بە دۆســتــایەتی هەتاو، کـە چۆن لە نێـوان مـردن و ژیاندا دۆسـتـایەتی هەیە، زۆرجــار خـــودی مـــردنە مـــانا دەداتە ژیان و جـوانیــیــەکـان ڕۆشن دەکـاتەوە، ڕاسـتـە ئەم مـانایە بە ناوەڕۆکــەوە بەندە، بەڵام مــانا لەناو خـــۆیدا بەوەی دۆزینەوەیە، هەمیشە ڕەهەندێکی ئیستێتیکی لەخۆیدا هەڵگرتووە، چونکە مـــانا لەناو خـــۆیدا پرۆســـەی درەوشـــانەوە و ئاشکرابوونە، هەر ئاشکرا بوونێکیش خـســتنەوەی عـەردێکی دیکەیە و شـوناسـێکی ترە لە بەرانبەر شوناسەکانی تردا، جوانی مرۆڤیش ئەوەیە کە خاوەنی تاکانەیی و ناوازەیی خۆیەتی بەوەی لە کەسی تر ناچێت.

٢-دڵشاد عەبدوڵڵا:

**«کەسێک دەست پان دەکاتەوە**
**دوودڵ مەبە**
**ڕوحی خۆت بخە ناو لەپی**
**هەرچییەک دەکڕی**
**سەرەتا بۆنی کە**
**دڵنیابە لێی بێگانە نەبێ**
**هەموو شت شایانی ماڵ نییە**
**لە کۆنسێرتی بازاڕدا**
**خۆشترین ئاواز**
**هی دڵە**
**چەقۆیەک هەموو شت لەت دەکا**
**بڕبڕەی پشتیش**
**دەستێکم بە قەنارەوەیە**
**ئەوی تر**
**لەسەر قیمەکێش ورد دەکرێ**
**چاوم لەناو**
**سەبەتەی میوە فرۆشەکاندا دەفرۆشرێ**
**ژنێکی عەبا بەسەری**
**جوتێ نەعلی دڕاو لەپێ**
**لەتێکی جەرگم دەکڕێ......» (١٠)**

شاعیر لەم شیعرەدا زور وەستایانە سوود لە یادگەی خــۆی وەردەگــرێت، تا کـۆمــەڵێک یادەوەری بخــاتە بەردەست، بۆ ئەوە شاعیر بەپێی ئەو مەبەستە شیعرییەی هەیەتی مــانایەکی تر و جــیــهــانێکی تر بێنێـــتــە ئاراوە.سواڵکردن لە بازاڕدا یەکێکە لەو شتانەی شاعیر پێشتر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئەزموونی کردووە، بەڵام کاتێک شاعیر لە ماڵی شیعردایە ئەم وێنەیە هەر ئاماژە نییە بۆ ئەوە کە کەسێک سواڵ دەکات و بەس نەخێر.! لە شـیـعـردا مـرۆڤ لەبەردەم پاکـبـوونەوەیەکی ناچاریدایە، ئەویش ئەوەیە بـبـەخـشـێت نەک وەربگرێت، کـە ئەویش ڕوحە. واتە شاعیـر ڕوحی خۆی دەبەخشێتە شتـەکان، ئەمـەش ساتی زاهیـدیەتی شاعیـرە. لێرەدا دەردەکـەوێت ئەگـەرچی شیـعـر هەمـیـشـە لە پێـوەندی لەگـەڵ یادگـە و یادەوەری دایە، بەڵام هەمـیـشـە شـیـعـر ئاراسـتـە کـەرە، چونکە هەڵگری بیـرکـردنەوەیە لەخـۆیدا، بۆیە یادەوەری وەک ماددەیەکی خاو دەبێتە کەرەستەی بەردەستی شیعر هەتا لە ڕێگەیەوە نیازەکانی خۆی دەرببڕێت.

وێنەی ژنێـکی عـــەبا بەســـەری نەعـل دڕاو، وەک چەقـۆیەکی تیـژ جـەرگی شـاعـیـر دەبڕێت، ئەمـەش بۆ ئەو ساتەی شاعـیـر دەگـەڕێتەوە کە ئەم وێنەیەی لە ساتێکی ژیانیـــدا دیوە، دواتر بۆتە یادەوەری و لەم شـــیـــعـــرەدا جارێکی تر هاتۆتەوە دەر. لەگـەڵ ئەم گەڕانەوەیەدا شاعیر هەست و سـۆزی خـۆی دەربڕیوە و جـارێکی تر زاهیـدیەتی خۆی لەم شیعرەدا دەربڕیوە.

**«هەموو شتەکانم نایەنەوە یاد**
**بەڵام دڵنیام**
**لەنێوان منداڵی و پیریدا**
**زۆر شتم فەوتاوە....» (١١)**

لێرەدا شاعیـر دەچێتە ئەودیو یادەوەرییەوە و باسی ئەوە دەکـات کـە زۆر شت هەن لەیادی نەمـاون، ئەگـەرچی ئەم شیعرە تەنیـا زانیارییەکە و بەس، بەڵام بۆ ساتی شیـعر زۆر گـرنگـە ئەویش خـەم خواردنی شاعیـرە بۆ زۆر جوانی ژیانی خۆی کە لە بیری چوونەتەوە.لەم شیعـرەدا ئەگەرچی جـوانیــیــەکـان دیارنین، بەڵام هەست دەکـەین دنیــایەک جوانی هەیە هێشتا شیعر نەیتوانیوە بیاندۆزێتەوە.

٣- سەباح ڕەنجدەر:

**«هێشوە ترێیەک دەمی لەناو کەپر**
**شۆڕکردۆتەوە ناو ئاوی ڕوونی کووپە**
**دەڵێن باڵندەی پەڕ چەور**
**هێلکەکانی دەهێنێتە نێو کتێبخانەی**
**ئەو شاعیرە سادەیەی**
**ئاوازی بۆ ئەم سەر زەمینە دانا**
**پەلەشی نەبوو لە پێگەیشتنی میوەکانی حەوشەی**
**بەدەست نووس و پرچی کیژەکانی دایپۆشی**
**لەکوێ لاشەی مردوو گیان گەڕایەوە ناوی» (١٢)**

گـەڕانەوە بۆ تۆژینەوە لە بەشـداری کـردنی یادگـە لە ئیستێتیکای شیعردا ئەوەمان بەبیر دەهێنێتەوە کە یادگە یادەوەری دەخاتە بەردەم شیعر تا ئازادانە وێنەی جوان و مانای جوان بخاتەوە. شاعیر بەهۆی کۆمەکی یادگەی خۆیەوە کۆمـەڵێک وێنەی ئیسـتێتـیکی نایاب دەخاتە بەردەمان، کە جیا لە مانا و مەبەست وێنەکان چێژێکی دەروونی تایبەت دەبەخشنە خوێنەر و شاعیر بە خۆشی. داهاتنەوەی هێشـووە ترێیەک بۆ ناو ئاوی کـووپە ئەوە بە ئێمە دەڵێت نیازی ئاوخواردنەوەی هەیە، بەخشینی ئەم مـانایە بەم وێنەیە جـوانیـیـەکی هەیە و سـەلیـقـەی جوانناسانەی شاعیـر بە ئێمـە دەناسێنێت بەجۆرێک لە سادەترین وێنەی ژیانەوە ئیسـتێـتیکا بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش بۆ ڕوحی شاعیرانەی سەباح ڕەنجدەر دەگەڕێتەوە کە هەمیـشـە عـەودالی جـوانیـیە لەشتـەکاندا و دەشێت هەمـوو وێنەیەک هەڵگری جـوانیـیـەکی تایبـەت بەخـۆی بێت، بەڵام ئەوە شـیـعـرە ئەو جـوانیـیـانە دەدۆزێتـەوە و ئاشکرایان دەکات.

دانانی هێلکە لە کـتـێـبـخـانەی شـاعـیـرێکی سادەدا لەلایەن باڵندەیەکی پەڕ چەورەوە، جـوانیـیـەکی دی دەبەخشێـتـە شیـعـر، لێـرەشدا کـاریگەری یادگـەمـان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە شاعیر چۆن بەهۆی یادگەوە لە ڕێگەی یادەوەرییەکانەوە ماناکان دەگۆڕێت و کۆلاژێک لە وێنەی جـوان و مـانای جـوان چێ دەکـات، بەجـۆرێک خـوێنەر هەست بەو جوانییە دەکات و چێژی لێوەردەگرێت.

**«مۆم تێکۆشەری بنەماڵەی ڕووناکییە**
**جەنگێکی گەورەی بردۆتەوە....» (١٣)**

لێـرەدا تاکـە وێنەیەک بەدی دەکـەین، بەڵام ئەگـەر ئەم وێنەیە ورد بکەینەوە دنیـایەکی گـەورە لەبەردەمماندا دەکرێتەوە.شاعیر لە ڕێگەی یەک ڕستەوە کتێبێک وشە هەیە دەریدەبڕێت، ئەوەش جـۆرێکە لە کـورتبـڕی، بەڵام شـەڵاڵ بەجـوانی.چواندنی ڕووناکی بە بنەمـاڵە، پاشـان دانانی مـۆم لەو بنەمـاڵەیەدا، کـە ئامـاژەیە بە ڕوحی لە خۆبردوویی مۆم، هەرچەندە دەزانێت ئاکامی مردنە، بەڵام مـادام لە پێناوی ڕووناکـیـدایە بۆ دەوری خـۆی لەو بنەماڵەیەدا، هەر مۆم جەنگی بردووەتەوە.

هەر ئەو شایانی خەڵات و پاداشتە، چونکە مردنی بۆ ژیانی ئەوانی ترە. جـارێکی تر کـاریگەری یادگـە لە ڕەهەندی ئیـسـتـێـتـیکانەی شیـعـردا دەبینین، کـە هەر شـاعـیـرە و بەپێی یادگە و یادەوەری خۆی جـوانیـیـەکـان دەخـولـقـێنێت، ئەمـەش لە بنەمـادا بۆ ئەو ژینگە و دەوروبەرەی شـاعـیـر دەگـەڕێتـەوە کـە تێـیـدا ژیاوە.واتە شاعیرێکی عەرەب بۆ لایەنی جوانی شیعری خۆی سوود لە ژینگەی خـۆی وەردەگـرێت، کـە لەوانەیە پڕ بێت لەو کەرەستە و شتانەی لە سروشت و دەوروبەری ئەودا هەیە و لە شاعیرێکی کورد جیاوازە، بەڵام هەمووشیان پڕ لە جوانی و ناوازەیی و تاکانەیی خۆیانن.

## تەوەری دووەم
## خەیاڵ و ئیستێتیکای شیعر

ئەگەر پێوەندی نێوان یادگە و ئیسـتێـتیکا یادەوەری بێت، ئەوە خەیاڵ هۆکار و کارای نێوان ئەم پێوەندییەیە، چونکە خـەیاڵ لە لایەن ویسـتـی مـرۆڤـەوە هێـزێکی ئاراستـەکراوە، کە بە دوو شێواز کاردەکات، یەکەمیان ئاراستەکردنی خەیاڵە بۆ شتەکانی دەرەوەی مرۆڤ، دووەم ئاراستەکردنی خەیاڵە بۆ یادەوەرییەکان، بەجۆرێک خەیاڵ لەم بارەیدا لەگـەڵ وێنەی شـتـەکـان مـامـەڵە دەکـات کە ئەویش یادەوەرییەکانە.

ئەم دوو جـۆرە خـەیاڵەش بە خـەیاڵی دابڕاو و پێک بەسـتـراو ناونراون، دابڕاو تەنیـا شـێـوەی شـتـەکـان دەگوێزێتەوە کە ئەم جۆرەیان خەیاڵە لە دەرەوەی مرۆڤ، وەک ئاراسـتـەکردنی خـەیاڵ بۆ بەردەم درەختـێک کـە لەم ئاراستەیەدا شێوەی درەختەکە وەک وێنەیەک بۆ ناو یادگە دەگـوێزرێتـەوە و یادگـەش وەک یادەوەرییـەک تۆمـاری دەکـات، دووەمـیـان کـە خـەیاڵی پێک بەسـتـراوە و لە ناوەوەی مـرۆڤ کـار دەکات و پێـوەندی بە خـەونەکـان و شتە وەدەست نەهاتووەکانی مرۆڤ دەکات بەوانەشەوە کە لە سنووری مەحاڵدان. (١٤)

ئەم جۆرەیان تێکەڵە، چونکە لە بنەمادا مامەڵە لەگەڵ یادەوەری دەکـات، یادەوەریش بۆخـۆی تێکەڵە وەک یادەوەری خەونەکان و واقیعەکان و بیرکردنەوەکان، کە زۆرجار یادەوەری هەیە لە شێوازی وێنەدا عەمبارکراوە، هەیشـە لە بیـسـتـنـدا، یان بۆنکردندا بوونی هەیە، جـا مـامـەڵەی لەگـەڵ ئەو هەمـوو شـتـانەدا، بەهۆی خـودی خەیاڵەوە کە هێزێکی ڕاگوزەرە و شاعیر لەساتی شیعردا بەو نیازەی هەیەتی خەیاڵ ئاراستە دەکات و هەم شتەکان ئامادە دەکات، هەم بۆ خۆشی دنیایەکی تایبەتە، چونکە «شـاعـیـرەکـان خـەیاڵ بە مـەلەکـەی سـەرەکی خـۆیان دەزانن»(١٥)

ئەمەش بۆ ئەو مەیلە ئیستێتیکییە دەگەڕێتەوە کە شاعیر هەیەتی، چونکە کاتێک شتەکان دەبنە یادەوەری، ئەوە دەبنە وێنە و جیهانێکی خەیاڵی دادەمەزرێت، جا یاری کردن لەم جیهانە خەیاڵ ئامێزەدا، زۆر ئاسانترە وەک لە یاری کردن لەگەڵ واقیعی شتەکاندا، چونکە وێنەکان ئاسانتر تێک دەدرێن و ڕێک دەخرێنەوە، بەڵام واقیعی شتەکان هێندە ئاسان نییە مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت، هەروەها مانا و فۆرمەکان لە جیهانی خەیاڵدا دەستکاری دەکرێن و شاعیر زیاتر لەو یاری کردنەدا ئازادە، بۆیە شاعیر زیاتر مامەڵەی لەگەڵ شتەکاندا، مامەڵەیەکی ناوەکی و خەیاڵییە، نەک واقیعی و دەرەکی.

«لەنێوان منداڵ و شاعیردا دوو جۆر خەیاڵ هەیە، منداڵ یاری بە شتەکان دەکات، بەڵام شاعیر یاری بە وێنەکان دەکات، یاری کردن بە شتەکان، یان ڕێکخستنە، یان دابەشکردنە، بەڵام هونەر خوڵقانە بە مانا قووڵەکەی» (١٦)

لێرەدا دوو جۆر خەیاڵ هەیە، خەیاڵی هونەری کە ڕێکخستن و دابەشکردنی تێدەپەڕێنێت و کردەی ئەفراندن دێنێتەکایەوە، کە خودی ئەفراندن لە پێوەندییەکی قووڵدایە لەگەڵ ئیستێتیکادا، چونکە ئەفراندن بۆخۆی تەعبیرکردنە لە ناوازەیی و تاکانەیی. ئەم ناوازەیی و تاکانەییەش خودی جوانییە، هەم لەسەر ئاستی (مانا) و هەم فۆرم، چونکە ئەوە شیاوە کە هەر کارێکی هونەری ئەفرێنراو، هەڵگری مانایەکی تریش بێت بۆ ژیان.

ئەم دەرککردنە بۆخۆی دۆزینەوەی جوانییەکی شاراوەیە، کە بە ئاشکراکردن و دەرککردنی لە شیعردا، ئیستێتیکا دەداتەوە و بۆ دەرەوەی خۆی پەخشی دەکات.

«جوانی لە دەرککردن بە شتەکان هەڵدەقوڵێت، کە بینراو، یان بیستراو بێت لەگەڵ یاسا سروشتییەکان و پەرەپێدراوەکانی داوەری و خەیاڵ» (١٧) واتە لەگەڵ ئەو دۆزینەوەیەدا هەمیشە جۆرێک لە داوەری کردنیش هەیە، کە سیفەتی جوانی دەدرێتە پاڵ شتێک و شوناسێکی جوانی دەدرێتێ، بە مانایەکی تر خەیاڵ هەمیشە عەوداڵی پێزانینە بە شتەکان جا چ لە ناوەوە بێت، یان لە دەرەوە، چونکە شیعر هەردوو جۆرەکە بەکار دەهێنێت، وەک مامەڵەکردنی شیعر لەگەڵ زماندا.

بەجۆرێک بۆ جوانی خۆی بە هەردوو پێوانەکە لە ئاستی زماندا کاردەکات، ئەویش یەکەمیان لە ڕێگەی شکانەوەی زمانی ئاسایی، بە یارمەتی خەیاڵ جوانی دەبەخشێت بەوەی زمانی ئاسایی دەستکاری دەکات و تووشی لادانی دەکات لەو یاسا باوانەی زمانەکە ئاراستە دەکەن. شاعیر بەهۆی خەیاڵی داهێنەرانەی خۆیەوە، زمان تێک دەشکێنێت و ناچاری دەکات بە ویستی شاعیر بجووڵێتەوە، چونکە مرۆڤ لە ئاستی زمانی ڕۆژانەدا (کۆمەڵایەتی) کۆیلەی زمانە، ئێمە ناتوانین ناوی شتەکان بگۆڕین، بەڵکو ناچارین بە درەخت بڵێین درەخت، بەڵام شاعیر خۆی لەم کۆیلایەتییە ئازاد دەکات و ناوی شتەکان دەگۆڕێت و بەهۆی ڕەمزەوە زمان دەکاتە کۆیلەی خۆی، بەمەش سیفەتی زمان خوڵقێنی بۆخۆی دەبات و زمانێکی خودی و تاکەکەسی بەرجەستە دەکات، بۆیە هەمیشە لە خستنەوەی جوانییەکان و ئیستێتیکای شتەکان ئازادە، هەروەکو (شلۆڤسکی) دەڵێت:

«شاعیر وێنە و خەیاڵات ناخوڵقێنێت، بەڵکو مەبەستی گەیشتنیەتی بەوانە، هەروەها دەیەوێت زمانی ئاسایی بشکێنێتەوە، بۆیە شیعر تایبەتمەندی خۆی هەیە» (١٨)

قەدەری شیعریش قەدەرێکە بە داهێنان و کرانەوەوە بەندە، ڕاستە زمان دەشکێنێتەوە، بەڵام ئەمە هەموو کارەکە نییە، بەڵکو جۆرێکی تر لە خەیاڵ هەیە کە خۆی لەسەر یادەوەری بینا ناکات، بەڵکو دنیایەکی تر دەدۆزێتەوە و دادەهێنێ. ئەم بارەیان بە شکانەوە و دروست کردنەوەی شتەکان پەیوەست نییە، بەڵکو شیعر بەدیهێنەرە، کە جیهانێکی نەبینراو و نەبیستراو دەدۆزێتەوە. خەیاڵ لێرەدا چالاکە و ئیستێتیکا دەدۆزێتەوە، چونکە دۆزینەوەی جیهانێکی تر و بە تەنیا هەر واقورمان و سەرسوڕمان نییە، بەڵکو دۆزینەوەی جوانیشە، کە مرۆڤ لەبەردەم ناوازەیی و تاکانەیی شتەکاندایە، ئەمەش جۆرێکە لەخستنەوەی پەرجوو.

«تایبەتمەندی خەیاڵی هونەری ئەوەیە بەردەوام پەرجوو بەدی دەهێنێت» (١٩) خەیاڵی هونەری بەوە جیاوازە لە خەیاڵی زانستی، خەیاڵی زانستی بە پێداویستی مرۆڤەوە پەیوەستە، بۆ نموونە پێداویستی مرۆڤ بۆ خۆ پاراستن لە سەرما و گەرما و مەترسی وادەکات مرۆڤ خەیاڵی دروست کردنی خانوو بکات، بەڵام خەیاڵی هونەری بە پێداویستی ژیانی ڕۆژانە و واقیعی مرۆڤەوە پەیوەست نییە، بەڵکو شاعیر بەوەی خەیاڵی هونەری بۆ

شتەکان هەیە، بە واقیعەوە پەیوەست نییە، مادام بە واقیعەوە پەیوەست نییە شاعیر ئازادی خۆی وەردەگرێت، کێشە نییە ئەو داهێنانە، یان خەیاڵکردنی ئەو شتانە لە زەینی شاعیردا بە کەڵک دێن، یان وەزیفەیەکی واقیعییان هەبێت، یان نا، بەڵکو کێشەی سەرەکی بەدیهێنانی جوانییە، جا ئیتر واقیع تێک دەدات و دروستی دەکاتەوە، یان جیهانێکی تر خەیاڵ دەکات، گرنگ دۆزینەوەی جوانییە، هەر بۆیە لە مێژە گوتەی سەیروسەمەرە گوتراوە لەسەر شیعر و شاعیر لەوانە سوقرات دەڵێت «خەیاڵی شاعیر جۆرێکە لە شێتی باڵا» (٢٠)، یان جۆن واین دەڵێت «قووڵترین شیعر درۆزنترینیانە» (٢١).

واتە شیعر و شاعیر جۆرێک لە شێتی لە خۆیاندا بار دەکەن، بەڵام شێتییەکی باڵایە و بەردەوام پەرجوو بەرهەم دەهێنێت، یان شیعر لەبەردەم درۆکردندایە، ئەم ئازادییە بوار دەداتە شاعیر بەردەوام خەونی تر و وێستگەی تر بدۆزێتەوە و لەسەر یەک وێنە و یەک بوار نووچ نەدات، بەڵکو بەردەوام لە سەفەر و گەڕاندایە بۆ دۆزینەوەی جوانی تر و بواری تر بۆ دەرخستنی جوانی شتەکان، لێرەش خەیاڵ چەقی کارەکەیە کە هەم ڕاگوزەرە و هەم شوێنگەشە بۆ دامەزراندنی وێنە ئیستێتیکی و شیعرییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر خاوەنی جۆرێکی ترە لە ژیان، ئەویش ژیانی خەیاڵییە، کە بەدەرە لە ژیانی واقیعی و ڕۆژانەی شاعیر، شاعیر لە ژیانی خەیاڵیدا خاوەنی یادەوەری تایبەتە و خاوەنی جۆرێکی ترە لە کەسایەتی، کە لەم جۆرە ژیانەدا هیچ بەربەستێک لەبەردەم شاعیردا وەک (من) و (منی باڵا)دا نییە، هەروەها هەموو ڕەمەکەکان و (ئەو)یش ئازادن بۆ خۆ دەرهاوێشتن، بۆیە شاعیر لە ژیانی خەیاڵیدا زۆربەی ساتە شیعرییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، زیاتر لەمەش مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ واقیعیشدا مامەڵەکردنێکی خەیاڵییە، لە واقیعدا خەیاڵ دەدۆزێتەوە و بە کتومتی واقیع خۆی ڕازی نییە، شاعیر کاتێک شاعیرێتی خۆی لە واقیعدا ئەزموون دەکات، ئەوە وەک بوونەوەرێکی خەیاڵی دەردەکەوێت، چونکە ئەو لە واقیعدا بزر دەبێت و بە خەیاڵ و زەین لەناو خەیاڵ و یادەوەرییەکانی خۆیدا ئامادە دەبێت، بۆ تێگەیشتن لە شتەکان و ناسینەوە و عەمبارکردنیان.

«زەین بەبێ یادەوەری وەک جەستە وایە بەبێ هەست و سۆز، یادەوەرییەکانیش ژیانی خەیاڵی ئێمەن» (٢٢) جا لەو بارە ناوەکیانەدا، سەیرکردنی شاعیر لە ڕوانگەی واقیعەوە شێتی و درۆ و لەخۆوە قسەکردن لە شاعیردا دەردەکەوێت، هەروەها سەیرکردنی واقیع لە چاوگەی شیعرەوە، واقیع شوێنی درۆ و شێتی و لە خۆوە کارکردنە، چونکە شیعر بەو هێزە قووڵەی هەیەتی، هەر دەستکاری شتەکان ناکات بەڵکو شتەکانیش دەباتەوە شوێنی خۆیان، لە کەموکوڕی واقیعەکان ڕەخنە دەگرێت و مانای ڕاستەقینەیان بۆ دەدۆزێتەوە، هەروەها بەرگری لە جەوهەری شتەکانیش دەکات، بەرگری لە جەوهەری هاوڕێیەتی عەشق... تاد. دەکات و لە شیعردا بەها و ماناکانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە، بۆیە شیعر ڕاستەقینەتر لە واقیع دەردەکەوێت، چونکە شیعر هەڵگری ڕوحی شتەکانە و واقیع هەڵگری جەستەی شتەکانە، شیعر نوێنەری باری ڕاستەقینەی ژیانە و واقیع نوێنەری باری ساختەیی باری دنیایە، شیعر لەگەڵ وێنە و یادەوەری و باری ناوەکی شتەکان مامەڵە دەکات، کە مامەڵە کردنێکی میتافیزیکییە، بەڵام واقیع مامەڵە لەگەڵ ڕوخسار و چۆنایەتی و چەندێتی شتەکان دەکات، بۆیە شیعر وەک ئەڵتەرناتیڤی واقیع خۆی مانیفێست دەکات، خەیاڵ لەم نێوەندەدا پشکی گەورەی هەیە، هەروەک (د. ئیحسان عەباس) خەیاڵ دەکاتە سێ بەشەوە:

«هێزی داهێنەر، هێزی دیاریکردن، هێزی خوڵقانی شێوەی هەست پێکراوی تەواو» (٢٣) کە هەموو ئەم پرۆسانە سەر بە خەیاڵن نەک واقیع، چونکە دەرخستنی حەقیقەت و حەق لە خەیاڵدا باشتر گوزارشتی لێدەکرێت وەک لە واقیعدا، دەرخستنی حەقیقەتیش هەمیشە هەڵگری ڕەهەندێکی ئیستێتیکییە، چونکە بردنەوەی شتەکانە بۆ جێی خۆیان جا بیستراو، یان بینراو بێت، «لەلایەکی ترەوە ئەدەب تەنیا واقیعی نییە، بەڵکو خەیاڵی و وەهمیشە، کە مەبەستی وەهایە لە حەقیقەت ئاگادارمان بکاتەوە، کاتێک خەونەکان، یان ڕەمەکەکان بۆمان دروست دەکەن، زیاتر لەو بابەتەی کە پێوەی خەریکین» (٢٤) جا ئەم حەقیقەتە دیاری کراو نییە کە ئایا هەمەکییە، یان بەشەکی و تاکەکەسییە، هەرچی سەر بە ڕەمەکەکان بێت، ئەوە ئەو شتە بۆ ئەو کەسە حەقیقەتە، بەڵام حەقیقەت خۆی هەمەکییە و پێوەندی بە جەوهەر و ماناوە هەیە، ئەمەش کاری خەیاڵی داهێنەرە، کە ئەو هەمەکە ئاشکرا دەکات و لەو پەنهانییە

دەریدەهێنێت و دەیدرەوشێنێتەوە، چونکە هەر لە توانای ئەو جۆرە خەیاڵەیە کە حەق بناسێنێ.

«خەیاڵی داهێنەرانە حەق دەناسێنێت کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەگاتە هەموو ئەو شتانەی دەیەوێت، خەیاڵ مەیدانێکی بێ سنوورە، دوورترین و مەحاڵترین ویست و خەونی مرۆڤ زۆر بە ئازادانە بەدیدەهێنێت»، (٢٥) ئەمەش بوار دەداتە شاعیر شتە ناکۆکەکان کۆبکاتەوە و کۆکەکانیش ناکۆک بکات، یان بۆ بەخشینی مانایەکی تر و ڕازێکی تر بۆ ژیان کۆلاژیان بکات.

١-بەختیار عەلی:

**«ئیشی من ئەوەیە دەریا تا سەر لێوی تۆ بهێنم، وا بکەم لە تەمدا**

**جوانتر ببینیت، نەهێڵم گوڵی حەوشەکەتان پیر بێت**

**نەهێڵم باغەکەتان بگری، نەهێڵم خوا لێت زویر بێت**

**ئیشی من ئەوەیە نوور تا سەر ڕوحی تۆ بهێنم، وا بکەم گوڵ**

**فەرامۆشت نەکات، نەهێڵم خۆر لەماڵتدا ئاوا بێت، نەهێڵم**

**خامۆشی بگاتە میهرت، وا بکەم خوا تۆی لەبیر بێت**

**ئیشی من ئەوەیە دڕندەکانی ناو ڕوحت پەتکەم فریشتە تا بەردەرگات بهێنم**

**نەهێڵم شەیتان بگاتە ژوورەکەت. نەهێڵم پاکیت هەڵوەرێت، وا بکەم دەستت**

**لە ئەستێرە گیر بێت**

**ئیشی من ئەوەیە پاسەوانی حەوشەی پڕ کۆترت بم گوڵت بۆ بکەم بە دەرمان نەهێڵم**

**بووکەشووشەکەت بگری، وابکەم مانگ لەلات ژێر بێت**

**ئیشی من ئەوەیە ئاورینگت بۆ هەڵبژێرم ڕووناکیت بۆ بکەم بە شەراب**

**لە شەونم شەربەتت بۆ بگرمەوە، نەهێڵم ڕق لە باڵندەت کەوێ وا بکەم خوا لات ئەسیر بێت» (٢٦)**

ئەگەر بنۆڕینە ئەم پارچە شیعرە کۆمەڵێک وێنەی ئیستێتیکی نایاب دەبینین کە هەموویان بەهۆی خەیاڵەوە خولقێنراون و بە خەیاڵ ئەو وێنانە بوونەتە واقیعێکی زمانی، هێنانی دەریا تا سەر لێو، بینین لە تەمدا پیر نەبوونی گوڵ، گریانی باغ، گیر بوونی دەست لە ئەستێرە، شەرابی ڕووناکی، شەربەتێک لە ئاورنگ...تاد.

کە هەموو ئەم وێنانە خەیاڵین، بەڵام کەرەستەکانی واقیعین، واتە خەیاڵ لێرەدا بە یارمەتی یادەوەری و هێزی یادگە یاری بە یادەوەرییەکان کردووە و بۆ خستنەوەی مانا و دروست کردنی ڕەهەندێکی ئیستێتیکی قووڵ لەم شیعرەدا کۆلاژی کردوون.

وەک دروست کردنی شەربەتێک لە دڵۆپە ئاورینگ، کە زۆر زەحمەتە کۆکردنەوەی ئەو دڵۆپانە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەیاڵ لێرەدا ئامادەیە مەحاڵ و ناکرێت نامێنێ و ئەوەی ویستی شاعیرە، خەیاڵ ئامادەی دەکات.

ئەم ئامادەکردنەش کوتومتی شتەکان نییە، هەروەک چۆن ماناکان دەگۆڕێن، ئاواش وێنەکان دەگۆڕێن، وەک گرتنی ئەستێرە بە دەست، ئەمە جیا لەوەی ئاماژەیە بۆ مانا و مەبەستێکی تایبەت، بەڵام وێنەیەکی خەیاڵی قووڵە و جووڵەیەکی ئیستێتیکی لەخۆ گرتووە.

**«من لە شێتی ڕەشەباوە.. فێربووم.. سەیری شێتی ئاو و درەخت و ئاگر بکەم**

**شۆڕش ئەوەیە لەگوڵ تێبگەیت**

**ڕاکە بەرەو ئەوسەری شتەکان.. لەوێ پەلکەزێڕینە**

**کلاسیکییەکانی بەهار ببینە. لە میوەی درەختییە**

**ڕۆمانسییەکان بخۆ. ڕیالیزمی دەریا ببینە. سوریالیەتی خۆر**

**ببینە کە لە تێکستەکانی تێناگەین**

**بڕۆ بەرەو هەستی تیشک**

**بڕۆ بەرەو نەستی هەتاو**

**بڕۆ تا نیازی مانگەشەو**

**بڕۆ تا ڕازی خۆرەتاو**

**بزانە. شەو ئاگای لەتۆ نییە**

**ئەوە تۆیت دەبێت ئاگات لە تاریکی خۆت بێت**

**بزانە. ڕووناکی ئاگای لە تۆ نییە**

**ئەوە تۆیت دەبێت ئاگات لە تیشکی خۆت بێت...» (٢٧)**

شاعیر لەپاڵ جوانیی وێنەکاندا، جوانیی مانایەک هەیە پێشکەشی دەکات، وەک تێگەیشتن لە گوڵ بە مانای شۆڕش. ئەم جوانییە لەسەر ئاستی مانا و بیرکردنەوە بەرهەم هاتووە، بەڵام خەیاڵ هەر کۆمەکی خۆی بەم جوانییە کردووە، ئەویش ئامادەکردنی وێنەی گوڵە لە زەینی شاعیردا هەتا شاعیر بەهۆی ئەو بیرکردنەوەیەی هەیەتی بۆ شۆڕش، لە ڕێگەی ڕەمزی گوڵەوە دەریببڕێت، کە جوانی بەخشیوە هەم لەسەر ئاستی مانا و هەم ئاستی

ڕوخسار، پاشان خوڵقانی وێنەکان وەک ڕاکردن بەرەو ئەوسەری شتەکان کە جوانییەکی ناوەکی لەخۆ گرتووە، هەروەها لە وێنەکانی درەختی ڕۆمانسی، ڕیالیزمی دەریا، سوریالیەتی خۆر.

پێوەندی نێوان یادەوەری و خەیاڵ بەدی دەکەین، ئەوە باش دەزانین شاعیر سەرەتا زانیاری لەسەر هەریەک لە چەمکەکانی ڕۆمانسیەت، ڕیالیزم، سوریالیزم هەیە. کە لە ئەنجامی بەدەستهێنانی زانیارییەوە وەک یادەوەری پاراستوونی، کە ئەم چەمکانە زیاتر بە ماناوە پەیوەستن و لە نێو خۆیاندا تیورەن، بەڵام خەیاڵی شێتانەی شاعیر ئەم یادەوەرییانەی بردۆتە شوێنێکی دیکە بۆ ئیش پیکردنیان، کە هەر یەکەیانی بە دەریا و درەخت و خۆرەوە بەستۆتەوە. کە هەم مانایە و هەم جوانی، ئەمەش کارلێکی خەیاڵ و یادەوەرییە لەو پرۆسە شیعرییەدا کە بۆ وێنەکانی تریش ئەم کارلێکە دەبینین.

لە کۆتاییدا تێدەگەین کە لایەنی جوانی شیعر، چەندە وابەستەیە بە ڕەگەزە دەروونییەکانەوە، بەتایبەت خەیاڵ و یادگە و ناواخنەکانی، کە ئیستێتیکا بێ بەشداری ئەم دوو ڕەگەزە شیانی لە دایکبوونی زۆر لاوازە و بە کەموکوری فەراهەم دێت، ئەمەش هەمووی کاریگەری ڕەهەندی دەروونی شاعیرە لە پرۆسەی ئەفراندنی شیعردا.

٢-دڵشاد عەبدوڵڵا

**«پەرەسێلکەی منداڵی**
**قوڕ و لیتەی لەئەرزی کۆ دەکردەوە**
**ماڵێکی لێ دروست دەکرد بۆ تەنیایی**
**کە لەشکرێکی گەورە هات**
**ویستی ئاوایی داگیر بکات**
**پەرەسێلکەش لەگەڵ خەڵکی ئاوایی هەڵات**
**چووە ناو تیش و ڕەوەزان**
**لەو ساوە نەگەڕایەوە**
**قبووڵی نەکرد ژیانی ئەسیری**
**هەتا مرد بە پیری...» (٢٨)**

شاعیر لێرەدا وێنەیەکی واقیعی دەکێشێت، بەڵام لەناو ئەم وێنەیەدا خەیاڵی شاعیر ئاراستەیەکی دیکەی پێدەدات، ئەویش دروست کردن و بەجێهێلانی ئەو هێلانەیەیە. شاعیر ئەم وێنەیە بۆ بەخشینی مانایەکی دیکە دەخوازێت، ئەوەش لەم پرۆسەیەدا چالاکە کە خودی خەیاڵە. ئەوە خەیاڵە کۆمەکی شاعیر دەکات بۆ ئەوەی مانایەکی دیکە لەپاڵ ئەم وێنەیەدا دابنێت. ئەویش بەستنەوەیەتی بە خودی ئازادییەوە، کە خەیاڵی ئازادی زۆر لە نیشتەجێبوون مانادارترە. بەو مانایەی مرۆڤ وێڵی ئازادییە نەک کۆتوبەند و کۆیلەیی، با لەناو ماڵی خۆیشیدا بێت.

ئەم وێنەیە وێنەیەکی عەمبارکراوی ناو یادگەی شاعیرە و خەیاڵی شاعیرانەی خۆی ئەمە بە مانایەکی ترەوە دەبەستێتەوە، ئەویش مەبەستە شیعریەکەیە، کە ئەو یادگەیەیە بۆ مانایەکی دیکە ئاراستە دەکات، ئەمەش ئیستێتیکایەکی تایبەتی بەم شیعرە بەخشیوە.

**«سپی ڕەنگی منداڵییە**
**ڕەش هی پیرییە**
**شەووڕۆژ ئەوە دەسەلمێنن**
**هەنگ هەزاران گوڵ دەمژێ**
**یەک دڵۆپ هەنگوینی لێ دروست دەکات**
**شاعیر لە هەزاران دیمەن**
**وێنەیەک پەیدا دەکا**
**پێم بڵێ: خۆشتم دەوێ**
**هەتا درەخت گەڵا دەر بکا**
**ڕۆژەکان گوێزن**
**پووچن**
**ئەوانەی بەبێ تۆن**
**چاو قووڵترە لە دەریا**
**هی ڕەش دەریایە و لەشەودا**
**باڵندە**
**باڵی چەند گەورەتر بێ**
**فڕینی زەحمەتترە...» (٢٩)**

ڕوانینی ئیستێتیکانە بۆ ئەم شیعرە لە جێی خۆیدایە، چونکە ئەو جوانکارییەی شاعیر کردوویەتی، لێرەدا مایەی ئەوەیە ئێمە بە بەهاوە بینۆڕین، ئەو جوانکارییەی خەیاڵ لەم شیعرەدا کردوویەتی ناوازەیە. هەموو ئەو وێنانەی لەم شیعرەدا هەن وەک ڕەنگی منداڵی و سپی، ڕەش و پیری، دروست کردنی هەنگوین لای هەنگ و مژینی ئەو هەموو گوڵە، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ مانایەکی ناوەکی لە خۆیاندا بە جۆرێک ڕوانینی شاعیرن بۆ ژیانی مرۆڤ.

دەرکردنی گەڵای درەخت بەیەک وشەی خۆشەویستی، وێنەیەکی ئیستێتیکی ناوازەیە، ئەمەش گوزارشت کردنە

له جیهانی خەیاڵ، چونکه شاعیر نیشتەجێی ئەم جیهانەیە و لەم دنیایەدا ئازادی خۆی وەدیدەهێنێت.ئەوەش ئەو مافەیە کە شیعر دەیداتە شاعیر هەتا یاری بەشتەکان بکات و تێکیان بدات و دروستیان بکاتەوە. ئەم یاری کردن و سازانە شاعیر لەو هەموو بارە ناوەکییانەی پێوەی دەناڵێنێت ئارام دەکاتەوە. خەیاڵی دڵشاد عەبدوڵڵا خەیاڵێکی شاعیرانەی ڕووتە، بۆیە زۆر جوان شتەکان وێنا دەکات و وێنە واقیعیەکانیش خەیاڵی دەکاتەوە بۆ ئەوەی مانایەکی دیکە و جیهانێکی دیکە بخاتەوە، چونکە شاعیر بە واقیع و لە ماڵی شیعردا غەریبە، ئەو غەریبییەی دادەنێت و دەگاتەوە بە خۆی، ئەمەش سەفەری شاعیرە بۆ لای خۆی، بۆ دنیایەک کە مافی یاری کردن و مافی توڕەبوون و ئاشتبوونەوەی بێ کۆتایی هەیە.

٣-سەباح ڕەنجدەر:

**زەوی دڵی بە نائاسایی کەوتە لێدان**<br>
**تەوژمی خوێنی بەرز بۆوە**<br>
**ئاسمان چەترەکەی دادەخات**<br>
**شتێک وەک دواخستنی**<br>
**دیداری ئەشق ڕوودەدا**<br>
**باڵندەکانیش دانەوێڵەی خۆیان کۆ دەکەنەوە**<br>
**چوونەوە مەشقکردنی کەڵکێشی**<br>
**ناهەموارییەکانی سروشت**<br>
**ڕاسپاردەن**<br>
**چاومان لە ڕووی کاتژمێر بگوازینەوە**<br>
**لەمەلەکردنی ناو ڕووناکی**<br>
**لەیەک بچین**<br>
**گورگ بە کراسی سوورەوە**<br>
**دێت و لەسەر کورسییە چۆڵەکەی تەنیشتمان**<br>
**دادەنیشێت**<br>
**زووش کراسەکەی فڕێ دەدا........» (٣٠)**

دڵی زەوی، چەتری ئاسمان، کۆکردنەوەی دانەوێڵە لەلایەن باڵندەکانەوە، هەموو ئەم وێنە شیعرییانە ئەگەر لە جیهانەکەی خەیاڵدا نەبن، توانای ئەوەیان نییە وەک ساتێکی ئەبەدی و بۆ هەتاهەتایە بە نەمری و سەرمەدی خۆیان بژین. هاوتەریب بەمەش ناتوانێت هەڵگری مانا و ساتی ڕاستەقینەی خۆی بێت، بۆیە خزمایەتی شیعر لەگەڵ خەیاڵدا کۆنینە و لەمێژینەیە، لەهەرکوێ خەیاڵ ئامادەیی هەبێت، لەوێش شیعر وەک هاوسێیەکی هەتا هەتایی بوونی هەیە، چونکە شیعر لە زەمینەی خەیاڵدا جیهانەکەی خۆی بینا دەکات، ئەمەش کۆچی شاعیرە بۆ ئەوێ هەتا دەردە دڵەکانی خۆی بنووسێتەوە.

**«خۆر سبەینان ناسکە**<br>
**ڕازی یارانی لە دەستی پڕ میهری ناوە**<br>
**ویرد دەخوێنێ و بەنیگا سۆز دەکات**<br>
**نیوەڕۆیان دەموچاوێکی**<br>
**توندوتیژ و شەپقەی سیاسەتی لەسەرە**<br>
**شەق لە دەوروبەری خۆی هەڵدەدا**<br>
**وێنەی سەگێکی ددان کەوتوو**<br>
**بەدیار ئێسکەوە داماو**<br>
**جێی بەزەییە» (٣١)**

دەستکاریکردنی خۆر و دیاریکردنی ساتەکانی، ئەمەش دیسان دەوری خەیاڵە لە پرۆسەی ئەفراندنی شیعردا، بەتایبەتیش لایەنی ئیستێتیکی شیعر.هەموو ئەم نموونانەی سەرەوە کە ئێمە هێنامانەوە لای هەر سێ شاعیرانی ناوبراو، نموونەیەکی کەمن لەو بەڵگانەی گرنگی ڕەگەزە دەروونییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکەن، هەم لە کردەی ئەفراندنی شیعر و هەم لە کاریگەر بوون بە لایەنی ئیستێتیکی شیعردا، بەتایبەتیش (خەیاڵ و یادگە)، بەڵام ئەم دوو ڕەگەزە بەتەنیا نین، بەڵکو بە یارمەتی بارە دەروونییەکان خۆیان داوێنە ناو گەمەکانی زمانەوە.

ئەوەی لەنێوان ئەم سێ شاعیرەدا بەدی دەکەین ئەوەیە کە هەریەکەیان خاوەنی شێوازێکی تایبەت بەخۆیەتی کە جیاوازە لەوانی دیکە. هەمووشیان زۆر وەستایانە توانیویانە بۆ ئیستێتیکای دەقەکانی خۆیان سوود لەو ڕەگەزانە وەربگرن، بەڵام چۆنیەتی بەکارهێنانەکان لای (بەختیار عەلی) جیاوازە و زیاتر جوانی لەمانادا بەرچاو دەکەوێت، واتە زیاتر لە دۆزینەوەی ماناو ئاشکراکردنی نهێنی دیکە لە سروشتدا جوانییەکانی بەرجەستە کردووە. هەرچی (دڵشاد عەبدوڵڵا)یە جیا لەمانا دۆزینەوەی وێنەی دیکە و بەخشینی مانای دیکە بەو وێنانەی کە ئێمە ڕۆژانە دەیانبینین و توانای خوێندنەوەیانمان نییە، دڵشاد عەبدوڵڵا هەمیشە دیوێکی دیکەی شتەکان بە ئێمە دەناسێنێت، بۆیە لە ڕووی ئیستێتیکاوە زۆر لە پێش بەختیارەوەیە و ئیستێتیکا لای ئەو خەمێکی گەورەی شیعرە، کە ئەویش خستنەوەی جوانییە.

لایەنی بەهێزی ئیستێتیکا لای سەباح زمانە، زمان لای شاعیر هەر بەتەنیا دەربڕین نییە، بەڵکو خودی ئیشکردن لەسەر زمان بۆ خۆی جۆرێکی دیکە لە شیعر، ئەوەش دەرچوونە لە یاسا باوەکانی زمان.واتە ئەگەر مرۆڤ لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەیدا کۆیلەی زمان بێت، ئەوە لە ئاستە شیعرییەکەیدا زمان کۆیلەی شاعیرە و شاعیر لەناونان و شکانەوەی زمان ئازادە، بۆیە زمان کۆیلەی بەر دەستییەتی و هەر جارەی شتێکی نوێی پێ دادەمەزرێنێت.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- د.حكمت درواالحلو، د.زريق خليفة العكروتي، مدخل الى علم النفس، ب ط، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات، القاهرة، ٢٠٠٤، ص ١٤٧.**

**٢- نفس المصدر السابق، ص ١٤٧.**

**٣ -د.محمود صيادي حماش، العقل والدماغ، ط الاولى، بيت الحكمة، العراق، بغداد ٢٠٠٢، ص ٩٠**

**٤- د. محمد قاسم عبدالله، سيكولوجيا الذاكرة، ط الاولى، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص ١١٦.**

**٥- لاري. آر. سكواير و ايرك آر. كاندل، الذاكرة من العقل الى الجزئيات، ت: د. سامر عرار، ط الاولى، مكتبة الصبيكان، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٢، ص ١٠**

**٦-نفس المصدر السابق، ص ٩ - ١٠**

**٧- هنري برجسون، المادة والذاكرة، ت : د. اسعد عربي درقاوي، ب ط، مطابع وزارة الثقافة والسياحة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٦٧، ص ٨٩**

**٨- بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، ل ٥١٠**

**٩- بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست ئەی کەشتی دوژمن، ل ٩ - ١٠**

**١٠-دڵشاد عەبدوڵلا، کۆشیعری ٢، ل٣١٠ -٣١١**

**١١-سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠**

**١٢ -سەباح ڕەنجدەر، مردوویەک ئاگای لە هەموانە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ ،ل ٣٦**

**١٣ -سەر چاوەی پێشوو، ل ١٢**

**١٤- د. عدنان حسين قاسم، الابداع و مصادره الثقافية عند أدونيس، ص ٢٣٤**

**١٥ - د. نصرت عبدالرحمن، في النقد الحديث، ط الاولى، مكتبة الاقصى، عمان، ١٩٧٩، ص ١٢٦**

**١٦- د. احسان عباس، فن الشعر، ط الرابعة، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ١٩٨٧، ص ١٣٠**

**١٧ - ر.أ. سكوت جيمس، صناعة الادب، ت: هاشم الهنداوي، ب ط، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٩٤**

**١٨- د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، ب ط، مطبعة الامانة، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٨، ص ٦٥**

**١٩- ر.أ. سكوت جيمس، صناعة الادب، ت: هاشم الهنداوي، ص ١٩٠**

**٢٠ - د. احسان عباس، فن الشعر، ص ١٢٠**

**٢١- د. محمود الربيعي، حاضر النقد الادبي، ط الاولى، دار المعارف، ١٩٧٥، ص ٦٩**

**٢٢- نفس المصدر السابق، ص ٩١**

**٢٣ - د. احسان عباس، فن الشعر، ص ١٣٠**

**٢٤- د. محمود الربيعي، حاضر النقد الادبي، ص ٧٠**

**٢٥ -د. عدنان حسين قاسم، الابداع و مصادره الثقافية عند أدونيس، ص ٢٣٢**

**٢٦ - بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، ل٥٣٨**

**٢٧ - سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٢ - ٤٥٣**

**٢٨-دڵشاد عەبدوڵلا، کۆ شیعری ٢، ل٣٦٦**

**٢٩ -سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٤-٤١٥**

**٣٠ -سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چل ساڵە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٢**

**٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.**

# فۆرم لە سەمای سەرسامیدا

**ئەحمەد چاک**
**(بۆکان)**

هونەر و جوانیناسی کلاسیک تژی لەو بیرۆکە و هزرانەن کە بەردەوام کەڵکەڵەی فۆرمی ئەدەبی بە زەینی خوێنەردا دەچرپێن. هەر لە ڕۆژگاری کۆنەوە هەتا سەردەمانی ئێمە بیچمی بەرهەمی هونەری ببووە خووخدەی نووسەران و بیرمەندانی کلاسیک. ئەفلاتوون لە دیالیکتیک کەڵک وەردەگرێ و بۆ گەڕان بە شوێن هزری سوقراتی خۆی دەستەودامانی وێنەگری و خوازە و شانۆ دەبێ. ئەرستۆ لە بوتیقای خۆیدا «ڕێکوپێکی و ڕێسامەندی بەشەکان» دێنێتە بەرباس و بۆ بیچم گرتنی گشت و کۆ «بەکۆتەڵ کردنی جوان پێشنیار» دەکات. هۆراس بەم جۆرە ئامۆژگاری تازە شاعیران دەکا: «بە کورتی بابەتەکە هەرچی هەیە با ببێ، بەڵام با ساکار و خاوەنی یەکێتی بێ.» بەم جۆرە لە زۆربەی نامیلکە شیعری و ڕەخنەییەکانی دۆخی کلاسیک و سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنێسانسدا لە بواری شیعر و هونەردا ئاگاییەکی نیسبی بە نیسبەت «بیچمخوازی» لە ئارادایە.

بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی ئەوروپی لە کۆتایی سەدەی ١٨ و سەدەی ١٩ پەرەی بە بیرۆکەی بیچمخوازی دا، بە تایبەت بە سازدانی چەمکی «هەندامخوازانە» یانی دیتنەوەی هاوبەشی لە نێوان «پرەنسیبی ژیان» ی بەرهەمی هونەری لەگەڵ «بنەڕەتەکانی ژیان»ی بوونەوەران. گیرۆدەیی لە ڕادەبەدەری ڕۆمانتیکەکان بۆ سروشت بووە هۆی ئەوەی کە ژیانی ناوەکی تابلۆیەکی ڕەسم کراو، یان شیعرێک بە یەکپارچەیی بەشەکانی درەختێک، یان گیایەک بشوبهێندرێ.

دوای ڕۆمانتیکەکان شەپۆلێک بیرۆکەی هزرخوازانە لە فۆرمالیستەوە تا پێکهاتەخوازی و ڕەخنەی نوێ هەموویان جەخت لە سەر ڕێسامەند بوونی فۆرمی بەرهەمی دەکەن. کە وابوو زۆربەی قوتابخانە فیکری و ڕەخنەییەکان، لە سەر فۆرمی بەرهەمی هونەری پێداگری دەکەن.

بۆ هەڵدانی مانا لە دەقێکی تایبەتدا هەبوونی گشتێک لە زەینی خوێنەردا پێویستە، چونکە بەڕاستی پرژی و بڵاوی هەر بیچمێک لە جیهانی واقیعدا ناتوانی واتادار بێ. زەینی ئێمە لە درێژایی مێژووی تێفکرینی خۆیدا خووی بە بیچم گرتووە و هەر بیچمێکی تەواو و ڕێکوپێک دەتوانێ بەدیهێنەری بیچمێکی زەینی لە هەناوی ئەو زەینەدا بێ. ئەگەریش بە ئەنقەست ئەو بیچمە نەخرێتە جانتای بەرهەمێکی ئەدەبییەوە، دیسانیش بیچمێکی تر لە زەینی ئێمەدا فرچک دەگرێ ئەویش دوان لە گێژی و سەرسامی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە لە بەرانبەر ئاڵۆزییەکانی جیهانی سەردەمدا. (هەڵبەت ئەوە بە مانای ئەوە نییە شیعری ئاوانگاردی ئەورۆیی خاوەنی واتا نییە، بەڵکو من پێم وایە ئەو جۆرە شیعرە خاوەنی چەند واتایە کە لە هەر خوێندنەوەیەکدا یەکێک

لەو واتایانە دەبێتە سەرەکی و خاوەنی بیچمێکی تاکە.)
کە وابوو بیچم لە هەر دوو ئاستی جیهانی خوێنەر و جیهانی دەقدا گرینگە. تەواوی و ڕێکوپێکی ئەو دووانە دەبێتە هۆی سازدانی مانا و بەدیهاتنی پێوەندی.

* * *

وشەی سەرەکی: گەلاڵەی زەینی

شیعر خاوەنی دوو پێکهاتەی سەرەکییە:

١- پێکهاتەی ڕواڵەتی: بریتییە لە کێش و سەروا و مەجاز و خوازە و جوانکارییە ئەدەبییەکان و...تاد

٢ - پێکهاتەی ناوەکی، یان گەلاڵەی زەینی: لە ڕاستیدا بۆچوون و دەلالەتی لیکۆژی هەناوی بەرهەمی ئەدەبییە و هەموو بەشەکانی بەرهەم بە هەودایەکی نادیار پێکەوە گرێ دەداتەوە و سەرەکیترین بەشی شیعرە).

لە دیوانی سەمای سەرسامیدا بە گشتی سێ جۆرە شیعر دەبیندرێ:

| | | |
|---|---|---|
| (١) شیعری کورت | ٢٤ دانە ٤٢٪ | دیوانەکە |
| (٢) شیعری ڕیوایی | ٦ دانە ١١٪ | دیوانەکە |
| (٣) شیعری وەسفی | ٢٦ دانە ٤٧٪ | دیوانەکە |

**١ - شیعری کورت:**

شیعری کورتی سەمای سەرسامی ئەو شیعرانەن کە لە یەک دوو وێنەدا دەتوانن بێنە گۆڕێ. لەو جۆرە شیعرەدا زیاتر لەوەی لە بواری زمانەوە تازەگەری هەبێ هەوڵ دراوە لە ئاستی نێوەرۆک و واتاوە ڕەنگدانەوەی هەبێ. بە هۆی وزەی لە ناخدا هەڵگری ئەو جۆرە شیعرە بە شێوەیەکی خودکار خاوەنی گەلاڵەیەکی زەینی پتەوە و دوورە لە ئاڵۆزی زمانی و کەمتر لەگەڵ بڵاوی و نەبوونی یەکێتی بەرەوڕووین. پێکهاتەی شیعر ساکارە و لە لایەن خوێنەرەوە بە هاسانی وەردەگیرێ. هەم مەودای شیعرەکە کەمە و هەمیش گرێ و گۆڵی کەمتری تێدایە. ئەگەر مەبەستی شاعیر لە چوار چێوەی ئەزموون و هێزێکی ئەدەبی باشەوە ئاراستە کرابێ، خوێنەر دەتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا هەموو بەشەکانی شیعرەکە بێنێتەوە سەر یەک و چێژێکی تایبەتی لێ وەرگرێ. هەڵبەت ئەوە بە مانای کەم خایەن بوونی چێژەکە نییە. مەبەست ئەوەیە مەودای ڕاگوێزتنی شوناس و ئەزموون زۆر خێراترە بە نیسبەت شیعری بڵیندەوە. بە بڕوای من سەمای سەرسامی لەم جۆرە شیعرەدا لە ئاستێکی باش دایە و ئەرکی خۆی تاڕادەیەک بە ئەنجام گەیاندووە. لە بواری گەلاڵەی زەینی شیعردا کورتە شیعرەکان وەکو باشترین بەشی ئەو دیوانە دێنە ئەژمار.

**یاغی ٢٤**

**ئێوارەیە و**
**بەڵێن دەدەم پێنەکەنم**
**ڕێگەم بدە**
**بێمە ناو تاریکیتەوە**

ل٨٥

وشەکانی ئێوارە و تاریکی و پێکەنین بەرانبەری ڕووناکی، هەروەها ڕۆچوونی ڕۆژ بە ناخی ئێوارە و ڕۆچوونی شاعیر بە ناخی کەسێکی تردا، فرچکی سەرەکی پێکهاتەی ئەو شیعرە دیاری دەکەن. هەر وەکو دەبینین شیعرەکە خاوەنی پێکهاتەیەکی سووک و ساکار، بەڵام دەوڵەمەندە و توانیوێتی ئاراستەیەکی باشی هەبێ.
یان:

**ئاوا بوون**

**لە وڵاتی تۆ**
**ئاوارەیی ئاوا دەبێ**
**لە چاوی منیش**
**ڕوخساری تۆ**

ل٢٥

وشەکانی ( وڵات و چاو ) لە لایەک و (ئاوارەیی و ڕوخسار ) لە لایەک، چوار گۆشەی مەبەستی ئەو شیعرە دیاری دەکەن، هەروەها لە ناخی ئەو شیعرەدا جۆرێک ( ئوسلووبی موعادیلە) بەرچاودەکەوێ کە هێزی سەرەکی پێکهاتەی ئەو شیعرە نیشان دەدا. واتە هەر وەکو چۆن لە وڵاتی تۆدا ئاوارەیی ئاوا دەبێ، لە چاوی منیشدا ڕوخساری تۆ ئاوا دەبێ.

**یاغی١٦**

**چەن ساڵە؟!**
**چەن مانگە؟!**
**چەن ڕۆژە؟!**
**برینەکان**
**بەرابەر**
**بەش نابن!!!**

ل٦٦

بزاڤی ڕووەو خواری کاتەکان بوونی تەعلیقێکی ئاشکرا، وێنەیەکی جوان نیشان دەدەن.هێنانی ئەو چەند نموونەیە نیشان دەدا سەمای سەرسامی لەو بەشەدا خاوەنی گەلاڵەیەکی زەینی قایمترە. ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ وزەی لە ناخدا هەڵگری ئەو جۆرە شیعرە لە ئاستی یەکێتیدا و بەشێکیشی دەسەڵاتی شاعیر لەو جۆرە شیعرەدا نیشان دەدا.

**٢- شیعری ڕیوایی:**

مەبەستی من لە شیعری ڕیوایی ئەو شیعرانەن کە لانی کەم کاتێکی دیاری کراویان هەیە. ئاوازی گێڕانەوەییان هەبێ و هەوڵدرابێ ڕووداوێک بگێــڕدرێتــەوە. ئەگــینا مــەبەســتم چیــرۆکــێکی تەواو و ڕێکوپێک بە هەمــوو مـاکـەکـانیــەوە نیــیــە. ئەو جـۆرە شـیـعـرە خـاوەنی پێکهـاتەیەکی خـەتتین.ڕووداو لە شـوێنێکەوە دەست پێدەکات و لە شوێنێک کۆتایی دێ. کەمتر لە سەر زمان خــورد دەبێـــتــەوە و بە هۆی زاتی خــۆیەوە خـــاوەنی ساکارییەکی تایبەتە و زیاتر جەخت لە سەر گێڕانەوەیە. ئەو جــۆرە شــیــعــرە بە هۆی وزەی لە ناخـدا هەڵگری ڕیوایەت خاوەنی گـەلاڵـەیەکی زەینی پتـەوە و بیـچـمی شیعر تەواوە. وێنەکان پێوەندی لیکۆڕی باشیان پێکەوە هەیە.هەڵبـەت ئەوە خـاڵی هاوبەشی زۆربەی شــیــعــرە ڕەواییەکانە.

**دابڕان**

**لە مانگە شەوێکی جوانا**
**یەکترمان ناسی**
**یەکترمان ماچ کرد**
**یەکترمان دزی**
**ئەو ڕۆژەی لێک هەڵوەشاین**
**مانگ**
**قژی**
**بە سەر**
**خۆرەوە**
**نەهێشت**

ل٣٢

شیعرەکە لە شوێنێکی دیاری کراوەوە دەست پێدەکات. ڕووداو ڕوو دەدا و ئەنجامێکی دیاریکراوی هەیە. ئەگەر سەیری هێڵی گێڕانەوە بکەین، دەبینین شیعرەکە خاوەنی گەلاڵەیەکی باشە. کە ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ یەکانگیری ڕیوایەت و بەشێکیشی بۆ چۆنیەتی گێڕانەوە و تەمهیدەکانی خودی شاعیر.

**٣- شیعری وەسفی**

(ئەو شـــیــعـــرانە لە چەند وێنە پێکدێن کــە، یان هاوتەریبی یەکدین، یان ئاکامی وێنەی بەر لە خۆیانن)

هەر وەکو دەزانین شیعر بە شێوەییەکی گشتی خاوەنی دوو پێکهاتەی (ئەستوونی و ئاسۆییە) لایەنی ئاسۆیی شیعر بریتییە لە هەموو بەشە سەربەخۆیەکانی شیعر لە وشە و ڕستە و جوانکاری ئەدەبییەوە بگرە، هەتا وێنە و کۆپلە شیعرییەکان. ڕەخنەگر لەم بەشە لە کارەکەیدا هەر کام لەو پاژانە بەجوێ دێنێتە بەر سرنج و وزە و داهێنانی شاعیر لە هەرکام لەو بەشانەدا بەتەنیا هەڵدەسەنگێنێ. لەم خوێندنەوەیەدا هەرکام لە بەشەکانی وێنە (وێچواندن، خوازە و...) گرینگییان پێدەدرێ. کەوابوو لەم ئانالیزی سەربەخۆی ماکەکانی شیعر مەبەستە و دواتر پێوەندی ئەوانە لەگەڵ کارتێکەری گشتی دێتە بەر باس.

کە زانیـمان شاعیـر لەم بەشەدا سەرکەوتووە، ئەوجار دەچینە سەر لایەنی ئەستوونی شیعرەکە هەر چەند لایەنی یەکەمیش زۆر گرینگە، بەڵام گەلاڵەی زەینی و بیچمی پتەوی شیعری پێوەندی بە هێڵی ئەستوونی کارەکەوە هەیە. ئەگەر ئەزموونی شاعیـر ئاواتێک بێ کە زەینی شاعیـر دەستی وێڕادەگا، ڕەهەندی ئاسۆیی شیعر لە ڕاستیدا چەشنی کۆمەڵە ئامرازێکە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئەزموون و خولیایە. هەرچەند بە تەواوی ناتوانین ئەو دوو هێڵە لێک جوێ کەینەوە (مەک لیش) دەڵێ: «ڕەخنەگر بۆی نییە ئامێری گەیشتن بە واتا لە شیعر، یان هەر هونەرێکی دی جوێ کاتەوە، لە ڕاستیدا نەستی ئەو ئامێرانەن مانا دەخوڵقێنن.» کە وابوو هەر دوو بەشی کارەکە گرینگە، بەڵام بە وتەی (د.شەفیعی): «خەیاڵی شاعیرانە و وزەی داهێنانی شاعیر لە بەشی ئەستوونیدا خۆی نیـشـان دەدا.» و هەمـوو بەشـەکـانی شـیـعـر بە هەودایەکی نادیار پێکەوە گرێ دەداتەوە.



**شاباش**
**بۆ سوجدەیەک**
**بۆ مەملەکەتە جەرگ برەکانی تۆ**
**«ماڵی ئاوا»**
**بۆ موچڕکێکی ساردو وێران لە ناو لەش و**
**دەریایەکی**
**قووڵ و**
**قوڕاو و**
**قومارباز**
**«ماڵی ئاوا»**
**بۆ ئێوارەیەکی عەللاف و**
**شەوێکی درێژ بۆ هەراسانی و**
**تۆفانی نەهاتی لە ڕووداوە ڕووڕەشەکان**
**«ماڵی ئاوا»**
ل ٤٠-٣٩

تۆ بڵێیی پێوەندی بەشەکانی ئەو شیعرە چی بێ؛ خوێنەر چۆن دەتوانێ لە پەرتاو ئەو هەموو وێنەیە پێکەوە گرێ داتەوە؟ ئەو وشانەی لە ناوەندی ڕستەکاندان بربتێن لە (سوجدە ، مەملەکەت، موچڕک، دەریا، ئێوارە، شەو، تۆفان...) ئایا شاعیر توانیویەتی پێوەندی لە نێوان ئەو دیاردانە بەدی بێنێ؟ ئێمە کاتێک باس لە خەیاڵ دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە شاعیر چەند شت کە لە جیهانی دەرەوەدا بە ڕواڵەت پێوەندیان نییە بە وزەی داهێنانی خۆی گرێ داتەوە، بەڵام لە شیعرە وەسفییەکانی سەمای سەرسامیدا ئەو چاوەڕوانییە بەدی نایێ و گەڵاڵەی زەینی شیعر بیچمێکی پتەوی نییە با بزانین بۆ؟

١- لە هێندێک لەو شیعرانەدا کار (فعل) بە هیچ جۆر لە کار نەکراوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە کار ئەگەر گرینگترین بەشی زمان نەبێ یەکێک لە گرینگترین بەشەکانیەتی و بەشێکی زۆری ئاستی پێوەندی شیعر لە سەر شانیەتی. نەبوونی کار زمان تووشی شێواوی دەکات. ئەو شێواوییە ئەگەر لە شیعردا خۆبا بێ، دەکرێ وەکو ئاشنایی سڕینەوە چاوی لێ بکرێ. بەڵام ئەویش ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیە و نابێ سێنتاکسی زمان تووشی شێواوی بکەین، ڕەنگە بتوانین بە هۆی (قەرینەی لەفزی، یان مەعنەوی)، یان بە هەر شێوەیەکی دی، بەڵام دەبێ خوێنەر هەلی ئەوەی هەبێ مانا، یان ماناکانی بەرهەم کەشف بکات.

نەبوونی کار لە ڕستەیەکدا هێندێک لایەنی واتایی لە شیعر دووردەخاتەوە کە دەتوانین ئاماژە بەو چەند خاڵەی خوارەوە بکەین:

١- کۆ، یان گشت بوونی دیاردە و کەسایەتییەکان.
٢- بزر بوونی کات و نادیار بوونی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو).
٣- باسەکە گشتی دەکاتەوە و شیعر لە جیاتی ئەوەی ڕوو لە عەینییەت و بەرچاوی بکات، بەرەو گشتی بوون و ئینتیزاعی (تەجرید) بوون هەڵدەکشێ.

**ڕەگەز**

**شاری تۆ**
**دوا ڕشانەوەی ڕەگەزە گلاوەکان**
**مرۆڤی من**
**نەفامی لە سەر دەست و**
**سەوز بوون لە شەرمان**
**سووربوونەوە**
**لە دوانیوەڕۆیەکی ئاشقانە و**
**ئێوارەیەکی ئارەقاوی**
**بە ڕەنگە سپییەکانی سڕینەوە**
**ڕەش ڕاکردن**
**لە دەشتی دۆڕاوی ڕۆچوون**
**ڕوو لە نیگا**
**ڕوو لە بزە و**
**ڕوو لە بۆکرووزی ڕەگەزە ڕانراوەکان**
ل ٤٩-٤٨

هەر وەکو دەبینن کار لەم شیعرەدا دەکار نەکراوە، لە جیاتی کار چاوگی کار هاتۆتە ئاراوە وەکو (ڕشانەوە،سەوز بوون، سووربوونەوە، سڕینەوە، ڕاکردن و...) دواتر ئەو چاوگانە لەگەڵ هێندێک واژە و دەستەواژە هاونشین کراون کە شیعر بە پەلە بەرەو دابڕان و ئینتیزاعی بوون غار دەدەن. وەکو ( ڕەگەزی گلاو، شەرم، ڕەنگە سپییەکان، دەشتی دۆڕاو و...) نەبوونی ئەو دیاردانەی باسم کردن و تێکەڵ بوونی چاوگ لەگەڵ وشەکانی سەرەوە هەم ئاستی پێوەندی دێننە خوارێ و هەمیش شیعر بەرەو ئینتیزاع دەبەنە پێشێ.

٢ - زۆر جار ئەو چاوگانە لەگەڵ زێدە پیتی «لە» لە ئاستی ڕێزماندا بە ڕێژەیەکی زۆر دووپات دەبنەوە:

**یاغی٩**

**شۆڕبوونەوە**
**لە شۆردنەوەی باتلاقێک بیرەوەری**
**هروژمێک لە هاری**
**هاربوون لە هەرا هەرای هەراسانی و**
**هەناسە برکەکانی**

**هەلا**
**هەلا**
**بوون...**
**پێکەوە بوون**
**لە پیکێک خۆڵدا**
**خواردنەوەمان**
**لە ژوورێکی ژەنگاوی**
**ڕۆیشتن بەرەو**
**شەوێکی پڕ لە شەق و**
**جانتایەک پڕ لە جنێوی جەماوەر**
ل٥٠

هەڵبەت ئەوە تەنیا لەو شیعرەدا نییە و لە زۆربەی شیعرەکانی تردا بڵاو بووەتەوە، یانی پێکهاتەی سەرەکی زۆربەی ئەو ڕستانە (چاوگ + زێدەپیتی لە)یە. کاتێک ئەو دیاردەیە پەیتا پەیتا دووپات دەبێتەوە ئاستی شیعرەکان بە جۆرێک دادەبەزێ خوێنەر دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە وێنەکان هەر لە سەر ئەو بنەمایە لە سەر یەکتری کەڵەکە دەکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە زمانی کوردیدا زێدە پیتی دیشمان هەن کە دەکرێ بە شێوەی سروشتی کەڵکیان لێ وەرگیرێ.

٣ - زۆربەی وێنەکان لەو جۆرە شیعرەدا بەبێ سەرنجدان بە پێوەندی ناوەکی پێکەوە دێنە گۆڕێ و لە سەر یەکتری کەڵەکە دەکرێن.

**یاغی ١٠**

**ئاوارەیی**
**ئاوا بوون**
**ئاسەوار لە وڵاتێکی خاپوور**
**تاسە بۆ تنۆکێک تەمەنی تووڕە و**
**هەڕەشە لە فرمێسک**
**بە دڵپڕی.**
**گریانێکی گەمارۆدراو لە لەشی سارد و**
**سەودایەک**
**لە گرووپێکی منداڵانە**
**تا-**
**مەیدانی منداربوونەوەی پیاوەتی**
**قورسایی لە قەباڵەی**
**پاروویەکی چۆڵ و**
**مان لە باوەشی بەزەییدا.**
ل٥٣-٥٢

هەرچەند شاعیر هەوڵی داوە بە ڕواڵەت یەکێتی بەو شیعرە ببەخشێ، بەڵام هەر دوو هۆی سەرەوە و هاتنی لە پەرتاوی وێنەکان بەر لە بەدیهاتنی ئەو دیاردەیە دەگرن.

(بێن تۆ کروچە) دەڵێ: «ئەو شتەی لە بەرهەمی ناتەواو، یان ناڕاستەقینەدا دەبێتە هۆی بێزاری ئێمە، ئەوەیە کە لەگەڵ تێکهەڵگلانی چەند حاڵەتی ڕوحی بەرەو ڕووین. کە بە شێوەیەکی ناتەبا لە سەر یەکتری کەڵەکە کراون، یان تێکەڵ بوون، یان بە شێوەیەکی ناشیاو خۆیا بوون. بەدیهێنەری ئەو بەرهەمانە تەنیا لە سەر ئیرادەی تاکەکەسی خۆی یەکێتییەکی ڕواڵەتی دەبەخشێتە بەرهەم، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە لە گەڵاڵەیەک، یان واتایەکی پەتی لە هەست و جۆشی ناهونەری کەڵک وەردەگرێ. ئەوانە زنجیرە خەیاڵێکن کە لە یەکەم هەنگاودا زۆر پڕ بایەخ دەنوێنن، بەڵام دواتر دەزانین بە هەڵەدا چووین و لە هەمبەریان دژکردەوە نیشان دەدەین، چونکە بە وتەی «وێنەگران» ئەوانە بەرهەمی حاڵەتێکی ڕوحی، یان گەڵاڵەیەک و هاندەرێک نین، بەڵکو کۆمەڵە خەیاڵێکن کە یەک لە دوای یەک و هەموویان پێکەوە خۆیا دەبن و بەبێ ئەوەی لاوکی ڕاستەقینەی - ئەو سرۆیەی لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێ - لییان ببیسترێ.»

هەڵبەت هەمووی ئەو وتەیە لە بەرانبەر شیعری ئەرسەلاندا وەڕاست ناگەڕێ، ڕەنگە کاری ئەرسەلان چەڵەبی لە دڵەوە سەرچاوە بگرێ، بەڵام ئەزموونی زیاتر پێویستە. لە هێندێک شیعردا لایەنی ئەستوونیش بە هێزە وەکو شیعرەکانی (بێدەنگی ل ٢٠-٢١، ناکۆکییەکانی دایک و باران ٢٨تا ٣٠، لەسەرشانی مرۆڤ ٣٤تا٣٧ و یاغی٨ و...) تا ڕادەیەک شاعیر لە مەبەستی ئێمە نیزیک بووەتەوە، بەڵام دیسانیش وەک خەسارێک لایەنی ئاسۆیی زۆر لە لایەنی ئەستوونی بە هێزترە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) فرهنگ اصطلاحات ادبی، سیماداد، نشر مروارید، چاپ اول، ١٣٨٢.**
**(٢) صور خیال در شعر فارسی ، محمد رضا شفیعی کدکنی، نشرآگه ، چاپ یازدهم، ١٣٨٦.**
**(٣) در آینه (بررسی شعر نادر نادرپور)، گزینش یزدان سلحشور، انتشارات مروارید، چاپ اول ١٣٨٠.**
**(٤) مبانی نقد ادبی (گرین، لیبر، ویلینگهم)، ترجمه فرزانه طاهری، انتشارات نیلوفر، چاپ چهارم، ١٣٨٥.**
**(٥) سەمای سەرسامی، ئەرسەلان چەڵەبی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.**

# جێگەی زاراوە کوردییەکان لە وێژەی نووسراوەی کوردیدا

## (جێگەی زاراوەی هۆرامی بە نموونە)

**مستەفا ئێلخانی زادە**

زمانی کوردی لە چەند زاراوەیەک پێکهاتووە کە بە بڕوای زۆربەی زمانناسان و توێژەران بریتین لە: زاراوەکانی کرمانجی ژووروو، کرمانجی خواروو، کرمانجی نێوەڕاست، گۆرانی (هۆرامی، زازایی) کەڵوڕی، لوڕی. ئەم زاراوانە هەر یەکەیان لەچەند شێوەزار (گویش) پێکهاتوون. هۆرامی کە خۆی لقی بنەڕەتی و هەرە گەورەی زاراوەی گۆرانییە، دەورێکی زۆر گرینگی لە وێژەی نووسراوەی کوردیدا هەبووە. کتێبی ماریفەتی پیرشاریار کۆنترین کتێبی کوردی بەجێماوی مێژوو بەم زاراوەیە. کتێبە ئایینی و شیعرەکانی کۆنی یارسان بەم زاراوەن. خانای قوبادی بەر لە سێ سەد ساڵ لەوەپێش شیعری زۆر بەرزی بەم زاراوە گوتووە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی عارف و شاعیری پایەبەرزی کورد و زۆربەی شێخانی هۆرامان بەم زاراوەیە شیعریان هۆنیوەتەوە. گەورە شاعیرانی وەک بێسارانی، سەیدی هۆرامی و مەولەوی شیعریان بەم زاراوەیە وتووە و ئاسەواری نووسراوی چاپکراویان زۆرە. شوێنی زاراوەی هۆرامی لە ئەدەبی نووسراوەی کوردیدا گەلێک زۆرە. من لەم نووسینەدا ویستوومە جێگە و پێگەی زاراوەی هۆرامی لە وێژەی نووسراوەی کوردیدا نیشان بدەم.

دەستە وشەی سەرەکی: زمانی کوردی، زاراوەی هۆرامی، ئایینی یارسان، ماریفەتی پیرشاریار، شاعیرانی هۆرامان.

### جێگەی زاراوەی هۆرامی لە وێژەی نووسراوەی کوردیدا

هۆرامان ناوچەیەکە زۆربەی خاکەکەی شاخاوی و پڕ لە دار و درەختە. کێوەکانی بەرز و سەوز و زەنوێری عەودالآن و کۆسالآن و شاهۆ بە گوڵ و گیای کەسک و بنەوشی بۆنخۆش دەڕازێنەوە و ڕێبواران و بینەران بە ڕەنگی جوان و بۆنی خۆشیان شاد و سەرمەست دەکەن، هاژەی بەفراوان و خوڕەی شەتاوان لەگەڵ دەنگی مەلانی دەنگ خۆش و شمشاڵی شوان و دەفەی دەروێش و چریکەی سیاچەمانەی کوڕە لاوی ئەویندار تێکەڵ دەبن و سەمفۆنیایەکی بەرز و بێ وێنە و دڵ لاوێن سازدەکەن: «سیاچەمانە سیاچەمانە هۆرامان جێگەی سیاچەمانە، مەڵبەندی عەشقە ئەو هۆرامانە». هۆرامان لانکەی مێژووە؛ هەر شوێنێکی ئەم ناوچەیە بۆنی مێژوویەکی کۆن و لە مێژینەی لێدێ. لە هۆرامانی تەخت لە زیارەتگای پیرۆزی پیرشاریار، ئێستاش چڕگەران و هۆرەبێژان هۆرەی ئەهوورایی ئاوێستا دەچڕن و هەموو ساڵێ بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی ئەو پیرە زانا و خاوەن ماریفەتە جێژنی زەماوەندی بۆ سازدەکەن و بە ئاهەنگی دەف و نەوای نەی و سەما و زیکری دەروێشانی یاهووکێش، ماوەی چەند ڕۆژ ئەم مەڵبەندە بەرزە سەر بەرزە جۆشوخرۆشێکی لێ ساز دەبێ کە هەموو دانیشتوان و میوانانی مەستی بادەی عیرفان و سەرمەستی تەجەللای نووری یەزدانی دەبن. نوورێک کە لە ئایینی



سەیدی هۆرامی

کـۆنی ڕابردوومـاندا پیـرۆزە و لە ئایینی تازەشـماندا بەرزترین شـتـە. مـەگـەر لە قـورئانی پیـرۆزدا نافـەرمێ: «خودا نووری ئاسمانەکان و زەوینە.» نوور هێمای عیلم و زانینە و تاریکی هێـمـای جـەهل و نەزانی. ئێسـتـاش ئاورگـەکـانی هۆرامـان هەر دایسـێن. ئاورگـە بە ڕواڵەت کـوژاوەتەوە، ئاگـرەکـەی لە دڵی عـاشـقـان و خـوانـاسـانی هۆرامـاندا دایسێ و هەرگیز نە بە باو نە بە باران و نە بە تێپەڕینی ڕۆژگاران ناکوژێتەوە.

ئەوە نییـە عـارفی زانا و ڕازاشنا حـافـزی قـورئان لەبەر دەفەرمێ:

**از آن به دیر مغانم عزیز می دارند**
**که آتشی که نمیرد همیشه در دل ماست**

ئاوری عــەشق و ئەوین نـامــرێ و نـاکــوژێتــەوە و ئەوکەسەی ئەو ئاورەی لە دڵدا نییە، مردووە و نەماوە:

**آتش است این بانگ نای و نیست باد**
**هر که این آتش ندارد نیست باد**

هۆرامان مەکۆی عیرفانە. عیرفان ئایینی لێبوردەیی و بەیەکــەوە ژیانە. لە هەر ڕێ و ڕێبــازێ بە دوای خــوادا بگەڕێ، ڕێزدەگرێ. مزگەوت و دێر و کڵێسا و کەنیشت و هەر شوێنێک پەرستشی خوای لێ بکرێ لای پیرۆزە.

**گه معتکف دیرم و گه ساکن مسجد**
**یعنی که تو را می طلبم خانه به خانه**
**مقصود من از کعبه و بتخانه تویی تو**
**مقصود تویی کعبه و بتخانه بهانه**

هەر ئەو لێــبــوردەیی و ســینگ فــراوانیــیــەیە کــە دەرمارگرژی و بەرچاوتەنگییەکی کە لە هەندێک شوێنی دیکەدا هەیە، لێــرە نابیندرێ. مــەزاری کــەســایەتی زەردەشتی وەک پیرشاریار و سوڵتان سەهاکی یارسان و کۆسەی هەجیجی برای ئیمام ڕەزای شیعەکان و مەزاری شێـخـانی تەریقـەتی نەقـشـبـەندیی سـوننی وەک شـێخ عوسمان سیراجەددین و شێخ محەمەد بەهائەددین و شێخ عومەر زیائەددین لای هەمووان پیرۆزە و دەچنە زیارەتیان و فاتیحایان بۆ دادەدەن.

هۆرامان بەشێکی لەخاکی ئێران و بەشێکی لە خاکی عــێــراقــدایە، بەشی ئێــران کــە پان و بەرینتــرە و حەشیمەتێکی زۆرتری لە بەشەکەی عێراقدا هەیە لە دوو بەشی هۆرامــانی تەخت و هۆرامــانی لهــۆن پێکدێ و هۆرامییەکانی بەشی ئێران ئێستا لە شارەکانی مەریوان، هۆرامـانی تەخت، نەوسـوود و نۆدشـە و پاوە و هێندێک شوێنی دیکە دەژین.

هۆرامییەکانی عێراقیش لە شارەکانی، تەوێڵە و بیارە و هەڵەبجــە و هێندێک گــوند و شــوێنی دیکە دەبن. دانیـشـتـوانی یەکێک لە دێیـەکـانی هۆرامـانی عـێـراق بەناوی هاوار لەسەر ئایینی یارسانن و شەبەکەکانیش کە پەیڕەوی ئایینی یارسانن بە زاراوەی هۆرامی دەدوێن.

نـاسـانـدنی هۆرامــان و هۆرامی بە تەواوی، کــات و لێکۆڵینەوەی زیاتری پێــدەوێ و ئێــمــە لێــرەدا بە پێویستمان زانی لە سەرەتای باسەکەماندا وەک پێشەکی و بۆ ئاگـاداری خـوێنەران کـورتەیەک لە بارەی مـێـژوو و جوغرافیا و دیمۆگرافی ئەم ناوچەیە بدوێین و پاشان بچینە سەر دەقی سەرەکی باسەکەمان.

## جێگەی زاراوەی هۆرامی لە وێژەی نووسراوەی کوردیدا

زاراوەی هۆرامی پێـشـینەیەکی چەند سـەد سـاڵەی لە ئەدەبی نـووســـراوەی کـــوردیدا هـەیە و وەک دەزانین سەردەمێک زمانی ئەدەبی کوردی بووە. کتێبە ئایینی و شـیـعـرە کـۆنەکـانی یارسـان وەک: نامـەی سـەرەنجـام و هۆنراوەکانی باڵوولی ماهیدەشتی و بابا سەرهەنگ بەم زاراوەن. شـاعـیـرانی پایەبەرزی وەک خـانای قـوبادی و بێسارانی و سەیدی هۆرامی و مەلەوی تاوەگۆزی و میرزا شـەفـیع کـولیـایی بەم زاراوەیە شـیـعـریان هۆنیـوەتەوە و ئێستاش نووسەران و شاعیرانی گەورەی وەک حەمەدەمین هۆرامی و میرزای هۆرامی و حەکیم مەلا ساڵح و هیتری دیان زۆرە کــە بەم زاراوەیە شــیــعــر دەهۆننەوە و وتار و لێکۆڵینەوە دەنووسن. خانەقا و خوێندنگە ئایینییەکانی

شێخانی نەقشبەندی هۆرامان وەک شێخ عوسمان سیراجەددینی یەکەم و شێخ عومەر زیائەددین و شێخ عەلائەددین، پێگەی عیلم و زانست و عیرفان و ئەدەب بوون و ئەم شێخانە خۆشیان بە زمانی فارسی و زاراوەی هۆرامی شیعریان هۆنیووەتەوە. بەم پێیە جێگەی زاراوەی هۆرامی لە وێژەی نووسراوەی کوردی زۆر کۆن و لەمێژینەیە و ئێمە لێرەدا باسی چەند کەس و لایەن دەکەین کە هەریەک لەلایەنێکەوە کاریگەرییان لەسەر ئەدەب و ئایین و عیرفانی کورد بووە. ئەم کەسایەتی و لایەنانە بریتین لە: یەکەم بێسارانی لە بواری ئەدەبی غەرامی و عاشقانەی کوردیدا. مەولەوی تاوەگۆزی شاعیری عیرفانی و ئایینی و جوانکاری و وێنەپەردازی و چەند کەسایەتییەکی کتێبی بارگە بارگە «کە بەشێکە لە نامەی سەرەنجام و بنەماکان و ئوسوولی ئەم ئایینە کۆنە لە لایەن هەفتاو دووکەس لە پیران و گەورە پیاوانی ئەم ئایینە، لە هەفتاو دوو کۆپلەدا هۆنراوەتەوە و لەلایەن یارسانەکان بە کتێبێکی پیرۆز دەژمێردرێ».

**بێسارانی شاعیری عیشق و عاشقی**

مەلا مستەفای بێسارانی کوڕی مەلا قوتبوددین لە ساڵی ١٠٥٣هـ. ق- ١٦٤١ز لە دێی بێساران لە ناوچەی ژاوەرۆی هۆرامانی بەشی ئێران لە دایک بووە و لە ساڵی ١١١٣هـ.ق- ١٧٠٣ز لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی «پیرە هەژارە» بەینی تەرخاناوا و مەحموداوا نێژراوە. مەلا مستەفا لەلای باوکی و لە حوجرەی فەقێیان و لە دێیەکانی «نۆدشە»، «پایگەلان»، «بێساران» و شاری سنە خوێندوویەتی و لە شاری سنەدا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. زانایەکی ئایینی پایەبەرز و شاعیرێکی بێ وێنە بووە و شیعرەکانی لە سێ بەشی غەرامی و عیرفانی و کۆمەڵایەتی پێکدێن، بەڵام زۆربەی شیعرەکانی غەرامین و لە کوتنی ئەم نەوعە شیعرەدا دەستێکی باڵای بووە.

**شیعرە عاشقانەکانی بێسارانی**

بێسارانی لە تافی لاویدا عاشقی کچێک بە نێوی ئامینە بووە کە لە شیعرەکانیدا بە (چراغ) ناوی دەبا. ئەوینی چراغ بۆتە هەوینی شیعرە جوان و عاشقانەکانی بێسارانی. چاو و برۆ و برژانگ و خەت و خاڵ و کولم و لێو و زولف و باڵای جوانی دلدارەکەی سەیر دەکا و دەمی بە پێداهەڵکوتن و تاریف و قەڵەمی بە نووسینەوە، خەریک دەبێ و جوانترین و ناسکترین و هەست بزوێنترین شیعری عاشقانە دەخولقێنێ:

**ئارۆدیم بە چم نازک ئەندامێ**
**ساوای تەن تەراو تووڵە نەمامێ**
**عەرعەرِ باڵایێ شای جەمین جامێ**
**زولفان چون کەمەند خەیاتەی خامێ**
**گرتە بێش وە دەس تووڵێ جە عەرعەر**
**ساوای نازک تەن سافێ نازپەروەر**
**گاه بە دیدەی ناز مەدیا پێشدا**
**گاه مەگرت وە بەژن و باڵای وێشدا**
**هەر وەخت پەیش مەدیا وەنازێ چەمان**
**چەفت مەبی جەتاو مژەش چون کەمان**
**ئەوسا مەگرتش ڕاس چەفی باڵا**
**مەلەرزا و مەکەفت نە پاش مەلاڵا**
**یانێ جەهەر کۆ نەمامێ باخ بۆ**
**یا ئەو وەباڵای وێش بە دەماخ بۆ**
**هەبێ وە باڵای وێشان نەنازان**
**ئاوات وەسایەی باڵاش بوازان**

وەک باسمان کرد بێسارانی ئامینەی خۆشەویستی بە چراغ ناو دەبا و بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی بە چراغ دەست پێدەکەن و تاریفی جوانی دەکا و لەگەڵی دەدوێ، وەک ئەم کۆپلەیە:

**چراغ وەنەوشە چنوور چەنی گوڵ**
**عەزم ڕای و ساڵ تۆشان هانە دڵ**
**چنوور جە سەرکۆ وەنەوشە جەچەم**
**گوڵ جە گوڵستان وەهەم بیەن جەم**
**واتشان بەمن بەندەی فلانی**
**چون حاڵ زانەنی بە حاڵ مەزانی**
**بوونە ڕای ئەڵڵا بکەرە کارێ**
**بیاومێ بە وەسڵ ئەو دڵبەر جارێ**
**چراغیە هەر سێم بەستێ بە دەستە**
**چ دەستە دەستەی زگاران بەستە**
**هەرسێم یە ئاورد چون خاکەساران**
**هەر یەک وایەی وێم وەچەم مەداران**
**چنوور پەی زولفت پەشێو خاڵشەن**
**وەنەوشە سەودای خیاڵ خاڵشەن**
**گوڵ پەی جەمینت مەسۆچۆ چون شەم**
**جە دووریت نیشتەن نەپلش خارێ خەم**
**ساحیب مایەنی بڵند بۆ پایەت**
**با وایە گیران هەر بۆ جەمایەت**

عیشق ئەگەر ئومێدی وەسڵ و پێگەیشتنی لێ چاوەڕوان بکرێ، خۆش و دڵ لاوێنە، بەڵام ئەگەر دووری و هیجرانی تێ بکەوێ و ئومێدێک بە نزیکی و پێگەیشتن نەمێنێ، خەمبار و خەمهێنەرە و ئاوری دووری، جەستە و دەروونی عاشق دەسووتێنێ و ئەویندار

دەخاتە ناڵە و هاوار. سەردەمی نزیکی و بە چاودیتن و پێداهەڵگوتن تێپەڕ دەبێ و شاعیری عاشقی ئێمە دووچاری دەردی دووری دەبێ و لە هیجرانی خۆشەویستەکەی ئاوا سکاڵا دەکا:

**چراغ تۆش کەردەن چراغ تۆش کەردەن**
**جەوساوە دڵ جام، دووریت نۆش کەردەن**
**هوونێ دڵ نەچەم، یەند فرۆش کەردەن**
**سووەیل چەمانان ڕەنگ، پۆش کەردەن**
**جەزەردی ڕەنگم جەپەی بارێ دەرد**
**مایە هۆرگرتەن خەزانانی زەرد**
**وەختێ نەو سووەیل، وەنەخشش مەیلەن**
**مژانم مووی نەخش، دەستی سوویلەن**
**فیدای باڵات بام، وەی تەور کەردەن پێم**
**سووەیل مایەی ڕەنگ هوور مەگێرۆ لێم**

عیشقی چراغ لە بێسارانیدا وا بەهێز و بەتینە کە شاعیر ئامادەیە لە جەژنی قورباندا قوربانی ڕێگای ئەو عیشقە بکرێ، ئەویش بەدەستی چراغە خۆشەویستەکەی. لێرەدا شاعیر عیشقی مەجازی و عیرفان و خواناسی تێکەڵ دەکا و ئاوا بە دڵدارەکەی دەڵێ:

**ئینە عیدی نۆ جەژنی قوربانەن**
**زەمزەمەی تەوحید ڕای ماجیانەن**
**قوربانی قوربان ئەمرێ سوبحانەن**
**دارا و نەدار مسکێن و دەروێش**
**مەکەرۆ هەرکەس قوربانییەی وێش**
**تۆ چ ئەمن بەرە بە قوربانی گا**
**بە قوربانیم کەر چون خەلیلوڵلا**
**تیغی بێ دریغ بنیەم نەگەردەن**
**جارِ دەبە شاردا قوربانیم کەردەن**
**منیچ بەو قوربان منەت بارە نان**
**قوربانی قوربان باڵای یارە نان**

تۆ بڵێی شاعیری عارف مەولەوی تاوەگۆزی شیعری «قوربانی» خۆی لەژێر کاریگەری ئەم شیعرەی بێسارانیدا نەگوتبێ؟ ئەوە عەقڵەن دوور نییە، چونکە مەولەوی دوای بێسارانی ژیاوە، بەڵام جیاوازی نێوان ئەم دوو شیعرە ئەوەیە: بێسارانی ئەم شیعرەی لە جەژنی قورباندا بۆ گراوییەکەی (چراغ) گوتووە و داوای لێ کردووە بیکات بە قوربانی باڵای یار و مەولەوی بۆ شێخ و مورشیدەکەی حەزرەتی سیراجەددین و پاش باسی جەژنی قوربان و ڕێوڕەسمەکەی، لە شێخەکەی داوا دەکا و پێی دەڵێ:

**پەی قوربان کەردەی ناڵەنەی ڕەنگ بەی**
**چێش مبۆ ئەربەی؟ وەی پەی من ئەرنەی**
**ساتۆ من وەرە، وەقوربانی کە**
**من وەقوربانیی ڕای ڕەببانی کە**

لە کۆتاییدا واباشە ئەوە ڕوون کەینەوە لە هیچ جێیەکدا ئاماژە بەوە نەکراوە بێسارانی ژنی هێنابێ و بە وەسڵی ئامینە (چراغ) گەیشتبێ و ئەو ڕاستییە ئەوە دەگەیەنێ کە عیشقی بێسارانی بە ئامینە (چراغ) ئەوینێکی پاک و بێ گەرد و ئەفلاتوونی لە شێوەی ئەوین و خۆشەویستی مەولانا فەخرەددینی عێراقی بە کوڕە پێڵاودروو بێ.

با باسەکە زۆر درێژە پێ نەدەین و کۆتایی بە باسی شاعیری عیشق و ئەوین، بێسارانی حەزین بێنین و بچینە سەر باسی زانا و زاهیدی بەتەقوا و شاعیری مەلەوانی دەریای عیرفان، حەزرەتی مەولەوی مەعدووم لە عیشقی یەزدان، مەولەوی عالمی ڕەببانی و شاعیری شیعری عیرفان و وێنەکێشی و جوانی.

## مەولەوی شاعیری عیرفان و ئایین و جوانی و وێنەکێشی

ناوی ئەم زاتە مەلا عەبدوڕەحیمی تاوەگۆزی و نازناوە شیعرییەکەی مەعدوومی و لەلایەن شێخ عوسمان سیراجەددینی ئەوەڵ لەقەبی مەولەوی پێدراوە. لە ساڵی ١٢٢١هـ. ق لە دێی سەرشاتەی تاوەگۆزی لە دایک بووە و لە زۆر شار و دێی کوردستانی عێراق و ئێران دەرسی خوێندووە و سەرەنجام لە شاری سلێمانی لەسەر دەستی مەلا عەبدوڕەحمانی نۆدشی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و پاشان بۆتە موریدی شێخی سیراجەددین و ئیجازەی ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی لێ وەرگرتووە و پاش وەفاتی شێخی سیراجەددین تەمەسسوکی بە شێخ محەمەد بەهائەددینی کوڕی کردووە. مەولەوی لە گوتنی هەموو جۆرە شیعرێکدا دەستێکی باڵای هەبوو. شیعرەکانی مەولەوی لە چەند بابەت پێکدێن: **یەکەم** شیعرە جوان و عاشقانەکانی مەولەوی کە زیاتر لە تافی لاویدا گوتوویەتی وەک:

**ئارەزوومەندیم جەحەد و یەردەن**
**فراوان خەیلێ تاسەی تۆم کەردەن**
**قیبلەم، بەو ئەحەد بێ هەمتای فەردەن**
**سەوگەند یەکێوەن چەنی تۆم وەردەن**
**فکر و خەیاڵان وەسواسەی وەفات**
**دایم نە دڵەن نە درووی سەر بەسات**
**شەوان تا وەڕۆ فکرم جەلاتەن**
**ڕوح و ڕەوانم نە خاک پاتەن**

**دووەم:** ئەو شیعرانەی کە بۆ مورادەکانی خۆی وەک شێخ عوسمان سیراجەددین و شێخ محەمەد بەهائەددین

نووسیوبەتی و ئیخلاس و ئیرادەتی خۆی بەرانبەر بەو دوو زاتە دەربڕیوە و سەلماندوویەتی مەولەوی چەند موریدێکی ڕاستگۆ و موخلیسە بۆ موراد و مورشیدی خۆی وەک ئەم شیعرە:

**قوربان! قوربانەن، جەژنەن، شادییەن**
**دەس نە گەردەنەن، ڕۆی ئازدییەن**
**هەی دەس بۆس دەس بۆس وەش نیگارانەن**
**خەیر، پا بۆس پا بۆس خاتر دارانەن**
**کۆن کوشتی و، باردیی گوڵ غەمینانەن**
**هەی سەر، هەی ئەرواح دڵ خەمینانەن**
**هەر کەس گیان وەکەف پەی نیگارێوەن**
**هەر یەک قوربانیی وەفادارێوەن**
**ساتۆیچ ساوەرە من قوربانی کە**
**من وەقوربانی ڕای ڕەببانی کە**

**سێیەم:** ئەو شیعرانەی بۆ هاوەڵان و هاوموریدان و کەسایەتییەکانی ئایینی و دەسەڵاتداری ئەو سەردەمی نووسیوە. وەک ئەو نامەیەی لە وەڵامی نامەی شێخ عەزیز جانەوەریی برادەریدا نووسیویەتی:

**نامەی عەنبەر بۆت باد سویح ئاوەرد**
**عەترەش زامەکەی کۆنەم تازە کەرد**
**موتاڵەعەم کەرد وەدەم دەردەوە**
**جەفاکەی وەرین جە یاد بەردەوە**
**مەفهووم بی تەحریر وەش تەقریرەکەش**
**مەعلووم بی جەلای خەستەی تیرەکەش**

**چوارەم:** ئەو شیعرانەن کە مەولەوی لە کاتی پیری و نابینایی و پشت شکان و عاجزیدا گوتوویەتی و سکاڵای لە دەست ڕۆژگار کردووە و دڵتەنگی و خەمی خۆی نیشان داوە، وەک ئەم شیعرە:

**وەفای چەرخ چەپ، ڕاس بێ تانوپۆن**
**جەفا بێ پایان، دەردەسەر بێ شۆن**
**بەدی نێکییەن، نێکی بەد نامی**
**فاما شێتییەن، شێتی پڕ فامی**
**سارای هیدایەت تاریک موینوون**
**ڕای نەجات یەکجار باریک موینوون**
**ناڵەم نەی ئاسا ناڵەم گرت نەوەر**
**شیشەی مەی پەمەت نەگۆش بەراوەر**
**شەراڕەی مەستی مەی بەرشۆم نەدڵ**
**وە و چراخەوە یاوون وەمەنزڵ**

بەڵام لووتکەی هەرە بەرزی شیعری مەولەوی لە دوو شت دایە یەکەم عیرفان، دووەم تاریفی سروشت و دەوروبەر، واتا وێنەکێشی و فۆتۆریسم کە بۆ شیعرە عارفانەکان ئەم شیعرە بە نموونە دێنینەوە، پاشانیش شیعرێک بۆ نموونەی وێنەکێشی و فۆتۆریزمیش شیعرێک پێشکەش دەکەین ئەوە نموونەی شیعرە عیرفانییەکە:

**دڵە، ڕاگەکەت خەیلێ تاریکەن**
**پردەکە سەختەن، خەیلێ باریکەن**
**سارای هیدایەت تاریک مەوینوون**
**ڕای نەجات یەکجار باریک مەوینوون**
**چۆڵە چراوێ پەرێ وێت ساز دەر**
**وە قەد توانای وێت باربەندی کەر**
**ئەر گونا ڕای ڕاس بەردەنی جەویر**
**شۆن پای کردار هام فەردان هۆرگیر**
**بەڵ لەو دیواندا دێوانەی سەرشێت**
**خەجاڵەتیی بەزم یاران نەیۆ پێت**
**بارێ ئەر غەفڵەت دام تەندەن نەرێت**
**نییەنی وە تەنگ شەرمەساریی وێت**
**یاد ئەو سەروەر وە دەروون باوەر**
**ئەر واچان پەنەش نەو بەزم مەحشەر**

ئەوەش نموونەیەک بۆ شیعری وێنەکێشی و فۆتۆریسم:

**زووسانەن وەی ڕەنگ وەگەردوون یاوان**
**گێجیای لوول گێج کلێڵەی کاوان**
**بە ناباشی بورج بەرزە دیاران**
**سفیدکاری کەرد تاقچەی موغاران**
**چ شیرین زەرگەر تۆف هەوای سەرد**
**گۆشوارە نە گۆش نەونەمامان کەرد**
**پەی نیگای باڵای مەحبووب بێ گەرد**
**یەخ ئاینە گرت، تەم چارشێو ئاوەرد**
**ئەی مەحبووب خاس، وەی بینای تەمام**
**مناڵۆ پەی بەزم ساقی و شیشە و جام**
**ساقی، باک نییەن جەسەردیی (دەی)، دەی**
**هەوا وەش کەردەن نەشئەی نۆشای مەی**
**ئاخر سەرمەشقەن پەرێ مەی خواران**
**واردەی و یەردەی و یاردەی یاران**
**چون نە دڵ شنۆی مەزەی مەی داران**
**بدیە چۆن وە تۆی لۆنگێ مەو یاران**
**زوانەکەی سۆز، دەسەکەی ناڵە**
**بکیانۆ، ڕێزۆ، ڕەحمەت، پیاڵە**
**ڕەحمەت وە رووی خاک ڕەستگاران دا**
**پیاڵە وە دەم ئینتیزاران دا**
**دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە**
**جامێ وە دەس نێین، دەس وە سەرەوە.**

**کتێب و نامیلکەکانی ئایینی ئەهلی حەق (یارسان)**

کتێب و نامیلکە ئایینییەکانی ئەهلی حەق (یارسان)

به زاراوەی هۆرامین و گـەنجـینەیەکن لە ئەدەبیـاتی هۆرامی. یەکێک لەم کتێبە پیرۆزانەی یارسانەکان، کتێبی «بارگە بارگە»یە کە خۆی بەشێکە لە کتێبی «نامەی سەرەنجام». ئەم کتێبە ٧٢ کۆپلەیە و ٧٢ کەس لە پێشەوایانی یارسان کە بە ٧٢ پیر بەناوبانگن بە زاراوەی هۆرامی تێکەڵ بە لەکی و کەڵوڕی هۆنیویانەتەوە. هەموو ئەو ٧٢ کەسە کورد نەبوون و هەندێکیان تورک و فارس و هیندی بوون؛ بەڵام چونکە زاراوەی هۆرامی، ئەوکات زاراوەی ئەدەبی کوردی بووە و لەلای یارسانەکانیش پیرۆز بووە؛ غەیرە کوردەکانیش هەر بەو زاراوەیە ئەم شیعرانەیان هۆنیوەتەوە. لە ڕاستیدا هۆنراوەکانی یارسانەکان کە زیاتر لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی مانگیدا وتراون، کۆنترین بەڵگەی شیعر و ئەدەبی نووسراوەی کوردین. لێرەدا ئێمە دوو نموونە لەم ٧٢ کۆپلەیە دێنینەوە.

کۆپلەی ٥٣- پیرناری هۆرامی مەڕموو:

**وست وەشاریێ چین، وست وەشاری چین**
**بارگەی شام وستەن وست وەشاریێ چین**
**شاری چین سیرڕەن تا وادەی پەسین**
**کوورەی ئەفتاو چەوگابی موبین**
**ها خاقان وێشەن سوڵتان ڕەنگین**
**داقانێ وەزیر زاتێ بنیامین**
**ڕمووز دا نیشان شی وست وەشەرین**
**ها چل کەنیزش چلتەن بی یەقین**
**خەسرەوبی حوسەین زاتی تەن هوونین**
**نەکیسا، ئەحمەد، باربەد عابیدین**
**ها فەرهاد، داوود، شاپوور، پیر مووسین**
**لەیلابی فەرهاد، شیرین بی مەجنوین**
**پادشام ڕەنگبازەن ڕەنگشەن ستوین**
**غولامان جەرنگش وێشیار بان ژێنوین**

کۆپلەی ١٦- پیر مەحموود بەغدادی مەڕموو:

**ئەوڕوو ماهیری، ئەوڕوو ماهیری**
**بارگەی شام وستێ ئەوڕوو ماهیری**
**یاری مەکەردی وە عەقڵ زاهیری**
**بەشتان نیەن ئەو بەش ڕەزم وایری**
**هادین وەکەلام مەبوو دەستگیری**

### ئەنجام و ئاکامی ئەم وتارە

ئێمە لەو باسەدا تێکۆشاوین ئەم مەبەستە ڕوون کەینەوە: زمانی کوردی لە چەند زاراوە پێکهاتووە. یەکێک لەم زاراوانە، زاراوەی هۆرامییە، ئەم زاراوەیە، زاراوەی عیشق و جوانی و عیرفان و خواناسییە و پێشینەیەکی زۆری مێژوویی هەیە و بەر لە هەموو زاراوەکانی کوردی شیعری پێ هۆنراوەتەوە و ئاسەواری لە مێژینەی لە وێژەی کوردیدا بەجێ ماوە. هەر ئاسەوارێک بە هەر زاراوەیەکی کوردی بێ دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی وێژەی کوردی، هەر بۆیە دەبێ ئاسەوارەکانی پێشووی وێژەی زاراوەی هۆرامی کۆ بکرێنەوە و توێژینەوەی زانستییان لە بارەوە بکرێ و بە وشەگەلی ڕەسەنی ئەم زاراوەیە، زمانی یەکگرتووی کوردی دەوڵەمەند بکرێ. لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زۆرتر لە بارەی مێژوو، ئەدەب، فۆلکلۆر و دابونەریتی کۆمەڵایەتی هۆرامان بکرێ و بە جیهان بناسێندرێ، ئاسەوارە ئەدەبییەکانی هۆرامی بۆ زمانانی بێگانە وەرگێڕدرێ و لە زانکۆکان و ناوەندە زانستییەکان ئاوڕێکی زیاتر لە زاراوە و مێژوو و جوغرافیای هۆرامان بدرێتەوە. ئەدیبان و مێژوونووسان و توێژەرانی هۆرامی بۆ پەرەپێدانی ئەم زاراوەیە و چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان یارمەتی بدرێن. دەبێ بزانین هۆرامی زاراوەیەکی زۆر ڕەسەنی کوردییە، هەربۆیە لەلایەن هۆرامییەکان و هەموو کوردێکی دڵسۆزەوە دەبێ پیلانی هێندێک نەیارانی کورد کە دەیانەوێ ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناوماندا سازبکەن و بەنیازی خراپ و بەشێوەیەکی نازانستییانە، ئەو شتە ناڕاستە لە مێشکی هێندێک کەسی ساویلکە بئاخنن کە «زاراوەی هۆرامی خۆی زمانێکی سەربەخۆیە و هۆرامییەکان کورد نین» پووچەڵ بکەنەوە و ئەوە بسەلمێنن زاراوەی هۆرامی یەکێک لە زاراوە هەرە ڕەسەنەکانی کوردییە و هۆرامییەکانیش ڕەسەنترین کوردن.


**سەرچاوەکان:**

**عەرەبی:**

**قران مجید**

**فارسی:**

**١- دیوان عراقی، نشر دی - تهران- ١٣٤٧.**

**٢- مثنوی مولوی چاپخانه خاور، تهران ١٣١٥.**

**٣- دیوان شیخ بهایی- نگارستان کتاب- تهران ١٣٨٢.**

**٤- دیوان حافظ- انتشارات حافظ- تهران ١٣٤٢.**

**کوردی:**

**١- دیوانی بێسارانی- ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان- بەغدا ١٩٨٢.**

**٢- دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی- ئینتشاراتی کوردستان- سەنەندەج ١٣٨٦.**

**٣- نامەی سەرەنجام- سەدیق سەفی زادە (بۆرەکەیی)- ئینتشاراتی هیرمەند- تاران ١٣٧٥.**

# ڕەهەندەکانی فەلسەفەی ئەزموونیی ئینگلیز

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- ئەگەرچی لە دوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە فەلسەفەی ئەفلاتوون لە زانکۆی کەمبێرج و فەلسەفەی پیادەڕەوەکان (ئەرستۆ و لایەنگیرانی) لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانیا، فەلسەفەی دەستبەکاری فەرمی بوون، ئەو ئاراستەیەش پێکهاتەی ئەو سەردەمەی ئایدیۆلۆژی و دوگمی- ئایینی و سیاسی و ئابووری و چینایەتی کۆمەڵگای بەریتانیای بەرجەستە کردووە، بەڵام پەرەسەندنی دواتر ڕەوشەکەی بەلایەکی دیکەدا خستووە و بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی دەستبەکاربوونی دوو ڕەوتی ناسراو بە:

- لیبڕالیزم.
- ئیمپریزم (ئەزموون) بوون.

هەردوو ئاراستەی ڕێبازەکەش لە هەندێ بنەمادا لەیەکتری نزیک بوون و چەند خاڵێک کە کردوویانە بە ئامانج و کۆششی پێگەیشتنیان کردووە، بەیەکەوە کۆی کردوونەتەوە.

لیبڕالیزم کە خۆی لە وشەی لیبڕالەوە هاتووە هەموو جۆرە دەمارگیرییەکی ئایینی و سیاسی و فەلسەفەیی ڕەت دەکاتەوە، پێی لەسەر هەموو شێواز و جۆرەکانی ئازادی و بەزەیی و لێبوردەیی دادەگرێ. بزاڤەکە خۆی لەخۆیدا بەشێکە لەو چاکسازییەی لەچوارچێوەی مەزهەبی پرۆتستانتی مەسیحیدا سەری هەڵداوە و کۆششی ئازادی ژیرەکی و بەدەرخستنی ناوەرۆکی گیانی و ئاکارەکی مەسیحیەتی کردووە. لە ئابووریدا بایەخ بە ئازادی تاکەکەسی و ڕقەبەریی و بۆڕبۆڕینی بازرگانی سەربەست دراوە.

بڕوا بوون بە پێشکەوتن و گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی بەردەوام، سەربەخۆیی و ئازادی خودی تاکەکەس و پاراستنی ئازادی سیاسی و سیڤیلی هزریی، پشکی سەرەکی ئامانجی ئەو بزاڤە بوون. دەکرێ بگوترێ



جۆن لۆک

ئەو بزووتنەوەیە پتر ئیدیۆلۆژی و بیروبۆچوون و هزر و ئاوات و ئامانجی چینی سێیەم، چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگای ئەوسای(١) بەریتانیای بەرجەستە کردووە و دەربڕیوە.

ئەو ڕێبازە جگە لە بەریتانیا لە وڵاتی هوڵەندەش بڵاوبۆتەوە. لە سەدەی حەڤدەدا پەیدا بووە و لە سەدەی نۆزدە کۆتایی هاتووە.

لیبڕالیزم لەگەڵ ڕۆشنگەری هۆکارێک بووە لەنێوان ئەو هۆکارانەی ڕێگای بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا (ساڵی ١٧٨٩ز) و دروشمەکانیان خۆش کردووە: ئازادی، یەکسانی، برایەتی.

٢- فەلسەفەی ئیمپریزم (ئەزموونی) کە ڕابەرەکەی جۆن لۆک (١٦٣٢- ١٧٠٤ز) بووە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا بە فەلسەفەی ئەنگلۆسەکسۆنی ناودەبرێ. ئەو فەلسەفەیە قۆناغی بە سنعات و پیشەسازی بوونی کۆمەڵگای ئینگلیز بەدەردەخات.

لە کاتێکدا ڕێبازە باو و کلاسیکییەکانی فەلسەفە خەریکی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی بوون و مردن و گەردوون و لاهووت و ڕەب و ژیانی دوای مردن بوون و لافیان لێ داوە گوایە ڕەب بەپێی بنەما و ستروکتۆری بیرکاری (ماتماتیک) جیهانی داهێناوە(٢) و لەنێو هەموو جیهانە شیاوەکییەکاندا ئەو جیهانەی ئێستا کە باشترین جیهانە هەڵبژاردووە، هەبوونی بەدبەختی و بەدکاریش بەهیچ جۆرێک لەخواستی چاکەخوازی ڕەب کەم ناکاتەوە. بەپێچەوانەوە ئیمپریستەکانی بەریتانیا لەو باوەڕەدا بوون و کۆششی ساغ کردنەوەی ئەو باوەڕەشیان کردووە کە لە توانادا نییە بەژیر و ئەزموون ئەو گرێ کوێرانە بکرینەوە، بۆیە خۆ خەریک کردن با بابەتەکانی فەلسەفەی بۆماوە لەکات بەفیرۆبردن بەولاوە نییە. لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ هەوڵی پەردە لادان لەسەر ئەو نهێنییانە بدات کە هیچ سوودێکیان نییە با ئەرکێکی تر بە فەلسەفە بسپێردرێ: ئەرکی پرسین لە بارەی سنووری زانینی زانستیانەی مرۆڤ. بۆ مرۆڤ ڕوون بکرێتەوە سنووری توانای زانینی تا چ ڕادەیەک کێشراوە و بڕ دەکات. لێرەوە بەردی بناغەی تیۆرییەکی سەربەخۆی زانین دانراوە.

## جۆن لۆک

ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و فەیلەسووفێکی بەناوبانگی سەدەی حەڤدەی ئینگلیزە، بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی بابەتی تیۆری زانین دادەنرێت. ڕابەرێکی کاریگەر و کارامەی ئەو بزووتنەوەیە بووە کە بە لیبڕالیزمی ئینگلیز ناسراوە و داکۆکی لە ئازادی تاکەکەسی کردووە و ڕکبەری دەسەڵاتی کڵێسە و ڕێژیمی سەرتاپاگیری ئیمپراتۆرییەت بووە. لەسەر بیروبۆچوونی سیاسی ئازادانەی دووچاری دەربەدەری بووە، ماوەیەک لە وڵاتی هۆڵەندە پەنابەری سیاسی بووە. بەوپەڕی هێز و توانایەوە دژی ڕێبازە میتافیزیکییەکان لە بەرهەمەکانیدا چالاک بووە، هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە بیروبۆچوون و بنەمای زگماکی بوونیان نییە، بگرە ژیر- مێشک لەلاپەڕەیەکی سپی بەولاوە نییە، ئەزموون- تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە ئەو خامەیەن لەسەر ئەو لاپەڕە سپییەی مێشک- ژیر شت تۆمار دەکەن. شارەزای بەرهەمەکانی دیکارت بووە، مشتومڕ و دەمەتەقێیەکی توندی فەلسەفەیی لەگەڵ لایبنیتسدا کردووە. لە ژیانیدا چەند بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە. شاکاری «هەوڵێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ ساڵی ١٦٩٠ز» ناوبانگ و نەمرییەکی هەتاهەتایی لە کۆڕ و کۆمەڵە فەلسەفییەکاندا پێ بەخشیوە. لە ئاییندا مەسیحییەکی میانڕەو بووە، هەوڵی داوە کڵێسە لەخۆی زویر نەکات، بۆیە ساڵی ١٦٩٥ لەژێر ناوونیشانی «ژیریی مەسیحییەت» بەرهەمێکی پەخش و بڵاوکردۆتەوە. لە بیروبۆچوون و نووسینەکانیدا

ورد و روون و رەوان و قووڵ بووە، سەرگەرمی گەڕان بووە بەدوای ڕاستی و ڕاستەقینەدا. لە ساڵی ١٧٠٤ز لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

### بەرهەمەکانی

جۆن لۆک لەژیانیدا چەندین بەرهەمی بەپێز و فرە ڕەنگی هەر لە فەلسەفەوە تاوەکو سیاسەت و پەروەردە و کاروباری ئایینی پەخش و بڵاوکردۆتەوە. گرنگترینیان ئەوانەن:

١- هەوڵێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ ساڵی ١٦٦٧ز.

ئەو شاکارە کراوە بە ئەڵمانی، لە شاری هامبۆرگ لە دەزگای فلیکس ماییندر لە دوو بەرگدا ساڵی (٢٠٠٦ز) دواترین چاپی بڵاوکراوەتەوە. ئەو کتێبە لەچوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە بەو جۆرەیە:

- بەشی یەکەم بریتییە لە تیوری:
بنەماکان و بیرۆکەکان زگماکی نین.
- بەشی دووەم بریتییە لە توێژینەوەی بنجوبناوانی بیرۆکەکان Ideen.
- بەشی سێیەم ئەو ناوونیشانەی هەیە:
دەربارەی وشەکان، یان زمان بەگشتی.
- بەشی چوارەم:
دەربارەی زانین و دەربارەی ڕێتێچوونە.

٢- کتێبی دەربارەی لێبوردەیی Toleranz ساڵی ١٦٨٩ز.

٣- دەربارەی حکومەت ساڵی ١٦٨٩ز.

٤- چەند بیرۆکەیەک دەربارەی پەروەردە ساڵی ١٦٩٣ز.

٥- ژیرێتی مەسیحییەت ساڵی ١٦٩٥ز بڵاوکراوەتەوە.

بەپێی ناوونیشانی ئەو بەرهەمانە دەردەکەوێ کە لۆک دەربارەی زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی زانین مرۆڤ، تیوری زانین، سیاسەت، ئایین و ئاکار و پەروەردەی سەردەمی خۆی ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە، لە هەندێ لە نووسینەکانیدا ئەوە هەست پێ دەکرێ کە سیاسەتمەدارێکی شۆڕشگێر بووە- بەپێی سەردەمی خۆی- بۆیە دووچاری کێشە و بەرەو دەربەدەری بووە و ناچار بووە ماوەیەک وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێ و ڕوو لە هۆڵەندە بکات. لە مێژووی فەلسەفەدا جۆن لۆک بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی تیوری زانین دادەنرێ و هەر ئەو خۆی ئەو بابەتەی کردووە بە لقێکی سەربەخۆی خاوەن ڕوخسار و ناوەرۆکی ڕێکوپێک. لە شاکاری هەوڵێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ هەرسێک لایەنی سەرەکی ئەو بابەتەی دواتر بە ئیپستمۆلۆژی (تیوری زانین) ناسرا تاووتو کردووە بەتایبەتی:

- تا چەند دەکرێ و لەتوانادا هەیە شت بزانرێ؟ سنوور و ڕادە و دروستی و ڕاستی ئەو زانینە چۆن و چەندە؟
- ئەو ڕێگا و ئامرازانە کامانەن کە زانین بەهۆیانەوە بە دەست دێت؟!
- بابەتەکانی زانین کامانەن؟

### تیوری زانین

١- کە دەربارەی فەلسەفەی ئەزموونی ئینگلیز بەگشتی و فەلسەفەی جۆن لۆک بەتایبەتی قسە بکرێت، ئەو پرسیارانە بەبیردا دێن:

- بە چ شێوازێک هەلومەرجە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافییەکان کار لە بیروبۆچوون و جیهاندیدی هزرمەندە داهێنەرەکان دەکەن؟!
- تا چ ڕادەیەک جیهاندید و بۆچوون و بیروباوەڕی فەیلەسووف و سیاسەتمەدار لەلایەکی دیکەوە کار لە پەرەسەندن و گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیان و کۆمەڵگا دەکەن؟

کاتێک دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە توانرا ساغ بکرێتەوە کە:

**یەکەم:** سەرچاوە و سروشت و ڕێگاکانی زانین چین و کامانەن؟

**دووەم:** چۆن ئەو شتانە زانراون کە مرۆڤ دەیانزانێ؟

**سێیەم:** تا چ ڕادەیەک دڵنیایی لەو شتانە دەکرێ کە مرۆڤ دەیانزانێ؟

**چوارەم:** ڕۆڵی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایین و پەروەردە لە پرۆسەی زانیندا چۆن دەستنیشان دەکرێ؟ جۆن لۆک سیاسەتمەدار و فەیلەسووفی سەردەمی خۆی لە شاکاری هەوڵێک لە بارەی تێگەیشتن و فامی مرۆڤەوە کۆشاوە وەڵامی ئەو پرسیارە سەخت و ئاڵۆزانە بداتەوە. لەو سەردەمەدا کە لۆک دەستبەکار بووە چوار ڕێبازی سەرەکی فەلسەفە لە ئارادابوون:

- فەلسەفەی ئەفلاتوون لە کێمبرج.
- فەلسەفەی ئەرستۆ و پیادەڕەوەکان لە ئۆکسفۆرد
- ڕێبازی دیکارت و لایەنگیرانی.
- فەلسەفەی ئیمپری- ئەزموونی- سروشتی تۆماس

هۆبز و فرانسیس بیکۆن- وایپێدەچێ لۆک لەنێو جەنجاڵی ئەو ئاراستە و ڕێبازە فرەڕەنگییەی فەلسەفەی باوی ئەوسای وڵاتەکەی کە بەدەگمەن نەبێ بەیەکەوە هەڵیان نەکردووە و پێکەوە نەهاتوونەوە، دوای سوود وەرگرتن لێیان ڕێگایەکی نوێی هەڵبژاردبێ و گرتبییەبەر، ڕێگای شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی تواناکانی زانینی مرۆڤ. لۆک لە سەرەتای شاکاری تێگەیشتنی مرۆڤدا گوتوویەتی:

دەمەوێ خوێنەر لە چۆنییەتی و بەسەرهات و سەربوردەی نووسینی ئەو کتێبەم ئاگادار بکەم... بۆیە دەمەوێ ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە: پێنج، یان شەش هەڤاڵ و دۆست و هاوڕێ لە ماڵەکەی مندا کۆدەبوونەوە بابەتێکیان شرۆڤە دەکرد کە فرە لەو سەردەمەماندا دابڕاو و دوور بوو.. لە ناکاو ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفت کە لە هەموو لایەکەوە سەریان هەڵدەدا دەبوونەوە و دەگەیشتنە خاڵێکی مردووی بێ گیان. دوای ئەوەی ئێمە ماوەیەکی دوورودرێژ کۆششی بێهوودەمان کرد، بەبێ ئەوەی چارەسەرێکی ئەو گومانەی ئێش و ئازاری دەداین، بدۆزینەوە و لێی نزیک ببینەوە، ئەو بیرە بە مێشکمدا هات کە ئێمە تا ئێستا بە ڕێگایەکی چەوت و هەڵەدا ڕۆیشتووین و پێش ئەوەی دەست بەو جۆرە توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە بکرێت ئەوپەڕی پێویستە کە ئەندام و ئامرازە گیانییەکانمان تاقی بکەینەوە و لێیان بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بزانین تێگەیشتن و فامان بە چ بابەتێکەوە خۆی خەریک بکات و پەی پێ بەرێ سوودبەخشە و سوودمان پێ دەگات. ئەوەم لەگەڵ گرووپەکەدا باس کرد و قسەمان لێ کرد و هەموویان بەیەک دەنگ پەسندیان کرد و ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە ئەو بابەت و پرسیارە دەبێ یەکەم کەرەسەی توێژینەوە بێت(٣).

ئەوی لەو تێکستەدا دەردەکەوێ ئەو بڕیارەیە کە لۆک داویەتی: پێش ئەوەی دەست بەبیر کردنەوە و کار و توێژینەوە بکرێت، دەبێ و پێویستە مرۆڤ شێواز و ئامرازی کارکردنەکەی تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی پێش دەستبەکاربوونی لێیان دڵنیابێت. ئەو بڕیارەش خۆی لەخۆیدا بارگۆڕین و وەرچەرخانێکی گەورە و گران لە گۆڕەپان و مێژووی پرۆسەی فەلسەفەدا تۆمار دەکات، دوو خاڵیش دووپات و پشت ڕاست دەکاتەوە:

**یەکەم:** هزر و بیرکردنەوە و توانای زانینی مرۆڤ ڕادەیەکی هەیە و سنووردارە.

**دووەم:** هەستەکان کە ئامرازی شت زانینن خۆیان بابەت و شتەکان لە خۆیاندا چۆنن وامان نیشان نادەن، بەڵکو لە بارەیانەوە زانیاری و داتامان پێشکەش دەکەن ئایا ئەو کەرەسە و بابەتانە سوودمان پێدەگەیەنن، یان زیانمان لێدەدەن(٤).

٢- بۆ گەیشتن بەو مەبەست و ئامانجە لۆک لە چەند بەرەیەکدا کۆشاوە و ڕەنجی داوە و کاری کردووە و هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە:

- هیچ جۆرە بۆچوون و بیر و بیرۆکەیەکی زگماک لە مێشک و ناخ و فامی مرۆڤدا نییە، بگرە مێشک، کاتی لە دایک بوون، پەڕەیەکی سپییە و هیچی لەسەر نەنووسراوە، تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە ئەو لاپەڕە سپییە پڕ دەکاتەوە.

- بیروبۆچوونەکانی مرۆڤ تەنیا هەر لە ئەزموون و تاقیکردنەوە و شارەزاییەوە Erfahrung کەوتوونەتەوە.

- ئەو ڕستە و دەستەواژە و بڕیارانەی دەربارەی ڕاستی و ڕاستەقینەکانن Tatsachen تەنیا هەر بەهۆی ئەزموونەوە ساغ دەکرێنەوە، ئایا دروست و ڕاستن، یان چەوت و هەڵەن؟

## بیرۆکەی زگماکی

١- لەو سەردەمەدا کە جۆن لۆک لە بواری فەلسەفەدا دەست بەکاربووە پێشبڕکێ و ڕکەبەریی لەنێوان دوو ڕێبازی فەلسەفەدا بەوپەڕی گەرموگوڕی لە ئارادابوون:

- ڕێبازی ژیرەکی.
- ڕێبازی ئیمپری (ئەزموونی).

ڕێبازی ژیرەکی ئەگەر بنەما و ناوەرۆکەکەی بە هەندێ چاوپۆشینەوە لەبەرچاو بگیرێ لەسەردەمی ئەفلاتوونی یۆنانییەوە (٤٢٧- ٣٤٧ پ.ز) دەستی پێ کردووە لەلای دیکارت (١٥٩٦- ١٦٥٠ز) گەیشتۆتە لووتکە. ئەوی لێرەدا پێوەندی بە بابەتەکەوە هەیە کە جیهاندیدی جۆن لۆکە، میتافیزیک و پرۆسەی زانینە مەبەستن.

لۆک کە خۆی ئیمپریستی ئەزموونییە بۆ جێگیرکردنی بنەمای جیهاندیدەکەی کە لە دواییدا لە ڕشتنی ڕەنگی تیۆری زانیندا بەرجەستە بووە، دەبوو هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەو ڕێبازەی ژیرەکی دیار و دەستنیشان بکات. خۆی دانی پێداناوە کە شارەزایی لە فەلسەفە و بەرهەمەکانی دیکارت هەبووە و بە وردی خوێندوونییەوە، بەڵام فرە بابەتی ئەو فەلسەفەیەی

دیکارتی بەلاوە پەسند نەبووە، بە تایبەتی بابەتی بیرۆکەی زگماک. ئەو بابەتە بەشێکی سەرەکی ئەو ڕێبازەیە کە بە ژیرەکی ناسراوە و ناودەبرێ.

ناوەکە خۆی لە وشەی ژیری Ratio لاتینییەوە کەوتۆتەوە. لەناوەرۆکی جیهاندیدەکەیدا، کە لێرەدا تەنیا پرۆسەی زانین مەبەستی ئێمەیە، جیاوازی لەنێوان زانین و بڕوا و Glaube بیروبۆچووندا دەکات، ژێر بەسەرچاوە و ئامرازی سەرەکی زانین، کە دڵنیایی لێ بکرێت، دادەنێت. ئەگەر بەدرێژایی پرۆسەی پەرەسەندنی فەلسەفە تاوەکو دیکارت گۆڕان بەسەر بابەتی ناوەرۆکی ئەو ڕێبازەدا هاتبێ، ئەوە لە خاڵێکی سەرەکیدا هەموو لق و باڵەکانی پێک دێنەوە و کۆدەبنەوە:

بەلای لایەنگیر و ڕابەرانی ڕێبازی ژیرەکییەوە ناکرێ هەستەکان ڕێگا و سەرچاوەی دڵنیایی لێکراوی زانین بن، چونکە هەستەکان دەگۆڕێن و زانین خۆی دەبێ لە گۆڕان و گومان بە دوور بێ. لەلایەکی ترەوە زانین بەوە لە بڕوا جیادەکرێتەوە کە دەبێ ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە.

کەوابوو چۆن و بە چ ئامراز و ڕێگایەک شت دەربارەی دەوروبەر بەگشتی دەزانرێ و زانین بەتایبەتی چۆن دەکەوێتەوە ئەگەر هەست و تێبینی پشتیان پێ نەبەسترێ؟!

مرۆڤ لەماڵەوە بەهۆی پەروەردە و لە قوتابخانە بەخوێندن و لە دەوروبەر بە ئەزموون و دووبارە بوونەوە شت فێر دەبێ و دەزانێ و ئەو زانینە بە ڕاست و دروست دادەنێ، کەچی- هەندێک جار- تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە ناڕاستی ئەو زانینە ساغ دەکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە- هەروەها دیسانەوە جاروبار- مرۆڤ دووچاری هەڵوێست و هەنگاو هەڵگرتن دەبێ، دەبێ ڕووبەڕووی کێشەیەک بێتەوە و ناچارە بڕیارێک بدات، ئەگەرچی مرۆڤ پێشتر تووشی ئەو ڕەوش و هەڵوێستە نەبووە و شتی لە بارەیەوە نەزانیوە، کەچی بۆی دێ و بڕیارێکی ڕاست و دروست دەدات هەروەک ئەوەی پێشتر بە هەمان ڕەوشدا تێپەڕیبێ و لە بارەیەوە شتی زانیبێ! ئەو ڕەوشە چی ساغ دەکاتەوە و چی دەگەیەنێ! مرۆڤ زانیبێ و نەیزانیبێ، سپی هەر سپییە، سارد هەر ساردە ناکرێ شتێک سارد و گەرم بێت، ئەو شتە ساردە، یان گەرمە و ناکرێ هەردووکیان پێکەوە بێت! لێرەوە کلیلی کردنەوەی دەروازەی چوونە نێو جیهانی ئاڵۆز و تەمومژاوی ڕێبازی ژیرەکی دەکەوێتە بەردەست.

٢- ڕابەر و لایەنگیرانی ڕێبازی ژیرەکی لە جیهاندیدەکەیاندا پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت گوایە لەو ڕۆژەوە مرۆڤ لە دایک دەبێ و دێتە دنیاوە لە مێشک و فامیدا چەندین بیرۆکەی زگماک هەیە، ئەو بیرۆکانە بنەڕەتین و هیچ پێوەندییەکیان بە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە نییە و پەکیان لەسەر هەستەکان و زانینە هەستەکییەکان نەکەوتووە، ئەو بیرۆکانە بەگشتی بریتین لە بیرۆکەی ڕەب، لەش، مێشک، گیان، دەروون و چەندین بنەما و بنەڕەت کە مرۆڤ بەبێ گومان و ئەگەر وەک چەند ڕاستی و ڕاستەقینەیەک پەسندیان دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئامادەیی و توانای فێربوون و شت زانین لەخۆیاندا چەند بابەتێکی زگماکین.

جۆن لۆک بە ڕکەبەرێکی سەرسەختی ئەو بۆچوونە دادەنرێ و بەلایەوە شتێک، بابەتێک نییە پێی بگوترێ بیرۆکە و بنەماو بنەڕەتی زگماکی. لۆک لە شاکاری «هەوڵێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ»(٥) کۆشاوە تیوری بیرۆکەی زگماک پووچەڵ بکاتەوە بۆ ئەوەی بۆ ڕشتنی ڕەنگی بنەماکانی ئەزموونیی زانین زەمینە خۆش بکات. لە سەرەتادا هەندێک نموونەی لەو بیرۆکە زگماکییانە هێناوەتەوە و خستوونیەتە ڕوو بۆ تاووتوکردن و لەبەریەک بردنیان. نموونەی بیرۆکەی ڕەب، بنەماکانی لۆژیک و بیرکاری و بنەڕەت و ڕێساکانی ئاکار ئەوانە بوون کە هەوڵی داوە ساغیان بکاتەوە کە ئەو خەسڵەتە هەمەکییەیان نییە و ناکرێ زگماک بن. لەسەرەتادا ئەو پرسیارەی بەبیردا هاتووە: چۆن بیرۆکە و بۆچوونەکان لە مێشکماندا پەیدا دەبن(٦)؟! لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بەردی بناغەی ئەو تەلارەی داناوە کە بە تیوری ئەزموونی زانین ناسراوە و بۆ ئەو تۆمارکرا. لۆک دەڵێ:

«لەلای هەندێک کەس براوەتەوە کە چەند بنەمایەکی زگماکی لە مێشک و فامدا هەیە، چەند چەمکێکی سادە و سەرەتایی، چەند پیتێک Schriftzeichen هەن کە گیانی مرۆڤیان نەخشاندووە. دەروون هەر لە سەرەتای بوونییەوە ئەوانەی پێ گەیشتووە و هێناونی بۆ دنیا. بۆ ئەوەی خوێنەری بێ لایەن لە هەڵە و چەوتی و نادروستی ئەو گریمانەیە قایل بکەم و بڕوا بهێنێ، ئەوە لەخۆیدا بەسە کە من تەنیا هەر نیشانی بدەم (هیوادارم کە لەبەشەکانی دیکەی ئەو توێژینەوەیەمدا تێیدا سەربکەوم) چۆن مرۆڤ تەنیا هەر بەهۆی بەکارهێنانی

توانا سروشتییەکانییەوە بەبێ یارمەتی هیچ کامێک لەو وێنە زگماکییانە بەو زانینە بگەن کە هەیانە و بەبێ ئەو چەمکە بنەڕەتییانە، یان بەبێ بنەماکان بەدڵنیاییی بگەن» (٧).

لەو تێکستەدا ڕابەری تیوری زانین چەند خاڵێکی وروژاندووە:

- چەندین فەیلەسووف هەن بڕوایان بەوە هەیە کە مێشکی مرۆڤ و فام و دەروونی هەر لە ڕۆژی لە دایک بوونییەوە چەندین بنەما و بیرۆکەی بنەڕەتی زگماکیان تێدایە و هیچ پێوەندییەکیان بە هەست و ئەزموون و تاقیکردنەوەوە نییە. هەر لەو بنەما و بیرۆکانەدا ڕێبازە ژیرەکییەکانی فەلسەفە کەوتوونەتەوە و ڕۆنراون.

- بەپێچەوانەی بۆچوونی ڕێبازی ژیرەکییەوە مرۆڤ دەتوانێ بەبێ پشت بەستنی بە بنەما زگماکییەکان، زانین بەدەست بهێنێ و شت بزانێ.

- زانین لە بڕوا جیاوازە و زانینی دڵنیایی لێکراو بە ڕێگای ئەزموون و بە یارمەتی هەستەکانەوە دەکەوێتەوە و پەیدا دەبێ.

٣- بەدواداچوون و پرسین لە بارەی بنەڕەت و بنجوبناوانی بیرۆکە و بۆچوونەکان کە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی هۆش و هۆشیاری پێکدەهێنن ئەو خاڵەیە کە هەردووک ڕێبازی فەلسەفەی ژیرەکی و ئەزموونی لە یەکتری جیادەکاتەوە و ئاراستەی جۆری هزر و بیرکردنەوەکە دیار و دەستنیشان دەکات.

هەربۆیە لۆک تێکۆشاوە ساغی بکاتەوە کە:

**یەکەم:** بەهیچ جۆرێک بنەما و بیرۆکە و بۆچوونی زگماکی بوونیان نییە.

**دووەم:** تێکڕای ناوەرۆکی هۆشیاری و هەست لە بنەڕەت و بنجوبناواندا بەهۆی ئەزموون و شارەزاییەوە بەدەست هاتوون و دەستگیر بوون(٨). چۆن و بە چ شێوازێک لۆک هەوڵی داوە و توانیویەتی ئەو بڕیارە ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە، کامانەن ئەو بەڵگانەی هێناونیەتەوە و ئەو بنەمایانە کامانەن کە پشتی پێ بەستوون؟!

بۆ ئەو مەبەستە پەیڕەوی میتودە- ڕێبازێکی کردووە کە لە دوو بەش- ئاراستە پێکهاتووە:

**یەکەم:** بەش و ئاراستەیەکی نێگەتیڤ- نالەبار بریتی بوو لە بەگژداچوونی ڕێبازی ژیرەکی و تاووتوکردنی بیرۆکە و بنەماکانی ئینجا بەپێی تواناکەی پووچەڵکردنەوەی ئەو گریمانانەی وەک پێشەکی پشتی پێ بەستوون و ئەو ئەنجامانەی لێیان کەوتوونەتەوە. ئەمە بەشی تێکدەرانەیە.

**دووەم:** بەش و ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ- لەبار کە دەکرێ بە لایەن و پشکی دامەزراندن و بنیادنان ناوببرێ، تێیدا بە شێوازێکی سیستمییانە بنەما و بنجوبناوانی ئەزموونی- ئیمپیری ناوەرۆکی بۆچوون و بیرۆکە و ئیدییەکان بە ڕوون و ڕەوانی هەوڵی پشت ڕاستکردنەوەیان دراوە. لەلایەکی دیکەوە ڕوون کراوەتەوە کە چەمکە پەتی و ڕستە و دەستەواژە ئەبستراکتەکانیش بەواتای کات- زەمەن- زگماکی نین.

کەوابوو مێشک لەخۆیدا چییە؟ ناوەرۆکی بۆچوونەکان کە لە گەنجینەیەکی فرە ڕەنگی بەپێز دەچن لەکوێوە هاتوون و چۆن پەیدابوون؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە کە خەتوخاڵی بە تیوری زانین داوە و لە پرۆسەیەکی پەرشوبڵاوەوە بەدەستی لۆک بووە بە لقێکی سەربەخۆی فەلسەفە، وا پێویستی کردووە ڕابەری فەلسەفەی ئەزموونی لایەک لەو بابەتە هەمەجۆرانە بکاتەوە:

**یەکەم:** ساغ بکرێتەوە کە بیرۆکە و بۆچوونی زگماکی پشت ڕاست ناکرێنەوە.

**دووەم:** دیار و دەستنیشان کردنی سنووری توانای زانینی مرۆڤ بەوەی هەر لە سەرەتاوە هەوڵ بدرێ توانای زانین تاووتو بکرێ، ئەو بابەتانە کە ژیری مرۆڤ دەتوانێ بیانگاتێ و ئەوانەی لەتوانایدا نییە پەیان پێ بەرێت دەستنیشان بکرێن.

**سێیەم:** سەرچاوە و بنەمای زانینی مرۆڤ و سنوورەکانی کامانەن بەچی زانینی ڕاستەقینە لە باوەڕ و بڕوا و گومان و پەسندکردن جیا دەکرێتەوە.

## بەڵگەی نەبوونی بیرۆکەی زگماک

١- جۆن لۆک لەسەرەتادا تێکۆشاوە ساغی بکاتەوە کە مێشک و فام و ژیری مرۆڤ لە سەرەتادا لە لاپەڕەیەکی سپی بەولاوە نییە Tabula Rase تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە بەهۆی هەستەکانەوە زانینیان پێدەدرێ و دەنەخشێنرێن، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەکرێ بگوترێ:

شتێک لە مێشکدا نییە ئەگەر پێشتر بە هەستەکاندا تێنەپەڕیبێ.

- بەلایەنی نێگەتیڤی ڕێبازەکەیدا لۆک تێکۆشاوە ڕوونی بکاتەوە کە ئەو بەڵگەیەی لایەنگیرانی ڕێبازی

ژیرەکی هەبوونی بیرۆکەی زگماکی پێ پشت ڕاست دەکەنەوە دروست نییە. ئەوان لە دوو لاوە بۆچوونی خۆیان دەخەنە ڕوو:

**یەکەم:** ئەو بیرۆکانە لە مێشکی هەموو کەسێکدا هەیە.

**دووەم:** ئەو بیرۆکە و بنەمایانە هەمەکی و گشتی و دیاریکراون و هەموو کەسێک وەک ڕاست و ڕاستەقینە پەسندیان دەکەن.

بەلای جۆن لۆکەوە ئەو بەڵگەیە سەرکەوتوو نییە، چونکە هیچ زارۆک و منداڵێک هیچ گێلەپیاو و نەزانێک تاکە بۆچوونێکی سادە و ساکاریشیان لە بارەی ئەو بنەما و بیرۆکە زگماکییانەوە نییە(٩) بۆیە ئەو ڕوونکردنەوەیە بەسە بڕیاری هەمەکی بیرۆکەی زگماکی ڕێبازی ژیرەکی پووچەڵ بکاتەوە.

ئەگەر ئەو بیرۆکانە بۆ نموونە: بنەماکانی لۆژیک و بیرکاری هەمەکی و گشتی بوونایە دەبوو بە بێ جیاوازی هەموو کەس بیزانیبانایە، بەڵام ڕەوشەکە بە تەواوەتی بە جۆرێکی دیکەیە. خۆ ئەگەر هەمەکیش بوونایە ئەو گشت و هەمەکییەتییە بە هیچ جۆرێک نابێ بە بەڵگە، زگماکی و بنەما و بیرۆکەکان پشت ڕاست بکاتەوە(١٠).

٢- جۆن لۆک کە لە سروشت و سنووری توانای زانینی مرۆڤی کۆڵیوەتەوە سەرەڕای پووچەڵکردنەوەی گریمانەی بیرۆکەی زگماکی ویستوویەتی چەند نیشانێکی دیکە بپێکێ کە پێوەندییان بە ڕێکخستنی توێژینەوەی هزری توانا و لێهاتوویی زانینی مرۆڤەوە هەیە بەرەو گەیشتن بە دڵنیایی و خۆپاراستن لە ئەگەر و گومان و جیاکردنەوەیان لە بڕوا و باوەڕ. ئەو ئامانجانە دەکرێ لە چەند خاڵێکدا پوخت بکرێنەوە:

- ئەگەر مرۆڤ بە میتودەیەکی دروست بتوانێ ڕاستی بنەماکانی زانینی مرۆڤ پەی پێ بەرێت و لێی دڵنیابێ، ئەوە نادروستی تیوری بیرۆکە زگماکییەکانی بنەمای زانین کە ڕێبازی ژیرەکی داکۆکی لێ دەکات بۆی ساغ دەبێتەوە و پەردەی لەسەر لادەدرێ.

- دڵنیابوون لە توانا و سنووری زانینی مرۆڤ دەستەبەری ئەوە دەبێ مرۆڤ دەستەبەرداری توێژینەوەی ئەو بابەتانە بێت کە سنووری زانین و پەی پێ بردنی مرۆڤ دەبەزێنن(١١).

- دەردەکەوێ کە دوو جۆر زانین هەیە:

**یەکەم:** دەکرێ بگاتە ئاستی دڵنیایی لێکردن.

**دووەم:** زۆربەی هەرە زۆری ئەو شتانەی مرۆڤ دەیانزانێ و زانینی نەک هەر پێوەندییان بە بنەما زگماکییەکانەوە نییە، بگرە تایبەتمەندی و خەسڵەتی ڕێتێچوونیان هەیە و دوور نییە تاقیکردنەوەی ئایندەی ژیانی ڕۆژانە پێچەوانەکەیان پشت ڕاست بکاتەوە. ئەنجامێکی گرنگ کە لەو خاڵانە کەوتۆتەوە و دەکرێ بە بارگۆڕینی فەلسەفە دابنرێ ئەوەیە:

- ئەگەر زانین پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوە ببەستێ هەروەک چۆن لۆک بۆ جێگیرکردنی ئەو بۆچوونەی کۆششی کردووە، ئەوە هیچی تر دەرفەتی قسەکردن لە زانینێکی پێشییانەی جیهانی سەرووسروشت نامێنێ(١٢)، چونکە زانین بە ئامرازی ئاسایی تەنیا هەر لە سنووری زانینی سروشت و جیهانی دەوروبەری مرۆڤدا چالاک و دەستبەکار دەبێ و ناشێ و ناکرێ و ناتوانێ سنووری جیهانی ئاسایی ببەزێنێ. ئەو بڕیارە- هەوڵە دەستێکی کوشندە بووە لە ڕێباز و سیستمەکانی میتافیزیک و فەلسەفەی ئایدیالیستی بەگشتی وەشێنراوە.

- ئەو ڕێبازە ئەزموونییە ئایدیۆلۆژی و جیهاندیدی پێشکەوتنخوازی چینی سەرهەڵداوی ناوەڕاستی لە بەرانبەر چینی ئەرستۆکراتی کاربەدەستدا بەرجەستە و تۆمارکردووە و ڕکەبەری بۆچوون و دۆگمەکانی کڵێسەی مەسیحی و کلێرۆس کردووە، ئینجا ڕێگای جۆرە ئازادییەکی بیر و سیاسەت و ئابووری خۆش کردووە کە دواتر خەتوخاڵی داوە.

- ئەگەر ڕابەرانی ڕێبازی ژیرەکی لافی ئەوە لێ بدەن کە بیرۆکە و بنەماکانی نێو مێشک زگماکین و ژیر پەردەیان لەسەر لادەدات و پەیان پێ دەبات، ئەو لافە زگماکی بابەتەکە ساغ ناکاتەوە، بەڵکو ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە ژیر ئەرک و چالاکی تایبەتی خۆی هەیە و پەنا دەباتە بەر چەند بنەمایەک بۆ جێگیرکردنی ئەو بڕیارانەی دەیاندات، چونکە ئەگەر مرۆڤ ژیری بەکارنەهێنا (منداڵ، گێل، دواکەوتوو، نەخوێندەوار) ئەو بیرۆکانە بەشاردراوەیی دەمێننەوە لەلای ئەو کەسانە هەستیان پێ ناکرێ و بوونەکەیان دەرناکەوێ.

- مێشکی مرۆڤ لاپەڕەیەکی سپییە هیچی لەسەر نەنووسراوە، کەرەسەی مێشک و ژیر کە زانینیان لێ پێکدێت بەهۆی هەستەکان و شارەزایی و ئەزموونەوە Erfahrung دەستگیر دەبێت(١٣).

- مرۆڤ کە سەرنج دەدات و بیردەکاتەوە، ئەو

سەرنجدان و بیرە بەدوو ئاراستەدا دەچن:

ڕاستەوخۆ ڕوو لەو بابەتانەی دەوروبەر دەکەن کە دەکرێ بەپێی هەستەکان پەیان پێ ببردرێ و هەستیان پێ بکرێ، یان ڕوو لە پرۆسەی ناوەکی ناخ و دەروون و مێشک دەکەن، ئەوەی ئێمە هەستی پێ دەکەین، یان لە بارەیەوە بیر دەکەینەوە، ئەوانە هەردووکیان سەرچاوەی زانینی بیرۆکە و ئایدیایەکان کە ئێمە سروشت ئاسا هەمانن، لێیانەوە هەڵدەقوڵێن.

## جۆرەکانی بۆچوون و بیرۆکە و ئایدیایەکان

ئەگەر بیرۆکە و بنەمای زگماک لە ژیر و مێشکی مرۆڤدا نەبن و ئەوی لە مێشک و ژیردابێ پێشتر بە هەستەکاندا تێپەڕیبێ و ژیر و مێشک لاپەڕەیەکی سپی بن، دەبێ بیرۆکە، هزر لە خۆیدا چی بێ؟ چەند جۆری هەیە؟ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی چین و کامانەن؟

١- وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەسەرچاوە و ئامراز و کەرەسەکانی زانینەوە بەندە. لۆک لە شاکاری هەوڵێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ نووسیویەتی و دەڵێ:

هەستەکانمان لەگەڵ ئەو بابەتانەی دەوروبەر کە دەکرێ هەستیان پێ بکرێت، جۆرە پێوەندییەک دەکەن، بەپێی ئەو کارەی بابەتەکان لە هەستەکانی دەکەن، دەربارەی ئەو شتانە زنجیرەیەک تێبینی و هەست کردن و بۆچوونی فرە جۆر و جیاواز بە مێشک و فام و ژیر (گیان) Geist دەبەخشن. بەو شێواز و بەو پێیە بیرۆکە (ئایدیا)کان کە ئێمە لە بارەی زەرد، سپی، گەرم، سارد، نەرم، سەخت و چیر، تاڵ، شیرین، هەمانە پەیدا دەبن و دەکەنەوە، ئێمە ئەوانە هەموویان بەو خەسڵەتانە کە بەهۆی هەستەکانەوە دەزانرێن ناودەبەین. ئەمە لایەنی هەستەکییە. سەرچاوەیەکی دیکەی کە ئەزموون و شارەزایی بیرۆکە و ئایدیا بە مێشک و فام دەبەخشێ تێبینی و هەست کردنە بە پرۆسە و چالاکی گیانی خۆمان لە ناخی خۆماندا ئەو پرۆسەیە، ئەگەر دەروون (نەفس) بکەوێتە بیرکردنەوە و سەرنج بدات، زنجیرەیەکی دیکەی بیرۆکە و ئایدیا بە فام و مێشک دەبەخشێ. ئەو بیرۆکە و ئایدیایانە ئەوانەن: تێبینی و هەست کردن، بیرکردنەوە، گومان کردن، باوەڕ کردن، ئەنجامگیری و بڕیاردان، زانین و خواستن لەگەڵ هەموو چالاکییە جۆربەجۆر و جیاجیاکانی گیان (ژیر)مان.

ئەو سەرچاوەیەی بیرۆکەکان تەنیا هەر لەنێو ناخی ناوەوەی مرۆڤدایە و هیچ پێوەندییەکی هەستەکی بە جیهان و بابەتەکانی دەوروبەرەوە نییە. ئەو لایەنە بە هزر و بیرکردنەوەی قووڵبوونەوە بەناخدا Reflexion ناودەبرێ(١٤).

لەو پەرەگرافەی شاکارەکەی لۆکدا، ئەگەر مرۆڤ بە تەواوەتی لێی وردبێتەوە، چەند خاڵێکی گرینگ دیار و دەستنیشان کراون کە پوختەی جیهاندیدەکەی دەربارەی پرۆسەی زانین و هزر و بیرۆکەی زگماک بەرجەستە دەکەن:

- هزر، بیر چالاکییەکە خۆی لەخۆیدا بابەتی فام و تێگەیشتن و مێشکە. بۆچوونیش کە تێکڕای ناوەرۆکی هۆش و هۆشیاری پێکدەهێنێ لە ئەزموون و تاقیکردنەوە و شارەزاییەوە کەوتۆتەوە، ئەو ئەزموونەش دوو جۆرە:

١- دەرەکی کە هەستەکیشی پێدەگوترێ.

٢- ناوەکی کە دەکرێ بە قووڵبوونەوەی هزری بەناخدا ناوببرێ.

کەوابوو دەکرێ، بەپێی ئەو دەستنیشان کردنە دوو جۆر بیروبۆچوون و وێناکردن لە یەکتری جیابکرێنەوە:

**یەکەم:** بۆچوون و بیری سادە و ساکار ئەگەر بێتو بەهۆی تاکە هەستێکەوە پەیدا ببێ و بکەوێتەوە. ئەو بۆچوونە خۆی لەخۆیدا چەند جۆرێکی هەیە:

١- ئەو بۆچوونانەی دەربارەی ڕەنگ و دەنگ و بۆن و چێژ و هەستی دەست لێدانن وەک: گەرم، سارد. ئەو بۆچوونانە بەهۆی تاکە هەستێکەوە لەهۆشدا پەیدا دەبن و ڕەنگ دەرێژرێن.

٢- ئەو بۆچوونانەی دەربارەی کشانی لەشەکان و ڕوخسار و بزووتنەوە و ئارامین.

٣- ئەو بۆچوونانەی بە سایەی سەرنجدان و وردبوونەوە لە ناخ لە خۆدا پەیدا دەبن وەک: بیرکردنەوە، خواستن، وەبیرهاتنەوە، جیاکردنەوە و هەڵاواردن، ئەنجام خستنەوە، بڕیار (حوکم)دان، زانین، بڕواکردن.

٤- ئەو بۆچوونە لە هەردوو جۆری یەکەم و سێیەم پێکدێت: وەک خۆشی و دڵخۆشی و زەوق و ئێش و ئازار، بێ کەیفی، هێز و توانا، یەکڕەنگی کاتەکی، بەدوای یەکتریدا هاتن(١٥). ئەو بۆچوونە هەست و بیرکردنەوە بەشداری تێدا دەکەن.

**دووەم:** بیرۆکە و بۆچوونی لێکدراو Komplex خۆی لەخۆیدا لەچەند بۆچوونێکی سادە دادەڕێژرێ، بەڵام پتر لە هەستێک (وەک هەستی دیتن و هەستی دەست لێدان) بەشداری لە کەوتنەکەیدا دەکەن. ژیر بە پرۆسەیەکی سێ قۆڵی لەچەند بیرۆکەیەکی سادە و ساکار بیرۆکە و

بۆچوونی لێکدراو دادەڕێژێ. پرۆسەکە لە لێکدان، بەراورد کردن و پەتی کردن (ئەبستراکت) پێکهاتووە.

پەتی کردن، یان ئەبستراکت پرۆسەیەکی ئالۆزە. بریتییە لە دابڕینی ڕوخسار- وێنە لە کەرەسە و بابەت، ئەو پرۆسەیە تەنیا هەر لە مێشکی مرۆڤدا ڕوو دەدات. مرۆڤ هەست بە خەسڵەتی جەوهەری لە یەکچوون لەنێوانیان دەکات لە کۆی ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتە لە یەکچووانەی نێوان ڕەگەزەکان وێنەیەک لە مێشکیدا، لەناخی دەروونیدا دەنەخشێنێ. بۆ نموونە کە مرۆڤ دەبێژێ: ئەسپ، ئەو زیندەوەرە ناگەیەنێ کە لە دەرەوەی مێشک و هزری مرۆڤدایە، بەڵکو ئەو وێنەیە مەبەستە کە هەرچی تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەموو ئەسپە ڕاستەقینەکانە کۆی کردۆتەوە و ئەوانەی لاوەکین دووری خستوونەتەوە و خستوونیەتە لاوە و لە خەسڵەتە گەوهەرییەکان لە مێشکیدا ڕەنگی وێنەیەکی ڕشتووە کە بەگشتی هەموو ئەسپە ڕاستەقینەکانی دەوروبەر دەگرێتەوە. ئەبستراکت و پەتی کردن دەکرێ بە هەنگاوێکی گرینگ لە پرۆسەی زانین دابنرێت. دوور ناڕۆین ئەگەر بێژین کەرەسە و بابەتەکانی بیرکاری و ئەندازە لە ئەبستراکت بەولاوە نین. دەبێ ژمارەکان ڕوخسارە ئەندازەییەکان: بازنە، هێڵ، سێ گۆشە چی بگەیەنن؟!

## جۆرەکانی زانین

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا زانین خۆی لەخۆیدا چییە و چەند جۆری هەیە، لۆک لە بەشی چوارەمی شاکاری Es-sayدا گوتوویەتی:

زانین وا دێتە بەرچاوم کە لەوە بەولاوە نەبێ: تێبینی و هەست کردن بە پێوەندی و پابەندبوون و Zu-sammenhang پێکەوە گونجان و بەیەکەوە هاتنەوە، یان نەگونجان و پێکەوە نەهاتنەوە و پێکەوە هەڵنەکردنی بیرۆکە و ئایدیاکانمان. تەنیا هەر لەوەدا زانین پێکدێت و دەکەوێتەوە. هەر کات و لە هەر شوێنێک ئەو تێبینی و هەست پێ کردنە هەبوو زانینیش دەبێ و پێکدێت(١٦). لەو قسەیەوە دەردەکەوێ کە زانین توندوتۆڵ بە چوار خاڵەوە بەندە و خۆیشی بەپێی ڕوخسار و ناوەڕۆکەکەی لە سێ جۆر پێکهاتووە:

**یەکەم:** وەک یەک و جیاوازی، لە یەکچوون و لەیەکتر جیابوون.

**دووەم:** پێوەندی نێوان بابەتەکان.

**سێیەم:** پێکەوە گونجان و پێکەوە هاتنەوە، یان بەناچاریی پابەندبوون بە یەکترییەوە، پێکەوە بوون.

**چوارەم:** بوونی ڕاستەقینە. ئەوەیان لە هەرسێکیان جیایە، چونکە هیچ جۆرە پێوەندییەکی نێوان دوو بیرۆکە و بۆچوون دەرنابڕێ. هەر بەپێی هەمان سەرچاوە و پشت ئەستوور بە پلەکانی زانین دەکرێ لەو بابەتەدا سێ جۆر زانین لەیەکتری جیابکرێنەوە:

**یەکەم:** زانینی بۆ هاتن intuitive ئەو زانینە لەوانی تر پتر جێگای بڕوا و دڵنیایی بوونە و خۆی لەخۆیدا بەڵگەنەویستە. مێشک بۆ خۆی ڕاستەوخۆ بەهۆی پێکەوە گونجان، یان پێکەوە نەگونجانی دوو بیرۆکە بە بێ یارمەتی بیرۆکەیەکی دیکە ئەو زانینەی دەستگیر دەبێ(١٧). بۆ نموونە مێشک هیچ پێویست ناکات پەنا بەرێتە بەر بەڵگە و سەلمێنە و ساغ کردنەوە بۆ ئەوەی بزانێ سپی هەر سپییە و ڕەش نییە.

**دووەم:** زانین بەهۆی سەلمێنەوە Demonstration ئەو جۆرە کاتێک دەکەوێتەوە کە ژیر مێشک پەی بەوە دەبات و دەزانێ کە بەبێ یارمەتی و ناوبژی بیرۆکەی دیکە ناتوانێ پێکەوە گونجان و پێکەوە نەگونجانی دوو بیرۆکە بزانێ. بۆ نموونە کاتێک ژیر ناتوانێ دوو بابەت پێکەوە بەراورد بکات، پەنا دەباتە بەر بابەتێکی تر ئەو پەنابردنە بەر بابەتی تر دەکرێ بە سەلمێنە و ساغ کردنەوە دابنرێت(١٨). ئەو پرۆسەیە لە بیرکاری و ئەندازەدا باوە و پشتی پێدەبەستری. ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بزانێ گۆشەکانی سێ گۆشەیەک ئەوەندەی دوو گۆشەی وەستاون پێویستی بە بابەتێکی تر هەیە بۆ ئەو پشت ڕاست کردنەوەیە. پەنا بردنە بەر گۆشەی دیکە لەو پرۆسەیەدا بە سەلمێنە Beweis ناودەبرێت.

**سێیەم:** زانینی هەستەکی: Sensitiv

ئەو جۆرە زانینە پێوەندی بە پەیبردن بە جیهانی دەوروبەرەوە هەیە، بەڵام لە دڵنیای لێکردندا ناگاتە ئاست و پلەی دوو جۆرەکەی دیکەی زانین(١٩).

– لە جیهانبینیدی ئیمپریزمی جۆن لۆکدا ڕەخنەکردنی بیرۆکەی زگماک و تیوری زانین (سنوور و توانای شت زانینی مرۆڤ، ئامرازی زانین) پشکی شێریان بەرکەوتووە، بۆیە دەکرێ لۆک بە ڕابەر و دامەزرێنەری ڕاستەقینەی تیۆری زانین دابنرێت. بەلای لۆکەوە مێشک، فام، تێگەیشتن Verstand بەهادارترین شتێکە کە بە مرۆڤ بەخشرابێ و هەر ئەوە ئەو پایە بەرزەی پێ بەخشیوە و لە بوونەوەرەکانی دیکە جودای

دەکاتەوە، بۆیە ئەوە دەهێنێ کە بکرێ بە بابەتی سەرەکی توێژینەوە. لۆک لە دەستپێک و سەرەتای شاکاری هەوڵێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ بەو جۆرە دەستی پێ کردووە: تێگەیشتن (مێشک) ئەوەیە کە مرۆڤی خستۆتە سەر هەموو جەوهەرە هەستکارەکانی دیکەوە و دەست ڕۆیشتوویی و دەسەڵاتی پێ بەخشیوە، بۆیە ئەو تێگەیشتنە ئەو بابەتەیە کە بە هۆ و سایەی پلەوپایە بەرزەکەیەوە شایستەی ئەوەیە لێوەی بکۆڵرێتەوە..

ئەوەیە یەکەم هەنگاوی دەستپێکی ڕاستەقینەی تیوری زانین کە لەم سەردەمەماندا شان بە شانی لۆژیک بووە بە بابەتی سەرەکی فەلسەفە. بۆیە زانین پرۆسەیەکە لە پەی بردن بە پێکەوە گونجان، یان پێکەوە هەڵنەکردنی بیرۆکە و بۆچوونەکانمان کە بەهۆی بڕیاردان دەردەبڕدرێ، بەولاوە نییە.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- B. Russell.: Philosophie des Abend-Landes. Munchen 2000. S.605.**

**2- Franz Schupp.: Geschichte der Philosophie im Uberblick Bd.3. Neuzeit Meiner- Hamburg 2003. S.195.**

**3- John Locke.: Versuch uber den menschlechen Verstand. Bd. I. Buch I und II. Meiner Hamburg. 2006. S.7. ff.**

**4- Rainer spech.: John Locke. Munchen. 1989. S.31. ff.**

**٥- دەمەوێ خوێنەر لەوە ئاگادار بکەم کە وەرگێڕی ئەڵەمانی ئەو شاکارەی جۆن لۆک لەجیاتی وشەی Essay وشەی ئەڵەمانی هەوڵی Versuch داناوە. لەبەر ئەوەی من پشتم بە وەرگێڕانە ئەڵەمانییەکە بەستووە، بۆیە وشەی (هەوڵ)م نووسیوە.**

**6- Dr. Harald Hoffding.: Geschichte der Neuen Philosophie Leipzig 1921. S.381.**

**7- John Locke.: Ebenda. S.29. ff.**

**8- Robert Reininger.: Locke, Berkeley, Hume. In: Geschite der philosophie in Einzeldarstellung. Abt. V. Bd. 22-23. Munchen 1922. S.24 ff.**

**9- John Locke.: Ebenda. S. 31. ff. auch. S.81.**

**10- John Locke.: Ebenda. S.30.**

**١١- د. كريم متي: الفلسفة الحديثة. ليبيا- بنغازي. ط٢، ٢٠٠١، ص١٥٥.**

**١٢- جۆن لويس: مدخل الى الفلسفة. ترجمة: أنور عبدالملک بيروت. ط٤، ١٩٨٣، ص١٠٦.**

**13- John Locke.: Ebenda. B.II. para. 2. S.108.**

**14- John Locke: Ebenda. B. II. Para. 3-1.**

**15- Johannes Hirschberger.: Geschichte der Philosophie. Bd. 2. Komet. 1980. S.204 ff.**

**16- John Locke.: Ebenda. B. IV. Para. 2-3. S167. ff.**

**17- John Locke.: Ebenda. B. IV. Kap. II- 1. S. 174.**

**18- John Locke.: Ebenda. B. IV. Kap. II. 2. S. 176.**

**19- John Locke.: Ebenda. B. IV. Kap. 14. S.184.**

**هەروەها بڕوانە:**

**- وليم كلى رايت: تأريخ الفلسفة الحديثة. ترجمة: محمود سيد أحمد. مراجعة: د. إمام عبدالفتاح إمام. المجلس الاعلى للثقافة ٢٥٧. القاهرة- ٢٠٠٥، ص١٦٩ فما بعد.**

**- فردريک كويلستون: تأريخ الفلسفة- المجلد الخامس. ترجمة: محمود سيد أحمد. مراجعة: د. إمام عبدالفتاح إمام. المجلس الاعلى للثقافة ٤٥٥. القاهرة- ٢٠٠٣، ص١٤٩ فما بعد.**

**20- John Locke.: Ebenda. B. I. Einleitung. S.22.**

# جۆرەکانی واتا (*)

لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

باشــتــرینی ئەو تویژینەوانەی کــە پۆلێنکردنی واتا و لقوپۆپەکـانی و گـفـتـوگـۆکـردن لەسـەر بەشـەکـانی و ئەو بنەمـایانەی کە پۆلێنکردنەکە پشـتی پێ بەسـتـووە، ئەو تویژینەوانەن کە زانایانی (ئوسوڵ) لە بواری واتاسازی و تویژینەوە زمانەوانییەکانی واتا و جۆرەکانیدا ئەنجامیان داوە، نەخـاسـمـە ئەو زانیـاریـیـانەی کـە لە تـوێی هەردوو زانستی واتاسـازی و پراگـمـاتیکدا باس کـراون، ئێـمـەش لێـرەدا جـۆرەکـانی واتا لای ڕۆژئاواییـیـەکـان، پاشـان جۆرەکانی واتا لای زانایانی ئوسوڵ باس دەکەین.

**١ – ١: جۆرەکانی واتا لای ڕۆژئاواییەکان**

ئێـسـتـا لە زمـانەوانی نوێدا تەمـاشـای پراگـمـاتیـکی زمـانەوانی ناکرێ، کە پرۆسەیەکە پشـتی بە توخمەکانی (الوضـعـیـة – دانان) بەسـتـووە، بەڵکو مـەسـەلەیەکی ڕوونە، کە پاش دەرکەوتنی پراگماتیک، گوێگران ناتوانن بگەنە ئاسـتـی پرۆسـەی گـوتارێکی سـەرکـەوتوو، بەبێ پەنابردنە بەر توخمـە لۆژیک و پراگـمـاتیکیـیـەکـەیە. بەم شـێـوەیە ئیـتـر تێـڕوانین بۆ پرۆسـەی پـراگـمـاتیـک پێـشکەوت، واتە لە چوارچێـوەی کردەی جیـابوونەوە و پێکهـێـنانی بنیـادە دانراوەکـانی (فـەرهەنگی و ڕێزمـانییـەوە) بۆ پرۆسەیەکی هەڵهێنجان گوازرایەوە، کە بنەماکانی پراگماتیک سنووررێژی دەکات و سێ توخمی سەرەکی ئاوێتەیان دەبێ:

دانراوە زمانەوانییەکان linguistic conventions و کردە لۆژیکییـەکان logical processes و بنەمـاکـانی پـراگـمـاتیـک principles of conversation و هەر یەکـێکیـان بە مـانایەکـەوە پەیوەستن، کـە لە ژیانی ڕۆژانەمـاندا بەکـاریان دەهێنین، دانراوە زمـانەوانییـەکـان پەیوەسـتـە بە واتاکـانی دەنگی(بۆ نموونە بە مـانا ڕاسـتـەقـینەکـانی زمـان) و ئەو ڕێژە دەرەکـیـیـانەی کـە ڕسـتـەکـان لە دەرەوە ئامـاژەیان بۆ دەکـەن، هەرچی کـردە

لۆژیکییەکانە، ئەوە پەیوەستە بە (گرتنەوە) و (گریمانەکراو)، بەڵام بنەماکانی پراگماتیک بەستراوەتەوە بە چەمکە گوتارییەکان، یان بە ئەنجامە نادانراوە لۆژیکییەکانەوە. بێ گومان ئەم پێشفەچوونانەی سەبارەت بە فرەوانکردنی تێڕوانینەکانی کردەی پراگماتیک بەو شێوازەی کە باسمان کرد، وامان لێدەکات کە جارێکی تر چاو بە چەمکی پێویستی زمانەوانی و پراگماتیک بخشێنینەوە، بەشێوەیەک کە زۆر مەعقولە لەو باوەڕەدابین کە هیچ کەس توانای بەکارهێنانی زمانی نییە، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێ، کە بتوانێ:

(أ) لە بەکارهێنانی دانانە زمانەوانییەکان (فەرهەنگییەکان و ڕێزمانییەکان)دا شارەزایی تەواوی هەبێت.

(ب) توانای عەقڵی وای هەبێ کە وای لێ بکات، ئەو کردە لۆژیکیانەی کە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامەکان پێویستی پێیەتی، بە تەواوەتی جێبەجێیان بکات.

(ج) (بنەماکانی پراگماتیک) شارەزا بێت، بە شێوەیەک کە بتوانی چەمکەکانی پراگماتیک هەڵهێنجێ، ئەمەش شرۆڤەیەکە بۆ بێ دەسەڵاتکردنی کۆمپیوتەر لەوەی بتوانێ زمانی سروشتی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکات و وەکو مرۆڤ فێری زمانە سروشتییەکەی مرۆڤ ببێت، هەرچەندە کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی تری هاوشێوەی توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ واتا بۆ دانراوەکان و لۆژیکییەکاندا هەیە، کەچی ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ (بنەماکانی پراگماتیک)دا بکات، چونکە یاساڕێژکردنی سەختە و سروشتێکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆزی هەیە.


**١ - ١ - ١: جۆرەکانی واتا لای گرایس**

پۆلێنکردنی واتا لای (گرایس) تۆزێک تەمومژاوییە، ئەم تەمومژاوییەش لەو کۆششانەدا ڕەنگی دایەوە کە زمانەوانەکان بۆ نیگارکردنی لقوپۆپی ئەم پۆلێنکردنە ئەنجامیان دا، لە گرنگترین ئەو هەوڵانەش هەوڵەکانی هەردوو زانا [ڕۆبێرت هارنیش«١» (بڕوانە: وێنەی«١»)، و (جیرۆڵد سادۆک«٢»)] (بڕوانە وێنەی«٢»).

دابەشکردنەکە درەختەکەی (سادۆک) سەبارەت بە جۆرەکانی واتا زۆر لە بۆچوونەکانی (گرایس) نزیکە، ئەگەرچی واتای لۆژیکی لە پۆلێنکردنەکەی گرایس ڕوون نەکراوەتەوە. هەرچی چۆنێک بێت هەردوو دابەشکردنەکە کۆکن لەسەر دابەشکردنی واتا بۆ گوتراو و چەمک و دابەشکردنی چەمکیش بۆ دانراو و نادانراو و دابەشکردنی نادانراویش بۆ پراگماتیکی و ...تاد، هەروەها دابەشکردنی چەمکی پراگماتیکی بۆ گشتی و تایبەتی، هەرچەندە (گرایس) ئاماژەی بە هەمان ئەو شتە نەکرد کە (هارنیش) و (سادۆک) لە دابەشکردنەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ کردبوو، سەبارەت بە هەمان مەبەستی نادانراوی ناپراگماتیکی، ئەوە ئیتر دابەشکردنی لۆژیکی بابەتەکە وامان لێدەکات کە بە دوای سەرجەم ئەگەرەکاندا بچین. ئەو هێڵە دابڕاوەی کە ئاماژە بۆ ئەم جۆرەی چەمکی درەختەکەی هارنیش دەکات، مەبەستی ئەوەیە ئەم چەمکە ئەگەرانەیە و چەمکێکی ڕاستەقینە نییە، لە داهاتووشدا هەریەک لەم جۆرانەی واتا لای (پۆل گرایس) دەخەینەڕوو.


**وێنەی (١)**

**درەختی هارنیش بۆ پۆلێنکردنی واتا لای (گرایس)**



وێنەی (٢)

درەختی سادۆک بۆ پۆلێنکردنی واتا لای (گرایس)



**١ - ١ - ١ - ١: واتای دانراو (یان گوتراو)**

(پۆل گـرایس) Paul Grice دوو واتای سـەرەکی لە یەکتر جیادەکاتەوە: گـوتراو و چەمک، مەبەستیش لە گـوتراو (یان مـانای دانراوی ڕستـە) کـرۆکـە واتاسازییەکەیەتی کـە لە کـۆمـەڵە واتایەکی ڕێزمـانی (وشەسازی، ڕستەسازی) و مانا فەرهەنگییەکانی کە لە ناویدان پێکدێت، کە هەموو ئاماژە بە ڕێژە دەرەکییەکەی دەکـەن کـە لە دەرەوەی مـێشـکدان، هەروەها دەستنیشانکردنی کات و ئەو سەرچاوانە دەستنیشـان دەکـات، کـە گـوزارشـتـە ئامـاژەدارەکـان حـەواڵەیان دەکـرێت(٣). زمـانەوانەکـان بەگـشـتی لەسـەر ئەوە ڕاهاتوون کـە واتای ڕستـەی دانراو لە ڕووی دەرەکییەوە یەکسـان دەبن، یان ڕاستی و دروستی ڕسـتـە بە مـەرج وەربگرن، هەروەک لە زمـانەوانیـدا ناسـراوە. دەتوانین نموونەی(١) لەم بارەوە بهێنینەوە: لە حـاڵەتێکدا ئەمـە ڕاست دەبێت کـە بەریتـانیـا شـاژنێکی هەبێت و لە دەوڵەمەندترین ئافرەتانی جیهـانیش بێت، ئەم مانایەش لە کۆی ئەو مـانا ڕێزمانی و فەرهەنگییانەوە دەستەبەر دەبێت کـە لە دووتوێی ڕسـتـەدا هەیە و پێـویسـتی بە هەڵهێنجان ناکات، تا پەی بە واتاسازییە لۆژیکییەکـان بەرێت و پشت بە بنەما پراگماتیکییەکان ببەستێت.

(١) شـاژنی بەریتـانیـا یەکـێکە لە دەوڵەمـەندترین ئافرەتانی جیهان.

واتای دانراو هەروەکو (گراندی) ئاماژەی بۆ دەکات کە هەڵوەشـاندنەوە، یان پووچەڵکردنەوە بەبێ پێـچـەوانە بوونەوە پەسـەند ناکات،(٤) چونکە لەو کاتەدا ناتوانین گوزارشتی، یان ڕستەی (٢) بخەینە سەری، بەبێ ئەوەی لە نێوان (١) و (٢)دا تووشی پێچەوانە ببین.

(٢) بەڵام هەژارە.

جـا ئەگـەر ئێـمـە پێـوەری پەسـەندکـردنی ئەم لابردنە بچەسـپێنین، ئەویش بۆ دۆزینەوەی واتا دانراوەکە، بەم شێـوەیە ئیـتـر هەریەک لە (گـرتنەوە) و (گریمانەکـردن) دەچنە چوارچێوەی پێناسـەکردنی واتا دانراوەکەوە. واش پێـدەچی کە زۆربەی زۆری زانا ئوسـوڵیـیـەکـان کـاتێک دانیـان بەوە دانا،کـە واتای (گـرتنەوە) هەروەک واتا دانراوەکـــەیە، هەرچەندە (ڕازی) و هەوادارانی دژ بەم بۆچوونەبوون(٥)، چونکە گرتنەوە و گریمانەکردن بەهەمان شێوە هەڵوەشاندنەوە پەسەند ناکەن، لە شوێنی خۆشیاندا باسیان لێوە دەکەین.

بەم شێوەیە مەبەستی گرایس لە (گوتراو ) ناوەرۆکی لۆژیکی وتە زمـانەوانیـیـەکـەیە، یان ئەو مـەسـەلە دەرەکـیـیـەیە، کـە لە دەرەوە ئامـاژەی بۆ دەکـات، هەر شتێکیش کە لەم لایەنگیرییە دەرەکییە بەدەر بێ، ئەوە دەچێتە چوارچێوەی (چەمک)ەوە، مەسەلەیەکی ڕوونیشە کە پێناسەکردنی چەمک لای ئەو پێناسەیەکی نێگەتیڤە و کـۆمـەڵێکی نەگونجاو لە واتاکـان هەڵدەگرێ و تەنیا لەوەدا کۆدەبنەوە کە ناچنە چوارچێوەی گوتراوەوە.(٦)

هەروەها (هۆرن) ئەو جیـاکـردنەوەی کـە (گـرایس) لە نێـوان گـوتراو و چەمک دەیکات، دەیبـەسـتـێـتـەوە بە جیـاکردنەوەی تەقلیـدی لە نێوان شێوازی ڕستـەکە بە لایەنگیرییە دەرەکییەکەوە بەستراوەتەوە و ئەو کرۆکەی کـە بە لایەنە دەرەکـیـیـەکـەوە نەبەسـتـراوەتەوە.(٧) لە لایەکی ترەوە جیـاکـردنەوەی گـوتراو و چەمک بە هەمـان شێوە بە واتاسازی و پراگماتیکەوە پەیوەستە، چونکە لە کاتێکدا کە یەکەمیـان سەر بە واتاسازییە، کەچی ئەوی تریان لە چوارچێوەی پراگماتیکدایە.

گرایس هەندێک پێوانە دەخاتەڕوو، کە بە شێـوەیەکی ڕوون، چەمکی پراگـمـاتیـکی لە گـرتنەوە، هەروەها لە واتای لۆژیکی و دانراو جـیـادەکـاتەوە ، دەکـرێ بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی بکەینەوە:

(أ) چەمکی پراگـمـاتیـکی پێـویسـتی بە تێـرامـان هەیە،(٨) کە بنەماکانی هاریکاری کۆنترۆڵی دەکات.

(ب) توانای هەڵوەشـاندنەوە، یان پووچەڵکردنەوەی هەیە(٩)، ئەمـەش مـانای ئەوەیە کـە دەشێ پووچەڵ بکرێتـەوە، هەروەک لە (٣)دا هەیە کـە چەمکی (٤)ی لێـوە پەیدا دەبێت، کـە دەتوانرێت هەڵـبـوەشرێتـەوە، یان پووچەڵ بکرێتـەوە، هەروەک لە (٥)دا هەیە، ئەویش بە پێچەوانەی گرتنەوە، کە ناتوانرێت ئەم کارەی تێدا ئەنجام بدرێت، بەبێ بوونی دژاودژی (پێـچەوانەیی)، هەروەک لە (٦)دا هەیە، کە پێوبستە گرتنەوەی (٧)ی تێدا بێت، لەبەر ئەوە ناتوانین ئەو شـتـانە هەڵوەشـێنیـتـەوە کـە لە ناوەرۆکـیـاندا هەن، کـاتێک کـە دەڵێین (٨)، مـەگـەر بە بوونی پێـچـەوانەیی و دژاودژی لە نێـوان (٦) و (٧) نەبێ.

(٣) ئەحمەد دوو ئۆتۆمبێلی هەیە.

(٤) ئەحمەد تەنیا دوو ئۆتۆمبێلی هەیە.

(٥) ئەحمەد دوو ئۆتۆمبێلی هەیە، نەخێر سێی هەیە.

(٦) قابیل هابیلی کوشت.

(٧) هابیل مرد.

(٨) قابیل هابیلی کوشت، بەڵام هابیل نەمرد.

(ج) لێک جیابوونەوە پەسەند ناکات،(١٠) مەبەست لەم گوزارشتە ئەوەیە کە شێوازی وشەکە لە رووی ئاخافتنەوە گۆڕانکاری بەسەردا بێت لەگەڵ هێشتنەوەی ماناکەی وەک خۆی، ئەم حاڵەتەش نابێتە هۆی هەڵوەشانەوەی چەمکە پراگماتیکییەکە. ئەویش لەبەر ئەوەی بە ماناوە بەستراوەتەوە و هیچ پێوەندییەکی بە ئاخافتنەوە نییە، هەر گۆڕانکارییەکیش لە وتەکانی (٩) بۆ وشەکانی دی کە لە توانایدا هەبێت نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی چەمکەکانی لە (١٠)دا(١١).

(٩) مەڕومالاتی لەوەڕگا زەکاتی لەسەرە.

(١٠) مەڕومالاتی دابەستە زەکاتی لەسەر نییە.

(د) ئەمە بەشێک نییە لە شێوازە گوتراوەکە، واتە دانراو نییە، لەبەر ئەوە گوتراوەکە لەوانەیە ڕاستگۆبێت و چەمکەکەش درۆ بێ(١٢).

(هـ) لە گوتراوەکە وەرناگیرێت، بەڵکو لەو ڕێگەیەوە وەردەگیرێت کە پێی دەدرکێنرێ(١٣).

(و) ئەوە مەزندەی واتاییە(١٤).

(ز) توانای جەختکردنی هەیە، مەبەستیش لەمە توانای جەختکردنە لەسەر ئەو چەمکەی کە لە وتەکەوە وەردەگیرێ، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو قسەی بێ سوودەوە، دەشتوانین بە ژمارە (١١) نموونە بهێنینەوە کە ژمارە (١٢)ی لێ هەڵدەهێنجین، چونکە لەوێ ئەم جەختکراوەیەی خرایە سەر (نەک لە مەڕە دابەستەکراوەکان) لە ژمارە (١٣) بەبێ ئەوەی زیادەکە تەنیا پڕکردنەوە بێ، بەپێچەوانەی گرتنەوە کە جەختکردنەوە لەسەری دەبێت، هەر پڕکردنەوە بێت هەروەک لە ژمارە (١٥)دا جەختمان لەسەری کردەوە، کە بە واتای گرتنەوە چەمکرێژکراوە لە (١٤)، ئەویش کاتێک (١٦) دەڵێین: ئەمەش دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی گوزارشتەکە بە قسەیەکی زیاد و ناپەسەند.

(١١) مەڕومالاتی لەوەڕگا زەکاتی لەسەرە.

(١٢) مەڕومالاتی دابەستە (بە ئالیک بەخێوکراو) زەکاتی لەسەر نییە.

(١٣) لە مەڕومالاتی لەوەڕگا، نەک لە مەڕومالاتی بەخێوکراو بە ئالیک زەکات هەیە.

(١٤) قابیل هابیلی کوشت.

(١٥) هابیل مرد.

(١٦) پاشان هابیل مرد.

### ١ - ١ - ٢: واتای لۆژیکی

واتای لۆژیکی دوو جۆر واتا هەڵدەگرێت، کە گرتنەوە و گریمانەکردنە.

### ١ - ١ - ١ - ٢ - ١: گرتنەوە:

لەسەر پرسێک وەک (ق) ڕاست دەردەچێت لە ناوەڕۆکیدا (ک)ی تێدا هەبوو، ئەوە لەو حاڵەتەدا هەر کاتێک (ق) بەدی کرا، ئیدی (ک)یش بەدی دەکرێت، لەبەرئەوە گرتنەوە پێوەندی نێوان دوو ڕستەی (ق) و (ک)ە، بەجۆرێک لەم حاڵەتەدا هەر (ک)ێک، (ق)ی تێدایە، ئەویش لە کاتی بوونی (ک)ێکی ڕاستگۆ، پاش بوونی (ق)ی ڕاستگۆ، بۆ نموونە (١٧) و (١٨) لێرەدا دەبینین کە (ق) (١٧)، (ک) (١٨)ی تێدایە، بە شێوەیەک کە (١٧)یەکی ڕاستگۆ هەبوو، ئەوە (١٨)ی ڕاستگۆش بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتو (ق) درۆزن بوو – بەوەی کە قسەکەرەکە سەگێکی نەبینی– ، ئەوە ئەو ساتە مەرج نییە کە (ک) وا بێت، بەڵکو لەوانەیە (ک) ڕاستگۆ بێت، ئەگەر قسەکەرەکە ئاژەڵێکی دیکەی بینی، یان لەوانەیە درۆزن بێت ئەگەر هەر هیچ ئاژەڵێک نەبینێت.

(١٧) سەگێکم بینی.

(١٨) ئاژەڵێکم بینی.

### ١ - ١ - ١ - ٢ - ٢: گریمانەکردن

گریمانەکردن ئەو پێوەندییەی نێوان (ق) و (ک)ە، لەم کاتەدا (ق) (١٩) وا گریمانەی (ک) (٢٠) دەکات، ئەویش لە حاڵەتێکدا کە (ک) ڕاستگۆیە، جا ئیتر ئەو (ک) (٢٠)ە، لە (ق)دا ڕاستگۆ بێت، هەروەک لە (١٩)دا هەیە، یان درۆزن بێت، هەروەک لە (٢١)دا بەدی دەکرێت.

(١٩) سەلیم وازی لە جگەرەکێشان هێنا.

(٢٠) سەلیم جگەرەی کێشا.

(٢١) سەلیم وازی لە جگەرەکێشان نەهێنا.

گریمانەکردن چەمکێکە زۆر تێکەڵە بە چەمکی گرتنەوەوە، تەنانەت هەندێ لە زانایان وا پێناسەی دەکەن، کە «گرتنەوە بە نەرێ کاریگەر نابێ)(١٥)، ئەمەش مانای وایە کە هەریەک لە (١٩) و (٢١) (هەرچەندە دووەمیان یەکەمیان ڕەت دەکاتەوە)، کەچی وا گریمانە دەکات کە سەلیم جگەرەی دەکێشا.

جا هەرچەندە من لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا هۆکاری ئەو دیاردەیەم بەرچاونەکەوت، کە گریمانەکردن بۆچی (ڕەتکردنەوە ـ نەرێ)ی تێدا نییە، بەڵام گرتنەوە کاریگەرە پێی، وا پێدەچێ کە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە گریمانەکردندا بۆ نموونە (٢٢) لە (٢٣)

و (٢٤) پێکدێت، بەشێوەیەک کە یەکەمیان لە ڕووی کاتەوە لە پێشترە و دووەمیشیان لە ڕووی لۆژیکییەوە لە پێشترە، بە جۆرێک کە چەسپاندنی دووەم پێویستی بە چەسپاندنی یەکەم هەیە، چونکە گوزارشتەکەی پاشتر بەجێ نایەت، مەگەر بە گوزارشتەکەی پێشتر نەبێت، بەڵام ڕەتکردنەوەی دووەم هەروەک لە (٢٥)دا نابێتە هۆی ڕەتکردنەوەی یەکەم، کە (٢٣)یە، چونکە لەوانەیە ئەوەی پێشوو بچەسپێنێ، بەبێ بوونی پاشکۆیەکە.

(٢٢) عەلی جگەرەکێشانی ڕاگرت.

(٢٣) عەلی جگەرەی کێشا.

(٢٤) عەلی جگەرەکێشانی واز لێ هێنا.

(٢٥) عەلی جگەرەکێشانی واز لێ نەهێنا.

بەڵام لە حاڵەتی گرتنەوە، ئەوە یەکەمیان (٢٧) پێشتر نییە و بۆ دووەمیش (٢٨) بە هەمان شێوە نابێتە پاشکۆ، چونکە پلەداری لە نێوانیاندا دەستەبەر نابێت، بەڵکو پێوەندییەکەی نێوانیان پێوەندی تایبەتییە بە گشتییەوە، هەروەها ڕەتکردنەوەی تایبەتە هەروەک لە (٢٩)دا دیارە، کە ڕەتی گشتییەکە (٣٠) ناکاتەوە، چونکە نەبینینی سەگەکە، نەبینینی ئاژەڵێکی دی ڕەت ناکاتەوە، چونکە لەوانەیە پشیلەیەک، یان ئاژەڵێکی بینیبێ، بەڵام لە حاڵەتی چەسپاندندا، ئەوە کاریگەرییەکەی بەرکەوتووە، چونکە چەسپاندنی تایبەتەکە (٢٧) وا پێویست دەکات کە گشتییەکەش (٢٨) بچەسپێنێت، بینینی سەگەکە وا پێویست دەکات کە ئاژەڵێک بینرابێت.

(٢٦) سەگێکم بینی.

(٢٧) سەگێکم نەبینی.

(٢٨) ئاژەڵێکم بینی.

(٢٩) سەگێکم نەبینیوە.

(٣٠) ئاژەڵێکم نەبینیوە.

**١ - ١ - ١ - ٣: چەمک**

گرایس چەمک دابەش دەکاتە سەر دوو بەشەوە، چەمکی دانراو و چەمکی پراگماتیکی.

**١ - ١ - ١ - ٣ - ١: چەمکی دانراو**

ئەم جۆرەی واتا بە چەمک ناوزەد دەکرێت، ئەویش بۆ جیاکردنەوەی لە گوتراوەکان، هەروەها وا وەسف دەکرێ کە دانراوە بۆ جیاکردنەوەی لە چەمکە پراگماتیکییەکەی، کە لە تەوەری داهاتوودا باسی دەکەین. مەبەست لە چەمکی دانراو «هەموو ئەو گوتانەیە کە بە شێوازەکەی خۆی واتاکە دەگەیەنێت، بەڵام ناچێتە ژێر ئەو مەسەلە دەرەکییەی کە ئاماژەی بۆ دەکات»، (١٦) تاکو دەرەنجام لە ڕیزی گوتراوەکاندا هەژمار بکرێت. یەکێک لە نموونەکانی چەمکی دانراو ئەو شتانەن کە لە وتەکەوە هەڵدەهێنجرێن (٣١)، کە ئەویش ڕاست و دروستی گوتراوەکەی بە مەسەلە دەرەکییەکە سنووردار دەکات (واتە ئەو مانایەی کە لە واقیعە دەرەکییەکە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر (د.خ) هەژار و ئەمین بووە، یان نە)، ئەم مانایەش لەگەڵ گوتەی (٣٢) هاوواتایە، بەڵام ئەو زانینەی کە (بەڵام) ئاماژەی بۆ دەکات، هیچ پێوەندییەکی بە گوتراوی گوتەکەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە چەمکە دانراوەکەوە هەیە.

(٣١) محەممەد (د.خ) هەژاربوو، بەڵام ئەمین بوو.

(٣٢) محەممەد (د.خ) هەژار و ئەمین بوو.

بەم شێوەیە (٣١) دەلالەت دەکاتە سەر مانایەک، کە ناچێتە ناو چوارچێوە دەرەکییەکەوە، بەڵام لە چەمکی چەند توخمێکی زمانەوانی گوتراو وەرگیراوە، کە بەشێک لە شێوازی ڕستەکە پێکدەهێنن، کە توخمی (بەڵام)ە و دەلالەت دەکاتە سەر (زانینی).

بەپێی قسەکانی (گرایس) هۆکاری دانەنانی ئەم مانایە بە گوتراوێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر یەکێک (٣٣) بەکاربهێنێت، مەرج نییە وتبێتی: ئەو کەسەی قسەی لەبارەیەوە دەکەی، کەسێکی ئینگلیزە و سیفەتی ئازایەتی تێدایە، هەرچەندە ئەگەر قسەکردنەکەشی ئەم مەبەستەش بگەیەنێت.

(٣٣) کەسێکی ئینگلیزە، کەواتە ئازایە. (١٧)

لەوانەیە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی چەمکی دانراو کە لە چەمکی پراگماتیکی جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە لە ژێر تیشکی بنەماکانی پراگماتیکیدا شرۆڤە ناکرێ. (١٨) بەڵکو مانایەکەی ئاشکرایە بەبێ زانینی دەوروبەرەکەی، جا سەبارەت بەوەی چەمکە و گوتراو نییە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ناچێتە ژێر مانای دەرەکی گوتەکە. هەروەک پێشووتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەر کەسێک کە بە وردی لەو نموونانەی گرایس بکۆڵێتەوە، تێبینی ئەوە دەکات کە بەستراوەتەوە بە هەندێک ئامراز، یان هەندێ پیتی واتایی، واتە بە واتای دانراوی ئامرازەکانەوە بەستراوەتەوە.

**١ - ١ -١- ٣ - ٢: چەمکی پراگماتیکی**

مەبەست لە چەمکی پراگماتیکی هەموو ئەو شتانەیە کە لە گوتەوە هەڵدەهێنجرێ، سەرباری ئەو مەسەلە دەرەکییانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن ـ ئەویش بە پشت

بەستن بە بنەماکانی پراگماتیکی نەک بە گەڕانەوە بۆ واتا دانراوەکان، یان بۆ دەرئەنجامە لۆژیکییەکان. چەمکی پراگماتیکی لەسەر ئەو گریمانەیە بەندە کە بەشدارییەکانی قسەکەران بە یەکەوە بەستراون و بە بنەماکانی هاریکاریشەوە سنووررێژکراون، کەوا پێویست دەکات هەریەک لە قسەکەر و گوێگرەکە هەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی پراگماتیکی سەرکەوتوو، جا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئاستە، هەریەک لەوانە فەرمانی خۆی بەپێی ئەو بنەمایانە جێبەجێ دەکات، هەروەها فەیلەسووفی زمانەوانی (پۆڵ گرایس) بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو بنەمایانە دەخاتەڕوو:

١-بنەمای چەندێتی:

(أ) تەنیا بەپێی پێویست قسە بکە (بەو ڕادەیەی کە جێبەجێ کردنی مەرامەکانت لە پرۆسەی قسەکردنەوە بۆ دەستەبەر دەبێت).

(ب) سنووری پێداویستییەکانت لە قسەکردندا مەبەزێنە.

٢ - بنەمای چۆنیەتی:

(أ) ئەو شتانە مەڵێ کە پێت وایە درۆن.

(ب) ئەو شتانە مەڵێ کە زۆر پێویستییان بە بەڵگە هەیە.

٣-بنەمای شێواز:

(أ) دووركەوتنەوە لە گوزارشتی تەمومژاوی

(ب) دووركەوتنەوە لە تێکهەڵکێشی

(ج) قسەت کورت بکەوە (زۆر وێژ مەبە).

(د) با قسەکانت ڕێکوپێک بێت.

٤- بنەمای بۆنە (پێوەندی):

با قسەکانت لەگەڵ دەوروبەری قسەکانتدا گونجاو بێت. (١٩)

جا گرنگی ئەم بنەمایانە لەوەوە دەردەکەوێت، کە گوێگرەکە وا گریمانە دەکات کە قسەکەرەکە دوای دەکەوێت، لەبەر ئەوە دەرەنجامەکەی لەسەر ئەم گریمانەیە دادەمەزرێت. هەر کاتێک قسەکەرەکە ئەم وتەیەی (٣٤) درکاند، ئەوە گوێگرەکە ـ لەسەر بنەمای چەندێتی ـ کە لەیلا هەمــوو نانەکــەی نەخــواردووە. لەبەرئەوەی گــەر مەبەستەکە ئەوە بێ کە لەیلا هەموو نانەکەی خواردووە، ئەو قسەکەرەکە دەیگوت، چونکە ئەو بەپێی بنەمای چەندێتی پابەندە بەوەی کە بەپێی پێویست قسە بکات.

(٣٤) لەیلا هەندێک لە نانەکەی خوارد.

(٣٥) لەیلا هەموو نانەکەی نەخوارد.

بەم شێوەیە چەمکی پراگماتی (٣٥) لە واتا دانراوەکانی ڕستەوە (٣٤) هەڵناهێنجرێت، چونکە لەم ڕستەیەدا هیچ مانایەکی فەرهەنگی، یان ڕێزمانی یان پێکهاتەیی، یان شێوازی بەدی ناکرێت، کە توانای ئەوەی هەبێت بدرێتە پاڵی، جگە لەوەش دەرەنجامێکی لۆژیکیش لە (٣٤) نییە، چونکە گرتنەوە، یان گریمانەکردنی لە ناویدا نییە، بەڵکو دەرەنجامێکی وەرگیراوە لە بنەماکانی ئەو هاریکارییەوە، کە پرۆسەی پراگماتیکەکە سنووررێژ دەکات، بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەمە پرسێکە پێویستی بە ڕەدووکەوتنی بنەمای چەندێتییەوە هەیە.

هەروەک لێرەدا تێبینی دەکەین چەمکی دانراوی (هەروەها واتای دانراو) بە ڕوونی لەگەڵ چەمکی پراگماتیکی جیاوازی هەیە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە یەکەمیان ڕەمەکییە (واتە پێوەندی نێوان ئاخافتنەکە و واتاکەی خودی نییە، هەروەها لۆژیکیش نییە، بەڵکو ڕەمەکییە و تەنیا دەکەوێتە ژێر باری بابەتە زمانەوانییەکان، کە زمانەوانان دەیناسن)، لە کاتێکدا کە هەڵهێنجانی دووەمی گوتەکە بەوە سەردەگرێت کە چەند پرۆسەیەکی عەقڵی جێبەجێ دەکات. (٢٠)

سەرباری ئەو قسانەی پێشوو، سنوورەکانی نێوان چەمکی پراگماتیکی و واتای لۆژیکی و واتای دانراو بە ڕوونی و ئاشکرایی دەمێننەوە، هەروەها چۆمسکی نموونەیەکی هێنایەوە کە گریمانەکردن و چەمکی پراگماتیکی و واتای دانراو کۆدەکاتەوە، کە وتەی (٣٦)ە، کە لێرەدا وا گریمانە دەکرێت قسەکەرەکە پێنج منداڵی هەیە، چەمکەکەش دەلالەتی ئەوەی هەیە کە سێ لە منداڵەکانی لە قوتابخانەی سەرەتاییدا نین، واتاکەشی بە ڕوونی دانراوە و دەلالەت دەکاتە سەر ئەوەی کە دوو لەو پێنج منداڵەی لە قۆناغی سەرەتاییدان.

(٣٦) دوو منداڵ لەو پێنج منداڵە لە قوتابخانەی سەرەتایین(٢١).

### ١ ـ ١ ـ ١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١: چەمکی پراگماتیکی گشتی و چەمکی پراگماتیکی تایبەتی

جیاوازی سەرەکی لە نێوان چەمکی پراگماتیکی گشتی و چەمکی پراگماتیکی تایبەتی ئەوەیە کە یەکەم بەبێ دەوروبەر هەڵدەهێنجرێت، کەچی دووەمیان تەنیا بەهۆی دەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێت. جا بە پێچەوانەی چەمکی پراگماتیکی تایبەتەوە کە نموونەکانی چەمکی

پراگماتی پێشوو بۆ ئەویش هەر بە نموونە دادەنرێت، هەروەک (گرایس) دەڵێت: زۆر سەختە چەند نموونەیەک بدۆزینەوە کە ناکۆکی سەبارەت بە چەمکی پراگماتیکی گشتی تێدا نەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لەگەڵ چەمکی دانراو تێکهەڵکێشە. جا لەو نموونانەی کە (گرایس) سەبارەت بە چەمکی پراگماتیکی گشتی باسی کردووە ئەوەیە، کە لە (٣٧)دا هاتووە، هەر یەکێک ئەم ڕستەیە بەکاربهێنێت، وای لێ تێدەگات، ئەو ئافرەتەی کە بینرا، ئافرەتێکی بێگانەیە، واتە نە هاوسەریەتی و نە دایکییەتی و نە خوشکییەتی. بە هەمان شێوەش هەریەکێک گوێ لە (٣٨) ڕابگرێت، یەکسەر وا دێتە مێشکی کە ماڵەکە ماڵی ئەو نییە. پێویستە باز نەدەینە سەر ئەوەی کە مەسەلەکە پێوەندی بە ڕێزمانە دانراوەکانەوە هەیە، وەک ئەوەی بڵێین: جیاکردنەوەی نێوان (نەناسراو و ناسراو) لەسەر بنەمای ئەوەیە کە یەکەمیان چەمکێکی گشتی لی وەردەگیرێت و دووەمیش چەمکێکی تایبەتی لێوەردەگیرێت، کە لە بواری دەستنیشانکردنی مەرامەکە یەکلاکەرەوە دەبێت. ئەویش لەبەرئەوەی کۆمەڵێ نموونەی تری پێچەوانە لە ئارادا هەیە، هەروەک لە نموونەکەی پێشووی (گرایس)دا هەبوو لە گوتەی (٣٩)دا کە دەلالەت دەکاتە سەر ئەوەی، کە ئەو پەنجانەی کە شکاندنی، پەنجەی خۆی بوو، لەوانەشە وا ڕوونتر بێت، کە وشەی (دانەیەک) لە باتی پەنجەیەک دابنێین.

(٣٧) سەعید ئەم ئێوارەیە دیداری ئافرەتێک دەکات.

(٣٨) سالم چووە ناو خانوویەکەوە بینی کە لە بەرانبەر دەرگاکەی پێشەوەی خانووەکە کیسەڵێک هەیە.

(٣٩) دوێنێ پەنجەیەکم شکاند(٢٢).

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم جیاکردنەوەیە جێی تێڕامانی زمانەوانان و فەیلەسووفانی زمانە و تاکو ئێستاش یەکلا نەبۆتەوە، هەرچەندە زۆربەی زۆری توێژەران پەسندیان کردووە. لە ناسراوترینی ئەو کەسانەی کە دژ بەم جیاکردنەوەن (سپێربیر) و (ویلسۆن)ن، کە ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد جیاوازییەکەی گرایس لە نێوان ئەو شتانەی دەدرکێنرێت و ئەو شتانەی کە لێی دەگەن جیاوازییەکی ڕاست و دروست نییە(٢٣). لەو ڕەخنانەی کە سپێربیر و ویلسۆن ئاراستەی ئەم جیاوازییەیان کرد، ئەو حوکمانە بوو کە لەسەر لایەنەکانی ئەو واتایانە درا، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانەی کە (دەربڕینەکانی ئاماژە و جێناو و ئاوەڵکاری شوێنی و ئاوەڵکاری کاتی بۆی حەواڵە دەکەن)، هەروەها سەبارەت بە (هەڵگەڕانەوە دەوروبەر) لەو بڕوایەدا بوون کە هەروەک چەمک وایە و دەیانوت کە هەندێک لەو شتانەی کە (گرایس) بە چەمکی دادەنێت، لە ڕاستیدا لە توێی واتای شاراوەدایە، بە (گوتراوی ناڕاستەوخۆ) ناوزەدیان کرد، کە هەر پەیوەستیان کرد بەو مانایانەوە کە لە شێوازی لۆژیکی ناو پێکهاتەی گوتنەوە دروست دەبێت(٢٤). ئەو دوو زانایە پێیان وابوو کە لە جیاتی جیاکردنەوە لە نێوان گوتراوی ئاشکرا و چەمکی گرتنەوە، هەروەک گرایس کردی، وا باشترە یەکەم جار جیاوازییەک لە نێوان ئەو پرسە بکرێت کە قسەکەر گوزارشتی ڕوون و گوزارشتی شاراوە و هەڵهێنجانە جۆراوجۆرەکانی کە لێوەی وەردەگیرێت، کۆدەکاتەوە(٢٥). ئەم مەسەلەیەش لە لای هەوادارانی تیوری (بۆنە- پێوەندی) بەوە گوزەری کرد، کە جیاوازییەک بکرێت لە نێوان دەربڕینی ناڕاستەوخۆ و چەمک (٢٦).

وا دەردەکەوێ کە ئەم جیاوازییە لە ڕێبازەکەی (ئیبن حاجب) نزیکترە، کە واتای چەمکی تەسک کردەوە و گوتراوی شاراوەشی بە وردی و ئاشکرایی لێ دەرهێنا، جا چەمکەکە تێیدا لە واتاکانی دی جیادەکرێتەوە، هەروەک لەو توێژینەوەیەی داهاتوودا تیشکی دەخەینە سەر.


### ١ - ٢ - جۆرەکانی واتا لە لای زانایانی ئوسوڵ فقهی

لەوانەیە زانایانی ئوسوڵ فقهی ئیسلامی یەکەم کەس بووبێتن کە گرنگییان بە پۆلێنکردنی واتا دابێت و لقوپۆپییان بۆ کردبێت و جۆرەکانییان لە یەک جیاکردبێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە کە دیارترینی ئەو هەوڵانە بخەینەگەڕ کە واتایان بۆ چەند جۆرێک پۆلێن کردووە، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەک، تێڕوانینی ئوسوڵییەکان لە ڕووی دابەشکردنی واتاوە بخاتەڕوو، کە هەوڵەکانی (ئیبن حاجب)ە.

### ١ - ٢ - ١: جۆرەکانی واتا لە لای (ئیبن حاجب)

**وێنەی (٣)**

**پۆلێنکردنی واتا لای (ئیبن حاجب)**




(ئیبن حاجب) پێی وابوو کە هەموو واتاکان دەچنە چوارچێوەی گوتراوی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، تەنیا چەمکی (ڕازی بوون) و (لادان) نەبێت، کە هەردووک دەچنە چوارچێوەی چەمکەوە. مەبەست لە گوتراوی ڕاستەوخۆ واتای دانراوە، کە هەردوو واتاکانی (وەکیەک) و (گرتنەوە) دەگرێتەوە، بەڵام گوتراوی ناڕاستەوخۆ تەنیا جۆرێک لە جۆرەکانی واتای پابەندبوون دەگرێتەوە، ئەو جۆرەیە کە لەگەڵ گوتراوەکەدا نەرێک دەکەوێ و نەدژاودژ دەکەوێتەوە ، جا ئەگەر دەلالەت بکاتە سەر یەکێک لەو دوو مانایە، ئەوە وەک چەمکی لێ دێت و بە گوتراو هەژمار ناکرێت، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە هەندێک پێداویستی دەچنە چوارچێوەی چەمکەوە، کە ئەویش لەگەڵیدا دژ بە گوتراو بێت و هەندێکیشیان دەچنە ژێر گوتراوی ناڕاستەوخۆوە، ئەویش ئەوانەن کە ئەم مەرجەیان لەسەر جێبەجی نابێت. بیروڕاکانی (ئیبن حاجب) سەبارەت بە (ڕازیبوون) و (لادان) دژ بە بۆچوونە ناسراوەکانی زانایانی (ئوسوڵ فقه)ن. ئەم خاڵەش پێویستە لەسەری ڕابوەستین، چونکە ئەم خاڵەیە کە بۆچوونەکانی (ئیبن حاجب) لە بۆچوونەکانی (پۆل گرایس) و زمانەوانەکانی دی جیادەکاتەوە، لەبەرئەوەی (ئیبن حاجب) پێوەرێکی ورد سەبارەت بە جیاکردنەوەی گوتراو و چەمک پێشکەش دەکات، کەوا پێدەچێت لە (ئیمام حەرەمەین جوینی) (ت ٤٧٨ هـ، ١٠٨٥م)(٢٧) وەرگیرابن.

### ١ - ٢ - ١ - ١: گوتراو

گوتراو هەروەک پێشوتر باسمان کرد، دوو جۆرە: گوتراوی ڕاستەوخۆ و گوتراوی ناڕاستەوخۆ.

### ١ - ٢ - ١ - ١ - ١: گوتراوی ڕاستەوخۆ

ئیبن حاجب دەڵێت: «واتای گوتراو، واتای ئەوەیە هەر ئاخافتنێک دەلالەت بکاتە سەری لە جێگەی گوتراوەکاندا، چەمکیش بە پێچەوانەیەتی، واتە لە جێگەی گوتراوەکەدا نییە»(٢٨). واتە کاتێک کە مەسەلەکە بە فەرمانی ناوبراوەوە پەیوەست بێت، هەروەک لە (مەڕی لەوەڕگا)دا لە (٤٠)دا باس کرا، کەوا لە گوتراوەکەی تێدەگەین کە زەکات لەسەر ئەو مەڕ و ماڵاتانە ئەرکە، ئەوە لەو حاڵەتەدا واتاکەش واتای گوتراوە، چونکە پێوەندی بە شتێکی ناوبراوەوە هەیە.

(٤٠) مەڕی لەوەڕگا زەکاتی لەسەرە.

بەڵام ئەگەر باسی شتێک بکەین، کە ناوی نەبرابێت، بەڵام لە قسەی قسەکەرەوە وەرگیرابێت، هەروەک لە (٤١ ب)، یان پێچەوانەی ناوبراوەکە بێت، هەروەک لە (٤٢ ب)دا دیارە، ئەوە مەسەلەکە لەو کاتەدا بە واتای چەمکەوە بەستراوەتەوە، ئەو چەمکەی کە بۆ چەمکی (ڕازیبوون) هەروەک لە (٤١)دا دیارە و چەمکی (لادان) هەروەک لە (٤٢)دا دیارە دابەش دەکرێت.

(٤١) أ. «پێیان مەڵێ ئۆف»(٢٩).

ب. لێیان مەدە.

(٤٢) أ. مەڕوماڵاتی لەوەڕگا زەکاتی لەسەرە.

ب. مەڕوماڵاتی دابەستە (بە عەلەف بەخێوکراو) زەکاتی لەسەر نییە.

### ١ - ٢ - ١ - ١ - ١ - ١: واتای وەکیەک

هەروەک باسمان کرد واتای گوتراو لە لای (ئیبن حاجب) هەردوو واتای (وەکیەک) و (گرتنەوە) دەگرێتەوە، مەبەستیش لە وەکیەک ئەوەیە کە ئاخافتنەکە لە ڕووی دانراوەوە دەلالەت بکاتە سەر تەواوبوونی ناولێنراوەکە، وەکو ئەوەی کە وشەی (پیاو) دەلالەت بکاتە سەر پیاوی باڵغ و نێر (مرۆڤ + باڵغ + نێر)، جا زانایانی کولتوور لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەم واتایە دانراوە، هەروەها لەسەر ئەوەش بە هەمان شێوە کۆکن کە (دانراو) هەر بۆ خۆی بووە، ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی لە کاتی دەربڕیندا مەبەستە، چونکە ئەگەر واتای ڕستە، یان وشەکە درکێندرا، بەبێ خستنەسەری کۆتێک لەسەر گوزارشتەکە، ئەوە مەبەست واتای وەکیەکە، ئەم جۆرە واتایەش پێوەندی بەو مەسەلە دەرەکییەوە هەیە، کە بواری ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێت کە حوکم لەسەر ڕستەی هەواڵگەیاندن بدەین کەوا درۆیە، یان ڕاستە، بۆ نموونە ئەگەر بوترێت (خالید دەرچوو)، ئەوە ڕستەکە ڕاست

نابێت، مەگەر خالید لە جیهانی دەرەوەدا بە ڕاستی دەرچوو بێت.

**١ - ٢ - ١ - ١ - ١ - ٢: گرتنەوە**

مەبەست لە گرتنەوە ئەوەیە کە هەر وشەیەک دەلالەت بکاتە سەر بەشێک لە ماناکەی، واتە وشەی (پیاو) دەلالەت دەکاتە سەر یەکێک لە مرۆڤەکان، یان باڵغ، یان نێر، کە ئەمەش واتایەکی لۆژیکی گرنگە، لەوانەیە زۆر کەس تەنانەت هەندێک لە پسپۆڕانی بواری زمانیش زۆر هەست بە گرنگی نەکەن. گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت کە ناتوانین هەست بەوە بکەین کە قسەکەرێک توانای هەیە زمانت بزانێت، بەبێ ئەوەی زمانەکە تێ بگات و خەڵکی پێ تێ بگەیەنێت، بەڵام لەوانەشە قسەکەرەکە زاراوە و تیورەکانی زمانەکە هەست پێ نەکات، بەڵگەشمان لەسەر ئەمە ئەوەیە کە هەموو قسەکەرانی زمانەکە هەست بەم جۆرە واتایە دەکەن، واتە وا چاوەڕوان ناکرێت لە کەسێکی عاقڵەوە کە بوونی مرۆڤێک لە خانوویەکدا ڕەت بکاتەوە، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر (پیاوێکی) تێدا بێت. جا لەو یاسا سەرەکییانەی کە قسەکەرانی زمان جێبەجێی دەکەن و لە هەمان کاتیشدا دەکەونە ژێر واتای گرتنەوەوە:

أ. چەسپاندنی تایبەت وا پێویست دەکات گشتییەکەش بچەسپێنرێت، چونکە بەکارهێنانی (٤٣) وا پێویست دەکات، کە (٤٤) بەکاربهێنرێت.

(٤٣) پیاوێک هات.

(٤٤) مرۆڤێک هات.

ب. چەسپاندنی گشتی وا پێویست ناکات کە تایبەتەکە بچەسپێنرێ و نە ڕەتیش بکرێتەوە، بەکارهێنانی (٤٤) وا پێویست ناکات کە (٤٣) بچەسپێنرێت، چونکە مرۆڤ لەوانەیە ئافرەت، یان کوڕێک، یان کچێک بێت، هەروەها وا پێویست ناکات کە ڕەت بکرێتەوە، چونکە لەوانەیە ئەو کەسەی کە دێت پیاوێک بێت.

ج. ڕەتکردنەوەی تایبەت، وا پێویست ناکات کە گشتییەکەش نەڕەت بکرێتەوە و نە بشچەسپێنرێت، چونکە بەکارهێنانی (٤٥) وا پێویست ناکات کە (٤٦) و (٤٧) هەبن.

(٤٥) هیچ پیاوێک لە خانووەکەدا نییە.

(٤٦) هیچ مرۆڤێک لە خانووەکەدا نییە.

(٤٧) لە ناو خانووەکەدا مرۆڤێک هەیە.

د. ڕەتکردنەوەی گشتی وا پێویست دەکات کە تایبەتەکەش ڕەت بکرێتەوە، چونکە بەکارهێنانی (٤٦) وا پێویست دەکات کە (٤٥) بوونی هەبێت.

هەروەها زانایانی ئوسووڵ لە بواری دانانی واتای گرتنەوە لە دووتوێی واتای دانراودا ناکۆکن، هەندێکیان پێیان وایە کە (دانراوی گوتراون)، هەندێکیشیان پێیان وایە کە (دانراوی عەقڵین)، ئەوانەی کە ڕای یەکەمیان لا پەسندە (سەیفەدین ئامەدی) و (ئیبن حاجب) بوون و خاوەن ڕای دووەمیش (غەزالی) و (ڕازی)ن.

**١ - ٢ - ١ - ١ - ٢: گوتراوی ناڕاستەوخۆ**

ئیبن حاجب گوتراوی بۆ ڕاستەوخۆ (ئەو شتەیە ئاخافتنەکەی بۆ دانراوە) و ناڕاستەوخۆش (ئەو ئاخافتنەیە وای بۆ دەخوازێت) دابەش کردووە،(٣٠) هەروەها ئەمانە خرانە ناو دووەمەوە:

أ. واتای ویستن

ب. واتای ئاگادارکردنەوە و ئاماژەکردن

ج. واتای ئاماژەیی

جا لە پێناسەکردنی گوتراوی ناڕاستەوخۆ وا تێدەگەین کە هەموو دەرەنجامێک دەگرێتەوە کە لە (واتای پابەندبوون)ی وشەکەوە وەردەگیرێن، تەنیا هەردوو چەمکی ڕازیبوون و لادان نەبێت، کە هەردووکیان باس لە حوکمی شتێک دەکەن کە ناویان نەهێنراوە.

ئەو حاڵەی کە پێویستە گرنگی پێ بدەین لە پۆلێنکردنەکەی (ئیبن حاجب) هۆکاری نەخستنە دووتوێی واتاکانی (أ.) و (ب.) و (ج.)ن، کە پێش وەخت بە واتای چەمک باسمان کردن، جا بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەینەوە، پێویستە بڕوانینە مەرامەکەی ئەویش لە هەر یەکێک لەو واتایانە.

**وێنەی (٤)**

**گوتراوی ناڕاستەوخۆ**



**١ - ٢ - ١ - ١ - ٢ - ١: ویستن**

مەبەست لە ویستن گوتراوی ناڕاستەوخۆیە، ئەوەی کە لە خەملاندنیدا پشت بە ڕاستگۆیی قسەکەرەکە، یان تەندروستی عەقڵی و شەرعی قسەکەرەکەی دەبەستێت، بۆ نموونە لە (٤٨)دا دەردەکەوێت کە هەڵنەسەنگاندنی قسەیەکی لابراو لە هەموو قسەکە، بە درۆخستنەوەی

قسەکەرەکەی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە لەگەڵ بنەمای ڕاستگۆییدا یەک ناگرێتەوە، کە پڕەنسیپێکە لە پڕەنسیپەکانی گفتوگۆکردن و ناشکرێ هیچ گفتوگۆیەکی سەرکەوتوو بەبێ گریمانەکردنی ئەو پڕەنسیپە ئەنجام بدرێت.

(٤٨) «لەسەر ئوممەتی من هەڵە و لە بیرکردن هەڵگیراوە» (٣١)

جا ئەو شتەی کە هەڵسەنگێنراوە، ئەو شتەیە کە پێویستی پێ هەیە، وەک (ڕوخسەت) یان (گوناهە)، بەشێوەیەک کە خەملاندنی ماناکە وای لێ دێت (لەسەر ئوممەتی من هەڵە و لەبیرکردن هەڵگیراوە)، یان بۆ ئەوەی قسەکە ڕاست و دروست دەرچێت.

بەڵام لە (٤٩)دا تەندروستی عەقڵی وا پێویست دەکات کە هەڵسەنگاندنی وشەی (خەڵک) پێش وشەی (گوند) بکەوێت، بۆ ئەوەی وشەکە ڕاست و دروست دەرچێت.

(٤٩) «لە خەڵکی گوندەکە بپرسن» (٣٢).

بە هەمان شێوەش ئازادکردن لە (٥٠) وا دەخوازێت، کە پێش وەخت قسەکەرەکە ئەو کەسەی ئازادی دەکات، کۆیلەی خۆی بووبێت.

(٥٠) وەڵڵا دەبێ ئەو کۆیلەیە ئازاد بکەم.

هەندێک لە ئوسولییەکان بەتایبەتی (شەهابەددین قرافی) (٦٨٤ ک ـ ١٢٨٥ز) هەردوو نموونەکەی یەکەم واتە (٤٨) و (٤٩) و نموونەکەی کۆتایی (٥٠) جیادەکەنەوە، (٤٨) و (٤٩) بە داپۆشراوی و (٥٠)ش بە ویستن دادەنێن و جیاوازیش لە نێوان (ویستن) و (داپۆشین) دەکەن، بەپێی بۆچوونەکانی (قرافی) لە کاتی نەبوونی هەڵسەنگاندن لە (داپۆشین)دا، ئەوە وشەکە دەبێتە خوازە، بەڵام نەبوونی هەڵسەنگاندن لە (ویستن)، ئەوە وشەکە نە بە ڕاستەقینە و نە بە خوازە دروست و ڕاست دەرناچێت.

بەم شێوەیە ویستن لە لای قرافی کوت و قەیدێک خراوەتە سەری، بۆ ئەوەی تەنیا «واتای دەربڕینەکە ئەوانە بگرێتەوە کە مەرجن لە گوتراوەکاندا، جا ئیتر بە داپۆشین بێت، یان نە، هەروەها پێویستیش ناکات دەربڕینەکە خوازە بێت». (٣٣) وا پێدەچێ کە جیاوازی کردن لە نێوان ویستن و داپۆشین بەو شێوەیەی کە (قرافی) خستوویەتییەڕوو زۆر پێویستە، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین: ویستن لە ناو چەمکی گریمانەدایە هەروەک ڕۆژئاواییەکان پێناسەیان بۆ کردووە و پێوەندی بە واتای چەمکەوە نییە، بەڵگەشمان لەسەر ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە کە ڕەتکردنەوەی ئەو ڕستەیەی کە (ویستن)ی تێدایە (بەپێی بۆچوونەکە قرافی) ڕەتکردنەوەی ویستنەکە ناخوازێ، ئەمەش ئاماژەیەکی جیاکەرەوەی گریمانەکردنە، چونکە ڕەتکردنەوەکەی (٥١) هەروەک لە (٥٢)دا بەرجەستە بووە، ڕەتکردنەوەی (٥٣) ناخوازێت.

(٥١) وەڵڵا ئەم کۆیلەیە ئازاد دەکەم.

(٥٢) وەڵڵا ئەم کۆیلەیە ئازادا ناکەم.

(٥٣) کۆیلەکە موڵکی منە.

**١ - ٢ - ١ - ١ - ٢ - ٢: ئاگاداركردنەوە و ئاماژەكردن**

واتای ئاگادارکردنەوە و ئاماژەکردن جۆرێکە لە جۆرەکانی واتای پابەندبوون، کە بۆ قسەکەر جێی مەبەستە، لە هەمان کاتیشدا بەم حوکمەوە پەیوەستە «ئەگەر خۆی نەبێت، یان هاوشێوەکەی نەبێت، کە بۆ ڕوونکردنەوە بشێت، ئەو بە دوور دەگیرێت» (٣٤)، واتە لەسەر بنیادێکی شاراوە و ناڕاستەوخۆ دەوەستێت، ئەویش لە نێوان حوکم و سیفەت، بە جۆرێکی ئەوتۆ، کە ئاماژە بەوە دەکات کە سیفەت هۆکارێکی حوکمدانە. جا لە جیاتی ئەوەی کە شەرعساز بڵێ هۆکاری حوکمەکە ئەمە و ئەوەیە، یان یەکێک لەو پیتانە بەکاربهێنێت کە بۆ ڕوونکردنەوە بەکاردێت، هەروەک لەم ئایەتەدا هەیە (وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون - هەردوو جنۆکە و مرۆڤم تەنیا بۆ پەرستن دروست کردووە) (٣٥)، (لێرەدا (لا)ی ڕوونکردنەوە بەکارهاتووە، بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەیە کە پێویستی مرۆڤەکان تەنیا بۆ پەرستنی خوای گەورەیە)، ئەوکاتە پێکهاتەیەکی زمانەوانی پەیدا دەکات، کە پێت دەڵێت پێوەندییەکی هۆکار ئامێزە لە نێوان حوکم و سیفەتدا هەیە، لەوەوە ئەو شتەی کە لە دەرەنجامی گفتوگۆی نێوان ئەعرابییەکە و پێغەمبەرەوە (د.خ) تێی دەگەین ئەوەبوو، ئەعرابییەکە ئەو قسەیەی کرد (٥٤ أ.)، ئەوەبوو پێغەمبەر (د.خ) فەرمانی پێدا کە کۆیلەیەک ئازاد بکات، ئەمەش بووە بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی کە جووتبوون لەگەڵ ژندا هۆکاری ئازادکردنی کۆیلەکەیە. لێرەدا حوکمەکە ئازادکردنە، سیفەتەکەش جووتبوونەکەیە، هەردووکیشیان بەو شێوەیە هاتوون کە وای لێ تێبگەین کە هۆکاری ئازادکردنەکە جووتبوونەکەیە «چونکە کە ئەعرابییەکە ڕووداوەکەی بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە، بۆ ئەوە بوو کە حوکمەکەی بزانێت،

پاشـان ناوهێنانی حوکـمـەکە، وەک وەڵامـێـک وابوو بۆ زانینی مەبەستەکە» (٣٦).

(٥٤) (ا)«لەگـەڵ ژنەکـەی خـۆمـدا لە ڕۆژی مـانگی ڕەمەزاندا جووت بووم».

(ب) «کۆیلەیەک ئازاد بکە».

ئەوەی لێرەدا ڕوونە کە ئەوەی بنچینەی گفتوگۆکردنەکە پشـتی پێـبـەسـتـووە، هەڵهـێنجـانی گـونجـاوە بۆ واتای ئاگادارکردنەوە و ئاماژەکردن، واتە گونجانی ئاخاوتنەکە بۆ بەکارهێنان.

**١ – ٢ – ١ – ١ – ٢ – ٣: ئاماژە**

ئیبن حـاجب پێی وایە کـە واتـای ئامـاژە جـۆرێکە لە واتای پابەندبوون، بەڵام بۆ قسـەکـەرەکە خـاوەن مـەرام نیـیـە، ئەمـەش وای لێدەکات کـە لە چوارچێـوەی چەمک بچـێـتـە دەرەوە، ئەویش لەلای (گـرایس) کـە پێی وایە هەموو چەمکەکان لای قسەکەران خاوەن مەبەستن(٣٧). نموونەکانی ئەو جۆرە واتایانەش ئەوەیە کە لە کۆکردنەوەی مانای ئەم دوو ئایەتەی خوای گەورەوە دەستەبەر دەبێت:

(٥٥) «سکبـــــوون و لە شـــیـــرکـــــردنەوەی سی مانگە» (٣٨).

هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێت:

(٥٦) «وفـصـــالە في عـــامين» (٣٩) . (مـــاوەی شیرەخۆری منداڵ دوو ساڵە)

ئەمەش دەبێتە ئەو ئەنجامەی کە:

(٥٧) کەمترین ماوەی سکبوون شەش مانگە.

لە واتاکانی دی ئاماژە لەم ئایەتەدا هاتووە:

(٥٨) «شەوی ڕۆژووگرتن (ڕەمەزان) حەڵاڵە کە بچنە لای ئافرەتەکانتان» (٤٠).

ئەوەی کە لەم ئایەتەوە تێی دەگەین، ئەمەیە:

(٥٩) جـائیـزە لای بەیانی ڕەمـەزان گـیـانت پیس بوویێت.

**١ – ٢ – ١ – ٢: چەمک**

پێش وەخت باسـمـان کـرد، کـە چەمک ئەو شـتـەیە بەرانبـەر گوتراوە و بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێت: چەمکی ڕازیبوون و چەمکی لادان.

**١ – ٢ – ١ – ٢– ١: چەمکی ڕازیبوون**

مەبەستی ئیبن حاجب لە چەمکی ڕازیبوون ئەمەیە «کە ئەو شـتـەی ناوت نەهێناوە، لەگـەڵ حـوکـمـەکـە پەسەندە» (٤١)بۆ گوتراوەکە، بۆ نموونە (نەرێ) کردن لە وتنی (ئۆف) لە (٦٠)، ئەوە مـانـای (٦١) دەخـوازێت. چونکە عـەقڵ دەلالەت دەکـاتە سـەر ئەوەی کـە لێدان لە وتنی (ئۆف) توندترە.

(٦٠) «بە هەردووکـــیـــان (دایک و باوک) مـــەڵێ ئۆف» (٤٢).

(٦١) لێیان مەدە.

چەمکی ڕازیبوون دوو جۆر دەگرێتەوە:

(أ.) هۆشـداریدان بە خـوارەوە بۆ سـەرەوە، هەروەک لە نموونەی پێشوو باسمان کرد، هەروەها لە ئایەتی (٦٢)دا هەیە، کـە ئامـاژە بۆ (٦٣) دەکـات، چونکە هەر یەکـێک زەڕەیەک کـاری کـردبێت، لە ڕۆژی قـیـامـەتدا دیتـەڕێی، کـەواتە هەر یەکـێک کـارێکی زیـاتر لە زەڕەیەک بکـات، ئەوە بێ گومان هەر دەیبینێت.

(٦٢) «هەر یـەکـــێـک زەڕەیـەک خـــێـــربـکـات دیتەڕێی» (٤٣).

(٦٣) کەواتە هەر یەکێک لەو ڕێژەیە زیاتر خێربکات بێ گومان هەر دەیبینێت.

(ب.) هۆشـداریدان بە سـەرووتر لە سـەر خـوارتر، هەروەک لە (٦٤)دا هەیە، کە خوازیاری (٦٥)ە.

(٦٤) «لە خاوەن کـتـێبـەکـانی سروشـتدا هەن، ئەگەر ئـەمـــــانـەتـێکی زۆری لـەلا دابـنـێـــــیـت بـۆت دەگەڕێنێتەوە» (٤٤).

(٦٥) هەروەها لە خاوەن کتێبە یەزدانییەکاندا هەن، ئەگـەر ئەمـانـەتێکی کـەمـتـر لەلای دابنێی، ئەوە بۆت دەگەڕێنێتەوە.

زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە چەمکی (ڕازیبـوون)دا، کـە پێـوانەی بەڵگەهێنانەوە سـەر بۆ کـارێکی کـارا لە ڕووی هەڵهـێنجـاوە دەکـێـشێ، ئەمـەش ڕای (ویلسـۆن) و (سـپـێربیـر) (کـە لە پێشـوودا باس کـران)، ئەویش لە ڕووی گرنگی (بەڵگەهێنانەوە) لە هەڵهێنجانی چەمکە پراگماتیکەکان.

**١ – ٢ – ١ – ٢ – ٢: چەمکی لادان**

ئیبن حـاجب چەمکی (لادان)ی بەم شـێـوەیە پێناسـە کردووە «دەبێ شتە ناونەبراوەکە لادان بێت» (٤٥)، واتە «پێـچـەوانەی ناوبراوەکـە بێت لە ڕووی حـوکـمـەوە چ بە چەسپاندن و چ بە ڕەتکردنەوە» (٤٦)ن جا ئەگەر زەکات لە مەڕی لەوەڕدا ئەرک بێت بە حوکمی گوتراوەکەی (٦٦ أ.)، ئەوە بڕیارەکە لە مـەڕی ئالیک کـراودا بە حـوکـمی (٦٦ ب.) واجب نەبێت، کـە ئەم مـانایەش لە (٦٦ أ.)ەوە وەرگیراوە.

(٦٦) أ. مەڕی لەوەڕگا زەکاتی هەیە.

ب. مەڕی ئالیک کراو زەکاتی نییە.

بەم شێوەیە ناونەهێنراو (کە مەڕی ئالیک کراوە لە نموونەکەی پێشوودا)، پێویستە بە پێچەوانەی ناوبراوەکەوە بێت، کە (مەڕی لەوەڕە لە نموونەکەی پێشوودا).

چەمکی لادان چەند جۆرێک دەگرێتەوە، کە بە کورتی لێرەدا هەندێکیان باس دەکەین:

١- چەمکی وەسفکردن، کە پێشتر لە (٦٦)دا نموونەمان بۆ هێنایەوە.

٢- چەمکی مەرج، وەک بۆ نموونە لەم ئایەتەدا هەیە:

(٦٧) «گەر دووگیان بوون، ئەوە خەرجیان بکێشن تاکو منداڵیان دەبێت» (٤٧).

لێرەدا خەرجی کێشان مەرجدار کراوە بەوەی کە ئەو ئافرەتانە دووگیانن، کە ئەمەش بە گوێرەی چەمکی لادان وا دەگەیەنێت کە ئەوانەی دووگیان نین، خەرجییەکە نایانگرێتەوە.

٣- چەمکی دەرەنجام، کە لەم ئایەتەدا هەیە:

(٦٨) «ئیتر پاش تەڵاقدان، نابێتە حەڵاڵی ئەو، مەگەر شوویەکی دی بکاتەوە» (٤٨).

لێرەدا ئەوە تێدەگەین کە ئەو ئافرەتەی کە سێ بە سێ تەڵاقدراوە، لە کاتێکدا بۆ مێردەکەی یەکەمی حەڵاڵە، ئەگەر شوویەکی دی بکاتەوە، لە نموونەکەی پێشووشدا (٦٧) تێدەگەین کە منداڵبوون دەرەنجامی سکبوونە، بۆیە پاشان واتە پاش منداڵبوون، ئیتر خەرجیان نادرێتێ.

٤- چەمکی ژمارە، کە لەم ئایەتەدا هەیە:

(٦٩) «هەشتا داریان لێبدەن» (٤٩).

لەم ئایەتەدا ئەوە تێدەگەین کە دار لێدان نابێت لە (هەشتا) زیاتر بێت.

٥- چەمکی (هەڵاوێژتن ـ جیاکەرەوە) وەکو:

(٧٠) (لااله الا الله) هیچ خودایەک نییە جگە لە خودا نەبێت.

گوتراوەکەی ڕەتکردنەوەی خودایییە بۆ غەیری خودا، چەمکەکەشی ئەوەیە کە خودا خودایە.

جا توێژینەوەی ئەو شتانەی کە لە لای ئوسوڵییەکان بە چەمکی لادان ناسرابوو، جیاوازبوو لەگەڵ توێژینەوەی ئەو زمانەوانە ڕۆژئاواییانەی کە لە زۆربەی زۆری جۆرەکانیان کۆڵییەوە، ئەویش لەژێر ناوبراوی (چەمکی پلەدار)، وا پێدەچێت کە ئەم ناوونیشانەی ئوسوڵییەکان لەوەوە هاتووە کە حوکمەکەی پێچەوانەی حوکمی گوتراوەکە، یان ناوبراوەکەیە، کەچی ناوهێنانی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بەوەی کە چەمک بەشێکە لە چەمکە گریمانەیەکە کە گشتگیرترە و باس لەوە دەکات کە گوتراوەکە بەشێک لەوە، هەروەها قسەکەرەکە بەشەکەی دی ناو نەبردووە، هەروەک بڵێی کە بەم شێوەیە پلە بە پلە لە حوکمی گشتەوە دابەزیوەتە سەر حوکمی تایبەت، بۆ ئەوەی ئاماژە بە واتایەک بکات کە پێوەندی بە ناونەبراوەوە هەیە، بەم شێوەیە ئوسوڵییەکان گرنگییان بە (لادان) داوە، ئەویش لە نێوان گوتراو و ناونەبراو، هەروەها ڕۆژئاواییەکانیش گرنگییان بە پلەداری داوە لە گواستنەوە لە گشتەوە بۆ تایبەت.

**ژێدەر:**

**د. محمد محمد يونس علي، مقدمة في علمي الدلالة و التخاطب، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت ـ لبنان، الطبعة الاولي، ٢٠٠٤،ص ٣٧ – ٨٣.**

**پەراوێزەکان:**

*** ئەم بابەتە لە توێژینەوەیەکی نووسەرەکەوە وەرگیراوە، کە لە گۆڤاری توێژینەوەکانی (اليرموك)دا بە ناوونیشانی (تصنيف المعنى) بڵاوکراوەتەوە، (مج ٢١، ع٢، ٢٠٠٣).**

**(1) Robert Harnish , "Logical form and Implicature". In Steven Davis (ed.), pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press, 1991.) P.325**

**(2) Jerrold B. Sadock, "on testing for Conversational Implicature". in Steven Davis (ed.) pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press 1991.) p 366.**

**(3) Harnish (1991): 326.**

**(4) Peter Grundy, Doing Pragmatics (London: Edward Arnold, 1995), P.82**

**(٥) فخرالدين الرازي، المحصول في علم اصول الفقه (بيروت، دار الكتب العلمية، ١٩٨٨). وانظر ايضاً. Yunis Ali 1: 58 156, 2000**

**(6)Sadock (1991): 365**

**(7) L. R, Horn "Presupposition and Implicature". In: Lappin, S.: The Handbook of Contemporary Semantic Theory (oxford: Blackwell , 1996), P312.**

**(8) H. p. Grice "Logic and Conversation". In Steven Davis (ed.), Pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press, 1991).**

**(9) Grice (1991 : 314 - 315).**

**(10) Grice (1991: 315).**

**(11) Grice (1991: 307)**

(12) Grice (1991: 315)
(13) Grice (1991: 315)
(14) Sadock (1991 : 367)
(15) Grundy (1995: 82)
(16) Sadock (1991 : 366)
(17) Grice (1991: 307)
(18) The Concise Oxford Dictionary of Linguistics, Oxford University Press , 1997.
(19) Grice (1991 : 307 -309). See Also "Logic and Conversation" , in peter Cole and Jerry L. Morgan (eds), Syntax and Semantics 3 : Speech acts (New York: Academic Press , 1975), pp. 41 - 68.
(20) See Deirdre Wilson and Dan Sperber , "Inference and Implicature" in Steven Davis, Pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press 1991) p. 378.
(21)N.,Chomsky,"Some Empirical Issues in the Theory of Transformational Grammar" In S. peters (ed.), Goals of Linguistic Theory. (Englewood Cliffs, N. J: Prentice - Hall , 1972), p. 112
(22) See Grice (1991 : 314).
(23) "On Grice's theory of conversation". In: P. , D. Wilson. and D. Sperber Werth (Ed.): Conversation and Discourse (London: Croon Helm , 1981), See also D. Sperber & D. Wilson : " Mutual knowledge and relevance in theories of comprehension." In : N. V. Smith (Ed). Mutual Knowledge. (London: Academic press, 1982), 61 - 85.
(24) Sperber, D. and Wilson, D, Relevance: Communcation and cognition. (Oxford: Blackwell . , 1986), p. 182.
(25) Dan Sperber and Deidre Wilson, "Irony and the use - mention distinction". In peter Cole (ed), Radical Pragmatics, pp. 295 - 318 . (New York: Academic Press, 1981). P. 159.
(26) Diane, Blakemore, Understanding Utterances: An Introduction to Pragmatics (Oxford: Blackwell Publishers, 1992), p. 57f.

(٢٧) امام الحرمين ابو المعالي الجويني، البرهان في اصول الفقه، تحقيق عبدالعظيم الديب (قطر: ١٢٩٩ هـ) ١: ٤٤٨ – ٤٥٣.

(٢٨)ابن الحاجب، مختصر المنتهي الاصولي، ط٢، (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣)، ٢: ١٧١.

(٢٩) سورة الاسراء، ١٧: ,٢٣

(٣٠) ابن الحاجب، ٢: ١٧١

(٣١) لەو ڕاویانەی کە ئەم فەرموودەیەیان گێڕاوەتەوە، (ئیبن ماجە) و (ئەلبەیهەقی)بوون لە (سنن ابن ماجە)دا و لە کتێبی (الطلاق) بەشی (طلاق المكره والناسي)، بە شێوەی (خودا هەڵە و لەبیرچوون و بە زۆرەملێی لەسەر ئوممەتەکەم لابردووە)دا هاتووە، هەروەها (ئەلبەیهەقی) لە بەشی (ما جاء في طلاق المكره) بەم شێوەیە هاتووە (ان الله تجاوز لي عن أمتي ...) (فەرموودەی ژمارە ١٥٤٧٢)، لە ڕیوایەتێکی تریشدا بەم شێوازە هاتووە (وضع الله عن أمتي ...) (فەرموودەی ژمارە ١٥٤٧٤) بڕوانە:

أبو عبدالله محمد بن يزيد الربعي بن ماجه، السنن، (جمعية المكنز الاسلامي: ٢٠٠٠م) ص ٢٨٧.

أبوبكر أحمد بن الحسين البيهقي، السنن الكبري، (بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٦)، ١١: ٢٦٢ – ٣.

(٣٢) سورة يوسف: ١٢: ٨٢.

(٣٣) شهاب الدين القرافي، نفائس الاصول في شرح المحصول، تحقيق عادل أحمد عبدالموجود و علي محمد معوض، ط٢ (الرياض: مكتبة نزار مصطفى الباز، ١٩٩٧)، ٢: ٦٤٧

(٣٤) ابن الحاجب: ٢: ٢٣٤

(٣٥) سورة الذاريات، ٥١: ٥٦.

(٣٦) عضد الملة والدين، شرح مختصر المنتهي الاصولي لابن الحاجب، ط ٢، (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣)، ١٩٨٣، ٢: ٢٣٤ – ٢٣٥.

(37) Levinson (1983: . 116).

(٣٩) سورة الاحقاف، ٤٦: ١٥

(٣٩) سورة لقمان، ٣١: ١٤.

(٤٠) سورة البقرة، ٢: ١٨٧.

(٤١) ابن الحاجب، ٢: ١٧٢.

(٤٢) سورة الاسراء، ١٧: ٢٣

(٤٣) سورة الزلزلة، ٩٩: ٧.

(٤٤) سورة ال عمران، ٣: ٧٥.

(٤٥) ابن الحاجب، ٢: ١٧٣.

(٤٦) عضد الملة والدين، ٢: ١٧٣.

(٤٧) سورة الطلاق، ٦٥: ٦.

(٤٨) سورة البقرة، ٢: ٢٣٠.

(٤٩) سورة النور، ٢٤: ٤.

# هەگبەیەک پڕ لە خەم و ژانی سروشت و مرۆڤ

قادر عەلی خا
(بۆکان)

یەکێک لە گرنگترین پردی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان، ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی کۆزیلکەکردن و لێک خڕبوونەوە و لە یەکتری نزیک بوونەوە گێڕانەوەیە. زۆربەی کات و ساتی ژیانی مرۆڤەکان، بە گێڕانەوە، یان گوێ گرتن لە گێڕانەوەی کەسانێکی دی تێدەپەڕێ، ژیان بێ گێڕانەوە بێ کاکڵ و نێوەرۆکە.

بێ بایەخترین هەواڵەکانی نێوان مرۆڤەکان، هەتا دەگاتە گرینگترین ڕووداوەکانی ژیان و جیهان، گێڕانەوە دەبێتە هۆی ڕاگوێزتن و ئەم دەستاودەست کردنیان.

فێربوونی جۆری هونەر و پیشەکان، باسکردن لە ڕابردوو، یان داهاتوو سەرقاڵ بوون لە باسی جوانی و ناحەزییەکانی ژیان و بووندا، لە ئەشق و خۆشەویستی و قین و نەفرەت دوان، ماکی بازنەی پێکهێنانی هەمووی ئەمانە گێڕانەوەیە، بەڵام ئەوەی بە لای بیسەر، یان بەردەنگەوە گرنگ و جێگای سەرنجە جۆر و شێوازی گێڕانەوەیە، ڕاوێژی دەم و ڕیزکردن و ڕێکوپێک کردنی توخمە سەرەکییەکانی گێڕانەوە لای بێژەر کۆڕی باسەکە گەرموگوڕتر و بیسەرەکان سەرقاڵتر و تامەزرۆتر دەکات، هەر ئەمانەش دەبنە هۆی زیاتر چێژوەرگرتنی بەردەنگ و باشتر و خۆشتر لێ حاڵی بوونی، بە پێی زەمان و ژیان جۆر و هەلومەرجی باسەکان، گێڕانەوەش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و دیارە بیرەکان و جۆری بەردەنگەکانیش دەگۆڕدرێن، هەر دەستەیەک لە بیسەرەکانیش لە دەوری شێوەیەک گوتاری گێڕانەوە کۆزیلکە دەبەستن و خوازیاری شێوەیەک لە شێوەکانین.

بە درێژایی مێژوو، سەربردە و چیرۆکەکان، زۆرترین و بەرچاوترین خوازیار و بیسەریان هەبووە، لە هەزاران ساڵی ڕابردووەوە، هەر لە مرۆڤە سەرەتاییەکانی نێو ئەشکەوتەکانەوە، هەتا ئێستای مرۆڤی نێو کۆشکەکان، هەموویان سەرلەبەر بە دوای بیستنی سەربردە و چیرۆکی

هاوچەشنەکانی خۆیانەوە بوون و داهاتووەکانیش هەروا دەمێننەوە.

ئەگەر مرۆڤی نێو ئەشکەوت و بن چادرەکان و نێو ماڵە بنمیچ لە قورمدا ڕەش هەڵگەڕاوەکان لە پەنا ئاگری نێو کوانوو و ئاگردانەکانیان، بە دەوری گفتولفتی شیرینی بەیتبێژ و حکایەتخوانەکان کۆ دەبوونەوە و بە تامەزرۆییەوە چێژی تایبەت بە خۆیان، گوێیان بۆ باسی دێو و درنج و فریشتە و پەری و سەربردەی پاڵەوانە ئازا و جوامێرەکانی ڕابردوو، یان سەردەمی خۆیان ڕادەگرت، ئێستا مرۆڤی نێو کۆشک و ماڵە ساز و تەیارەکان لە پەنا سۆبەی گازی و شۆمینەوە، بەرانبەر بە تەلەڤیزیۆنە ڕەنگییەکان دادەنیشن و سەربردەی ژیان و گوزەران و بەسەرهاتی پاڵەوانی نێو فیلم و زنجیرەدراماکان چاو لێدەکەن، کە هەم چۆنیەتی گێڕانەوە گۆڕدراوە و هەم چۆنیەتی بیستن، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە! مرۆڤ دایمە بە تەنگی بیستنی بەسەرهاتی ژیانی کەسانێکی ترەوەیە و چێژیان لێوەردەگرێت. هەر بۆیە لایەنی گێڕانەوە چ بە شێوەی تەمسیل و چ بە نووسراوە و وشە، هەتا هەتایە هەر بەردەوامە و ئەو سەرچاوە شیعراوییە هەر ویشک ناکا و لە زەودا دەبێ.

سەرەڕای ئەوەی ڕاوێژی گێڕانەوە و زمان، گرنگی و بایەخی زۆری لای بیسەر و خوێنەر هەیە، شێوەی گوتن و ئاخافتنی ئەو پاڵەوانە جۆراوجۆرانەی کە هەرکام و دەوری کەسایەتییەکی نێو کۆمەڵگا دەگێڕن، دەبێ بە پێی قەوارە و کەسایەتی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، تەنانەت جۆری ئاخافتنی ئەوان نیشاندەری چلۆنایەتی و کەسایەتی نێو چیرۆکەکەیان پیشان دەدات، کە ئەمە لە چیرۆکدا بەرپرسایەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی نووسەر، یان داڕێژەر و دانەر.

لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بۆ بەسەردەم کردنی چیرۆک هەوڵ دراوە، لە چیرۆکی نووسراوەی سەردەمدا، بێجگە لە کاکڵی هەناوی باسی نێو چیرۆکەکە، خوێنەری سەردەمیش بە دوای ئەو تەکنیک و پێکهاتانەی نێو چیرۆکەوەن و بەدوای لایەنە هونەرییەکانیشەوە هەن، کە دیارە پێکهێنانی کەشوهەوایەکی هونەری و ڕازاندنەوەی بە شێوەیەکی سەردەمیانە و نوێ چێژ و تامێکی زیاتر بە خوێنەر دەبەخشێت. ئەوەی دیارە لە هەرێمی کورتە چیرۆکدا پانتاییەکان بۆ نووسەر کەمترە و ئەو دەبێ لە ماوەیەکی کورتتر لە ڕۆماننووسێک، یان هەقایەتبێژێک



مریەمی قازی

کە جاری واهەیە بە چەند شەوان دانیشتن و کۆڕگرتن لە چەند ماڵان کۆتایی پێ هاتووە کەمتر و بەرتەسکترە، ئەو تەنیا تەڵەزمێکی کورت لە ژیانی کەسێک، یان چەند کەسێک هەڵدەگرێ و دەیکاتە هەوێنی چیرۆکەکەی، بەڵام لەبەر ڕووناکایی ئەو تەڵەزمە کورتەدا و لەدوتووی چەند لاپەڕەیەکدا هەموو ژیانی ئەو کەسانە ڕوون و ئاشکرا دەکاتەوە، جاری واهەیە هەر بە هێنانی چەند وشەیەک و چەند کورتە دێڕێک وەک ئیشارە کلیلی باسەکەت دەداتە دەست، کە ئەوانەش لە گێڕانەوەیەکی سادە و ساکار بەدوورن، کە ئەم کارەی نووسەری وریا پێویستی بە خوێنەری ژیر و زیتیش هەیە.

خوێنەریش دەبێ لەگەڵ نیشانەناسی و لایەنە هونەرییەکانی چیرۆک تاڕادەیەکیش ئاشنایەتی هەبێ کە لە ئاستی ئەو وردەکاری و تەکنیکانەی کە نووسەر بە هۆی ئەوانەوە ڕوح و جوانی بە دەقەکەی داوە، دەستەوەستان و مافەنگی نەمێنێتەوە.

لە چیرۆکی سەردەمدا باس لە ئازار و ژانەکانی مرۆڤی سەردەم دەکرێت، کێشە و گرفتەکان، گرێ و چەڵەمەی ژیانی مرۆڤ، لە هەر کۆمەڵە چیرۆکێکدا باس لە کۆمەڵێک ژان و ئازاری دەکرێت کە بە گشتی مرۆڤەکانی ئێستا بە دەستیانەوە دەناڵێنن، نەداری، بێکاری، نابەرانبەری لە ئاستی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و

چینایەتی و ڕەگەزیدا، هەمووی ئەمانە هەوێن و ماکی پێکهێنانی چیرۆکی سەردەمن، ئەگەر ئەم پێناسانە تایبەتمەندی چیرۆکی سەردەم بن، ئەوە کۆمەڵە چیرۆکی "هاتنەژوور قەدەغەیە" لە نووسینی خاتوو "مریەم قازی"د گەلێک تایبەتمەندی چیرۆکی سەردەمیان تێدایە کە دەستی خوێنەر دەگرن و ئازار و ژان و برکەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتییان پێ نیشان دەدەن، زۆر وردبینانە چاوی تیژی بەنێو ژیان و بەسەرهاتە دەوروبەرییەکانیدا گێڕاوە و ئاوێتەی نێو ڕوح و دەماری چیرۆکەکانی کردوون.

لە چیرۆکەکانی خاتوو مریەم قازیدا زیاتر باسی ئازارەکانی سروشت، مرۆڤ، ژان و ئازاری ڕەگەزی و نەتەوایەتی دەکرێ و تیشک دەخرێتە سەریان، ئەو وەک مرۆڤ و کورد و ژن، ئازار دەچێژێ و ژان دای دەگرێ، ئەم ئازار و ناکۆکی و نابەرانبەرییانە ڕوح و هەناوی هەڵدەچۆقێنن و پەلکێشی دەکەنە نێو پێدەشت و هەرێمی ئەفسووناوی چیرۆکەوە و پەنا بۆ ئەم وڵاتە زەنویر و شەنگ و ئاوەدانە دەبات، بە زمانی چیرۆک دێتە گۆ و پەردە لەسەر زام و برکی سەنگەوبەردنراوی مرۆڤ لادەبا و لێفە لەسەر هەتیوان هەڵدەداتەوە، کێشە دەروونی و جەستەییەکان زەق دەکاتەوە و بە دەوروبەرییەکانی خۆیان دەیناسێنێت.

ئەو چەند توخمە سەرەکییەی کە ماکی سەرەکی چیرۆکەکانی خاتوو مریەم قازی پێک دەهێنن و زۆرتر بە دەستیانەوە دەناڵێنێ و بە تەنگیانەوەیە، بریتن لە:

١- ئازاری مرۆڤایەتی بە گشتی.

٢- کێشەی نەتەوایەتی.

٣- دەردی ڕەگەزی.

٤- گرفتی سروشتی.

لە نێو ئەو ٢٥ چیرۆکەی کە کتێبی هاتنەژوور قەدەغەیەیان پێک هێناوە، بۆ هەر یەک لەو توخمە سەرەکییانە چیرۆکێک هەڵدەبژێرم و لە پەنا و سێبەری ئەو چیرۆکەوە لە کەڵکەڵەکانی خاتوو مریەم قازی دەدوێم.

با بزانین نووسەر چۆن لەگەڵ ئەم ئازار و گرفتانە ڕووبەڕوو دەبێتەوە و بە گژیاندا دەچێتەوە، ئەو ئەوەندە بە دەست ئەم ئازارانەوە دیلە و دەناڵێنێ کە کەمتر توانیویەتی ئاوڕ بداتەوە سەر لایەنە تەکنیکی و هونەرییەکانی چیرۆک، ئەو لایەنەی کردۆتە قوربانی دیوی مانایی و زۆرتر لایەنە ئینسانییەکانی تێدا زەق کردوونەتەوە، هەرچەند ئەم لایەنەشی بە تەواوی فەرامۆش نەکردووە و لە هەندێک لە چیرۆکەکاندا ئاوڕی لێداونەتەوە.

١- ئازاری مرۆڤایەتی بە گشتی.

چیرۆکی «تەقینەوەیەک و ئیتر» ل١٣

ئەم چیرۆکە دەقێکی خەیاڵییە، کە نووسەر بە سواری مەلی قەڵەمی خەیاڵ نزیکەی سێ سەدە و نیو دەبڕێ و دەچێتە دنیایەکی پڕ لە مرۆڤ و ماشێن و کەشتی و فڕۆکە و کەرەسەی پیشەییەوە، زەمەنێکی ئاڵۆز و شێواو و بەسەر یەکدا تەپیو، بەڵام مرۆڤی زانا و چاوکراوە و وریا، کە بە هۆی ئەو زانیارییانەی بە درێژایی مێژووەوە لە ڕابردووانەوە بۆیان بە میرات بەجێ ماوە، ئەوانیش وەچە بە وەچە خستوویانەتە سەر یەک و ئێستا مرۆڤ وای لێهاتووە کە بە هۆی ئەو کەرەسە مانگە دەستکردانەوە، کە هەیانە پێدەزانن کە لە ئانوساتێکی دیاری کراودا لە کاتژمێری ٤/٤٥ خولەک و ٣٢ چرکەدا گووره ئەستێرەیەکی (شەهاب سەنگ) سەرگەردانی ئامێزی ئاسمان لەگەڵ زەوی وێک دەکەوێ و دەبێتە هۆی وێرانی و لەناوچوونی هەموو گیانلەبەرانی سەرزەوی، بەم هۆیەش گۆی زەوی دەبێتە چۆڵگە و ژیانی تێدا نامێنێت.

کەچی ئەو وێک کەوتنەی زەوی و گووره ئەستێرەکە، نابێتە هۆی لە ناوچوونی ژیان و بوون لەسەر زەوی، ئەوەی زەوی و ژیان و بوون لە ناو دەبات و هۆکاری لەناو بردنیان پێک دێنێ، بیر و هزری نابەجێی مرۆڤە و هەر خۆیەتی بەڵا بەسەر خۆی دێنێ.

لە ئاکامدا بۆمبی ناوەکی و کەرەسەی شیمیایی و چەک و تەقەمەنییە، ئەوانەش هەر مرۆڤ خوڵقێنەر و داهێنەریانە، کە بە خەیاڵ بۆ ڕاگرتن و پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان سازیان کردوون، بێ خەبەر لەوەی کە دەبنە هۆی لەناوچوونی ژیان و بوونی خۆیان و نەتەوەکەیان و مرۆڤەکانی تریش و تەنانەت ئاژەڵ و ڕووەکەکانیش.

خەمی نووسەر لێرەدا خەمێکی گشتی و هەمە لایەنەیە، ئەو بە مرۆڤەکانی ئێستا دەڵێ: بۆ ئەوەی ژیانی خۆتان و داهاتووەکان بە پاکی و چاکی مسۆگەر بکەن، دەبێ لە بیری چەک و شەڕ و ملهوڕیدا نەبن، ئەو ڕێگایەی ئێستا بە دەیان بیانووی جۆراوجۆرەوە گرتووتانەتە بەر بەرەو تورکستانە و بۆ لە ناوچوونی ژیان هەوڵ دەدەن و بانگەوازی وێرانی دەکەن، کە ئەم خەمەی نووسەر خەمێکی پیرۆزە و بانگەوازی دەروونێکی پاقژە

بۆ ژیانێکی خاوێن و هێدی کە لە شەڕ و وێرانی و لەناوبردن دووربێ.

بێجگە لەم چیرۆکەی باسمان کرد چیرۆکەکانی:

"خولانەوە" ل ٢٤، "چرا سەوز و سوورەکان" ل٩٣، "جەهەندەمی سارد" ل٩٦، "لە بەردەرکی نهۆمی یەکەم" ل٧٨، "تەقینەوە" ل١٢٣ دەچنە نێو بازنەی ئەو چیرۆکانەی کە ئازاری مرۆڤایەتییان بە کۆڵەوەیە.

٢- کێشەی نەتەوایەتی.

ئەو چیرۆک و بەیت و شیعرانەی بە درێژایی مێژوو لە سەرقارەمانیەتی و بەرخۆدانی ئەم نەتەوە چەوساوە نووسراون، کەمتر وایە بە ئەژمار و پێوانە مەزندە بکرێن.

نێو کتێب و دەفتەری هەر نووسەر و شاعیرێک، یان دەروون و بیری هەر بەیت وێژ و قایەتخوانێک هەڵدەدینەوە بەشێکی زۆری باسی ئەم خەمە گەورە و ئازارە جەرگبڕەیە.

چ دڵ و دەروونێک هەیە ئەم ژانە کسپەی تێنەخستبێت، یان نەیهەژاندبێت؟

«لاپەڕەی ژینم هەموو هەڵدەیتەوە تییدا نییە
باسی فرمێسک و هەناسە و شیوەن و ماتەم نەبێ»

کارەساتەکان لە مێژووی ژیانی ئێمەدا زۆر و دیار و بەرچاون، مێژوویەکمان هەیە سەرتاسەری نوقمە لە تراژیدیا و خەم و ئەژنۆ لە ئامێزگرتن، ئەوەشمان هەمووی لە پێناو مانەوە و نەفەوتان و بووندایە، ئەو بوونەی سروشت بە مرۆڤی بەخشیوە و هەندێک مرۆڤی زێدەخوازی زاڵم و زگەڕۆ و ڕەگەزپەرست بە کەسانێکی دی ڕەوا نابینن.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکەش لەم باسەی ئێمە بەری نییە و ئاوڕی داوەتەوە سەر لایەنی ئازار و کەڵکەڵەی تەرم و کانیی خوێن و پێدەشتی پڕ لە زامی گەلەکەی.

«قیبلەگاە» یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە چیرۆکی ئازار و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەیەتی و لاپەڕەیەکە لەو بیرەوەرییە تاڵانە، لێرەدا لە ڕۆژێک دەدوێ کە ئەو ڕۆژەش وەک هێمایەک بۆ مەزڵوومییەتی گەلەکەی بەسە، بۆ هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست و بە ویژدان کە دانەیەک لەو تابلۆ پڕ لە کسپە و ژانەی ببینێت.

ئەگەر دانە دانەی ئەو کارەساتانە بێنین کە بەسەر ئێمە هاتوونە، بە دەیان و سەدان ڕۆمانیش ناخرێنە ڕوو.

«قیبلەگاە» لەنێو ویست و ئاواتی پێنج هەزار مرۆڤی بێ تاواندا، تەنیا تیلماسکێکی کورتە کە باس لە ختووکە و ئاواتەکانی دڵی پەپوولەیەک لەو پەپوولە باڵ هەڵوەریوانە دەکات.

دوا ساتەکانی ژیانی «پەرژین» و مامۆستاکەی لەم چیرۆکەدا خوێنەر تێکەڵاوی قووڵی و ئازاری مەرگی ئەو پێنج هەزار کەسە دەکات.

تۆ بڵێی هەر یەکە و لەدوا چرکەکانی ژیانیاندا لە بیری چ ئاواتێکی وەدی نەهاتووی نێو دڵ و دەروونیاندا بووبێتن؟ ئەو پرسیارانەی «پەرژین» دەیانکات بڵێی مەلی چەند هەزار پرسیار بە دوایاندا هەڵفڕیبێتن؟

«بۆچی... بۆچی... چی نەمتوانی هەڵبە... ستی... نیشتمان تەواو بکەم؟»

ئەم پرسیارەی «پەرژین» خۆ هەر ئاراستەی مامۆستاکەی ناکرێت، ئاراستەی مرۆڤایەتی و تەواوی ئەو کەسانە دەکرێت کە لە پشت ئەم تاوانەوە بوون و ئەوانەش کە بە بێ دەنگی و کڕی خۆیان چەپڵەی پیرۆزباییان بۆ تاوانبار و تاوانکارەکانی ئەم کارە قیزەونە لێدەدا.

بەڵام تەواوی ئەو قوربانیانە و وەسیەتەکانی مامۆستا و ئارەزووەکانی: «پەرژین» ئەوە لە دڵی مرۆڤەکانی ئێستادا هەر لە چەکەرە و ڕواندایە و ویشک نابن.

**ئەرێ وڵاتم نیشتمانی جوان**
**تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان**
**ئەرێ وڵاتم نیشتمانی جوان**
**ژیان هەر بۆ تۆ بۆ دوژمن نەمان.**

٣- دەردی ڕەگەزی

نووسەر وەک ئافرەتێکیش ئاوڕی لە گرفتەکانی ژنان داوەتەوە و لێیان دواوە، ئەو چیرۆکانەی بۆ ئەم بوارە لە بیر کردنەوەکانی نووسەر تەرخان کراون ژمارەیەکی بەرچاون. پێنج چیرۆک و لەوانەیە زیاتریش لەم دەردە ڕەگەزییە دەدوێن، لە چیرۆکی «بۆنی پیرۆز و تەزووی سەرما»دا باس لە ئازارەکانی ژنێک بە ناوی «فاتم» دەکات کە لە بەرانبەر ئەودا «ڕەحیم»ی برای دادەنێ، کە مرۆڤێکی تووڕە و تووسن و زیندان دیتووە کە هەرجارە بە هۆی تاوانێکەوە چۆتە زیندان.

**«چ کارێک نەماوە بۆ پارووە نانێک نەیکەم**
**دزی، قاچاق، درۆ و قەتڵ؟»**

بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو تاوانەش ڕەگی پیاوەتی «ڕەحیم» هەر ئەستوورە و ڕازی نابێ نانی دەستی خوشکەکەی بخوات، ئەویش ئەو نانەی کە بۆ خۆی لە کۆشی خوشکەکەی ناوە.

«هەر ئەوەندەم بۆ مـابوو کـە پێم بڵـێن ڕەحـیم وای لێقەوماوە کە خوشکەکەی خەریکە کارێ دەکا لە زیندانی بێنێـتـە دەر، ڕەحـیم وایە ژنان بەخـێـوی کـەن... ئەویش.... ئەویش.... ئاوا؟...»

تۆ بڵێی کارێکی کردبێ کە ڕەحیم میلەکانی زیندان نەیانتوانیبێت ڕایبگرن و لە ئاکامی ئەم هەڵاتنەشدا تەرمەکەی «فاتم» لە ئاودەستی حەساری ماڵەکەیاندا بدۆزێتەوە؟

دیارە ئەمەش تەڵەزمێکی کورتە کە لە داری ئازاری ڕەگەزی کراوەتەوە و خراوەتە ڕوو.

چیرۆکەکانی:

١- سەودا ل٣٩.

٢- فڕی فڕی ل١٠٨.

٣- هاچەری دەرکەی ئەو ماڵەی کە فرۆشرابوو ل١١٣.

٤- خودا و هێلانەی دەعبای کوێر ل١١٨.

لەو دەستە چیرۆکانەن کە باس لە دەردی ڕەگەزی دەکەن.

٥- لایەنی سروشتی.

کاتێک قەڵەمەکەی مریەم خاتوون دێتە باس لە سروشت، ئەوەندە دڵسۆزانە ئاوێتەی ژیانی گیانلەبەران و ڕووەکەکان دەبێ کە خوێنەر بە تەواوەتی هاوڕێیی دەکا و لەگەڵیدا هاوهەنگاو دەبێ، ئەو بۆ وروژاندنی هەستی خوێنەر دەستی لەسەر خاڵێکی گرنگ داناوە و باس لە هەست و سۆزی دەروونی و ئەویندارانە لە نێوان گیانلەبەرەکاندا دەکات. ئەشقی کردۆتە هەوێنی چیرۆکەکەی و لەو ڕێگایەوە باس لەو ئازارانە دەکات کە مرۆڤ هەر بۆ چەند ساتێک خۆشی و گەمەی خۆیان چ بەڵا و دەردێک بە دەروونی سروشت و گیانلەبەرە بێ زمانەکانیدا دەکات.

مار یەکێک لەو گیانلەبەرانەیە کە مرۆڤ بە تەواوی لەگەڵیدا دژە و لێی دەترسێت، هەمیشە بە هەق و ناهەق مرۆڤ ئامبازی بووە و گیانی لێ ئەستاندووە.

مار لەنێو چیرۆکە ئەفسانەییەکانیشدا جێگا و شوێنی بۆ دیاری کراوە و دایمە لەم ژانرە ئەدەبییەشدا بوونی هەبووە، وەک دژ قارەمان، یان گیاندارێکی دزێو کەڵکی لێ وەرگیراوە و لەناوچوونی بووەتە هۆی کەیف خۆشی و ڕەزامەندی بیسەران.

سەر و لکوپۆپی لێ زیاد کراوە و وەکو میرغەزەبێک بەری ئاوی ئاوەدانی گرتووە و داوای گیانی شیرینی، شیرین زمان و پەری و ئاوێنە ڕوخسارەکانی کردووە، بەڵام لە ئەشق و خۆشەویستی ماری ئاشقەوماشقەدا هیچ گومانێک بۆ مرۆڤ نەماوەتەوە باس دەکرێ کاتێک کەسێک یەکێک لەو دووانە بکوژێت وێنەی بکوژەکە بۆ هەمیشە لە مێشکی ئاشقە زیندووەکەدا دەمێنێتەوە و ئەستەمە وەک ئازیز مردەیەک لەو تاوانبارە خۆش بێ و لە هەرشوێنێک ببینێ پێوەی دەدا و هەقی خۆی لێ دەستێنێتەوە.

لە چیرۆکی «لە جێژوانێک»دا ئەوینی دوو ماری ئاشقەوماشقە و لە یەکتری هەڵبڕان و لەناوچوونیان بە دەستی چەند مرۆڤ کە هەر بۆ گەمە و ڕابواردن دەبنە هۆی لەناوچوونی ئەو ئەوینە سروشتییە، وەها خوێنەر دەهەژێنێ هەر دەڵێی باسی لەناوچوونی ئەوینی دوو مرۆڤی ئاشق دەکات.

من پێم وایە مەرگی ئەم دوو مارە ئاشقەوماشقە لە چیرۆکی «لە جێژوانێک»دا بە ئەندازەی مەرگی مەم و زین، عەزیز و کوبرا، خەج و سیامەند و شیرین و فەرهاد بۆ خوێنەر دڵتەزێن و تراژیدییە، کە ئەوەش بۆ هەستی ناسک و ڕوحی پەپوولە ئاسای نووسەری ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە، کە ئەم مارە خزۆک و ژەهراوی و ترسێنەر و بەسامەی وا شیرین و خۆشەویست کردووە کە خوێنەر هەست بە دۆستایەتی و هاودەردییان دەکات.

بەگشتی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی خاتوو مریەم قازی زۆر سەرنجی داوەتە لایەنەکانی مانایی و پەیامی و هەموو چیرۆکەکان، خەمی ژیان و بوونیان بە کۆڵەوەیە.

«هاتنە ژوور قەدەغەیە» ، هەگبەیەکە لە ژان و برکی سروشت و مرۆڤ، جاری وا هەیە هەر لە چیرۆکێکدا هەموو خەمەکانی ڕەگەزی و نەتەوەیی و سروشتی و مرۆڤایەتی بە یەکەوە تێدایە و بە هەستی دڵسۆزی بەرپرسایەتییەوە باسیان لێدەکات، ئەو هەر دەردەکان وەکو هەن بە خوێنەر دەناسێنێ و کەمتر دەبێتە دەمڕاستی خوێنەر و دەرمان کردنیان بۆ ئەوان بەجێ دەهێڵێت.

ژیان بە چیرۆکەوە بەردەوامە و چیرۆکیش بە ژیانەوە مانا پەیدا دەکات و نامرێت، ژیان و مردن هەتا هەتایە لە بەربەرەکانێ و بەرەنگاربوونەوەی یەکتردان و ئەم کێشەیە سەرەتا و کۆتاییەکەی ون و نادیارە. کاتێک خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە دەبێتەوە زۆرێک لە ئازار و ژانەکانی ژیانی لەبەر زەیندا زەق و ڕوون وەبەر چاو دەکەوێ کە هانی دەدات بۆ لەناو بردن و سارێژکردنی ئەم زامانە. بەو ئاواتەی سەردەمێکمان هەبێت ئیتر لە دەرد و مەینەت نەدوێین و هەوێنی هەموو چیرۆکەکانمان باسکردن بێت لە جوانی و ئاسوودەیی.

# خوێندنەوەیەکی جوانیناسانە لە شیعری هێمندا

عومەر محەمەدی
(شنۆ)

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بە شێوازێکی زانستییانە و بەکەڵک وەرگرتن لە بۆچوونەکانی فەلسەفی و پێک گرتنی هێندی خاڵی هاوبەش کە بەگشتی لەسەر شیعر پراکتیزە کراوە وەکو پێوەر، کەڵک وەردەگرین، بەم پێیە هێندێ لە لایەنە شیعرییەکانی مامۆستا هێمن-یش کە لەم بابەتەوە دەکەوێتە بەر تیشکی ڕەخنەوە، تاووتو دەکەین، چونکە هەر دەقێکی ئەدەبی بە بارستایی تێبینی فیکری و شێوازی داهێنان، بۆچوونی تایبەت بە خۆی دەخوازێ، جا چ ڕەخنەیەکی توند و بێ ڕەحمانە بێ، یان ڕەخنەیەکی نەرم و ئاساییانە بێ، بەڵام من لام وایە کە هێمن ئەوەندە حەقەی بەسەر ئێمەوە هەیە لە نوێ کردنەوەی زماندا، بە تایبەت لەو بارودۆخەی کە زمانی کوردی لە ئاخنینی وشەی عەرەبی و فارسیدا خەریک بوو بخنکێ قۆڵی بۆ هەڵماڵیوە و دەرەتانی پشوودانی بۆ شیعر پێکهێناوە، هەر بۆیە پێویستە هێندێک سووچ و لایەنەکانی شیعری ئەم شاعیرە بلیمەتە بخەینە ژێرباس. لەوانەیە ئەم وتارە هەرچەند تێروتەسەل نەبێ، بەڵام ئەوەندە قازانجەی هەبێ کە بۆچوونی تریشی بەدوادابێ.

ئەم وشە سەرەکییانەی کە تەوەری باسن:

کارکردی زمان- جوانیناسی- دەوری ڕۆمانتیک- ڕیالیزم- زمانی هزر.

**دەسپێک**

فاکتێکی گرینگ کە وەکو ژانرێکی باڵادەست لە شیعری هێمندا سەیری لێ دەکرێ خوێندنەوەی جوانیناسانەی «ئەوینە» کە بە شێوەی خودڕاڤەیی و لە چەشنی ڕیوایەتدا لە دەماری شیعردا دەگەڕێ و لە پانتایی بووندا پەل داوێژێ، ئەم شێوە ژانرە، ئەوین لە تەک ڕەهەندی دەپارێزێ و ئاسۆیی ڕوانینی خوێنەر بۆ

خوێندنەوەی شیعر بەربڵاوتر دەکا.

عەشقی هێمن لە مەرامی فیکری و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوینێک کە شاعیر لە پێشدا ناسیویە، ئەم ناسینەش هەستێکی دەروونی و عاتیفی شاعیرە کە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا هەیە و خۆیا دەبێ. عاتیفە لە پێناسەکردنی هێماکاندا چێژی تایبەت بەخۆی دەبەخشێ. دەکارکردنی نمادەکان هەوڵدانێکە بۆ بەرەو ژوورچوون لە دنیای وێنەکاندا؛ ئەم وێنانە چ لە دەروونی شاعیر و هەستی خۆشەویستی ئەویندابن و چ بە چەمکێک لە جۆری ئیدەی ئەفلاتوونی بێ، ئەمە جیهانێکە کە مرۆڤ حەز دەکا پێی بگا، هەرچەندە لە ژوور سروشتەوە بێ:

**من بەرەو ئاسۆ بەرەو ڕووناکی باڵم گرتووە**
**چۆن بەرەو تاریکی دەخشێم پاڵ وەشەیتانی دەدەم...**
**ئاگری سینەم بڵێسەی دێ وڵات ڕۆشن ئەکا**
**ئەو دەمەی خۆم وەک دڵۆپێک دەچمە نێو دەریای عەدەم**

مەنۆلۆگی دەروونی لە ئاگایی و نەستی مرۆڤەوە بۆ نمادێکی سروشتی لە هەمان کاتدا بۆ پێکهێنانی جیهانێکی یۆتۆپیایی لە تایبەتمەندی شیعرەکانی هێمنە کە بە شێوەی نەستێکی دەروونی لەگەڵ بەرهەستێکی سروشتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و بە ئەوین و خۆشەویستی گرێبەست دەبێ. ئەو ئەوینەی کە هێمن دڵی پێ دەبەخشێ هەر لە سەرەتاوە خۆ بە دەستەوە دەر و ئاشکرایە لە هەناوی کۆمەڵگە و کولتووردا هەڵدەقوڵێ. کچی مەهاباد، کیژی لادێ، وتووێژی کچ و کوڕ، ئامێزی ژن و..تاد بەرچاوترین شیعری شاعیرن کە ئەوین و خۆشەویستی وەک دوو ئەکتەری هێمایی و شانۆیی دەور دەگێڕن، هەربۆیە لە خوێندنەوە و تێڕامانی فیکریدا و شانۆیی هاوبەشی شاعیر و خوێنەر لە چەمکەوە بۆ ناوەڕۆک و بە پێچەوانەوە شیعر تایبەتمەندی تر دەکا (*):

## زەینی هاوبەشی شاعیر و نووسەر

نیگای هێمن بۆ عەشق و خۆشەویستی ڕوانینێکی نەرێنی و پیاوسالارانە نییە، منی شاعیر لە چوارچێوەی کەسایەتییەکی ڕووتدا نامێنێتەوە، بەڵکو ئەو «منە» لە کەسایەتییەکانی تر تەنانەت خوێنەر پەرەدەدرێ. شیعر لە یەکانگیرییەوە بۆ گشتگیری ڕادەگواسترێ، ئەمەش پێوەندی بە چەند خاڵی گرینگەوە هەیە، زەینییەتی



هێمن

نەتەوەیی شاعیر بە هێندێک زەینییەتی هاوبەشەوە، جیهانی هزری هاوبەش لەگەڵ خوێنەر پێکدێنێ کە بە ماف و ژینگە و سروشتی هاوبەشەوە بەستراوەتەوە، واتە جیاوازی ڕوانگەیی لە ڕەگە و ماکەدا نییە، بەڵکو شتێکی دەستکرد و ڕووکەشیانە کە ئەم جیاوازییە هزریانەی پێکهێناوە و شاعیر هەوڵ بۆ بەباکردنی ئەم تۆز و کاوکۆتە دەدا کە خەرمەنی مەبەستی وەدەربخا. لێرەدا ئەوین لە خاک پیرۆزتریش بەرەو ژوورتر دەچێ هەتا دەگاتە ئاستی دەرهەست بوونەوە:

**ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی**
**تۆ خودا نی تۆ خۆشەویستی منی**
**لە ئاسمان نی تا وێت ڕانەگا دەستم**
**لە قاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم**
**تۆیی لە من ون کرد و منی لە تۆ دوور**
**ئەو بستۆکەی دژمن ناوی نا سنوور**

## فۆرمی زمان و نمادە سروشتییەکان

کایە زمانییەکان بە وەسفکردن و نمادە سروشتییەکان وشە دەوڵەمەند دەکەن تا ئەو جێگایەی تەقەڵ و تەریبی زمان فۆرمێکی تایبەت بە خۆی پێکدێنێ، بە پێچەوانەی زۆربەی نۆرمە باوەکانی زمانی شیعری کوردی، ئەوین و


خۆشەویستی لای هێمن نامۆ و شاراوە نییە. وشە زمانییەکان ئەوەندە لەگەڵ تخوبە کولتوورییەکان ئامێتەیە، ئەوەندە بەخاک و سروشتەوە بەستراوەتەوە کە لە پێگەیەکی کۆمەڵناسی و نەتەوەییدا تاووتو دەکرێ و هێمن وەک شاعیرێکی میللی و ناسیۆنالیست تەماشا دەکرێ، بەڵام نە ناسیونالستێکی ڕەگەزپەرستانە و دەسەلاتدار، بەڵکو ژیان لە بوون و مان لەگەڵ گەلانی تر دەخوازێ:

**من بە فرمێسکی ڕونوی کوێستانی کورد پەروەردە بووم**
**کوڵمی ئاڵ و چاوی کاڵ و سینگی بەفرینم دەوێ...**
**ئارەزووەمە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی**
**چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ**

ئەم ڕووداوە زمانیانەی کە هێمن گەمەی ئەوینی پێ دەگێڕێ، زەینی خوێنەر لە هۆشیاری نەتەوەیی نزیک دەکاتەوە. ئەمەش بە دوو هۆ:

**یەکەم:** پێکهێنانی چەمکێکی ڕێککەوتوو لە جوانیناسیدا.

**دووەم:** پاکتاوکردنی وشەی بێگانە و بەکارهێنانی وشەی ڕەسەن و خۆجێی لە شیعردا. لە شیعری هێمندا، دوو خاڵی گرینگ دەوریان هەیە، یەکەم؛ ئەزموون دووەم؛ پەرەپێدانی زمان بەهۆی ئەزموونەوە. ئەزموون شاراوەیە، ئەرکی شاعیر بەکارهێنانی زمانە بۆ ئاشکراکردنەوەی ئەزموون. ئەگەر شیعر لەپێناو ئەزموونە هاوبەشەکاندا بێ، خەڵک تێدەگا، بەڵام ئەگەر ئەزموون لەپێناو کارکردی خودی زماندا بێ، دابڕان لەنێوان زەینی خوێنەر و شاعیردا پێکدێ. ئەو زمان و ئەزموونەی کە لێرەدا مەبەستی ئێمەیە لە شێوازی یەکەمدا جێگەی خۆی کردۆتەوە، یانی زمان لە بەرژەوەندی ئەزموندایە، ئەم ئەزموونە نەتەوەییەش دەبێتە دەوڵەمەندبوونی زمان، یانی کارکردێکی دوو لایەنە بۆ شیعر پێکدێ. چەمک و ناوەرۆکی شیعری هێمن بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە خێرایی شیعر بە زەینی خوێنەر دەگەیەنێ. زمان لە خزمەت نامۆیی و چڕبوونەوەدا نییە. تەعبیری خەون و خەیاڵ بۆ ئاڵۆزی چەمک نەگونجاوە. ئەگەر لە سەرجەم دیوانە شیعرییەکەی هێمندا چاوێک بەسەر ڕێژەی ئاماری دوو شێوازی ڕیالیزم و ڕیالیزمی ڕۆمانتیکدا بخشێنین ئەو مەبەستە پتر شی دەبێتەوە:



هەروەک لەم چارتەدا دیارە، شێوازی ڕیالیزمی-ڕۆمانتیکی لە ١٠٠ تا ٧٠ی چەمکی شیعری بەخۆوە تەرخان کردووە، یانی لە نمادە سروشتییەکان بۆ ڕاڤەی چەمک کەڵک وەرگیراوە. لە شێوازی ڕیالیزمدا لە ١٠٠ تا ٣٠ ئەم ڕاژەیە دێتە بەرچاو.

### ڕۆمانتیکی هەستیاری و ڕێسای ئەخلاقی

ئەگەر هەستی ڕۆمانتیکی ئەو گۆڕانکارییە زەینیانە کە لەسەر دیاردە بەرهەستییەکان وەکو ژانرێکی ئەدەبی شیعر سەیر بکەین، دەنگ بۆ گەشەکردنی زمان و پەروەردەکردنی وشە مۆرفیمێکی هونەری لە شێوە هارمۆنی خۆی پەیدا دەکا و لە ڕۆمانتیکی سروشتپەروەری بەڵگە دەداتە دەست:

**شەماڵ هات بە گاڵە گاڵ**
**هەور بوون گەواڵ گەواڵ**
**پشکوت گوڵی گەش و ئاڵ**
**بلبل کەوتە ناڵە ناڵ...**

ڕۆمانتیکی هەستیاری کاتێک لە ئاستی هەستیاری خۆیدا بترازێ و دابەزێ، ڕەوشی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی و کارکردی ئەخلاقی پەیدا دەکا و دەکەوێتە بوارێکی ڕۆشنبیری؛ واتا هێماکان لە شێوازێکی ئەنارشیستیدا خۆیا دەبن:

**نایەڵن قەت چێژی ئازادی بچێژم من دەنا:**
**خوێنی شیرینم دەوێ، کوا تەرمی خوێنینم دەوێ...**
**نامەوێ خوێن برژێ، یان بۆنی کەلاکی کۆن بکەم**
**ڕەنگی مێلاقە و گوڵاڵە و بۆنی نەسرینم دەوێ...**

**بنار و لێژی ناهەمواری هەڵگورد**

**دەبینن بۆتە دەشتی کەربەلای کورد**
**بەناحەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن**
**شەهیدی بێ سەر و بێ شوێن دەنێژن**

خەیاڵ و گریانی نیوەشەو و ئاوارەیی و دەربەدەری، قەیرانی ژیان و لە ژیان بێ بەشی و...تاد لەسەردەمی خولی دووەمی دەسەڵاتی ڕەزاخاندا، لەم هەستە ڕۆمانتیکی و درامیانە دێنە ژمار کە نە تەنیا هێمن، بەڵکو لە شیعری هێندێ لە شاعیرانی هاوچەرخی فارسیشدا سەرەڕای بۆچوونە جیاوازەکان بە سێ شێوە ڕۆمانتیک دەبینرێ:

**یەکەم:** ڕۆمانتیکی سروشتپەروەری.

**دووەم:** ڕۆمانتیکی ناسیونالیستی.

**سێیەم:** ڕۆمانتیکی ئەخلاقی- مەجازی بەلایەنی کارکردی کۆمەڵایەتی.

هەروەک ڕۆمانتیکی ئەوروپا هەنگاوێک بوو بۆ بەرەوپێش بردنی باوەڕی شۆڕشگێڕی و ڕۆمانتیکی؛ بۆچوونی کۆمەڵایەتی و داهێنانی هونەری، لە دەوری شاعیرانی هاوچەرخی هێمنی موکریانیشدا بەکارهێنانی سۆزی غەرامی و خود ڕاڤەیی بەکەڵک وەرگرتن لە نمادە خەماوییەکان تایبەت بە شاعیرانی نەتەوەیی کورد و فارسی دەورەی حەمە ڕەزاخانە.

## کۆتایی و دەرەنجام

شۆڕشی شیعری هێمن چ ڕۆمانتیک و چ ڕیالیزمی ڕۆمانتیک بێ، دۆزینەوەی شێوازێکی گوتاری و ڕۆشنبیری دەخوازێ کە بۆ دۆخ و سەردەمی خۆی زۆر گرینگ و پێویست بووە. گۆڕانکاری قۆناخەکانی ژیان، ئەزموونی کەسایەتی، نەریتی کۆمەڵایەتی، بارودۆخی سیاسی، لەم فاکتەرانە دێنە ژمار کە شیعری هێمن لە شاعیرانی سەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە. بەگشتی مارک و نیشانە هونەرییەکانی شیعر لەلایەک ئەرک و مەبەستی ڕۆشنبیری لەلایەکی تر وەک دوو تەوەرەی گرینگ دێنە بەرچاو کە پتر جێگەی باس لێکردنن.

**پەراوێز:**

*** بە بڕوای ریکۆر فەیلەسووفی بوونناسی فەڕەنسی: «ئەو شتەی کە شیعر ساغ و بە کاکڵ ڕادەگرێ، پاراستنی دیالیکتیکی نێوان کارکردی وێژەیی و ئەزموونگەری زمانی شاعیرە.**


**سەرچاوە:**

**(١) سیر رمانتیسم درایران از مشروطه تا نیما، دکتر مسعود جعفری، تهران، نشر مرکز ١٣٨٦.**

**(٢) نگاهی به شعر شاملو (رابطه زبان واندیشه) محموفکلی- تهران، انتشارات مروارید ١٣٧٩.**

**(٣) سمبولیسم- چارلزچدویک- ترجمه مهدی سبحانی- تهران، نشر مرکز ١٣٧٥.**

**(٤) تخیل- آر.ال. برت- ترجمه مسعود جعفری- نشر مرکز ١٣٨٦.**

**(٥) زندگی در دنیای متن- پل ریکور- ترجمه بابک احمدی- تهران- نشر مرکز ١٣٧٣.**

**(٦) دیوانی هێمنی موکریانی ١٩٢١- ١٩٨٦ هەولێر ٢٠٠٣.**

# عیرفان.. ئەدەبیات و چوار فاکتەرەکە

لە فارسییەوە: ڕزگار جەباری
(کەرکووک)

بە چاوپێداخشانێکی تیژتێپەڕ، پێوەندییەکی مێژوویی پتەوی نێوان عیرفان و ئەدەبیاتمان بەرچاو دەکەوێت. ڕوونترین گەواهی ئەم پێوەندییە، شین بوونی چڵی پڕ بەرهەمی شیعری عیرفانییە بە جەستەی داری ئەدەبیاتی ئیسلامییەوە. بەڕاستی ئەم پێوەندییەی نێوان عیرفان و ئەدەبیات، ئەگەر لە پێوەندی جەوهەری نێوان ئەم دوو دیاردەیەوە سەری هەڵنەدابایە، ئایا هیچ کاتێ شاکارگەلی ئەدەبیاتی عیرفانی دەهاتنە ئاراوە؟ لەم وتارەی ئێستادا بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە. ئەم وتارە دەیەوێت نیشانی بدات کە عیرفان و ئەدەبیات کۆمەڵێ یەکبوون و بێگانەبوونیان لەگەڵ یەکدا هەیە، بەڵام یەکبوونەکانی ئەم دوو دیاردەیە بە ئەندازەیەکە، کە لە یەک ڕیزیان دادەنێت. هەریەکەیان تایەکی تەرازووی هەڵسوکەوتی هونەری مرۆڤ پێکدەهێنێت، ئەو تەرازووەی کە ئامانجەکەی دروستکردنی هاوسەنگی نێوان ناسینی ئێمەیە لە خودا و لە جیهان.

*** یەکبوونەکان**

زمان، بەرهەستترین پێگەی عیرفان و عاریفە، لە ڕێگای زمانەوە، دەتوانێت پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا ڕۆبنێت. ئەم دیاردەیە، هەمان نیسبەتی لەگەڵ ئەدەبیاتیشدا هەیە. عیرفان و ئەدەبیات لە ڕێڕەوی زمانەوە، بە خاڵێکی هاوبەشی گشتی دەگەن. هەڵبەتە لێرەدا، زمان بە واتای زمانناسییەکەی وەربگرین. لەم دیاردەیەدا، بەرهەمی عیرفانی و بەرهەمی ئەدەبی، لە چرکەساتی یەکەمدا، بەرهەمی زمانین. واتە زمان (فاکتەری ماددی)یان پێکدەهێنێت.

ئەم دوو دەستە بەرهەمانە، لە ڕووی فرمانی و (فاكتەری وێنەیی)شەوە، لە یەک ڕێڕەودا هەنگاو هەڵدەگرن. هەردووكیان ڕەنگی فەنتازیا بە ئەزموونە چەشەییەكان دەبەخشن. زەكی موبارەک بەم جۆرە پەردە لەسەر ئەم ڕاستییە لا دەبات:

«ژیانی سۆفییەكان لەسەر پایەی چەشە ڕاوەستاوە و چەشە بنەمای باڵاترییە لە هونەرەكاندا. كەواتە سۆفی، بەڕاستی كەسێكە خاوەن چەشەیەكی فراوان كە بەهەر چییەكدا بڕوانێت، یان هەرچییەک بخوێنێتەوە و ببیستێت، واتا دەخوازێت. لەم ڕووەوە سۆفی شارەزاترینی خەڵک بوونە لەهەمبەر شیعری باشدا، بە تایبەتی شیعری تەغەزولی.»

محەمەدی غەزالیش، لە «مشكاة الأنوار»دا لە میانی بەراوردێكی تاڕادەیەک تێروتەسەلدا، لەسەر ئەوە دەڕوات كە چەشەی ناسینی (اوزان)كێشەكان، نموونەیەكی هەرچەندە كەمڕەنگیش بێ، ئەحوالی پێغەمبەران و وەلییەكان بەدەستەوە دەدات، هەروەها لە «كیمیای سەعادەت»دا، هەمان خاڵ بە جۆرێكی دیكە ڕوون دەكاتەوە:

«پێت سەیر نەبێت كە پێغەمبەران و وەلییەكان خاوەن سیفاتێک بن كە كەسانی دیكە هیچ هەواڵێكیان لێ نەبێت. لەو سیفەتانەوە خاوەن كۆمەڵێ حاڵ بن. كاتێ دەبینیت كەسێک چەشەی شیعری نییە، لەبەر ئەوەیە كە دەرک بە چێژی كێشی (سماع) ناكات. ئەگەر بتەوێت لە چێژەكەی تێ بگات، ئەوە ناتوانێت، چونكە شارەزایی لە توخمەكەی نییە.»

هەڵبەتە غەزالی و موبارەک لە دووتوێی بابەتەكانی سەرەوەدا، هیچیان لەسەر دەستگیرۆیی عاریفان بە فەنتازیای شیعرییەوە نەگوتووە، بەڵام ئیبن سینا لەم بارەوە دەنووسێت:

«سۆفییەكان لەوەدا كە بە زمانی خەیاڵئەنگێزی شاعیرانە دەدوێن، تاسەمەند بوونە. لەو تاسەیەوە چی بۆ خۆی و چی بۆ كەسانی دیكە، پشتی بە فەنتازیا بەستووە.»

بەم جۆرە عیرفان كۆمەڵە نزیكایەتییەكی دیاری لەگەڵ شیعردا هەیە، تا ئەو شوێنەی كە پێناسەی ئەم دوو زاراوەیە، تاڕادەیەک لێكدەچن. نووسەری «نقد النثر» لە چۆنێتی ناولێنانی «شاعیر»دا دەنووسێت:

«بێ گومان بەو كەسە دەڵێن شاعیر كە لە واتاكانی زاراوە و دروستی پەسندا، شتگەلێک دەدۆزێتەوە كە كەسانی دیكە نایدۆزنەوە.»

هەروەها ئیبن عەرەبی لە گرووپێک دەدوێت، بە ناوی (اقطاب عیسوی) كە تێگەیشتنێكی ڕەوانبێژی بەهێزیان هەیە و ڕووكاری پەرجووەكانی قورئان دەزانن، بێ ئەوەی فێركرابن، بەڵكو بەهرەیەكی خودایی حاڵی داگیركردوون، تەنانەت بەبێ ئەوەی عەرەب بن، بە عەرەبی دەدوێن.

لێرەدایە كە (جاحظ) لە زمانی (ئیبن هانی)یەوە دەگوێزێتەوە:

«لە كەماڵی فاكتەرەكانی شیعرەوەیە كە شاعیر، عەرەبی سارانشین و سۆفی ڕوو لە خودا دەبێت».

بەهەرحاڵ، یەكبوونە جەوهەرییەكانی عیرفان و ئەدەبیات، تا ئەو ڕادەیە كە (لانگە) میتافیزیک بە شێوەیەكی ئاراستەكراوی شیعر دەزانێت. ئەم تێڕوانینە هاوشێوەی تێڕوانینی دكتۆر كەدكەنییە كە سۆفیگەری بە «پێككگەیشتنی هونەر بە لاهووت» و «هەڵسوكەوتی هونەر لەگەڵ ئاییندا» هەژمار دەكات.

*** بێگانەبوونەكان**

لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین عیرفان و ئەدەبیات بە تەواوەتی بە یەک شتیان هەژمار بكەین، چونكە هەموو بەرهەمە عیرفانییەكان لە بازنەی بنچینەیاندا، ئەدەبین، بەڵام هەموو بەرهەمە ئەدەبییەكان، عیرفانی نین و ئەم خاڵە نیشانی دەدات كە عیرفان دەبێت شتێكی سەرووتر بێت لە ئەدەبیات. ئەم ڕاستییە دەمانخاتە سەر ئەوەی بپەرژێینە سەر گەڕان بە دوای بێگانەبوونەكانی نێوان ئەم دوو دیاردەیە و ئەو دەرەنجامەی لەم گەڕانەدا وەردەگرین، بەم جۆرەیە:

**1/ لە ڕووی فاكتەری مادییەوە**

زمانی بەرهەمە عیرفانییەكان، زمانێكی سروشتییە، وەک ئەو گوڵەی لە باخێكدا دەڕوێت، هەروەها زمانی بەرهەمە ئەدەبییەكان، بە بەراوورد لەگەڵ ئەودا، زمانێكە دەستكرد وەكو ئەو گوڵەی لەسەر پارچەیەكدا نەخش دەكرێت.

ئەم بێگانەبوونە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت كە عاریف بە دوای ڕازاندنەوە و ئارایشی پەیڤدا ناچێت، چونكە لەو باوەڕەدایە كە:

«کـاتێ پەیڤ زۆر ئارایش بکرێت، مـەبەست لەبیـر دەکرێت.»

کەڵکەڵەی سەرەکی عاریف، گوزارشتی واتایە کە دژە لەگەڵ ئارایشی پەیڤدا. بە وتەی خواجە عەبدوڵڵای ئەنسـاری: «ئەم خـێڵـە دڵی ڕەوانگۆیان هەیە، نەک زمان.»

لێرەدایە کە عاریفانی شاعیر، بە گشتی گۆڕەپانی خۆیان لە شاعیربەتی بەری زانیوە و ئەو کارەی خۆیان بە تەسلیم بوون بە برێک لە زەروورەتەکان دەزانن.

مەولەوی ڕۆمی، شاعیریی خۆی دەداتە پاڵ دڵنەوایی هاوەڵانی و دەڵێت: «ئەگـەر نا من لە کوێ و شیـعر لە کوێ؟ بە خودا لە شیعر بێزارم، بەڵام لەمە باشتر شتێکی دیکە نییە.»

جێی ئاماژەیە کە شاعیرانی عاریف، بە تایبەتی لە قوتابخانەی خۆراساندا، ئاسایی گۆشەگیر بوونە لە پێوەندی بە دەربارەوە. ئەم ڕاستییە بەڵگەیە لەسەر دوورەپەرێزی ئەوان لە چوونە نێو گۆڕەپانە پیشەییەکانی شیعرەوە. هەروەک عەتتار دەڵێت:

**شکر ایزد را که درباری نی ام**

**بسته هر ناسزاواری نی ام**

لەگەڵ ئەوەشدا، شیعری عیرفانی بە هۆی واتاگەرایی ئەوپەڕگیرییەوە سەری لە ئاڵۆزییەوە دەرهێناوە و ئەم پرسە بمانەوێ و نەمانەوێ بە بەشێکی شیعری پیشەیی دایدەنێت. زەکی موبارەک لەم بارەوە دەنووسێت:

«شێوازی سۆفییەکان لە ئاڵۆزیدا، ناسراوە. تا ئەو شوێنەی کە دەنگی گەیشتووەتە ڕەخنەی ئەدەبیش»، پاشان بە گێڕانەوی چەند وتەیەک لە (سەعالبی) و (سەفەدی)یەوە کە بەکارهێنانی زاراوەی ئاڵۆز و سۆفیگەرییانە و کۆبوونەوەی پارادۆکسەکان لە شیعری موتەنەبی و ئیبن فاریزیان، بە مایەی ڕەخنەگرتن زانیوە، لەسەر ئەوە دەڕوات کە ڕوونی، یان ئاڵۆزی لە جێگای خۆیدا جوانە و ئەم ڕەخنانەش هەر چییەک بن، هێمای بزاوتی ئەدەبی سۆفیگەری و ئامادەیی ئەوە لە گۆڕەپانەکانی ڕەخنەدا.

هەڵبەتە لەم ڕوانگەیەوە، چالاکی خودی عاریفەکان لە بواری ڕەخنەی شیعریشدا، شیاوی بە دواداچوونە، تا ئەو جێگایەی کە دەتوانین بە هەبوونی تێڕوانین لە ڕەخنەی ئەدەبی و ساغکردنەوەی کۆمەڵێ تێکست بە ناوی «ڕەخنەی عیرفان» و «ساغکردنەوەی ڕەخنەگرانەی عیرفان» ئیقرارمان هەبێت.

**ب/ لە ڕووی فاکتەری فرمانییەوە**

عیرفان و ئەدەبیات، هەردووکیان لە ڕێڕەوی چەشەدا هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام چەشەی عیرفانی زیاتر بە کاریگەرییە ناخەکییەکان پێ دەگرێت و چەشەی ئەدەبیش زیاتر بە کاریگەرییە دەرەکییەکان. بە گوزارشتێکی دیکە عاریف لەتەک خۆیدا بە گشتی ورووژانێکی ئەودیویی هەیە، بەڵام شاعیر، یان نووسەر لە کاری خۆیدا بە گشتی ورووژانێکی ئەمدیویی هەیە.

ئەگەر بمانەوێ بۆ ئەم بێگانەبوونە گەواهی بهێنینەوە، ئەوە پێویستە ئاماژە بە ئەوینی عاریفانە و ئەوینی شاعیرانە بکەین. ئەحمەد غەزالی لەم بارەوە دەنووسێت:

«لێرەدا نهێنییەکی گەورە هەیە کە ئەوینی ئەم چیرۆکە، لە ناخەوە دەردەچێت و ئەوینی ئەفراندن لە دەرەوە دەچێتە ناخەوە، بەڵام دیارە کە تاکو کوێ دەتوانێت بڕوات». هەر ئەو لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێت:

«گرفتاری عاشقان شتێکی دیکە و گوفتاری شاعیران شتێکی دیکە. سنووری ئەمان جگە لە ڕێکخستن و سەروا هیچی دیکە نییە.»، هەڵبەتە عاریفان بۆ ئەم مەبەستە چنگ بۆ هەمان ئەو زاراوانە دەهاوێژن کە شاعیران بۆی دەهاوێژن. بۆیە بە زۆری ئەمە سەر لە تێکەڵبوونی شیعری عیرفانی لەگەڵ شیعری تەغەزولی دەردێنێت.

نیکڵسۆن لەو باوەڕەدایە کە:

«لە هەندێ بابەتدا ڕەنگە داپۆشراوبوونی شیعر، ڕۆڵی ئامانجێکی هونەرمەندانە بگێڕێت، بەڵام تەنانەت لە هەندێ بابەتدا کە شاعیر بەمەبەست خوێنەر لە نێوان زەوی و ئاسماندا ڕادەگرێت، بە ئاسانی غەزەلێکی ڕوحی بە گۆرانییەکی مەستانە، یان بە پارچەیەکی مۆسیقای عاشقانە وەربگرین.»

(دوبروین)ش ئاماژە بەم خاڵە دەکات و بە هەڵقوڵاوی سێ فاکتەری دەزانێت:

- نائاشکرابوونی شرۆڤەی ژیانی نووسەرانی شیعری عیرفانی.
- بێ پێشینە و پاشینە بوونی داڕشتنی ئەم جۆرە شیعرانە.
- داپۆشراوبوونی زاتیی واتا تێیاندا.

بەهەرحاڵ لێرەشدا، جیاکاری جۆری چەشە، لە ڕێگای خودی چەشەوە، شیانی جیاکردنەوەیە مەگەر بۆ کەسێک لە بنەڕەتەوە ئەهلی ئەوە نەبێت.

**ج/ لە ڕووی فاکتەری وێنەییەوە**

وێنەکانی خەیاڵ لە زمانی عیرفاندا، زیاتر دیاردەییە و لە زمانی ئەدەبیاتدا زیاتر وەهمییە. بە گوزارشتێکی دیکە، زمانی عیرفان لەسەر بنەمای جیهانبینی هەنگاو هەڵدەگرێت و زمانی ئەدەبیات لەسەر بنەمای ئەفراندن. جیهانبینی عیرفانی، هەر ئەو شتەیە کە عاریفان گوزارشتی «شهوود»ی بۆ بەکار دەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا پرسی شهوود لە هونەریشدا تەرح کراوە. شهوودی هونەری تەرحێکی کەمڕەنگتر بەبەراورد لەگەڵ شهوودی عیرفانی دەخاتەڕوو.

ئەم خاڵە لە بەراوردی نێوان شیعری ئیلهامی مەولەوی ڕۆمی و شیعری دەستکردانەی شاعیران، جێگای ئاماژەپێدانی (د.زەرین کوب) بووە، هەروەها زەکی موبارەک لەم بارەوە لەسەر ئەوە دەڕوات کە:

«سۆفییەکان ئەدەبیاتێکی باڵاتر و سەرووتریان لە ئەدەبیاتی بوحتەری و موتەنەبی و ئەبوو عەلا هەبووە.»، هەڵبەتە ئەم پرسە، ڕێژەییە و بەو هۆیەوە دەتوانین «شێوازناسی عیرفانی» بهێنینە نێو گۆڕەپان و لەسەر ڕەسەنایەتی، یان ناڕەسەنایەتی فەنتازیا عیرفانییەکان بدوێین.

**د/ لە ڕووی فاکتەری ئارمانییەوە**

گرنگترین بێگانەبوون لە نێوان عیرفان و ئەدەبیاتدا، لە نیو فاکتەری ئارمانی ئەم دوو دیاردەیەدا شاردراوەتەوە. زەکی موبارەک ئەم فاکتەرە بۆ عیرفان، بە فاکتەرێکی دەروونناسی = پەروەردەیی دەزانێت:

«پوختەی قسەکەمان، ئەوەی کە سۆفییەکان کۆمەڵێ خەیاڵ و وێنە و گوزارشت لەوپەڕی پتەوی و جوانیدا دەخەنەڕوو و جوانی ئەدەبیاتی سۆفیگەری فراوانتر دەکات، ئەوەی کە بەستراوەتەوە بە دەروونناسییەوە و ئەوەی کە ئارمانێکی باڵای هەیە، هەر ئەم چەسپاندنە ئاکارە مەزنانەیە لە دەروونی مرۆڤدا.»

بۆ ئەدەبیاتیش، بەسروشت پێویستە فاکتەرێکی جوانیناسی بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، واقیع ئاماژە بە شتێکی سەرووتر لەمە دەکات. عیرفان یەکێتیگەرایە، بەڵام ئەدەبیات فرەگەرا. کە دەڵێین کرۆکگەرا و ڕوخسارگەرا، یان واتاگەرا و وێنەگەرا، زۆریش تەواو نییە، چونکە ڕەنگە ئەدەبیاتیش کرۆکگەرا و واتاگەرا بێ، بەڵام ئەم پرسانە سەرووتر لە ڕادەی فرەییەکان بۆی ناچێت. بە دەربڕینێکی ڕوونتر، تیشکدانەوەی تێڕوانینی عیرفانی، خوداناسییە، بەڵام تیشکدانەوەی تێڕوانینی ئەدەبیات، جیهانناسییە. واتە عیرفان دەیەوێت لە سنووری جیهان تێپەڕبێت و بگاتە خودای جیهان، بەڵام ئەدەبیات لە سنووری جیهاندا دەمێنێتەوە و بە ئاڵوگۆڕکردنی بەشەکانی جیهان، کۆمەڵە جیهانێکی تازە دەخوڵقێنێت. هەڵبەتە کۆمەڵێ بابەتی ناوەناوە هەمیشە هەیە و «ئەدەبیاتی عیرفانی» زادەی ئەو بارودۆخەیە.

**سەرچاوە:**

**زبان عشق (نامەی دکتۆرایە)**

**نووسینی: د.عەلی ڕەزا فولادی**

*** لەم وەگێڕانەدا چەند دێرە شیعر و وتەیەک لە شاعیران و نووسەران کە بۆ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتری مەبەستەکان بەکارهێنرابوون، لابراون.**

# نووسینی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی

دێڤید ڕانداڵ
لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵلا کەلاری

ڕێبازێکی ڕۆژنامەنووسی هەیە گاڵتە و سووکایەتی دەکات بەوەی بە "ڕاپۆرتی بەدواداچوون" ناو دەبرێت، تەنانەت بوونیشی پەسند ناکات. پاساوەکەی ئەوەیە کە دەربڕینەکە بێ مانایە، بەو پێیەی هەموو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووسییەکان لێکۆڵینەوەی بەدواداچوونن. هیواداربین ئەمە ڕاست بوایە، بەڵام هەندێک ڕاپۆرت تەنیا بە ناو بەدواداچوونن.

## ڕاپۆرتی بەدواداچوون چییە؟

ڕاپۆرتی بەدواداچوون شێوەیەکی تەواو جیاوازە لە جۆرەکانی دیکە، چوار سیمای تایبەتی هەیە:

## گەڕانێکی ڕەسەن

ڕاپۆرتی بەدواداچوون کورتکراوە، یان کۆکراوەیەک لە ئەنجام و زانیاری نییە، کە ئەوانی دیکە پێی گەیشتن، بەڵکو گەڕانێکی ڕەسەنە، زۆر جار ڕۆژنامەنووسەکان بە بەکارهێنانی ماددەی خاو ئەنجامی دەدەن، دەکرێت چاوپێکەوتنێکی گشتگیر بێت، یان لێک چوواندن و بەراوردکردنێکی ڕاستی و ژمارەکان بێت و دۆزینەوەی ئەو شێواز و پێوەندییانەی کە پێشتر نەناسرابوون.

## بابەتەکە هەڵە، یان پشتگوێ خستن دەگرێتەوە، کە بەڵگەیەکی نەگۆڕ لە بارەیانەوە بڵاونەکراوەتەوە

زۆر جار گومان دەکەیت لەوەی هەڵە کردن، یان شتێک پشتگوێ خرابێت، بەڵام هەروەک کەسانی دیکە بەڵگەیەکت نییە، بۆیە پێویستت بە کۆکردنەوەی بەڵگە و داتاکان هەیە، ئەمەش کاتی زۆرتر و کۆششی زیاتری دەوێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نووسینی ڕاپۆرتێکی

سادە پێویستی پێیەتی. لەوانەیە ئەمە پێویستی بە بەشداری کردنی زیاتر لە یەک پەیامنێریش هەبێت.

### هەندێکیان هەوڵ دەدەن زانیارییەکان بە نهێنی بهێڵنەوە

ئەمە لەسەر زۆر ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی جێبەجێ دەبێت، بەڵام لە کاری ڕۆژانەدا خاڵێک هەیە پێویست دەکات هەڵوەستەی لەسەر بکەیت، نووسینی ڕاپۆرت لەبارەی ئەوەی دەستت کەوتووە (یان ئەوەی دەستت نەکەوتووە). نووسینی ڕاپۆرتی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە کاری ڕۆژانەی تێیدا دەوەستێت، نە بە نهێنی ڕازییە و نە بەوەی بەرپرسان ئامادە نابن زانیاری پێشکەش بکەن، بەڵکو کاری چوونە ناو وردەکارییەکان و ئاشکرا کردن ئەنجام دەدات.

### گرەوەکە قەبەیە و قەبارەی مەترسییەکە گەورەیە

ئەو مەزنایەتی و شکۆیەی دەستت دەکەوێت کاتێک چیرۆکەکە سەرکەوتوو دەبێت، شتێکی مەزن دەبێت، هێندەی ئەو زیانەی کە بە بەناوبانگت دەگات کاتێک شکست دەهێنێت. بۆ نموونە با بیر لە ئەزموونی ڕۆژنامەی "سینسیناتی ئینکوایرەر" بکەینەوە، لە مانگی ئایاری لە ساڵی ١٩٩٨ ڕۆژنامەکە لە مانشێتی لاپەڕەی یەکەمدا لێکۆڵینەوەیەکی بەدواداچوونی بڵاوکردەوە، لەبارەی کۆمپانیای ئەلمۆزی جیهانی "چیکیتا براندز". سەرەڕای بەشێک لە ١٨ لاپەڕە لەبارەی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە ساڵێکی تەواوی دەویست تاکو ئەنجام درا. بە مانشێتێکی گەورە نووسرا "ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی چیکیتا"، ڕۆژنامەکە وای بڵاوکردەوە کە کۆمپانیاکە بە نهێنی دەستی بەسەر دەیان کۆمپانیای سەربەخۆی ئەلمۆزدا گرتووە هەروەک چاوەڕوان دەکرا، لەگەڵ کۆمپانیاکانی سەربەخۆی دەرمانی قەڵاچۆکەری مێرووی بەکارهێناوە، کە تەندروستی کرێکاران و دانیشتوانی دەوروبەری خستە مەترسییەوە، فەرمانبەرەکان لە مەسەلەی بەرتیل لە کۆلۆمبیا تێوە گلان و کەشتییەکانیشی کۆکایینیان بۆ ئەورووپا ئاودیو کردووە.

بەڵام هەموو ئەمانە وەک نیشان دران، بە تەواوی دروست نەبوون. لە ژمارەی ٢٨ی حوزەیراندا، ڕۆژنامەکە داوایەکی لێبوردنی لە کۆمپانیاکە لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمیدا بە شەش ستوون بڵاوکردەوە، "تێیدا نارەزایی لە لێکۆڵینەوەکە دەربڕی و بە تەواوی خۆی لێ بێ بەری کرد"، هەروەها گەورە پەیامنێرانی لێکۆڵینەوەکانی دەرکرد، ئامادەیی دەربڕی بڕە پارەیەک کە لە ١٠ ملیۆن دۆلار کەمتر نەبێت وەک قەرەبوو بە کۆمپانیاکە بدات.

کێشەکە ڕاستی و ڕاستگۆیی بەڵگەکە (یان درۆ و ساختەییەکەی) نەبوو، بەڵکو شێوازە بەکارهاتووەکانی دەستخستنی بووە، ئەمەش گەیشتن بە نامەکانی پۆستی دەنگی کۆمپانیاکەی گرتەوە، بەڵام مەسەلەکە بریتییە لە چۆنێتی گەیشتن. کۆمپانیاکە وای نیشان دا کە پەیامنێرەکە چەند پرسیارێکی کردووە، پاشان بۆ سەندووقی پۆستەکەی دزەی کردووە و گوێی لە گفتوگۆی نێوانیان گرتووە لەبارەی ئەو مەسەلانەی کۆمپانیاکە ورووژاندوویەتی. ڕۆژنامەکە لە داوای لێبووردن و چارەسەرکردنی مەسەلەکە، پێ دەچوو بەم بانگەشانە ڕازی بێت و لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کە پەیامنێرەکە لەبارەی سەرچاوەی نامەکانی پۆستە دەنگییەکە، ڕۆژنامەکەی چەواشە کردووە، بەڵام ڕوون نەبووەوە کە ئایا چیرۆکە بڵاوکراوەکان هیچ بنەمایەکیان هەبووە؟

لە دەستدانی ڕاستگۆیی، سەرەڕای دە ملیۆن دۆلارەکە، وای کرد لێکۆڵینەوەکە گرانبەها بێت، بەڵام ڕێک ناکەوێت هەموو چیرۆکە هاوشێوەکان ئەم چارەنووسەیان هەبێت، هەر لە هەوڵەکەی نیللی بلای لە ئاشکرا کردنی بارودۆخی تۆقێنەری نێو نەخۆشخانەکانی نەخۆشی مێشک ("نیویۆرک وۆرلد") و بڵاوکردنەوەی پێوەندی سێکسی نێوان منداڵەکان لەلایەن و. تی. ستید ("پول مۆڵ گازێت")، هەروەها لادانی پەردە لەسەر ڕەگەزپەرستی توندی ڕێکخراوی "کوکلوکس کلان"، لە لایەن ڕۆناڵد تۆماس ("نیویۆرک وۆرلد")، تا دەگاتە دۆزینەوەی سیمۆر هێرش لەبارەی هەلومەرجەکانی کوشتارگەی مای لای لە ساڵی ١٩٦٨، دوا جاریش کەمپینی "سەندای تایمز" لە بەرژەوەندی ئەو قوربانیانەی کە بە هۆی دەرمانی "سالیدۆمید" باڵەکانیان لە دەست داوە و لێکۆڵینەوەی کارل بێرنستاین و بۆب ودوارد، کە ئابڕووچوونی "وۆتەرگێت"ی لێ کەوتەوە ("واشنتۆن

پۆست")، سەرەڕای چەندین چیرۆکی ناوخۆیی کە حاڵەتەکانی پشتگوێ خستنی ئاشکرا کردووە و ژیانی خەڵکی بەرەو باشتر گۆڕیوە. نموونەی باو لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی "ئالاباما ژۆرناڵ" لە تۆماری مردووانی لە دایکبووانی (منداڵە ساواکان) لە ویلایەتەکە لە ساڵی ١٩٨٧ بەرجەستەی دەکات: ١٣ مردن لە نێو هەر هەزار منداڵدا، کە ڕێژەیەکی زۆر خراپە لەسەر ئاستی هەموو ویلایەتەکانی ئەمەریکا. ڕۆژنامەکە زنجیرەیەکی ٢٠ ئەڵقەیی بڵاوکردەوە، بووە هۆی ئەوەی ئاژانسی "ستیت میدیک ئید" پارەپێدانی پرۆگرامی دایکایەتی لە قۆناغی پێش منداڵ بوون بۆ چوار هێندە زیاد بکات و پاڵنەرێکی بەهێز پەیدا بێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی بۆ دایکە هەژارەکان باشتر بکرێ. لە ساڵی ١٩٩٤، مردنی لە دایک بووان لە ویلایەتی ئالاباما بە ڕێژەی ٢٠٪ دابەزی. لە کۆتایی سەدەی بیستەمیشدا هەزار منداڵ لە ویلایەتەکە هەبوون، کە بوونیان بۆ ئەو زنجیرەیە دەگەڕێتەوە. زەحمەتە وێنای لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی بکەین، کە ئەنجامی ئەرێنی باشتری لێ بکەوێتەوە.

دوا جار دەکرێ سەرکێشییەکە تەنانەت سەلامەتی خۆشت بگرێتەوە. لەو وڵاتانەی تاوانی ڕێکخراوی تێدا بەربڵاوە، نووسینی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکانی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی، بە پیشەیەکی مەترسیدار تەنانەت مەرگهێنەر دادەنرێت. لە ڕووسیا بۆ نموونە، دیمیتری خۆلدۆف، پەیامنێری ڕۆژنامەی "مۆسکۆفیسکی کۆمسۆلیتس"، لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەبارەی گەندەڵی لە سوپادا دەنووسیت. لە ڕۆژێکی پاییزی ساڵی ١٩٩٤ سەرچاوەیەکی نادیار پێوەندی پێوە کرد و پێی گوت، کە لە وێستگەی کازان جانتایەکی پڕ لە بەڵگەنامەی بۆ داناوە. پەیامنێرەکە چووە وێستگەکە و جانتاکەی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ نووسینگەکەی، کاتێک جانتاکەی کردەوە بە ڕوویدا تەقییەوە و کوشتی. لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢، پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی پیرۆڤی ئەدۆلفۆ ئیسویزا ئورکۆیا، لە مەسەلەی ماددە هۆشبەرەکانی دەکۆڵییەوە بۆ ڕۆژنامەی "لا ریپۆبلیکا"ی ، لە مانگی ئابدا ناوی بازرگانێکی گەورەی ماددە هۆشبەرەکانی هێنا کە هێزێکی چەکدار دەیپارێزن. ئەو نووسیبووی: "سوپا نایەوێت تیرۆر قەڵاچۆ بکات، چونکە لەسەر قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان دەژیت". دوای چەند ڕۆژێک (٨/٢٧) لاشەکەی لە ڕووباری هوالاگا دۆزرایەوە، دەرکەوت تووشی ئازاردان و چەقۆ لێدان بۆتەوە تاکو گیانی لە دەست داوە. لە پێناو هەموو ئەمانەدا، هەموو ئەو کەسانەی لەو بوارانەدا بیر لە توێژینەوە دەکەنەوە، دەبێت وریابن و ئەگەرەکانی مەترسییەکە تاووتو بکەن، چونکە پەیامنێری مردوو ناتوانێت ڕاپۆرت بنووسێت!

## بوارە بەرهەمدارەکان کە شایانی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەن

نووسینی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە بەدواداچووەکان بە بۆنی چیرۆکێک دەست پێ دەکات کە لە شوێنێکدا بڵاو بووبێتەوە، یان گومانێک ئاماژە بە بابەتێک بکات کە دەنکە تۆی چیرۆکێک پێک بهێنێت، بەڵام ئەوەی لەم قۆناغەدا گرنگە ئەوەیە، بە وردی بیر لە ئەنجامەکە بکەیتەوە لە "باشترین بارەکاندا"، ئایا چیرۆکەکە شایانی ئەو هەوڵ و کات بۆ تەرخان کردنەیە؟ ئەگەر شایانی بڵاوبوونەوە نەبوو لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمدا، ئەوە پشتگوێی بخە. یەکە تایبەتمەندەکانی لێکۆڵینەوە بە ئاسانی دەتوانن خۆیان بە چیرۆکێکی کەم بایەخەوە سەرقاڵ بکەن، وەک لەوەی هەموو خوێنەران مژووڵ بکەن. ئەو لێکۆڵینەوەیەی پلانی بۆ دادەڕێژیت بیخەرە ژێر تاقیکردنەوەی ناونیشانی سەرەکییەوە، ئەگەر زانیت ئەنجامە چاوەڕوان کراوەکە ناونیشانێکی ورووژاو و سەرنجڕاکێشی لێ ناکەوێتەوە، کەواتە بەخۆڕایی کاتەکەت بە فیڕۆ دەدەیت.

دەکرێت لێکۆڵینەوە باشە ڕۆژنامەنوسییەکان باس لە هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان بکەن، بەڵام دوو دەستەی گەورە هەن بەڵێنی ئەنجامی بەرهەمدار دەدەن: ئەو چالاکی و ڕێکخراوانەی کە کارەکانیان لە ناوچە دوورە دەستەکان، یان دوور لە چاوی جەماوەر ئەنجام دەدەن و ئەو کەسایەتی و دامەزراوانەی لە پڕێکدا دەردەکەون، بۆ ئەوەی وا دیاربن وەک ئەوەی "لە نادیارەوە هاتبن" و چیرۆک و ئەفسانەکان بە خێرایی لە دەوروبەری دادەتاشن. ئەوە ئەو کەسایەتی و دامەزراوانەیە کە پێ دەچێت باکگراوەندێکی نەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا لەم

جۆرە باکگراوەندەی هەیە و بە دڵنیاییەوە چیرۆکێکی ڕۆژنامەنووسی باش و گرنگمان لێ دەست دەکەوێت.
کۆمپانیا و دامەزراوە داراییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی "لە شەو و ڕۆژێکدا دەوڵەمەند بوون"، بە خاکێکی زۆر بە پیت بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێن. هەوڵی خۆت لە پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی نائاساییدا تاقی بکەوە، کە پروپاگەندەیەکی زۆری بۆ کراوە و دەتوانیت گرەو لەسەر مووچەکەت بکەیت، بەوەی زۆر ئابڕوچوونی تێدا دەدۆزیتەوە کە لە بارەیەوە دەنووسیت. سەندووقە هەڕەمە داراییەکان لە ڕۆمانیا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، نموونەیەکی باشە لەبارەی دەرفەتە لە دەست چووەکە، بەڵام ئەو دەرفەتەی کە بە فیڕۆ نەچوو، نموونەیەکی باوی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسیانەیە، ئەویش چیرۆکی چارڵز بونزی، یان "بونزی مەزن"ە، وەک خۆی وای پێ خۆشە بانگی بکەن.
خەڵکێکی زۆر بڕوایان پێ کرد، زیاتر لە ٤٠ هەزار ئەمریکایی پاشەکەوتەکانیان خستە پرۆژەکەیەوە، دوای ئەوەی سەرنجی ڕاکێشان بەوەی بەرانبەر وەبەرهێنانی هەر دۆلارێک، ٥.٢ دۆلاریان پێ بدات، لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا. سەرەڕای هۆشداری شارەزایانی دارایی لەوەی بڕی ئەم سوودە پێ ناچێت لۆژیکی و ڕێتێچوو بێت، بەڵام ئەو لە یەکێک لە ماوەکان لە ساڵی ١٩٢٠ لە ڕۆژێکدا نزیکەی ٢٠٠ هەزار دۆلاری کۆ دەکردەوە و لە ماوەی ١٨ مانگدا زیاتر لە ١٥ ملیۆن دۆلاری کەوتە دەست.

هەموو شتێک پشتی بە ڕێژەکانی خەرج کردنی دراو دەبەست. کاتێک کۆمپانیاکەی وەبەرهێنانی کەسەکانی وەردەگرت و بۆ دەرەوەی وڵاتی دەنارد، بۆ ئەوەی هاوبەشەکانی کۆبوونەکانی یەکێتی جیهانی پۆستە بە نرخی کەم بکڕن، دواتر لە ناوچەی دیکە بە نرخێکی بەرزتر بیفرۆشنەوە. ئەمە چیرۆکی بونزی بوو، هەزاران کەس لە "هێرشە" گەرمەکە بەشدار بوون، بۆ ئەوەی وەبەرهێنانەکانیان بە خێراییەکی زیاتر پارە وەدەست بێنێت، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە، ئەو لە پارەی وەبەرهێنەرە کۆنەکانەوە پارەی بە وەبەرهێنەرە تازەکان دەدا. دەرکەوت بڕی ئەو دراوە بیانییەی کە کۆمپانیاکە بە درێژایی تەمەنی بازرگانی پێوە دەکرد، ٣٠ لە بنەمای ١٥ ملیۆن تێپەڕی نەکردووە.

بەڵام ئەو خەڵکەی لە دەرەوەی نووسینگەکەی لەسەر شۆستە بە ڕیزی درێژ ئاپۆرەیان بەستبوو، داوایان دەکرد هەمـــوو ئەوەی هەیانە بخرێتە وەبەرهێنانەوە، ئەو ڕاستییەیان نەدەزانی. پێدەچوو ئەو "پارە خۆی دۆزیبێتەوە" وەک یەکێک لە وەبەرهێنەرەکان ئاماژەی پێ کرد، بەڵام لە ڕاستیدا هیچی نەدۆزیبووەوە جگە لەوەی، ئەگەر قازانجێکی باشی پارەی خەڵک بخەیتە ڕوو و هەندێ دروشمی ساختە بەرز بکەیتەوە، دەتوانیت ماوەیەکی زۆر ڕۆژی ساغ بوونەوە دوا بخەیت.
بەڵام بۆ کاتێکی نادیار نا، پەیامنێرانی ڕۆژنامەی "بۆستن پۆست" ڕابردوویان ئاشکرا کرد و دەرکەوت "بونزی مەزن" لای دەسەڵاتدارانی کەنەدا بە ناوی "زیندانی ژمارە ٥٢٤٧" ناسرا بوو، ئەوە ئەو ژمارەیەیە کە هەڵی گرتبوو کاتێک بە تۆمەتی ساختەکاری لە زینداندا بوو، هەروەها لە ئەتڵەنتا بە تۆمەتی قاچاغ بردنی بیانییەکان بەندکرابوو. "بۆستن پۆست" چیرۆکەکەی بڵاوکردەوە، کۆمپانیاکەی بونزی هەرەسی هێنا و ماوەی ٤ ساڵ سزای بەندکردنی بەسەردا درا.

### توانای نووسینی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە بەدواچوونەکان

هەر کەسێک نیازی هەیە ئەرکەکەی تەواو بکات و ڕووبەڕووی تێکشکانە ناچارییەکان ببێتەوە، دەکرێت لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی بنووسێتەوە، چونکە نووسینەوەی پێویست بە توانای لەوە زیاتر ناکات، کە نووسینی ڕاپۆرتێکی ئاسایی پێویستێتی، بەڵام هەندێک شیاندن هەیە وا دەکات کارەکە ئاسانتر بێت و تۆش لەم بوارەدا شیاوتر بیت.

### زانینی یاسای پەیوەست بە پێدانی زانیاری بە جەماوەر

ئەو یاسایەی لەم بارەیەوە لە وڵاتەکەتدا هەیە چییە؟ ئایا دەزانیت ئەو تۆمار و بەڵگەنامە گشتییانە کامەن کە یاسا ڕێگەت پێ دەدات تەماشایان بکەیت؟ ئەمە مەسەلەیەکی سەرەکی و گرنگە. هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان لە ئەنجامی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی نهێنییەوە بەرهەم هاتوون کە بە ڕۆژنامەنووسان دراون، بەڵام زۆربەیان لە ڕێگەی ئەو ئاشکرا کردنەی ڕۆژنامەنووسان بە ئاکام گەیشتوون، کە هەندێک لە تۆمارەکان پارێزراون و ئەوان مافیان هەیە تەماشای

بکەن. سەرجەم بیرۆکراتەکان بوونی ئەم جۆرە زانیارییانە بە تەواوی ڕاناگەیەنن و هەموو جۆرە لەمپەرێک دادەنێن بۆ ئەوەی ڕێگری لە خەڵک بکەن تاکو پێیدا نەچنەوە، ئەمەش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ئەو زانیارییانەی لە هەندێ کاتی دیاریکراودا دەبێت، یان هەڵگرتنی لە شوێنی وادا کە گەیشتن پێیان دژوار بێت.

خانمە پەیامنێرێک کە لە لەندەن لەگەڵم کاری دەکرد، تۆمارێکی دیاریکراوی لە پەراوێزی ڕاپۆرتێکی حکومی دۆزییەوە، تێیدا مافی چوونە ناوەوەی خانووبەرە تایبەتییەکانی ژماردووە، کە بەخشراوە بەرانبەر بەوەی خاوەن موڵکە دەوڵەمەندەکان لە باجدان ببەخشرێن. بەرپرسەکان (چونکە لە باجەکان خۆش بوون) و نە خاوەن موڵکەکان (چونکە نەیانویستووە جەماوەر بە نێو موڵکەکانیاندا بگەڕێن)، بڵاوکردنەوەی ئەم تۆمارەیان پێ پەسند نەبوو.

هەرکە پەیامنێرەکە بە تۆمارەکەی زانی و دڵنیا بوو لەوەی مافی ئەوەمان هەیە هەڵی بدەینەوە، ئیتر کارە دوورودرێژەکە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە دەستی پێ کرد. دواتر تەنیا بە باسی نەوەستا ئەوە کە ئایا ئەو موڵکانە چی وەدەست دێنن کاتێک بوار بە چوونە ناوەوەیان دەدرێت، بەڵکو لەو بۆندانەی بکۆڵێتەوە کە لە نێوان خاوەن موڵکەکان و حکومەتدا مۆر کرابوون، کەس نەیدەتوانی ئەم کارە بکات ئەگەر ئەو تۆمارەی نەدۆزیبایەتەوە و سوور نەبوایە لەسەر ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە.

ئەمە لە بەریتانیادا ڕووی دا، کە وا ناسراوە بەڵگەنامە فەرمییەکان بە نهێنی دەهێڵێتەوە. لەم بارەیەوە ئەو لەمەیاندا تەنیا نییە، بەڵکو چەندین وڵاتی دیکە هەن کە ئێستا یاسای ئازادی زانیارییەکان پەیڕەو دەکەن و بڕێکی زۆر لە تۆمارەکانیان لە بەردەم هاووڵاتیاندا ئاوەڵا کردووە، بەڵام بەشێکی زۆر کەم لە خەڵکی سادە ئاگاداری ئەم تۆمارانە دەبن و تەنیا ژمارەیەکی دیاریکراو لەوان پێیدا دەچنەوە، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە وا لە ڕۆژنامەنووسەکان دەکات، بە دوای ئەوەدا بگەڕێن لە تۆمارەکان پارێزراون و ئەوەی دەکرێت ببینرێن.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، یاسای ئازادی زانیارییەکان لە ساڵی ١٩٦٦ (کە لە ساڵی ١٩٧١ پاڵپشتی کرا) هەموو جۆرە بەڵگەیەکی بۆ ڕۆژنامەنووسان ئاوەڵا کرد، لەئەنجامی ئەوەی لە لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسییەکاندا بەکارهێنرا، ڕۆژنامەنووسی هەموو جۆرە ڕیسواییەکی ئاشکرا کرد:

* ڕووداوگەلێک کە لە شوێن و کارگە ئەتۆمییەکان کەسی لێ ئاگادار نەکرابووەوە.

* ئامێرەکانی تیشکی ئێکس لە ناوەندەکانی دۆزینەوەی شێرپەنجە، تیشکی بەدەر لە ڕێژەی ڕێگە پێدراو بە بڕی ٢٥-٣٠ جار دەدایەوە (لە ماوەی چەند مانگێک لە دوای ئاشکرابوونی مەسەلەکە، ناوەندە هاوشێوەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بڕەکانی تیشکدانەوەیان دابەزاند).

* پێدانی دەرمانی هۆشبەر لە کاتی منداڵبوون، تەنانەت لەوانەیە زیان بە مێشکی منداڵەکان بگەیەنێت، ئەمەش بەڕاستیش ڕووی دا.

لە لویزفیل (لە ویلایەتی کنتاکی) ئەو ڕۆژنامەیەی ڕاپۆرتەکانی بەدواداچوونی فیدراڵی لەبارەی خانەی بەساڵاچوان دەست کەوت، خراپی مامەڵەکردن لەگەڵ نیشتەجێبوانیدا دەرخست. بە هۆیەوە یاسایەکی نوێ لە ویلایەتەکە دەرچوو، چەندین خانە داخران و ژمارەیەک لە خاوەنەکانیان بە ساختەکاری تۆمەتبار کران.

ئەو حاڵەتانەی کە دەکرێت باسیان لێ بکرێت لە ژمارە نایەن. هەمووشیان بەهای دۆزینەوەی تۆمارە هەڵگیراوەکان و بەدواداچوونی و بەکارهێنانی لە لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسییەکان لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە دەردەخات.

### زانینی سەرچاوە ژێدەرییەکان

لە هەموو کۆمەڵگەکاندا جگە لەوانە نەبێت کە بە نهێنییەوە زۆر پابەندن و سوورن لەسەر ئەوەی بیپارێزن، بڕێک زانیاری دەستەبەرە لە سەرووی ئەوەی ڕۆژنامەنووسی ئاسایی بیری بۆ دەچێت. دەکرێت زۆر لەو زانیارییانە لە سەرچاوە ئاساییە ژێدەرییەکانەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، ئەگەرچی بۆ هەمووان فەراهەم نەبووبێت: لیستەکانی چاپەمەنییە فەرمییەکان، ڕاپۆرتەکان لە ئەنجوومەنەکانی یاسادانانەوە، لیستەکانی دەستە گشتییەکان، ئەو کتێبە سەرچاوەییانەی تایبەتن بە خاوەنداریتی کۆمپانیاکان، تۆمارەکانی دامەزراوە و

دەستە گشتییەکان، ئەو کتێبە سەرچاوەییانەی تایبەتن بە کۆمپانیاکان، تۆمارەکانی ئەو دامەزراوە و دەستانەی پارە لە حکومەت وەردەگرن. هەر ڕۆژنامەنووسێک نیازی ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەیەکی بە دواداچوونی هەبێت، دەبێت کۆششەکەی چڕ بکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت ئەم سەرچاوە ژێدەرییانە زانیاری چییان لە خۆ گرتووە.

## پێوەندی و سەرچاوەکانی زانیاری

ئاشکرایە کە سەرجەم پەیامنێران پێویستیان بە پێوەندی و سەرچاوەکانی زانیاری هەیە، بەڵام ئەو پەیامنێرانەی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی بەدواداچوونەکان دەنووسن، زیاتر لەوانی دیکە پێویستیان پێیەتی، بەڵام دەبێت پێوەندییەکانیان بە جۆرێکی تایبەت بن، نەک تەنیا سەرچاوەگەلێک بن زانیاری پێ بدەن، یان لەبارەی چیرۆکێکی دیاریکراو بە ئاراستەی دروست ڕێنوێنی بکەن، بەڵکو لەبارەی زانینی سەرچاوە بە سوودەکان و بوار، یان مەودای چیرۆکەکان سوودیان پێ بگەیەنێت. کە ئەمانە دەگرێتەوە: پارێزەران، بەرپرسان لە خزمەتگوزارییەکانی تەلەفۆن و ناوەندەکانی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل، ئەوانەی دەکرێت لەبارەی تۆمارە فەرمییەکان ڕاوێژ بکەن و بواریان بدرێتێ بەو تۆمارانە بگەن.

## زانین بە هۆی کۆمپیووتەرەوە

زانین لێرەدا تەنیا توانای گەڕان بە شێوەیەکی کارا لەسەر تۆڕی ئەلیکترۆنی ناگەیەنێت، بەڵکو توانای بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی بنەماکانی داتاشە. نموونەکان لەبارەی بەهای ئەم توانایەوە لە لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسییەکاندا ئێستا لە هەموو شوێنێکدا بەردەستە. لە هەموویان ڕوونتر و سوودمەنتر زنجیرە وتارە شیکەرەوەییەکانە لەبارەی جیاکاری ڕەگەزی لە پێدانی قەرزی بانکدا، کە گۆڤاری "ئەتڵەنتا ژۆڕناڵ-کۆنستیتیوشن" لە جۆرجیا بڵاوی کردەوە، بە هۆیەوە لە ساڵی ١٩٨٩ خەڵاتی پۆلیتزەری پێ بەخشرا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بیل دیدمان ئەنجامی دا شایانی لێتوێژینەوەیە، نەک لەبەر ئەوەی لە بابەتەکەیدا گرنگییەکی ئاماژەیی جیهانی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو ئاماژەیەی لە خۆ نەگرتووە. ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسی ناوخۆییە سەرەڕای ئەوەی نموونەیەکی شایستە و تایبەتمان پیشان دەدات. ڕاپۆرتەکە هیچ حکومەتێکی نەڕووخاند و گەندەڵییەکی تاوانکاریشی ئاشکرا نەکرد و گیانی بێ تاوانانی ڕزگار نەکرد. لەوانەشە بۆ پیاوێکی (سپی پێست) گرنگی نەبێت کە لە شوێنێکی دوور لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەژیت، بە بەراورد بەو کێشانەی ڕووبەڕووی وڵاتەکەی دەبێتەوە، بەڵام زنجیرەی گۆڤارەکە شایانی لێتوێژینەوەیە، لەبەر شێوازەکەی و ڕێکخستن و هەڵوێستەکانی. ئەوە چیرۆکی ڕۆژنامەنووسێکە کە سوور بووە لەسەر گواستنەوەی ڕاستی ئەوەی ڕوودەدات و بڵاوکردنەوەی لە بەردەم خەڵکدا، لە جیاتی ئەوەی ئاواتەخواز بێت، یان ئەو دەنگۆیانەی کە دەیبیست دووبارە بکاتەوە.

لێکۆڵینەوەکە بە تێبینییەکی ئاسایی لە بەڵێندەرێکی (سپی)یەوە دەستی پێ کرد، کە لە گەشەپێدانی ناوچە نیشتەجێبووەکاندا کار دەکات. ئەو گوتی لە دروست کردنی خانوو لە ناوچەی ڕەش پێستەکان لە باشووری ئەتڵەنتا تووشی کێشەیەک بۆتەوە، چونکە بانکەکانی ئەوێ قەرز نادەن (ئەمەش شتێکی نایاساییە ئەگەر لەبەر هۆکاری ڕەگەزپەرستی بێت). گوتیشی قەرز زەحمەتە - هەروەک پێی گوتراوە- تەنانەت لەو ناوچە ڕەش پێست نشینانەش کە خواپێداون. تێبینییەکە ئاسایی دیار بوو، لەو جۆرەی پەیامنێران ڕۆژانە دەیبیستن، هیچ بنەمایەکی نییە و مەحاڵە دووپات بکرێتەوە، بەڵام فزووڵی دیدمانی ورووژاند و هەوڵی دا ئەو تۆمەتە بە بەڵگەوە بسەلمێنێت.

سەرەتا لەگەڵ هەندێک ئەکادیمکار قسەی کرد کە لەم بوارەدا کاریان کردووە، ئەوان پێیان ڕاگەیاند، بانکەکان و کۆمپانیاکانی پاشەکەوت و قەرز، دەبێت لە شوێنی هەر قەرزێکی نیشتەجێ بوون و قەبارەکەی و ئاماری پێکهاتەی دانیشتوانی کۆمەڵگە ناوخۆییەکە لە ناوچەکەدا، حکومەت ئاگادار بکەنەوە. وەک دواتر دیدمان نووسیبووی: "هەموو ئەوەی لەسەر کاغەز کردمان، بە شێوەیەکی سادە بریتییە لە بەراورد کردنی پێرستەکانی کۆمپیووتەری یەکێتی لەگەڵ شریتی تۆماری ئاماری فیدراڵیدا و جەخت کردنەوەی توێژینەوە بەراوردکارییەکە لەسەر گەڕەکە نیشتەجێبووە ڕەش پێست و سپی پێستەکان"، بەڵام جێبەجێ کردنی کرداری وەکو لایەنە تیۆرییەکەی ئاسان نەبوو. ئەو پەیامنێرە، سێ ڕۆژی یەکەمی بە تەواوی تەرخان کرد بۆ دانانی بۆشایی

لە نێوان ژمارەکان لەسەر کۆمپیووتەر، بە جۆرێک بکرێت بە شێوەیەکی دروست بخوێنرێتەوە.

بە درێژایی پێنج مانگی دواتر، دیدمان خەریکی وردبوونەوە بوو لەو قەرزانەی کە هەر بانک و کۆمپانیایەکی پاشەکەوت کردن لە ئەتلەنتا لە ماوەی پێنج ساڵدا داویەتی، کۆی هەمووی گەیشتە ١٠٩ هەزار قەرز، هەروەها توێژینەوەیەکی دیکەی بۆ تۆمارەکانی خانووبەرە ئەنجام دا. لەو هەوڵە پڕ لە ماندوو بوونەدا، بۆی دەرکەوت ئەو قەرزەی بانکەکان و دامەزراوەکانی دیکە بە ناوچەی سپی نشینەکانی دەدەن، پێنج هێندەی ئەوەیە کە بۆ ناوچەی ڕەش پێست نشینەکانیان تەرخان کردووە. بە وردبوونەوە و بەدواداچوونی سیاسەت و پەیڕەوکارییە بانکییەکان، هەروەها بۆی دەرکەوت کە لە ڕەش پێست نشینەکاندا بە دوای کاری بازرگانیدا ناگەڕێن، یان هانی قەرزارە ڕەش پێستەکان نادەن. ئەو خەڵکەش هیچیان بۆ نەمایەوە مەگەر پەنا بۆ کۆمپانیا نایاساییەکانی بارمتە ببەن، واتە "ماسییە دڕندەکان" کە سوودخۆرە چاوچنۆکەکانن. دیدمان دەڵێت: "تەنیا لەو کاتەدا پەنام بۆ گێڕانەوەکان برد". ئەزموونی تایبەتی ژمارەیەک لە دانیشتوانی کۆ کردەوە، ئەمە وای کرد زنجیرە لێکۆڵینەوەکەی سیمای ژیانی واقیعی بپۆشێت و کاریگەری سیاسەتی بانکەکانی لەسەر خەڵک نیشان دا.

کاتێک چوو بۆ بانکەکان، وەک چاوەڕوان دەکرا بەرپرسان ئامادە نەبوون قسەی بۆ بکەن. یەکێکیان بەدەنگ داواکەی دیدمانەوە هات بۆ ئەوەی زانیاری پێ بدات: "هەندێک لەو زانیارییانەی داوات کردووە بوونی نییە و هەندێکی دیکەش هەیە، بەڵام زۆر نهێنییە، ئەوانی دیکە هەیە و نهێنیش نین، بەڵام پێوەندی بە بابەتەکەی تۆوە نییە". بێ گومان ئەمە مانای وایە ئەو بەرپرسە هەوڵ دەدات شتێک بشارێتەوە. بانکێکی دیکە هەوڵی دا بە نهێنی پەنا بۆ هەستە نیشتمانییە ناوخۆییەکان ببات، کە بە پارانەوەیەکی ناسکەوە داوای لە بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەکە، جای سمیت کرد، لێکۆڵینەوە لەو پرسە ڕابگرێت. بەرپرسی بانکەکە لە نامەیەکدا نووسیبووی: "من دڵنیام جای سمیت ئەوە دەزانێت، کە هەر وتارێک دەزگاکانی دارایی ئەتلەنتا بە جیاکاری ڕەگەزی تۆمەتبار بکات، وەک تەقاندنی گووللەیەکی دیکەی سەرەڕۆیە بەرەو سنگی شارە مەزنەکەمان...". دانەیەکی لە نامەکە بۆ بڵاوکەرەوەکە نارد.

دوا جار، کاتێک دیدمان زانیاری پێویستی کۆکردەوە بۆ نووسینی زنجیرەکە (بە ناوونیشانی: "ڕەنگی پارە" کە لە ناوی یەکێک لە فیلمە بەناوبانگەکانی هۆلیوودەوە وەری گرتبوو)، سەرنووسەران هاتنە نێو مەسەلەکە. وەک دواتر نووسی:

پێم وایە کلیلی کارایی "ڕەنگی پارە" دەناسمەوە، بەڕای خۆم هەواڵسازان بەشە باشەکانیان لێ بڕیبوو. کاتێک نووسیبووم بانکەکانی ئەتلەنتا لەبەر ڕەگەزپەرستی قەرز نادەن، بیل کوفاچ-ی هەواڵساز گوتی: تەنیا ژمارەکان بەکاربهێنە و ڕێگە بدە ڕاستییەکان خۆیان لەبارەی خۆیانەوە بدوێن".

لە ڕۆژی یەکشەممە کە دەیکردە یەکی ئایار، زنجیرەکە بە چیرۆکێکی چەند هەزار وشەیی لەژێر ئەم ناوونیشانە گەورەیە دەستی پێ کرد: "ڕەش پێستەکان لە ئەتلەنتا لە ڕکابەری لەسەر دەست خستنی قەرزی نیشتەجێبوون شکست دەهێنن":

لە بانکەکانی ئەتلەنتا و کۆمپانیاکانی پاشەکەوت و قەرزداندا، سپی پێستەکان، پێنج هێندەی ڕەش پێستەکان کە هەمان ئاستی داهاتیان هەیە قەرزیان دەست دەکەوێت و ئەم جیاوازییەش ساڵانە زیاتر دەبێت، بەپێی ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی کە گۆڤاری "ئەتلەنتا ژۆرناڵ-کۆنستیتیوشن" لەسەر بڕی ٦.٢ ملیار دۆلار لە قەرزەکان ئەنجامی دا. کە ئەوەی بەردەوام شێوازەکانی قەرزدان لە مەزنترین دامەزراوە داراییەکان لە ئەتلەنتا دیاری دەکات نەژادە نەک بەهای ماڵ، یان داهاتی خێزان، ئەوەش بە پێی توێژینەوەیەک کە شەش ساڵ بە دوای ئەو ڕاپۆرتانەی قەرزدان چوو کە بۆ حکومەتی فیدراڵی پێشکەش دەکرا.

بەشەکانی چیرۆکەکە بە دوای یەکدا هاتن و ئەمانەی لە خۆ گرت: ڕاڤە و نکوڵیکردنی بەرپرسان لە بانکەکاندا، وردەکاری پرۆسەی ڕووپێو لەگەڵ هەواڵی زیاتر (بەو ڕاستییەش کە تاکە بانکی تایبەت بە قەرز پێدان بە ڕەش پێستەکان، لەسەر ئاستی هەموو وڵات نزمترین ئاستی تۆمار کرد لە دواکەوتن لە دانەوەی قەرزەکان)، ڕاڤەکردنی یاسای پەیوەست بە قەرزە بانکییەکان

...تاد. ڕۆژنامەکە لە شوێنێکی دیکەی ژمارەی هەمان ڕۆژدا، چیرۆکێکی بڵاوکردەوە لەبارەی ژمارەیەک هاووڵاتی ڕەش پێست کە بە تەواوی بۆ وەرگرتنی قەرز شیاون، بەڵام ڕووبەڕووی چەندین کێشە بوونەوە، ئەمە وای کرد قەرزیان دەست نەکەوێت، بەڵام پاشماوەی زنجیرەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

* دووشەممە ٥/٢: چیرۆکێکی تێروتەسەل لەبارەی سیاسەتەکانی بانک و مێژووی ئەو سیاسەتە جیاکارییە ڕەگەزییەی کە پەیرەوی کردووە، سەرەڕای مێژووی حاڵەتگەلێک کە یەکێک لە جەنگاوەرە دێرینەکانی ڤێتنام دەگرێتەوە، کە داوای قەرزکردنەکەی ڕەت کرایەوە، بۆ ئەوەی بەشێک لە کرێی خانووەکەی پێ بدات، کە مانگانە ١٠٠ دۆلار بوو. وتارەکە هەروەها باس لە پرۆسەی کڕینی خانووەکان و چۆنێتی پێوەندی بە هاووڵاتیانی ڕەش پێستەوە کرد.

* سێشەممە ٥/٣: ڕاڤە کردنێکی ورد بۆ یاسای پەیوەست بە بانکەکان و سیستەم و پەیڕەوکارییەکانی لە سەرانسەری وڵاتدا، سەرەڕای مێژووی هەوڵ و کۆششەکان لە لایەن گرووپگەلی ڕەش پێستەوە، بۆ ئەوەی سیاسەتە بانکییەکان لە ئەتڵەنتا بگۆڕن، هەروەها زۆر چیرۆکی دیکە هەن کە بە دوای گۆڕانکارییەکانی مەسەلەکەدا چووە و دووپاتی کردۆتەوە کە جیاکاری ڕەگەزی لەسەر ئاستی نیشتمانی پەیڕەو دەکرێت.

زنجیرە وتارەکانی دیدمان ئەنجامی دەست بەجێی لێ کەوتەوە. دوای ٩ ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی، ٩ لە گەورە بانکەکانی ئەتڵەنتا ٧٧ ملیۆن دۆلاریان خستە سەر ئەو قەرزە ئاسانانەی کە تایبەتن بە ناوچەکانی ڕەش پێست نشین. هەندێک دەزگای دیکەش لەو ناوچانەدا بە دوای کاری بازرگانیدا گەڕان و دەرفەتی کاریشی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دەستەبەر کرد و ڕێکلامەکانیشی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەواندا بڵاوکردەوە، تەنانەت بەڕێوەبەرە جێبەجێ کارەکانیان بە پاس بە نێو ئەو گەڕەکانەدا گەڕان کە ڕەش پێستەکانی لێ دەژین. دوای یازدە مانگ لە بڵاوبوونەوەی ئەو زنجیرەیە، وەزارەتی دادی ئەمەریکا دەستی بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ٦٤ دەزگای دارایی لە ئەتڵەنتا کرد، لەبارەی ئەگەری پێشێلکردنی یاساکانی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی لە لایەن ئەو دەزگایانەوە.

## چۆن پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە بەڕێوە دەبەیت؟

بابەتی لێکۆڵینەوەکان بە ڕێگەی جیاجیا بۆ ڕۆژنامەکان دێن: زانیاری نهێنی لە سەرچاوەکانەوە، یان بە ڕێکەوت، یان چیرۆکێکی ڕۆتینی، بەڵام ئاماژە بە زانیاری دیکە بکات، بەو پێیەی وردەکارییەکانی زیاترە، یان سەرنجەکانی خودی پەیامنێر، یان چیرۆکێکی ئاسایی وردە وردە دەورووژێت، یان چیرۆکێک دوای هەر پرسیار کردنێک پرسیاری گرنگ دەورووژێنێت.

ئەمە ئەو حاڵەتە بوو کە لەوانەیە بەناوبانگترین لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسییەکان تێیدا بووبێت، ئەویش "وۆتەرگێت"ە، مەسەلەکە لە حوزەیرانی ١٩٧٢ لەگەڵ هەڵکوتانە سەر ناوەندی پارتی دیموکراتی لە تەلاری وۆتەرگێت لە واشنتۆن دەستی پێ کرد، دوای دوو ساڵ بە دەست لە کارکێشانەوەی بەهێزترین پیاوی سەر ڕووی زەوی، سەرۆک ڕیچارد نیکسۆن کۆتایی پێ هات. ڕۆڵی سەرۆک و فەرمانبەرەکانی لە بە نهێنی گوێ ڕاگرتن لە پارتی دیموکرات و چەندین ڕەفتاری دیکەی نایاسایی نەدەزانرا وەک (تۆمارکردنی پێوەندییە تەلەفۆنییەکان و سەندووقەکانی پارە پێدانی بەرتیل، لە هەمووی گرنگتر پەردەپۆش کردنی ئەو چالاکییە نایاساییانە)، ئەگەر ئەو بەدواداچوونانە نەبوایە کە کارل بێرنستاین و بۆب وودوارد لە ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" ئەنجامیان دا.

کاتێک ئەو دوو کەسە لە نێو گومانێکی زۆردا دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، پێیان وابوو چیرۆکێکی تاوانکاری ئاساییە: پێنج پیاو دەستگیر کراون، دوای ئەوەی هەڵیان کوتابووە سەر ناوەندی پارتی دیموکرات، بۆ ئەوەی ئامێری گوێ ڕاگرتن بە نهێنی دابنێن. ڕۆژی دواتر وودوارد چووە دادگا و تێبینی کرد، یەکێک لە پارێزەرە بەناوبانگەکان بایەخێکی زۆر بە مەسەلەکە دەدات. ئەو لەوێ چی دەکات؟ هەر لە دادگا وودوارد بۆی دەرکەوت کە ژمارەیەک لە تۆمەتباران بۆ ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (C.I.A) کاریان کردووە، هەروەها لە کاتی دەستگیر کردنیاندا پارەیەکی زۆریان پێ بووە و لە دەفتەری تێبینی یەکێکیاندا ژمارەی پیاوێکی تێدایە کە لە کۆشکی سپی کار دەکات.

لەگەڵ ئەم دەستپێکە کەمانە بەڵام گرنگانەدا، زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد، کە دوا جار

دەریدەخات ئیدارەی نیکسۆن لە کۆمەڵە چالاکییەکی تەواو نایاساییدا تێوە گلاوە. دەسکەوتی بێرنستاین و ودوارد بە گەرمی و ڕێز لێنان پێشوازی کرا و هەردووکیان کتێبێکیان لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە کە داوایەکی زۆری لەسەر بوو، هەروەها هۆڵیوود فیلمێکی سینەمایی بەرهەم هێنا، چیرۆکەکەی پشتی بەو لێکۆڵینەوەیە بەست کە ئەو دوو کەسە ئەنجامیان دا، بەڵام هەموو ئەمانە ئەنجامی کۆتایی بوو. پێش ئەوە هەریەکەیان بە هەزاران حاڵەتی نائومێدبووندا تێپەڕین و تووشی مامەڵەی خراپ و جەور و ستەم دەبوونەوە لە لایەن لایەنگرانی نیکسۆن و بەرپرسەکانی کە لە لێکۆڵینەوەکە ترسان و گومان لێکراو بوون، سەرەڕای ئەو ڕۆژ و هەفتە و مانگانەی لە بەدواداچوونی زانیاری ساختە و هەڵەی گەورە (هەندێکیان بڵاوبوونەوە) لە دەست چوون و چەندین کاتژمێر لە گەڕان لە تۆمارەکاندا بۆ پەیداکردنی زانیاری گرنگ و گومانی خودی و ڕەخنە و ئیرەیی هاوکارەکان و ئەو شەو و ڕۆژانە (تەنانەت لە پشووە فەرمییەکانیشدا) کە هەریەکەیان بۆ بەدواداچوونی مەسەلەکە بەسەریان برد.

وانەی بە سوود و پەندی بەهادار هەن دەکرێت لە ئەزموون و شارەزایی ئەو دوو کەسە هەڵبهێنجرێت. لەوانەیە کتێبەکەیان "هەموو پیاوانی سەرۆک" بە باشترین وەسفکردنی تێروتەسەل دابنرێت، بۆ نووسینی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی بەزمانی ئینگلیزی. کە باس لە چیرۆکی دوو پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی دەکات، لەسەرخۆ بەرەو ڕاستی نزیک دەبنەوە (مەرج نییە بە ڕاستەهێڵ بێت)، لە ڕێگەی گەڕانێکی کۆڵنەدەر و ماندووکەرانە و پابەندبوونێکی ئەرێنی بە وردێتی و لێزانی. ڕێبەرە ڕێنوێنییەکانی دادێ لەبارەی نووسینی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە بەدواداچوونەکان، پشت بەکاری بێرنستاین و ودوارد دەبەستێت و لێتوێژینەوەی حاڵەت و مەسەلەکانی دیکە و ئەزموونە تایبەتییە دیاریکراوەکانم:

### لە هەر بەڵگەیەک بکۆڵەوە و بیپارێزە

لە هەر لێکۆڵینەوەیەکدا کە ئەنجامی دەدەیت، پێویستە ئەو بەڵگەیەی بەردەستت دەکەوێت بیپارێزیت و هیچ شتێک فڕێ نەدەیتە تەنەکەی زبڵەوە، چونکە ئەو بەڵگەنامە و تێبینی و ڕاپۆرتانە – هەموو شتێک کە کۆی دەکەیتەوە- نازانیت کەی سوودیان لێ دەبینیت. لەوانەیە چەندین مانگ تێپەڕێت تاکو ڕاپۆرتێکت دەست بکەوێت کە لە ڕوخساردا بێ تاوان دیار بێت، پێش ئەوەی شتێک ڕوو بدات کە گرنگییەکی لە ناکاوی پێ ببەخشێت. بێرنستاین و ودوارد، ئەو دوو پەیامنێرە ڕۆژنامەنووسەی کە ڕیسوایی ووتەرگێتیان ئاشکرا کرد، لە دوای چەند مانگێکی کەم لە دەستپێکردن بە کارکردن لەسەر مەسەلەکە، چوار گەنجینەیان بە دۆسییەکانیان پڕ کرد.

### هەر چاوپێکەوتنێک دەیکەیت یاداشتی بکە و تێبینییەکان بپارێزە

ئەمە گرنگە ئەگەر لەگەڵ پەیامنێرانی دیکەدا لە نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەشدار دەبیت، یان ئەگەر لێکۆڵینەوەکە دووردرێژ بێت. باشتر وایە تێبینی چاوپێکەوتنەکان ئاڵوگۆڕ بکەن، نەوەک زانیارییەکی گرنگت فەرامۆش کردبێت. تێبینییە چاپکراوەکان کە لە دۆسییەکدا پارێزراون لە کاتی پێداچوونەوەدا ئاسانتر و خێراترە، هەروەها ئەم پەیڕەو کردنە بوار بە بەڕێوەبەران و هەواڵسازان دەدات، تاکو بە شێوەیەکی باشتر لە گفتوگۆی چیرۆکەکەدا بەشدار بن.

### سوور و کۆڵنەدەر بە

چیرۆکی هەر لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی بخوێنەوە، سوور بوون و بەردەوامی پەیامنێران دەبینیت. لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی ووتەرگێتدا، ودواردو بێرنستاین چەندین ڕۆژیان لە پێداچوونەوە بە تۆمارەکان و پێوەندی کردنی تەلەفۆنی لە نووسینگەکەوە، تەنانەت لە ڕۆژانی پشووشدا بەسەر برد، یان چاوەڕێکردن لە دەرەوەی نووسینگەی پارێزەران بە درێژایی ڕۆژ بۆ ئەوەی چاویان بە سەرچاوەیەکی گرنگ بکەوێت. لە یەکێک لە بۆنەکاندا، لیستێکی ناوی سەد کەسییان دەسکەوت کە لە لیژنەی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکدا کاریان کردبوو، ئەو لیژنەیەی کە زۆربەی پێشێلکاری و هەڵەکانی تێدا ئەنجام دراوە. لەبەر ئەوەی نەیانتوانی لە نووسینگەکانیان سەردانی ئەو کەسانە بکەن، دوای تەواوبوونی دەوام لە ڕۆژنامەکەدا چەند هەفتەیەک خەریک بوون بە پێوەندی کردن پێیانەوە لە ماڵەکانیان.

## لەگەڵ "سەرچاوە کۆنەکان" دووبارە چاوپێکەوتن بکە

لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەکە بەردەوامە، کەواتە شتێک نییە ناوی "سەرچاوەی کۆن" بێت، چونکە ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن کە تۆ لێی دەکۆڵییەوە، زۆر جار ئەو شتانەیان بیردەکەوێتەوە کە دەبوایە پێتیان رابگەیاندایە. هەریەک لەوانە بە هۆکارێکی پێویست دادەنرێت بۆ ئەوەی بە رێکوپێکی پێوەندی پێوە بکرێت. هەریەک لە ودوارد و بێرنستاین لیستێکی جیاوازیان لابوو کە ژمارەی تەلەفۆنی سەرچاوەکانی لە خۆ گرتبوو، دوا جار ژمارەی ئەوانە گەیشتە سەدان کەس. هەریەک لەو کەسانە بە درێژایی زیاتر لە ساڵێک، بە لای کەمەوە هەفتانە لەو دوو پەیامنێرەوە دوو جار تەلەفۆنیان بۆ دەکرا. هەروەک لە کتێبەکەیاندا ئاماژەیان پێ داوە: "کاتێک سەرچاوەیەکی دیاریکراو وەڵامی تەلەفۆن نەداتەوە، یان دواتر پێوەندی نەکاتەوە، هەندێک جار ئاماژەی گرنگە".

## لەگەڵ سەرچاوەی ئاگادار پێوەندیت پتەو بکە

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ئابڕووچوونی ووتەرگێتدا، ودوارد پێوەندی بە کەسێکەوە کرد کە پۆستێکی بەرزی حکومی هەبوو، لێی پرسی کە هیچ شتێکی لەبارەی ڕەفتارە خراپەکانەوە بیستووە. ئەو بە ڕاستی بیستبووی و زانیارییەکی زۆریشی دەزانی، بە ڕوونی پێوەی دیار بوو کە بە ئەرکی خۆی دەزانێت لە ئاشکرا کردنی پیلانەکەدا هاوکار بێت، بەڵام گومانێکی بیرۆکراتی ئاسایی لە ڕۆژنامەنووسی هەیە، هەروەها هەستی بە نیگەرانی کرد لەوەی، ئەو چیرۆکانەی پشت بە زانیارییەکانی ئەم، یان هەندێک کەسی کەمی دیکە دەبەستێت، بە بێ دووپات کردنەوەی، لە سەرچاوەکانی دیکە بەکار بهێنرێت، بۆیە ڕازی بوو یارمەتی ودوارد بدات، بەڵام بە پێی چەند مەرجێکی دیاریکراو: پەیامنێرەکە تەنیا بەرەو ئاراستەی دروست ڕێنوێنی دەکات و هەموو ئەو زانیارییانەی پێی دەدات دەبێت لەگەڵ زانیاری سەرچاوەکانی دیکە تێکەڵ بکرێن. ئەو دیدارانەی لە نێوان ئەو و ودواردا بوو، لە گەراجێکی ئوتۆمبێل لە ژێر زەمین لە درەنگی شەودا بوو، لەسەر داوای ئەو کاتەکە دیاری دەکرا، بەڵام جۆری ئەو یارمەتییەی کە پێشکەشی دەکرد، وای لە ودوارد کرد بەو مەرجانە ڕازی بێت.

سەرچاوەکە ناسنامەی خۆی بۆ کەس ئاشکرا نەکرد و یەکێک لە بەڕێوەبەرانی نووسین لە "واشنتۆن پۆست"، ناوی "گەرووی قووڵ"ی لێ نا، هێشتا ناسنامەکەی بە نهێنی ماوەتەوە و جگە لە ودوارد کەسی دیکە نازانێت.

ئەمە دەرفەتێکی دەگمەنە تەنیا بۆ ژمارەیەکی زۆر کەم لە پەیامنێران هەڵدەکەوێت، کە ودوارد لەم جۆرە سەرچاوە ئاگادارە بناسێت و ئامادە بێت هاوکاری بکات، بەڵام ئەو بنەمائ ئاکارییەی ودوارد لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەم جۆرە سەرچاوەیە پشتی پێ بەست، پابەندبوونی بوو بەو بنەمایانەی ئەو بۆی دانابوو. وا مانای ئەوە نییە ئەوەی دەیڵێت هەمووی پەسند بکات، بەڵکو چەندین جار ودوارد لەگەڵ سەرچاوەکەی بۆتە مشتومڕیان، بەڵام پابەند بووە بەوەی لەسەری ڕێککەوتوون.

## پشتگیری کردنی بەڕێوەبەرەکان

بەڕێوەبەرانی هەواڵ و نووسین، پێویستە ئەو فەرمانبەر و داهاتانەی هەیانە کۆی بکەنەوە، بۆ ئەوەی پاڵپشتی پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەی پێ بکەن، دەبێت سەرنووسەر ئامادەباش بێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو ماوە درێژە بێتەوە کە پێویست دەکات، لەگەڵ ئەگەری ئەوەی دوا جار چیرۆکێکی شیاوی ئەوتۆ بۆ بڵاوکردنەوە، بەرهەم نەیەت. بڵاوبوونەوەی بابەتێک تەنیا لەبەر ئەوەی ئامادە کردنەکەی کاتێکی زۆری پێویست بووە، بێ گومان کارەساتی لێ دەکەوێتەوە و کاتێک دوا جار چیرۆکەکە بڵاو دەکەینەوە، دەبێت پتەو بێت و بە درۆ نەخرێتەوە.

بەڕێوەبەران و پەیامنێران پێویستە زوو بڕیار بدەن: ئایا لێکۆڵینەوەکە بە پێی زنجیرە وتارێک بڵاودەبێتەوە، یان لە شێوەی "تێکەڵەیەکی ڕۆژنامەنووسی"یە کە تاکو دوای تەواوبوونی گەڕان و لێکۆڵینەوەکە دەرناکەوێت. لەم حاڵەتەی دواییدا پێویستە دوا کات دیاری بکرێت. ئاسانە لێکۆڵینەوەکان درێژە بکێشێت و چەند مانگێک بخایەنێت، لەگەڵ بانگەشەی پەیامنێران بەوەی پێویستیان بە "تەنیا هەفتەیەکی دیکە" هەیە تاکو گەڕانەکەیان تەواو بکەن. پێویستە ئەوەشت لە یاد بێت هەندێک جار چیرۆکە زنجیرەییەکان هەندێ کەس هان

دەدات زانیاری دیکەی گرنگ پێشکەش بکەن.

بەڵام بە بێ ئەوەی ڕێگەی بڵاوکردنەوە ڕەچاو بکەیت، پرۆسەی لێکۆڵینەوەی بەدواداچوون دەبێت لە لایەن یەکێک لە بەرپوەبەرانی نووسینەوە سەرپەرشتی و چاودێرییەکی ورد بکرێت. بەشی سەرەکی لەم ڕۆڵەدا خۆی لە بەردەوام پرسیارکردن لە پەیامنێران لەبارەی چیرۆکەکە دەبینێتەوە. لەسەر ئەو بەرپوەبەرانەش پێویستە هەڵوێستی "پارێزەری شەیتان" بنوێنن، واتە وروژاندنی گازندەکان لەسەر وردەکاری و بەشەکانی تاقی بکەنەوە و لەگەڵ پەیامنێراندا بە بەڵگە و داتاکاندا بچنەوە، چونکە ئەوان خاوەن مێشکی کراوە و پرسیارکەر و بەدواداچوونن لە مەسەلەکەدا.

## خۆ شاردنەوە

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زۆر جار ڕێگەیەکی باشتر لە خۆ شاردنەوە هەیە، بەڵام لە هەندێک بۆنەی کەم، تەنانەت دەگمەندا، تاکە ڕێگە دەبێت بۆ نووسینی چیرۆکەکە، چونکە بەدواداچوونی حاڵەتی باو لە جیهانێکی "داخراو"دا، وەک گرووپ، یان کۆمپانیا، یان ڕێکخراوێکی نهێنی، هەمیشە بیانوویەکی پاکانە کردنە، لەوانەشە بیانووی دیکە هەبن، بەڵام پێویستە شایانی بەها و گرنگی ئەو چیرۆکە بێت، هەروەها ئەم ڕێگەیە پێویستی بە کاتێکی زیاتر هەیە و تووشی مەترسیت دەکات، کەمترینیان ئەو شەرمەزارییەیە کە تووشی دەبیت ئەگەر کارەکەت ئاشکرا بوو.

مەترسییەکانی دیکە لە تەنیا شەرمەزاری تێ دەپەڕێت، یەکەم، خۆ شاردنەوە هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکانی فێڵ دادەنرێت، بۆیە دەبێت ئەو کارە خراپانەی لە ڕاپۆرتەکەتدا ئاشکرایان دەکەیت، هێندە مەترسیدار و زیان پێ گەیشتوو بێت، کە پاساو بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو فێڵە. دووەم، لەم حاڵەتەدا مەترسییە جەستەییەکان پەلاماردەر و جێ ماوە دەبێت، تەنانەت دوای ئەوەش کە ناسنامەت ئاشکرا دەکەیت بۆ ئەوەی چیرۆکەکەت بنووسیت. سێیەم، ئەگەر لە چالاکی تاوانکاری دەکۆڵیتەوە، لەوانەیە خۆ شاردنەوە ناچارت بکات تێوەی بگلێیت، ئەمەش وا دەکات بەرگری کردن لە کار و هەڵسوکەوتەکانت زەحمەت دەبێت، ئەگەر مەحاڵ نەبێت.

مەترسییەکی دیکەش ڕووبەڕووت دەبێتەوە، کاتێک لە بازرگانییەکی ناڕەوا دەکۆڵیتەوە و خۆت لە کەسایەتی فرۆشیار، یان کڕیار حەشار دەدەیت، واتە "بە کرێگیراوێکی دنەدەر" ئەگەر دەربڕینەکەی دروست بێت. بە بێ ڕەچاوکردنی ڕێگری لاری نەبوونی ئاکاری، ئەوە تۆ دەبیتە بەشێک لە چیرۆکەکە و دواتر دەیگۆڕیت، ئەمەش -سەبارەت بە من- واتای ئەوەیە تۆ هەموو ئەو سنوورەت بەزاندووە کە ناوی ڕۆژنامەنووسی دەناسرێت. باشترین نموونە لەسەر ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٩٤ ڕووی دا، لە کاتی پروپاگەندەکردن لەبارەی نمایش کردنی پلوتۆنیۆم (کە دەکرێت وەک چەکێک بەکار بهێنرێت) بۆ ئەوەی لە بازاڕی ڕەش لە ئەڵمانیا بفرۆشرێت. ژمارەیەک پەیامنێر پێیان وابوو لە کاتی لێکۆڵینەوە لەم بازرگانییەدا بەناوبانگ دەبن، هەندێکیان خۆیان وەک فرۆشیار نیشان دا و هەندێکی دیکەیان وەک کڕیارگەلێک کە پارەیەکی زۆریان لە ژێر دەستە. وەک ئەوەی ئەمە بەس نەبێت، هەندێکیش لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە خۆیان وەک "کڕیار" نیشان دا، هەوڵیان دا کەلوپەل لەو هاوکارانەیان بکڕن کە خۆیان وەک "فرۆشیار" لێ کردبوو! ئەندامانی هەردوو تیمەکە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان بۆ یەکتر ئاشکرا نەکرد، بۆیە ئەو چیرۆکانەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوە، باسیان لە "بازرگانی مردن" نەکرد وەک نیازیان وا بوو، بەڵکو دوو گرووپ لە ڕۆژنامەنووسان بە پەرۆشییەکی هەڵەشەییانە، کە یەکتریان خەڵەتاند و گاڵتەیان بە خۆیان کرد.

بەڵام نموونەی دیکە هەن لەسەر ئەو پەیامنێرە خۆ شاراوانەی کە لێکۆڵینەوەی سەرکەوتووی وایان ئەنجام داوە، لە بیر ناکرێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم، خانمە پەیامنێری "نیۆیۆرک تایمز"، نیللی بلای (ناوە ڕاستییەکەی ئیلیزابێت کوشرانە) وای دەرخست کە شێت بووە، بۆ ئەوەی بچێتە نەخۆشخانەی نەخۆشییەکانی مێشک لە دوورگەی بلاکویل، دواتر ئابڕووچوونێک ئاشکرا دەکات کە ڕای گشتی تووشی شۆک کرد، لە پاشان ئەوەی بۆی دەرکەوت، لە کتێبێکدا بە ناوونیشانی "١٠ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی شێتەکاندا" بڵاوی کردەوە، بەڵام ئەو خەڵاتەی کە بڵاوکەرەوەکە، جۆزیف پۆلیتزەر خستییە ڕوو، داوا لێکردنی بوو بەوەی ژمارەی پێوانەیی بۆ ئەنجامدانی گەشتێک بە دەوری جیهاندا بشکێنێت و بە ٨٠ ڕۆژ خەملێنرا، وەک

کەسایەتی خەیاڵی لە ڕۆمانی جۆل فیرن "بە دەوری جیهان لە ٨٠ ڕۆژدا" دەستنیشانی کردبوو. ئەو ئەمەی بە ٧٢ ڕۆژ و ٦ کاتژمێر و ١١ خولەک و ١٤ چرکە ئەنجام دا.

ئەو هەواڵسازەی کە لەم ئاستەدا پاداشتی پێ نەبرا، و. تی. ستید لە ڕۆژنامەی "پۆل مۆل گازیت" بوو. کە لەشفرۆشی منداڵانی لە لەندەن ئاشکرا کرد، لە ڕێگەی "کرین"ی کچێکی ١٣ ساڵە لە دایکی و لەژێر چاودێرییەکی توندا ماوەیەکی زۆری لەگەڵدا بەسەر برد، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە دەکرێت ملکەچی هەر مەبەستێکی نا ئاکاری بکات، بەڵام کەمپینەکەی بۆ ئەوەی یاسای پەیوەست بە لەشفرۆشی منداڵان بگۆڕێت، پاڵپشتی و پشتگیری زۆر لە کەسایەتییە دیارەکان، بە پیاوە ئایینییە مەسیحییەکانیشەوە وەدەست هێنا، بەڵام نەیتوانی ستید لە سزا بپارێزێت و دەسەڵات ماوەی سێ مانگ خستییە زیندانەوە، لەبەر کڕینی کچەکە وەک لە چیرۆکەکەیدا دانی پێدا نابوو. ئەم پیاوە ڕەفتار نامۆیە، بە ڕیشە سوور و هەڵسوکەوتە نا ئاساییەکانی (هەندێک جار مشکی ڕاو دەکرد و دەیبرژاند و دەیخوارد) لە ساڵی ١٩١٢ لەگەڵ "تایتانیک"دا خنکا.

لەو کاتەوە ڕۆژنامەنووسەکان خۆیان دەشارنەوە، بۆ ئەوەی مامەڵە -یان خراپی مامەڵە- لەگەڵ "قوربانییانی" کۆمەڵگە، وەک پەڕاگەندەکان، یان شێتەکان، یان ئالوودەبوانی ماددە هۆشبەرەکان ئاشکرا بکەن، ئەمە جۆرێک لە نواندن و لەوانەیە خۆگۆڕین (تنکر) بگرێتەوە، بەڵام لەم جۆرەدا "مامۆستاکە" کابرایەکی ئەڵمانییە بە ناوی "گۆنتەر فالڕاف" بوو، ئامانجی ئەوە بوو بچێتە نێو جیهانە قەدەغەکراوەکانی نووسەران. نووسراوی بەڵگەداری ساختەی بەکارهێنا، هەروەها ژیاننامەی هەڵبەستراو و جلوبەرگی داهێنراو، یان چاویلکەی نوێ (تەنانەت هاوێنەی لکاویش)ی بەکارهێنا و شێوە و ڕوخساری گۆڕی، چونکە ئەرکەکەی وەک خۆی دەیگوت ئەوە بوو "فێڵ لەوانی دیکە بکات، تاکو فێڵی لێ نەکەن".

ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی "ڕۆژنامەنووسێکی نەویستراو" بێت و ئەمەی بە بێ هۆکارێکی بەرچاو دانەدەنا، لە کاتێکدا مەسەلەکە پەیوەستە بە ئامانجەکانییەوە. ئەو ڕۆڵی هەواڵدەری بۆ دەزگاکانی هەواڵگری و بە کرێگیراوی ئاسایشی سیاسی بینی و خواناسی کاسۆلیکی و پرەنسیپە ئاکارییەکانی تاقیکردەوە، لە ڕێگەی لەبەرکردنی پۆشاکی زانایەک کە بۆمبی ناپاڵم دروست دەکات، هەروەها لە بەرگی پەڕاگەندەکاندا ژیا و لە شوێنی حەوانەوەیاندا مایەوە و لە نەخۆشخانەی نەخۆشە دەروونییەکاندا وای نیشان دا کە ئالوودەی ئەلکولە و خۆی کردە ڕاوێژکارێکی حکومی بۆ ئەوەی بزانێت چەکدارەکان لە پیشەسازی ئەڵمانیدا چۆن بۆ پاراستنی کارگەکان دەستەبەر دەبێت. کاتێکیش وای دەرخست کە "پارەپێدەرێکی ئەڵمانییە لە ڕاستڕەوی توندڕەو" کۆمەڵە پلانێکی ئاشکرا کرد بۆ ئەنجامدانی کوودەتا لە پورتوگال، هەروەها وای نیشان دا "پەیامنێری یەکێک لە ڕۆژنامە وروژاوەکانە"، بە هۆیەوە پەردەی لەسەر ئەو شێوازانە هەڵماڵی کە گۆڤاری "بێلد"ی بەناوبانگ دەیگرتەبەر.

ئەو لەسەر تێبینی و تۆمارکردنەکان زۆر ورد و سوور بوو، ڕاهاتبوو هەموو شتێک تۆمار بکات و گشت ئەو بەڵگەنامانە کۆپی بکات کە پێی خۆشە سوودیان لێ ببینێت. وەک دەڵێت: "بڕیارم دا شێوازی پیلانگێڕی بگرمەبەر، بۆ ئەوەی دیواری چەواشە و ڕەتکردنەوە و درۆکردن ببەزێنم. ئەو ڕێبازەی پشتم پێ بەستەوە پێچەوانەی یاسا نەبوو، تەنیا کەمێکیان نەبێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەو فرتوفێڵ و ساختە و مانۆڕە نایاساییانەی کە ئاشکرام کردن".

زۆربەی ئەو کارانەی ئەنجامی دان لە گۆڤار، یان نامیلکە، یان کتێبدا بڵاوکردەوە (نەک لە ڕۆژنامەکان). لێکۆڵینەوەکانی کاتێکی زۆریان خایاند، زیاتر لەو کاتە ڕێپێدراوەی کە لەوانەیە زۆر لە ڕۆژنامەکان بە پەیامنێرەکانی خۆیانی بدەن، بەڵام ئەنجامەکان کاریگەر بوون و ڕێگە و شێوازەکانی بەپێی پێویست نەبوونە جێی بایەخ و سەرنج و لێکۆڵینەوە.

**سەرچاوە:**

**ديفيد راندال، الصحفي العالمي، ت: عبدالمعين امام، ط١، دار العبيكان للنشر والتوزيع، السعودية، ٢٠٠٧.**

# هەندێک لایەنی شارستانیەتی میسری کۆن

کەلسوومە جەمیل
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**مۆمیاکردن**

مۆمیا (تحنيط)کردن، یان Embalming: بریتییە لەو کردارە ئاڵۆزەی کە بۆ پاراستنی لاشەی مردوو لە ڕێگای بەکارهێنانی مادەی کیمیاییەوە ئەنجام دەدەرێ. میسرییەکان بۆ پاراستنی لاشەی مردووەکان ئەم کردارەیان جێبەجێ کردووە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بیروباوەڕی ئایینەوە هەبووە، لاشەی تەحنیت کراو پێی دەڵێن(مۆمیا)، ئەمەش لە وشەی فارسی"mummy مۆم" یان "قیر". یان لە وشەی لاتینی (بلسامۆم)ەوە هاتووە کە واتای بۆندارکردن دەگەیەنێ، یان لە وشەی (embalming) هاتووە کە مانای نقوم کردنی جەستەی مردوو لەناو بەلسەم دێ. بەلسەم ماددەیەک بوو لەسەردەمی گریکەکان بۆ تەحنیتکردن بە کاردەهات. بە عەرەبی (حنط الميت) بەمانای پاراستنی لاشەی مردوو بە مادەی بۆندار دێ بۆ ئەوەی تێکنەچێ و بۆگەن نەبێت، دیارە ئەم بیروڕایە پێوەندی بە بڕوای تەواوی دووبارە ژیانەوەی دوای مردنەوە هەبووە، میسرییە کۆنەکان ئەوەندە خەریکی ئامادەکاری و خۆسازدان بۆ ژیانی جیهانی دوایی بوون، ئەوەندە خەریکی ژیانی دنیا نەبوونە. بۆ ئەوەی گیانی مردوو بە ئاشتی و بەختەوەری بگەڕێتەوە بۆ ناو لاشەکەی و دەبێت پارێزراو بێت و تێکنەچێت، تا ڕوح بتوانێت جەستەکە بناسێتەوە، پێویستە جەستەکە وەکو خۆی بێت، چونکە لەو بڕوایەدا بوون مرۆڤ لە دوو بەشی بنەڕەتی پێکهاتووە ئەلکا (جەستە) و ئەلبا (گیان، یان ڕوح) جا لەناوچوونی جەستە، واتا نەمان و لەناوچوونی ڕوحە، بۆیە پێویستە ئەلکا پارێزراو بێت و لە شوێنێکی وشک دابنرێت، ئەوەش لە ڕێگای مۆمیاکردن و دوعا و پاڕانەوەی تایبەت ئەنجام دەدرا، هەروەها چەند پەیکەرێکی شێوەی کەسە مردووەکە دەکێشرا بۆ ئەوەی ڕوح کاتێ لە ئاسمان

دەگەڕێتەوە جەستەکە بناسێتەوە.

### چۆنیەتی مۆمیاکردن

مـۆمـیـا لە ڕاسـتـیـدا وشک کـردنەوەی لاشـەیە بە نەهێشتنی ئاوی ناو جەستە تا بۆگەن نەبێت و بەکتریا تێـیـدا گـەشـە نەکـات و تێکنەچێت، پرۆسـەی وشک کـردنەوە، مـردووەکە سـەرەتا لەبەر ڕۆژ دادەنرا تا وشک دەبۆو، بەڵام دواتر بەهۆی (نەیـتـرۆن) جـۆرە خـوێـیـەکی بیـابـانە بۆ وشک کـردنەوە بەکـاردەهات و لاشـەکـە لەناو ئەو جۆرە خـوێیـەدا نقـوم دەکـرا. هەنگـاوی یەکـەم دانانی مردوو لەسەر تاتە، یان تەختەی مۆمیاکردن لەشوێنێکی تایبـەت پێـیـان دەگـوت (پرۆعـبت) واتا (مـاڵی پاککردنەوە)، یان (پرۆنەڤـر) مـاڵی جـوان، جلەکـانی لەبەردەکرایەوە، نەشتـەرگـەری بۆ دەرهێنانی مـێشک و هەناو دەسـتـی پێ دەکـرد و بەزەیتی ڕووەکی بۆندار دەشێلدرا، دوایی بەئاوی ڕووباری نیل دەشۆرا، مێشک لە ڕێگای شـەق کـردنی لووت بە ئامـرازێکی درێژی باریک لە شێوەی کەوچک لە برۆنز، یان لە مس دروست کـرابوو، دەردەهێنرا، لەترسی بۆگـەن بوونی، لە ڕێگای لەتکردنی لایەکی سک بەبرەرێک پێـیـان دەوت (بەردی حـەبەشی) هەنـاویش دەردەهێنرا، هەمـوو ناو هەنـاو دەردەهێنرا، بە قـوماشی کەتان و چەند مـادەیەکی بۆندار بەشێوەیەکی کاتی پڕ دەکرایەوە، بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەناو (نەیترۆن) دەهێڵرایەوە، تا وشک ببێتەوە، بەڵام سەری مـردووەکـە لە دەرەوەی ئەو گـەرمـاوە خـوێیـە دەبوو، لە شـوێنی چاوە وشک بووەکـە چاویان لە شـووشـە، یان فەخار، یان لە بەردی گرانبەها بۆ دروست دەکرد و لەجێی دادەنرا، دوایی دەردەهێنرا، تەنیـا ئێـسک و پێـست دەمایەوە، دووبارە ناوەوەی بەجوانی بە خۆشاوی خورما پاک دەکرایەوە، بۆ مـاوەی مـانگێک خەریکی ئەم کـارە دەبوون، جەستەکە بە ڕاتنج، یان کەتیرە (پێکهاتەیەکی هایدرۆکابۆنییە لە ڕووەک دەردەچێت، بەتایبەتی ڕووەکە سنۆبەرییەکـان) وشک دەکرایەوە، هەمـوو لاشـەکـەی پێ چەور دەکرا و کۆمەڵێک گیراوە لە دارچین و خەنە و پیاز و شەرابی خـورما و بەهارات و قەتران، یان قـیر مۆمـیـا دەکـرا، دواتر بە قـومـاشی کـەتان هەمـوو بەشـەکـانی دەپێـچـرایەوە و نزیکەی سـەدان مـەتری دەویست، کـونەکـانی لووت و چاو و گـوێ و دەم و شـوێنی شـەق کردنەکە بە شەمێی هەنگوین و کەتیرە پڕ دەکرانەوە. ئەم کردارە ٣٠ ڕۆژی دەخایاند. هەناو جگە لە گورچیلەکان و دڵ دەمـایەوە، بەوەی شـوێنی کـەینوونە بوونە، ئەوانی دیکە: جـەرگ و گـەدە و سـیـیـەکـان و بەشـەکـانی دیکەش تەواو پاک دەکرانەوە و دەخرانە ناو چوار ئامانی جیاواز، کـە پێـیـان دەوترا دەفـری کـانووبی (بۆ شـوێنی کـانووب دەگەڕێتـەوە ئێـستـا شاری ئەبی قیری پێی دەڵێن) تژی بوو لە خوێی نەیترۆن، ئەو هەمووە هەر یەکەی بە جیا لە دەفـرێکی کـانووبی دادەنرا، هەر یەکـەیان شـێـوەیەکی جیـاوازی هەبوو، کە شێوەی (خوداوەند ئۆزیر)ی دەنواند، سەری دەفـرەکان شـێوەیەکی تایبەتی هەبوو وەک جەرگ وێنەی سەری دەفرەکەی سیمای مرۆڤی دەنواند، سییەکان شێوەی مەیموون و گـەدە شێوەی سـەری باز و بەشـەکـانی دیکەی گـەدە شـێـوەی سـەری سـەگ بـووە. دوای تەواو بوونی کـرداری مـۆمـیـاکردنەکـە هەر چوار دەفـرەکە لەگـەڵ جەسـتـە مـۆمـیـاکـراوەکـە لە کـاتی ناشـتندا لەکن یەک دادەنران، ئـینجـا ڕازاندنەوە دەسـتـی پێ دەکـرد، هۆکـارەکـانی ڕازاندنەوە لە ملوانکە و بازن و گـوارە و هی دیکە پێکهـاتبـوون، ئینجـا دارەتەرم ئامـادەدەکـرا، کـە بەشـێکی گـرنگی کردارەکە بوو. دارەتەرمەکـە لەشـێوەی مـرۆڤ دەکـێـشـرا. کـاهین دوعـا و پاڕانەوەی بەسـەردا دەخوێندەوە، کە بریتی بوون لە هەندێک سرووتی سیحر و جادوویی، پاشان کاهینی گەورە بەئامرازێک لەشێوەی سنارە دەمی لاشە مۆمیاکراوەکەی دەکردەوە و پێی دەوت (تۆ ئێـسـتـا بەچاوەکـانت دەبینی، گـوێـیـەکـانت دەبیستن،دەمت بکەوە تا قسە بکەی و بخۆی، دەست و پێکانت بجووڵێنە، تۆ ئێـستـا زیندوویت، جـارێکی تر بچـووک بوویتـەوە و هەتاهەتایە دەژیت)، دواتر دەخـرایە ناو دارەتەرمەوە، دانان لەناو دارەتەرمە بەشێکی گرنگی مـۆمـیـاکـردن بوو بۆ پاراسـتنی جـەسـتـە، لەسـەرەتای بنەمـاڵەکـاندا بەحـەسـیـر، یان بە پێـسـتـی ئاژەڵ دەپێـچـرایەوە، بەڵام لەسـەردەمی بنەمـاڵەی یەکـەمـدا دارەتەرم بەکارهاتووە کە لە دار دروست دەکرا و شێوەکەی بچـووک بوو، لەسـەردەمی بنەمـاڵەی دووەم فـراوانتـر بووەوە، مـردووەکـە بەپاڵ کـەوتوویی جـێی دەبـووەوە، لە ڕووی دەرەوە وێنەی خـانـوو، ڕووی پێـشـەوەی پەنجـەرە و پەردە دەکێشـرا، ئەمەش بەمەبەستی ئامادەکردنی خانوو بۆ ژیانی دوای مردن بووە، لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەم لە بەرد دروست دەکـــرا، دواتر نووسین لەسـەر دیوی دارەتەرمـەکـان دەنووسـرا وەک دوعـا و پاڕانەوە ناسـرابوو بە(کـتـێـبی مـردووان)، ئەو دوعـایانە بە مـەبەسـتی پاراستنی مردووەکە بووە تا بە ئاشتی و هێمنی دەگاتە

دوا مەنزڵ کە ئەویش ژیانی بەختەوەری هەتاهەتایی لە لای خوداوەند (ئۆزێرس) کە خوداوەندی جیهانی مردوو بووە، ئینجا پێداوێستی ژیان لە کەلوپەلی ڕۆژانەی لەگەڵ دادەنرا و لە شوێنی تایبەت دەشاردرایەوە، بەتایبەتی بۆ پاشاکان لەناو هەرەمەکان ژووری تایبەتییان بۆ دروست دەکرا.

### مێژووی مۆمیاکردن

لە سەردەمی پێش بنەماڵەکان بۆ پاراستنی جەستەی مردووەکان، لاشەکە لە چاڵێکی زەوی خۆڵینی بیابان دادەنرا تا وشک دەبوو، پاشان بە قوماشی کەتان، یان پێستی ئاژەڵ، یان گەڵای دارخورما دەپێچرایەوە. بەهۆی بەرزیی پلەی گەرما لە بیابان لاشەی مردووەکە وشک دەبووەوە. لەسەردەمی بنەماڵەی یەکەم بە چەند چینێک لە قوماشی کەتان دادەپۆشرا، لەسەردەمی بنەماڵەی دووەم هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێش چوون بەوەی مردووەکانیان لەناو دارەتەرمی تایبەتی دادەنا، دوای پێچانەوەیەکی زۆر بە کەتان لەناو هەر چینێکی پێچراوە بەشێکی زۆر خوێی نەیترۆنی لەگەڵ دادەنرا بەمەبەستی وشک بوونەوەی. لەسەردەمی دەوڵەتی کۆن، بەتایبەتی بنەماڵەی سێیەم زۆر پێشکەوتن و توانییان بگەنە مۆمیاکردنی تەواو. پێچانەوەی لاشەکە بەکەتانی لە ڕاتنج هەڵێنراو بەتوندی لە بەشەکانی جەستەکە دەپێچرایەوە دوای دەرهێنانی هەناو، باشترین نموونەش جەستەی زۆسەر پاشایە لەنێو هەرەمەکەی دۆزراوەتەوە. لە سەردەمی ناوەندا، پاش دەرهێنانی هەناو بە وردەدار تێکەڵ بە کەتان و ڕاتنج لە شێوەی تۆپەڵە لەناو هەناو دادەنرا، بەشی دەرەوە بە ڕاتنجی سوور دادەپۆشرا، بەڵام بەشی ناوەوە ڕەنگی ڕەش بووە، لەم ماوەیەدا ناو کەللە سەر دەرنەدەهێنرا، دەم و لووت و چاوەکان بە کەتان و ڕاتنج پڕ دەکرانەوە، لە سەردەمی نوێ و ئیمپەراتۆریەتدا دەرهێنانی مێشک لەناو سەر، بوو بە بنەما بنەڕەتییەکانی مۆمیا کردن .

### جۆرەکانی مۆمیا

مۆمیاکردن سێ جۆری هەبووە:

١- ڕێگای یەکەم کە زۆر بە وردی و شارەزایی ئەنجام دەدرا، بەڵام پارەیەکی زۆری تێدەچوو، ئەم جۆرە مۆمیاکردنە بۆ پاشا و بنەماڵەی دەسەڵاتدار و خانەدانان و دەوڵەمەندەکان بووە، شێوازی ڕاستەقینەی تەواوی مۆمیاکردن پەیڕەو دەکرا، لەدەرهێنانی مێشک و هەناو و بۆندار کردنی، ئەم پرۆسەیە حەفتا ڕۆژی دەخایاند.

٢- ڕێگای دووەم پارەی کەمتری تێدەچوو، هەموو بۆشاییەکانی لاشەی مردوو بە ڕۆنی برنج پڕ دەکرایەوە، دواتر بەشی خوارەوەیان بۆ ماوەی حەفتا ڕۆژ لە ناو گەرماوێکی پڕ لە نەیترۆن (خوێ) دادەپۆشی، ئنجا کونەکانیان دەکردەوە و زەیتەکە و هەناو و بەشەکانی ناوەوە دەهاتنە دەرەوە و بەهۆی خوێیەکەوە دەتوانەوە، لاشەی مردووەکە بەبێ پێچانەوەی بە کەسوکارەکەی دەدرایەوە.

٣- پارەی ئەم جۆرە لە هەردوو بەشەکەی دیکە کەمتر بووە، بەڵام بە شێوازێکی زۆر سادە کردارەکە ئەنجام دەدرا بەوەی تەنیا لاشەی مردووەکە بۆ ماوەی حەفتا ڕۆژ لەناو نەیترۆن دەهێڵرایەوە، دواتر بە کەسوکاری دەبەخشرایەوە.

جگە لە مرۆڤ ئاژەڵیش مۆمیا دەکرا، بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی پیرۆز بوونە و پەرستراون، لەبەر ئەوەی تێڕوانینیان وا بووە کە خوداوەند لە بەرزاییەکانی ئاسمانەوە دادەبەزێت بە شێوەی دۆنای دۆن لە جەستەی ئاژەڵی وەک (مەیموون و مانگا و گوێلک و پشیلە و مار و مشک هی دیکە....) خۆی دەنواند، هەر لە سەر ئەو شەنگست و بنەمایەوە ئەو ئاژەڵانە مۆمیا دەکران و لە پەرستگەدا دادەنران.

هەرچەندە کرداری مۆمیاکردن لەلایەن میللەتانی دیکەیشەوە ئەنجام دراوە، بەڵام میسرییەکان لە هەر میللەتێکی دیکە باشتر و زانستییانەتر کردوویانە.

**سەرچاوەکان:**

**- طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة. حضارة وادي النيل، بغداد، ١٩٥٦ .**

**- محمد بيومي مهران، دراسات في تاريخ الشرق الأدنى القديم، الحضارة المصرية. الأسكندرية ١٩٨٤**

**- فاضل عبدالواحد وعامر سليمان، عادات وتقاليد الشعوب القديمة، الموصل، ١٩٧٩ .**

**- عامر سليمان و أحمد مالك الفتيان، محاضرات في التاريخ القديم، الموصل، ١٩٨٧ .**


**- إبراهيم نمير سيف الدين و زكي علي وأحمد نجيب هاشم، مصر في العصور القديمة، القاهرة، ١٩٩٨ .**

**- چەند سایتێکی ئەلکترۆنی.**

# هونەرمەندی گەورەی هۆرامان حاجی حسێن حەمەڕەحیم سۆفی نارنجڵەیی

دارا محەمەد عوسمان هۆرامانی
(گوندی نارنجڵە - هۆرامان)

هونەرمەند لالۆ (حسێن حەمە ڕەحیم سۆفی)، خەڵکی گوندی (نارنجڵە)ی سەر بە دەڤەری هۆرامانە، هەر لەو گوندە لە ساڵی (١٩٢٦ز)دا لە دایک بووە، ئەم هونەرمەندە بە (سۆفی حسێن) ناسراوە، لە ساڵەکانی (١٩٤٠) گۆرانی جۆراوجۆری هۆرامانی چڕیوە و لەگەڵ هونەرمەندی گەوری هۆرامان هونەرمەند (ئەحمەدی نازاریێ) هاوتەمەن بووە، ئەم دوو هونەرمەندە لە دەڤەری بیارە و دەشتی شارەزوور و لە دامێنی چیای شرام و تەپی نیعمەت و هەوارە بەرزەی سەرکەش و هاوینەهەوارەکانی کراویە دۆڵ، ئاوێسەر، زەڵم، شنرویێ و زکێڵ، کانی خەیاران، تەوەنێ، کەمەر سپێ وەک کەڵی دوندی شاهۆ ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانەی گاتەکانیان چڕیوە. نەبوونی تۆمارکردنی دەنگ، یان نەبوونی وێنە بە ڤیدیۆ، زۆربەی زۆری دەنگیان، یان دەنگی لالۆ (حسێن سۆفی) تۆمار نەکراوە، بەڵام دەبێت هەندێک ڕاستی هەیە بۆ خەڵکی هونەردۆست دەری بخەین، کە ئەویش ئەوەیە، دیوەخانی ساتەکانی هۆرامان، لە نەوسوود و هانەگەرمڵە و بەڵخە و بیارە و تەوێڵە، دەنگی ئەم هونەرمەندە لەسەر قەوان، یان لەسەر بەکرەی تۆماری گرۆندیک تۆمارکراوە، بۆیە لە هۆرامان دەنگی دەست دەکەوێت، هەروەها ماڵی بەگزادە جافەکانی شاری هەڵەبجە چەندین جار میوانداری ئەو کەڵە هونەرمەندەیان کردووە، بە تایبەتی لە دیوەخانە گەورەکەی (زۆراب بەگ) لە گوندی (هانە گەرمڵە) لە زەماوەندێکی زۆر شایستەدا، بە بۆنەی هاتنی ئەم هونەرمەندە بۆ گوندی ناوبراو و مانەوەی لەماڵی (زۆراب بەگ)، چەندین جار خەڵات کراوە. ئەمە لەو ساتەدا گەورەیی ئەم هونەرمەندەی سەلماندووە، هەروەها ئەوە دیاری دەکات،



**حاجی حوسێن حەمەڕەحیم سۆفی**

که لە هۆراماندا هونەر باوی بووە، بۆیە ڕێزی هونەرمەندان و خەڵات کردنیان لەلایەن سانەکانی هۆرامانەوە، پلەوپایەی هونەرمەندی شکۆمەند کردووە. دیارە ئەم دیاردەی ڕێزلێنانە، لە هۆراماندا دەنگی داوەتەوە، بۆیە بە فەرمی لالۆ (حسێن)ی هونەرمەند، لەلایەن (ئەحمەد بەگی جاف)ەوە میوانداری دەکرێت، ئاهەنگێکی زۆر نایابی بۆ ساز دەکەن، پاشان (ئەحمەد بەگ) تاجی زێڕین بەم هونەرمەندە دەبەخشێت. هەر لە دیوەخانی ئەم پیاوە گەورەیەدا، چەندین ئاوازی خۆش خۆش تۆمار دەکات، ئێستا لە ئەرشیڤی ئەو خانەوادەیەدا پارێزراون. پێشینان فەرموویانە: (قەدری زێڕ لەلای زێڕینگەرە) ئەو گەورە پیاوانە، کە لە دەڤەری هۆرامان و هەڵەبجەی ئازیزدا هەبوون، زۆر میوان پەرێز بوون، کە ئەم نەریتە لە هۆراماندا گەشەی کردووە، میراتگری کۆنینەی سروودی گاتاکان و هەبوونی ئەو سروشتە جوان و لەبارەی هۆرامان، کە بۆ هونەرمەندان ڕەخساوە، هەر ئەو سروشتە بووەتە هەوێنی هونەرێکی خاوێن، هەر ئەوەش وای کردووە هۆرامان چەندین کەڵە هونەرمەندی نەمری تێدا هەڵبکەوێت، هەر لە هونەرمەندی گەورەی دەوڵەتی ماد (باوشاد) کە بە فەرمی وتەبێژی ئەو دەوڵەتە بووە. لەو سەردەمەدا لە بارەی هونەری ڕەسەنەوە، ئەنجوومەنێک هەبووە، کە ئەو سەرپەرشتی هونەریی کردووە، بۆیە هونەر هەر بە نەمری لە دەڤەری هۆراماندا ماوەتەوە، چونکە سروودگەلی پەنجەکانی گاتاکان بەشێوەیەکی برگەیی فەراهەم هاتوون و ئاواز و گۆرانی هۆرامانیش لەسەر ئەو مۆرکە دەوترێت. (لالۆ حسێن) نارنجڵەیش، لەسەر ئەو شێوازە، بەجۆش و خرۆشێکی خۆماڵی ڕەسەن گۆرانییەکانی چڕیوە، کە مەردم شەیدای ئەو دەنگە بەسۆزەی (لالۆ حسێنی) هونەرمەندە دەبێ. هەڵبەتە زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندە ڕەسەنەکانی هۆرامان، شیعری شاعیرەکانی دەڤەری هۆرامان لە ئاوازەکانیاندا بەشێوەی وێنەیی بەرچاو دەکەون.. صەیدی هۆرامی دەفەرموێت:

**(ئەز ئۆرۆمۆن مەکانم بێ وڵاتم**
**سەر و پیری خوای گیرتەن خەڵاتم...)**

واتەی هۆرامی، ئۆرۆمۆنی وڵاتی زێد زادەی صەیدی هۆرامی، دەنگی شمشاڵی لالۆ عوسمانی تەوێڵەیی، مەلەسەرشینی (حاجی حسێن) نارنجڵەیی، ئەوەندەی تر، ڕەسەنایەتی هونەری هۆرامانی بەرز و بڵند دەبێتە ساباتی. گوندی نارنجڵەی هۆرامان، لە ساڵەکانی (١٩٧٥) دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و وێرانکردنی گوندەکانی هۆرامان، گوندی نارنجڵەش بەر ئەو وێرانکارییە دەکەوێت، بۆیە لالۆ حسێن لەسەر داوای منداڵەکانی وازی لە گۆرانی وتن هێناوە، ئێستا لە شارە بێ نازەکەی هەڵەبجەی شەهید دەژێت، هەردەم لە گەڕەکی شەهیدانی هەڵەبجەوە، تەماشای شاخی شنروێ و بەفری میری، شرام و داڵانی دەکات، ئاخ بۆ ئەو ساتەوەختانە دەخوازێت کە لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی هۆرامان (عوسمان کێمنەیی) گۆرانی مەلەسەرشین و وەسەت مەرۆیان لە ملەی چناری دەچڕی، بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک لەو گوندەی نارنجڵە، سەرچاوەی فۆلکلۆری هۆرامانی، بە دەنگە ڕەسەنەکەی بۆ نەوەکانی دوای خۆی کردە فەرهەنگێک و ئێستا هونەرمەندە لاوەکانی هۆرامان، ئەو گۆرانییانەی ئەو کەڵە هونەرمەندە دەڵێنەوە. فۆلکلۆر سامانی نەتەوەیی هەموو گەلان دەپارێزێ، فۆلکلۆری هۆرامان ئەوەندە دەوڵەمەندە، هەر ئەو دەوڵەمەندییەش وای کردووە، هونەری هۆرامان بە ڕەسەنایەتی خۆی بمێنێتەوە. ئەو ئاوازانەی کە ئەو هونەرمەندە، بە قوڕگە بەسۆزەکەی چڕیویەتی، زۆربەیان ئاوازی تایبەتی خۆیەتی و خۆی دایناون و بەشێوەیەکی

زۆر دڵگیـر و هێـمن ئەو ئاوازانە، نەخشـەی دیمۆگـرافی هۆرامـان دەکێـشن، بەشـیعـری ڕەسـەنی خۆمـاڵی واتە، کێشی برگەیی، کە نەتەوەی ئێمە پێش (٢٧٠٠) ساڵ پەیڕەوی کـــردووە، هەر ئەوەش وای کـــردووە، هۆرامـــان ببێتە سەرچاوەی هونەری ڕەسەن و هونەرمەندی گەورە بەرهەم بهێنێت. ناوی هەندێک لەو ئاوازانە کە تایبەتن بەم کەڵە هونەرمەندەوە، ئەم ئاوازانەن:

**یەکەم:** ئاوازی وەسـەت مـەڕۆ، ئەم ئاوازە بە دوو واتا دێت ئاوازێکیـان ئەوەیە، کـە ئافـرەتی بەژن مـام ناوەند دەگـرێتـەوە. واتای دووەمی بە مـانای بڕنەوەی وەسـەت دێت، کـە لە زەمـانی شـۆڕشی (جـافـر سـوڵتـان) پێشـمـەرگەکـانی (جافر سـوڵتـان) ئەو چەکـەیان دژی داگیرکەرانی هۆرامان بەکارهێناوە، ئەم ئاوازە بە شیعری فۆلکلۆری هۆرامان گوتوویەتی، هەر کە گوێت لەم ئاوازە دەبێت، یەکســەر هونەرمـەندی گـەورە (لالۆ حـســێن نارنجلەیت) بیر دەکەوێتەوە:

**(تفەنگێو تەقا هاڵێو و ڕاوە وەسەت گیان**
**سەیاد دەست وەش کەش نەسڵەماوە وەستەگیان**
**وەسەت مەڕۆ وەسەت گیان تۆ هەویندارى**
**ئەرێ بارگەکەت بارکورد وەسەت گیان تۆ هەویندارى)**

**دووەم:** ئاوازی سیاچەمـانەیەکی زۆر بەنرخی گـاتاکـانی زیندووکـردووەتەوە، بەڵام ئەم سـیـاچەمـانەیە بەرگـێکی دیکـەی بە بـەردا کـــــــــردووە، واتـە نـوێکـاری لـەم سیاچەمانەیەدا بەناوی (ئایشێ داد) کردووە.

**سێیەم:** ئاوازی (مەلە سـەر شین)، ئەم ئاوازە زۆربەی زۆری هونەرمــەندەکــانی هۆرامــان ناتوانن، ئەم ئاوازە بچـڕنەوە، چونکە ئاوازێکی خـاوە، تایبــەتە بەو دەنگە ڕەســەنانەی کــە لە هۆرامــاندا ناوبانگیــان هەیە. لە ئەرشـیـڤی خـۆمـدا ئەو ئاوازەم پاراســتـووە، بە دەنگی هەردوو هونەرمەندی گەورە (لالۆ عوسمـان کێمنەیی) و (لالۆ حـاجی حـســێن نارنجـڵــەیی)، کــە گــەرووی هەردووکــیــان وەک؛ شـــالووری بەهاری و وەک؛ کــەوی لانســـــاری داڵانی ئەو ئاوازەیان چڕیوە، دیارە ئاوازی (مەلە سەرشین) هەموو جۆرە شیعرێکی بۆ نالوێت؛ بگرە وەک داســـتـــــانێک باسی بەســـەرهاتی ئەو دایکە جگەرسووتاوە دەکات کە چۆن کوڕەکەی، یان منداڵەکەی دەلاوێنێـتـەوە. من وەک شـاهیـدحـاڵێکی باسـەکـە لە هونەرمەندی زیرەک لە حەسەن زیرەکتر، لە لالۆ عـوسمـان کـێـمنەیی-م بیســتـووە، کـە مـامـۆسـتـای بووە، واتە هونەرمـەند حـاجی حـسـێن ئەو ئاوازەشی فـێـری لالۆ عـوســمــان کــردووە. هۆرامــانی ئاهورایی پێــشــڕەوی فەرهەنگی کوردی لەتەرازووی مێژوودا، هەر لە مێژەوە، تا ئەمـڕۆ پارێزگـاری دابونەریتی ئەم نەتەوەیە دەکـات، چونکە شـیـعـری بڕگـە، یان پەنجـە، یان خۆمـاڵی زۆر بە ســـانایی و بە خـــولیــــایەکی دەروون خـــاوێن، بە بێ هەناسـەبڕکێ، بە بێ مـاندووبوون ئەو شـیـعـرانە دەبنە لیریکا، واتە شیـعری گۆرانی، نەک هەمـوو شیـعرێک. ئەمــڕۆ لە هەمــوو شــوێنێـک، هەر کــەســەو بیــەوێت گـۆرانیـیـەک بڵـێت، دەیڵـێت، من مـەبەستم ئەو جۆرە شیـعرانەیە کە میـللەت لێـیان تێناگات، کەچی لەگـەڵ ئەوەشدا هەندێک هونەرمـەند هەن، بۆ ئەوەی پێی بڵـێن گۆرانیبێژ، ئەو شیعرە تەمومژاوییانە دەکەنە گۆرانی، کە ئەمەش زیانی هەیە.

**١- (ئاخۆم ساڵێوتەر دەوران و کێ بۆ؟**
**کێ نیشۆ بەشاد؟ کێ ڕەنجەڕۆ بۆ؟**
**ئامەلە مەلە، مەلە سەرشین گیان**
**تا پاوت پەنە، مەلە سەرشین گیان**
**باس و زامداریم، مەلە سەرشین گیان**
**پەیت باس کەروونە مەلە سەرشین گیان**
**٢- وەهاری عالەم پاییزیانە مەلە سەرشین گیان**
**جە باخی شادیم گەڵاڕێزانە مەلە سەرشین گیان**
**زارۆڵێوم بێ ئازا و نازدار مەلە سەرشین گیان**
**شەماڵی هۆروا بێ ئاگا نادیار مەلە سەرشین گیان**
**٣- وەهار پەی کەسێ وێچش وەهاربۆ**
**نەک ئاویچ وەک من دایم خەمبار بۆ**
**ئامەلە، مەلە، مەلە سەرشین گیان**
**تایاوت پەنە مەلە سەرشین گیان**
**داستان و یادگاریم پەیت باس کەروونە سەرشین گیان)**

ئەم ئاوازە هەروەکو ئاماژەم پێدا هەمـوو گۆرانیبێژێک ناتوانێت ئەم ئاوازە بڵــێت، چونکە فــۆرمــەلەی تێک دەدات، چونکە فـۆرمەلە بەزمانی دایک دەوترێت کە لەو شـوێنە لێی لە دایک بووە. مـەبەسـتـم ئەوەیە شـێـوەی هۆرامـانی نەشـێـوێنرێت، چونکە شـێـواندنی شـیـعـر، شـێـواندنی ئاوازە، بۆیە هونەرمـەند کـاتێک چەمکێک هەڵدەبژێرێت، مەبەستی تەنیا وتنی گۆرانییەکە نەبێت، بەڵکو دەبێت چ دەنگ، چ شیعر، چ فۆرمەلە، چ موزیک

هەر چواریان لەیەک ئاستـــدابن، بۆ ئەوەی تەرازووی ئاوازەکـــە لاســـەنگ نەبێت و چونکە یەکـــێک لەو کۆڵەکانەی ئاوازەکە تەواو نەبێت، ئەوکاتە گۆرانییەکە لاسەنگ دەبێت. هەم مێژوو، هەم دیاردەی شارستانی پێش ناکـــەوێت. هونەر ســـەرمـــایەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەکە، لە گۆی ئەم زەمینەدا. ئەم هونەرمەندە ئازیزە مـاوەیەکـە دووره لە هونەر، ئێـستـا لە تەمـەندایە و خانەوادەکەی خزمەتی بێ پایانی دەکەن، بەڵام مەخابن گـــۆرانی ناڵێت. من بە خـــانەوادەکـــەیانم وت دەبا گۆرانییەکی عیرفانی بڵێت، وتیان ئەگەر توانای هەبوو، با ئەو جۆرە گـۆرانییـانە بڵـێت. زۆر بەداخـەوە، کـە ئەم هونەرمەندە پیر بووە، وەک جاران توانای کاری هونەری نەماوە.

**چوارەم:** ئاوازی بەناوی (فـاتمە نەجـاری) ئەم ئاوازەی هونەرمـەند بەزمی بەســتـەیە، واتە بە ڕیتـمی خـێـرا دەوترێت، ئەم هونەرمـەندە ئەو گـۆرانییـەی بەشـیـعـری شـاعـیـری گـەورە (مـەولەوی) چڕیوە، جـارێکی تر بە شیـعـری فۆلکلۆری ئەو گۆرانییـەی بەم شێـوەیە (ئەدا) کردووەتەوە:

**١- (قەزات لە ماڵم فاتیمە نەجاری**
**قڕ دە مەیەکا بدیە ڕەواری**
**٢- قەزات لە ماڵم خونچە کەو گوڵی**
**سیران بییێنە ئاساو بڵێ**
**٣- قەزات لە ماڵم زەردە وەڵەکێ**
**چەمم چەنەت بێ لوای ئا گەرەکێ**
**٤- قەزات لە ماڵم نەونەمامی نۆ**
**مەردەنیم وەشا تاکە دووری تۆ**
**٥- قەزات لە ماڵم چی دیارت نیا ؟**
**وەر و بەدکارا ئامۆشۆت نیا .**
**٦- قەزات لە ماڵم، مەغمەڵ فەرەنگی**
**چەمان گل مەدەی چوون بازی جەنگی)**

ئەم ئاوازەی لالۆ حسێن بەشێـوەی داستـانی وەسفی فـاتیـمە نەجاری دەکات، دیارە نەجار گوندێکی خۆش و دڵگیری هۆرامانە.

ئەم هونەرمـەندە، لە گوندی نەجار ئەو ئاوازەی داناوە، هەرچەندە ئامـاژەم بەوەدا کـە سـروشـتی هۆرامـان هەر دیمەنێکی تەماشاکەی، وێنەیەکی فۆتۆگرافی بۆ ئاواز و گۆرانی هۆرامانی ساز دەکات، ئەو ئاوازە من بە شیعری مەولەوی ئاوازەکەم چڕیوەتەوە بەم شێوە:

**١- (ئیمشەو تەنیا بێ جەستەی زەبوونم**
**دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم**
**٢- خەیاڵان خام هاوردم بەردم**
**هاوار جە دەمەی هەناسەی سەردم**
**٣- زوخاو گێچ مەدا دیگ دەروونا**
**هووناو هورشاناش جەستەی زەبوونا**
**٤- ڕەنگا، ڕەنگ، ڕەنگ، ڕەنگ گوڵ گوون هوونم**
**قرچەی بریشتەی کوورەی دەروونم**
**٥- چون دانەی سەرساج هورئامام جار جار**
**جەتاو دووکەڵ جەشەرارەی نا**
**٦- سۆزیام هەی سۆزیام وێنەی شوعلەی نوور**
**بیم سورمەی سوبحان هاوەردەی کۆی توور)** «١»

بەم شێـوەیە ژیان و بەرهەمی هونەری (حـاجی حسـێن نارنجـڵـەیی) کۆتایی پێ دێنم، تا زنجـیـرەیەکی تر لـەسەر باسوخواسی ئەم هونەرمەندە پیرەی هۆرامان، پیـری پیران سـەروەری هونەرمـەنـدان بەم دێرە شـیــعـرانەی (شـێخ محەمەد ئەمین کاردۆخی) کە دەڵێت:

**(گەر خەیاڵ کەر و بلوو باخە کۆن!**
**ماچا هەی نەفام باخە کۆن چکۆن؟**
**مەگەر مەپەرسی تەپ و نیعمەتی**
**سیساو هۆرگێڵان وەر و زەحمەتی)** «٢»


**سەرچاوەکان:**

**١- مـەلا عـەبدولکەریمی مـودەڕیس، دیوانی مـەولەوی، سنە، کوردستان ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی، ل٢٦.**

**٢- دارا مـحـەمـەد عـوسـمـان، مێژووی مـۆسـیـقـای هۆرامـان سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠ زایینی.**

# بنیادی هونەریی درامای تەلەڤزیۆنی

ئا: كاروان محەمەد
(زانكۆی جینان - لبنان)

هەمــوو كــارێكی درامــای تەلەڤــزیۆنی لە كـۆمـەڵێك ڕەگـەزی هونەری درامی پێكدێت. سیناریست بیرۆكـە و بابەتەكــانی تێــدا بنیــاد دەنێت و بەهۆیەوە دەتوانێت گــوزارشــتی لێبكات. چۆنیــەتی دارشــتنی ملمــلانێ و دروستكردنی كەسایەتی و بەرجەستەكردنی ڕووداوەكان لە ســـەرەتا و ناوەند و كـــۆتایی و چنینێكی هونەری جوانكارییــانە لەكــارە گرنگەكانی پێكهــێنانی هەمــوو دەقێكی درامین. بەشێوەیەكی گشتی درامای تەلەڤزیۆنی لەكۆمەڵێك ڕەگەز و بنەمای هونەری درامی پێكدێن كە هەریەكـەیان ڕۆڵی گـرنگی لە بنیــادی هونەری درامــای تەلەڤزیۆنیدا هەیە كە بریتییە لەمانەی لای خوارەوە:

## بیرۆكە و بابەت

بیـرۆكـە یەكەم هەنگاوی دامەزراندنی دەقی درامایە و بەبنەمــایەكی ســەرەكی كــاری درامــا دادەنرێت. بیــرۆكــە ناوەرۆكی كاری درامایە و خاڵی دەسپێكردنی نووسینی سیناریۆیە و بزوێنەری هەمـوو ژانرەكانی درامایە، خاڵی دەرچوونە بەرەو پێكهــاتنی بابەتی ســیناریۆ. بیــرۆكــە بابەتێكی ینچــینەیی كــاری درامیــیــە و هیچ دەقـێكی درامی بەبێ بوونی بیـرۆكە دانامەزرێت. هەموو كارێكی درامی پشت بە بیــرۆكــەیەك دەبەســتــێت و بابەتێكی دیاریكراو چارەســەر دەكــات. بیــرۆكــە دینەمـۆی هەمــوو ڕەگەزەكانی درامایە و هەر ئەویش كارەكتەر دەستنیشـان دەكات و ڕووداوەكانی دراما دەخاتە گەڕ.

بیــرۆكــە خـولّقـێنەری كــاری درامــای تەلەڤــزیۆنیــیــە و سەرجەم پێكهاتەكانی دراما بەهۆی بیرۆكەوە چرۆ دەكەن و یەكانگیرییەك لەنێوانیاندا دروست دەبێت. پێویستە سیناریست پێش ئەوەی دەست بە وێناكردنی كەسایەتی و ڕووداوەكان بكات، بیرۆكەی دراماكەی لاڕوون و ئاشكرا و دیار بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بنیادی دراماكەی لەسەر

هەڵچنێت. واتە بیرۆکە ئەو دڵەیە کە گیان بە بەر ڕەگەزەکانی درامادا دەکات و زیندوویەتیش بەدەقی دراماکە دەبەخشێت. دەبێت سیناریست توانای گوزارشتکردنی بیرۆکەی هەبێت و بە وشەی جوان وەسفی ڕووداو و بابەتەکان بکات، توانای خەیاڵێکی داهێنەرانەی هەبێت لە خولقاندنی بابەت و ناوەرۆکی کارە درامییەکاندا. ڕاستە بیرۆکە خاڵی دەسپێکردنی کاری درامییە و سیناریست خولقێنەری بیرۆکەیە، بەڵام چۆنیەتی خولقاندنی بابەت و ڕووداوەکان لە هێڵکارییەکی هونەریی دوایەکدا، مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی کاری سیناریۆیە. چۆنیەتی داڕشتنی بابەت و دیمەنەکانی سیناریۆ لە سەرەتا و ناوەند و کۆتاییدا، بەگرنگترین کاری سیناریست دادەنرێت.

بابەت بەبنچینەی بنیادنان و دامەزراندنی دەقی درامی دادەنرێت و دەبێتە ئەو زەمینەیەی هەموو پێکهاتەکانی تری دەقی تێدا سەوز بێت. هەموو پێکهاتەکانی تری دەق لەبابەتەوە سەرچاوە دەگرن و بەهۆی بابەتەوە ڕووداو دروست بێت. بابەت بنچینەیەکە بۆ خولقاندنی دەقێکی درامی تەلەڤزیۆنی و بنەمایەکی سەرەکی لەدایکبوونی سیناریۆیە. واتە بابەت بەکۆڵەکەیەکی گەورەی دراما دادەنرێت و تۆوی سەرەکی بنیادنانی دەقی دراما یە، نووسەریش خولقێنەری بیرۆکەیە و لە چوارچێوەی دەقێکی درامای تەلەڤزیۆنیدا بەرجەستەی دەکات.

بابەت بریتییە لەدەقێک و لە کەسایەتی و کار و ڕووداوی درامیدا پوختە دەکرێت و لە سیناریۆدا ئامادە دەکرێت. گرنگترین شتیش لە بابەتدا ئەوەیە دەبێت سەرنجڕاکێش بێت و بەهۆیەوە بتوانرێت بەشێوەیەکی هونەرییانە بەرجەستە بکرێت و جوانکارییانە ڕەگەزەکانی تێدا ئاوێزان بکرێت، باشترین بابەتیش ئەو بابەتەیە کە بەجوانترین شێوە بنیادی درامی چیرۆکی تێدا بەرجەستە بکرێت. داهێنانی بابەتیش بۆ گەیشتن بەپێکهاتنی سیناریۆ بەقۆناغێکی بنچینەیی دادەنرێت. کاتێک باس لەبابەتی سیناریۆ دەکەین، ئەوە باسی (ڕووداوی درامی action)، یان کەسایەتی دەکەین. ڕووداوی درامی ئەوەیە کە ڕوودەدات، کەسایەتیش ڕووداوی درامی دەنەخشێنێت. بابەت بەهۆی ڕووداو و کەسایەتییەکانەوە دەنەخشێنرێت و گوزارشت لە ناوەرۆکی بابەتەکان دەکات و هەڵگری بیرۆکەی بابەتەکانی درامان، بۆیە بابەت تەنیا هۆکاری داڕشتنی ڕووداوەکانە و هۆکارێکیشە بۆ شیکردنەوەی ڕووداوەکان.

بیرۆکە و بابەت تەوەری سەرەکی پێکهاتنی سەرجەم ڕەگەزەکانی دراما یە (دیالۆگ، کارەکتەر، ڕووداو، ململانێ، گرێ، شوێن و کات...) دەبنە خولقێنەری سەرجەم ڕەگەزە هونەرییەکانی دراما و هەموویان بەدەوری بیرۆکەدا دەخولێنەوە و دەچنە خزمەت بیرۆکەی بابەتی سەرەکی کاری درامای تەلەڤزیۆنی، هەروەها هەڵبژاردنی بابەت لەکارە هەستیارەکانی نووسەرە، تا بتوانێت بابەتێک دیاری بکات جێی ڕەزامەندی بینەر بێت و بەهۆیەوە ناوبانگێکی باش پەیدا بکات و سەرنجی بینەرانی پێ ڕابکێشێت. ناوونیشانی بابەتی درامیش زۆر گرنگە لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکەدا بگونجێت، هەڵبژاردنی ناوونیشان زۆر گرنگە بۆ دانەر کە بەنازناوێکی نوێ بۆ نووسەر دادەنرێت. ناوونیشان دەبێت سەرنجڕاکێش و کاریگەر بێت، کورت بێت و پێوەندی بەبابەتی سیناریۆوە هەبێت.

باشترین ڕێگا بۆ خستنەڕووی بیرۆکە لەمیانەی چنینی درامییەوە، یان لە وێنەیەکی ڕاستەوخۆدا پێشکەش دەکرێت، یان لەسەر زاری کەسایەتییەوە بەهۆی دیالۆگ، یان لەمیانەی ڕووداوەکانەوە نووسەری درامی بەرجەستەی دەکات، بۆ ئەوەی ئەو مەبەست و ئامانجەی هەیەتی ئاراستەی وەرگرانی بکات.

هەندێک بابەتی کاری درامی لەگەڵ بیرۆکە تێکەڵ دەکەن، دەتوانین بڵێین بابەت ئەوەیە کە بە دەوری کاری درامیدا بێت، بەڵام بیرۆکە ڕوانینێکە، یان ئامانجێکی مەبەستدارە و یەکەیەکی پەیوەستدارە لەنێوان بەشەکانی بابەت، یان لەنێوان بەشەکانی کاری درامیدا. بەکورتی بڕوای نووسەرە و ئەوەی دەیەوێت بە خەڵکی بڵێت.

## چنین

چنین نێوەندی پێکەوە بەستنی پێکهاتەکانی دەقی دراما یە و ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەری تەکنیکە لەدراما دا. ئەو دەزوولە گرنگ و نادیارەیە کە سەرجەم پێکهێنەرە هونەرییەکانی دەقی دراما پێکەوە دەبەستێتەوە و یەک لەوی تردا دەیانتوێنێتەوە.چنین سیستەمی گشتی ڕێکخستنی بەشەکانی دەقێکی دراما یە و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی ڕووداو و کەسایەتی و دیالۆگ و ململانێکانە بەشێوەیەکی هونەرییانە. سیناریۆی تەلەڤزیۆنی کاری درامییە، لە ڕووداو و کەسایەتی پێکدێت و دەجووڵێن و دەدوێن و کار لە ڕووداوەکان و یەکتری دەکەن. ئەمە پێویستی بەچنینێکی

ورد و جوانکاری هەیە کە بەشەکانی دراما بەیەکەوە گرێ بدات، لە نمایشـێکی چێژاویدا پاڵ بەبینەرەوە بنێت و چاودێری ڕووداوەکـان بکات. هەمـوو دەقـێکی درامی چنینـێکی بـنچـــینـەیی پێکدەهێنێت و ڕووداو و کەسایەتییەکان بەیەکەوە گرێ دەدات، لەبەر ئەوەی چنین بڕبڕەی بنیادی گشتییە بۆ ڕووداوەکان.

چنین بریتـییـە لە ڕێکخـستنی بنیـادی چیـرۆک ڕووداوەکـان ڕێکی دەخـات و چۆنیـەتی ڕووداوەکـان بەرجەسـتـە دەکـات. ئەوەی لە سـیناریۆدا گـرنگە لێی بڕوانرێت هاوسـەنگی چنینە، کـە ئەرکـێکی بنچـینەیی نووسینی سیناریۆیە، لەبەرئەوەی چنین لە هەموو بەشێک ڕایەڵ و وێستگەیەکی ڕێنماییە بۆ ڕووداوە دراماییەکان و پێکەوەیان بەیەکەوەیان دەدات. هەروەکو مـارتن ئەرسلن دەڵێت: (بنیـــادی گـــشـــتی کـــاری درامی پشت بەهاوسـەنگییـەکی تەواوی نێوان ڕەگـەزە جیـاوازەکـاندا دەبەستێت و بەشداری لە چنینی گشتی کارەکەدا دەکەن، لە پێوەندییەکی گشتی نێوانیاندا).

چنین لە پێداویستـییـە سـەرەکـییـەکـانی نووسـینی سیناریۆیە، ئەمەش لەلایەن سیناریستێکی لێهاتووەوە بەرجەستە دەکرێت. گـرنگترین شت لە کاری نووسـینی سیناریۆدا ئەوەیە بزانین چی دەنووسین. کاتێک سیناریۆ دەنووسین دەبێت ڕوانین و ئاراستـەی هێڵـی نووسین دیار بێت، چۆن دەست پێـدەکـەیت و چارەسـەرکـردن بەرەو کۆتایی دەبەیت. ئەگەر ئەمە نەزانین ئەوە تووشی تەنگژە دەبین، بۆیە هێڵکاری نووسـینی سیناریۆ لە گـرنگـترین کـارەکـانی نووسـینی درامـایە، دانانی چنینیش لە پێـداویسـتـیـیـە ناوەرۆکـیـیـەکـانی نووسـینی سیناریۆیە.دەست ڕەنگینی سیناریست لەوەدایە بزانێت چۆن ڕەگەزەکانی دراما بەیەکەوە گرێ بدات و چنینێکی هونەرییـانەی لێ پێکبـهێنێت و بیـرۆکـەیەکی جوانکارییانەی لێ بەرجەستە بکات و بینەر تامەزرۆی ڕووداوەکـان بکات. چنین پرۆسـەی بنیـادی ڕووداو و ڕیزبەندکردنی دیمەنەکانە لە چنینێکی هونەرییانەدا.

لای ئەرەسـتـۆ چنین بەرەگـەزێکی گـرنگی پێکهـاتەی دراما دادەنرێت، لەبەر ئەوەی چنین چوارچێوەی سـەرەکی کـارەکـەیە و هێـڵی پەرەپێدانی چیـرۆکـە. ئەو هێـڵـەی بەکـەسایەتی و بیرۆکـەمـان دەگـەیەنێت، جگە لەمـانەش چنین ڕەگەزێکە بۆ گەیاندن بەپێکهاتەکانی دراما. خاڵی بەیەکەوە بەستنی هێڵە درامی و ڕەگەزە جوانکارییەکانی درامایە لەبنیادێکی هونەری جوانکاری چێژاویدا.

چنین نمایشکردنی ملمـلانێکانە و خـسـتنەڕووی ڕووداوەکــان و وورووژاندنی ســـۆزی بینەرە بـۆ ناو بابەتەکـان. پێـویسـتـە نووسـەری سـیناریۆ ئاگـاداری چۆنیـەتی دانانی چنین بێت، بەشێـوەیەک شـیکەرەوەی هەمـوو دیمەنەکـان بێت لە خـولّقـاندنی تەنگەژەکـان و چارەسەرکردنی هەر دیمەنێکدا ڕۆڵی هەبێت وەک بەشێک لەبنیـادی درامی بەرەو ترۆپک. سـەرکـەوتنی درامـای تەلەڤـزیۆنی پەیوەسـتـە بەچۆنیـەتی داڕشـتنی چنین لەشـێـوەیەکی هونەریدا، کـە ڕەگـەزەکـانی درامـا لە هەر دیمەنێکدا بەشێـوەیەک بەرجەسـتـە بکرێت هەمـاهەنگی لەنێوان کارەکتەر، دیالۆگ، ڕووداو، شوێن، ململانێ... هەبێت و ئاوێتـەیان بکات و لە خـزمـەتی بیـرۆکـەی سەرەکی بابەتەکانی سیناریۆ بێت، بۆیە چنین لە درامادا گیـانی درامـایە، چونکە درامـا بەبێ ڕووداو و کـارەسـات درامـا نییـە، ئەرەسـتـۆ وتوویەتی درامـا چنینە، چنین ڕووداوە، ڕووداویش تەنافی هۆنینەوەی هەمـوو ڕەگـەزە هونەرییەکانی تریەتی.

دەتوانین بڵـێین چنین بەگـرنگترین ڕەگـەزەکانی بنیـادی درامی دادەنرێت، چنینێکی بەهێـز درامـایەکی بەهێـز دەخولّقـێنێت، بەپێچەوانەوە کـار دەکـاتە سـەر بنیـادی گشتی کارە دراماییەکەوە.

### دیالۆگ

دیالۆگ لە درامـای تەلەڤـزیۆنیـدا بە یەکـێک لە ڕەگـەزەکـانی کـاری درامی دادەنرێت. بەهۆیەوە ڕەهەندی ڕووداوی درامی و کـەسـایەتییـەکـانی دیاری دەکـات و پێـوەندی بە شـوێن و کـاتی سـیناریۆوە هەیە، بیـرۆکـەی بابەت و ڕووداوەکـــان دەنەخـــشـــێنێت، بینەر بەهۆی دیالۆگەوە پێشکەوتنی ڕووداوە دراماییەکان و ڕاستی و زانیاری و خەسڵەتی کەسایەتییەکان وەردەگرێت و پێی ئاشنا دەبێت.ئامـانجی سـەرەکی دیالۆگ خـستنەڕووی ڕاستییەکانە لە ڕێگای کاری دراماییەوە. بەپێی بواری دیمەن و پێکهـاتەی هونەری دیمەنەکـان ڕیزبەند دەکرێت و ڕۆڵێکی گـرنگی لەلایەنێکی پێکهـاتەی هونەری کـادر دەبێت. دیالۆگ جوڵێنەری کەسایەتی و ڕێڕەوی چیرۆکە دراماییەکەیە لەگەڵ ڕەگەزە دراماییەکاندا پێوەندییەکی تەواوی هەیە و تەواوکەری یەکن.

دیالۆگ لەکـــاری درامـــیـــدا بەپێی ناوەرۆک، یان بابەتەکان ئەرکی درامی لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەک بەپێی داڕشتنی سەرنجی بینەر بۆ ناو ڕووداوەکان کێش دەکات

و شـێـوەیەکی هونەری درامی پێکدەهێنێت. دیالۆگ لەکاری درامای تەلەڤزیۆنیدا سێ ئەرکی گرنگی هەیە:

(١) دەرخستنی ڕواڵەتی گشتی کەسایەتییەکان و چۆنیەتی مامەڵە و هەڵوێستی نێو کەسایەتییەکان لەگەڵ یەکتردا.

(٢) ڕێرەوی گرێی چیرۆک، یان کاری نواندن بەرەو پێشەوە دەبات، واتە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان بەرەو کۆتایی.

(٣) دیاریکردنی ئەو جیهانەی ڕووداوەکانی تێدا بەرجەستە دەکرێت و خوڵقاندنی ڕیتمی کارە دراماییەکە.

واتە دیالۆگ لە سیناریۆی تەلەڤزیۆنیدا ئەرکی دیاریکراوی هەیە. هۆکارێکی بنچینەیی جوولاندنی ململانێکانە و ڕاستەوخۆ کەسایەتییەکان لە ڕووداوەکاندا بارگاوی دەکات. جووڵێنەری کەسایەتی و ڕێرەوی چیرۆکە دراماییەکەیە، لەگەڵ ڕەگەزە دراماییەکاندا پێوەندییەکی تەواوی هەیە و تەواوکەری یەکن.

سیناریستی تەلەڤزیۆنی دەبێت لە دارشتن و دانانی دیالۆگی دیمەنەکاندا بەلێهاتووییەوە کار و ئەرکەکانی دیالۆگ جێبەجێ بکات. لەبەر ئەوەی وێنە دەلالەتی خۆی لەسەر کەسایەتی و ڕووداوەکان هەیە. بەهەمان شێوە تەکنیک و هونەرییەکانی تەلەڤزیۆن لەم بوارەدا ڕۆڵیان هەیە.

دیالۆگ دەبێت بە لێهاتووییەوە دابنرێت و تەواوکەری وێنە بێت و واتا بداتە وەرگر و ئەرکەکانی خۆی بەرجەستە بکات. لایەنی بینین لە کاری درامای تەلەڤزیۆنیدا بەهۆی دیالۆگەوە دەبێتە لایەنێکی واتای تەواوی کاری درامی لە لای وەرگر. دیالۆگ بناغەیەکی گرنگی کاری دراما یە و بەهۆی ئەکتەرەوە گوزارشت لە کێشە و ململانێکانی دەکرێت. لە هەمان کاتدا دیالۆگ گوزارشت لە بیرۆکەی سیناریۆ دەکات و کەسایەتییەکان لەمیانەی دیالۆگەوە دەردەکەون.

دەبێت سیناریستی تەلەڤزیۆنی شارەزایی لە دارشتنی دیالۆگی هەموو کارە دراماییەکەدا هەبێت. لەبەرئەوەی بەبێ کاری دیالۆگ ناتوانرێت کارێکی تەواوکاری لەنێوان ڕەگەزی کاری درامی و ڕەگەزی وێنە و توانای کاری داهێنان ئەنجام بدرێت. دیالۆگ تەنیا دیالۆگی خودی نییە، ئاڵوگۆڕی گفتوگۆی نێوان دوو کەس نییە، بەڵکو دیالۆگ کاری درامی لەخۆ دەگرێت و ڕۆڵی لەبەرەوپێشبردنی ڕووداوی درامی و ململانێکاندا هەیە.

دیالۆگ یەکێکە لەئەرکەکانی کەسایەتی و بەهۆیەوە زانیاری نێو چیرۆکە دراماییەکە بەبینەر دەگەیەنێ و ڕۆڵی کەسایەتی و ململانێکانی نێوان کەسایەتییەکان بەرجەستە دەکات.

بۆیە دیالۆگ بە بنەمایەکی گرنگی ڕەگەزی سیناریۆی تەلەڤزیۆنی دادەنرێت و ڕۆڵێکی سەرەکی لە خوڵقاندنی ڕووداو و ململانێکان و کەسایەتییەکانی هەر دیمەنێکی درامیدا هەیە. دەبێت بەشێوەیەکی هونەرییانە دابڕێژرێت و کاریگەری لەپێکهاتنی هەر سیناریۆیەکدا هەبێت.

### ململانێ

لە هەموو کارێکی دراما دا ململانێ خاڵێکی سەرەکییە، هیچ درامایەک بێ ململانێ نابێت. ململانێ وادەکات دەقی درامی پێکبێت. جیاوازی کەسایەتییەکان ململانێ دەخوڵقێنێت و پێویستییەکی هەموو کارێکی دراماییە. دەقی درامی تەلەڤزیۆنی بەهۆی ململانێوە دەتوانێت سەرنجی بینەر بۆ ناو ڕووداوەکان کێش بکات. بنچینەی هەر کارێکی درامی لەسەر ململانێ وەستاوە و بە گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕووداوی درامی دادەنرێت. ململانێ خاڵی دەستپێکردنی هەموو دەقێکی دراماییە، هەروەکو سید فیلد دەڵێت: (دراما بەبێ ململانێ نابێت) سەرجەم ڕەگەزە هونەری و تەکنیکییەکانی درامای تەلەڤزیۆنی دەچنە خزمەت ململانێکانەوە و بەرجەستەی دەکەن، بۆیە ململانێ بڕبڕەی سەرەکی بنیادی دراما یە و بە بێ ئەو ڕووداو هیچ نرخ و بایەخێکی نییە، یان ڕووداو هەر نییە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بنیادی درامی سەرکەوتوو بریتییە لە چۆنیەتی پێشکەشکردن و بەرجەستەکردنی ڕەگەزەکانی ململانێ، ئەمەش بەهۆی سیناریستێکی لێهاتوو و سەرکەوتووەوە ئەنجام دەدرێت کە بتوانێت ڕەگەزەکانی ململانێ بەشێوەیەکی هونەرییانە لەنێو کەسایەتی و ڕووداوەکاندا بەرجەستە بکات و بەهۆیەوە سەرنجی بینەر بۆ ناو ڕووداوە دراماییەکان کێش بکات.بەشێوەیەکی سەرەکی ململانێ گیان بە بەر ڕووداوەکاندا دەکات و هێز دەبەخشێتە کەسایەتییەکان و لەنێو ڕووداوەکاندا بارگاوییان دەکات. ئەو دەقە دراماییەی ڕووداوەکانی پڕ لەململانێ بێت، زیاتر بە زیندوویەتی لەلای وەرگر دەمێنێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین (بنچینەی ڕووداوی درامی ململانێیە). ململانێ بنەمایەکی سەرەکی هەر کارێکی دراماییە و لەسەر ناتەبایی و پێکەوە نەگونجانی دوو هێز دامەزراوە کە

بەرهەمی جیاوازی بارودۆخ و هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئاڵۆز و پێکداچوو دەخاتەڕوو.
بەشێوەیەکی گشتی ململانێ چەند شێوەیەکی هەیە و هەر یەکەیان بەشێوەیەک ململانێ بەرجەستە دەکەن، کە ئەمانەن:
(١) ململانێی وەستاو: ئەو جۆرە ململانێیە دەگرێتەوە کە کێشەکە وەستاوە، بەڵام پاڵەوانەکە دەجووڵێت و بەردەوامە، بەبێ ئەوەی بۆ هیچ مەبەست و ئامانجێک هەوڵ بدات. ئەم جۆرە ململانێیە زۆر سەرکەوتوو نییە و بینەریش بەتەواوی ناتوانێت شوێنی بکەوێت و چێژی لێ وەربگرێت.
(٢) ململانێی بازدەرانە: ئەم جۆرە ململانێیە بەبێ هیچ بنەمایەکی لۆژیکی و زانستی و ئەکادیمی کێشەکە لە هەنگاوێکەوە بەرەو هەنگاوێکی تر نابات. ڕووداوەکە بەخێرایی بازدانێکی گەورە دەدات و لە کاتی دیاریکراوی خۆیان نین. ئەم جۆرە ململانێیە سەرکەوتوو نییە، کرچوکاڵییەک لە چەمک و تەکنیکی دراماکە بەدی دەکرێت، وەرگر بەزەقی هەستی پێدەکات.
(٣) ململانێی بڵندڕۆ: کێشەکە لەم جۆرە ململانێیانەدا بەشێوەیەکی دروست و لۆجیکی هەڵدەکشێت، ململانێ پلە بە پلە سەردەکەوێت. هەنگاو بە هەنگاو هەڵدەکشێت.
(٤) ململانێی بنیادنەرانە: ئەو جۆرە ململانێیەیە کە بە بەردەوامی وەرگر تووشی تێرامان و چاوەڕوانی و چاودێری دەکات، تا بتوانێت لەگەڵ ڕەوتی کێشەکەدا بەردەوام بێت. ئەم جۆرە ململانێیە پێشبینی ناکرێت و بەردەوام وەرگر لە گرژیدا دەهێڵێتەوە.
ئەمانە بەگشتی شێوەکانی ململانێی دراماین و هەریەکەیان بەشێوەیەک لەدەقە دراماییەکاندا بەرجەستە دەکرێن. مەرجیش نییە ئەم شێوانە لەهەر دەقێکی درامیدا هەبێت. زۆر جاریش هەر نووسەرە و بەشێوە و شێوازێکی تایبەتی خۆی بەرهەمەکەی بەرجەستە دەکات.
هەروەها ململانێکانی چیرۆک و کەسایەتییەکان و ڕەگەزی دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگی بۆ دەرخستن و چڕکردنەوەی ململانێکانی نێوان کەسایەتی و ڕووداوەکان هەیە. بەشێوەیەک دەتوانرێت بەهۆی دیالۆگەوە زانیاری و ڕوونکردنەوە بداتە بینەر و تایبەت بێت بە ڕووداو و کەسایەتییە دراماییەکان و بەهۆیەوە ململانێکان بخولقێنێت. هەموو ڕەگەزە هونەرییەکانی دەرهێنان و ئەکتەر و کامێرا دەچنە خزمەت کاری ململانێوە، چۆنیەتی بەرجەستەکردنی لە جوانترین وێنەی درامیدا هۆکارێکی گرنگە بۆ دەرخستنی ململانێکان.
ململانێ نیشانەی هەڵچوونی هێزە دژوارەکانە، چەند تەوژم ببات، ئەوەندە دەبێتە مایەی خەست بوونەوەی هونەری دراماکە. تا ململانێکان زیاتر بن بینەر زیاتر تامەزرۆی ڕووداوەکان دەبێت و بابەتەکان جوانتر لەسەر شاشە بەرجەستە دەکرێن.

**کەسایەتی**

کەسایەتی یەکێکە لەڕەگەزە هەرە بنەڕەتییەکانی درامای تەلەڤزیۆنی، هەر هەنگاوێک لە هەنگاوەکانی دراما بەبێ بوونی کەسایەتی نابێت و خولقێنەری کارە دراماییەکانە. هەموو کەسایەتییەک کارێکی درامی پێشکەش دەکات، نووسەری دراما وێنەی کەسایەتییەکان لە ڕووی ڕەهەندی کەسایەتی و پێوەندییان لەگەڵ دەوروبەردا و چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان لە ڕێڕەوی گشتی دەقی دراماکەدا دیاری دەکات.
بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتی درامی کۆمەڵێ پێوەندی دەخولقێنێت و هەریەکەیان کاریگەری لەسەر چنین و خولقاندنی ڕیتمی کارە دراماییەکە و چۆنیەتی بەرجەستە بوونی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا هەیە، وەک (پێوەندی کەسایەتی لەگەڵ خودی خۆیدا، پێوەندی لەگەڵ کەسایەتییەکانی تردا، پێوەندی لەگەڵ کات و شوێن و ڕووداوەکان)دا. پێوەندی کەسایەتی لەگەڵ شوێندا، ڕووداوەکانی تێدا دەنەخشێنێت. پێوەندی کاری درامی لەگەڵ کەسایەتیدا، یەکێکە لەکارە گرنگەکانی نووسەر کە بەشێوەیەکی دراماییانە بیخولقێنێت، لەبەر ئەوەی شوێن و ڕووداو و کەسایەتی ناتوانێت لە یەکتری جیا بکاتەوە.
کەسایەتی لە گرنگترین ئامرازەکانی نووسەرە کە بەهۆیەوە دەتوانێ گوزارشت لە ڕووداو و ئامانج و ڕوحی کارە دراماییەکان بکات. هەڵبژاردنی کەسایەتی یەکێکە لە گرنگترین قۆناغی دەستکردن بەنووسینی سیناریۆ، کاری درامی تەلەڤزیۆنی کارێکی ئەدابییە لە میانەی ئەدای کەسایەتییەکانەوە هەموو کەسایەتییەک لە کەسایەتییەکانی ڕووداو ئەرکی دیاریکراوی هەیە و بۆ پێشەوە پاڵ بەڕووداوەکانەوە دەنێت. کۆمەڵێک خەسلەتیش هەن ڕۆڵی گرنگییان بۆ ئاشکراکردنی لایەنە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی هەیە، ئەمانەش بەهۆی (لایەنی فسیۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە)

دەردەکەوێت. ئەم سێ لایەنە ڕۆڵ لە دەرخستنی جەوهەری ڕاستەقینەی کەسایەتییەکە دەبینن. نیشانە و هەڵسوکەوت و ڕەوشتە سەرەکییەکانی کەسایەتی پێدەردەکەوێت و کەسێک لە کەسێکی تر جیا دەکرێتەوە. ئەم لایەنانە هەریەکەیان ڕۆڵی خۆی بۆ دەرخستنی ڕەهەندی کەسایەتی لە کارە درامییەکاندا هەیە. لە ڕووی چۆنیەتی هەڵسوکەوت و مامەڵەی لایەنی دەروونی و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا. دەرخستنی لایەنی ڕەگەز و تەمەن و جوانی و ناشرینی و دەوڵەمەندی و هەژاری و ئاستی ڕۆشنبیری... تاد. کەسایەتی و شوناسی کەسایەتییەکان لەکارە درامییەکەدا دەردەخات و ڕۆڵی گرنگی بۆ خوڵقاندنی ململانێکان هەیە.

کەسایەتی بنچینەی کاری نووسینی سیناریۆیە و بڕبڕەی پشتی چیرۆکە درامییەکەیە. هەموو کەسایەتییەک کارێکی هەیە، ئەوەی کارەکە دەکات کەسایەتییەکەیە. بوونی کەسایەتی ڕۆڵی گرنگی بۆ خوڵقاندنی ڕووداوەکانی نێو سیناریۆ هەیە، بەهۆی کەسایەتییەوە دەتوانرێت کار، یان ڕووداوێکی درامی بخوڵقێنرێت و ململانێکان لەنێو سیناریۆدا بەرجەستە بکرێن. نووسەری درامی تەلەڤزیۆنی پێویستە پێش ئەوەی دەست بە داڕشتنی ڕووداوە درامییەکان بکات، ڕواڵەتە بنچینەییەکانی کەسایەتی دیاری بکات و ئامانجی هەر کەسایەتییەک لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی دیاری بکات، هەروەها ڕێسایەکی بنچینەیی هەیە و بۆ کەسایەتی پێویستە ڕێڕەوی خۆی لە ڕووداوەکاندا نەگۆڕێت. لەبەر ئەوەی هەموو کەسایەتییەک چێوە و هێڵێکی تایبەتی هەیە کە نووسەر بۆی دەکێشێت و بەپێی ئەو ئامانجەی لە کارە درامییەکەدا هەیە، ئەویش بەپێی ئەو شێوازەی کە هەر نووسەرێکی درامی وێنەی کەسایەتییەکانی لە ڕووداوەکاندا دەکێشێت.

کەسایەتی لە تەلەڤزیۆندا بەهۆی دیالۆگ و جووڵە و ئیماوە گوزارشت لە ناخی دەکات و ڕەوشت و حاڵەتەکانی ئاشکرا دەکات. هەموو نووسەرێکی درامی تەلەڤزیۆنی لە کارەکەیدا بەهۆی هەڵبژاردنی کەسایەتییەکانەوە کۆنترۆڵی تەواوی کارەکەی دەکات و بەهۆیەوە سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی کێش دەکات. دواتریش هەموو کەسایەتییەکیش ئەرکێکی هەیە و بۆ پێشەوە پاڵ بەکارە درامییەکانەوە دەنێت. چۆنیەتی داڕشتنی کەسایەتییەکان و خوڵقاندنی ململانێی نێو کەسایەتییەکان لە ئەرکە گرنگەکانی سیناریستی تەلەڤزیۆنییە.

**یەکە**

یەکە بە یەکێک لە کارە بنچینەییەکانی نووسینی دراما دادەنرێت، بە جیاوازی جۆر و شێوازییەوە. مەبەست بەدەستهێنانی یەکێتی ڕووداوە بۆ دیاریکردنی نووسینی سیناریۆ. یەکە پەیوەستی نێوان ڕووداوە لە یەک کات و شوێندا. درامای تەلەڤزیۆنی هەمیشە پەیوەستە بەیەکەی کات و شوێنەوە. هەموو درامایەکی تەلەڤزیۆنی دەبێت لە چوار چێوەیەکی دیاریکراودا ڕووداو و بابەت و کات و شوێنی خۆی هەبێت. واتە هەرسێ یەکەی کات و شوێن و ڕووداو دەبنە سێ بنەمای جەوهەری دیمەنەکانی درامای تەلەڤزیۆنی.

یەکێتی کار بریتییە لە پەیوەستبوونی لۆجیکی نێوان ڕووداوە دواییەکەکان لە ئەنجامی یەکێتی کات و شوێن. یەکە دیاریکردنی کارە، شوێن ئەوەیە کە چیرۆکی تێدا دەگێڕدرێتەوە و هەموو دیمەنێکیش شوێن و کاتێکی دیاریکراوی خۆی هەیە. دیاریکردن و پێکەوە بەستنی هەرسێ یەکەی (کات - شوێن - ڕووداو) لە دەقێکی دراماییدا، پێویستییەکی دروستە و هەر ئەو سێ یەکەیەش سنووری چۆنیەتی جۆری نمایشی دراماکە دیاری دەکەن.

**سەرچاوە:**

**١- د. نسمة البطريق، الدلالة في السينما والتلفزيون في عصر العولمة، دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٤.**

**٢- د. نسمة احمد البطريق، نصوص السينما والتلفزيون والنمهج اللاجتماعي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٥.**

**٣- محمد محمد عمارة، دراما الجريمة التلفزيونية، دار العلوم للنشر والتوزيع، ط١، القاهرة، ٢٠٠٨.**

**٤- عماد نداف ومحمد نداف، الدراما التلفزيونية، دار الطليعة الجديدة، ط١، سوريا -دمشق، ١٩٩٤.**

**٥- قيس الزبيدي، بنية المسلسل الدرامي التلفزيوني، شركة قدوس للنشر والتوزيع، ط ١، دمشق، ٢٠٠١.**

# دەروازەیەک بۆ جیهانی فۆتۆگرافی دیجیتاڵی

ئا: فارس سەعدی

نەوەی نوێی کـامـێـرای دیجـیـتـاڵی زۆر بە بەربڵاوی بەکاردەهێنرێ، ئەمە وای لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کامێرا و ئامێرەکانی وێنەگریی کردووە، لە بەرهەمهێنانی کامێرای تازە و بە خەسڵەتی بەرز، کەوا لە کێبڕکێیەکی بەردەوام دابن.

دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی وێنەی دیجیتاڵی Dig-ital Photography بکەین، ئەو وێنانەن کـە لەسـەر شێوەی ژمارەیی هەڵدەگیرێن، واتە لە چوارچێوەی فایلی تایبەتیدا کە دەتوانرێ بەهۆی کۆمپیوتەرەوە تەماشایان بکەین، هەمان شتیش دەکرێ بەکامێرای ئەنەلۆگ وێنەی کـلاسـیکی بگیـرێ، پاشـان بەهۆی سکانەرەوە سکان بکرێن و بخرێنە نێو کۆمپیوتەرەوە، لە رێگای فایلی تایبەتییەوە کە یەکەیەکە نیشان دەدرێن، بەڵام کورتترین رێگا بۆ ئەنجامدانی وێنەی دیجیتاڵ ئەوەیە بەهۆی کامێرای دیجیتاڵییەوە بگیرێن، پاشان بە ئاسانی تەماشا دەکرێن.

هەندێ هۆکار هەن وامان لێ دەکەن کەوا ڕوو لە وێنەی دیجیتاڵی بکەین و کامێرای دیجیتاڵی بەکاربهێنین لەوانە:

١- ئەم جـۆرە وێنانە نرخـەکـانیـان لە چاو وێنەی ئەنەلۆگ، یان کـلاسـیکی هەرزانتـر دەوەسـتێ، چونکە ناچارت ناکات بچیت فیلم بکڕی و بەکاربهێنی و پاشان بیشۆیتەوە و چاپی بکەیت.

٢- کـاتێکی زۆرت بۆ دەگـەڕێنێـتـەوە لە چاوەڕوانی وەک لەوێنەی ئەنەلۆگدا جێبەجێ دەکرێ. تا فیلمەکە تەواو نەکـەی و نەیشـۆیتـەوە و چاپی نەکـەی، نازانی وێنەکان چۆن دەرچوونە و پێیان شاد بیت.

٣- کـامـێـرای دیجـیـتـاڵی ئەوەی باشـە ڕاسـتـەوخـۆ

وێنەگــیــراوەکــە دەبینی و لە مــیــانی شــاشــەیەکی کریستاڵییەوە دەزانی چۆن گیراوە، خۆ ئەگەر وێنەکەت بەدڵ نـەبوو، دەتـوانی دیلـیــــــتی بـکـەی، واتـە ڕەشی بکەیتەوە و لە جیاتیان وێنەیەکی تر بگریتەوە.

٤- مەرج نییە لەوێنەی دیجیتاڵیدا پێویستیت بە گیراوە کیمیاوییەکان بێت کە زۆر زیانبەخشن بۆ لەشی مرۆڤ، چونکە دەتوانی لە ڕێگای پرنتەری کۆمپیوتەرەوە چاپیان بکەیت، بەمەش ژینگە پیس ناکەیت.

٥- کامێرای دیجیتاڵی خەسڵەتێکی تریشی هەیە کە لە کامێرای ئەنەلۆگدا نییە، ئەویش تۆمارکردنی وێنەی جـــوولاو بە دەنگ و ڕەنگەوەیە، واتە وەک وێنەی ڤیدیۆیی.

٦- لە کامێرای دیجیتاڵیدا دەتوانی وێنەی ڕەش و سپی و سیپیاونێگەتیڤ بگری، تەنیا بەگۆڕینی دوگمەیەک، یان لە پرۆگرامی کامێراکە دەستنیشانی بکەیت.

٧- لە جیاتی فیلمی سلاید، دەتوانی هەمان وێنەی دیجیتاڵی بە داتاشۆ وەک سلاید لەسەر شاشە گشت وێنەکان بە مۆسیقاوە نمایش بکەیت.

٨- خەسڵەتێکی تری وێنەی دیجیتاڵی ئەوەیە دەتوانی لە ڕێگای پرۆگرامی فۆتۆشۆپ بە زۆر جۆر چارەسەری وێنەکانت بکەیت و باکگراوندیان بگۆڕیت و ڕتووشیان بکەیت و فلتەری تایبەتیان لەگەڵدا بەکاربهێنی.

## کامێرای دیجیتاڵی چۆن کار دەکات

کامێرای دیجیتاڵیش لە زۆر ڕووەوە لە کامێرای ئەنەلۆگ دەچێت و وەک شێوازی کامێرای (٣٥) ملیمی کار دەکات بۆ نموونە:

١- هەمان شت کامێرای دیجیتاڵی هاوێنەی هەیە. بەمانیوەڵ و ئۆتۆفۆکەس کار دەکات، هەندێ کامێرا هاوێنەی چەسپاوی بەسەرەوەیە، هەندێکی تر هاوێنەی گۆڕەر لە واید ئەنگڵەوە تا دەگاتە نۆرماڵ و تەلی فۆتۆ و ماکر و زوومەوە کاری پێ دەکرێ.

٢- کونی هاوێنە: هەمان شت کونی هاوێنە لە جیاتی شووشەکانی هاوێنەوە هەیە گەورە و بچووک دەکرێنەوە، وێنەکانی پێ تاریک و ڕووناک دەکرێتەوە، واتە دەبنە ئۆڤەرئێکسپۆزەر و ئەندەرئێکسپۆزەر، یان نۆرماڵ.




٣- داخەر (شەتەر Shutter) ئەمیش خێرایی تایبەتی هەیە، چەند بەشێک لە چرکەیەکدا و زۆر پرۆگرامی بۆ کراوە وەک بۆ دیمەنی سروشتی و بەستانی جوولە و زیادکردنی پرۆگرامی وێنەی ماکرۆیی، بەڵام جیاوازی لەنێوان کامێرای دیجیتاڵی و ئەنەلۆگ ئەوەیە یەکەمیان تیشکی ڕووناکییەکە دەخاتە سەر ماددەی سێنسۆر (Sensor) کە لە جێی فیلم کار دەکات و وێنەکانی بە هێمای ئەلەکترۆنی لەسەر تۆمار دەکرێن، بەڵام لە ئەنەلۆگدا لەسەر فیلمی هەستیار تۆمار دەکرێ.

٤- هەستەوەری ISO: لە هەردوو جۆر کامێرادا، واتە دیجیتاڵی و ئەنەلۆگدا ڕۆڵی ئەوە دەبینێ بە زیادکردنی هەستەوەری چ فیلم بێت، یان سێنسۆری کامێرای دیجیتاڵی دەتوانی بە کەمترین ڕووناکی وێنە بگری، هەروەها بۆ بەستانی جوولەش بەکاردێت، چونکە خێرایی شەتەر بەرز دەکرێتەوە و خێراتر دەبێت.

## سێنسۆر Sensor:

لەجیاتی فیلمی کامێرای ئەنەلۆگ، لە کامێرای دیجیتاڵیدا دوو جۆر سینسۆر هەن کە وێنەیان لەسەر تۆمار دەکرێت، یەکەمیان جۆری (CCD)یە و دووەمیان جۆری (CMOS)ە. ئەمانەش لەپاڵ یەکدی لە چەندین خانەی بچووک بچووک پێکهاتوون، هەر خانەیەک لەوانە نوێنەرایەتی ڕەگەزێکی بچووک لە ڕەگەزەکانی وێنە دەکات کە پێی دەگوترێ پێکسڵ (Pixel)، یەکەم جار وێنەکان لەسەر شێوەی هێمای ئەلەکتریکن، پاشان دەچێتە پرۆسیسەر، ئەمیش بە ڕێگای خۆی دەیکاتە وێنەی ژمارەیی و لەسەر میمۆر کارت دایدەکات. چری

پێکسڵەکان پێی دەگوترێ ڕیزۆلیوشن Reslutuion.

### پێکسڵ Pixles:

دووربییەکانی شاشەی کۆمپیوتەر، یان هەر ئامێرێکی وێنەیی بە پێکسڵ هەژمار دەکرێ، یەک پێکسڵ بریتییە لەیەک خاڵ کە لە تەنیشت یەکترن بەهۆی گشت خاڵەکانەوە وێنەی دیمەنێک، یان شتێک پێک دەهێنن. وەک شانەی مێشە هەنگوین وان. پێکسڵ یەکەی پێوانەیە لە کۆمپیوتەردا. چۆن درێژی و پانی بە مەتر و سەنتیمەر و کیلۆمەتر دەپێورێ قەبارەی هەر وێنەیەکیش بە پێکسڵ پێوانە دەکرێ.

بۆ نموونە قەبارەی هەندێ وێنە (٤) میگا پێکسڵە، هەندێکی تر (١٢) میگاپێکسڵە، چەندی ژمارەکە گەورەتر بێت، وێنەکە چڕتر دەبێت و جوانتر دەردەچێت و دەتوانی بە قەبارەی زۆر گەورە، گەورە بکرێت.

هیچ پێوەندییەک لەنێوان پێکسڵ و ڕوونی وێنەدا نییە، بەڵکو هاوێنە و کامێراکە ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو لە ڕوونی و ڕێکی وێنەکە دەبینن. بۆ نموونە وێنەیەک بە (٤) میگاپێکسڵ بە مۆبایل، یان کامێرای کۆمپاکتە بگرە، پاشان بە هەمان قەبارە بە کامێرایەکی پرۆفیشناڵ وێنەکە بگرە، دەبینی هی دووەم زۆر جوانترە لە وانی تر، پێکسڵ ڕۆڵێکی لاوەکی لە ڕوونی و ڕێکی وێنەکەدا دەبینێ.

### ڕیزۆلیوشن Resolution:

ڕادەی وردەکارییەکانی وێنەکە، کامێراکە دەتوانێ تۆماری بکات. ئەمەش بە ژمارەی پێکسڵەکانەوە دەژمێردرێت. هەرچەندە ژمارەی پێکسڵەکان زۆرتر بێت، دیقەتی وێنەکە زیاتر دەبێت و وردەکارییەکانی زیاتر تۆمار دەکات. بۆیە دەتوانی وێنەکە بە ڕادەیەکی زۆر گەورە، گەورە بکەی بێ ئەوەی دیقەتەکەی تێک بچێت.

### جۆرەکانی کارتی میمۆری:

کارتەکانی میمۆری جێی فیلمی کلاسیکی لە کامێرای ئەنەلۆگ دەگرنەوە، بۆیە زۆر جۆری کارتی میمۆری هەیە و دەخرێنە ناو کامێرا و وێنەی لەسەر تۆمار دەکرێ. لە هەمان کاتدا دەتوانی وێنەکانی سەری ڕەش بکەیتەوە (دیلیت)ی بکەیت و سەرلەنوێ وێنەی تری لەسەر تۆمار بکەیتەوە. بۆ بەتاڵ کردنی وێنەکانی سەر میمۆری دوو ڕێگا هەیە.

**یەکەمیان:** کامێرا بەهۆی کێبڵێک دەیبەستیتەوە بە کۆمپیوتەر، پاش تەعریف کردن واتە پێناسەکردنی بە (CD)یەک وێنەکان دەگوازرێنەوە سەر کۆمپیوتەر، پاشان دەخرێنە سەر CD و فلاش میمۆری، ئینجا لەلابۆری چاپی وێنە، وێنەکان چاپ دەکرێن.

**دووەمیان:** کارتی میمۆرییەکە ڕاستەوخۆ دەخرێتە سەر جۆکەریک یەکسەر دادەکرێتە سەر کۆمپیوتەر بەبێ کامێرا ئینجا، یان لەڕێگای پرنتەر، یان تاقیگەی چاپی وێنە، وێنەکان چاپ دەکرێن.

کارتی میمۆری چەند سیعەکەی فراوانتر بێت، واتە (٢) گێگابایت بێت، یان (٤) گێگابایت بێت جێگای سەدان وێنەی فۆتۆگرافی تێدا دەبێتەوە، چەندی ڕیزۆلیوشنەکان زیاد کەیت، وێنەی کەمتر جێی دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر ڕیزۆلیوشنەکە کەم کەیتەوە، ئەوە ژمارەی وێنەکانی زیاتر لەسەر کارتی میمۆریەکە جێی دەبێتەوە. ئەم میمۆری کارتانە لە کامێرایەکەوە بۆ کامێرایەکی تر جیاوازە، چەندین شێوەی جۆراوجۆرن، هەندێک پێیان دەگوترێ میمۆری سیتک، هەندێک کۆمپاکت فلاش، یان هەندێکی تر (SD)یە و جۆری تریش هەن.

**سەرچاوە:**

**- فاطمة محمود الطوالبة، أساسيات التصوير الفوتوغرافي، الطبعة الأولى، ٢٠١١، دارالأعصار العلمي للنشر والتوزيع، الأردن.**

# ئەدۆنیس
# ئەفسوونکاری وشەکان

**هاشم سەڕاج**

**(٢ - ٢)**

ئەدۆنیس لە هەمان دیمانەدا زمان بە بوونەوەرێکی زیندوو دەچوێنێت، زیندەوەرێک کە گەشە دەکات و دەمرێت، کە هیچ یاسایەک نییە ڕێگە لە مردنی بگرێت، دەشڵێت ئەو درککردنە من بەلای نووسینی پەتی دەبات، ئەو نووسینەم خۆش دەوێت بەرەو مردن دەچێت، سەبارەت بە ڕزگارکردنی زمان پێی وایە شاعیرێک زمانەکەی خۆی ڕزگار دەکات کە لە شێوەی دەربڕیندا بە ترۆپک گەیشتبێت و نەتوانێت هەڵە بکات. موتەنەبی زمانی شیعری ڕزگار کرد، بەڵام زمان وەک زمان دەربازی نابێت، ئەوەش وام لێدەکات کە بۆ جیاوازی نێوان زمانی شیعری و زمانی ئایینی بگەڕێمەوە، شیعرییەت دنیا دەکاتەوە، بەڵام ئایین بەسەر ڕاستییەکاندا دادەخرێت و دنیا لەنێوان وشەکاندا زیندانی دەکات- ئەدۆنیس لە گفتوگۆیەکی تردا بیروبۆچوون و خۆشەویستی خۆی لە مەڕ گۆرانی و مۆسیقا و ڕۆمان و هەندێ لایەنی ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی دەخاتە ڕوو.




ئەدۆنیس بەر لە ئەنجامدانی ئەو گفتوگۆیە لە بارەی ئاکاری بەرزی «نەجیب مەحفووز» دواوە و لەکۆی ڕۆمانەکانیشی تەنیا ڕۆمانی «ثرثرە فوق النیل»ی خوێندۆتەوە، هەروەها کۆمەڵە شیعری «أنشودە المطر»ی «بەدر شاکر ئەلسیاب»ی هەڵبژاردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە، لەم دیمانەیەدا ئەوە دەدرکێنرێت کە ئەدۆنیس حەزی لە مۆسیقای کلاسیکی و بڕوای بەگۆرانیبێژی ژن هەیە، بەتایبەتی دەنگی «ئوم کەلسوم» و «فەیرووز» لای ئەو وەک دوو گۆرانیبێژی گەورە و مەزن دەمێننەوە، لە پرسیارێکی تردا سەبارەت بە عەقڵی ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی بنەمای فەندەمێنتالیەتی ئەو عەقڵە شی دەکاتەوە، ئەم دیاردەیەش لە تێکڕای کۆمەڵگای خۆرهەڵاتیدا بەدی دەکرێت، چونکە دەستەیەک هەن هەمیشە لەگەڵ نوستالیژیای بەها کۆنەکاندا دەژین و بڕوایان بەهیچ جۆرە گۆڕانکارییەک نییە و بەربەرەکانێی ئەو هێز و وزە داهێنەرانە دەکەن کە دەیانەوێ بنیادی جێگیری شیعری هەڵتەکێنن و بەشێوەیەکی

هاوچەرخانە شیعر تێکەڵ بە چالاکییەکانی ژیان بکرێت، یان ڕوحی تازەگەری بە نەشئە و درەوشانەوە و کەناڵی نوێ و جیاواز ڕووەو جیهان بکاتەوە، ئەم جۆرە عەقڵە تۆتالیتاری و دۆگمایە مانەندی پاسەوانانی عەمبارەکانی کەلەپوور لە دنیای جوانی و داهێنان دەروانێت و خۆشی توانای شیکردنەوەی تاقە تێکستێکی تێدا نییە، هاوکات دژی خوێندنەوە و نووسین و ئەفراندنە، ئەم دەستە سەلەفییە هەمیشە تانەوتەشەر لە داهێنەران دەدەن و بە نهێنی تاوان و بوختانیان بۆ هەڵدەبەستن.

ئەدۆنیس ئاماژە بە هەوڵ و کۆشش و تێکستە ناوازەکانی هەریەک لە «ئەبوونەواس» و «ئەبووتەمام» و «موتەنەبی» دەدا، تا دەگاتە توێژینەوەکانی «دکتۆر تەها حوسێن» کە چۆن لەرزیان خستە نێو بنیادی شیعر و هزری عەرەبییەوە، لەنێو بەهای چێژی کۆندا بنیادێکی جیاوازیان بۆ شیعر و فیکر دامەزراند، لە هەمان کاتدا ئەدۆنیس ئاماژە بە هەوڵ و کۆششی چەند ڕەخنەکارێکی جیدی دەدات کە توانیویانە لە نێوەندی ئەدەبی عەرەبیدا چەندین لێکۆڵینەوەی قووڵ و ناوازە لە بارەی تێکست و شیعرییەت ئەنجام بدەن، لەوانە «کەمال ئەبوو دیب» و «جابر عصفور» و «عەبدولڕەحمان بەسیسۆ».. هەروەها «محەمەد ئەرکۆن» وەک بیرمەندێک توانیویەتی بە میکانیزمێکی جیاواز دیالۆگ لەگەڵ دەقی یەکەمدا بسازێنێت و کۆمەڵێک دەلالەی نەگوتراو لە بنیادی قووڵ دیاری بکات و تێکست ڕووەو پەیڤین و لێکدانەوە بەرێت، هەروەها سەبارەت بە ئەدەبی دێرینی عەرەبی جەخت لەسەر هەوڵە ڕاڤەییەکەی «مەعەری» دەکات کە لە بارەی تێکستەکانی «موتەنەبی» ئەنجامی داوە و دەڵێت [جگە لەوەش موتەنەبی ترۆپکی شیعری و تەواوکەری شیعرییە، لەدوای ئەو تەعبیرکردن جگە لە«مەعەری» تەواو هەرەسی هێنا، مەعەری دانی بە مەزنییەتی موتەنەبیدا ناوە، کتێبەکەی خۆی کە شیعری موتەنەبی تێدا ڕاڤە کردووە بە [موعجیزەی ئەحمەد» ناوبردووە]. لەلایەکی دیکەوە ئەدۆنیس لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا پێوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات بەم شێوەیە دەبینێت.. [سیاسەت بۆ خۆی بەشێکە لە ڕۆشنبیری، نەک بە پێچەوانەوە، هەرچۆنێک بێ لە کۆمەڵگەی زیندوودا بەهیچ شێوەیەک ڕۆشنبیری وەزیفە نییە، وەک چۆن ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا دەبینرێت، ڕۆشنبیری بۆچوونێکی ڕەخنەیی گۆڕانکارە، هەر دەبێ واش بمێنێتەوە، بەو مانایە دەبێ سیاسییەکان بەدوای ڕۆشنبیراندا بچن، بەڵام بەداخەوە لەنێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا سیاسییەکان هیچ نرخ و سەنگێک بۆ ڕۆشنبیری داهێنەر دانانێن، ئەمڕۆ ڕۆشنبیری عەرەبی ئەوەندەی ناپاکی لە پەیامی ڕۆشنبیری خۆی دەکات، ئەوەندەش قبووڵیەتی بەدوای سیاسییەکان بکەوێت] ئەدۆنیس لە وەڵامی پرسیارێکی تردا لە چەمکی بێ کۆتایی ڕاڤە و لێکدانەوە دەدوێت، پێی وایە پرۆسەی ڕاڤە هەمیشە دوا خوێندنەوە نییە، ئاماژە بە کۆششەکانی «ئەمەدی» و «قوتەیبە» و «جرجانی» دەدا کە خوێندنەوەیەکی کامڵ و کۆتائامێزیان بۆ شیعری جاهیلی نەکردووە، جەختیش لەسەر ئەوە دەکات کە لە خودی دەقی ئایینیدا ئاماژە بە خوێندنەوەی کۆتایی ئامێز و دوا خوێندنەوە نەدراوە، دەقی ئایینی دەڵێ [دەبێ موسڵمان بەردەوام بۆ کتێبی خوا عەقڵ بەکاربهێنێ].. لێرەدا هەمیسان لە هەوڵە قووڵ و جیدییەکانی «ئەرکۆن» دەدوێت و هەوڵە ڕاڤەییەکانی «ئیهاب حەسەن» و «ئیدوارد سەعید»یش لە بواری فیکر و ڕەخنەدا بە بەرز دەنرخێنێت، ئەدۆنیس پێی وایە بە کۆمەڵگەی عەرەبی کۆمەڵگەیەکی بەرخۆرو بەکاربەرە و هیچ شتێک بەرهەم ناهێنێت، چونکە [مرۆڤی عەرەبی خودێکی ڕۆشنبیری نییە تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە تێکەڵی ئەوی دیکە دەبێ] دەشڵێ بۆچی ئەوانە قسە لە شاڵاوی ئامرازی تەکنیکی ئەمەریکی ناکەن، بەڵام پەلە لەوە دەکەن کە ڕەخنە لە شاعیرێک بگرن کە «بۆدلێر»، یان «هۆڵدرلین»، یان «فرۆید» دەخوێنێتەوە، هێرش دەکەنە سەر ئەو ڕۆشنبیرە، بەڵام شاڵاوی ئەوی دیکەی بکوژ لە یاد دەکەن، تۆ بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر ڕۆشنبیری عەرەبی تەواو لە کاریگەری خۆرئاوایی خاڵی بکەیتەوە، ئایا چ دەمێنێتەوە؟ جگە لە ئایین و شیعر، شتێکی دیکەی لێ نامێنێتەوە؛

هەندێ تاکی عەرەبی هەن لە دەرەوەی کۆمەڵگای عەرەبی ئیبداعیان کردووە، هەڵبەتە ئەو کۆمەڵگایانە کەشوهەوایان بۆ فەراهەم کردوون و هانی داون، کەواتە بەرهەمەکانیان سەر بە کۆمەڵگەی خۆرئاواییە.

ئەدۆنیس لە گفتوگۆیەکی تردا بە هەستێکی غەمگین و ئاگرین لە چرکە ئولفەتییەکانی شوێن دەدوێت و پژانی ئەو بۆن و بەرامە هۆگرییەشی دەکاتەوە کە لە کانگای ئەندازەی بیناسازی کۆن و دێرین هەڵدەقوڵێت و لەگەڵ عەتری بیناسازی نوێ لێک جیا دەکاتەوە، [تۆ بەراوردی ئەندازەی بیناسازی کۆن و نوێ بکە، چەند جیاوازی مەزنی تێدا بەدی دەکەیت، ئەوکاتەی بە شەقامێکی قاهیرەی کۆندا گوزەر دەکەیت، هەر تەنیا سەیری ئیستێتیکا بکە، هەست دەکەی گوێت لە هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنی تەمەن و ئەندازەی ئەو شوێنەوارە ڕەنگرێژکراوە دەبێ، بەڵام کاتێک دەچیتە شەقامێکی نوێ، جگە لە ئامێر و خێرایی و ئیستهلاک کردن و وەزیفەکاری شتێکی دیکە بەدی ناکەیت، سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ جیهانی کۆن تەواو جیاوازە] ئەدۆنیس لە دیالۆگێکی تردا لە درەوشانەوەی شیعری دەدوێت و پێی وایە ئەگەر بواری بوایە قەسیدەکانی دادەڕشتەوە، دەڵێ قەسیدەیەک دووبارە نانووسمەوە، بەڵام ڕەنگە پارچەیەکی لێ لابەرم، یان بۆی زیاد بکەم، چونکە شیعر لای ئەدۆنیس کارێکە و بەردەوام لە کرانەوەدایە و کۆتایی نایەت، دوای مردنی خاوەنەکەشی هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

پێشی وایە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەب ئەوەندەی بایەخ و گرنگی بە دەوروبەر دەدا، ئەوەندە بایەخ بە جەوهەری شیعریەتی قەسیدە نادا، ڕەخنەکارەکان زۆرتر بیروبۆچوونیان لە چەند ڕستەیەکی ساکاردا چڕ دەکەنەوە، وەک ئەمە نیشتمانپەروەرە، ئەمە خاکەکەی خۆش دەوێ، ئەو خاکەکەی خۆش ناوێ، کۆمەڵێک ڕەخنەی قوتابخانەیی و ساکارن، گرنگ ئەوەیە ڕەخنەی ئەدەبی زمانی شیعری و ئاست و پێوەندییە ئیستێکییەکانی جیهانی تێکست شی بکاتەوە و ئەمەش پێویستی بە باکگراوندێکی مەعریفی و ڕوح و سەلیقە و زەینێکی کراوەی ڕەخنەیی هەیە، کە من ئەوانەی لەنێوەندی ئەدەبی عەرەبیدا ئەم کارە جیدیانە ئەنجام دەدەن، پێشتریش ئاماژەم بە کارە قووڵەکانی «کەمال ئەبوودیب» و «جابر عصفور» و «عەبدولڕەحمان بەسیسۆ»دا.. کە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوی ڕەخنەیی جوانیان نووسیوە.. ئەدۆنیس لە وەڵامی بابەتێکی تردا پێوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان هونەرەکاندا دەدۆزێتەوە، بە تایبەتی شیعر و شێوەکاری و بیناسازی و سینەما، دەڵێ من یەکەم شاعیر بووم قەسیدەی شێوە ڕەنگرێژکراو و پێکهاتەی بینائامێزم نووسی، ئەدۆنیس داوای قەسیدەی تۆڕئامێز و ئەو قەسیدەیە دەکات وەک درەخت ڕەگەکانی بە هەموو لایەکدا درێژ بێتەوە و دەڵێ قەسیدەی تەواو لە شاشەی سینەما دەچێ، کە لەیەک ساتدا بۆچوونێک و نموونەیەکی شێوەکاری و مۆسیقا و دەنگی و ئاوازئامێزت لە ڕێگەی هەمان گفتوگۆوە پێ دەبەخشێ، بەم جۆرە حەز و خولیاکانی دەخاتەڕوو.. حەز لە سینەمای ئیتاڵی فلیتی و بازۆلینی دەکەم، هەندێ لە فیلمە ژاپۆنییەکانم پێ خۆشە، بەڵام سینەمای عەرەبی بە تەواوی ناناسم، هەروەها حەز لە مۆسیقای کۆنی عەرەبی دەکەم بە تایبەتی ئامێری «عوود» و هەندێ جاریش «نای»، بۆیە مۆسیقای ئێرانی و تورکیشم خۆش دەوێ، سەبارەت بە پایتەختە عەرەبییەکان دەڵێ: بەیرووتی کۆن کۆتایی هات، چاوەڕێی لە دایک بوونی بەیرووتی نوێ دەکەین، بەڵام جیاوازی بەیرووت لەگەڵ پایتەختەکانی دیکەی عەرەبی ئەوەیە کە بەیرووت وەک قەسیدەی کراوە بەردەوام دەشێ بینووسی، بەڵام هەست دەکەم شارەکانی وەکو دیمەشق و بەغدا و قاهیرە تەواو بوونە، وەک ئەوەی داخراوبن وایە، لە بارەی «پاریس»یشەوە دەڵێ: شارێکە بەسەری ئەوانی دیکەدا دەکرێتەوە، ڕەنگە لە دنیادا نموونەی نەبێ. ئەدۆنیس لە بواری ژانرە ئەدەبییەکاندا جەخت لەسەر ڕەگەزی بەهرە دەکات و دەڵێ نووسینی دەقی شانۆیی بەهرەیە، ناشێ کەسێ بەهرەی نەبێ بینووسێ و من بۆخۆم خوازیاری ئەوە بووم کە ڕۆمان بنووسم، بەڵام بەهرەی ڕۆمان نووسینم تێدا نییە، من ئێستا تێکەڵەیەک لە گێڕانەوە دەنووسم، بەڵام ئایا ئەوەی دەینووسم ڕۆمانە؟

من دەڵێم نەخێر، بۆیە ئەوەی دەینووسم بە [هن، هي، انت]-[نشيد لتحية الجد] ناو دەبەم، هەروەها ئەدۆنیس ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بە ڕۆڵی پۆلیس لە قەڵەم دەدات و دەڵێ: لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا ڕۆشنبیر لە بەرانبەر هاوکارە ڕۆشنبیرەکەی خۆیدا لە سیاسییەک، یان عەسکەرییەک توندترە، بەگشتی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە دەسەڵات پیس دەکات و ڕاپۆرت دەنووسێ و هێرش دەکاتە سەر هاوکارەکانی خۆی، هیچ کاتێک پۆلیسێک نایەت کتێب بخوێنێتەوە و بڕیاری قەدەغەکردنی دەربکات، ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە و بڕیاری قەدەغەکردنی دەدات ڕۆشنبیرە.

ئەدۆنیس لە دیالۆگێکی تردا لە بارەی جیهانی شێوەکاری دەدوێت و ئەو پێوەندییە هونەرییەشی دەخاتەڕوو کە لەگەڵ کۆمەڵێک نیگارکێشی عەرەب هەیبوو و هاوکات کۆمەڵێک کاری وێنەیی بۆ شیعرەکانی ئەنجام داوە لەوانە شەفیق عەبوود، محەمەد عومەر خەلیل، مەروان زیاد دەلوول، سەلیم عەبدوڵڵا و زۆرانی تریش، پێی وایە [نیگاری عەرەبی بە پێچەوانەی ئەوەی بیری لێدەکەینەوە، زۆر دەوڵەمەندە، ڕەنگە زۆر لە شیعری عەرەبی دەوڵەمەندتر بێت].

ئەدۆنیس سەرەڕای ئەوەی لە پرۆسەی شیعریدا سوودی لە فەزا و پێکهاتەی شێوەکاری وەرگرتووە، کۆلاژکاریشی ئەنجام داوە، کە بە [ڕەقیمە] ناوی دەبات و بریتییە لە لاپەڕەیەک لەیەک کاتدا نووسین و ڕەنگ و وێنەی تێدا بدۆزیتەوە، یان فەزایەکە و دەلالەت لە ڕەنگ و شێوە و نووسین دەکات، چونکە هونەر و شیعر بەتەواوکەری بوون و مرۆڤ دەزانێت و هونەری ڕەقیمەش بە کرانەوەیەکی نوێ لە قەڵەم دەدات کە بەرەو پێوەندییەکی تازەی نێوان وشە و شتگەلەکان ئەنجام دەدرێت. ئەدۆنیس دەڵێ من لە منداڵیمەوە فێریان کردم کە جوانی خەت دەلالەت لە جوانی نووسین دەکات، ڕەقیمە وەک کۆلاژکاری و پێکهاتە سازییەک لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵێک کەرستە و ئامراز و شتگەلی بێ کەڵک و نرخ و بەهای دەلالی پێکدێت، بەڵام کاتێ کەرستە و شتگەلەکان دەکەونە فەزای ڕەقیمەکاری، مانا و دەلالەی تایبەت و ئیستێتیکی وەردەگرن، بەڵام لێرەدا ئەدۆنیس دەیەوێت جۆرێک لە جیاکاری لەنێوان خودی وشە و ئەو کەرستە و کەلوپەلانەدا دیاری بکات، چونکە شاعیر لە پرۆسەی نووسیندا هەوڵ دەدات وشە لە ناوەڕۆکە کۆنەکەی بەتاڵ بکاتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو پێوەندیگەلەی لە فەزای تێکستدا دایدەمەزرێنێت، کەچی کەرستەکانی ڕەقیمە لە بنەڕەتدا بریتین لە کۆمەڵێک شتگەلی داڕماو و لە چەمک و مانا داماڵراو، واتە ئەدۆنیس لەم گەمە پێکهاتەسازی و شیعرییەدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی کەرستە و ڕەنگ و وشەوە فۆرمێک لە هاوسەنگی و هەماهەنگی بخوڵقێنێت، کە هەڵگری کۆمەڵێک مانا و دەلالەی جیاوازە، ئەدۆنیس دەڵێ [هەندێ جار کیسەیەک دێنم و پاشماوەی پارچە کانزا و قوماش و پەت و داری تێدا کۆدەکەمەوە، خەڵک بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە سەیرم دەکەن، وەک ئەوەی شێتێک ببینن، بەڵام من بەبێ ئەوەی حیسابیان بۆ بکەم بەدوای بەرهەمەکانم دەکەوم، ئەوەش زێتر دووچاری سەرسوڕمانیان دەکات، بەڵام هەموو شتێک بە چاکی بەڕێوە دەچێت، بەرهەمهێنانێکی بەچێژی لێدەکەوێتەوە] ڕەقیمە لای ئەدۆنیس گەڕانە بەدوای شێوەی ئازاد و یارییەکی ئیستێتیکیدا [چونکە ئێمە ئەگەر کەمێک یاری نەکەین، هەرگیز ناتوانین بەڕاستی دەست بە نووسینی قەسیدەیەکی نوێ بکەین]، بەڵام یاری بە وشە و جێگۆڕکێ بە کایەکانی مانا و ترازاندنی چەمکی زەمانی، پێویستی بە ڕوحێکی شیعری و ئیکسیری و ئەفسوونکارانە هەیە، واتە ڕوحێکی مەست بە ئاگری عیشق و هەستی ئیستێتیکی بتوانێت لە دەرەوەی هاوکێشەکانی عەقڵ و لۆژیک جەستەی تێکست لێوانلێو بکات لە پرشنگە شینەکانی ڕوحی شیعرییەت.

ئەگەر پرۆسەی شیعری دەستکردانە ئەنجام بدرێت، واتە جیا لەو حاڵەتەی ئاماژەمان بۆ کرد [ڕەنگە لەو حاڵەتەدا وشەکان زیندوێتی خۆیان لەدەست بدەن و هەر تەنیا وەک بەرد بمێننەوە] لە دیالۆگێکی تردا دەڵێ: ئەدەبی گەورە ڕووناکی بەخشە، کەشف دەکرێ و بەدوای نادیاردا دەگەڕێت، هەروەها لە ڕۆڵی «ئەنتوان سەعادە» و زمانی شیعری «سەعید عەقڵ» و «بەدەوی

ئەلجەبەل» دەدوێت کە چۆن لە قۆناخێکی شیعریدا کاریان تێ کردووە، (ئەنتوان سەعادە) جەختی لەسەر فیکرەی کۆمەڵگەی مەدەنی و لێک جیا کردنەوەی ئایین و دەوڵەت دەکردەوە، وەک لە یادەوەرییەکانی (ئەدۆنیس)دا دەردەکەوێت لە سەرەتاوە مەیلی جیاوازی و دوورەپەرێزی تێدا ڕسکاوە، [هەر لە سەرەتاوە خۆم لە دەرەوەی کۆمەڵ دەبینییەوە، هەرچەندە لەگەڵیاندا دەڕۆیشتم.. بەڵام تێکەڵیان نەدەبووم].

پاشان لە هەمان گفتوگۆدا لەمەڕ مانا و قەسیدە بابەتێک دەوروژێنێت و پێی وایە مانا قەسیدە دیاری ناکات، مانا دەبێ کەشف بکرێت، هەروەها پێی وایە لە شیعری عەرەبیدا مانا وەک بابەتێکی پێشینە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەم حاڵەتەش تاڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە سرووتی شیعری و ڕەگەزی شیعرییەتەوە هەیە، چونکە فیکری ئامادە و پێشوەخت کردەی شیعری دەخاتە خانەی عەقڵی و لۆژیکییەوە، کەواتە دەکرێ هزر بەو پڕشنگە ڕەنگاوڕەنگانە بچوێنرێت کە لەکاتی چرکەی نووسیندا بەبێ هیچ پلان و نەخشەیەکی پێشینە ئاوێتەی نائاگایی زمان دەبێت و لە شێوەی برووسکە و شەبەنگ لەمیانی بنیادی قووڵی تێکست و ناکۆییەکانی ڕستەوە دەدرەوشێت، هەر لەبەر ئەمەشە هەمیشە مانا لە دووتوێی دەقدا کەشف دەکرێت، بەتایبەتی خوێنەری شەیدا دەتوانێت ڕەهەندەکانی مانا و چەمکی دەلالە نەگوتراوەکان بدۆزێتەوە و جیهانی تێکست بەرەو پەیڤینێکی بێ سنوور ببات، چونکە فەزای تێکست جەستەیەکی زیندووە و لێوان لێوە لە پڕشنگ و ڕووناکی ئیستێتیکی و دەلالی، چونکە خودی شاعیر لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەردەوام و تێڕامانی بەردەوامەوە هەستی جوانی و نیگەرانی ئەنتۆلۆژی و دنیابینییە قووڵەکانی دەنووسێتەوە، بۆیە ئەدۆنیس پێی وایە [دەبێ شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە درێژە بەجوانییەکان بدات، بۆ ئەوەی تازەگەر بین، دەبێ بەشێوەیەکی ورد و بەرفراوان مەعریفەمان لە بارەی ڕابردوو و ئیبداعەوە هەبێ، من ئەمڕۆ وەک شاعیرێک ئەگەر موتەنەبیم خۆش بوێ، نابێ وەک ئەو بنووسم، بەڵکو بەشێوەیەکی جیاواز دەنووسم، تاکو زمانی شیعری عەرەبی دەوڵەمەند بکەم] لە بارەی گۆڤاری «شیعر» و «مواقف»ەوە دەڵێ: من کە گۆڤاری شیعرم جێهێشت گۆڤاری «مواقف»م دامەزراند، تاکو ڕەهەندێکی دیکە بە قەسیدە ببەخشم، ڕەهەندێک جیاواز بێ و جیابێ لە مەسەلە هونەرییەکان. بەو وەسفە قەسیدە مەعریفەیە کە کەشف دەکرێ، تۆڕێکە هەموو زانیارییەکانی لەخۆ گرتووە...

لەگفتوگۆیەکی تردا ئەدۆنیس پێی وایە تەقینەوەی زمان وێرانکردنی زمان نییە، بەڵکو [تەقینەوەی زمان واتە دروستکردنی پێوەندی نوێ لەنێوان وشە و وشە و وشە و شتەکان، هەروەها وشە و خوێنەر]ە، یان سەبارەت بە هەمان بابەت دەڵێ [ئەگەر شاعیر خاوەنی ئەزموونێکی حەقیقی بێ، دەبێ ڕێگایەکی نوێی بۆ تەعبیرکردن هەبێت، ڕێگای نوێی دەربڕین، دەلالەت لە ئەزموونی نوێی شاعیر دەکات].

واتە تەقینەوەی زمانی شیعری پابەندی هەڵدانی چرکەساتی زمانییە، کە تێیدا «منی شیعر» لە ڕێگەی دەربڕین و یارییە شێوازییەکان ڕستە و دەستەواژەی ناوازە بە ناوکۆیی و پێوەندی گەلێکی جیاواز هەڵدەدات، هاوکات تەقینەوەی زمانی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزی شیعریەتەوە هەیە، چونکە تەقینەوەی زمانی ئەوکاتە کاریگەرە کە هەڵگری کۆمەڵێک حاڵەتی لادان و ترازانی زمانی و هەستی خەتەرناکی شیعری و پێوەندیگەلێکی درەوشاوەی بنیادییە، ئەگەر تەقینەوەی زمانی لە دەرەوەی شیعرییەت و دوور لە دنیای نائاگایی منی شیعرەوە ئەنجام بدرێت، کردەی نووسین پێوەندییە ئیستێتیکی و دەلالییەکانی نێوان وشە و ڕستە و جموجووڵە شیعرییەکان لە دەست دەدات و شیعر لە دووتوێی فۆرمێکی دەستکرددا بە کۆمەڵێک ڕستەی ئاڵۆزی دەستکرد ئاوزینگ دەدات، لە ڕوویەکی دیکەوە تەقینەوەی زمانی پێوەندی بە بەهرەی شیعری و ئەزموونێکی قووڵەوە هەیە، لە دیالۆگۆکی تردا جەخت لەسەر ڕۆشنبیرییەکی نوێی شیعری دەکات، پێی وایە لە کۆمەڵگەیەکی سانسۆرئامێزی عەرەبیدا، ڕۆشنبیری نوێ بوونی نییە، چونکە کۆمەڵگەیەکە لەسەر کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای جێگیری ئایینی و سیاسی بنیاد نراوە، هەر بیرمەندێکیش

دەست بۆ ئەو بنەمـــایانە بەرێت بەتاوانبـــار لە قـــەڵەم دەدرێت. ئەدۆنیس زۆر بە وردی لە ئەدگـار و پێکهـاتەی کـۆمـەڵگەی عـەرەبی دەدوێت و دەڵێ هەمـوو دەزانن کـە دەق هەرچەندە مـەزن بێ کـاتێ بە عـەقڵێکی بچووکدا گوزەر دەکات بەپێی ئەو عەقڵە بچووک دەبێتەوە. لە وەڵامی پرسیارێکدا خۆرئاوا بۆ چەند بەشێک پۆلێن دەکات، وەک خۆرئاوای عەسکەری، سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری [کاتێک ڕەخنە لە خۆرئاوا دەگرین، ڕەخنە لە خۆرئاوای عەسکەری و ئابووری دەگرین،.. ئەو نە عەرەب دەناسێ، نە پێوەی پەیوەستە و نە بایەخ بە ڕۆشنبیری عەرەبی دەدات] ئەدۆنیس دەڵێ پێویستە سیاسەتمەدار و ئابووریناس و عەسکەرییەکانی عەرەب بایەخ بەم خاڵە بدەن و بگەنە ئەو دەرەنجامەش کە بواری ئابووری و عەسکەری و سیاسی بەشێکە لە ڕۆشنبیری، چونکە عەرەب هەموو شتێک بە بەشێک لە سیاسی دادەنێن، واتە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا ڕۆشنبیری پەراوێز خراوە و لە خزمەتی سیاسەتدایە.

لە گفتوگۆیەکی تردا لە بەرهەمی چەند ڕەخنەکارێک دەدوێت کە لە بارەی تێکستەکانییەوە نووسراون، دەڵێ بەداخەوە جارێ کتێبەکەی «محەمەد مفتاح»م نەخوێندۆتەوە، بەڵام کتێبی «شیعر و وجود»ی «عادل زاهر» ، لە دنیای ڕەخنەی شیعری عەرەبیدا نموونەیەکی دەگمەنە و بە ڕەوت و ڕێچکەیەکی هایدگەری نووسراوە، بەڵام دکتۆر عەبدوڵڵا غوزامی لە کایەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری دا کاردەکات، من بە تەواوی لەگەڵی جیاواز دەکەومەوە. ئەو ڕەخنەیەک دەنووسێ بەناوی «منی دەرەوە» واتە ئێمە، گەل، جەماوەر، کۆمەڵ، یان پەیوەستبوون بە ئایین و سیاسەت و ناسیۆنالیزم، عەبدوڵڵا غوزامی بە ڕەخنە ئایدیۆلۆژییەکەی یەکەم جار بە کوشتنی شیعر و شیعرییەت دەست پێدەکات و دەقی شیعری بەرەو بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتی دەگوێزێتەوە، واتە هەموو ئەوانەی کە شیعرییان لەسەر وەستاوە پشتگوێی دەخات و ئەو بە ئامراز و ڕێبازی ناشیعری قسە لەسەر شیعر دەکات و لە کۆتاییدا وەک فەقێیەک، یان وتارخوێنێکی مزگەوت دەردەکەوێ. لە پرسیارێکی تردا ئەدۆنیس بە ڕوانگەیەکی هیراکلیتسی لە گۆڕان و نوێبوونەوە دەدوێت و ئەو هەمیشە وەک گومانکارێک سەیری جیهان دەکات و پێشی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووە، چونکە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، بەو مانایەش مرۆڤ ناسنامەیەکی ئامادە و پێشتر و هەتا هەتایی نییە، ناسنامەی ئامادە ناسنامەی شتە بێ جووڵەکانە، ئەو بۆچوونەی ئەدۆنیس سەبارەت بە شوناس بۆچوونێکی دریدایییە و ناسنامە پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەچالاکییەکانی هۆشیاری و کرانەوەی زەینییەوە هەیە، ئەگەر شوناس لە چوارچێوەی دیاریکراودا گیر بخوات دووچاری ڕەگەزپەرستی و مەرگ دەبێتەوە، بۆیە تێکستی کراوە کە هەڵگری کۆمەڵێک کەناڵی جۆراوجۆری ئیستێتیکی و دەلالییە بەرهەمی زەینی کراوە و شوناسی کراوەیە، چونکە زەینی داخراو هەمیشە بە شوناسێکی داخراو و بیرکردنەوەیەکی داخراو لە کووچەیەکی داخراوی لۆکاڵیدا دەخولێتەوە.

لە بابەتێکی تردا ئەدۆنیس دەڵێ [خەسڵەتەکانی شیعر ئەوەیە لە قەیراندا بێت، دواتر هەر ئەو قەیرانەیە شاعیر دووچاری دڵەڕاوکێ دەکات ئەو دڵەڕاوکێیەش شاعیر وا لێدەکات بەردەوام ئارەزووی تەجاوزکردنی خۆی هەبێت]. لەلایەکی دیکەوە ڕەوشی شیعری عەرەبی بە بەشێک لە شیعری جیهانی لە قەڵەم دەدات و پێشی وایە شیعر ناشێ بپووکێتەوە، چونکە وەک خۆشەویستی و مەرگ بەشێوەیەکی گەردوونی بەمرۆڤەوە پەیوەستە، پاشان جەخت لەسەر فەردانیەتی شاعیر دەکاتەوە و پێویستە شاعیر دنیابینی تایبەت بەخۆی هەبێت و تا بتوانێت بە تەواوی لەوانی دیکە جیا بێتەوە، ئنجا دەڵێ حەز ناکەم کەس لاساییم بکاتەوە، یان بکەوێتە ژێر کاریگەریمەوە، لە پرسیارێکی تردا دەڵێ نیشتمان هەر تەنیا سیستمێک نییە، یان دەوڵەت، یان جوگرافیا، بەڵکو مرۆڤ و ئازادییەکانی مرۆڤ و مافەکانیەتی، بۆیە هەست دەکەم نیشتمانی ڕاستەقینەم لە زماندایە، ئەگەرچی خەیاڵی دەکەوێتەوە.. هەست دەکەم نیشتمانم ئەو زمانەیە کە پێی دەنووسم.. سەبارەت بە کۆمەڵگەی عەرەبیش دەڵێ: ئەگەر کۆمەڵگەی عەرەبی لە کاریگەری خۆرئاوا بە تاڵ

بکەینەوە چی لێ دەمێنێتەوە؟ ئێمە توانای گفتوگۆی ئەوی دیکەمان نییە تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە لەگەڵ ئەو جیاواز دەکەوینەوە.

ئەدۆنیس لە دیالۆگێکی تردا سەبارەت بە بوونی ئافرەت لە خەیاڵ و دنیای شیعردا ئاماژە بە گوفتارێکی «محیّدین کوڕی عەرەبی» دەدا، کاتێ دەڵێ: [بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ڕەهایی بگات، واتە بگاتە خواوەند، پێویستە بە مێینەدا تێپەڕێت].

ئەدۆنیس ئەم گوتەیەی ئیبن عەرەبی بە چەمکێکی ئیرۆتیکی شیکار دەکات، واتە جۆرێک لە یەکسانی و هەماهەنگی لەنێوان نێرومێدا دروست دەکات و هەڵبەتە ئەم بۆچوونە خۆی لە خۆیدا دژی دەسەڵاتی باوکسالاری دەکەوێتەوە، کە تێیدا نێرینە هەمیشە هەوڵی زاڵبوون و داگیرکردنی مێینە دەدات، پاشان بەمێینەکردنی شوێن کە ئیبن عەرەبی جەختی لەسەر دەکاتەوە جۆرێک لە خەون و جوانی و چێژ و شیعرییەت دەخوڵقێنێت، «ڕۆلان بارت» بە هەمان بۆچوون لە زمان و چەمکی شیعرییەت دەڕوانێت و کردەی بەمێینەکردنی جەستەی تێکست و زمان بەچێژ و خۆشی و کردە ئیرۆتیکییەکانەوە گرێ دەدات، بەم جۆرە ئەدۆنیس پێی وایە [بەو پێیە خودی پیاو، یان نێرینە دەبێت بەمێینە موتوربە کرابێت، دەبێت مێینەش بە بەشێکی نێرینە موتوربە کرابێت، چونکە یەکبوونێکی بنەڕەتی لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەدا هەیە]، یان بەشێوەیەکی تر نزیک کردنەوەی ئەنیما و ئەنیمۆس لە جەستەیەکی پڕشنگداری شیعریدا، چونکە ئافرەت لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتیدا پەراوێز خراوە و مانەندی شتگەل مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە ئەدۆنیس تەنیا وەک جەستە لە ئافرەت ناڕوانێت، بەڵکو لای ئەو ژن ئەو قووڵاییە نادیار و گەردوونییەیە کە لە پرۆسەی شیعردا بەدوایدا وێڵە، ئەدۆنیس دەڵێ [ئافرەت بەشێکە لە نهێنی دنیا، کە خۆشبەختانە هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە] لە پرسیارێکدا بۆچی هەتا ئێستا عەرەب بەچاوی سووک لە ژن دەڕوانێت؟ ئەدۆنیس دەڵێ: لەو بڕوایەدام هۆی سەرەکی ئەوە بۆ ئەو ڕۆشنبیرییە دەگەڕێتەوە کە بە چاوێکی سووکەوە سەیری ژنی کردووە تەنیا وەک بەرهەمێک بۆ زاوزێ کردن دەیبینێ، پاشان هەر خۆی پرسیارێک دەکات و دەڵێ.. من خۆم سەرم لەبەردەوامبوونی ئەم جۆرە ڕوانینە سوڕدەمێنێت و دەپرسم.. ئەگەر بێتو بە ڕاستی ژن شوێنی گوناه بێت ئەدی چۆن پێغەمبەر و پیاوی پیرۆز و مەزنی لێ لە دایک بووە. ئنجا دەربارەی خۆشەویستی دەڵێ: خۆشەویستی پێوەندی بە تەمەنەوە نییە، کردەی خۆشەویستی دەشێ لە قووڵاییدا بێت، وەک ترۆپکی پێوەندییەکی هەمەجۆر و ئاڵۆزی نێوان دووکەس، پاشان جەخت لەوە دەکات و دەڵێ من هەرگیز دژی کردەی سێکسی نیم، بە پێچەوانەوە، بەڵام سێکس بەبێ دۆستایەتی، یان ناسینێکی قووڵ، هیچ بەهایەکی نییە، واتە دەبێتە سێکسێکی ئاژەڵیانە و دەکەوێتە دەرەوەی جیهانی مرۆییەوە.

لە دیالۆگێکی تردا لە سۆز و خۆشەویستی دایک دەدوێت و دەڵێ: پێوەندیم بە دایکمەوە وەک پێوەندیمە بە سروشت، ناتوانم دەمەتەقێی لەگەڵ بکەم، لەبەر ئەوەی وەک گوتم نەخوێندەوارە، ئەو خانمە جووتیارە، ژنە جووتیارێکە هەر هەموو شتەکانی سروشتی تێدایە.. ئەدۆنیس لە دیالۆگێکی تردا دەیەوێ بیسەلمێنێ کە «عەبدوڵڵا غوزامی» ئیمامی مزگەوتە نەک ڕەخنەگر، دەڵێ تۆمەتەکانی بۆ من، هەروەها تاوانبارکردنی «نزار قەبانی» بە نێرایەتی و نێوزەدکردنی تازەگەرێتی ئێمە بە کۆنەپەرستی، ئەمانە گشتی ئەوە دەسەلمێنن کە غوزامی کابرایەکە ڕووکارانە ڕەخنە لە داهێنان دەگرێت و تا ئێستا نەیتوانیوە خۆی لەو چوارچێوە تەقلیدی و دۆگماییە ڕزگار بکات، واتە غوزامی بەدەستەواژەیەکی ئامادە کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە لە جیهانی بەرفراوانی تێکست دەڕوانێت بۆیە ئەو [منی تاک و منی مرۆیی بۆ لێک جیا ناکرێتەوە].. لەبەر ئەوەیە من ئەو وەک ئیمامی مزگەوت دەبینم تا ڕەخنەکارێک، چونکە ئەدۆنیس وەک فەزایەکی کراوە و ئاسۆیەکی بێ کۆتا لە شیعر دەڕوانێت کە هەمیشە هەوڵی لابردن و تێکشکاندنی ئەو ئاستەنگانە دەدات کە لەنێوان کولتووری شیعری خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتیدا دروست کراون، خوێندنەوە و کاریگەری هەردوو لاش بە ڕەوا دەزانێت، [زۆر لە ڕەخنەگران قسەیان لە کاریگەری خۆرئاوا کردووە، بە پێچەوانەوە

ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی خۆرئاواش بە شیعری عەرەبییەوە کاریگەرن] هەروەها دەڵێ: [شیعر فەزایەکی کراوەیە، وەک هەوا، هەر شاعیرێک هەوای مەوجوودی دنیا هەڵنەمژێت، لەو دنیایە دابڕاوە] ئەدۆنیس لەم گفتوگۆیەدا جەخت لەسەر ئاگایی شاعیر دەکات دەبێ شاعیر ئاگاداری تێکستە دێرینەکان و بزاڤی ئیستێتیکای دێرینی زمان بێت ئنجا دەتوانێت تێکستی نوێ و ئیستێتیکایەکی نوێی زمانی بخولقێنێت، چونکە [شیعر مێژوو دەبڕێت، مێژوو دەبێتە بەشێک لە شیعر] ئاگایی شاعیر ئەگەر بەخودی تاک پەیوەست بکرێت، یان بە خودی دەستەجەمعی گرنگترین هۆکارێکە بۆ پێشخستن و کرانەوەی کایە و کەناڵەکانی ناسنامە و زەینی شیعری، ئەدۆنیس لە گفتوگۆیەکی تردا بابەتی شیزۆفرینیای زمانەوانی دەورووژێنێت، [منداڵ لە ماڵەکەی بە زمانێک قسە دەکات کە دەچێتە قوتابخانە دەچێتە زمانێکی دیکەوە] مەبەستی لە زمانی پەتی و زمانی ئاساییە، پێی وایە ئەم حاڵەتە جۆرێک لە شیزۆفرینیای ڕۆشنبیری دروست دەکات. هاوکات پێی وایە هەڵە لە خودی زماندا نییە، بەڵکو لەو عەقڵەدایە کە زمانەکە بەکاردەهێنێت، کەواتە کێشەی ئێمە لەگەڵ وزەی ئیبداعییە، واتە ئەو هێز و وزە شاراوەیەی کە پەیوەستە بە ئەفراندن و بنیادنانەوە، هەروەها دەربارەی بەکارهێنانی هەردوو زاراوەی «ئیستێتیک و دینامیک» دەدوێت و دەڵێ لە ڕێگەی ئەوانەوە لە چنگی میتود دەربازم دەبێت و ئازادییەکی تەواوم پێ دەبەخشن، بۆیە من هەتاکو ئێستا مەیلی بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوەیە دەکەم.

ئەدۆنیس لە دیالۆگێکی تردا پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان زمان و واقیعدا دەبینێت، پێوەندییەکی وا تۆکمەیە زۆرجار لە یەک جیا ناکرێنەوە، واتە لە ڕووی ئاڵۆزی و ئاوێتەیی و پێکهاتەی چینە جۆراوجۆرەکانەوە جۆرێک لە هاوتایی و هاوبەشی کۆیان دەکاتەوە، واتە [واقیع ئەوەندە ساکار نییە تاکو زمان ساکار بکەوێتەوە، واقیع ئاڵۆز و ئاوێتەیە و لە چەندین چینی جۆراوجۆر پێکهاتووە] ، بەڵام شیعر چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی گوزارە و وزەی زمانییەوە هەڵگری ئەو ئاڵۆزییانەی واقیع بێت، ئەمەیان کێشەی چۆنیەتی دەربڕین و وێناکردنی ڕوحی شیعرە کە ئاوێتەی کێشە ئاڵۆز و ئاوێتەکانی واقیع دەکرێت، هەڵبەتە ڕوحی شیعر لەنێو ڕوحی زماندا نیشتەجێیە، یان بە پێچەوانەوە، ئەدۆنیس لە خاڵی هاوبەش و ئاڵۆزی نێوان واقیع و زمانی دەربڕین لە خاڵی بەیەک گەیشتنی خوێنەر و تێکست دەدوێت و دەڵێ [ڕەنگە وزەی زمان و بەرزی و دەوڵەمەندی زمان خەیاڵێک بە خوێنەر ببەخشێت، خەیاڵێک کە واقیع تەواو پەردەپۆشی دەکات] ، ئەمەش ئاماژەیەکی شاراوەیە بۆ ئەو مەودا هەڵپەسێندراوەی نێوان واقیع و زمان کە ڕوحی شیعر بە تێکڕای کردە و هەڵچوونە ئیستێتیکییەکانی کارە زمانی و دنیابینییەکانی تێدا ئەنجام دەدات. لەلایەکی دیکەوە ئەدۆنیس جەخت لەوە دەکاتەوە کە [واقیع بۆ خۆی تەمومژاوییە، کاتێک شاعیرێک دەیەوێت بە ساکاری و ڕووکارئامێزانە بیخاتە ڕوو، وەک ئەوەیە کە ناپاکی لێبکات] ، پاشان ئەدۆنیس ئەم پرۆسە شیعرییە بە ئەزموونی مەزنی شیعری دەبەستێتەوە، بۆیە سەبارەت بە کۆمەڵگەی عەرەبی دەڵێ [من پێم وایە لەنێو عەرەبدا بەهرەی شیعری زۆر هەیە، بەڵام ئەزموونی مەزن لە شیعردا کەمە] لە وەڵامی پرسیارێکی تردا [شیعر] بە ئاگاییەکی ڕەمەکی نێو جەستە و عەقڵی مرۆڤ دەچوێنێت و پێی وایە شیعر وەک خۆشەویستی و باو ڕووناکی و خۆر وایە، ئەم دەربڕینەی ئەدۆنیس ڕیتمە خۆڕسکی و ڕەمەکییەکانی داڕژانە غەریزییەکانی شیعر و پەخشانە شیعرەکانی «ڕامبۆ»مان بیر دەخاتەوە، کە چۆن شیعر لە ڕێگەی جووڵە و جموجووڵە لەخۆوەکانی زمانەوە گوزارە لە بوون و جوانی و مەرگ و زەمەن و حەز و ئارەزووە ئاڵۆسکاوەکانی ویستی مرۆڤ دەکات و بە مۆسیقای ئیقاعە غەریزییەکانی لە گزنگی خۆر و پشکۆکانی ئەڤین و هەڵکردنە لەناکاوەکانی سروە و درەوشانەوە سەرسوڕمێنەکانی جوانی دەکات، یان بەشێوەیەکی تر ئەم ئاگاییە ڕەمەکییە بەشێکە لە ڕوحی «لۆگۆس» کە کردە ئاڵۆسکاوەکانی گەردوونی بێ سنوور بەڕێوە دەبات، لێرەوە نووسینی دەستکرد و شیعری عەقڵانی کە هەڵگری ئامانجگەلێکی فێرکاری و پەروەردەیی و

ئایدیۆلۆژییـه بوونی خـۆی لەدەست دەدا و شیـعر لەڕێگەی ئەو ئاگاییە ڕەمـەکـیـیـەوە لە فـەزای دەربڕینە جۆراوجۆرەکانی زمانەوە بانگەشەی جوانییەک دەکات تێکەڵ بە چرکەی بێ کـۆتایی نیگەرانیـیـەکـانی ئەنتۆلۆژی و هەستێک لێوان لێو لە غـەمگینی و کـامـەرانی، کـەواتە شـیـعـر لەو گـەمـەی ئاگـاییـە ڕەمـەکـیـیـەیدا هەڵگری هیچ جـۆرە پەیامێکی لۆژیکی و عەقڵانی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی وێنـاکـــردن و وروژاندنـی پـرســـــیـــــــارە وجــوودییــەکـانەوە نیگەرانیـیـە قـووڵەکـان بەهەسـتـێکی لەزەتاوی دەورووژێنێت و خوێنەر بەسەرسامی و ڕاڕایی و گـومـانەوە بیـر لە بوون و خـود و دەوروبەر و چێـژە ناوازەکـان دەکـــاتەوە، یان بەدوای ئەو چرکــە ئارامی بەخشـانەدا دەگـەڕێت کـە لە پڕشنگی جـوانی و چرکـەسـاتەکـانی عـیـشق و هۆگـریدا دەیاندۆزێتـەوە، بۆیە ئەو ئاگـاییـە ڕەمـەکـیـیـە لای ئەدۆنیس [ توانای ئەوەی هەیە کـە لەگەڵ هەمـوو شـتـەکاندا هاوسـەنگ بێتەوە، لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت بە ستوونی دابەزێ و هەمـوو شتەکان ببـڕێت، جگە لە سـیـسـتـم و دامـەزراوەکـان نەبێت، چونکە ئەوان لە زەمـــەنـی ســوودگــەراییـــدا «پراگــمـــاتی» دەژین و لە زۆربەی کاتدا حەقیقەت لایان وەک زەرورەت تەمـاشـا ناکـرێت، بەڵکو ئەوەی زەرووری دەکـەوێتـەوە درۆ کـردن و خەڵەتاندنە ] .

**سەرچاوەی دیمانە و گفتوگۆکان:**

**- سـایتی «النبـأ المعلومـاتیـة» ٢٠٠٦/٤/١٤.**

**- نامـەیەکی بەدر شـاکر ئەلسـەیاب بۆ ئەدۆنیس.**

**- ڕۆژنامـەی «ئەلسـەفـیـر» لەلایەن «مـحـەمـەد عـەبدوڵڵا»وە سـازکـراوە، لە بنەڕەتدا دوو چاوپێکەوتنە، وەرگـێـڕی کوردی هەردووکیانی بەیەکەوە بەستۆتەوە هەندێ پرسیاری لێ لابردووە.**

**ادونیس، الحـوارات الكاملة، الجـزء الاول، بدايات للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا- دمشق.**

**- گـفـتـوگـۆیەک لەلایەن «ئەلیـاس خـوری»ەوە ئەنجـام دراوە و هەریەک لە «بیـلال خـبـیـز» و «حسین بن همـزة» بەشـداریـیـان تێـدا کـردووە، پاشکۆی ئەلنەهاری ڕۆژی شـەممە ١٩ی تشـرینی یەکەمی ١٩٩٦ بڵاوکراوەتەوە، وەرگێڕی کوردی لە سایتی «معابر» وەریگرتووە.**

**- گـفـتـوگـۆیەک لەگـەڵ ئەدۆنیس، «مارگرێت ئۆربانگ و سامۆیل شەمعون» ئەنجامیان داوە، لە گۆڤـاری «بانیبال» بە زمـانی ئینگلیـزی بڵاوکـراوەتەوە، گۆڤـاری «عـیـون» کـە «خـالیـد ئەلمەعـالی» لە «کۆلۆن»ی ئەڵمانیا دەریدەکات تەرجەمەی کـــردووە، ســـەرچاوە: الاهرام ئەپرێل ٢٠٠٠/ وەرگـێـــڕی کـــوردی تەنیــا ناوونیشانەکەی گۆڕیوە.**

**- چـاوپـێـکـەوتـنـێـک لـەلایـەن «ڕۆنیـۆئیگۆ»ەوە سـازکـراوە و لە گـۆڤـاری «بۆزارۆ»ی فـــرەنسی/ ژمـــارە (٢٠١) شوباتی (٢٠٠١) بڵاوکراوەتەوە «محەمەد وائیل ئەسعەد» وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عـەرەبی، وەرگـێـڕی کـوردی لە سـایتی «معابر» وەریگرتووە.**

**- بەرنامـەی «مـبـدعـون» کـەناڵی ئاسـمـانی تەلەڤـزیۆنی «ئەبووزەبی»، لە ڕێـــکـــەوتـــی ٢٠٠٢/١٠/٣ و ٢٠٠٢/١٠/١٠ لەلایەن ئامـادەکـاری بەرنامـە «نوار» و دەرهێنانی «مـحـەمـەد مـحـەمـەد» پێـشکەش کـراوە، وەرگـێـڕی کوردی ناوونیشانەکەی گۆڕیوە.**

**- چاوپێکەوتنێک لەگـەڵ ئەدۆنیس لەلایەن «عومەر کوش»ی نووسەری سوری ٢٠٠٥/٥/١٦ سازکراوە.**

**- چاوپێکەوتنێک لەلایەن «ســەید مەحموود حەسەن» لە سوریا بۆ ڕۆژنامەی «ئەلئەهرام» سازکراوە، وەرگێڕی کوردی لە ســـــایتـی www.kika.com.. ٢٠٠٥/٩/٥ وەریـــگـــرتـــووە و ناوونیشانەکەی گۆڕیوە.**

**-البريد الاكتروني:**

**E.mai:admin@thawra.com**

**مؤسسة الوحدات للصحافة والطباعة والنشر- دمشق- سورية- ثقافة الاحد ٢٠٠٥/٩/١٨ محمد جاسم الحميدي.**

**- سـایتی «منبـر الحـوار والابداع» لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/١٠ تۆمـارکـراوە، لە بنەڕەتدا چاوپێکەوتنەکە لەلایەن «شـاکـر نووری» بۆ ڕۆژنامەی «الشرق الاوسط».**

**- http://ksa.us.com/ar/vb/us34.html**

**لە گۆڤاری «ئەلشەرق»ی سعوودییەوە وەرگـیـراوە، ئەو چاوپێکەوتنە لەلایەن: «سكينه المشيخص» سازکراوە. وەرگێڕی کوردی ناوونیشانێکی بۆ هەڵبژاردووە.**

**- «دلیـا عـاصم» لە ڕۆژنامـەی «الشـرق الاوســـط» ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٣ - گفتوگۆ.**

**سەرچاوە:**

**نـاوی کـــتـــێـب/ ئەدۆنیـس... ئەفسوونکاری وشەکان**

**وەرگـێــڕانی لە عــەرەبیــیـــەوە/ عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

**چاپی یەکەم- هەولێر- ٢٠٠٨**

**چاپخانەی: منارە- هەولێر**

**لە بڵاوکـراوەکـانی دەزگـای وەرگـێـران- هەولێر.**

# پەخشانی سەروادار لە کتێبی سایەی هەیبەسوڵتاندا

**هاوژین صلیوە**
**(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)**

**پێشەکی:**

پەخشانی سەروادار جۆرێکە لە نووسینی پەخشانی هونەری، لایەنی جوانی و سەرنجڕاکێشی تێدایە، چونکە ترپە و ئیقاعی لەخۆگرتووە، مرۆڤیش لە بوونی خۆی حەز بەترپە و ئیقاعی وشە دەکات، هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستاش زۆر بەکەمی لێکۆڵینەوە لەم جۆرە پەخشانە کراوە، لە هەمان کاتیشدا وتارەکانی نێو ئەم کتێبە بۆ ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوەکەم زۆر شیاو بوون. ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکەش بەسەر دوو بەشدا دابەش بووە، بەشی یەکەم هەوڵی ناساندنی پەخشانی سەروادارم داوە و جیاکردنەوەشی لە جۆرەکانی تری پەخشان، لەوانە پەخشانە شیعر و چیرۆکی پەخشانە شیعر و...تاد، بەشی دووەم کە ئیستێتیکای مۆسیقای پەخشان دەگرێتەوە، ئەمیش بەسەر پێنج تەوەردا دابەش کراوە، هەر تەوەرێک گۆشەنیگایەکی ڕووناک کردۆتەوە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە وەک کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە کتێبی (سایەی هەیبە سوڵتان)ە، ئامانجی لێکۆڵینەوەکە خستنەڕووی لایەنی زمانی داڕشتن و لایەنی پەخشانی سەرواداره لەم کتێبەدا.

لەکۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەم بەچەند خاڵێک خستۆتە ڕوو، ئاماژەش بەو سەرچاوانە دراوە کە سوودیان لێوەرگیراوە.

**ناساندنی کتێبەکە:**

کتێبی سایەی هەیبە سوڵتان، کە لە لایەن (ڕەهبەر سەید برایم)ەوە نووسراوە، لە ساڵی (٢٠٠٨) بەقەبارەی (١٧٨) لاپەڕە، لە چاپخانەی (بینایی) چاپکراوە. ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکە زۆربەیان پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەتەوە، دواتر نووسەر هەر هەمووی بە ناوونیشانی سایەی هەیبە سوڵتان بڵاوکردۆتەوە، ناو نانەکەشی زۆر گونجاوە، چونکە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیش لەسەر کەسایەتی و شیعر و بواری ئەدەبیاتی کۆیە کراوە.

**بەشی یەکەم:**

ناساندنی پەخشانی سەروادار و جیاکردنەوەی لەگەڵ جۆرەکانی تر:



ئەم کتێبە بابەتێکی بەنرخە و زانیاری هەمەلایەنی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەو گۆشەنیگایەی کە ئێمە لێکۆڵینەوەکەمانی لەسەر ئەنجام دەدەین، ئیشکردنە لەسەر زمانی داڕشتن و نووسینی وتارەکان، لەنێو ئەوانەشدا دیاردەی پەخشانی سەروادارە، نووسەر بەشێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش ناوونیشانی وتارەکانی داڕشتووە، لە زۆر ناوونیشانیشدا جۆرە ئاوازێکی پێبەخشیوە، بۆ بەخشینی لایەنی چێژ بەخوێنەر، چونکە مرۆڤ لە بوونی خۆیدا حەز بەئاوازی وشە و ڕستەکان دەکات، بۆیە زۆر لەو پەندە کوردییانەی کە بەشێوەی دێرە شیعر، یان جۆرە ئاوازێکیان تێدایە زۆرتر کاریگەری بەسەر خوێنەرەوە دەبێت، یان باشتر لەبەر دەکرێت و لە زەینی خوێنەریشدا دەمێنێتەوە. لە حەیران و لاوکیشدا لایەنی سەرواو (سەجع) بەدی دەکرێت، لە فۆلکلۆری کوردیشدا دیاردەی سەروادار بەرچاودەکەوێت. بۆ نموونە «هەورۆکە، لێی دەبارێ بەفرۆکە»، لەنێو لێکۆڵینەوەکانی ئەم کتێبەدا دیاردەی پەخشانی سەروادار زۆر بەزەقی دیارە، واتا نووسەر هەوڵی داوە لە داڕشتن و لێکۆڵینەوە و وەسفی شتەکان ئاوازێکی ناوەکی بۆ پەخشانەکە دروست بکات، بەشێوازێکی زۆر جوان و کاریگەر و بەکوردییەکی تارادەیەکی زۆر پەتی نووسراوەتەوە کە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەرانە، ئەم جۆرە شێوازە نووسینە، واتا پەخشانی سەروادار لە بەرهەمەکانی (عەلائەدین سەجادی)یشدا بەدی دەکرێت، ڕەنگە هۆکاری نووسینی ئەم جۆرە پەخشانانەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە نووسەر دەستی شیعر نووسینی هەیە و زۆر بەئاسانی دەتوانێت وشەی قافیەدار ڕام بکات و پێکەوە بیانگونجێنێت.

زۆرجار لەنێو نووسەران و خوێنەراندا دیاردەیەک هەیە کە (پەخشان) و (پەخشانە شیعر) (پەخشانی سەروادار) تێکەڵ دەکرێت، لە ڕاستیدا سیمای هەریەکەیان لەوی دی جیاوازە، دەتوانین بڵێین سەر بە خێزانێکن، چونکە لە بنەمای ئەدەبیاتدا ئەوانە دەچنە خانەی ئەدەبەوە، لە ڕووی زمانی داڕشتن و زاڵبوونی خەیاڵ و سۆزەوە یەکدەگرنەوە، بەڵام هەریەکەشیان ڕەنگ و ڕووی خۆیان هەیە و خاڵی جیاواز لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت.

(١) پەخشان: هونەرێکی کۆنی نووسینە لە داڕشتنی نووسینەکاندا، نووسەر ئەوەندە گرنگی بەلایەنی مۆسیقای ناوەکی نادات، بەڵکو بەزمانێکی کاریگەر هەستی خۆی دەردەبڕێت، ئەگەر جاروبار هەست بە مۆسیقای لاواز و ترپەش بکرێت کە لەسەر خانەی خۆی دەمێنێتەوە کە پەخشانە. «لە هەڵبەستدا کێش و ترپە هەیە، بەڵام لە پەخشاندا هەر ترپە هەیە»(١) زۆر جاریش ترپەکەش لاوازە.

(٢) پەخشانە شیعر: ئەمەیان موتربەکردنێکە لەنێوان شیعر و پەخشاندا، واتا کاتێ خوێنەر پەخشانە شیعرێک دەخوێنێتەوە، هەست دەکات پڕپڕە لە وێنەی شیعری و هەست بەمۆسیقایەکی (لاواز، مامناوەندی)دەکات، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا وا پێناسەی پەخشانە شیعر کراوە «پەخشانێکە شێواز و ئەدگارەکانی شیعری هەیە»(٢) نموونەی ئەمانەش لە شیعری کوردی، بەتایبەتی لە ساڵانی (١٩٧٠)ەوە بەرەو ژوورتر زۆر دەبینرێ، سەرهەڵدانی پەخشانە شیعریش، لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا لەنێو دیوانی «خوا و شارە بچکۆلەکەمان، (لەتیف هەڵمەت)لەساڵی ١٩٧٠ بەدی دەکرێت»(٣)

(٣) چیرۆکی پەخشانە شیعر: ئەم جۆرەشیان تێکەڵکردنی سێ شتە و ئاوێتەکردنیان لەنێو یەک بۆتەدا، ئەم جۆرە نووسینەش «بەتایبەتی لای ئەدیبێکی وەک (شێرزاد حەسەن) کە کورتە چیرۆکی پەخشانە شیعر و پەخشانە شیعری چیرۆکئامێز تاقی کراوەتەوە» (٤).

واتە چیرۆکەکان بەشێوەی پەخشان داڕێژراون، بەڵام سیخناخن لە وێنەی شیعری و تارادەیەک مۆسیقادار.

(٤) پەخشانی سەروادار: ئەم جۆرە پەخشانە زیاتر لایەنی وەسف و تارادەیەکیش گێڕانەوە لە ئامێز دەگرن، پەخشانێکی جوان و سەرنجڕاکێشن، چونکە تارادەیەک بۆنی شیعریان لێدێت و هەڵگری مۆسیقای ناوەکین، بەڵام ڕەنگ و ڕووشیان جیاوازە و تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

**بەشی دووەم:** «ستاتیکای مۆسیقای پەخشان»

بێ گومان مۆسیقا لایەنێکی جوانی شیعر و پەخشانە، تەنانەت زۆرجار چیرۆک و ڕۆمانیش لایەنی

مۆسیقای تێدا بەدی دەکرێ، زۆر کەس لەو بڕوایەدا بوون شیعر کە ئازاد بوو دەبێ هیچ مۆسیقا و ترپەیەکی تێدا نەمێنێ، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ شیعر لە ترپە و مۆسیقا بێ بەش نییە، چونکە ئەگەر بەشێکی لایەنی جوانی شیعر بکەوێتە سەر وێنەی جوان و خەیاڵ و داڕشتنی زمانەوانی، ئەوە بەشێکیشی دەکەوێتە ئەستۆی ڕیتم.

ئاوازی ناوەوە ڕۆڵی لە بزواندنی هەست و سۆزدا هەیە، چونکە هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی دەق نووس بەهۆی ئاوازی ناوەوە دەردەبڕێن.(٥)

بوونی ئەو ئاواز و ڕیتمە ناوەکییەش دەق بەنەمری دەهێڵێتەوە و وا لە خوێنەر دەکات دوای خوێندنەوەی ناوە ناوە بگەڕێتەوە سەری، چونکە ڕیتم هەڵگری لایەنێکی گرنگی دەقە، کێشیش لەنێو شیعردا جوانی خۆی هەیە، چونکە تا ئێستاش شەیدایانی خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی لە برەودان. ئێمەش لە دوو تەوەردا ئەم لایەنانە باس دەکەین، تەوەری یەکەم تەنیا لە ناوونیشانی پەخشانەکان دەدوێن، تەوەری دووەم لە ناوەڕۆکی چەند پەخشانێک.

**تەوەرەی یەکەم:** کێش و قافیەی یەکسان:

ئەم جۆرە ناوونیشانانە زیاتر خۆیان لە شێوەی شیعر نیشان دەدەن، بەتایبەتی شێوە شیعری میللی جوان، چونکە لە ڕووی کێش و سەرواشەوە هاوقافیەن، لە هەمان کاتیشدا لە هەندێکیاندا وەک دەربڕینێکی کورت و دوور لە شیعر خۆیان پیشان دەدەن، ناوونیشانی هەندێ لەو وتارانە وەردەگرین کە لایەنی سەروایان تێدایە، ئەگەرچی نووسەر لە هەڵبژاردنی ناوونیشانەکان سەرکەوتووبووە کە زۆربەی ناوونیشانەکان ناوەڕۆکی وتارەکان دەپێکن، بەڵام بۆ بابەتەکەی ئێمە ئەو نیشانانە دەکەینە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان کە لایەنی مۆسیقایان تێدایە.

(١) ڕۆستەم حەوێزی، شیعری بەهێزی، تەنزئامێز ل١٨٠ / ٥ + ٥ + ٥ ،

لە ڕووی کێش و سەرواوە هەر سێ دەربڕینەکە یەکن، چونکە ڕۆستەم حەوێزی = ٥ بڕگەیە شیعری بەهێزی = ٥ بڕگەیە تەنزئامێزی = ٥ بڕگەیە، هەمووشیان بە(ێزی) کۆتاییان هاتووە، واتا سێ دەنگ دووبارە بۆتەوە.

(٢) بەیادی فوئادی: ل١٦٩ ئەم دەربڕینە دەبێت بەدوو بەش، بەیادی=٣ بڕگەیە، فوئادی=٣بڕگەیە، (٣ + ٣).

(٣) مامۆستا عەبدولخالق قوتب، دانەری ئاوازی ئەی ڕەقیب: ل١٢٢ (٩ + ٩) بڕگە پێکهاتووە و هاوقافیەشن.

(٤) دلدار بمایا تیرۆر دەکرا:ل ٩٣، (٥ + ٥) بڕگە پێکهاتووە و هەمان قافیەیان هەیە.

(٥) چەپڵان لێدەن بێ قسوور، ناجیح بوو فاتیح ڕەسووڵ: ل٧٩، (٧ + ٧) بڕگە پێکهاتووە دێرە شیعرێکی میللییە، لە دوو نیوە دێر پێکهاتووە، هەر نیوەدێرەی (٧) بڕگەیە و هاوسەرواشن، ئەمەیان چیرۆکێکی خۆی هەیە و وەختی خۆی بۆ (فاتیح ڕەسووڵ) گوتراوە.

**تەوەری دووەم:**

کێش و قافیەی یەکسانی وشە و گوتەی ناو ڕستە:

واتا ڕستەکان هەمان کێشیان نییە، بەڵام چەند وشەیەکی مۆسیقادار لەنێو دەربڕینەکاندا هەن کە هاوقافیە و هاوکێشن و ڕیتمێکی نایاب بەدەربڕینەکە دەبەخشن.

(١) ئاگر و گوڵ لە یەک دڵ: ل١٧٥ (گوڵ، دڵ) هەر یەکەیان لە یەک بڕگە پێکهاتوون، دوو گوتەی مۆسیقادار و گونجاون.

(٢) بەدرەو جەسان، یان صەبری سجن و سەجان، ل ١٧٣ وشەکانی (جەسان، سجن، سەجان) هەریەکەیان لە (٢) بڕگە پێکهاتووە، سەرەڕای ئەوەش هەر سێ وشەکانیش لە دەنگی (س، ج، ن) هاوبەشن و مۆسیقایەکی خۆش بەگوێچکەی بیسەر دەبەخشن.

**تەوەری سێیەم:**

کێشی نایەکسان و هاوقافیەی وشەی ناو ڕستە:

واتا لەو دەربڕینانەدا، چەند وشەیەک لەنێو ڕستەکەدا بەهەمان دەنگ دووبارە بوونەتەوە، واتا پیتەکان دووبارە و چەند بارە بوونەتەوە.

(١) شنەی ئاڵای کۆماری مەهاباد لە هەیبەسوڵتان: ل١٣.

لەم دەربڕینەدا هەست بەمۆسیقایەکی تایبەتی لە ئاستی دەنگەکان دەکەین کە لە گوتەی (شنەی، ئاڵای، کۆماری) بەدەردەکەوێت، کە دەنگی (ی)

چەند بارە بۆتەوە و جۆرە مۆسیقایەکی ناوەکی بەناوونیشانەکە بەخشیوە.

لە گوتەی (شنەی ئالآی)دا کە هەریەکیان لە دوو بڕگە پێکهاتوون، کۆماری لە سێ بڕگە پێکهاتووە، لە هەمان کاتیشدا لەنێو ناوی (هەیبەت و مەهاباد) چەند دەنگێکی هاوبەش هەیە و هەست بەجوانی مۆسیقاکەیان دەکرێ.

(٢) خەجاوەخانی شێخانی، ل٢٢.

خەجاوەخانی = ٥ بڕگە، شێخانی = ٣ بڕگە، بەڵام هەردوو گوتەکان لە دەنگی (خ، ا، ن، ی) هاوبەشن و جگە لە مۆسیقایەکی دەرەکی کە دەنگی (ی) دەگرێتەوە، مۆسیقای ناوەکیشیان هەیە، ئەم دوو گوتەیە (خ، ا، ن) پێکهاتووە.

(٣) کۆیاتی و کوردایەتی، ل٣٠، کۆیاتی = ٣ بڕگە، کوردایەتی =٤ بڕگە، هەردووکیان بەدەنگی (ی) کۆتاییان هاتووە و لە زۆر دەنگی تریش هاوبەشن وەک (ک، ی، ا، ت، ی)، جگە لەوەش دەنگی (و – ۆ) نزیکایەتیان لەنێوندا هەیە و ئەویش مۆسیقایەکی پێدەبەخشێ.

(٤) هەڵوێستێکی بوێرانە و شیعرێکی یادگاری بەندیخانە، ئەم ناوونیشانەش لە (٨+١٠) بڕگەیی پێکهاتووە، هاوقافیەشن.

**تەوەری چوارەم:**

دیاردەی دووبارەبوونەوەی دەنگ لە ناوونیشانەکاندا:

ئەمیش مۆسیقایەکی جوان بە ڕستەکان دەبەخشێت، جۆرە ڕیتمێکی تایبەت بەگوتراوەکە دەبەخشێت، لەم نموونانەش دەنگێکی زۆر دووبارە بوونەتەوە، بۆ نموونە:

(١) چنارۆک عەرشی پاشایەتی و بەهەشتی گەشت، ل٣٣

کاتێ ئەم ناوونیشانە دەخوێنیتەوە باری سەرنجمان بەسەر دەنگە ناوەکییەکانی ڕستەکە دەنووسێت و هەست بە ئیستێتیکای دەربڕینەکە دەکەین، نهێنی ئەو جوانییەش ئەوەیە لەم دەربڕینەدا هەندێک دەنگ چەند بارە بوونەتەوە، لەوانە دەنگی (ش) چوارجار لە وشەکانی (عەرشی، پاشایەتی، بەهەشتی، گەشت) هاتووە، دەنگی (ی) سێ جار پاتبۆتەوە، واتا ئەم ڕستەیە پێنج وشە پێکهاتووە لە چوار وشەیان دەنگی (ش) هاتووە.

دەنگی (ی) سێ جار پاتبۆتەوە، پیتی (ت) سێ جار دووبارە بۆتەوە.

(٢) گری نەوتی شیواشۆک و وەجاغی ئیلنجاغ، ل ٤٨.

دووبارە بوونەوەی دەنگ بەدی دەکرێت، دەنگی (ی) پێنج جار پاتبۆتەوە، لەنێوان وشەی (گڕی نەوتی) لەگەڵ (وجاغی ئیلنجاغ) هەست بە ڕیتمێکی جوان دەکرێت.

(٣) شێری بێشە و پەروانەی گڕی گوڵلە:

دیاردەی دووبارەبوونەوەی دەنگ بەدی دەکرێت، دەنگی (ش) دووجار دووبارە بۆتەوە، (ێ) دووجار هاتووە، (ڕ) سێ جار هاتووە، (و) سێ جار هاتووە، جگە لەوەش (ر – ل) لە ڕووی دەربڕینەوە زۆر لێکدی نزیکن، بۆیە لەگەڵ دەنگی (ل) کە دووجار هاتووە دەنگی (ڕ) سێ جار هاتووە پێکەوە ئاوێتە بوونە.

**تەوەری پێنجەم:**

چەند دەقێکی پەخشانی سەروادار لە کتێبی سایەی هەیبەسوڵتاندا:

سایەی هەیبەسوڵتان پڕپڕە لە بابەتی جوان، لە دێری سەروادار لە وشەی بریقەدار، لە ڕستەی نازدار، لە ڕیتمی ناوەکی و لە جریوەی چۆلەکەی نێو گوڵزار، بەڵام ئێمە بۆ خستنە بەرچاو و بۆ دروستکردنی نەختێ گوڵاو، دوو سێ گوڵ دەگوشین، لێی دەردێنین ئاو، وەک مشتێ لە خەرواری، وەک تیسماسکێ لە هەورێ، وەک چەند تیشکێ لە خۆرە تاوێ، وەک چەپکێ گوڵە گەنم لە تەبارەی گەنمێک، وەک بە نیگا ڕوانینێک لە لەشو لاری جوانێک، وەک گرتنی دوو سێ وێنە لە بەهارێکی تەڕو پاراو، پڕ لە بۆنی عیشق و گوڵاو و گوڵی لاولاو پڕ لەخوناو، وەک گرتنی دوو سێ ماسی لە دەریایەک، وەک چنینەوەی دوو سێ شەمامە لە بێستانێک، وەک دانانی دووسێ گوڵ لە گوڵدانێک، بەجۆش بۆن خۆش لابەری هۆش نەشئەهێن، وەک پێکە شەراب، وەک بوتڵێکی لێوان لێو لە جۆش، وەک ئاسوودەیی سەری سەرخۆش دوو سێ پێکی لێدەکەین نۆش:

نموونە: (ڕەهبەر سەید برایم) لە وەسفی کۆیەدا بەشێوەیکی جوان و بەچەپکێ وشەی پڕ لە ڕیتم و نایاب هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت، دەڵێت «کۆیە باخێکە پڕ لە گوڵ و بولبولی خۆش خوان، ئاسمانێکە دەدرەوشێتەوە بە ئەستێرەی

پرشنگدار و پرچی ئایشێ و فـاتمان لووتـکەی هەڵـەمـــــوندێکە پڕ لە هێـلانەی هەڵۆ و شـاباز، مـێـرگ و هامـوونێکە پڕ لە سـونبـول و گـوڵە حاجیلە و نازناز» ل٥.

نووسـەر هونەرمـەندانە مـامـەڵەی لەگـەڵ پەیڤـەکـان کـردووە و هەوڵی داوە جووت جووت پەیڤی مۆسیقادار بەتەنیـشت یەکـەوە، یان لە نزیک یەکەوە بهـێنێت و بارێکی دەروونی خۆش بەخوێنەر ببـەخشێ لەم پارچە پەخشـانەش گوتەی (خـۆش خـوان) (شـــابـاز، نازناز) ئـەم دەربڕینـانە مـۆسیـقـاکـانیـان لە یەکـتـر نزیکن، هەوڵیشی داوە ئەو جـووتە وشـانەی لە ڕووی ژمارە و بڕگەوە وەکو یەکن، پێکەوە بیـانهـێنێت بۆ بەخـشـینی لایەنی ئیستێتیکای دەقەکە وەک لە گوتەی (ئایشێ و فاتمان) و (هەڵۆ و شاباز)

ئـایشێ = ٢ بڕگـە، فـاتمان = ٢ بڕگـە، هەڵۆ = ٢ بڕگـە، شـاباز = ٢ بڕگە، واتا دەقەکە بەشێوەی مۆسیقی و وشەی کێشدار ڕێکخراوە.

هەر لە درێژەی وەســـفی کـــۆیە نووســەر لە جـومگەیەکی تر دەڵێت «گۆڕەپانی شۆڕە سـوارانە، پێگە و مەکـۆی سیـاسەتمەدارانە، تەوافگەی نازدار تەوارانە، ئـاگـردانێکی پڕ لە گڕ و پشکۆیە ژیلەمۆیە بۆیە گەش و ڕووناکــە کــۆیە، دامــێنی چیــای خـەرمـەنی گـوڵ و خـێـوەتی خـارایە، کـۆیەی لێ دەوەســتـێـتـەوە، شــتی جــوانی لەبارایە»ل٥. بێ گــومــان بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆرە سەروا لەنێو پەخشاندا بەدی دەکرێت لەوانە (سـەروای داڕێژراو)، (سـەرواداری هاوڕوو)، (سـەرواداری هاوسـەروا)

ئـەم پارچە پەخـشــانە بەشـێـوەی سـەرواداری هاوسـەروادار داڕێژراوە، چونکە کـۆتایی هەر ڕسـتــەیەکی ســەروادار بەدەنگی (ە) کــۆتایی هـاتـووە، وەک لە وشـــەکــــانی (ســوارانە، ســیــاســەتمەدارانە، تەوارانە، پشکۆیە، ژیلەمۆیە، بۆیە، ڕووناکـــە، کـــۆیە، خـــارایە، لەبارادایە).

پەخـشـانی سـەرواداریش بەپێی کـورتی و درێژی کـێـشـەکـەی دەبێت بەسێ بەش یەکەم: واڕێک دەکەوێ هەردوو هەڵوێستەکە هەمان کێشیان هەبێت، یان واڕێک دەکەوێ هەردوو دەربڕینەکە یەک کـێش نەبن، بەڵکو دەربڕینی یەکەم لە هی دووەم کورتتر بێت، جـۆری سـێـیـەمـیش ئەوەیە دەربڕینی دووەم لە یەکــەم کــورتتــر بێت، بەڵام ئەوەی باری سەرنجە لەم پەخشانەدا هەر سێ جۆری کێشەکەی لەخۆ گرتووە.

لەگـــوتەی «گـــۆڕەپانی شـــۆڕە ســـــوارانە، پێگە و مــــەکـــۆی سیـاسـەتمەدارانە»لەم دوو ڕسـتـەیەدا دەبینین ڕستـەی یەکەم لە (٩) بڕگە پێکهاتووە، کەچی ڕستەی دووەم لە (١٠) بڕگە پێکهاتووە.

ئەمـەش ئەو جـۆرەیە کـە دەربڕینی یەکەم کورتترە لە دەربڕینی دووەم.

دەربڕینەکـــانی تری دوای ئەم دوو دێرە کێشـەکـان بەم شێـوەیەن (٩ – ١٢ – ١٢).

بەڵام دوو دێری کـــۆتایی هەردوو دێرەکـە لە ڕووی کـێـشـەوە هەمـان کـێـشـیـان هەیە «دامـێنی چیـای خەرمـەنی گـوڵ و خـێـوەتی خـارایە، کۆیە لێی دەوەشێتەوە شتی جوانی لەبارایە»هەریەک لەم ڕسـتـانەش لە

(١٦) بڕگــە پێکهــاتوون، کــاتێ خـوێنەر دەیانخـوێنێـتـەوە هەردوو دێرەکـــە وەک دوو تای تەرازوویەک دەکــەونە بەرانبــەر یەک و هەمــان قـافـیـەشـیـان هەیە بەجوانی خۆیان پیشان دەدەن.

نووســەر لە وتاری «بۆ گــوڵزاری ئـەدەب و هـونـەر» لـەم پـارچـەیـەدا دەڵێت «ئارام ئارام بەسەلیقەی ورد گـەڕاوە، گـوڵ بە گـوڵ، چڵ بە چڵ، باخ و شاخ، ڕەز و ڕەوەز، کوێستانان و خاڵ خـاڵ، بەفـرینان کێـو کێـو، لە هەر کـوێیەک گـوڵێکی پەلک تەنک و جـوان و ڕازاوە و بۆندار ڕەنگێنی دەبـیـنـێـت بـە لاسـکـی نـاسـکـی گـــــوڵزارەوە بـووبێت، وەک هەنگ لەسەری نیشتوون و شیلە و شیرینی لێ مــــــژیوە و هەنـگـوینـی لێ پێکهێناوە» ل١٧٢.

لەم پەخشانە سەروادارەشدا هەندێ ڕەگـەزی شـیـعـری بەرچاو دەکـەون، ئـەویــش لـە دووبـارە بـوونـەوەی وشـەکـان، یان لە دووبارە بوونەوەی پیتـەکاندا هەستی پێدەکەین، وەک لە گوتەی «ئارام ئارام، گوڵ بە گوڵ، چڵ بە چڵ، خـاڵ خـاڵ، کـێـو کـێـو» هونەری پاتبوونەوە هەیە، جۆرێکە لە هونەری ڕەوانبێژی، ئەمانەش ڕۆڵیان لە بەخشـینی مـۆسـیـقـای ناوەکی بە دەقـە پەخشـانەکە هەیە، بێ گـومـان ئەم جـۆرە دووبارەبوونەوەش لەنێـو شیعردا زۆرە، بەتایبەتیش لە شیعری کلاسیکیدا، لە شـیـعـرەکانی نالی-شدا زۆر بەدی دەکرێ.

لەنێـوان گـوتـەی (باخ و شـاخ) ڕەگـــەزدۆزیــــان لێکەوتۆتەوە، ڕەگـەزدۆزییـەکـەش ڕەگـەزدۆزییـەکی ناتەواوە لە جـــۆری جـــودا، چونکە

(باخ و شاخ) له هەموو پیتەکان وەک یەکن، تەنیا له پیتی (ب، ش) جودا دەبنەوە واتا له یەک پیت جیاوازن.

لەنێوان گوتەی (ڕەز، ڕەوەز) له ڕووی ڕەوانبێژییەوە ڕەگەزدۆزی لێکەوتۆتەوە، ڕەگەزدۆزییەکەش، ڕەگەزدۆزی ناتەواوە له جۆری زیاد، چونکە له وشەی دووەم (وە)ی له وشەی یەکەم زیاترە (ە)کەش کەوتۆتە ناوەندی وشەکەوە.

لەنێوان وشەی (شیلە و شیرینی) وشەئارایییەکی جوان هەیە، چونکە چەند دەنگێکیان هاوبەشە و ترپەیەکی جوان بەیەکدی دەبەخشن.

لەگوتەی (پەلک تەنک و جوان و ڕازاوە و بۆندار) وەسف بەدی دەکرێ. لەسەر ئاستی پەخشانەکەش بەشێوازی لێکچواندن دروست بووە بنەڕەتەکان لێکچواندن لەم پارچە پەخشانە.

ئارام = لێچووە

وەک = ئامرازە

هەنگ = لەو چووە

ڕووی لێکچواندن = مژینی شیلە و شیرینی و دروستکردنی هەنگوین.

واتا ئارام وەکو هەنگ وایە لە کارکردن و له پێشکەشکردنی شتی جوان وەک چۆن هەنگ هەنگوین پێشکەش دەکات، ئاوا بەم شێوەیەش، ئارام شیلەی بەهرە و جوانییەکانی ئەدەبیات کۆ دەکاتەوە و له شاشەی تەلەڤزیۆن بۆمانی پەخش دەکات.

هیوادارم توانیبێتم تیشکێک و سایەیەک بخەمە سەر پەخشانی سەروادار له کتێبی سایەی هەیبەسوڵتاندا.

**ئەنجام**

(١) ئێمە تەنیا ناوونیشانی ئەو پەخشانانەمان وەرگرتووە بۆ لێکۆڵینەوە کە لایەنی سەروایان تێدایە، ناوونیشانی پەخشان ئامێزی تری تێدابوو، بەڵام ئێمە خۆمان لێی بوارد، تەنیا عەوداڵی پەخشانی سەروادار بووین.

(٢) وێنەی شیعری له ناوەڕۆکی پەخشانەکان بەدی دەکرێ، ئەمەش کاریگەری له بەخشینی جوانی بەدەقەکە هەیە.

(٣) ترپە و مۆسیقای جوان لەنێو پەخشانە سەروادارەکان بەدی دەکرێت، کە ئیستێتیکای بەدەقەکان بەخشیوە.

(٤) پەخشان و پەخشانی سەروادار و پەخشانە شیعر و چیرۆکی پەخشانە شیعر، هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ڕەنگ و ڕوویان له یەکتری جیاوازە، له هەمان کاتیشدا خاڵی هاوبەشیشیان هەیە.

**پەراوێزەکان:**

**(١) عەبدولڕەزاق بیمار، ل٩**

**(٢) عبدالستار جواد، ص ٤٧.**

**(٣) د.محەمەد بەکر، ل١١.**

**(٤) س.پ.ل ١١.**

**(٥) احمد نصیف الجنابي، ص,١٠٧**

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەی کوردی:**

**١- عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٨.**

**٢- د. محەمەد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.**

**٣- ڕەهبەر سەید برایم، سایەی هەیبەسوڵتان، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٨.**

**سەرچاوە عەرەبی:**

**٤- عبدالستار جواد، قصیدة النثر في الادب الانگلیزي، الادیب المعاصر، العدد ١٤١، ١٩٩٠.**

**٥- احمد نصیف الجنابي، في الرؤیا الشعریة المعاصرة، دار الحریة للطباعة، بغداد، د. ت.**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# پازدە

**د. فەرهاد پیرباڵ**

یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕامان، یەکەم لاپەڕەی، یەکەم بابەتی بڵاوکراوەی، بریتییە لە بەرهەمێکی من.

بەبیرم نایەتەوە کاک سەرۆ قادر بوو، یان خودی کاک ئازاد عەبدولواحیدی سەرنووسەر، نامەیەکیان لە مەسیفەوە بۆ ناردبووم کە گۆڤارێکی تازە دەردەکەن، بەرهەمەکانی خۆمیان بۆ بنێرم. نامەکە بەدەستی کاک فەیسەڵ دێهاتی بەدەستم گەیشت.

ئەو وەختە بوو کە ڕۆژنامەی (برایەتی) سووتێندرابوو،، بارودۆخی هەولێر خراپ و ناخۆش بوو. فەیسەڵ دێهاتی بە دڵەڕاوکێوە نامەکەی دایە دەستم، وەک ئەوەی «مەنشووراتی مەمنووعم» بداتێ، لێم وەرگرت. دوای چەند ڕۆژێک بەرهەمێکی خۆمم دایە و لە ژمارە (١)، لەلاپەڕە (١)دا نەشر کرا.

دوای نەشر، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرە حزبییەکان کە ئەوکاتە پێچەوانەی ئینتیمای حزبی ئەمڕۆیان هەبوو و دواتر بایاندابۆوە، حەیا و ناموسی ئەدەبیی منیان برد و پێیان دەگوتم: ... تۆ چۆن بەرهەمی خۆت لەولا بڵاودەکەیتەوە!؟.

لە سۆنگەی ئەوەی کە کاک ئازاد عەبدولواحید سەرپەرشتیاری گۆڤارەکە بوو، ئەو وەک شارەزایەکی خاوەن ئەزموون، دەمزانی گۆڤارەکە گۆڤارێکی باش دەبێت و دەکەوێتە سەرپێ. زۆر زووش کەوتە بەر دڵ و دیدە و ناو باسوخواسەکانی خوێنەران و نووسەران.

وابزانم لە ژمارەی یەکەمەوە ئیتر بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت نۆ ساڵ، بەردەوام لە هەموو ژمارەیەکدا بەشدارییەک، یان هەمیشە بەرهەمێکم هەبووە، بە تایبەتیش کاتێ بارەگای گۆڤارەکە لە پیرمام-ەوە هاتەوە شاری هەولێر، ئەوکاتە بەلای کەمییەوە مانگی دووجار سەرێکم لە سەرنووسەر دەدا و لە نزیکەوە بەرهەمەکانی خۆمم دەدایێ.

جگە لە بەرهەمەکانی خۆم لە هەموو ژمارەیەکدا، پێشنیاری بڵاوکردنەوەی (ئەرشیفی وێنەی کورد)م بۆ کاک ئازاد کرد کە بەرهەمی/ نیگاری ڕۆژهەڵاتناسەکان بوو لە بارەی کوردستان و حەزم دەکرد لەسەر بەرگی پشتەوەی گۆڤارەکە بڵاوبکرێتەوە. سەرنووسەر دەمودەست پەسەندی کرد و بەم شێوەیە کردمانە نەریتێک کە لە هەر ژمارەیەکدا تابلۆیەکی کوردناسەکان بە دنیا بناسێنین.

دوای ئەمە، پێشنیاری گۆشەی (چاوی مێژوو)م بۆ سەرنووسەر کرد: بڵاوکردنەوەی وێنە/ فۆتۆ دێرینەکانی کوردستان. دیسان ئەویشی دەمودەست جێبەجێ کرد. ئەوکاتە لە هەموو کوردستاندا پێنج کەست نەدەدیتەوە بزانێ (هونەری فۆتۆ) چییە!

ڕامان بە نووسەرانی گوڵانیشی ناساندم، بۆ من ناسینی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و نووسەری تریش بوو، بەڵام پێش هەموو شتێک خوێندنەوە، خوێندنەوەی ڕامان! ئاگادارم و دەزانم چ دەڵێم: گۆڤاری ڕامان بە ڕاستی خەڵکی تینووی ئەوکاتی فێری (خوێندنەوە)! کرد!






# چەند ڕازێکی هونەری

**ئاری بابان**
**(سلێمانی)**



ئەگەر لە جیهانی هونەری شێوەکاری کوردیدا هەڵوێستەیەک بکەین، ئەوە دوو دیاردەی زۆر جیاواز و دژ بەیەک دەبینین، هونەرێک کۆمەڵێک ئەزموونی جوان و دڵگیری پێشکەش کردووە و ئاستێکی هونەریی باشی هەیە و ڕۆژانە هونەرمەندانی کورد لە پێشانگا و پەشمانگا و کۆلێژە هونەرییەکاندا ئەزموونی باش پێشکەش دەکەن کە مایەی سەرنجڕاکێشانە. ئەوەی بەدواداچوونی موزەخانە هاوچەرخەکانی وڵاتانی دیکەی کردبێت، دەزانێت هونەری شێوەکاری کوردی ئاستێکی باشی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژیش پێش دەکەوێت و لە ئەزموونی خۆی بەردەوامە.

بەڵام زۆر بە ئاسانی هەست بە هەژاری و نەبوونی نووسین و کتێب و بزووتنەوەی ڕەخنەگریی لە بواری هونەری شێوەکاریدا دەکرێت و بە تەواوەتی هەست بەوە دەکەین کە هونەری شێوەکاری نەبۆتە بەشێک لە کولتوورمان و لە هیچ دامودەزگایەکی حکومی و نا حکومی و خەستەخانە و چایخانە و ڕێستۆرانت و شوێنە گشتییەکاندا بوونی نییە، ئەگەر چەند ساڵێکیش ئەو هونەرمەندە بە ئەزموونانە هیچ چالاکییەک نەکەن و پێشانگا نەکەنەوە، کەس نییە ئاگادار بێت و خەمی ئەو هونەرەی لەبەر بێت، بێجگە لە هونەرمەندەکان خۆیان. کێشەیەکی گەورەیە کە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران خەمی ڕۆژانە و بەدواداچوونیان نەبێت و نەبووبێت بە بەشێک لە ڕۆشنبیریی کولتوورمان. ئەمەش وا بە ئاسانی ناکرێت ئەگەر بێتو وەک نەریتێک لە منداڵ و قوتابخانە و خوێندنگاکانەوە دەست پێ نەکەین و ڕاگەیاندنەکان بایەخێکی باشی پێ نەدەن و بابەتی نووسینی ڕەخنەی هونەری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بایەخێکی زیاتری پێ نەدرێت و لە پەیمانگا و کۆلێژەکاندا هۆشیارییەکی گشتی دەربارەی ئەو هونەرە بڵاونەکرێتەوە.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە پێویستە نوێنەری هونەرمەندان لە ئەنجوومەنی شارەوانی شارەکاندا هەبێت و ڕاوبۆچوونی بەهەند وەربگیرێت و هەوڵبدرێت تابلۆی هونەرمەندی کورد لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵبواسرێت و بایەخی پێ بدرێت. بێ گومان بوونی موزەخانەیەکی نیشتمانیش بۆ بەرهەمی هونەرمەندانی کورد لە پێویستییە هەنووکەییەکانە و ڕووی گەشی شارستانی نەتەوەکەمان نیشان دەدات، کە بە داخەوە تاکو ئێستاکە لەکوردستاندا جێی باس نییە.

لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دەوڵەمەندە نیشتمانپەروەرەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە پێشکەوتن و بەدواداچوونی هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە بینیوە و وەک سامانێکی نەتەوەیی گەورە سەیریان کردووە و بەشێک بووە لە کولتووری نەتەوەییان، بەڵام بەداخێکی گەورەوە ئەو توێژە دەوڵەمەندە لە مێژووی وڵاتی ئێمەدا نەبووە و ئەو هۆشیارییە کولتوورییە لەلای ئێمەدا بوونی نییە و باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە سەیری گەورەترین باڵەخانە و ئوتێل و چایخانە و نەخۆشخانە و وەزارەتەکانمان بکرێ، دەبینین زۆر بێ ئاگان لە جوانکاریی هونەری و هونەری شێوەکاری، مەگەر بەدەگمەن لە هەندێک شوێندا بەکار هاتبێت کە ئەویش تەنیا و تەنیا زەخرەفەی بۆ دیوارەکانیان بووە.

سەیرە لە لایەکەوە ئەزموونێکی جوان و بزووتنەوەیەکی هونەری بەپێز لە لایەن هونەرمەندانی کوردەوە بە بەردەوامی پێشکەش دەکرێت و لەلایەکی دیکەوە کولتوورێکی هەژار و نەبوونی ڕەخنەگری شێوەکاری و دەگمەنیی سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی ئەو بوارە بە ئاشکرا دیارە، ئەگەرچی چەند قەڵەمێکی زۆر کەمیش لە کوردستاندا هەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەژارییەکی گەورەش لەو بوارەدا بەدی دەکرێت.